ڕۆمان

هەواڵنامەی کتێب

# مرواریو مێخەک

رازاو غەفوور

٢٠٢١

# ناوی کتێب: مرواریو مێخەك


بابەت: ڕۆمان

نووسەر: رازاو غەفوور

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ۲۰۲۱

تیراژ: دانە

نرخ: دینار

چاپ: چاپخانەی

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ۲۰۲۱ پێدراوە



مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە،

تەنها بۆ نووسەر ڕێگەپێدراوە

ڕۆمان

هەواڵنامەی کتێب

# مرواری و مێخەک

رازاو غەفوور

٢٠٢١

هەواڵنامەی کتێب

# ١

یەکێك لە ڕۆژە ساردەکانی زستان بوو، ئەو ڕۆژە ئاسمان تووڕە بوو. پەڵە هەورەکان باڵی ڕەشیان لە یەکتر توند کردبوو، هەڕەشەی بارانێکی بەخوڕی بێ بەزەییان دەکـرد. بەلەمەکە تـازە قەراغ دەریاکەی تێپەڕ کردبوو. تا ئەو کاتەش من گومانم نەبوو کە، بە ئاسانی ئەپەڕینەوە. هەموومان بێدەنگ بووین. بەڵام دڵمان پڕ لە ترس و دوودڵی بوو. پاش کەمێك، لە ناکاودا .. زۆر لە ناکاودا، دەنگی قیژەی کیژۆڵەیەك بەرز بووەوە، بەهەموو توانای خۆیەوە هاواری دەکرد، بەهەردوو دەستی ئاماژەی بۆ شەپۆلە تووڕەو بەرزەکانی ناو ڕووبارەکە دەکرد. دەیگوت:

ــ خەڵکینە .. وادیارە ئێمە بەشوێنی خۆمان ناگەین!. سەیرکەن .. تەماشاکەن! ئەو شەپۆلانە ئەبینن چەند بەهێزن! چاوتان لێیە؟! خەڵکینە، ئەیانبینن چەند بە خێرایی بەرەو لای ئێمەوە شاڵاوی گەورە گەورە دێنن؟ سەیری ئاسمان بکەن .. وا خەریکە ئەیکاتە لێزمەو باران. ئەی... هاوا....ر بە ڕاااااست، ئێمە چی بکەین؟ خۆ واخەریکین ئەگەینە ناوەڕاستی ڕووبارەکە! ئەی ها...وار چی بکەین بۆ کوێ بڕۆین؟. ئەوکیژۆڵەیە هەر هاواری دەکرد، تەواو شپرزەو بێورە بوو.

خەڵکەکە هەموو ترس و دوودڵی کەوتە ڕوخساریان. خەریك بوون بکەونە جموجۆڵ. کابرایەك لەو لاوە بەتوڕەییەکەوە هاواری لێ هەڵسا. وتی:

ــ ئەرێ خەڵکینە ئارام بگرن. تکایە.. تکایە کەس نەجوڵێت. دانیشن. مەترسن. هیچ نابێت تکاتان لێ دەکەم خۆتان مەشڵەژێنن.

خۆتان توند کەن. کەس هەڵنەستێت. ئارام بگرن. ئەو پەڵە هەورە ئێستا تێپەڕدەبێت، هیچ پێویست بەشڵەژان ناکات.

ئەو کابرایە بە هەموو بڕوایەکییەوە هەوڵی ئارامکردنەوەی ئێمەی ئەدا. خەڵکەکەش تادەهات زیاتر ترسو دوودڵی بەسەریاندا زاڵ دەبوو، هاوارو قیژەیان لێ بەرز دەبووەوە. هەر لەو کاتەدا دەنگی گریانی منداڵێك بەرز بـووەوە. دایکیشی هـاواری دەکـردو بەدەم گریانەوە دەیگوت:

ــ دە رۆڵە بێ دەنگ بە. ئێستا کەی وەختی گریانە؟ وا ئاسمان دەموچاوی لێك ناوە، وا دیارە ئەویش بۆمان دەگری. ئەی خوایە گیان بمانپارێزیت. ئەودایکە بێچارەیە چەند هەوڵی بێدەنگ کردنی کۆرپەکەی ئەدا، بەڵام بۆی بێدەنگ نەدەکرا بەڵکو تادەهات زیاتر گریانی بەخوڕو هاواری پڕبەدڵی لێبەرزدەبویەوە.

هەموو خەڵکەکان بە ترسەوە تەماشای یەکتریان دەکرد. هەموو کەوتنە مشتومڕ. روخساری یەك بە یەکمان بە ئاشکرا ترسو شڵەژانی پێوە دیار بوو. نەیان دەزانی بڕوا بەو کابرایە بکەن، یان بەهەڕەشەو گوڕەشەی ئاسمان!. لە پڕێکدا باران بە خوڕ دەستی پێکرد. دەنگو لوورەی رەشەباش تا دەهات هەر لە زیاد بووندا بوو. گرمەی هەورو خوڕەی باران هەمووی تێکەڵ بە گریانی منداڵەکەو قیژەو هاواری خەڵکەکە بە جارێك هەموومانی تۆقاندبوو. بەلەمەکە زیاترو زیاتر بەم لاو ئەو لای خۆیدا کەوتە جووڵە. بە جۆرێك هیچ کەس لە جێی خۆی نەمابوو. دەنگو قیژەو هاوارو نزاو پاڕانەوە زیاتر بەرز ئەبووەوە هەموو هاوارمان دەکرد:

ــ خوای گەورە بمانپارێزێت. خوای گەورە بەزەیی.

منیش بە هەموو هێزێکی خۆم باوەشم بە ڕێبواردا کردبوو. ئەگریام. پڕ بەدەنگم هاوارم ئەکرد:

ــ وا...یییی دڵم پچڕاااا.. کوڕە دە بمگرە..! بەخوا زیرەم کرد. ئەی هاوار. خوایە گیان. ڕێبوار گیان؟ من چیم بە خۆم کرد! خوایە گیان ئاگادارمان بیت

ڕێبواریش هەتا لە توانایدا بوو، توندتر باوەشی پیادا ئەکردم. زیاتر بە خۆیەوە ئەینووساندم. خێرا خێراش ئەیوت:

ــ ئازیزەکەم هاوار مەکە. توخوا مەترسە. ئەوەندەمان نەماوە. تەنها تۆزێك ئارام بگرە. بڕوابکە ئەگەین.

منیش هەر هاوارم ئەکرد بێ ئەوەی گوێ لە یەك وشەی ڕێبوار بگرم. دەنگ‌و هاواری خەڵکەکەش تا دەهات زیاتر بەرز ئەبووەوەو زیادی دەکرد. بەڵام من بە جۆرێك ترسابووم، بەتەمای ژیانی خۆم نەمابووم. هەتا شەپۆلەکە زیاتر بەرز ئەبووەوە، منیش زیاتر ئەمقیژاندو هاوارم ئەکرد:

ــ نامەوێت بمرم.. توخوا ڕێبوار گیان. من مەلە نازانم. بەخوا ئێستا هەموو ئەخنکێین. ئەی هاوااااااار .. ئەی هاواااار. هەر ئەوەندەم ئاگا لێبوو چەند کەسێك کەوتنە ناو ڕووبارەکەوە. کاتێکمان زانی، بەلەم قڵپ بـووەوە. من ئیتر ئاگام لەهیچ نەما. نازانم چی ڕویدا چیمان بەسەرهات!. نازانم دوای چەند خولەك بە ئەگا هاتمەوە. کاتێکیش بە ئاگا هاتمەوە، خۆمم بینی لەقەراغ ڕووبارێك هەموو گیانم لە ئاوا شڵپەی ئەهات. نە پێڵاوم لە پێدا مابوو، نە توورەکەکەی، کە هەندێك شتی گرنگی خۆمانی تیادا بوو، بە کۆڵمەوە مابوو. لە سەرماناادا چۆقەی ددانەکانم ئەهات. لەرزێکم لێ هاتبوو، هەر

ئەتوت شەقشەقەم هەڵئەلەرزیم. لەرزی ترس‌و لەرزی سەرما یەكیان گرتبوو. رێبوار لە من خراپتر بوو. كە بە دەوری خۆمدا روانیم، بینیم چەند كەسێكی‌تریش لەم لاو، ئەو لامانەوە وەك لاشەیەكی بێ گیان كەوتبوون. هەندێكیان هێشتا بێهۆش بوون. هەندێكیشیان هەر وەك من چەند كەسێك لە دەوریان كۆببووەوە یارمەتییان ئەدان. بەڵام هەر چەند چاوم ئەگێڕا، نە مناڵەكەم ئەبینی‌و نە دایكەكە. دڵم توند بوو. دەستم بە گریان كرد. هەرچەندە ئەمزانی هەموویان لە ئاوەكەدا خنكاوون، بەڵام من هێشتا بەدوایاندا هەر بەچاو ئەگەڕام. هەرچەندە هەستم بەگیانی خۆم نەدەكرد، بەجارێك هێزو توانام لێبڕا بوو، بەڵام پرسیارم ئەكرد:

ــ ئەی ئەوانی‌تر كوان؟! ئەی ئەوانی‌تر چیان لێهات؟! رێبوار گیان كوااان؟ خنكان؟! هەموو... خنكان؟! نا..نا نابێت. دە پێم بڵێ...! توخواااا كوان؟ ئەو كیژۆڵە خێرنەدیوەی كە هەرزوو دەیزانی كۆتایی ژیانیەتی كوا؟ ئەویش خنكا؟ ئەی منداڵەكەی بە باوەشی دایكیەوە بەگریان ئاسمانی تەنیبوو كوا؟ توخوا مەڵێن لەگەڵ دایكی خنكان. ئاخر ئەو مناڵە هێشتا نازانێت ژیان چیە!. ئا...خ رێبوار گیان، ئەیهاوار ئەی خوایە گیان. ریبوار، ئەی سەركەوتی هاوڕێت كوا؟ سەركەوت تاقانەی دایكێتی نە تواخوا نەڵێی خنكا، بەخوا دایكی بزانێت بەرگە ناگرێت. ئەیهاوار.. ئەیهاوار.. خوایە گیان ئەمە چیە خەوە؟ یاخوا خەوبێت. ئەی نازەخان‌و كاك شێركۆ كوان. هەموو خنكان؟. نا.. نا... توخوا بڕۆن بگەڕێن بیان دۆزنەوە، من ئەزانم ئەوان هێشتا چاوەڕێن یەكێك رزگاریان بكات. توخوا گوناحن ئێستا سەرمایانە. دەی رێبوار گیان ئێستا فریا نەكەوی ماسیە گەورە برسیەكان ئەیان خۆن. ئەیهاوار

خوایه گیان ئاخر بۆ...؟ ڕێبوار بەدەم پڕمەی گریانەوە زیاتر باوەشی پیادەکردم ئەیوت:

ـ ڕۆشنا گیان، تازە ئەوان تەواو. ئێمەش هیچمان پێناکرێت.

من تائەهات زیاتربە خوڕ ئەگریام‌و شیوەنم ئەکرد. چۆقەی دانیشم ئەهات. وام ئەزانی خەوئەبینم. من هێشتا بەدەم گریان وشیوەنەوە تەماشای شەپۆلەکانم ئەکرد، پارچە جل ولاشەی هاوڕێکانم وتاکە پێڵاو شتومەکی ئەوانم ئەبینی. ڕێبوار بەتوندی باوەشی بە ملمدا کردبوو گریانی پێراگیر نەدەکرا. ئەوکاتانە وامدەزانی ئەوە کۆتایی دنیایە. ژیانم وەك شەوەزەنگێك ئەبینی. هێشتا دەنگی گریانی منالّەکە لە گوێچکەکانمدا ئەزرنگایەوە، هێشتا هاواری کیژۆڵە نازدارەکە لە گوێچکەکانمدا دەنگی ئەدایەوە چۆن وازوو بەو خێراییە بوون بەلاشەیەکی بێگیان! چۆن هەروابەئاسانی بوون بەخواردنی ماسی ونەهەنگەکان!؟ تۆبڵێی ئەمە ڕاستی ژیان بێت؟ ساتێك پڕ لە خۆشی‌و ئاوات‌و هیوا ساتێکیش لاشەیەکی بێگیان‌و ون بوو؟! پرسیارم ئەکرد:

ـ دەتوخوا ئەمە ڕاستیە یان خەوە؟ یەکێك پێمبڵێت ئەمە چیە؟

هەندێك جاریش هەستم بە گیانی خۆم نەدەکرد. وام ئەزانی مردوم. زۆر پەرێشان بووم، هەمووومان ئەوانەی کەبەسەیرو سەمەرە ڕزگارمان بوو تۆقیوو بێ دەسەڵات بووین. نەمانەزانی چیبکەین کارەساتێکی زۆر گەورەو ناخۆش‌و جەرگ بڕ بوو. هەمووومان توشی شڵەژانێکی یەکجار گەورە هاتبووین، دیمەنێکیٕ زۆر ترسناك بوو. هەر ئەوەندەمان زانی، لە دوورەوە پاسێکی بچکۆلەی کۆنی شڕ دەرکەوت. بەخێرایی بەرەو لای ئێمە ئەهات. کە نزیك بووەوە، کابرایەك لە پاسەکە دابەزی. بەهەڵەداوان بەرەو لای ئێمە ڕایئەکرد. زۆر بە ئاشکرا دیار بوو کە،

بۆ یارمەتیدانی ئێمە هاتبوو. لەو کاتەدا لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتە ناخۆشە ودڵتەزێنە هەستم بەرزگار بوون لەمردن دەکـرد. زانیم ئەوکەسە خوا بۆ ئێمەی رەخساندوە. لەوانەیە دایکم راستی کردبێت کەهەندێك جار باسی خێری زینگەی بۆ ئەکردین! ئەبێت ئەمە خۆی بێت. بێ پرسیارکردن، بە هانامانەوە هات.

خێرا هەڵی گرتین. لەگەڵیدا رۆیشتین. هەرزوو ئەوشوێنەمان بەجێهێشت. ئەوەندەم ئاگام لە دیمەنەکە بوو. ئیتر بۆ جارێکیتریش لە هۆش خۆم چووبووم. پاش کەمێك چاوم کردەوە. بینیم رێبوار سەرمی لەسەر شانی خۆی دانا بوو. بە دەستێکیشی باوەشی پیادا کردبووم. پەتۆیەکی شڕی چڵکنیشی تێوە ئاڵاندبووم. بەراستی ئەو کاتانە زۆر سەختو ناهەموار بوون. زۆر نادیاریش بوون. هەر چەندە کارەساتەکان زۆر بەخێرایی رویان ئەدا. بەڵام زۆر بە هێواشی تێپەڕ دەبوون. هەر، کە پاسەکە لەشوێنێکدا راوەستا، خەڵکەکانیش زۆربە پرتاو خۆیان هەڵدایە خوارەوە. هەرکەسەی بە لایەکدا پەرەوازە بوو. بەڵام من تەنانەت هێزی رۆیشتنیشم پێ نەبوو.

هەواڵنامەی کتێب

# ٢

ئێمە تەنها چەند مانگێك ئەبوو لە کوردستان هاوسەرگیریمان کردبوو. بەڵام لەبەر سەختیی باری سیاسیی ئەو کاتە، لە هەمان کاتدا باری ئابووری. ڕێبوار هەر زوو بڕیاریدا شار بەجێبهێڵێت. منیش ناچار بووم بە پێشنیارەکەی ڕێبوار ڕازی ببم. هەر چەندە پێشنیارەکەی ڕێبوار کاتی خۆی خەمێکی گەورەی لا دروست کردبووم. بەڵام هەرچۆنێك بوو، پەسەندم کرد، دایكو باوکی خۆشەویستم بەجێهێشت. کە گەیشتینە شوێنی خۆمان، ماوەی چەند مانگێك لەگەڵ چەندین لە خێزانی کوردو عەرەبو زۆر کەسانیتری نەناسراودا لە کەمپێکدا ژیانمان بەسەر ئەبرد. ئەوکاتە ژیانی ئێمە ئاسانتر بوو لەهەندێك لە خێزانەکانی کە منداڵیان هەبوو، بەڵام هێشتا هەر ناجێگیر بووین. پاش ماوەیەك هەر، وەکو هەموو خێزانە ئاوارەکانیتر، ژیانمان زۆر سادەو ساکار دەست پێکرد. شوقەیەکی زۆر بچووكو کەمیك کەلوپەلی سووکەڵەو سادەمان لەشوێنی کەلوپەلی بەکارهاتوو کڕیبوو، کە تەنها زۆر پێویستمان بوو. بەڵام منو ڕێبوار ماڵەکەمان بە خۆشەویستی پڕکردبووەوە. خۆشەویستیمان بۆ یەکتر لە سەرو باسکردنەوە بوو. ڕێبوار بۆ من جێگەی هەموو کەسوکارم بوو. منیش بە هەمان شێوە هەموو کەسی ئەو بووم. تەنها شتێك، کە بەردەوام جێی گوێ پێدانی هەردووکمان بوو، خۆشەویستیەکەمان بوو.

# ٣

دوو ساڵ لە ژیانمان تێپەڕی. کوڕێکی زۆر جوانو ئێسك سووکمان بوو. ناومان نا رەنج. من و رێبوار خۆشەویستیەکەمان لەوپەڕیدا بوو، ئێمە بڕیارمان دابوو کاتێك گەیشتینە هەندەران منالێك دێنینە ناوخێزانە بچکۆلەکەمانەوە هەتاکوو زووتر جێگیربین، رەگەزنامەی وڵاتەکە وەربگرین. ئێمە ئەوکاتە بەوجۆرە تێگەیشتبووین، لەژیانی ئەوێ زۆر شارەزا نەبووین. هەودووکیشمان تەمەنمان بیستو سێ ساڵ بوو. من زۆرینەی کاتەکانم بە، بەخێوکردنی رەنجەوە بە سەر ئەبرد؛ رەنج لەژیانی مندا بووبە بەشێکی یەکجار گەورە، بە جۆرێك کە، خۆشیی دڵم هەمووی ئەو بوو. وردە، وردە رەنج بوو بە هاوڕێی هەموو کاتم. بوو بە گەورەترین خۆشی لە ژیانمدا. زۆری نەبرد رێبواری هاوسەرم لەبەر ئەوەی حەزی لە کارکردن بوو. لە هەمان کاتدا ئارەزووی خوێندنیشی زیاتر ئەکرد. زۆر لەکاتەکانی خۆی بۆ کارکردنو بۆ خوێندن تەرخان کرد. منیش ئارەزووی خوێندنم ئەکرد، بەڵام سەرقاڵیم بە پەروەردەکردنی کۆرپەکەم، هەروەها یارمەتی دانی رێبوارەوە، کاتی زۆری لێ ئەگرتم. بە هیچ شێوەیەك دەرفەتی خویندنم نەبوو. هەموو جاریش، کە بیرم لە کارکردن ئەکردەوە، پەشیمان ئەبوومەوە. چونکە بیرم ئەکردەوە ئەگەر سەرقاڵی کارکردن بم، ئیتر ناچار ئەبم رەنج لای کەسێکی بێگانە جێهێڵم؛ ئەوکاتە ئەوکەسە ئەبێت خواردنی بداتێ، بیخەوێنێتو جلی بۆ بگۆڕێتو رۆژانە ئاگاداری لێبکات! ئیتر بەوجۆرە کوڕەکەم پەروەردەی دەستی کەسێکی بێگانە ئەبێت.! پرسیارم ئەکرد، لەخۆم دەپرسی ئەبێت ئەو کەسە چۆن بێت؟ بیرم ئەکردەوە ئاخۆ ئەو کەسە لەگەڵ کوڕەکەم هەر، وەکو خۆم نەرموو

نیانو میهرەبان بێت؟ یان تووڕەو بێ بەزەیی بێت؟ ئاخۆ لە کاتی خۆیدا بیخەوێنێت؟ تۆبڵێی کە کوڕەکەم برسیی بوو، لە کاتی خۆیدا خواردنی بداتێ، یان هەرچوار کاتژمێر جارێك وەکو دەستوری خۆیان خواردنی بداتێ!؟ کە بیرم لەم هەموو شتانە ئەکردەوە، خێرا پەشیمان ئەبوومەوە. ئەموت نەء. من خۆم منالّی خۆم بەخیو ئەکەم، لای کەس جێی ناهێڵم. کارم ناوێت. هەرچۆنێك بێت خۆم رائەگرم تاکو منالّەکەم تۆزێك گەورە ئەبێت، ئەو کاتە ئەتوانم کار بکەم. بەڵام لەو بارو دۆخی ژیانەشدا رۆژ بە رۆژ هەستم بە تەنهایی ئەکرد. بە تایبەت لەبەر ئەوەی هەموو رۆژێك رێبوار ئەچوو بۆ کارکردنو بە شەویش خۆی بە خوێندنەوە سەرقاڵ ئەکرد. هەستم ئەکرد بە بوونی ئەویش هەر تەنیام. چەند ساڵێك ژیانمان بەو جۆرەی لێهاتبوو. رەنج گەورە بوو. تەمەنی بوو بە پێنج ساڵ. نزیك بووەوە لەوەی بخرێتە باخچەی ساوایانی بەر لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی. هەموو بەیانییەك کاتژمێر هەشتی سەر لە بەیانی خۆم ئەمگەیاندە قوتابخانە. پاشان کاتژمێر یانزەی پێش نیوەڕۆ ئەڕۆیشتمەوە بە دوایدا، ئەوسا هەردووکمان پێکەوە ئەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. لە ماوەی ئەو چەند کاتژمێرەدا ئەو کاتانە خۆم بەخوێندنەوەی کتێبێکەوە، یان چەند دێڕێك نووسین، یان بە ماڵ پاککردنەوە خەریك دەکرد. هەندێك جار کات زۆر لە سەر خۆ ئەڕۆیشت، تەواو هەستم بەبێزاری دەکرد.

هەر کاتێك ئیشێکی بازارِم هەبووایە، ئەبوو چاوەڕێی هاتنەوەی رێبوارم بکردایە. چونکە رێبوار حەزی ئەکرد هەموو کات بە یەکەوە بچینە دەرەوە. هەر چەندە رێبوار سێ بەشی کاتەکەی خۆی بۆ کارکردن تەرخان کردبوو؛ بەشێکیش بۆ خویندن. زۆر جار چەند رۆژێك چاوەڕوانیم ئەکرد، کە بەیەکەوە بازارِەکانمان بکەین. بەڵام ئەو

تەنانەت بۆ دابین کردنی پێویستی وشتومەکەکانمان هەر کاتی نەبوو. ناچار رەنجم ئەپێچایەوەو بە یەکەوە بۆ بازاڕ ئەڕۆیشتین‌و پێویستیەکانم ئەکڕی. ئەو کاتانە هەستم ئەکرد، رێبوار کاتی بۆ ئێمە نەماوە. ئەمە وای لە من ئەکرد، رۆژ بە رۆژ زیاتر هەست بە تەنهایی‌و نامۆیی بکەم. بە جۆرێك زۆر جار وامئەزانی من بە تەنها ئەژیم، چونکە ئەوکاتانەی کە رێبوارم ئەبینی، تەنها کاتی نانخواردنی ئێوارانمان بوو. ئەویش ئەگەر پاش تەواوبوونی لە کارکردن بۆ ماڵەوە بگەڕایەتەوە. ئەو کاتەش هەر، کە لە نانخواردن تەواو ئەبوو، خێرا مێزی نانخواردنەکەی بەجێ ئەهێشت‌و خۆی ئەگەیاندە ژوورە تایبەتەکەی کە پاشگەڕانەوەی لە کار زۆرترینی کاتی خۆی تیادا بەسەر دەبرد. تەنانەت چایەکەشی لەگەڵ دەستی ئەبردو ئەچوو لەوێ ئەیخواردەوە. گفتوگۆکردن لە نێوانماندا زۆر کەم بوو. وردە وردە ژیانمان بەرەو بێدەنگیی تەواو ئەچوو. رۆژ بە رۆژ هەستم دەکرد منو رێبوار وەکو دوو کەسی نامۆ رەفتار دەکەین. ترسم لەوە پەیدا کردبوو کە ئیشەزۆرەکانی رێبوار هەروەها سەرقاڵبوونی بەخوێندنەکەیەوە، زیاتر کارتێکەرێك بێت بۆ لەیەکتر دوورکەوتنەوەمان. هەندێك جار ئەوەندە بێزار دەبووم، بڕیارم ئەدا کە ئەورووپا بەجێ بهێڵم‌و بگەڕێمەوە بۆ لای کەسوکارم لە کوردوستان؛ هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی کەمێك لە رێبوار خۆم دوور بخەمەوە، بەو هیوایەی دوورکەوتنەوەم ببێتە هۆی بیرکردنی رۆژانی نزیکی‌و ببێتە هۆیەك هەست‌و سۆزی جارێکی تر بەلامدا بگەڕێتەوە. بەڵام هەرکاتێك ئەو بیرۆکەیەم لا دەرئەبڕی، ئەو زۆر بە توندی رێگریی لێ دەکردم. چونکە باش ئەیزانی، کە بێزار بوونم لەوشێوازی ژیانەم خەریکە وام لێ دەکات بە یەکجاری بەجێی بهێڵم. بۆیە زۆر جار پێی ئەوتم:

هەولێرنامەی کتێب

ــ رۆشنا، ئارام بە. ئەوەندەم نەماوە. زوو تەواو دەبم. ئەوسا ئەبمە ئەندازیارێك، كە جێگەی شانازیت بم. چاوەڕێم كە، دوایی لە هەموو كەسێك زیاتر دڵ خۆش دەبێت.

ئەو كاتانە بڕوام بە قسەكانی دەكرد. بۆ ماوەیەكی‌تریش ئارام ئەبووم، دانم بە خۆمدا ئەگرت. بەڵام زۆری پێنەدەچوو دیسانەوە بێزاریم دەستی پێدەكردەوە. هەندێك جاریش پێم دەگوت:

ــ رێبوار گیان، ئەزانم تۆ چەند هەوڵ ئەدەیت بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی ئابووریی ژیانمان، ئاگادارم تۆ چەند خۆت بەخوێندنەكەتەوە ماندوو ئەكەیت. بەڵام هەر ئەوەندە ئەمەوێت بە بیرت بهێنمەوە، كە تۆ بە تەنها ناژیت، ئێمەش لەگەڵت دەژین. تۆ خاوەنی خێزانیت. خاوەنی ژنێكی گەنج‌و منداڵێكیت. كەواتە پێویستە كەمێك بیر لە ئێمەش بكەیتەوە. منیش پێویستم بە تۆیە. حەز ئەكەم هەست بكەم مێردێكم هەیە خۆشی ئەوێم. كوڕەكەت پێویستی بە تۆیە. راستە هێشتا رەنج ناڵە. بەڵام پێویستە ئەویش هەست بەخۆشەویستی باوكی بكات. وا بزانم ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە، هەر هیچ نەبێت وەكو جاران كەمێك لە كاتی خۆتمان بۆ تەرخان بكەیت. زۆرجار پێمئەوت:

ــ رێبوار گیان، پێش ئەوەی خۆشی‌و بەختیاری لە ژیانمان بار بكات‌و جێمان بهێڵێت، پێش ئەوەی ژیانمان بگۆڕێت بۆ خەونێكی ناخۆش، با ئێمە ئەو خۆشبەختییە لە ژیانی خۆماندا نەكوژین. تكایە مەهێڵە من چاوەڕێی روویەكی خۆشی تۆ بم. خۆت بێ داواكردن ئەو رووەم پیشان بدە. زۆر جار من بیرم ئەخستەوە. ئەموت:

ــ حەز ئەكەم هەر وەكو جاران پێكەوە بە هەموو شتێك قاقای بەرزو قووڵ لێبدەین. رۆژانی رابردووت لە یادە؟ چەند جار ئێواران تەلەفۆنێكت بۆ ئەكردم، دەتگووت:

هەواڵنامەی كتێب

ـ دەی رۆشنا، خێرا خۆت‌و رەنج ئامادە بکە، ئەم ئێوارەیە ئەچین لە دەرەوە نانێك ئەخۆین. منیش خێرا رەنجم ئەپێچایەوە. بە جوانترین شێوە خۆم ئەرازاندەوە. بیرتە کاتێك لە دەرگای ماڵەوە خۆت بەژووردا دەکرد، پێش هەموو شت باوەشێکی توندت پیادا دەکردم، ئنجا ماچێکی لاملت ئەکردم؟ ئەتوت:

ـ ئەی جوانترین ژن خۆشم ئەوێیت.

ئەوسا من بە نازێکەوە پاڵێکم پێوە ئەنایت. ئەموت:

ـ دە لاچۆ. با سووراوەکەم تێك نەچێتەوە.

ئینجا تۆش بە دەنگێکی بەرز قاقایەکت لێ ئەداو ئەتگوت:

ـ ئەزانم حەزیش ئەکەیت ماچت بکەم، بەڵام نایکەم.

ئەوسا هەردووکمان بە دەنگێکی ئەوەندە بەرز پێئەکەنین، هەتاکو رەنجیش لەگەڵمان ئەکەوتە پێکەنین بێ ئەوەی لە هچ شتێ تێبگات. رێبوار گیان بیرتە.؟

زۆر جار من ئەو ساتە خۆشانەم بیر ئەخستەوە. بەڵام رێبوار تەنانەت کاتی نەبوو گوێشم لێ بگرێت. ژیانی وای لێهاتبوو، تەنها بریتی بوو لە کارو خوێندن. لە ماوەیەکی کەمدا رێبوار زۆر بە خێرایی گۆڕا. هەوڵم ئەدا هۆکارەکەی بزانم، بەڵام زۆر ستەم بوو، چونکە ئەو هیچ کات بواری نەئەدام پرسیاریشی لێ بکەم. بە وەڵامێکی کورت هەموو شتێکی ئەبڕاندەوە. دواجار منی ناچار کرد، کەپەیوەندی بەهەندێك لە خێزانە کوردەکان بکەم لە خۆمیان نزیك بخەمەوە، تاکو کاتی تەنهاییم لەگەڵ ئەواندا بە سەر بەرم. بەڵام رێبوار ئەوەشی لا پەسەند نەبوو. حەزی بە تێکەڵبوونی زۆر کەس نەبوو. ناچار تاڕاستێکی زۆر جگە لەجوان بێ هاوڕێش مامەوە! شەوو رۆژ لەگەڵ مناڵێکی پێنج ساڵ بەتەنها لە شوقەیەکدا ئەژیام.

عەوڵامەی کتێب

# ٤

ساڵ هات، ساڵ ڕۆیشت. ڕێبوار خویندنی تەواو کرد. کاری باشی دەستگیر بوو. ژیانی ئابووریمان زۆر باش بوو. دڵم خۆش بوو. وامئەزانی ئیتر ڕێبوار بۆ ئێمە کاتی ئەبێت، جارێکیتر هەر وەکو خێزانێکی بەختیار پێکەوە بە خۆشی ئەژین. بەڵام ڕێبوار زۆرتر سەرقاڵی ئیشکردن بوو. زیاتر ئێمەی پشتگوێ خست. منیش ناچار کۆڵمدا لەوەی چاوەڕێی ریبوار بکەم. هەرچەندە ئەو جۆرە پشتگوێ خستنەی ئێمە لە لایەن ڕێبوارەوە، بووە ئازارێکی دەروونی گەورە. بەجۆرێکم لێهات بەردەوام قسەم لەگەڵ خۆم ئەکرد، پرسیاری سەیر سەیر بەمێشکمدا ئەهات وئەچوو، هەندێك جار بەرامبەر ئاوێنەی مێزەکەم دائەنیشتم، لەپڕێکا دەستم بەگریانێکی زۆر بەکوڵ ئەکرد، هەستم ئەکرد دڵم زۆر تەنگ وناخۆشە ئەوکاتانە هەوڵم ئەدا بە تەماشا کردنی فلیمێکەوە یان گوێگرتن لە گۆرانیەك خۆم خەریك بکەم. بەڵام هیچ کامێك لەو شتانە یارمەتی نەدەیام بگرە زیاتر مێشکمیان ئاڵۆز ئەکرد. پاش ماوەیەك دەستم بەسەردانی پزیشکی تایبەت کرد. بەڵام ڕێبوار ئەوەشی لاپەسەند نەبوو، گاڵتەی پێئەکردم ئەیوت، تۆ لەخۆشیدا وائەکەیت سەیرکە، ماڵەکەت پڕە لەشتی جوان. ئاڵتونی زۆرت هەیە. کوڕێکت هەیە ئەوەش من، مێردێکی باشم، هەمووکات خەریکی ئیشم پارەتان بۆ پەیدا ئەکەم. ڕێبوار وای ئەزانی دڵخۆشیو خۆش بەختی تەنها بریتیە لە ئیشو پارە پەیدا کردن. منیش هەموو جارێکیش پێم ئەوتەوە ئازیزەکەم گەر هەموو سەروەتی دنیام هەبێت، هیچی بەڕویەکی خۆشی تۆو نابێت. هیچی بە باوەشێکی گەرمی تۆ نابێت کە، بەهێمنی لەژێر سایەی خۆشەویستی تۆدا هەست بەئاسودەییو ئارامی بکەم.

# ٥

رەنج، لەبەر ئەوەی تەمەنی چوونی بۆ قوتابخانەی دەستی پێکرد، ڕۆژانە کاتژمێر حەوتی سەر لە بەیانی بۆ قوتابخانە ئەمگەیاند. دوای ئەوە کاتێکی زۆرم بۆ ئەمایەوە کە، دەست بەتاڵ بم. نەمدەزانی چۆن کاتەکان بەسەربەرم! هەندێك جار خۆم بە خوێندنەوەوە خەریك دەکرد. پاش کەمێك بێزار ئەبووم. بۆیە بڕیارمدا هەوڵ بدەم لە شوێنێکی نزیك لە شوقەکەی خۆمانەوە ئیشێك بدۆزمەوە. خۆشبەختانە دوای چەند هەفتەیەك وگەڕانێکی زۆر، کارێکی گونجاوم بۆ چەند کاتژمێرێیەکی کورتی سەر لە بەیانییان لە کۆگایەکی جلو بەرگی ژنانە، بە یارمەتیی دراوسێیەکم، دۆزیەوە.

دڵخۆش بووم بەوەی لە تەنهایی دوور بکەومەوە، کاتێك خەریك بوو، ئەو تەنهاییە بەتەواوی توشی نەخۆشی دەروونی ئەکردم. لەهەمان کاتدا لەو ئیشەوە پارەیەکی باشیشم دەستگیر ئەبوو..

بەڵام؛ زۆری نەبرد ناچارکرام کاتژمێرەکانی کارەکەم ڕۆژانە درێژتر بکەمەوە. لەوکاتەدا منیش ناچار بووم وازلەو ئیشە بهێنم. بۆ جارێکیتر بە تەنهاو بێزار لە شوقەکە مامەوە.

پاش چەند مانگێکیتر بێزاریو تەنهایی هێرشێکیتریان بۆ هێنام، ناچار ڕۆژێکیان لە پڕێکدا بڕیارمدا کە، بۆجارێکیتر ئەبێت بڕۆم بۆ کارێك بگەڕێم. هەرزوو خۆم ڕێکخست. لە شوقەکەمان چوومە خوارەوە. چەند شوێنێکی نزیك لە ماڵەکەی خۆمان گەڕام، وەکو بازاڕی خواردن، بازاڕی جلو بەرگ، چەند ریستورانتێك. بەڵام کەسیان کاریان بۆ من نەبوو! بە تایبەت ئەو کاتانەی من ئەمتوانی ئیشی تیادا بکەم.

زۆر گەڕام، تەواو بێزارو ماندوو بووم. بە دڵێکی ناخۆشەوە خۆم بە قاوەخانەیەکدا کرد. ئەو قاوەخانەیە وا ڕێککەوتبوو لە سەر جادەکەی ئەوبەری ماڵەکەی خۆمان بێت. پێشتر چەند جارێك سەردانیم کردبوو، قاوەکەیان زۆر بەتام بوو، هەروەها چای خۆشیان دروست ئەکرد. ئەو ڕۆژە دوای ئەو ماندووبونە زۆرە، حەزم کرد بڕۆم قاوەیەك بخۆمەوە. ڕۆیشتمە ژورەوە. خاوەنی قاوەخانەکە ژنێکی خەڵکی سوریا بوو. ئەویش منی ئەناسی، ئەیزانی کوردم. هەندێك جار کورتە گفتوگۆمان ئەکرد، ئەو باسی خۆی ئەکرد، منیش باسی خۆم ئەکرد، ئیتر هەر یەکەی لە بارەی یەکترەوە کەمێك زانیاریمان هەبوو، ئەوان دەمێ ساڵ بوو لە لندن جێگیر ببوون، هەموو کەسوکاریشی هەر لەوێ ئەژیان. ژنێکی زۆر بە سەرو زمانو شیرین بوو، بانگیان دەکرد (ئوم ربیع). واتا دایکی ڕەبیع. ڕەبیع کوڕی گەورەی بوو، خۆی ناوی نادیە بوو، ڕێکەوت وابوو ئەو کاتە، کە من چوومە ژوورەوە، هەر خۆی بە تەنها لەوێ بوو. شوێنەکەش زۆر چۆڵ بوو. هێشتا کەسی لێ نەبوو. وا دیار بوو ئەوانیش کەمێك درەنگتر لە جاران قاوەخانەکەیان کردبێتەوە، چونکە کات نزیکی نیوەڕۆ بوو. بەڵام هێشتا بۆنی خواردنە خۆشەکانی ئوم ڕەبیع نەدەهات. جگە لە قاوەو چا (ئوم ڕەبیع) هەندێك جار خواردنی سورری خۆشی دروست دەکرد، هەندێك جاریش شیرینیشی لەگەڵ قاوەکەی پێشکەش ئەکرد. ئوم ڕەبیع بە جۆرێك دیزاینی قاوەخانەکەی کردبوو هەروەك، ئەوەی ژورێك بێت لە ماڵەکەی خۆی. زیاتر سیمای ڕۆژهەڵاتی پێوەدیار بوو. هەر کاتێك هەستم بە بێزاریو دووری ئەکرد، ئەڕۆیشتمە ئەوێ، قاوە، یان چایەکی خۆشم ئەخواردەوە. هەندێك جاریش داوای فەتووشو فەلافلم ئەکرد. کەلوپەلەکانی ناو ئەو قاوە خانەیە زۆر سادە و ساکار بوون. هەمووی دوو مێزی خڕو چەند کورسییەکی دانا بوو. بەڵام لای

سەرووی شوێنەکەوە تاکێك قەنەفەی زۆر کۆنی دانابوو. لەبەردەمیشیدا تەپلەکێکی کۆنی بچکۆلە بۆ ئەو کەسانەی، کە تەنها بۆ خویندنەوە، یان حەوانەوە ئەڕۆیشتن. لەبەردەم پەنجەرە گەورەکەشەوە دوو مێزی بچکۆلەو چەند کورسییەکی‌تری دانابوو. هەر مێزەش سەرمێزێکی پاكو جوانی بەسەردا درابوو، هەریەکەی بەجۆرێکی جیاواز نەخشی تیاکرابوو سەر مێزەکانی هەمووی رەنگیان زەردێکی کاڵ بوو. ئوم رەبیع خۆی هەمووی بە دەستی خۆی بە نەخشی جوان جوان، گوڵو پەپوولەی رەنگاو رەنگ چنیبوو. ئینجا نایلۆنێکی روونی بە سەردا دابوون. هەمیشە لە پاکیدا بریسکەیان لێ دەهات. لە سەر هەر، مێزێکیش گوڵدانێکی بچووکی دانابوو، کە هەر یەکەیان چڵێك گوڵی یاسەمینی بەرەنگێکێ جیاواز تیادابوو. بەڵام لە هەمووی جوانتر ئەو مۆمانە بوون کە، بەردەوام لە سەر مێزەکان داگیرسابوون. بۆنێکی خۆشو ئارامییەکی یەکجار زۆریان بەشوێنەکە ئەبەخشی. هەرچەند ئەچوومە ناو ئەو قاوەخانەیە بۆنی قاوەیەکی ئەوەندە خۆشم ئەکرد، هەر، زوو مێشکی جەنجاڵو نائارامی ئەحەوانمەوە. دوای یەك هەنگاو بۆنێکی خۆشترم ئەکرد، هەستێکی ئەوەندە خۆشی پێئەبەخشیم، هەروەك ئەوەی لەناو هەورێکی پاكو تەنکدا مەلە بکەم. بەجۆرێك ئارام دەبوومەوە حەزم دەکرد بۆ کاتێکی زیاتر بمێنمەوە. من هەرگیز بۆم راست نەدەبووەوە ئەگەر ئەو بۆنە خۆشانە گوڵە یاسەمینەکان بوون، یان مۆمە جوانەکان بوون. ئەو قاوەخانەیە تا بڵێیت دڵگیرو ئاسوودەبەخش بوو، بە تایبەت بۆمن. هەر، کاتێك هەستم بەدڵتەنگی ئەکرد، وەکو سەبوورییەك بە دڵم بدات، ئەڕۆیشتم بۆ ئەوێ. هەرچەندە شوێنەکە زۆر بچکۆلە بوو، بەڵام پڕ لە ئارامیو خۆشەویستی بوو. ئەو کەسانەش، کە لەوێ کاریان دەکرد، هەمیشە دەم بە خەندەو رووخۆش بوون. هەروەك ئەوەی ئەوکەسانە لە

شوێنێکی تری ئەم دنیایەوە هاتبن یان هەرگیز تامی تەنهاییو خەفەتیان نەکردبێت!.. هەندێك جار جوانەی هاوڕێم بانگ دەکردو لەوێ نیوەی ڕۆژەکەمان بە سەر دەبرد.

هەر، کە دانیشتم، خێرا ئوم ڕەبیع بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێ کردم، ئینجا پرسیاری کرد. ئارەزوی خواردنو خواردنەوەی چی ئەکەم؟ من تەنها داوای قاوەیەکی تاڵم کرد. بەڵام ئەو هەموو جار پاقلاوەیەکیشی بۆ ئەهێنام. لەگەڵ پەرداخێك ئاو. هەموو جارێکیش پێی ئەوتم:

ـ خۆم دروستم کردوە. منیش هەموو جارێك دەستخۆشیم لێئەکرد.
ئوم ڕەبیع خۆی ژنێکی بە تەمەنی قوڵەو کورتە باڵا بوو. سپی پێست بوو، ڕەنگی چاوکانی شین بوو بەڵام ئەوەندە بچوك وقوڵ بوو هەر ئەبوایە بۆی بگەڕایتایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئازایی وگورجوگۆڵی زۆری پێوەدیار بوو. ئوم ڕەبیع لەهەموو منداڵەکانی زیاتر ئارەزوی ئیشکردنی دەکرد، بەردەوام لە قاوەخانەکە بوو، زۆر دەگمەن بوو ئەگەر ڕۆژێك لەوێ نەبوایە. هەموو کچو کوڕەکانیشی دوای تەواوبوونیان لە قوتابخانە ئەهاتن یارمەتیی ئەویان ئەدا. کاریان لەگەڵ دەکرد.

دوای ئەوەی قاوەکەم تەواو کرد، هەڵسام بڕۆم. گەیشتمە ناو دەرگاکە ویستم خواحافیزیی لێ بکەم، بەڵام لە پڕێکدا خۆبەخۆ گەڕامەوە چوومە بەردەمی. ئەو لەو کاتەدا لەگەڵ چەند کەسێکی تر سەرقاڵ بوو. داواکانیانی لێ وەردەگرتن. بەڵام هەر، کە بینی من گەڕامەوە، بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ (حیاتی ئشبیکی؟ بدیك شی؟) بە عەرەبی وتی، گیانەکەم چیتە؟ هیچت شتێکت ئەوێت؟ منیش بە عەرەبی وەڵامم دایەوە. وتم:

ـ (ئوم ربیع، بدی اشتغل، عندك شی شغل مشانی؟)

پێموت، دایکی ڕەبیع، ئەمەوێت ئیش بکەم، هیچ ئیشێکت بۆ من هەیە؟

خیرا لێم هاتە پێشەوە هەر وەك بڕوای نەکردبێت. خێرا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:
ــ (عن جد؟ بدك تشتغل) وتی بەراستە؟ ئەتەوێت ئیش بکەیت؟
وتم:
ــ (ای عن جد، بدی اشتغل) وتم، بەڵێ بەراستمە، ئەمەوێت ئیش بکەم.
خێرا دەستی راکێشام. وتی:
ــ بەڵێ ئیشێکم بۆ تۆ هەیە، ئەگەر حەز ئەکەیت.. ئەتوانیت هەر ئیستا دەست پێبکەیت!. کە گوێم لەو قسانە بوو، بڕوام نەکرد. بەڵام لە خۆشییا بە دەنگێکی بەرز پێکەنیم. وتم:
ــ نا..نا.. ئێستا نا. بەڵام، ئەتوانم لە بەیانییەوە دەست پێبکەم. ئەویش زۆر بە پەلە وەرەقەو قەڵەمێکی لە گیرفانی بەر کۆشەکەی دەرهێنا. وتی:
ــ ئێستا کاتەکانت بۆ ئەنووسم کە پێویست ئەکات لێرە بیت. بەیانی لە کاتژمێر هەشتەوە تاکو کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ، یان بە دڵی خۆت، گەر حەزت کرد زیاتر بمێنیتەوە.
وتم:
ــ زۆر باشە. بەیانی لێرە ئامادە ئەبم، بەڵام ئەمەوێت بزانیت من تەنها ئەو کاتانە ئەتوانم لێرە ئیش بکەم، کە کوڕەکەم لە قوتابخانەیە.
ئوم رەبیع بە دەم پێکەنینێکەوە وتی:
ــ کێشە نییە. جارێ با بزانین چۆن ئەتوانی ئیش بکەیت، هەفتەی یەکەم تەنها فێری ئیشەکە ئەبیت. دوایی بڕیار ئەدەین رۆژی چەند کاتژمێر لێرە ئیش بکەیت. خێرا بەدڵێکی خۆشەوە خواحافیزیم لێکرد بە خێرایی گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

## ٦

خەریك بووم دەرگای شوقەكەم ئەكردەوە. گوێم لێ بوو دراوسێكەم بە دەنگێكی بەرز بانگی لێكردم. وتی:

ـ مادام... كاتت هەیە كەمێك پێكەوە دانیشین؟ چایەك بخۆینەوە؟ دەمیكە یەكترمان نەبینیوە.

منیش زانیم ئەوە هیلینی دراوسێمە بە دەم پیكەنینەوە ئاوڕێكم لێدایەوە. وتم:

ـ ئا.. بەڕاست ئەوە تۆی!؟ زۆر دەمێكە نەمبینیویت. ئەوە چییە، بۆ ئێستا وەكو جاران ناتبینم؟ خەریكی چیت؟

هیلین دەستی بە پێكەنین كرد. وتی:

ـ ئەی نازانی ئیشم دۆزیوەتەوە؟ بەیانیان زوو ئەڕۆم، شەو درەنگ دێمەوە.

وتم:

ـ زۆرم پێخۆشە. كارێكی باشت كردوە. منیش ئەمڕۆ زۆر گەڕام بۆ دۆزینەوەی ئیشێك. سوپاس بۆ خوا لە كۆتاییدا بێ ئەنجام نەبووم. لە قاوەخانەكەی ئوم رەبیع ئیشم دۆزییەوە.

هیلین وردە وردە بە دەم قسەكردنەوە نزیك بووەوە. وتی:

ـ شوێنێكی زۆر چاكە. پیرۆزبابیت لێئەكەم، نزیك ماڵی خۆتە. منیش ئەگەر كاتم هەبوو، جارو بار سەردانێكت ئەكەم.

وتم:

ـ منیش پێم خۆشە. بەڵام پێت نەوتم تۆ لە كوێ ئیش ئەكەیت؟

هیلین بەزەردەخەنەیەكەوە سەیرێكی كردم وتی:

یەعنی لە کوێ؟! شوێنی پیرەکان. خزمەتی ئەوان ئەکەم.
قاقایەکی لێدا. کەمێك وەستا. دیسان بە دەم پێکەنینەوە ئینجا بە تەوسێکەوە وتی:

ــ ئەزانی بۆ حەزم لەو شوێنەیە؟

وتم:

ــ نازانم. بۆ حەزت لەو شوێنەیە؟! دیسان زەردەخەنەیەکی تری خستە سەرلێوی

وتی:

ــ لەبەرئەوەی کاتێك چاوم بەو پیرانە ئەکەوێت، خۆم زۆر بەگەنج دێتە پێش چاو، هەست ئەکەم لە ناو ئەوانا من لە هەموویان گەنجترم. هههههههە بە خۆم ئەڵێم، هێشتا من گەنجم. هیلین هەر پێئەکەنی.

منیش بە دەم پێکەنینەوە وتم:

ــ بۆ...؟ بۆ.. وا ئەڵێیت؟ تۆ بۆ خۆت بە پیر ئەزانی؟! تۆ هێشتا گەنجیت. لەپێش چاوی من تۆ هێشتا گەنجو جوانیت.

هیلین ئەمجارە بە دەنگێکی بەرزتر قاقایەکی لێوە بەرز بووەوە. هەر وەك ئەوەی کەمێك خەیاڵ بێت، یان گاڵتەی بەقسەم کردبێت. وتی:

ــ ئازیزەکەم، کاتێك ژیان هەموو خۆشیەکانت لێ زەوت دەکات، ناهێڵێت تەنها شەوێك بە ئارامی بخەویت، بەیانیانیش بە دڵێکی قورسو پڕ لە خەم بەئاگا دێیتەوە، ئیتر هەرچەند گەنج بێت، هێشتا پیریت.

ئینجا دەستێکی خستە سەرشانم. وتی:

ـ ئازیزەکەم پیریو گەنجی بە ژمارەی ئەو ساڵانە نییە کە، تیایدا ژیاویت! بەڵکو تەنها خۆشبەختیو ئارامی ژیانت، بڕیاری لەسەر ئەدات ئەگەر گەنج بیت یان پیر. مرۆڤ هەندێك جار ساتێك لەساتەکانی تەمەنی بەساڵێك لێ تێدەپەڕێت.! هەندێك کاتژمێری ژیان ئەوەندە قورسو سەختن، وائەزانیت هەموو ساڵەکانی گەنجێتی لێ زەوت کردویت. هەندێك جاریش ڕۆژەکان ئەوەندە پڕلە ئەندێشەن بەتەواوی هەست بە مردن دەکەیت.

بڕوابکە ئەگەر پێت بڵێم، هەندێك کەس لە تەمەنی بیست ساڵیدا یان زووتریش ئەمرن. بەڵام تاکو ساڵانێکی زۆر نانێژرێن. ئازیزەکەم هیوادارم بەگەنج لەمن تێنەگەیت. چونکە من زۆر لە تەمەنی خۆم زیاتر ژیاوم. کەواتە پیرم.

من لە مەبەستی هیلین تێگەیشتم، بەڵام هەوڵم ئەدا بە جۆرێکیتر وەڵامی بدەمەوە، تاکو ئەو ڕەشبینییەی بڕەوێنمەوە. بە دەم زەردەخەنەیەکەوە.

وتم:

ـ بەڵام تۆ هەرچۆنێك ژیابیت، هێشتا جوانیت. من گەنج ئەتبینم. هیوادارم بەم زووانە کاتمان هەبێت دانیشتنێك پێکبێنین. ئێستا لە دەرەوە گەڕاومەتەوە. ببورە ئەگەر بڵێم کاتم نییە.

هیلین بێ ئەوەی تەماشام بکات. هەر لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ نا.. کێشە نییە. بۆ جارێکیتر.

ئەو ڕۆیشت. منیش چوومە ژوورەوە دەرگاکەم داخست. لە خۆشیاندا وەخت بوو ئەفڕیم. خواخوام بوو ئەو ڕۆژە ڕێبوار زوو بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باسی ڕۆژەکەمی بۆ بگێڕمەوە. ئەو پاش نیوەڕۆیە

هەواڵنامەی کتێب

نەمزانی لە خۆشییاندا چی بکەم. کاتێك رەنج هاتەوە، بۆم باسکرد. بەڵام ئەو هیچی وا تێنەگەیشت. ئەیزانی من دڵم خۆشە. ئەویش پێئەکەنیو دڵی خۆش بوو. کات بوو بە ئێوارە چەند جارێك تەلەفۆنم بۆ رێبوار کرد بۆ ئەوەی باسی رۆژەکەمی بۆ بکەم، بەڵام ئەو هەر وەڵامی نەبوو، ناچار بەخۆمم وت، ئەبێت چاوەڕێی بکەم، کە هاتەوەماڵەوە ئەو کاتە هەمووی بە دوورو درێژی بۆ باس ئەکەم.

# ٧

ئێوارە دوای چاوەڕوانکردنێکی زۆر منو ڕەنج دیسانەوە بۆ جارێکیتر بە تەنها نانی ئێوارەمان خوارد. ڕێبوار هیچ دەنگی نەبوو. ڕەنج چووە ژوورەکـەی خۆی هەر زوو خەوت. منیش کەمێك بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەوە خۆم خەریك کرد. پاشان لە سەر تاکە قەنەفەی ژووری دانیشتنەکە خەو هەراسانی کردمو لاربوومەوە. کاتێك خەبەرم بووەوە، تەماشامکرد کاتژمێر دووی بەرەبەیان بوو. ڕێبوار هێشتا نەهاتبووەوە. لەوکاتەدا خورپەیەک بەدڵما هات، چۆن ڕێبوار تائێستا نەهاتۆتەوە! ئەبێت چی ڕویدابێت! خێرا دەستم برد سەیرێکی مۆبایلەکەم کرد نامەیەکم لەلایەن ڕێبوارەوە بۆ هاتبوو. تیایدا ئەیوت، ڕۆشناچاوەڕێم مەکە، بە هۆی کارێکی زۆر گرنگ بەڕیوەبەری ئیشەکەم بەکارێکی پیویست بۆ دەرەوەی شاری ناردم. ئەمشەو ناتوانم بگەڕێمە. هەر ئەوەندەی نووسی بوو. ئەو کاتەش، کە ئەو نامەیەی ناردبوو، من خەوم لێکەوتبوو. چونکە من ئەوشەوە تا کاتێکی زۆر درەنگ چاوڕێم ئەکرد، بەڵام ئەو هیچی نەناردبوو. کاتێکیش دڵم کەوتە مەراقەوە تەلەفۆنم بۆ کرد، ئەو وەڵامی نەبوو! هەر، کە نامەکەیم بینی، خێرا هەستامە سەرپێ. بە هەر چوار لای خۆمدا ئەمڕوانی. بەڵام لە ژوورێکی تاریكو بێدەنگ زیاتر، هیچیترم نەدەبینی. زۆر تووڕە بووم، دڵم پڕ بوولە خەم. مێشکم خەریك بوو شەقی ئەبرد. ئیتر خەو لەچاوم ون بوو، چۆن شتی وا ئەبێت!؟ ئەی باشە بۆ زووتر پێی نەوتم؟ ئەگەر وایە بۆ باسی نەکرد؟ چۆن سەفەری بەو جۆرە کوتوپڕ ئەکرێت؟! کەوتمە پرسیاری جۆراو جۆر لە خۆم؟! هەرخۆشم وەڵامی

خۆمم ئەدایەوە، نا.. نا... نابێت. ئەمە ڕاست نییە. ڕێبوار درۆم لەگەڵ ئەکات. ئەم سەفەرە مەبەستێکی تری هەیە. شتێکی تری لە دواوەیە! بە هەر حاڵ، ڕۆیشتمە ژوورەکەی خۆم. لە سەر جێگاکەم ڕاکشام. بەڵام هەر وەك ماخۆلان ئەم دیوو ئەو دیووم ئەکرد هەتاکو بەیانی. گەر بۆ ساتێکیش بێت چاوم خەوی نەبینی. بەیانی هەر وەك هەموو ڕۆژێکی پێشوو، ڕەنجم بۆ قوتابخانە بەڕێ کرد. ئەو ڕۆیشت. بەڵام من ئەبووایە یەکەم ڕۆژی کارکردنم بێت، خۆم ئامادە بکەم بۆ کار. هەر چەندە ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوتبوو، چونکە ئەمزانی ڕێبوار درۆیەکی زۆر گەورەم لەگەڵ ئەکات. بەڵام بۆ ئەبێت درۆم لەگەڵ بکات؟ ئەی ئەبێت ڕاستییەکە چیبێت؟! هەرچۆنێك بێت، خۆم ئامادە کرد. بەرەو قاوەخانەی ئوم ڕەبیع کەوتمە ڕێ.

# ٨

ئوم ڕەبیع هەرلە دوورەوە کە چاوی پێمکەوت بە روویەکی خۆشەوە بەرەو رووم هات. بەخێرهاتنی لێکردم. بەرچاییەکی زۆر جوانی ئامادە کردبوو، پێکەوە نانمان خوارد. ئینجا باسی چۆنییەتیی کردنی کارەکەی بۆ کردم، بە ئاستەم ئاگام لە قسەکانی بوو، هەرچەندە بە درێژایی کاتەکە چاوم بڕیبووە چاوی، بەڵام ئاگاو هۆشم لای ئەو نەبوو. من تەنها لە خەیاڵی ڕێبواردا بووم ئاخۆ شەوی رابردوو لە کوێ، لەگەڵ کێ بووبێت؟! ئەو رۆژە هەرچۆنێك بێت لە قاوەخانەکە لەگەڵ ئوم ڕەبیع بەجوانی کارەکانمان بەڕێوە برد. هەستم بەماندووبون نەکرد زیاتر ئەوەی ماندوی ئەکردم بیرکردنەوەم بوو لە هەڵسوکەوتی ڕێبوار.

ڕێبوار پاش سێ رۆژ گەڕایەوە، لەو ماوەیەدا تەنها جارێك تەلەفۆنی بۆ کردم. پرسیارم لێکرد لە کوێیت؟ کەی ئەگەڕێیتەوە؟ ئەو تەنها وەڵامەکەی ئەمە بوو، کە هاتمەوە، هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم. خوات لەگەڵ. هەر ئەوەندە.

کاتێکیش، کە گەڕایەوە، من ئەوەندە لە کردارەکانی بێزار بووم. بڕیارم دا بە هیچ شێوەیەك پرسیاری لێ نەکەم. چونکە ئەمزانی ئەگەر پرسیار لە درۆزن بکەیت بە درۆیەکی گەورەتر وەڵامت ئەداتەوە. ئەو شەوەی، کە گەڕایەوە، زۆر ماندوو بێ‌ووزە دیاربوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵی خۆش بوو. پاش نان خواردنی ئێوارە، رۆیشتە ژوورەکەی ڕەنج، کەمێك یاریی لەگەڵ ئەو کرد. پەیمانی پێدا رۆژی شەممە خۆی بۆ سینەمای بەرێت. ئەگەر حەزی کرد هاوڕێکانیشی بانگ بکات. کە

گوێم لەو قسەیە بوو، زۆر خۆشحاڵ بووم. هیواخواز بووم قسەکەی بباتەسەر نەك وەك هەمووجارێکی‌تر کە بیرخۆی ئەبردەوە. لەبەر خۆمەوە وتم:

ــ ئۆخەی رەنج ئەباتە دەرەوە. دیارە دڵی خۆشە. کاتێکم زانی رەنج بە پرتاو لە ژوورەکەی خۆی رایکرد. هاتە بەردەمم. وتی:

ــ دایکە... ئەزانی ئێستا باوکم چی وت؟ وتی، بۆ سینەمات ئەبەم، ئەی تۆش حەز ئەکەیت لەگەڵمان بێیت؟

من هێشتا وەڵامم نەدابووەوە. رەنج خێرا وتی:

ــ دایکە دە تۆش وەرە. توخوا وەرە. بەیانیش لە مەکتەب بە هاوڕیکانم ئەڵیم باشە؟ من حەز ئەکەم هەموویان بێن، من بەهەموو هاوڕێکانم ئەڵێم، منو تۆو بابەش هەموو پێکەوە باشە؟ ئێ دایکە گیان باشە؟

منیش بە دەم پێکەنینێکەوە وتم:

ــ زۆر باشە بەیانی بەهاوڕێکانت بڵێ بزانە کامیان حەز ئەکەن لەگەڵتانا بڕۆن. بەڵام من حەز ئەکەم ئێوە خۆتان تەنها باوكو کوڕ بڕۆنە دەرەوە. پێویست ناکات من لەگەڵتان بڕۆم.

لەو کاتەدا سەیرێکی رێبوارم کرد. کەچی ئەو دەستی رەنجی راکێشا. وتی:

ــ دایکت راست ئەکات، تەنها خۆمو خۆت ئەڕۆین، دواییش بۆ بازاڕی راوچیەکانت ئەبەم.. بەزەردەخەنەیەکەوە تەماشایەکی کردم، دیسانەوە وتی، دایکت حەزی بەو شوێنانە نییە. لەو کاتەدا منیش بەفرسەتم زانی کە، باسی ئیشە تازەکەمی بۆ بکەم. وتم:

ــ ئا.. باش بوو بیرم کەوتەوە، پێش چەند ڕۆژێك لە قاوەخانەکەی ئۆم ڕەبیع کارێکم دۆزیــەوە. کاتەکانی زۆر باشە. ڕۆژانــە دوای ڕۆیشتنی ڕەنج بۆ قوتابخانە، منیش ئەڕۆم لەوێ بۆ چەند کاتژمێرێك خۆم مەشغوڵ ئەکەم. هەر باشە کەمێك لە تەنهایی ڕزگارم ئەبێت.

ڕێبوار هەر وەك گوێی لە قسەکانم نەبوو بێت لە جێی خۆی هەستایە سەر پێ. وتی:

ــ من زۆر ماندووم، ئەبێت بڕۆم بخەوم.

زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکم کرد. وتم:

ــ ڕێبوار گوێت لە من بوو وتم چی؟! گوێت لێم بوو باسی چیم بۆ کردیت؟ ڕێبوار بە هەردوو دەستی دەمووچای هەڵگوشی. وتی:

ــ گوێم لێت بوو، پیرۆزە، بۆ نا؟

وتم:

ــ ئێ... هەر ئەوەندە؟ تاقەتت نیە گوێم لێبگریت؟ ناتەوێت بزانی ئیشەکەم چۆنە چی ئەکەم؟ ناتەوێت هیچ شتێك لەبارەی ئیشەکەمەوە بزانیت؟ باشە ئەوەش کێشە نیە. ئەی ناتەوێت باسی ئەو سەفەرە لەپڕەی پێش سێ ڕۆژت بکەیت؟ بۆ کوێ ڕۆیشتیت؟ لەگەڵ کێ ڕۆیشتیت؟ بۆچی ڕۆیشتیت؟

ئەم جارە بە تووڕەیەکەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ــ کۆمپانیاکەمان داوایان لێکردم، کە ئەبێت بە زووترین کات بڕۆم ئەو کارە جێبەجێ بکەم!. هەر ئەوەنە هیچیتر. لەگەڵ کەسیشا نەڕۆیشتوم! تۆش ئیشت دۆزیوەتەوە باشتر، بڕۆ خۆتی پێوە مەژغوڵ بکە باشترە لەوەی ئەم هەموو پرسیارانە لەمن بکەیت.

ئەوەنەی وت، بێئەوەی سەیری دەموچاوم بکات خێرا بەرەو ژووری نووستنەکە ڕۆییشت. ئەوەندە بە پەلە ڕۆیشت تەنانەت شەو باشی لە ڕەنج نەکرد. منو ڕەنجیش هەردووکمان سەیرێکی یەکترمان کرد. ڕەنجم بردە ژوورەکەی خۆی. شەو باشم لێکرد. زانیم تورەبوونەکەی جۆرێك لەڕاکردن بوو، لە وەڵام دانەوە.

کاتێك چوومە ژوورەکەی خۆمان، تەماشام کرد ئەو پرخەی خەوی ئەهات. هەر چەندە کات هێشتا زوو بوو. ڕێبوار بە هەموو شێوەیەك خۆی لە ئێمە ئەدزییەوە؛ بەتایبەت لە من. لە هەموو پرسیارێك بەدوور خۆی ئەگرت. هەموو هەوڵێکی ئەدا کەمترین کاتمان لەگەڵدا بە سەر بەرێت. شەو درەنگ ئەگەڕایەوە، بەیانی پێش ئەوەی ئێمە لە خەو هەڵستین ئەو ئەڕۆیشت. کاتێك من لە ماڵ بوومایە ئەو ئیشی دەرەوەی هەبوو. کاتێکیش من لە دەرەوە بوومایە، ئەو لە ماڵ ئەمایەوە. لە ڕۆژانی پشووەکانیدا ئەخەوت. ئەیوت ماندووم. بە هەموو جۆرێك ڕێبوار خۆی دوور ئەخستەوە. ئەو کاتانەش ناچار ئەبووم هەر خۆم ڕەنج بۆ دەرەوە بەرم. زۆر جار بۆ بازاڕ ئەڕۆیشتین، یان بۆ پارك. هەندێك جاریش ڕەنجو هەندێك لە هاوڕێکانیم کۆئەکردەوە، ئەڕۆیشتین بۆ سینەما. زۆر جاریش تەنها خۆمو ڕەنج ئەڕۆیشتین بۆ پاركو ئەو بازاڕانەی کە ڕەنج ئارەزوی لێیان بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جار ڕەنج داوای باوکی ئەکرد. پرسیــاری ئەکرد، بۆ ئیمە لەگەڵ بــاوکم ناچینە دەرەوە؟ بۆ باوکم لەگەڵ ئیمە ناڕوات؟ بۆ باوکم هەموو کات ئیش ئەکات؟ زۆر پرسیــاری لێ ئەکردم، کە من هیچ وەڵامێکم پێنەبوو، جگە لەوەی کە پێم ئەوت، باوکت خەریکی ئیشە، پارەمان بۆ پەیدا ئەکات. هەندێك جار بە قسەکەم بڕوای ئەکرد. هەندێك

جاریش ئەیوت، باوکی هاوڕێکانم هەموو ئیش ئەکەن، بەڵام لەگەڵ مناڵەکانیشیاندا هەموو ڕۆژانێکی پشوو ئەچنە دەرەوە! خۆ هەر باوکی من ئیش ناکات!

ئەو کاتانە هیچ وەڵامێکی‌ترم نەئەدۆزییەوە کە، کارێك بکەم دڵی کوڕەکەم نەشکێت. هەر ئەوەندەم ئەوت، ئەی من دایکتم، ئەگەر باوکت کاتی نەبێت، من کاتم هەیە، وەرە خۆم‌و خۆت بۆ هەرکوێ حەزبکەیت ئەڕۆین، دایکیش وەکو باوکە. هەندێك جار پێش ئەوەی ڕێبوار لە ئیش بگەڕێتەوە من خۆم ئامادە ئەکرد بۆ ئەوەی، کە هاتە ماڵەوە، بزانێت ئێمە ئەمانەوێت وەکو جاران لەگەڵ ئەو بۆ دەرەوە بڕۆین. بەڵام هەر، کە ئەگەیشتە ماڵەوە، خێرا ئەیوت:

ـ بەخوا ئەمڕۆ لە ئیش زۆر ماندوو بووم.

ئەو کاتە بە ناچاری هەردووکمان دائەنیشتینەوە. وازمان لێ ئەهێنا تاکو پشوو بدات. بەڵام زۆری پێ نەئەچوو، ڕای ئەکردە ژووری ئۆفیسەکەی خۆی دەرگای دائەخست. ئێمەش لە ژووری دانیشتنەکە بێ دەنگ سەیری تەلەفزیۆنمان ئەکرد. تاکو ڕەنج لە سەر قەنەفەکە خەوی لێ ئەکەوت. دواتر منیش ئەچووم سەرێکم لە ڕێبوار ئەدا. پرسیارم لێ ئەکرد ئاخۆ داواکاریەکی هەبێت. بەڵام هەموو جار ئەیوت:

ـ نا سوپاس. هیچم ناوێت. بڕۆ بخەوە، من هێشتا ئیشی زۆرم ماوە. درەنگ لێ ئەبمەوە.

ئەو کاتە منیش بەرەو ژووری نووستنەکەمان ئەڕۆیشتم. زۆر جار ئەمە دووبارە ئەبووەوە. هیوام ئەخواست ڕێبوار تۆزێك بە خۆیدا بچێتەوە. جارێکی‌تر یادی ڕۆژانی ڕابردوومان بکاتەوە. وەکو جاران دڵی پڕبێتەوە لە سۆزو خۆشەویستی هەروەك سەرەتای هاوسەرگیریمان.

ئەو کاتانە خۆشەویستیمان بێ سنوور بوو. یەك دڵ، یەك گیان بووین. من‌و ڕێبوار یەکترمان زۆر خۆش ئەویست. من لەژیانی ریبواردا یەکەم کەس بووم. ڕێبواریش لەژیانی مندا یەکەم خۆشەویست بوو. بەڵام چەند ساڵێکی کەم دوای هاوسەرگیریمان، هەستم بە دوورکەوتنەوەی ئەکرد. زۆر جار سەرزەنشتی خۆمم ئەکرد. بە خۆم ئەوت وا دیارە من وەکو جاران گوێی پێ نادەم؟ یان وەکو جاران خۆم جوان ناکەم؟ هەندێك جار پرسیارم لێئەکرد، کە ئەبێت هۆی دوورکەوتنەوەی چی بێت؟ هەموو کاتەکە وەڵامەکانی یەك جۆر بوو. ئەویش تەنها هۆی زۆری ئیشکردن، سەرقاڵی زۆرە. ئەم شێوە ژیانەی ئێمە بەم جۆرە زۆری برد. ماوەی دوو ساڵ زیاتر ڕێبوار لەگەڵ من ساردوسڕ بوو. هەستم بە فراوانبوونی نێوانمان ئەکرد بە شێوەیەکی ئاشکرا. ڕێبوار بە جۆرێکی لێهاتبوو هەندێك ئێوارە تەلەفۆنێکی ئەکرد. ئەیوت:

ــ ڕۆشنا، ئێوە نانی خۆتان بخۆن. من ئەمشەو لەگەڵ هاوڕێیانی ئیشم بە کۆمەڵ لە دەرەوە نان ئەخۆین. درەنگ ئەگەڕێمەوە. یان زۆر جار بە تایبەت شەوی شەممە، کە تەنها شەوێك بوو ڕێبوار پشووی وەرئەگرت، ئەو شەوانەش هەر جارەی ڕێگرێکی دروست ئەکرد، کە درەنگ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. نەوەك ئێمە بمانەوێت بچینە دەرێ. من وازم لەوە هێنا بوو، کە داوای لێبکەم بمانباتە دەرەوە. بەڵام ڕێبوار تەنانەت هەندێك شەویش بەرەبەیان ئەگەڕایەوە ماڵەوە. من تاکو کاتێکی زۆر درەنگ چاوەڕێم ئەکرد. چەندەها جار بە تەنها لە سەر تاکی قەنەفەی هۆڵەکە خەوم لێئەکەوت. بەیانی لە قرچەی دەرگاکەی، کە ئەهاتە ماڵەوە، خەبەرم ئەبووەوە. زۆرم هەوڵدا بزانم ڕێبوار بۆ بەو جۆرە گوێمان پێنادات؟ بەڵام هیچم دەست نەکەوت هەر چەندە

من دڵم زۆر لێی ئێشابوو، گلەیی زۆرم لێی هەبوو. بەڵام خۆشەویستیم بۆی وەکو خۆی بوو. من کـردارم بەرامبەر رێبوار نەگۆڕا بوو. دڵگرانی من بۆ ئەو بوو، ئەمزانی رێبوار خەریکە بەرەو رۆچوون ئەچێت، ئەمزانی رێبوار خەریکی هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکم نەبوو. من رێبوارم بە جۆرێك خۆش ئەویست، کاتی خۆی بێ رەزامەندی باوکم شووم پێکرد، چونکە خۆشەویستی من بۆ رێبوار تا لووتکە بوو. من بڕیارم وا بوو، هەر کاتێك منو رێبوار مردیشین، گۆڕەکانمان لە تەنیشت یەکەوە بێت. هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات ژیانی هاوسەریم بدۆڕێنم. هەرگیز جیابوونەوە هەڵبژاردەی من نەبوو. هەر چەند ئەو دوور ئەکەوتەوە، من زیاتر خۆم نزیك ئەکردەوە. تاکو ئیتر رێبوار کۆڵی پێدام، ئیتر بە ناچاری وازم لە پرسیـــارکردن هینا. بڕیارمدا چیتر داوای هیچ جۆرە گوێ پێدانێکی لێ نەکەم، بەڵکو خۆم زیاتر قووڵ ئەکردەوە لە پەیوەندی خۆم بە رەنجەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵمدا تارادەیەك پەیوەندیی خۆم لەگەڵ کەمێك لە خێزانە کوردەکان بەهیز بکەم. بە تایبەت ئەوانەی منداڵی هاوتەمەنی رەنجیان هەبوو. هاوڕێیەتیم دروستکرد. رەنج هاوڕێی دروستکرد، لەگەڵ منداڵە هاوتەمەنەکانی خۆیدا. کە ئەتوانم بڵێم هەندێکیان جیگەی خزمیان بۆ گرتبووینەوە، زۆر کات بە دەنگ یەکترەوە ئەچووین، یارمەتیی یەکترمان ئەدا بە پێی توانا. منو رێبوار وردە وردە کێشەکانمان زیادی کرد. رێبوار وای لێ هات دەنگی بە سەرماندا بەرز ئەکردەوە. بەبێ هۆ شەڕی دروست ئەکرد. هەستم ئەکرد ئەیەوێت من لە ژیانی بچمە دەرێ. بەڵام بە جۆرێك بە رەزامەندی خۆم بێت. شەڕو هاوار لە ماڵی ئێمە بەردوام بوو. هەندێك لە کەسوکارم تێگەیاند، تەنانەت

برای گەورەی هەردووکمان کەوتنە نێوان کێشەکانمانەوە بەڵام هیچیان بۆ چارەسەر نەکرا. ئەو کاتە کەس نەیزانی رێبوار چی ئەوێت؟ بۆ وا لەمن بێزارە؟! هەر چەند پرسیارم لێ ئەکرد:

ــ چیتە؟ بۆ وا ئەکەیت؟ رێبوار گیان خۆ ئێمە یەکترمان خۆشویست. چی بووە؟ نارێکی من چییە؟ خراپم؟ ناشرین بووم؟

ئەیوت:

ــ نەء تۆ هەرگیز خراپ نیت. زۆریش جوانیت. بەڵام ئەگەر ئەم ژیانەت بەدڵ نییە، برۆ جێمهێڵە. ئەگەر ئەتەوێت جیابیتەوە برۆ جیا بەرەوە! من رێگر نیم.

من لەو وەڵامانەی رێبوار زۆر سەرم سوڕمابوو! ئەموت:

ــ نا رێبوار گیان بە خوا من قەت جێت ناهێڵم. تۆ پێش ئەوەی مێرم بیت، خۆشەویستم بوویت. ئێستاش هەر خۆشەویستمیت باوکی جگەرگۆشەکەمیت. توخوا قەت وا مەڵێ. من تۆم خۆش ئەوێت. ئێستاش لە دڵمایت.

رێبوار زۆر جار بێدەنگ ئەبوو. هیچ وەڵامێکی بۆ قسەکانم نەبوو. بەڵام هەموو کات هەر تووڕەو بێ ورە بوو. لەگەڵ ئەو هەموو شەڕە بێ هۆیانەی، کە رێبوار دروستی ئەکردن، دوای کاتێکی کەم خۆم ئەچووم ئاشتم ئەکردەوە. نازانم، من تائاستێکی زۆر رێبوارم خۆشئەویست. بڕوام ئەکرد رێبواریش هەر بە هەمان شێوە منی خۆشبوێت. هەموو جار بە خۆمم ئەوت:

ــ ئینجا چییە. ژنو مێرد هەر شەڕیان ئەبێت.

خۆشەویستیم بۆ رێبوار بە جۆرێك بوو، کە زۆرینەی کێشەکانمانم ئەگێڕایەوە بۆ خۆم. هەموو جار خۆم بە گوناهبار ئەزانی. هەر چەندە

هەمووی ئەو دەستپێشخەر بوو. بەڵام خۆشەویستیم بۆ ئەو وای لێئەکردم هەموو جارێك بۆ کێشەکانمان پاساوی جۆراوجۆری بۆ بهێنمەوە. رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکانمان زیـادی ئەکرد، دووری نیوانمان فراوانتر ئەبوو. بەڵام من خۆشەویستیم بۆ رێبوار کەمی نەدەکرد. چاوەڕێم ئەکرد بە خۆیدا بچێتەوە. جارێکی‌تر هەست بە خۆشەویستیەکەم بکات. هەموو جۆرە رێگایەکم ئەگرتە بەر، تەنها بۆ ئەوەی دڵخۆشی بکەم‌و ژیـانی خێزانیمان بەردەوام بێت. نەڕووخێت. من‌وام دانابوو هەتا هەتایە دڵم لە خۆشەویستیی رێبوار نەوەستێت. دڵسۆزیم، خۆشیم هەر، بۆ رێبوار بێت. رێبوار هەموو کەسم بێت. بەڵام تۆزە تۆزە ژیـانمان بەرەو دواوە ئەڕۆیشت. رێبوار منی وەکو یەکێك لە تابلۆ جوانەکانی ماڵەکەمان سەیر ئەکرد، هۆش‌و هەستی بۆ من نەمابوو، تەنها کاتێك قسەو پێکەنینی لەگەڵ ئەکردم، کە کەسوکارەکەی میوانمان ئەبوون. ئەوەش بۆ ئەوەی تاکو ئەوان لە بارودۆخی ژیانمان تێنەگەن. من زۆر جار حەزم ئەکرد کەسوکارەکەی رێبوار سەردانمان بکەن، تاکو رێبواریش بە بۆنەی ئەوانەوە تۆزێك کات لەگەڵ من‌و رەنج بەسەر بەرێت. بەڵام هەر، کە ئەوان ئەڕۆیشتن، ئەویش وەکو خۆی لێئەهاتەوە، وشەیەکی خۆشم لێ نەدەبیست. کاتێکیش ئەیدوانم، بە شەڕەوە پرسیاری ئەکرد. ئەمانە وایان لە من کرد، کە هەستێکی زۆر سەیرم لا دروست بێت. ئەویش هەندێك جار هەستم ئەکرد لە دوای ئەم هەموو هەڵسوکەوتە نا ئاساییانەی رێبوارەوە شتێکی ترسناك هەیە! هەوڵم ئەدا بیری لێ نەکەمەوە. زۆر جار ئەهاتە سەر زمانم پرسیاری لێبکەم، بەڵام هەر زوو پەشیمان ئەبوومەوە. بە خۆمم ئەوت:

ــ نابێت! شتی وا نابیت. بۆ من لەچیم کەمە؟ خۆ رێبوار بۆم شێت

بوو تاکوو شووم پێکرد. ئەگەر مەسەلەکە جوانی بێت کاتی خۆی من لە هەموو کچە هاوڕێکانی خۆمو ئەویش جوانتر بووم. بە قسەی خۆی من یەکەم جوان بووم، لەژیانیدا کەچاوی بینیبێتی. ئەگەر مەسەلە کارامەیی وسەلیقەبێت، لە هەموو ئیشی ماڵ ئەزانم، سەرلە هەموو شتێك دەرئەکەم. ئەگەر مەسەلەکەش ڕۆشنبیری وپلەی خوێندن بێت، من زۆر لەو تێگەیشتوترم، هەر وەکو خۆی خوێندنیشم تەواو کردووە. من هیچ شتێکم لەو کەمتر نییە. لە هەمووشی گرنگتر، ئێمە چەندساڵ عاشقی یەکتر بووین. هەردووکمان ئاواتەخوازی یەکتر بووین. خەومان ئەبینی کە هەردووکمان لە ماڵێکی خنجیلەدا کۆبینەوە، تادواهەناسەی ژیانمان عاشقی یەکتر بین، کاتێکیش کە مناڵمان بوو ناویان بنێن (ڕەنج و ڕەنوو.) ئەی ئێستا چی بوو؟ چی گۆڕا؟ من هەر، ئەو ڕۆشنامم. من هەر، ئەو عاشقەم کەشێتی ڕێبوار بووم.

لەگەڵ ئەو هەموو پرسیارانەدا هەر چەند وردبینیم لە کردارو هەڵسوکەوتەکانی ڕێبواردا ئەکرد، تەنها ئەیانگەیاندمە یەك وەڵام، ئەویش ئافرەتێکی‌ترە.! تەنها ئافرەتێکی کەیە، کە ڕێبواری لە من دوورخستۆتەوە بە جۆرێك چاویشی من نابینێت! بەڵام هەموو جارێك خۆم لەو خەیاڵە ناهەموارە گێل ئەکرد، سەرم بەتوندی ڕائەوەشاند ئەموت، نەخێر شتی وانییەو نابێت.. هەندێك جارێش لەبەر خۆمەوە ئەموت جائەگەر واشبێت لەوانەیە خۆی هەست بەخۆی بکات، خۆی پەشیمان بێتەوە. هیواخواز بووم ڕێبوار زیاتر یادی ڕۆژانی خۆشەویستیمان بکاتەوە ئاگادار بێت لەوەی کە ئەوکردارەی ئەو نزیکە کۆڵەکەی ماڵەکەمانو ژیانمان دادەڕوخێنێ. بەڵام وردە وردە نائومێد بووم. حەزم نەکرد لەوە زیــاتر خۆم هەڵبخەڵەتێنم.

چونکە زانیم خۆشەویستیی ڕێبوار بۆمن، بوونی نەماوە. لەوە ئەچێت دڵی کەسێکی‌تری تێدا بێت. هەرچەندە ئەوە لای من کارێکی زۆر مەحاڵ بوو!. بەڵام وەکو باش لەکێشەکە قوڵ ئەبومەوە، ئەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ڕێبوار هەوڵ ئەدات من خۆم ئەو ڕاستییە بزانم. تاکو من هەر خۆم دەست بەرداری بم. چونکە چاك ئەیزانی لای من هیچ شتێك نییە لە بەرامبەر شکۆمدا تەرازوو بێت. لەگەڵ ئەو هەموو نارێکیانەی ڕێبواردا من هێشتا دەستبەرداری نەبووم ئەمویست ڕێگەیەك بدۆزمەوە تاکو بۆ جارێکی‌تر هەستم پێبکات. بڕیارم دا، ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت، خۆمی لێ دوور بخەمەوە، یان پشتگوێی بخەم. هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی هەست بە دووریم بکات، ئەوسا ئەو بۆ من بگەڕێت. وازم هێنا لە هەموو شت، لەوەی پرسیاری لێ بکەم:

ــ کەی لە ئیش ئەگەڕێیتەوە؟ حەزت بە خواردنی چییە؟ پێویستت بە چییە بۆت بهێنم؟ کەی ئەخەویت؟ چیت ئەوێت؟ چیت ناوێت؟

هەزار پرسیاری‌تر، کە تەنها مەبەستم ئەوە بوو ڕێبوار بزانێت من هێشتا ئەوم خۆش ئەوێت. هەوڵم ئەدا لێم تێبگات، حەزم ئەکرد بزانێت ژن بەو ئاسانییە دەستبەرداری خۆشەویستەکەی نابێت، ژن کاتێك خۆشەویستی کرد، گیانو دڵو هەموو توانای پێشکەش بە دڵدارەکەی ئەکات. کاتێکیش هاوسەرو باوکی منداڵێتی، هەموو ژیانی پێشکەش ئەکات. حەزم ئەکرد ڕێبوار لەو ڕاستییانە تێبگات پێش ئەوەی ناچارم بکات ماڵئاوایی لێ بکەم. ئەو کاتەشم کە ئەوپەڕی تووڕەییم بوو، هێشتا ئامادە بووم بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی. چونکە؛ تا ئەو کاتەش من ڕێبوارم خۆشئەویست. بەڵام وەکو ئەڵێن:

ـ «گوێپێدان بێداواکردن جوانترە، هەروەها خۆشەویستیش بێ دوودڵی خۆشترە» زۆر جاریش بۆ چەند رۆژێك بێدەنگ ئەبووم هیچم نەئەوت بە بڕوای خۆم لەوانەیە لە بێدەنگیەکەم تێبگات، یان بیر بکاتەوە بۆ بێدەنگم. بەهیوابووم رۆژێك پرسیارێکم لێبکات. بەڵام بۆم دەرکەوت ئەو کەسەی لە قسەکانت تێنەگات، هەرگیز لە بێدەنگییەکەشت تێناگات.

# ٩

پاش ماوەیەك بیرم كـردەوە هاوڕێ كۆنەكانم بدۆزمەوە. ئەو هاوڕێیانەی كە وەك خوشكو كەسی یەك بووین، لە كاتی خەمو ناخۆشیدا پشتو پەنای یەكتر بووین، مرۆڤ كاتێك نائومێد ئەبێت لە كەسە نزیكەكانی خۆیەوە هەوڵ ئەدات ئەو جێگایە بە كەسێكیترو خۆشەویستێكیتر پڕ بكاتەوە، وابزانم منیش هۆی سەرەكیم بۆ گەڕاندن بەدوای هاوڕێكانمدا جگە لە بیركردنیان هەر ئەو هۆیە بوو.. كاتێك، كە لە شار بووم، هاوڕێم زۆر بوو، هیچ كاتێك من هاوڕێكانم لەیاد نەكردبوو، زۆرمان یەكتر خۆش ئەویست، هەندێكیان هاوڕێی كاتی منداڵیم بوون، هەندێكیان نەك تەنها هاوڕێی قوتابخانە بوون، بەڵكو دراوسێشمان بوون هەر لە منداڵیەوە یەكترمان ئەناسیو بەیەكەوە پەروەردەكرابووین وەكو خوشكێكی دڵسۆزی یەكتر وابووین. بەڵام ئەو كاتەی هاوسەرگیریم لەگەڵ رێبوار كرد، ئیتر پەیوەندیم بە تەواوی بە هەموو هاوڕێكانمەوە پچڕا. هەر نەمزانی كەوتنە كوێوە چییان بەسەرهات!؟ كاتێكیش شارمان بەجێهێشت بە تەواوی دووركەوتمەوە. هەركاتێكیش بۆ شار ئەگەڕامەوە وا ڕێ ئەكەوت كەسیان نەبینم، لەبەر هەر هۆیەك بوبێت. هەركەس بەجۆرێك سەرقاڵی ژیـانی خۆی بوو.

بۆیە بڕیـارم دا، بۆ دۆزینەوەیان ئەبێت رێگای تازە بگرمە بەر. ئەوەش تەنها ئینترنێت بوو. بە تایبەت فەیسبوك، چونكە من هەر ئەوەم هەبوو. رۆژێكم دەستنیشان كردو بڕیـارمدا، كە دەبێت بە زووترین كات هەر هیچ نەبێت، چەند كەسێكیان بدۆزمەوە.

خۆم ئەمزانی، کە هەندێکیـــان هێشتا لە کوردوستان دەژیـــان. بەڵام، هەندێکیشیـــان لە هەندەران بوون. زۆر بە راستی بەدوای هاوڕێکانمدا دەستم بە گەڕان کرد. هەندێك جار زۆر بێ هیوا ئەبوم ئەگەر بتوانم بیاندۆزمەوە. چونکە؛ لەوبڕوایەدا بووم بە ناوی جیاواز خۆیان ناساندبێت.! بەڵام هەروەکو خۆم، کە مرۆڤێکی بە تواناو کۆڵ نەدەرم وازم لە گەڕاندن بە دوایـــانا نەهێنا. تاکو رۆژێکیان لە شوێنی کارەکەم پشووم وەرگرتبوو. خۆم لەماڵەوە تەنها بووم. رەنج لە قوتابخانە بوو. هێشتا زۆری مابوو بگەڕێتەوە. منیش هەندێك جار، کە بە تەنیا ئەبووم، فەیسبوکەکەم ئەکردەوە، چێژێکی تەواوم لە نووسینو هۆنراوەی ئەوکەسانە دەبینی، کە رۆژانە بڵاویان ئەکردەوە، لە هەمان کاتدا کەڵکێکی تەواوم لە ئامۆژگاری و بەسەرهاتی خەڵك وەردەگرت. بۆ من هەندێك جار وەك میوانداریەك وابوو، کە تیادا ئاشنا بە خەڵکی تازە ئەبووم. من ئەمزانی بەکارهێنانی ئنترنێت ئەگەر بە رێگای فەیسبووك بێت، یان ئنستاگرام، یان هەرچی شێوەیەکی‌تر، لەگەڵ زۆری کەڵکی بۆ ژیانی رۆژانەمان، بە هەمان شێوە زیانی زۆریشی هەیە. کە پێویستی دەکرد زۆر وریایانە بەکاری بهێنم، بەردەوام خۆم دوور ئەختەوە لە پەسەند کردنی ئەو کەسانەی، کە لای من نەناسراو بوون. زۆرم لە بارەی کێشەی جۆراوجۆر بیستبوو، کە خەڵك بە دەستییەوە دەیاناڵاند. زۆر بە وریایی لە پرۆفایلی ئەو کەسانەم ئەکۆڵییەوە، کە داوای هاوڕێیەتییان ئەکرد. هەوڵم ئەدا زۆر شارەزایانە ئنترنێت بەکاری بهێنم. هەرچەندە من خۆم هیچ ئەزموونێکی خراپم نەبوو، لەبەر ئەوەی من کاتێکی کەم ئنترنێتم بەکار ئەهێنا. بە هەر حاڵ لەو کاتەدا یەکێك لە هاوڕێکانی سەردەمی

سەرەتایی، کە بەیەکەوە قوتابی بووین منی دۆزیەوە. زۆری پێ خۆش بوو کە وا منیش ناسیمەوە چونکە کاتێکی زۆر تیپەڕی بوو، کە هیچ هەواڵێکی یەکترمان نەدەزانی. زۆر سەیر بوو بەلامەوە، کە لە هەمان کاتدا چەند کەسانێکی تریش داوای هاوڕێیەتییان لی ئەکردم.

من رۆژانە زیاتر لە هەشت کاتژمێر کارم ئەکرد. هەر ئەوەندەی، کە ئەگەیشتمە ماڵەوە، بێ ئەوەی هیچ پشوویەك بدەم، خێرا بۆ ژووری چیشتخانەکە ئەڕۆیشتمو دەستم بە خواردن دروستکردن بۆ ئێوارە بۆ خۆمو بۆ تاقانەکەم دەکرد.

چەند ساڵیك ئەبوو، کە منو ریبوار لەیەکتر جودا ببوینەوە. هەر لەوکاتەوە بڕیارم دابوو، کە جارێکیتر خۆم تووشی ژیانی هاوسەرگیری نەکەمەوە. بۆ خۆم بەو جۆرە بژیم لەگەڵ کوڕەکەم کە، خۆم پێم خۆشە، بە سەربەستی، بە بێ کێشەو بێ سەرئێشە، دوور لە خۆبەستنەوە بە پیاوێکیترەوە.

من ئەوەندە رێبوارم خۆشەویست، لە خۆم زیاتر. هەموو داواکاریەکانی بێ پرسیارکردن بۆی جێ بەجێ دەکرا. قسە قسەی خۆی بوو. هەرچی ئەو حەزی پێبکردایە ئەبوایە بێ دوودڵی بەجێهێنرایە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند جار چاوپۆشیم لە هەڵەکانی ئەکرد، دوای ئەوەی چەند جار قسە تاڵو ترشەکانی دڵیان وێران ئەکردم. دوای ئەوەی شەو تا بەیان چاوەڕێم ئەکرد، دوای ئەوەی چەند جار شکۆی ئەشکاندم. من لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەدا هێشتا هەڵگری هەموو خەمەکانی بووم. هێشتا خۆشمئەویست. کەچی زۆر بە ئاسانی جیابووینەوە!. ئەوکاتە زانیم جیابوونەوە

لای ڕێبوار زۆر ئاسایی بوو. وەکو ئەوە بوو بڕوای نەکردبێت. هەربۆیەش من لەوکاتەوە بڕوام بە وشەی خۆشەویستی نەما!. ئەو وشەیە بەجۆرێکی تر لای من دروست بوو، ئەو وشەیە گومانێکی گەورەی لادروست کردم کە بوونی هەبێت؟ یاخود ئێمە بەهەڵە لیی تێگەیشتوین. ئەویش بووبە (ویستی!) من نەمزانی چۆن ڕێبوار توانی بەو جۆرە من فەرامۆش بکات!؟ چەند لام سەیر بوو، کاتێك پیاوێك ئەوەندەی خۆشدەوێیت خەریکە بۆت دەمرێت، نازانیت چیت بۆ بکات!. ئەی چۆن هەر ئەو پیاوە لەپڕ حەز ناکات تەنانەت ناویشت بێنێت! هەر ئەو پیاوە حەزناکات گوێی لەدەنگیشت بێت! زۆر سەیر بوو ئەوکاتەی کە جیابووینەوە ڕێبوار لەگەڵ هاوڕێکانی ئاهەنگی دەگێڕا هەر وەکو ئەوەی شەڕێکی گەورەی بردبێتەوە.! چەند سەیر بوو! هەر ئەو پیاوە پێش چەند ساڵێك باوەشی توندی پیادەکردم ئەیچرپان بەگوێچکەکانمدا دەیگووت:

ـ ڕۆشناگیان تۆ یەکەم کەسێك بوویت وشەی خۆشەویستیت داهێنا. تۆ گیانی پڕلە ئاسودەیی و هیوای ژیانت کردە بەرم. ئەیوت، ڕۆشناگیان بڕوابکە خوام بۆیە خۆشئەوێت چونکە تۆی دروست کرد. ئەیوت، ڕۆشناگیان ئەگەر بەهەشت ڕاستی بێت، من لەئێستاوە تیایدا دەەژیم، بەهەشتی من تۆی. ئای چەند سەیر بوو!. هەرئەو خۆشەویستیە ئەوساتانە گڕی لە ناو دڵو هەناوم بەرئەدا، هەناسەم توند ئەبوو، لە وشەکانی ئەتاسام، دڵم وەکو باڵندەیەك ئەفڕی گەر نەمگرتایە لە سنگم دەرئەپەڕیو ئەڕۆی، بە جۆرێك باسی خۆشەویستی بۆ ئەکردم لە باوەشیدا ئەتوامەوە، وامئەزانی لەگەڵ هەناسەکانیدا ئەچمە ناو

سییەکانییەوەو تێکەڵ بەخوێنی ئەبم. ئای لەو کاتانە! هەموو جار بە جۆرێك باوەشی پیادا ئەکردم تاکو گوێم لە ترپەی دڵی بێت، ئەوسا ئەیوت:

ـ رۆشناگیان گوێ بگرە، گوێ بگرە ئەها.. بزانە دڵم چیت پێ ئەڵێ. رۆشنا.. گوێت لێیە؟ ئەها هەر ئەڵێت، رۆشنا... رۆشنا... تۆ لێرەدا هەڵکەنراویت. تۆ لێرەدا چێنراویت. ئەمە تەنها جێگەی تۆیە. تۆ ئەو کەسەی، کە تامردن لەم جێیەدایت، ژیانی من بێ تۆ نابێت، جیهانی من بێ تۆ ونە، رۆشنامن بۆ تۆ ئەژیم. توخوا هەرگیز وازم لێ مەهێنە. هەرگیز بەجێم مەهێڵە.

ئەوسا، کە گوێم لەو قسانەی ئەبوو، ئەوەندەی‌تر عاشقی ئەبوومو خۆم ئەکرد بە قوربانی.

بەلام جیابووینەوە!. ماوەیەکی دوورودرێژ بە بیرکردنەوەی خەمو پەژارەیەکی لە بن نەهاتوو رۆژەکانی ژیانم بەرێ ئەکرد، خەریك بووم بەرەو لێژایی ون بوون ملی رێگام ئەگرت، رۆژ لە دوای رۆژ خەمەکانم زیاتر لا قورس دەبوون، بیرکردنەوەم لە تەنهایی ژیانی بیکەسیو نامۆیی بە جارێك ئەیان تۆقاندم، وزەیان لێ ئەبڕیم، تەنها خۆشی من، کە بۆی ئەژیام بە بەردەوامی ئاواتو هیوایان پێ ئەبەخشم تەنها رەنج بوو.

## ١٠

چەند مانگێك بوو وازم لە ئیشی قاوەخانەکە هێنا بوو، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئوم رەبیع رۆژ بە رۆژ ئیشەکانی لە سەرم زیاد ئەکرد، کاتەکانیشی بۆ درێژ ئەکردمەوە، ناچار بووم ئەوئیشە بەجێبهێڵم. بەڵام هەر، ئەوکاتە من ئیشێکی‌ترم دۆزیەوە، لە هەمان کاتدا دەستم بەخوێندنی زمانی ئنگلیزی کرد، تاکو بتوانم ئیشی باشتر بدۆزمەوە.

ئەو رۆژە بێ هیوا لەخۆشی ژیان هەروەك هەموو رۆژەکانی‌تری کە بەڕێم دەکردن، فەیسبوکەکەم کردەوە بینیم چەند کەسێك داوای هاوڕێیەتیـــان کردبوو. منیش پێش ئەوەی بە هاوڕێ پەسەندیان بکەم. سەیری پرۆفایەلەکەیانم ئەکرد. ئەگەر بم ناسینایە ئەوا پەسەندم ئەکردن. هەر، بەو شێوەیە دوو کەسم پەسەند کرد. کاتێك لە یەکێکیانەوە نامەم وەرگرت، بۆم دەرکەوت کە ئەوکەسە ناسیاوە، بۆرە خزمایەتییەکیشمان هەیە. ئەمەش زۆر دڵی خۆش کردم. ئەوی‌تریشیان لە هەمان کاتدا نامەی بۆ دەنارم پرسیـــاری دەکرد، ئەگەر من خەڵکی شاری سلیمانیم، یان هەولیر؟ وا دیـــار بوو منی نەدەناسی. بەڵام حەزی بە ناسینم دەکرد. پێم گووت:

ــ من خەڵکی سلیمانیم. ئەویش وا دەرکەوت خەڵکی سلیمانی بوو. بەڵام لە هەولێر نیشتەجێ بوو. بە هەر حاڵ لە سەر فەیسبوکەکەم لام برد، چونکە قسەکانیم بە دڵ نەبوو. لەو کاتەدا رەنجی کوڕم لە قوتابخانە گەڕایەوە وا دیار بوو زۆری برسی بوو. هەر، کە خۆی بە ژوورەوەدا کرد، داوای خواردنی کرد. (لەم کاتەدا کوڕەکەم تەمەنی

دوانزە ساڵە) لە پۆلی حەوتە. بەرویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنەوەم لێکرد وتم:

ـ رەنج گیان برسیتە؟ ئیستا خواردنت ئەوێت یان هێشتا زووە؟ رەنج هاتە پیشەوە بە سەرسوڕمانێکەوە. وتی:

ـ دایکە ئەمڕۆ تۆ لەماڵەوە بوویت؟

پێکەنیم وتم:

ـ کوڕم ماوەیەکی زۆرە پشووم وەرنەگرتووە. هەست ئەکەم هیلاکم. حەزم کرد ئەمڕۆ لە ماڵەوە بم.

رەنج پێکەنی. وتی:

ـ دایکە گیان، ئەزانم تۆ زۆر ئیش ئەکەیت، بۆ تۆزێك لەگەڵ هاوڕێکانت ناچیتە دەرەوە خۆ من گەورە بووم، ئێستا بە تەنها ئەتوانم لە ماڵەوە بمێنمەوە. بە دەم رۆیشتنمەوە بۆ موبەقەکە وتم:

ـ کوڕم حەز ئەکەم یەك شت بزانیت، ئەویش ئەوەیە؛ مناڵ لەبەر چاوی دایکی هەرگیز گەورە نابێت، ئەگەر گەورەش بێت دایك حەز ئەکات هەرخۆی ئاگاداری بێت، من چۆن دڵم ئەهێنێ تۆ لە ماڵەوە بەتەنها بەجێبهێڵم. خۆشیو سەیرانو گەڕانی من هەر تۆی رەنجە گیان، من بێتاقەت نیم. رەنج بەدەم قسەکردنەوە دوام کەوت بۆ موبەقەکە وتی:

ـ ئەزانم تۆ چەند گوێ بە من ئەدەیت. بەڵام خۆ تۆش پێویستیت بە هاوڕێیەکە. بە پێکەنینێکەوە ئاوڕێکم لێی دایەوە. وتم:

ـ رەنجە گیان، وادیارە تۆ راست ئەکەیت. گەورە بوویت. ئێستا تۆ واز لەوقسانە بێنە، پێم بڵێ ئەمڕۆ حەزت لەچیە بیخۆێت؟ رەنجە

دەستێکی بۆ سەری برد، تۆزێك سەری خوراند، ئینجا لووتێکی هەڵقرچاند. وتی:

ــ نازانم! بۆچی ئەمڕۆبرسیمەو برسیشم نییە!؟ لە مەکتەبیش نانم نەخوارد!

وتم:

ــ بۆ ڕەنجە گیان؟ ئەترسم نەخۆش بیت؟

خێرا دەستێکم لە ناوچەوانی دا. وتم:

ــ نا.. شوکور گەرم نیت. ئەی بۆ برسیت نییە؟!

وتی:

ــ نازانم. بەڵام خۆ تۆ برسیتە، شتێك دروست بکە، منیش لەوانەیە دوایی شتێکت لەگەڵ بخۆم.

سەیرێکم کرد. بە زەردەخەنەیەکەوە وتم:

ــ ئەی چۆنە ئەگەر بڕۆین لە دەرەوە نان بخۆین؟ ئەزانم حەزیش ئەکەیت.

هەردووکمان پێکەنین. ڕەنج تۆزێك هاتە پێشەوە. وتی:

ــ دایکە بە ڕاستە؟ بڕۆین لە دەرەوە نان بخۆین؟

وتم:

ــ بەڵێ بە ڕاستمە. هەر ئێستا جلێکی دەرەوە لەبەر ئەکەمو ئەڕۆین.

زوو خۆم ئامادە کرد. ڕۆیشتین بەرەو ئەو ریستورانتەی کە بەرامبەر شوقەکەی خۆمان بوو. چەند هەنگاوێکی کەم لە قاوەخانەکەی ئۆم ڕەبیعەوە دوور بوو. هەر لەو کاتەدا هێشتا لە سەر شەقامەکە

راوەستابووین، چاوەڕێمان ئەکرد گڵۆپی پەڕینەوەکە سەوز بێت. دەستی ڕەنجم گرتبوو. ڕەنج لە پڕێکدا سەری هەڵبڕی. وتی:

ــ ئا.. دایکە خۆ خەریکم بیرم ئەچێتەوە!

منیش بە سەرسوڕمانێکەوە وتم:

ــ کوڕم چیت بیر ئەچێتەوە؟

پێکەنی وتی:

ــ دایکە؟ بەیانی مەڕۆ بۆ ئیش. چونکە مامۆستای بیرکاریم داوای بینینی تۆ ئەکات.

لەو کاتەدا هەردووکمان لە شەقامەکە ئەپەڕینەوە. چەند هەنگاوێک ڕۆیشتین، خۆمان بە ناو ڕێستورانتەکەدا کرد. خۆشبەختانە ئەو کاتە شوێنەکە زۆر جەنجاڵ نەبوو. چونکە هێشتا بۆ ئەورپییەکان زوو بوو. بەڵام ئێمە زوو ڕۆیشتین ویستمان پێش ئەوەی خەڵک دابارێت بە ئیسراحەتی خۆمان نانی خۆمان بخۆین.

# ١١

هەر چەند بڕۆیشتینایەتە ئەو ریستورانتە ئێمە لە شوێنێکی قوژبن‌و لە پاڵ پەنجەرەیەکی گەورە، کە ئەیڕوانی بە سەر جادەکەدا دائەنیشتین. رەنج بە خۆشترین جێگای ئەزانی. هەر، کە چوینە ژورەوە رەنج خیرا چاوی بە قوژبنەکە کەوت هەنگاوەکانی خێراتر کرد بەدەم قسەکردنەوە بەرەو سووچەکە رۆیشت. بە دڵخۆشییەکەوە ئاوڕێکی لێدامەوە وتی:

ــ دایکە.. سەیرکە.. جێگاکەمان بەتاڵە. ئۆخەی کەسی لێدانەنیشتوە، بە خێرایی کورسییەکەی راکێشاو دانیشت. منیش بەدەم پێکەنینێکەوە وتم، جا ئەگەر ئەم شوێنەش بگیرایە خۆ شوێنی‌تر زۆرە، ئنجا بەرامبەر بە رەنج کورسییەکەم راکێشاو دانیشتم. سەیرێکی دەورو پشتی خۆمانم کرد، چەند کەسێکی لێ‌بوو. سەیرێکی رەنجم کرد. وتم:

ــ رەنج سەیرکە چەند هەتاوێکی خۆش لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە! ئەم جۆرە رۆژانە پێویست ئەکات زیاتر بێینە دەرەوە تاکو زیاتر هەتاو لێمان بدات. ئەو رۆژە کەژو هەوا لە رۆژانی‌تر خۆشتر بوو. بەڵام رەنج هیچ وەڵامی نەبوو، هەر وەك منالێك لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی ئەکرد، جار جارێکیش سەیرێکی ئەکردم. دوایی زانیم رەنج چاوەڕێی وەڵامی منی دەکرد. دوای ئەوەی کچە وایتەرەکە هاتە بەردەممان‌و مێنوەکەی بۆ هێناین ئێمەش هەر وەکو جارانی پێشو هەمان خواردنمان داوا کرد، پاستا بە مریشك لەگەڵ دوو قاپ زەڵاتە، دوو کۆکا کۆلا هەردووکمان یەك جۆرخواردنمان داوا کرد. لە پڕێکدا قسەکەی رەنجم هاتەوە یاد. وتم:

ـ ڕەنج؟ مامۆستاکەت بۆ داوای بینینی من ئەکات!؟ بۆکوڕم چیت کردوە؟ ئەترسم لە قوتابخانە کێشەت هەبێت. یان لە وانەکانتا! ڕەنج خێرا وتی:

ـ نا دایکە.. مەترسە، هیچ کێشەم نییە. بەڵام ئەمڕۆ لە کلاسی ماتماتیکدا ئەو نامەیەی دایە دەستم، وتی، بیدە بە دەست دایکت.

وتم :

ـ کوا نامە؟ هێناوتە؟ پێتە؟

ڕەنج بە پەلە وەڵامی دامەوە. دەستی بە گیرفانیدا کرد. زەرفێکی بچکۆلەی دەرهێنا. وتی:

ـ بەڵێ.. فەرموو دایکە ئەوەتا.

ڕەنج نامەکەی دایە دەستم. منیش نامەکەم لێ وەرگرت. زۆر بە ترس‌و شپرزەییەوە کردمەوە، بینیم مامۆستاکەی ڕەنج زۆر بە کورتی بێ ئەوەی هیچ هۆیەك روون بکاتەوە، داوای ئەکرد بەیانی یان ڕۆژی دوایی بۆ قوتابخانە بچم بە مەبەستی گفتوگۆ کردن، دووبە دوو تەنها لەگەڵ خۆیدا لە بـــارەی ڕەنج. ئەمەش بۆ چەند ساتێك دوودڵی کردم!. بۆ ماوەیەك بێدەنگ بووم، کەوتمە گێژاوێکی زۆر ترسناکەوە. ئەبێت مەبەست لەم بینینە چی بێت؟ ئاخۆ ڕەنج کێشەو نهێنی چی هەبێت من بێ ئاگا بم؟ تۆ بڵێی لە وانەکانیدا خراپ نەبێت؟ تۆ بڵێی هاوڕێی خراپی هەبێت‌و مامۆستاکەی بیەوێت ئاگادارم بکاتەوە؟ ئەی ئەبێت چی بێت؟ بەڵام دوای ئەوەی، کە چەند پرسیـــارێکم لە ڕەنج کرد لە بـــارەی قوتابخانەو هاوڕێکانی. هەموو وەڵامەکانی بە دڵی من بوو. ڕەنج هیچ کاتێك درۆی لەگەڵ نەکردبووم. بەڵام ئەو نامەیە بۆ ماوەیەك

منی خستە گومانەوە. من بڕوام بە ڕەنج هەبوو ئەمزانی وانەکانی دواناخات لەهەمان کاتدا منالێکی گوێڕایەڵە لە کێشە بە دوورە. بەڵام هەندێك جار مرۆڤ بێ مەبەست دووچاری هەندێك کێشە ئەبێتەوە. ئەترسام ڕەنجیش توشی کارێکی لەو جۆرە بووبێت. زۆری پێنەچوو کچە وەیتەرەکە بە دەنگی بە ئاگای هێنامەوە، خواردنەکانی بۆ هێناین‌و پرسیاری لێکردین ئەگەر شتێکی‌تریشمان پێویستە داوای بکەین، سوپاسم کرد، ئەو ڕۆیشت. بەڵام وا دیار بوو ڕەنج بەوردی ئاگاداری من بوو، چونکە من توانای ئەوەم نەبوو بە سەر خۆمدا زاڵ ببم‌و بیر نەکەمەوە، هەر چەند هەوڵم ئەدا کە، بە جۆرێك خۆم پشان بدەم، کە دوودڵ نیم، تاکو ڕەنج بە ئارامی‌و دڵخۆشی خواردنەکەی بخوات. بەڵام لە پڕێکا ڕەنج بە دەنگێکی کەمێك بەرز وتی:

ــ دایکە.. خواردنەکان بۆنیان زۆر خۆشە! من بۆیە هەر حەزم لە خواردنی ئەم شوێنەیە هەمووجار داوات لێئەکەم بێین بۆ ئێرە.

منیش هەر چەندە لە دەنگی ئەو داچڵەکیم، بێئەوەی هیچ خۆم تێکبدەم بە روویەکی خۆشەوە وەڵامم دایەوە. وتم:

ــ ڕاست ئەکەیت، ئاخر منیش بۆیە هەموو جار بە قسەت ئەکەم.

هەردووکمان پێکەنین. هەر چەند زۆرم برسی بوو. بەڵام خەریك بوو جارێکی‌تر خەیاڵم زیاتر بە لای چوونم‌و هۆکاری بانگ کردم بۆ قوتابخانەکەی ڕەنج بەکیشی ئەکردم، هێشا دەستم نەبردبوو بۆ خواردنەکە، دەنگی ڕەنج جارێکی‌تر دایچڵەکاندم. وتی:

ــ دایکە؟ ئەوە چیتە؟! دیسان خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشت؟ ئەزانم.. ئەزانم بیر لە بەیانی ئەکەیتەوە وا نییە؟ توخوا دایکە وا نییە؟ هەر پێئەکەنی.

منیش هەر تەماشام ئەکردو لەگەڵیدا پێئەکەنیم، بەڵام هیچم نەوت. من بێدەنگ بووم. بیرم ئەکردەوە ئەبێت لە قوتابخانە چی روویدابێت؟!
رەنج دیسان وتی:
ــ دایکە ئەوە بۆ هەر سەیرم ئەکەیت؟ دە نانەکەت بخۆ باسارد نەبێتەوە. ئەها تۆ هەموو جارێك بە من ئەڵێیت، کە خواردن دانرا، نابێت خەیاڵت بڕوات، یان قسەی زۆر بکەیت.
منیش دەستم بە پێکەنین کرد. وتم:
ــ ئێ کوڕم راستە وایە. کە خواردن دانرا نابێت قسە بکەیت. نابێت خەیاڵیشت بڕوات. سەیرکە من چۆن بەقسەت ئەکەم..
خێرا دەستم بە نان خواردن کرد. من پێم خۆش نەبوو پرسیاری زۆر لە رەنج بکەم، بەڵام رەنج هەستی بە دوودڵیەکەی من کرد بوو، لە پڕێکدا تەلەفۆنەکەی دەرهێنا. وتی:
ــ دایکە ئەتوانیت ئێستا تەلەفۆن بۆ مامۆستاکەم بکەیت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت، کە من لەگەڵ هیچ کەسێك کێشەیەکم نییە.
بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکم کرد. وتم:
ــ کوڕی خۆم پێویست ناکات، من ئەزانم تۆ لە قوتانخانە چۆنیت. ئەزانم کێشەت نییە. بەڵام هەر کەمێك دوودڵم خۆشم نازانم بۆ!
رەنج وتی:
ــ ئێ دە باشە ئیتر نانەکەت بخۆ، بەخوا نازانم مامۆستاکەم تۆی بۆ چییە! چونکە هیچی پێ نەوتووم.

# ١٢

من ڕەنجم وافێر کرد بوو، کە ڕاستگۆ بێت. چونکە ڕاستگۆیی لە هەموو کێشەیەك دوورت ئەخاتەوە. خەتیکی ڕاست بە ئاسانترین شێوە دوو جەمسەر بە یەك ئەگەیەنیت، بەڵام خەتێکی پێچاو پێچ زۆری ئەوێت تاکو ئەو دوو جەمسەرە بە یەك ئەگەیەنیت. من ڕەنجم بەمجۆرە فێر کردبوو؛ ئێمە هەرچەندە دایك وکوڕین بەڵام لەبەر ئەوەی هەردووکمان تەنهاین، لە وڵاتێکا ئەژین کە وڵاتی خۆمان نییە، لە هەموو کەس وکاریش دوورین. کەواتە پێویست ئەکات وەکو دووهاوڕێ بین. هەرجۆرە کێشەیەك هاتە ڕێگەت، پێویست ئەکات تەنها لای من، لەگەڵ من، باسی بکەیت. هەرچەنێك کێشەکەت گەورەبێت، ئێمە پێکەوە وەکو دووهـاوڕێ چارەسەری ئەکەین. ڕەنج زۆر بڕوای بەوە هەبوو کە من تەنها کەسێکم لەژیانیدا لەخۆم خۆشترم ئەوێت. ڕەنج بە ئەندازەیەکی زۆر بڕوای بە تواناو دڵسۆزی من هەبوو. لەوەتەی ڕەنج باوکی لێ دووربوو هەموو خاڵەکانی بەهێزی لەمندا ئەبینی، هەربۆیەش هیچ شتێکی لێنەدەشاردمەوە. لەبەر ئەو هۆیە لەو نامەیەی مامۆستاکەی زۆر سەرسام بووم، هەستم ئەکرد شتێك هەیە کە ڕەنج بۆ یەکەمجارە لەگەڵ من باسی نەکردوە!. ئەبێت ئەوشتە چیبێت!؟ لەگەڵ ئەو هەموو نزیکیەی منو ڕەنج هێشتا هەستم ئەکرد ڕەنج کێشەیەکی تری هەیە من ئاگادار نیم! بەهەرحاڵ نەمزانی چۆن ئەو نانەم خوارد.

ڕەنج بە درێژایی ژیانی قوتابخانەی منداڵێکی بێ کێشەبوو، بەڵام هەستم ئەکرد ڕەنج ئیتر منداڵ نییە، خەریکە بەرەو گەورە بوون ئەچێت. تەمەنی هەرزەکاری دەستی پێکردووە. بەیانی هەر، زوو کە لە خەو هەڵسام پەیوەندیم بە شوێنی ئیشەکەمەوە کرد، پێم وتن، ئەمڕۆ ناتوانم بۆ کارکردن ئامادەبم، لەبەر ئەوەی کارێکی کوتوپڕم بۆ دروست بووە، لەوانەیە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك دوا بکەوم.

بەڕێوەبەری ئیشەکەم زۆر بە نابەدڵی وەڵامی دامەوە، چونکە ئەو ڕۆژە ئیشی زۆریـــان بە من هەبوو. جۆری ئیشەکەم یارمەتی دەری بەڕێوەبەر بوو. لەکارگەیەکی جلوبەرگ دروستکردن ئیشم ئەکرد. ئەو کارگەیە هەموو جۆرە جلوبەرگی ژنان، پیاوان، منداڵانی لێ دروست ئەکرا. بەشەکانی زۆرو جیاواز بوون. لەبەر ئەوەی چەند ساڵێك بوو لەوشوێنە ئیشم ئەکرد، هەروەها چەند کۆرسێکی زمانو بازرگانیم خوێندبوو. ماوەیەکی کەم بوو کردبوویانم بە یارمەتی دەری بەڕێوەبەری بەشی جلی منداڵان. زۆربەی جار من نەك تەنها یارمەتی دەری بەرێوەبەرەکەم بووم بەڵکو؛ زۆرینەی کاروباری ئەویشم بەڕێوە ئەبرد. واتا متمانەو بڕوایەکی زۆریان بە من هەبوو. هەروەها بەڕێوەبەرەکەم لە توانای منی رائەبینی. هەر چەند خۆی بۆ شوێنێك بڕۆیشتایە، من ئیشەکانی ئەویشم بەڕێوە ئەبرد. بە هەر حاڵ سەرلەبەیانی ئەو رۆژە بە شێوەیەکی گونجاو خۆم رێکخست، بەرەو قوتابخانەکەی ڕەنج بۆ خزمەت مامۆستای بیرکاری، مامۆستا جسیکا رۆیشتم.

# ١٣

هـەر، کە چوومە ژورەوە بەرپرسی ژووری خزمەتگوزاری فەرمووی لێکردم وتی:

ــ بەیانیت باش، چۆن ئەتوانم یارمەتیت بدەم؟ منیش خۆم پێناساند وتم:

ــ بەیانیت باش، من دایکی رەنج خالدم، لە سەر داواکاری مامۆستا جسیکا خۆی، هاوتووم بۆ بینینی. لەو بڕوایەدام ئێستا چاوەڕێم ئەکات. زۆر بەرێزەوە پێشوازی لێکردم وتی:

ــ فەرموو دانیشە، هەر ئێستا پێی رائەگەیەنم کە جەنابتان لێرەن. خێرا دەستی دایە تەلەفۆنەکەی بەردەمی ژمارەی مامۆستا جسیکای لێدا، پێی راگەیاند کە، من لە ژووری چاوەڕوانی چاوەڕێی ئەکەم. دوای چەند خولەکێك مامۆستا جسیکا گەیشت، بە پەرۆشەوە دەستی هێناو سڵاوی لێکردم. وتی:

ــ داوای لێبوردن ئەکەم، چاوەڕێت کردم، لە راستیدا ئەمڕۆ لەم کاتەدا هیچ کلاسێکم نەبوو، بەڵام بۆ ماوەی چارەکێك کلاسی مامۆستای زمانی ئینگلیزیم وەرگرت. لەبەر ئەوەی خۆی بۆ چارەکێك دواکەوت.. وتم:

ــ زۆر ئاساییە. سوپاس بۆ بانگهێشتەکەت. هەر لەو کاتەدا وتی:

ــ فەرموو، با بڕۆین بۆ ژوورەکەی خۆم.

دەرگای ژووری چاوەڕوانی بۆ کردمەوە، منیش پێشی کەوتم بێ ئەوەی بزانم ژوورەکەی ئەو کامەیە! چەند هەنگاوێك رۆیشتین. بە دەستی ئاماژەی بۆ ڕاڕەوێکی دوورو درێژ کرد. وتی:

ـ دووەم ژووره له دەستی راست.

منیش، که گەیشتمه بەردەمی ژوورەکه راوەستام چونکه دەرگای ژوورەکەی داخرابوو. ئەو کاته خۆی دەرگاکەی به کێلونەکه کردەوه ئینجا فەرمووی لێکردم. جارێکیتر ئاماژەی کرد بۆ ئەو کورسیەی بەرامبەر مێزەکەی ئەو دانرا بوو. وتی:

ـ مادام فەرموو دانیشه.

منیش دانیشتم، به خێرایی به ناو ژوورەکەیدا چاوێکم گێڕا، ژوورەکەی زۆر خنجیلەو دڵگیرو جوان بوو. ئەوەی، که زۆر سەرنجی راکێشام ئەو دیواره بوو، که له پشتی مامۆستا جسیکاوه بوو. ئەو دیواره به جۆرێك داپۆشرابوو، که رەنگی هیچ دیار نەبوو، هەمووی وێنەی قوتابیەکانی خۆی بوو. وێنەیەکی گەورەی رەنجیش له ناوەڕاستی هەموو وێنەکانیدا بوو، ئـەوەش دڵی خۆش کردم. جگه لەوەش وێنەی خۆیو پیاوێكو دوو منداڵ، که چەند جارێك دووباره ببووەوه. له زۆربەی سووچی ژوورەکەیدا هەڵواسرابوون وەك ئەوەی بڵێیت خێزانەکەی بێت. لەو کاتەدا چاوم کەوته سەر چەند ئینجانەیەکی بچکۆله لەناو تاقی پەنجەره گەورەکەیدا رازابووەوه به چەند جۆرێك گوڵو گەڵای جوانو سەرنجڕاکێشەر. دۆڵابێکی ئاسنی گـەورەش پاڵی دابـوو به دیوارەکەی که له پشتی منەوه بوو. تەنانەت دەرگای ژوورەکەشی له دیوی ناوەوه داپۆشرابوون به وێنەی ئەو قوتابیانەی، که خەڵاتی سەرکەوتنیان له پێشبڕکێی وەرزشدا پێدرا بوو. ئەوەش زۆر سەرنجی منی راکێشا بۆ ئەوەی، که ئەم مامۆستایه خۆشەویستیەکی زۆری بۆ قوتابیەکانی له دڵ دابێت.

ژوورەکەی مامۆستا جسیکا پڕ بوو لە هەستو خۆشەویستی، پڕ بوو لە ئارامی وبەخشندەیی. هەر، کە دانیشتم هەستم بە شتێکی سەیر کرد، روخساری ئەو مامۆستایە زۆر بە ئاشکرا میهرەبانی پێوەدیار بوو. مامۆستا جسیکا باڵای بەرزو سپی پێست بوو. قژی کاڵو چاوی شین بوو، گۆشتن نەبوو بەڵام رێك بوو. سەرەتا من بێدەنگ بووم چاوەڕێم ئەکرد مامۆستا قسەکردن دەست پێبکات پێمبڵێت، هۆی بانگکردنی من بۆ لای ئەو چییە؟! پێش ئەوەی دابنیشێت دەستی برد چەکمەجەی مێزە گەورەکەی بەردەمی کردەوە، کە رەنگی قاوەییەکی تێر بوو، لە مێزی کاربەدەستی دەسەڵاتدار ئەچوو، ئەو کاتە فایلێکی گەورەی رەنگ سەوزی کاڵی دەرهێنا، خستییە سەر مێزەکە. بە ڕویەکی پڕ لە ئارامی وتی:

ـ دایکی رەنج من زۆر خۆشحاڵ بووم بە هاتنت، هیچ خەمت نەبێت ئێستا لە هەموو شتێك ئاگادارت ئەکەم. ئەم فایلە هەموو تاقیکردنەوەکانی رەنجی تیایە. لەگەڵ هەموو نمرەکانی لە سەرەتای ساڵەوە تاکوو ئەمڕۆ. بەڵام پێش ئەوەی من هیچ شتێك باس بکەم، پێمخۆشە ئەگەر سەرەتا چاوێك بە نمرەکانی رەنج دا بخشێنیت. ئنجا هەرخۆت لە نێوان نمرەکانی سەرەتای ساڵو ئێستادا بەراوردێکیان بکەیت. هەر وەك ئاگاداریت ئێمە ئێستا گەیشتوینەتە ناوەندی ساڵی خوێندنەوە.

ئینجا دەستی راکێشا، منیش فایلەکانم لێوەرگرت. ئەو هێشتا بەردەوام بوو لە قسەکردنیدا. وتی:

ـ ئەمە نمرەکانی رەنجە لە سەرەتای ساڵەوە تاکو ئەمڕۆ. هەموو وانەکانی تیادایە، تەنها ماتماتیك نییە. بێگومان دوای روخسەت

وەرگرتنم لە مامۆستاکانی رەنج هەموویم کۆکردۆتەوە، هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەش ئاگادارە. حەز ئەکەم بەوردی تەماشایەکیان بکەیت!.

هەرچەندە خۆم ئەمزانی کە نمرەکانی رەنج زۆر باشن. بەڵام ئەو منی خستە گومانەوە، بۆیە زۆر بەخێرایی پەڕەکانم هەڵئەدایەوە سەیرم ئەکردن. بەڵام کاتێك کە تێبینیم ئەکردن نمرەکانی سەرەتای ساڵی زۆر باشتر بوون لەوانەی دوایی. بەڵام تا ئەوکاتەش تێنەگەیشبووم مەبەست چیە لەو سەردانە!؟ وا دەرئەکەوت، کە دوودڵیەکی زۆرم پێوە دیــار بێت؛ بۆیە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە مامۆستا پێی وتم:

ـ دایکی رەنج؟ تکایە بە ئارام بە، رەنج لە قوتابیە سەرکەوتو خۆشەویستەکانمە. بێگومان ڕێزیشی زۆر لێ ئەگرم، حەز ئەکەم دەست خۆشیت لی بکەم، لە بەخێوکردنت کە توانیوتە منداڵێکی وەکو رەنج بەو شێوە جوانە پەروەردە بکەیت. هەر چەندە قسەکانی مامۆستا کەمێك دڵنیایان کردمەوە، بەڵام من تائەوکاتەش هێشتا لە ترس لە شتێکی نادیار رزگارم نەدەبوو. لە دڵی خۆمدا ئەم وت:

ـ ئێ باشە، کەواتە کێشەکە لە کوێدایە؟ ئەی بۆچی منت بــانگ کردوە؟! پەڕە پەڕە تەماشای تاقیکردنەوەو نمرەکانی رەنجم ئەکرد، تێبینیم کرد، چەند جارێك نمرەکانی هاتوونەتە خوارەوە، بەڵام من ئاگاداری ئەوانە نەبووم زۆر سەیرم لێهات! هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم رەنج ئەو نمرانەم لێبشارێتەوە هەربۆیە زۆر دڵگران بووم. خەمێکی زۆر سەرتاپامی گرتەوە. هەر، لەو کاتەدا خۆم بە دایکێکی کەمتەرخەم ئەهاتە پێش چاو! ئاخۆ من هۆکاری ئەو شاردنەوەیە بم؟! ئاخۆ رەنج چییتریشی هەیە لە منی ئەشارێتەوە؟ تۆ بڵێی تەنانەت لەلایەن

کوڕەکەی خۆشمەوە هەڵخەڵەتێنرابم؟ ئەمەو زۆر پرسیاریتریش بە ناو مێشکمدا ئەهاتنو ئەڕۆیشتن، بیرکردنەوەم لەو کاتەدا بەرەو شتی زۆر سەیرو خراپ راپێچیان ئەکردم. لە پڕێکدا مامۆستا جسیکا وتی:

ــ دایکی رەنج، حەز ناکەم بەجۆرێکی نارێكو دوودڵی بڕوانیتە باسەکە، من ئێستا هەندێك شتت بۆ روون ئەکەمەوە، تۆش ئەبێت یارمەتیم بدەیت. وەکو بینیت رەنج قوتابیەکی زۆر زیرەکە، من ئەزانم چەند بە توانایە، بەڵام هۆکاری بەرەو دواچونی شتێکە هەست ئەکەم لە ئەستۆی تۆدابێت.! هەر، کە گوێم لەو قسەیە بوو هەستم بەتووڕەبونێکی زۆر کرد. لەو کاتەدا هەڵوێستەیەکم کرد، تۆزێك لێی چوومە پێشەوە. بەڵام ئەو قسەکانی خۆی نەبڕی. وتی:

ــ لێم ببورە کە وا ئەڵێم. بەڵام، تا ئەم ساتە ئەمە بڕوای منە.! ئایا تۆ حەز ئەکەیت کوڕەکەت بەرەو دواوە بڕوات، یان بەرەو پێشەوە؟ ئەی تۆ ناتەوێت کوڕەکەت دوارۆژێکی سەرکەوتوی هەبێت؟ بێگومان هەموو دایکێك حەز بە سەرکەوتنی منالەکانی ئەکات. بەتایبەت ژنێکی وەك تۆ. من لە قسەکانی ئەو زۆر سەرم سوڕما بوو هەستم ئەکرد هەموو قسەیەکی وەکو زلەیەکی تەڕە بە بناگوێما ئەکێشێت.! سەیرم ئەکردو دەمم داچەقا بوو، چونکە رەنج لەژیانی مندا تەنها روناکیەکە کەهۆی مانم بوو. من خۆمو ژیانی خۆم تەرخان کردوە بۆ رەنج، کەواتە چۆن ئەبێت ئەو قسانە بە من بوترێت. لەو کاتەدا ئەوەندە تووڕەو بێئارام بووم هەر ئەوە مابوو هەستمە سەر پێو بە هەموو هێزم هاوار بکەم بڵێم، مامۆستا ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ ئەوە تۆ ئەو قسانە لەگەڵ کێ ئەکەیت؟ کەواتە راستە کە ئەڵێن ئەوەی نەتناسێت نازانێت تۆ کێیت!. من لەوخەیاڵانەدا بووم. ئەوەندە تووڕە

بووم هەرچەند ئەو قسەی ئەکرد من ئاگام لە قسەکانی ئەو نەما. خەیاڵم رۆیشت بۆ وێنەکانی کە لە سەر مێزە جوانەکەی دانرابوو لە دڵی خۆمدا وتم، ئینجا بۆ نا، خۆ ئەو ژیانی خۆشبەختە ئاگاداری ژیانی کەسێکی وەکو من نییە. چوزانێ من کێم‌و چەند بەکوڕەکەمەوە سەرقاڵم، ئەو لە خۆیەوە قسەئەکات وا ئەزانێت منیش وەکو ئەو ئەژیم. چاوم پڕبوون لە فرمێسك هەر چەند ویستم خۆڕاگربم، بەڵام لەوە زیاتر خۆم پێڕاگیر نەکرا فرمێسکەکانم بەهێمنی بەچاوما هاتنە خوارەوە. بەڵام وادیار بوو مامۆستا جسیکا بڕیاری دابوو بێگوێدانە هەستی من چی لەدڵدا بوو بیڵێت. لەهەمان کاتدا زۆر دڵنیاش بوو، کە من هۆکاری هەموو کێشەو نارێکیەکانم . دیسان وتی:

ـ داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر هەندێك لە وشەکانم رەق بن، بەڵام خۆشەویستیم بۆ رەنج وام لێدەکەن گوێ بە هەستی تۆ نەدەم لەپێناو بەرژەوەندی کوڕکەت، تۆش ئەبێت ئەوەت پێخۆشبێت. ئێستاش ئەگەر یارمەتیم بدەیت، ئەمەوێت چەند پرسیــارێکی تایبەتیت لێ بکەم.! ئاخۆ بتوانم؟! من لەو کاتەدا هەرچەندە زۆر تووڕە بووم، بەڵام بەهەموو توانامەوە هەوڵم ئەدا تووڕەبونەکەم بشارمەوە. دەسڕەکەم لەگیرفانم دەرهێناو فرمێسکەکانم وشککردەوە بەدەنگێکی لەسەرخۆ وتم:

ـ بەڵێ مامۆستا، هەرچی پرسیارێك پەیوەندی بە کوڕەکەمەوە هەبێت بێگومان ئەتوانیت بیکەیت. هەر لەو کاتەدا تۆزێك خۆی بە کورسییەکەیەوە جووڵاندەوە سەری هێنایە پێشەوە بەتیژی سەیری ناوچاومی کرد.

وتی:

ـ تا ئێستا هەموو شتێك پەیوەندی بە رەنجی کوڕتەوە هەبوو. بەڵام ئەم پرسیارەی من ئێستا راستەوخۆ پەیوەندی بە خودی تۆوەیە! دیسانەوە ناڕاستەوخۆش پەیوەندی بە رەنجەوە دەبێت. ئێستا پێم بڵێ ئەگەر هێشتا بۆ پرسیارەکەم ئامادەیت؟ ئەو قسانەی مامۆستا جسیکا زیاتر توشی سەرسوڕمانیان ئەکردم، بە جۆرێك سەرم لێشێوا بوو نەمئەزانی باسی چی بۆ من ئەکات! یان ئەیەوێت پرسیاری چی لە من بکات. چاوەکانم ئەسڕین‌و هەناسەی قووڵم هەڵدەکێشا، تۆزێك وەستام. ئەویش چاوەڕێی وەڵامی منی ئەکرد. دیسان وتی:

ـ خاتون ئەڵێی چی؟ وەڵامت نەبوو!

بە خێرایی وتم:

ـ بەڵێ.. بەڵێ.. بێگومان، تکات لێئەکەم چی زوترە پرسیارەکەت بکە تاکو بزانم هۆکاری من چییە لە سەر دواکەوتنی کوڕەکەم لە وانەکانیدا.

مامۆستا جسیکا پاڵی بە کورسییەکەیەوە دایەوە. ئینجا وتی:

ـ زۆر باشە بەڵام پێش پرسیارەکەم ئەمەوێت بزانم ئارەزوی خواردنەوەی چی ئەکەیت؟ ببورە ئەبوایە زوتر ئەو پرسیارەم بکردایە پێکەنی؛ لە جێی خۆی هەڵسایە سەرپێ وتی:

ـ لێرە قاوەخانەیەکی بچکۆلەمان هەیە تایبەتە بە مامۆستاکان، ئیشکەرەکانی بەشی خزمەت گـوزاری . هەموو جۆرە قاوەیەك، شەربەت، ئاو، چاشمان بۆ ئامادە ئەکەن. ئارەزوی کامیان ئەکەیت با بۆت بهێنم. تکایە خۆت ئارام بکەرەوە. منیش لەوکاتەدا هەموو خەموو کێشەکەم تەنها رەنج بوو، بەڵام بە پێویستم زانی داوای قاوەیەکی بێشەکر بکەم. مامۆستا رۆیشت دوای پێنج خولەکێك گەڕایەوە، لە

سەر سینییەکی بچکۆلە دوو قاوە، دوو بوتڵ ئاویشی هێنابوو لەبەر دەمی مندا لەسەر مێزەکەی خۆی داینا، ئینجا فەرمووی لێکردم منیش سوپاسم کرد، دەستم دایە قاوەکەم، کە لە کوپێکی سپی نەخشکراو بە ناوی قوتابخانەکەدا بوو قومێکم لێدا، دامنایەوە ئەویش قومێکی لە قاوەکەی خۆیدا وتی:

ــ نامەوێت کاتێکی زۆر لێرە راتبگرم هەر ئێستا ئەچمە باسەکەوە. ئەزانم تۆش کاربەدەستیو روخسەتت وەرگرتوە تاکو ئەم بینینە لەگەڵ من بکەیت، من رێز لە هاتنەکەت ئەگرم.

پێش ماوەیەك رەنج کەمێك باسی تۆی بۆ کـردوم. لەو کاتەدا هەرچەندە مێشکم زۆر جەنجاڵ بوو بەڵام زۆر بە هێمنی وتم:

ــ من زۆر ئامادەم، کە گوێ لە بەڕێزت بگرم.

مامۆستا جسیکا ئەمجارەش بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی کردم وتی:

ــ خانمەکەم پێش ئەوەی پرسیاری تایبەت لە تۆ بکەم، ئەمەوێت کەمێك باسی خۆمت بۆ بکەم، تاکو باشترلێم تێبگەیت. ئینجا سەری دانەواند، تۆزێك بێدەنگ بوو، دوایی سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد. دەستی دایە یەکێك لەو وێنانەی، کە لە سەرمێزەکەی دانرابوو، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە هەڵیگرت کەمێك لە رووی خۆی نزیکی کردەوە. ئەو وێنەیە لە ناو چوارچێوەیەکدا بوو، رەنگی چوارچێوەکەی زەردێکی ئاڵتونی بوو، لە گۆشەکانییەوە بە دەنکی مرواری چنرابوو. جسیکا رووی وێنەکەی کردە من. وتی:

ــ تەماشاکە چەند جوانن، ئەوە خێزانەکەمە. خۆمو مناڵەکانم، لەگەڵ باوکی مناڵەکانم. ئینجا بە هیواشی وێنەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە. جارێکیتر بە روویەکی خۆشەوە وتی:

ـ حەز ئەکەم بزانیت پێش ئەوەی من مامۆستا بم، منیش هەر وەك تۆ ژنو خۆشەویستی پیاوێك بووم، هەروەها دایککیشم، خاوەنی دوو منالْم، کچەکەم تەمەنی پانزە ساڵە، کوڕەکەشم یانزە ساڵە. واتا ساڵێك لە رەنج منالْترە. منو مێردەکەم ماوەی چەند ساڵێکە لەبەر چەند هۆیەك لەیەکتر جیابوینەوە.! ئەم باسەت بۆ ئەگێڕمەوە بۆئەوەی؛ بزانیت، کە من چاك هەست بە تۆ ئەکەم. لەهەمان کاتدا هەست بە ئازارەکانی رەنجیش ئەکەم!. منو تۆ تەنها ئافرەتێك نین لەم جیهانەدا، کە لە مێردەکەمان جیابوبێتینەوە، کەسانی وەکو ئێمە زۆرن، بەلاّم هەرکەسە هۆیەکی هەیە، بە جۆرێکی جیاواز جیابۆتەوە، بەناخۆشیو کارەسات بێت یان بەخۆشی. بەزۆر بێت یان بەرەزامەندی. لە کۆتایدا جیابوونەوەیە. هۆکارەکان هەرچییەك بن هەرچۆنێك بن هەر جیابوونەوەیە. منالّەکانمان گەورەبن، یان بچووك، پێویستیان بە دایكو باوکە. منالْ پێویستی بە سۆزو خۆشەویستی هەردوولایە. ئێمەش لەهەمان کاتدا مرۆڤین پێویستیمان بە سۆزو گرنگی پێدانە، هەروەها پێویستمان بەرێزو خۆشەویستییە. من ئێستا باسی خۆمان ناکەم. لە ئێمە گرنگتر منالّەکانمانە، کە پێویستە زۆر ئاگاداریان بین. هیچ کات فەرامۆشیان نەکەین. بڕوابکە هەردوو کەسێك، کە جیا دەبنەوە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دوو مرۆڤە دووکەسی خراپ بن. نەخێر هیچ وا نییە. بەڵکو بەڕای من ئەوو کەسە زۆر جار مرۆڤێکی زۆر رۆشنبیر، خاوەن بیرو باوەڕێکی بەرزو ئاستی تێگەیشتنیان لەو پەڕیدایە. هەندێك جار ئەو کەسانەی، کە جیابونەوە هەڵدەبژێرن بە رای من زۆر راستگۆن، مرۆڤێکی دووڕوو درۆزن نین. کاتێك، کە ژنەکە یان پیاوەکە هەستی خۆشەویستی نامێنێت بۆ ئەویتریان! خۆ هیچ نەبێت

ئەوەندە غیرەتو ئازایەتی تیادایە بۆ ئەوەی نەکەوێتە درۆ هەڵبەستنو دوورِووی یان لە پشتەوە خەنجەر لێدان مەبەستم خیانەت کردنە، هەرکامیان بن داوای جیابوونەوە ئەکات لای من ئەوجۆرە کەسانە زۆر بەرِێزترن، وەك لەوانەی، کە بە درۆو دوورِوویی ژیانی ژن ومێردایەتی بەسەر ئەبەن. خانمەکەم دایکی رەنج، هیچ کاتێك خۆشەویستی بەزۆر نەبوەو نابێت، هیچ کاتێك ناتوانی بە بەرامبەرەکەت بڵێیت توخوا تکات لێئەکەم تۆزێك زیاتر گوێم پێبدە. ئەزانیت ئەو جۆرە هەستانە داواناکرێت؟ ئەو هەستە ئەبێت خۆی لەناخی ئەو کەسە خۆیەوە بێت. خانمەکەم هەروەك دەزانین زۆرجار هۆکارەکە تەنها جیاوازی بیرو باوەرِوو بۆچوونەکانە، کە بە هیچ شێوەیەك یەکتر ناگرنەوە. ناچار هەردوولا، یان لایەنێك جیابونەوە هەڵدەبژێرێت. ئەمەش بۆ خۆیان کارێکی چاکە، بەڵام هەموو جیابوونەوەکان بۆ مناڵەکانمان کارێکی سەختە!. تەنها ئەوان باجی ئەو جیابونەوەیە ئەدەن، چونکە سروشتی مرۆڤ ئەیسەپێنێ بە سەرماندا، کە حەز بکەین لە نێوان دایكو باوکدا گەورەببین. خۆ ئەگەر هەر ئەوەش کارێکی زۆر ستەم بوو، ئەواپێویست ئەکات نەهێڵین مناڵەکانمان ئەو هەستەیان لادروست بێت، کە یەکێك لە لایەنەکان بوونی نییە لەژیانیداو گرنگی پێنادات. ئێمە ئەبێت وەکو دایك زیاترین هەوڵبدەین، کە نەهێڵین ئەو بۆشاییە دروست بێت، من مەبەستم لەو دایكو باوکانەیە کە، هێشتا لە ژیاندان. بەڵام کاتێك، کە جیادەبنەوە گرنگی پێدانیان بۆ مناڵەکانیان کەم دەبێتەوە، ئەوەش ئەبێتە دروستبوونی کێشەی دەرونی، کاتێك منداڵەکە گەورە دەبێت، هەر لەو کاتەدا کێشەکەش گەورە بووە، دوا جار چارەسەرکردنی ئاسان نییە. لەو کاتەدا هەڵوێستەیەکم کرد. وتم:

ــ مامۆستا ئەی بەڕای تۆ چی باشە بکرێت؟ پێویست ئەکات ئەو دایكو باوکە مانەوە هەڵبژێرن گەرچی مانەوەشیان زۆر ستەم بێت؟ مەبەستم ئەوەیە شەڕو ناکۆکی بەردەوام لەبەرچاوی منداڵەکانیان بکرێت؟ ئەی ئەمە لای تۆ هەڵە نییە؟! مامۆستا جسیکا ئەمجارە هەردوو دەستی خستە سەر مێزەکەی، زۆر بە دڵنیایەوە دەستی کردەوە بە قسەکردن وتی:

ــ خانمەکەم هیچ کاتێك بۆ بەردەوام بوونی خێزان، مانەوە بەوشێوەیە چارەسەرنیە. ئەگەر خێزانێك لەهەفتەیەکدا دووجار ناکۆکی تیادا بوو، ئەوە خێزانێکی ناکۆکە، چاکتر وایە بۆ لەدەست نەدانی مناڵەکانیان، دووکەونەوە. نەخێر من ناڵێم بمێنەوە. چونکە؛ پەروەردە کردنی مناڵ لەو جۆرە بارو دوخەدا مناڵ بەرەو ونبوون ئەبات، هەروەها ئامادەشی ئەکات بۆ نەخۆشی دەروونـی، بێگومان ئەوکاتە جگەلەوە ژیانی گەورەبوونی لێ چەواشەدەکات، ئەبێت بە مرۆڤێکی نەخۆش، لاواز کە نەتوانێت بەرەنگاری هیچ کێشەیەك ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ستەمە بتوانێت بڕیارێك بۆ خۆی بدات، یان ژیانی ئاسودە بێت. جگە لەوەش ترس ودڵەڕاوکێ میوانی هەمیشەیی ئەبێت، هیچ کات ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت. ئەمانەو رقو کینەش لە دڵیدا دروست ئەبێت. ئەگەر کچ بێت بەرامبەر بە پیاو، ئەگەر کوڕبێت بەرامبەر بە ژن، بۆیە خانمەکەم لەو جۆرە پەیوەندیانە جیابوونەوە باشترین ئامۆژگاریە، ئێمە ئەگەر نەتوانین ژیانی خۆمان بەخۆشی بەرێکەین، ئەی بۆ هەوڵ نەدەین ژیانی مناڵەکانمان خۆشو سەرفراز بکەین؟ هیچ نەبێت با ئەوان بە کەسایەتییەکی سرووشتیو دەروونێکی پتەو بەهێزو دڵێکی پاكو خۆش ئامادەی ژیانو بەرەنگاربوونەوەی کۆسپو ناخۆشیەکانی ژیان بکەین. پێویست ئەکات ئێمە بە جۆرێك پەروەردەیان بکەین، کە بەهێز

بن، بڕوایان بە خۆیان هەبێت، خاوەنی، بڕیاری خۆیان بن، خۆیان بتوانن دوارۆژ بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن، من ئەمەوێت مناڵەکانم لە دوا رۆژیاندا هەڵبژاردنەکانیان راست بێت، زیرەك بن بە ئاسانی هەڵنەخەڵەتێنرێن، بڕوایان بە خۆیان هەبێت، دوودڵ نەبن، دووڕوو نەبن، نەهێڵن کەس چەواشەیان بکات. چاویان هەر چاو نەبێت، بەڵکو بۆ بینین بێت. راستی ببینن، زمانیشیان قسەی راست بکات.

مامۆستا جسیکا زۆر بە دڵنیایەوە قسەکانی ئەکرد، وەکوئەوەی بە سەر ژیانی خۆی ومناڵەکانیدا هەمووی سەپاندبێت. لە قسەکانیا وادەرئەکەوت، کە ئەو ئەزمونێکی زۆر ناخۆشی تێپەڕاندوە، هەوڵ ئەدات دوارۆژی مناڵەکانی باشتر بێت. لەو کاتەدا بیرم لە ژیانی ئەو ئەکردەوە ئەمویست پرسیاری لێبکەم بۆچی هێشتا وێنەی مێردەکەی لە سەر مێزەکەی داناوە؟ بەڵام ئەو خێرا بە دەنگێکی نیمچە تووڕە وتی:

ــ دایکی رەنج کوڕەکەی تۆ خەریکە لێکدابڕانی لە باوکی بەرەو هەڵدێری ئەبات! تکایە، ئاگاداری بە.. دایکی رەنج ئەمەوێت پێت بڵێم شتێك هەیە زۆر گرنگە ئێمە پێویستە لەیادی نەکەین، ئەویش مناڵەکانمانە. ئەوان پێویستیان بە هەردوو لامانە. ئەبێت ئەو حەقە بدرێت بە باوك، کە منداڵی خۆی لە نزیکەوە ببینێت، ئاگاداری بێت. بیناسێت بۆ ئەوەی کاتێك گەورە دەبن وەکو دووکەسی بێگانە رەفتار نەکەن. قسەکانی مامۆستا جسیکا زۆر لام سەیر بوون، بەڵام گەیشتمە ئەنجامێك، کە مامۆستا جسیکا وا دەزانێت من ناهێڵم رەنج باوکی ببینێت.! خێرا قسەکەم پێ بڕی. وتم:

ــ مامۆستا هەرچیت باسکرد، ئەو قسانە هەمووی زۆر راستن، بێگومان من هاوڕاتم بەڵام ئەوەی، کە پەیوەندی بە رەنجەوە هەیە،

حەزئەکەم زیاتر بۆم روون بکەیتەوە. ئایا رەنج داوای بینینی باوکی کردووە؟ باسەکانت زۆر چڕن، من ئێستا لە ناو گێژاودام.

مامۆستا جسیکا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئینجا تۆزێك دەنگی نزم کردەوە. وتی:

ـ خانمەکەم. یەك شتی بچووکی رەنجت بۆ باس ئەکەم. ئینجا حەز ئەکەم خۆت لێی تێبگەیت دواییش خۆت بڕیاری لەسەربدەیت.

وتم:

ـ فەرموو گوێم لێگرتویت.

مامۆستا چاوی کزکرد. وەکو بیەوێت بیر بکاتەوە. ئینجا وتی:

ـ ئەتوانم بڵێم چەند مانگێك لەمەوبەر تێبینی رەنجم ئەکرد، لە کاتی وانەکانیدا خەیاڵی ئەڕۆیشت، ئاگای لە خۆی نەبوو. هەرچەند سەیریم ئەکرد چاوی لە سەر تەختە رەشەکە بوو، بەڵام خەیاڵی لەشوێنێکی تر بوو! ئەمەش زۆر دوبارە ئەبوەوە جگە لەوەی هەر کاتێك لەکاتی پشوەکانیدا ئەمبینی تەنهاو غەمبار بوو. ئەمەش منی زۆر دوودڵ کرد، بە جۆرێك، کە پەیوەندی بکەم بە تۆوە تاکو بزانم هۆی ئەم گۆڕانە چییە!؟ خانم من زۆر دڵنیا نەبووم لە گۆڕانی رەنج، هەستم ئەکرد لەوانەیە لەگەڵ تۆ لەماڵەوە کێشەتان هەبێت، یان لەبەر ئەوەی بە تەمەنێکی هەرزەکاری قۆناغێکی تازەدا تێپەڕ ئەکات، هەندێك هەستو بیرکردنەوەی گۆڕابن، خۆت ئەزانی ئەم جۆرە شتانە کار ئەکەنە سەر گۆڕانی کەسایەتی، کاتێك کە لە دۆخی مناڵی ئەپەڕێتە هەرزەکاری، بۆیە سەرەتا زۆر گوێم بە باسەکە نەدا، بەڵام وەکو تێبینیم ئەکرد لەوە زیاترم ئەبینی لە بارەی هەڵسوکەوتی لە وانەکانیتریشیدا. خۆت ئەزانی لێرە کەسێك هەیە پێی ئەوترێت

رواوێژکاری کۆمەڵایەتی ئەو کەسە بەرپرسیارە لە کێشەو گرفتی هەموو یەکێك لە قوتابیەکان. بەڵام لەبەر ئەوەی من بە جۆرێکی تایبەت رەنج ئەبینم، بە پێویستم زانی خۆم بەتەنها قسەی لەگەڵ بکەم. رەنج زیاتر سەرنجی منی راکێشا، کاتێك لە سەر لاپەڕەی تاقیکردنەوەی رۆژانە، ئەبینم ئەوکاتانەی، کە رەنج پێویستە وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە، ئەو وێنەی پیاوێك لە سەر لاپەڕەکە دروست ئەکا!. ئەمە چەند جارێك دووبارە بۆتەوە، نەك تەنها لە وانەکانی مندا، بەڵکو لەوانەی مامۆستاکانی‌تریشدا هەمان وێنەی کردوە، چەند جارێك مامۆستای زمانی ئنگلیزیش پرسیاری لێکردوە ئەو وێنەیە کێیە؟ ئەو وەڵامی نەداوەتەوە وێنەکەی کوژاندۆتەوە. بەڵام رۆژێکیان پێش ئەوەی کاتی قوتابخانە تەواو بێت، رەنجم بانگ کرد بۆ ئەم ژورەی خۆم دوو بە دوو دانیشتین، لەبارەی زۆر شتەوە پرسیاری زۆرم لێکرد. بەڵام ئەو هیچی وەڵام نەدامەوە.! من ئەو رۆژە زیاتر ویستم بزانم ئەو وێنەیە کێیە کە هەموو جارێك لە سەر لاپەڕەو بەرگی کتێب وهەموو شوێنێك ئەیکێشێت، ئینجا بۆ ماوەیەکی زۆر خەیاڵی لە سەر ئەڕوات! کاتێکیش بە ئاگادێتەوە کاتەکەی تەواو بووە، دواجار نمرەیەکی کەم وەرئەگرێت. ئەو رۆژە رەنج زۆر دڵی پڕ بوو لە قسەو لەگریان، من هەر وازم لێ نەهێنا، لە کۆتاییدا پاش هەوڵێکی زۆر، تەنها وتی:

ـ ئەوە وێنەی باوکمە، من سێ ساڵە باوکم نەدیوە، زۆری بیر ئەکەم. هەموو شەوێك خەوی پێوە ئەبینم.

جسیکا پێی وتم:

ـ خانم ئەمەوێت پێت بڵێم، رەنج منداڵێکی لەسەرخۆیە، دڵی پڕە لەسۆزو خۆشەویستی، منداڵێکە پڕ لە هەست، لە بەزەیی، زۆر جار

ئەیبینم یارمەتی هاوڕێکانی ئەدات. کە ئەمەش شتێکی تا ئەندازەیەك سەیرە، چونکە؛ وەکو خۆت ئەزانیت لێرە هەرکەس ئاگاداری خۆیەتی، کەس گوێ بە کەسی‌تر نادات. بەڵام من ڕەنج زۆر بە جیاواز ئەبینم. داخم لەوەیە، کە ئەم کوڕەی تۆ زۆربەی کاتەکانی غەمبارو دوودڵە. ئەیبینم زۆربەی جار لە کاتی پشووەکانیدا بەتەنها دادەنیشی، زۆرکەم قسەوگاڵتە لەگەڵ هاوڕێکانی ئەکات هەرچەندە ئەوان خۆشیان ئەوێت، ڕەنج وەکو تەمەنی خۆی ناژی، من بە ئەرکی خۆمی ئەزانم کارێك بکەم تاکو ئەو کوڕەی تۆ دڵخۆش بکەم. بەڵام پێویستم بە یارمەتی تۆیە. ئەمەوێت تۆش بڕوات بە من بێت تاکو لەپرسیارەکانم نەسڵەمیتەوە، وەڵامی ڕاستم بدەیتەوە. کاتێك مامۆستا ئەو قسانەی بۆ من ئەکرد. من بۆجارێکی کە فرمیسك بە چاوما ئەهاتە خوارەوە، بۆ دڵی شکاوی کوڕەکەم ئەگریـــام، چۆن لە وڵاتی غەریبی بێ بـــاوك گەورە ئەبێت. هەرچەندە باوکی لە ژیاندایە. بەڵام لە پڕێکا پرسیـــارێکی زۆر سەیری لێکردم کە زۆر بە توندی دایچڵەکاندم. پرسیـــارەکەشی ئەوە بوو؛ بۆچی من ڕێگرم لەوەی کوڕەکەم باوکی ببینێت؟! بۆچی چەند ساڵە من ناهێڵم باوکی سەردانی ڕەنج بکات؟!

به سەرسوڕمانێکی زۆرەوە! سەیرێکم کرد. وتم:

ــ مامۆستا؟ تۆ بەڕاستی ئەوپرسیارە لە من ئەکەیت؟! بەڕاستی وا ئەزانی من ڕێگرم لەوەی، کە ڕەنج بـــاوکی ببینێت!؟

مامۆستا جسیکا زۆر بە دڵنیایەوە وتی :

ــ بەڵی خانم. بەداخەوە من وا هەست ئەکەم. ئەگەر وا نییە چۆن سێ ساڵە ڕەنج باوکی نەدیوە؟

به هەمان سەرسوڕمانەوە ئەمجارە کەمێك لێی چوومە پێشەوە. ئینجا کەمێك دەنگم بەرزکردەوە. وتم:

ــ بێگومان ئەوە هەستێکی هەڵەیە. من هیچ کاتێك لە نێوان ڕەنج‌و باوکی ڕەنج، ڕێگر نەبووم. ڕێگریش نیم. نازانم تۆ ئەم هەستە هەڵەیەت لە چیەوە ئەنجام داوە؟ باوکی ڕەنج، خۆی نایەوێت کوڕەکەی ببینێت. لەبەر ئەوەی کاتێك ژیانی تازەی دەستپێکرد. ئیتر زۆر سەرقاڵی ئەو ژیانە نوێیە بوو، وادەرئەکەوت کاتی بۆ ڕەنج نەبیت!. تەنانەت پێش ژن هێنانیش ئەو سەرقاڵی دڵداری بوو. دیسان کاتی نەبوو. سەرەتای جیابوونەوەمان من هەوڵمدا ئەو پەیوەندیە نەپچڕێت، تەنها لەبەر ڕەنج بۆ ئەوەی نزیکی باوکی بێت، پەیوەندیان هەر بمێنێت. بەڵام هەر کاتێك ڕەنج ئارەزووی بینینی باوکی ئەکرد، باوکی هۆیەکی هەبوو، کە نەیبینێت. هەر جارەی بە بیانوی شتێکەوە خۆی ئەدزیەوە، ئەمەش نەك جارێك‌و نەك دووجار، بەڵکو زۆر جار دووبارە ئەبووەوە. ناچار منیش بڕیارمدا، کەی ڕێبوار کاتی هەبوو یان حەزی کرد کوڕەکەی ببینێت، ئەتوانێت پەیوەندیمان پێوە بکات. بەڵام ئەوا نزیکەی سێ ساڵە هێشتا ڕێبوار کاتی بۆ کوڕەکەی نەبووە!. منیش هیچ کاتێك بەپێویستی نازانم بیخەمەوە یادی، کە کوڕێکی هەیە ناوی ڕەنجە!. ئەگەر ئەو خۆی دڵی ئەوەندە ڕەق بێت، ڕۆژێك بە خەیاڵیدا نەیەت سەردانی کوڕەکەی بکات! کەواتە من بۆ بیخەمەوە یادی؟ من سەرەتا وەکو پێم وتیت هەوڵمدا، بەڵام ئەوان بە هەڵە تێگەیشتن وایان ئەزانی من ئەمەوێت خۆشی‌و بەختیاری لەوان تێك بدەم، هەموو جووڵەیەکی من ئەبوە شوێنی پرسیارو لێکوڵینەوە لەبەر ئەوهۆیانە من گەڕامەوە دواوە. لێرەدا مامۆستا جسیکا قسەکەی پێبڕیم وتی:

ــ خانم، لێمببورە قسەکەت پێئەبڕم. بەڵام تۆ ئەڵێیت ئەوان، ئەوان کێن مەبەستت کێیە؟ وتم:

ــ مەبەستم باوکی ڕەنج و ژنەکەیەتی!

مامۆستا جسیکا بەسەرسوڕمانێکەوە وتی:

ــ باوکی ڕەنج ژنێکی تری هێناوە؟! من ئەم هەواڵەم نەزانیبوو!. وتم:

ــ بەڵێ، مامۆستا گیان زۆر شت هەیە بەڕێزتان نایزانن. ڕێبوار ئەگەر بیری کوڕەکەی بکردایە، ئەیتوانی بۆ قوتابخانە بێت، لێرە سەردانی بکات، ئەگەر منیش ڕێگر بوومایە. بەڵام مامۆستا تۆ هەڵەیەت!. من ئەزانم ڕەنج زۆر بیری باوکی ئەکات، ئەزانم زۆر پێویستی بە باوکێتی، ئاگادارم ڕەنج هەر کاتێك هاوڕێکانی ئەبینێت لەگەڵ باوکیان ئەچنە دەرەوە، ڕەنجیش پڕبەدڵ حەزئەکات وەك ئەوان کاتی خۆش لەگەڵ باوکی بە سەر بەرێت. ئێستا من تێئەگەم بۆ ڕەنج خۆی لە هاوڕێکانی بەدوور ئەگرێت. بەڵام من ناتوانم هیچ بکەم، مەگەر خۆی داوای بینینی بکات. لەو کاتەدا، کە من قسەکانم تەواو کرد، مامۆستا جێسیکا ڕوخساری گۆڕا بە سەیرکردنێکی پڕ بەزەییانە لێم هاتە پێشەوە. وتی:

ــ دایکی ڕەنج، من ئێستا دڵنیا بووم تۆ ڕێگر نیت، ئەمەش زۆر دڵم خۆش ئەکات، گرنگ تۆی کە بەرامبەر باوکی ڕەنج هەڵوێستی ڕقو کینەت نەبێت ئەوەش لە پێناوی ڕەنج، نەك لە خۆشەویستی باوکی ڕەنج. ئێمەی ئافرەت کاتێك هەست بە خۆشەویستی ئەکەین ژیانمان پێشکەش بەو کەسە ئەکەین، کە خۆشمان ئەوێت. بە هەموو

شێوەیەك قوربانی ئەدەین لە کەسایەتی خۆمانەوە تاکو هەندێك جار خێزانیشمان. کاتێکیش منالّمان ئەبێت، دیسان بە جۆرێکی کە خۆبەخش ئەبین، خۆمان ئەکەین بە قوربانی منالّەکانمان، ئێمەی ئافرەت بەهێزین، هێزەکەشمان سۆزو خۆشەویستیمانە بۆ دەورو پشتمان. خانمەکەم دلّگران مەبە لە زانیاریە هەلّەکەم، من وام ئەزانی تۆ هەولّ ئەدەیت رەنج لە باوکی دوور بخەیتەوە! ئەوەش بە رای من کارەساتە، نەگونجاوە بۆ کوڕەکەت، بەلاّم من ئێستا زۆر لە تۆ تێگەیشتم، من هەست بە هێزو توانای تۆ ئەکەم، حەز ئەکەم پێت بلّێم، ئەگەر لە ژیانتا کەسێك بووە مایەی ئازاردانت هەروەها پشتگوێی خستیتو گرنگی پێنەدایت. یان کەسێکیتری خستە پێش تۆ، دیسان هەستی بە تۆ و خۆشیو ئەندێشەی تۆ نەکرد، تۆش دەرگای ژیانی بۆ بخەرە سەر پشت، پێی بلّی فەرموو خوات لەگەلّ. ژیانی درۆ ویەکتر هەلّخەلّەتاندن کورتە، رۆژێك ئەبێت راستییەکان دەرئەکەون. هەرگیز لەگەلّ کەسێکدا مەژی، کە بەکەمتر تەماشات بکات. هەمیشە رێز لە خۆت بگرە، ئنجا لەبەرامبەرەکەت. چونکە گەر رێزت لەخۆت نەگرت کەسیش رێزی بۆت نابێت... مامۆستا جسیکا کەمێك بێدەنگ بوو، هەروەك هەستی بەخۆشەیەك کردبێت لەپڕێکا بەوەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ــ خانمەکەم، بە ناسینی کەسێکی وەکو تۆ دلّم زۆر خۆش بوو، ئێستا من زانیم تۆ چەند دایکێکی دلّسۆزو بەڕێزیت. من خۆشحالّم بە وەلاّمەکەی تۆ. بڕیارم داوە هەتا بتوانم هەولّی خۆم بدەم، کە کارێکی وا بکەم رەنج بتوانێت ئەمسالّ بە نمرەیەکی باش بچێتە پۆلی هەشت. زۆر بە پەرۆشەوە گوێم بۆ قسەکانی مامۆستا جسیکا راگرتبوو بەلاّم

حەزم ئەکرد خێرا لە قسەکانی تەواو بێت، ئەوسا من پرسیاری خۆمی ئاڕاستە بکەم. ئەو پرسیارەی، کە هەر لە زووەوە لە مێشکمدا گێژی ئەخوارد. کاتێك ئەو بێدەنگ بوو بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکم کرد. وتم:

ــ مامۆستا ئێستا من حەز ئەکەم پرسیارێکی تایبەت لە تۆ بکەم؟

مامۆستا جسیکا بەڕوپەکی خۆشەوە وتی:

ــ فەرموو، تکایە پرسیار بکە، ئامادەم بۆ وەڵام.

وتم:

تەنها پرسیارم ئەوەیە، حەز ئەکەم بزانم بۆچی وێنەی مێردەکەت داناوە؟

مامۆستا جسیکا دەستی بە پێکەنین کرد. وتی:

ــ زۆرم پێخۆش بوو، کە ئەو پرسیارەت کرد. منو مێردەکەم هەتا ئێستاش پەیوەندیمان هەیە، هاتوچۆی یەکتر ئەکەین، لە بۆنە ئاینییەکاندا بە یەکەوە کۆئەبینەوە، ئەو تازە ژنی هێناوەتەوە. دڵخۆشە بە خێزانی تازەی. منیش تەنها وەکو هاوڕێیەك قسەی لەگەڵ ئەکەم. ئەوەش وەکو پێم وتیت لەبەر بوونی منداڵەکانمانە چونکە کاتێك، کە تۆ ڕێز لە مێردە کۆنەکەت ئەگریت، منداڵەکانیشت ڕێزی لێئەگرن. کاتێك تۆ بە جوانی باسی ئەکەیت، ئەوانیش دڵیان خۆش ئەبێت وزیاتر تۆیان خۆش دەوێت. وەکو باسمان کرد پێویستە ئەو هەستانە لە ناخی منداڵەکانماندا بڕوێنین، تاکو کینە دروست نەکەین. دایکی ڕەنج دڵگران مەبە، کە هەندێك جاربێ توانا، بێدەسەڵات خۆت دێتە بەرچاو.! بێ هیوامەبە. ژن هەرگیز بێهێز نییە. هێزی ئێمە لە سۆزماندایە، هێزی ئێمە لە خۆشەویستیماندایە، هێزی ئێمە ئاسن

ئەتوێنێتەوە، ئێمەی ژن ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان هەبێت هیچ هێزێك نامان بەزێنێت، بزانە ژن ئەتوانێت دڵی پیاوێك بكات بە لۆكە، هەر هەمان ژن ئەتوانێت دڵی ئەو پیاوە لە خۆی بكات بە بەرد. كەواتە بڕوابوون زۆر گرنگە. تۆش ئەتوانیت ئەگەر بتەوێت زۆر شت لە پێناوی رەنج‌دا بكەیت.

وشەكانی مامۆستا جسیكا هیزو توانایەكی زۆر سەیریان پێدام هەر لە خۆمەوە هەستم بەشتێكی سەیر ئەكرد، كە هەرگیز لە ژیانمدا هەستم پێنەكردبوو. مامۆستا بە شێوەیەكی فراوان مێشكی كردمەوە، زۆر شتی بۆ ئاشكرا كردم، كە لێم رون نەبوو. من هەر ئەو كاتە هەستم بە گۆڕانێكی دەروونی زۆر خۆش ئەكرد، بە مرۆڤێكی‌تر خۆم ئەهاتە پێش چاو. هەر ئەوكاتە بڕیارم دا كە هەرچی لە توانامدا بێت لە پێناوی بەختیاری رەنج، ئاسودەیی دڵی خۆمدا هەیە بیكەم. تێگەیشتم ژیان زۆر كورتە، كاتی رقو كینە نییە. خۆشەویستی ئەبێت پێشەوا بێت. خۆشەویستی ئەبێت دەرگای كراوەی ئارامی‌و هێزی سەركەوتن بێت.

چەند جارێك مامۆستا جسیكا دڵنیای كردمەوە لە رەوشتی بەرزو بێ كێشەیی رەنج لە قوتابخانە، بەڵام من لە دڵی ناشادی رەنج تەواو دڵم گوشرا بوو. بیرم ئەكردەوە، كە رەنج ئەبێت چەند بیری باوكی بكات!؟ هەستم ئەكرد كوڕەكەم خەمێك لە دڵیدایە من تا ئەو كاتەش پێم نەزانیبوو، ئەوەش زۆر ماندو دڵگرانی كردم. دوای ئەوەی سوپاسی مامۆستام كرد، ئەوێم بەجێهێشت. ویستم بەرەو ئیش بڕۆم. بەڵام دڵ تەنگی بە جۆرێك دایگرتم، كە ئارەزووی ئیش كردنم نەما. بڕیارمدا بۆماڵەوە بگەڕیمەوە.

## ١٤

ئەو ڕۆژە هەستم بە خەموو خەفەتییێکی یەکجار زۆر ئەکرد. حەزم ئەکرد کەسێك هەبێت داخی دڵمی بۆ هەڵبڕێژم.

ئوتومبیلەکەم لێ ئەخوڕیو ئەگریام هەتاکو گەیشتمە ماڵەوە. بیرم کردەوە، کە گەیشتمە ماڵەوە، تەلەفۆنیك بۆ بە سۆزی خوشکم بکەم، بەڵکو بتوانم هەندێك لەو خەمانەی دڵم دەرکەم. بەڵکو ئەو بتوانێت بە هەندێك ئامۆژگاری، قسەی خۆش. دەردم تیمار بکات. هەندێك جار تەنها چەند وشەیەکی شیرین بەسە بۆ ڕەوانەوەی هەندێك لە کێشەکان. منیش لەو کاتەدا تەنها پێویستم بە دوو وشەی شیرین بوو. ئەمزانی گرفتی من بەوان چارەسەر ناکرێت. بەڵام کاتێك تەلەفۆنم بۆ خوشکم کرد تاکو باسی خۆمی بۆ بکەم، من هێشتا لە هەواڵ پرسیندا بووم. ئەو وتی:

ــ کچێ باشی چی؟ نە بەخوا کەسمان باش نین! خێرا دەستی بە باسکردنی نەبوونی کارەبا کرد بەم سەرمایە. ڕۆژی چوارتا پێنج سەعات کارەبا هەیە. نەوت گرانە، غاز هەر دەست ناکەویت، لە کڕین نایەت. دووعا کردن لە سەرکردەکان، کە چۆن ئەم وڵاتەیان کاول کردوە. هەرچی خەمی دنیا هەبوو بەو تۆزە بۆی باسکردم بێئەوەی بڵێت ئەرێ خوشکەکەی من ئەی تۆ ژیانت چۆنە؟ چۆنی بەڕێوە دەبەیت؟ ئیتر من خۆم بە خۆم وت:

ــ کەواتە باسی چی بۆ بکەم؟ باشتر وایە هیچ نەڵێم با هەرهیچ نەزانێت. کەوتمە دڵخۆشی دانەوەی ئەو. ئیتر کۆتاییم بە قسەکانمان هێنا. دوایی هەوڵمدا تەلەفۆن بۆ ئاواز بکەم، خوشکی گەورەمە لە

وڵاتی غەریبیە لەوانەیە ئەو زیاتر هەستم پێبکات. بەڵکو، ئەو گوێم لێ بگرێت تۆزێ باسی خەموو خەفەتی دنیـــای بۆ بکەم. دوای چۆنیو چاکی خیرا ئەویش. وتی:

ـ کچێ باشی چی؟ باش کوا ماوە! بەخوا دیاری کوڕم ئەمساڵیش دەرناچیت. بەدەستیەوە شێت بووم، بەخوا تاقەتی دەرس خوێندنی هەر نەماوە، پارەو پولی پێ نەهیشتووم. هەر ساڵی بۆ کۆلیجێك ئەچێت، زۆری پێناچێت پەشیمان ئەبیتەوە. ئینجا باسی دەروونی کچی بۆ کردم کە، لەگەڵ مێردەکەی ڕێك ناکەوێت. خوشکم بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی ئەیووت:

ـ کچەکەم لەگەڵ مێردەکەی هەموو کات شەریانە، هەمووی دوو ساڵە شووی پی کردوە. ئەڵێت لێی جیائەبمەوە. بە خوا پیم وتووە، نابێت جیابێتەوە. چەند ساڵە دڵیان بە یەکەوەیە شێت بوو تا شووی پێکرد. ئینجا، ئێستاش ئەڵێت ڕێك ناکەوین. هەر چۆنێکە، هەر ئەبێت بە دیاریەوە دانیشێت. دایکم خۆ شووکردن کراس گۆڕین نییە. منیش لەو کاتەدا هیچم بۆ نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێت دڵخۆشی خوشکم بدەمەوە. پێم وت:

ـــ خوشکی خـۆم، خەمت نەبێت، ئـەوان هێشتا گەنجن، زۆریـــان لەبەر دەما ماوە لەوانەیە، بیرو باوەڕیان جیاواز بێت. زۆر ئاساییە ئەگەر ڕێك نەکەوتن خۆ بەزۆر تۆ ناتوانیت بیانهێڵیتەوە بە یەکەوە، باشتریش ئەوەیە، کە تۆ نەکەویتە نێوانیان با خۆیان کێشەی خۆیان چارەسەربکەن. هەندێکیش دڵخۆشی ئەویشم دایەوە دواتر خواحافیزیم لەویش کرد.

خۆشم دڵم پڕی بوو لە ژان. بەڵام، نە کەسیان وتیان ئەی حاڵی تۆ چۆنە؟ نە منیش هیچم بۆ کەسیان باس کرد. چونکە ئەمزانی باسکردنی خەمەکانم بۆ ئەوان بێ سودە، کەس هەست بەو ئازارانەی دڵم ناکات. هەر ئەو کاتە بڕوام بەو قسەیە کرد، کە دەڵێت بە زۆری کەس نییە لە چوار دەورت، بەڵکو بە بوونی ئەو کەسانەیە، کە بێ بانگکردن خۆیان بێن بە دەنگتەوە بێ ئەوەی هیچ باس بکەیت خۆیان هەواڵت بپرسن وەهەست بە قورسی باری ژیانت بکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمزانی باسکردنی هەستەکانم بۆ ئەوان، هیچ لە باسەکەم ناگۆڕیت. ئەو خەمانە، ئەو کێشانە راستیەکن، کە پێویست ئەکات خۆم چارەسەری تەواویان بۆ بدۆزمەوە. باسکردنی کێشەکان وتنەوەی لای چەند کەسانێك، تەنها قەبارەو کێشی ئەو کێشەیە لە دڵ وگیانماندا گەورەتر دەکات، بەڵام دۆزینەوەی رێگا چارەیەك ئەتوانێت کێشەکە شی بکاتەوە، ئەوکاتە هەستەکان لە باریکی ناخۆشیو رەشبینی دەگۆڕێت بۆ بارێکی گەشبینی. لە هەمان کاتدا هەستکردن بە هیزو توانا..

ئەو سەرلەبەیانییە بە درێژایی ماڵەکەم هاتوچۆم ئەکرد، نەم دەزانی چی بکەم! من هەرگیز چاوەڕێی ئەوقسانەم نەدەکرد لە کەسێکەوە باسی جگەرگۆشەکەم لەگەڵدا بکات، هەرگیز بە بیریمدا نەدەهات کوڕەکەم بەو شێوەیە بیری باوکی بکات.! من هیچ کاتێك بەرامبەر بەکۆرپەکەم خۆم بە دایکێکی بێخەم نەدەزانی. هەموو کات رەنجم بە جۆرێك ئەبینی کە زۆر دڵی خۆشە، خەریکە باوکی لە یاد ئەکات، هەرچەندە ئەوە بۆ من کارێکی قورس بوو. بەڵام منیش بوونی رێبوارم لە ژیانی رەنجدا بە پێویست نەدەزانی.

# ١٥

قسەکانی مامۆستا جسیکا تا رادەیەکی زۆر بەئاگایان هێنامەوە، لە هەمان کاتدا کارێکی زۆریان تێکردم. هەموو خۆشییەکی من خۆشی رەنج بوو، ئەی کەواتە خۆشیەکەی من کوانێ ئەگەر کوڕەکەم بەو جۆرە بیرکردنی باوکی کاریتێکردبێت؟! ئەی خۆشیەکەی من کوا ئەگەر کوڕەکەم بەجۆرێك خەیاڵی لای وانەکانی نەمابێت، هەموو کات وێنەی باوکی لە پیش چاوی بێت؟ ئەبێت چەند جار خەوی خۆشی بە باوکیەوە بینیبێت؟ ئەبێت چەند جار ئاواتی خواستبێت باوکی لەکاتی پشوەکانی هەفتەیدا بە دوایدا بێت و بیبات بۆ شوێنی یاریو گەڕان، لە سەر قەراغی دەریا پیاسە بکەنو باسی منداڵی خۆی بۆ بکات؟ ئەبێت چەند جار هیوای خواستبێت کاتێك لە قوتابخانە تەواو ئەبێت باوکی لەبەر دەرگای قوتابخانەکەی ئامادە بێت، ئەمیش بەدڵی خۆشەوە باوەشی پیادا بکات؟ ئەی ئاخۆ چەند جاری کە هیوای خواستبێت باوکی لە یاریەکانی قوتابخانەیدا ئامادەبێت کاتێك رەنج بەشدار ئەبوو؟! ئاخۆ... ئاخۆ..؟ هەزار ئاخۆ. لەو کاتەدا هەستم ئەکرد من دایکێکی تاوانبارم، دایکێکی خۆپەرستم، دایکێکی بێئاگام لە رۆڵەکەم، ئەی کەواتە کوا خۆشەویستیم بۆ کوڕەکەم؟ خۆشەویستی چییە؟ ئەگەر من بێئاگابم لە ویستوو حەزی کوڕەکەم!. هەر لەو کاتەدا هەستم بە کینە ئەکرد بەرامبەر دایکایەتی خۆم بۆ رەنج. کەوتمە سەرزەنشتی خۆم!. ئەبووایە هیچ نەبێت لەبەر دڵی کوڕەکەم هەر، هیچ نەبێت چەند جارێك پەیوەندیم بە رێبوارەوە بکردایە، ئینجا چی ئەبوو

ئەگەر وەڵامیشی نەدایەتەوە، خۆ بەوە نەدەمردم.. ئێ دەبا توزێك ئەو خەمەشم هەڵگرتایە، ئاخ ئێمە چەند سەیرین هەندێك جار ئەو توورە بوونە کوێرو کەڕمان ئەکات لە زۆر شت بێئاگامان ئەکات. تۆزێك لە سەرزەنشتکردنی خۆم وەستام. ئینجا دیسان بەخۆم وتەوە، باشە من چۆن بمزانیایە رەنج ئەوەندە بیری باوکی ئەکات؟ خۆ ئەو هەرگیز ناوی باوکی نەدەبرد! دوو ساڵ ئەبێت ناوی باوکی نەبردوە! لە پڕێکدا بە بیرمدا هاتەوە، نا.. نا..چۆن! سەرەتای جیابوونەوەمان زۆری باس ئەکرد. هەموو شەو ئەیوت باسی باوکم بۆ بکە پێی بڵێ بیری ئەکەم. منیش چەند جارێك داوام لێکرد سەردانی بکات. بەڵام رێبوار خۆی دوورخستەوە. بەڵێ.. بەڵێ.. سەرەتا چەند جارێك لەگەڵ خۆی بردیە دەرەوە. بیرمە خۆی ئیتر رەنجی پشتگوێ خست. ئەو زۆر خۆپەرست بوو. وابزانم ژنەکەی حەزی نەدەکرد، رێبواریش دڵی ئەوی لا گرنگتر بوو. کەواتە من گوناح بار نیم. ئەو باوکێکی بێخەم بوو، کەواتە خەتای من نەبوو. بیرمە دوای چەند مانگێك جارێکی کەش پەیوەندیم پێوەکرد. رێبوار وتی:

ــ لە سەفەرم لەگەڵ ژنەکەم. کەی گەڕامەوە سەردانی ئەکەم.

دوای هەفتەیەك دەنگی نەبوو. دیسانەوە پەیوەندیم پێوەکردەوە. ئەمجارەش وتی:

ــ گەڕاومەتەوە بۆ سلیمانی. باوکم ئەمری خوای کردوە.

ئەو کاتەش پەیمانی پێدام، کە گەڕایەوە سەردانی رەنج بکات. ئەوە زیاتر لە دووساڵو نۆ مانگە، نە پەیوەندیی کردووەو نە سەردانیشی کرد! هەرچەندە من ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد، بەڵام لە کۆتاییدا

هیوام بڕی. منیش ئیتر به‌ هیچ جۆرێك باسیم نه‌كرده‌وه‌ بۆ ره‌نج تاكو ئه‌ویش هیوا ببڕێت، به‌ڵام نه‌مزانی ره‌نج خۆشه‌ویستی باوكی هه‌رگیز له‌ یاد ناكات. هه‌ر ئه‌و كاته‌ی له‌و خه‌یاڵانه‌دا بووم. بڕیارمدا بێ گوێدانه‌ رابردوو، په‌یوه‌ندی به‌ رێبواره‌وه‌ بكه‌م؛ هه‌موو شتێكی پێ بڵێم. به‌ڵام دیسانه‌وه‌ وه‌ستام. بیرم كرده‌وه‌:

ــ ئه‌ی ئه‌گه‌ر وه‌ڵامی نه‌دامه‌وه‌..؟! خۆ له‌وانه‌شه‌ وه‌ڵام بداته‌وه‌.. به‌ڵام دیسانه‌وه‌ درۆم له‌گه‌ڵ بكات!. تۆ بڵێی رێبوار ئه‌وه‌نده‌ باوكێكی دڵ ره‌ق‌و بێ به‌زه‌یی بێت؟! تۆ بڵێی رێبوار ئه‌وه‌نده‌ به‌رامبه‌ر به‌ كوڕه‌ ته‌نهاكه‌ی كه‌سێكی بێ ویژدان بێت؟! نا... بڕواناكه‌م. له‌وانه‌یه‌ ئێستا ئه‌ویش بیری ره‌نج بكات. به‌ڵام ئه‌ترسێت په‌یوه‌ندی به‌منه‌وه‌ بكات بۆ ئه‌وه‌ی چاوی به‌ره‌نج بكه‌وێت. چونكه‌ خۆی ئه‌زانێت زۆر دواكه‌وتوه‌، خۆی ئه‌زانێت باوكێكی كه‌مته‌رخه‌مه‌.

دوا جار بڕیارمدا به‌ زوترین كات په‌یوه‌ندیی پێوه‌ بكه‌م.

# ١٦

نزیکەی سێ ساڵ ئەبوو قسەمان نەکردبوو. زووتر هەوڵمدا پەیوەندیی نیوانمان نەپچڕێت لەبەر خاتری ڕەنج. بەڵام ژنەکەی هەموو جار کێشەیەکی دروست ئەکرد. وا دەرئەکەوت دڵی لە ڕێبوار پیس بێت. وا بزانم ئەترسا، کە ئەگەر ڕێبوار بۆ من بگەڕێتەوە، یان من هەوڵ بدەم ڕیبوار بۆلای خۆم ڕاکیشمەوە. بەڵام لەو کاتەدا لای من ئەوە کاریکی زۆر ستەم بوو. چونکە کاتێك من وازم لە ڕێبوار هێنا، بە هەموو بیروباوەڕێکمەوە وازم لێ هێنا. پڕ بە دڵ وازم لێ هێنا. هەر چەندە بڕیارەکەم زۆری کات برد.

لەگەڵ ئەوانەشدا زۆر جار پڕ بە دڵ ئەموویست تەلەفۆنی بۆ بکەم؛ پرسیاری لێ بکەم. بڵێم:

ـ تۆ بۆ کوڕەکەت لە یاد کردووە؟ بیرت چووە کوڕێکت هەیە ناوی ڕەنج؟ ئەزانی هەموو ڕۆژێك تا ئێوارە گوێ قولاغی بیستنی هەواڵێکی تۆیە؟ ئەزانی ئەو کوڕەت چاوەڕوانی بینینێکی تۆیە گەرلە دوور بیت، یان لە نزیك!؟ هەر وەرە سەردانێکی بکە، یان تەنها ڕۆژێك لەگەڵ خۆت ببیە دەرەوە. بیرت ئەکات. هیچی بۆ مەکڕە، بەڵام ببیە دەرەوە. بابزانێت باوکی هەیە. با هەست بکات پشتی هەیە. باوك کەسێکە، کە لە ژیانماندا دووبارە نابێتەوە. باوك کەسێکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت جێگای بگرێتەوە، باوك پشتو پەنایە. حەز ئەکەم پێت بڵێم لە ژیانی هەموو کوڕێکدا باوك ئەو کەسەیە، کە کوڕ وەکو پاڵەوانێك تەماشای ئەکات. هەوڵ ئەدات ئەویش وەکو ئەو بێت. تۆش دەوەرە ببە بەو پاڵەوانە. بە باشترین وێنە خۆتی بۆ بسەلمێنە. پێی بڵێ کەسێك هەیە

ئەتوانیت پشتی پێ ببەستیت. فێری بکە پیاوبوون چۆنە. پیاو تەنها هەر وشە نییە. پیاوبوون تەنها ریش وسمێڵ نییە. پێی بڵێ پیـــاو واتا وەستانە بۆ یەکێك کە پێویستی پێتە، پیـــاو هیزە، توانایە، فێری رەوشتی بەرزی کە، فێری کە چۆن خاوەن هەڵوێست بێت، فیری کە چۆن دڵسۆز بێت بۆ خێزان، بۆ گەلو نیشتمان، فێری بکە خۆی خۆشبوێت، تۆی خۆش بوێت. پێی بڵێ من بـــاوکتم. من شاخی سەختم بۆ تۆ، پێی بڵێ مەترسە لە سەختی ژیـــان من هەمیشە پاڵپشتی تۆم من بـــاوكو براو خاڵو مامی تۆم.

حەزم ئەکرد زۆر شتی پێ بڵێم کە ساڵەهایە لە سنگمدا پەنگی خواردبووەوە. لە هەمان کاتدا بیرم ئەکردەوە کە ڕیبوار چۆن دەتوانێ شتێك فێری رەنج بکات، کە خۆی نەیزانی بیکات.! ڕیبوار نەی توانی بۆ من مێردێکی دڵسۆز بێت، جێگەی متمانە نەبوو، نەیتوانی لەخۆشەویستی من تێبگات، نەی توانی لە هەنگاوە سەرەتایەکانی ژیانماندا پاڵپشتو ڕاگری خیزانەکەمان بێت، نەیتوانی لەبەرامبەر کێشەکانماندا خۆڕاگر وبەهێز بێت. کەواتە ئەگەر کەسێك وا بێت، چۆن دەتوانێت بـــاوکێکی راستو دروست بێت؟ هەر لە هەمان کاتدا پەشیمان ئەبوومەوە، کە داوای لێبکەم بۆ ئەوەی ڕەنج نزیك بێتو چاوی لێ بکات. چونکە من حەزم نەدەکرد رەنج وەکو بـــاوکی، کە گەورە بوو، پیـــاوێکی خیـــانەتکاری بێ وەفای لێ دەربچێت.

هەر لەو خەیاڵانەدا بووم، دەستم دایە تەلەفۆنەکە. ژمارەکەی ڕێبوارم داوا کرد، هیچ وەڵامێکم دەستگیر نەبوو. دوایی داوای تەلەفۆنە دەستییەکەیم کرد. ئەویش وەڵامی نەبوو. چاوەڕێم کرد هەتاکو بچێتە سەر ئەوەی، کە نامەیەکی دەنگی بۆ بەجێبهێڵم، بەڵام دەرکەوت،

که ئەو ژمارەیە تایبەت نییە بە ڕێبوارەوە، واتا ژمارەی تەلەفۆنەکەی گۆڕیوە. ئیتر بە ناچاری وازم لە تەلەفۆن کردن بۆ ڕێبوار هێنا. لە سەر کورسیی ژووری دانیشتنەکەمان دانیشتم. بیرم لەو کاتانە ئەکردەوە، کاتێك ڕەنج تەمەنی هەشت ساڵان بوو. شەوێکیان کاتی نوستنمان بوو. شەوباشم لێکرد، ئینجا بەرەو ژووری نوستنەکەی خۆم ڕۆیشتم. هەر ئەوەندەی لە سەر جێگاکەم دانیشتم، بینیم ڕەنج لە دوامەوە ڕاوەستاوە. سەیرم لێهات. وتم:

ــ ئەوە چییە ڕەنج گیان؟ بۆ نەخەوتیت؟ ئادەی پێم بڵێ گەر شوێنێکت دێشێ؟

ڕەنج هەر بە بێدەنگی هاتە سەر جێگاکەی من دانیشت. وتی:

ــ دایکە من تۆم زۆر خۆش ئەوێت.

منیش دەستێکم بە سەریـدا هێناو وتم:

ــ دڵو گیانم، منیش زیاتر تۆم خۆش ئەوێت. چیتە؟ ڕەنج گیـان بۆ ناڕۆیتە ژوورەکەت بخەویت؟ ئەزانیت کات درەنگە بۆ تۆ؟

وتی:

ــ بەڵێ ئەزانم.

بێدەنگ بوو. ئینجا تۆزێك خۆی نزیك کردەوە ئەوەندەی، کە بتوانێت لە پاڵمدا ئارامبگرێت. دەستی بۆ قژم برد، سەیرێکی قوڵی کردم. هەر لەو کاتەدا ترسێك بە ناو دڵمدا هات. هەستم کرد ڕەنج خەریکە پرسیارێکم لێ ئەکات، کە پەیوەندیی بە باوکیەوە هەیە! دیسان پرسیارم لێکرد. وتم:

ــ کوڕم چیتە؟ ئەتەوێت چی بڵێیت؟!

ڕەنج لەو کاتەدا تەواو لە سەر جێگاکەی من ڕاکشا بوو. وتی:

ـ دایکە ئەتوانیت پێم بڵێیت باوك مانای چییە؟
منیش لە پرسیارەکەی زۆر سەرم سوڕما! وتم:
ـ باوك؛ مانای زۆرە.
تۆزێك وەستام. ویستم بیر بکەمەوە تاکو بە جۆرێك بۆی باس بکەم، کە لێم تێبگات. چونکە پرسیارەکەی چاوەڕوان نەکراو بوو. ئەمزانی ڕەنج بۆچی ئەو پرسیارەم لێ ئەکات! هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. ئەنجا وتم:
ـ کوڕم باوك ئەو کەسەیە، کە زۆری خۆش ئەوێیت، کاتێك نەخۆش بوویت ئاگای لێت ئەبێت، شتی جوانیشت بۆ ئەکڕێت، هەروەها شتی تازەت فێر ئەکات، ئەگەر ڕازی نەبوویت بە شتەکانی باوکت، ئەوە دڵنیـــابە، کە هەرچی شتە باشەکانی خۆی هەبووە یاویتێ بە تۆ.
ڕەنج بـــاوەشێکی پیـــاکردم وتی:
ـ کە گەورە بووم ئەمەوێت وەکو تۆ بم. ببم بە باوك!
لەو کاتەدا لە ڕەنج تێگەیشتم، بۆ ئەو پرسیـــارەی لە من کرد. چونکە ڕێبوار نەك هەر مێردێکی بـــاش نەبوو، بەڵکو نەشیتوانی هەستی باوکایەتی دەرببڕێت، نەیتوانی خۆی وەکو باوکێك بناسێنێت بە ڕەنج. ڕەنج چاوەڕێی ئەو هەستەی ئەکرد لە باوکییەوە بیبینێت، بە تایبەت کاتێك تەمەنی ڕەنج بەرەو گەورە بوون ئەڕۆیشت. وا دەرئەکەوت ڕەنج زیاتر پیویستی بە باوکی بوو. هەموو کاتەکە بیرم لەوە ئەکردەوە من چۆن بتوانم ئەم باسە لەگەڵ ڕەنج دەست پێبکەم! چۆن پرسیاری لێبکەم لە بارەی باوکیەوە. بۆچی باسی باوکی لەگەڵ من نەکردوە. بیرم ئەکردەوە ئاخۆ ڕەنج لە پرسیارەکانم تووشی پەشۆکانو دوودڵی نەبێت؟ لە کۆتاییدا بڕیارم دا، کە ئەبێت تا بتوانم زیاترو زیاتر

کاتەکانم بۆ ڕەنج بێت. گەر توانیم کاتی ئیشکردنیشم کەم بکەمەوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ ڕەنج بیبەمە سەر.

هەر ئەو ڕۆژە زۆرم لە خۆم کرد، کە هەرچۆنێك بێت لەبەر خاتری کوڕەکەم جارێکی تریش پەیوەندی بە ڕێبوارەوە بکەم. دیسان ژمارەی تەلەفۆنەکەی ڕێبوارم داوا کرد. زەنگێکی زۆری لێدا، بەڵام وەڵام نەبوو. ویستم نامەیەکی بۆ جێبهێڵم، بەڵام دووبارە دوودڵ بووم. تەلەفۆنەکەم دانایەوە. هەر چەند قسەکانی مامۆستاکەی ڕەنجم بیرئەکەوتەوە، دڵم پڕدەبوو لە ئازارو ئەندێشە، فرمێسك بەخووڕ بە چاومدا ئەهاتنە خوارەوە. ئەمجارە بێ بیرکردنەوە ژمارەی تلفۆنی ماڵەکەیم داواکرد، چاوەڕێم کرد دوای زەنگێکی زۆر دیسان وەڵام نەبوو. بەڵام بڕیارم دابوو نامەیەکی دەنگی بۆ جێبهێڵم، نامەکەم جێهێشت تەنها وتم:

ڕێبوار سڵاو، ئەگەر کاتت هەبوو، تکایە پەیوەندیم پێوە بکە. پێویستە لەبارەی ڕەنجەوە هەندێك قسەبکەین. خوات لەگەڵ. تەلەفۆنەکەم داخستەوە هەرچەندە زۆر نائومێد بووم لەوەی ڕێبوار پەیوەندیم پێوە بکات.

# ١٧

ئەو رۆژە زۆر شپرزەو دڵ پڕ لە ئازار بووم. هێشتا کاتی گەڕانەوەی رەنج زۆری مابوو. لاپتۆپەکەم هەڵگرت رۆیشتمە خوارەوە بڕیارمدا لە قاوەخانەکەی، کە لەتەنیشت شوقەکەمانەوە بوو تۆزێك دابنیشم بەسەرهاتەکانی خۆم بنوسمەوە. لەو کاتەدا من خۆم بە قاوەخانەکەدا کرد. هیشتا بۆ جێگایەکی پەنا ئەگەڕام، بینیم هیلینی دراوسێمان زۆر بە شپرزەیی خۆی بە قاوەخانەکەدا کرد. پانتۆڵێکی شینو بلوزێکی رەشی لەبەرا بوو، پاڵتۆیەکی گەورەو درێژی رەشی بەسەراکردبوو. چاوێلکەیەکی رەشی گەورەشی لەچاودا بوو. کە باش سەرنجم لێدا، بینیم سەروقژ بەیەکا چووبوو، رەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، لاواز ئەهاتە بەرچاوم. کە بەو جۆرە بینیم، زۆر سەیرم لێهات!. لەبەرخۆمەوە وتم، بەم رۆژە هەورە، ئەو چاوێلکەیە چی پێویست ئەکات! بەڵام من تەنها لە دوورەوە سڵاوێکم لێکرد، رۆیشتم لە سوچێکدا دانیشتم. داوای نسکافیەکم کرد، لەگەڵ پارچەیەك کێکی کرمێل. کاتێك خەریکی لاپ تۆپەکەم بووم، بینیم هیلین هاتە پێشەوە، بێئەوەی داوای روخسەت بکات کورسیەکەی راکێشا، لە بەرامبەرم دانیشت. پێش ئەوەی من هیچ بڵێم ئەو سەری لێ نزیك کردمەوە، بە هێواشی چاوێلکەکەی داکەند وتی:

ــ رۆشنا خان، سەیرم کە، تەماشا کە! ئەوە تۆ دوێنێ شەو ئاگات لە هیچ نەبوو؟ گوێت لە هیچ نەبوو؟ خۆ خەریك بوو بمکوژن!. کە تەماشام کرد هەردوو چاوی بەجۆرێك ئاوسابوون، کە بە ئاستەم ناوی چاوی ئەبینران لەبەر سوری ئەو رەنگە شینە جوانەی چاوی شاررابونەوە، چواردەوری چاوەکانی بەجۆرێك رەشو شین ببونەوە هەروەك ئەوەی بۆ فیلیمی

ترسناك مكياج كرابن. كە باشتر لێی ورد بوومەوە بینیم لای ناوچەوانیشی بە دوو تەقەڵ دوراوەتەوە. من هەر سەیرم ئەکرد نەم ئەزانی ئەو ژنە بۆ وای لێ بەسەرهاتوە! ئەویش خێرا خێرا قسەی بۆ ئەکردم، بەڵام من هیچی لێ حاڵی نەئەبووم.

لە پڕێکا وتم:

ــ ئافرەت تۆزێك لەسەر خۆ قسەم بۆ بکە، من هیچ لە تۆ تێناگەم! نازانم تۆ بۆ وات بەسەر هاتوە! کێ وای لێکردیت؟ هیلین بە شپرزەیەکەی خۆیەوە وتی:

ــ رۆشناخان؟ ئەگەر پێت ئاساییە خواردنێکم بۆ داوا کە، من لەدوێنێوە هیچم نەخواردوە پارەم پێنییە! زۆریشم برسیە.! لە داواکاریەکەی هیلین زۆر سەرسام بووم!. بەڵام بێئەوەی هیچ پرسیارێکی لێ بکەم. وتم:

ــ باشە، بڕۆ بەدڵی خۆت داوای خواردن بکە، حەزت لە چیە من بۆت ئەکرم. بەڵام خێرا بۆم باس بکە، تۆ بۆچی وات لێ بەسەر هاتووە. هیلین هەستایە سەرپێ وا دیار بوو بە راستی زۆری برسی بوو. وتی:

ــ باشە، سوپاست ئەکەم. جارێ با بچم خواردنەکەم بهێنم، ئەوسا هەموو شتت بۆ باس ئەکەم.

هیلین زۆر بە هێواشی هەنگاوی ئەنا. تا گەیشتە لای ئەو کەسانەی، کە داواکارییەکەیان وەرئەگرت. بە هەمان شێوە گەڕایەوە لە سەر کورسیەکەی بەرامبەرم دانیشت. بە دەم نارەحەتییەکەوە وتی:

ــ وا هەست ئەکەم پەراسویەکم شکابێت، چونکە ناتوانم خۆم راست بکەمەوە. باشیش هەناسەم بۆ نادرێت. هەموو گیانم تێك شکاوە! من هەر زۆر بە سەرسوڕمانەوە تێم ئەڕوانی، بەڵام هیچم بۆ راست نەئەبووەوە، ئەبێت لە بەر چی هۆیەك ئەم ژنە داماوە وای بەسەر هاتبێت؟ ئەبێت چ جۆرە دڕندەیەك بەو شێوەیە ئەو ژنەی ئازار دابێت؟

وتم:
ــ دەی هیلین خان باسی کە. وا خواردنەکەشت بۆ یەت، ئێستا پێم بڵێ چی بووە؟ بوویت بە ژێر سەیارەوە؟

هیلین چاوێلکەکەی داکەند. بە دەم پێکەنینێکەوە وادیار بوو زۆری لەخۆی ئەکرد. وتی:
ــ توخوا ئەوە لەوە ئەچێت سەیارە کردبێتمی بە ژێرەوە! یان کەسێکی بێ ویژدان لێیدابم؟

وتم:
ــ دە باشە پێم بڵێ کێ؟ کێ لێی داوی؟ تۆ بە تەنها ئەژیت! وا نییە؟ من ئەزانم تۆ کەست نییە. جارێکیان خۆت بۆت باس کردم.

هیلین تۆزێك وەستاو ئینجا وتی:
ــ وەکو پێم وتیت، زۆرم برسیە با جارێ شتێك بخۆم ئەوسا هەموویت بۆ باس ئەکەم. لەو کاتەدا کچێکی باڵا بەرزی ئێسك سووك لە سەر سینییەکی درێژکۆلە سندویجێکی مریشكو قاپێك پەتاتەی سورەوەکراوو قاپێك زەڵاتەی کاهووی خستە بەردەم هێلێن. وتی:
ــ فەرموو خانم. هیلین زۆر بە خێرایی دەستی بە خواردن کرد. ئەوەندە پەلەی کرد، خەریك بوو خۆی بخنکێنێت. بە پەلە چووم پەرداخێك ئاوم بۆ هێنا. وتم:
ــ هیلین لەسەر خۆ خواردنەکەت بخۆ. کەی ویستت، قسەم بۆ بکە، من ئامادەم گوێت لێبگرم.

لەو کاتەدا من هەموو خەمەکەم رەنج گیان بوو، ئەوەی بە بیرمدا نەهاتبوو هیلینو کێشەی هیلین بوو. کەچی کاتێك بەخۆمزانی من خەمی خۆمم بیرچوبووەوە، هەوڵم ئەدا کەسێك ئارام بکەمەوە، کە

تەنها دراوسێیەکی بێگانەم بوو، هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان ئێمەدا نەبوو. بەڵام من دڵم زۆر پێی ئەسوتا تەنها لەبەر ئەوەی ئافرەتێکی تەنهاو بێکەس بوو. هیلین تەمەنی نزیکی شەست وحەوت ساڵ ئەبوو. تابڵێیت شوخ‌و شەنگ‌و جوان بوو. بەهیچ شێوەیەك تەمەنی پیوە دیار نەبوو، هەرچەندە زۆر دەستکورت بوو، بەڵام هەمیشە جلوبەرگی جوانی لەبەردا بوو، پاکوتەمیز ئەمبینی. هەموو کات هەستم ئەکرد شتێکی نادیار ئەیترسێنێت، بەگومانەوە لەهەموو کەسێکی ئەڕوانی، خۆی لە خەڵك بە دوور ئەگرت. ئێمە زیاتر لە دە ساڵ بوو دراوسێی یەکتر بوین، بەڵام هەرگیز کەسێکم نەبینیبوو سەردانی بکات، هەموو کات بە تەنها ئەژیا. ئەو زۆر حەزی بەنزیکی من ئەکرد، هەروەکو ئەوەی تەنها متمانەی بە من هەبێت، منیش زۆر دڵخۆش ئەبووم. هەندێك جار بە یەکەوە ئەچووینە کافتیریاو قاوەخانەکەی ئوم رەبیع لەوێ چاو قاوەمان ئەخوارد، بەڵام زانیاری زۆرم لەبارەی ژیانیەوە نەبوو. زۆر جار ئەو کاتی ئیشی درێژخایەن بوو. لەهەمان کاتدا منیش زۆر سەرقاڵی ژیانی خۆم‌و کوڕەکەم بووم، کاتم نەبوو هەتا خۆمی لێنزیك بکەمەوە. پێش چەند ساڵێکی رابردوو رۆژێکیان کە، لە هەرە رۆژە ناخۆشەکانی ژیانم بوو، لێرە لەهەمان قاوەخانەدا من هیلینم بینی. ئەو رۆژە من‌و رێبوار لەیەك جیابوینەوە. رۆژێکی زۆر سەخت‌و پڕلەئازار بوو. من بەتەنها لەگەڵ رەنج دانیشتبووم، ئەگریام. هیلین هەروەکو دڵی خەبەری دابێ، هات لەتەنیشتمەوە دانیشت. بێئەوەی پرسیارم لێبکات بۆ ئەگریم، ئەو دەستی  بە باسکردنی ژیانی خۆی کرد. مەبەستیشی تەنها ئەوە بوو، بە باسکردنی ئازارەکانی خۆی، لە ئازارەکانی من کەم بکاتەوە. لەو کاتەوە زانیم هیلین چەند ژنێکی خاوەن هەست‌و بەزەییە. هەمووکات رێزێکی

تایبەتم لێدەگرت. ئەو رۆژە کەمێك لە کاتە زۆر سەختەکانی ژیانی خۆی بۆ باسکردم. وتی:

ـ رۆشنا خان، حەز ئەکەم کەمێك کاتی خۆتم بەیتێ گوێ لەرابردوی منیش بگرێت. وتی، کاتی خۆی کەمنداڵ بووم دڵم بەکوڕە دراوسێیەکی خۆمانەوە بوو ناوی چارلی بوو، جوانترین کوڕی ئەوکاتە بوو. تابڵێیت شۆخو شەنگو لێهاتو بوو، لەناو گەڕەکو قوتابخانەکەدا دیار بوو، ئەوکاتە ئێمە تەمەنمان دوانزەساڵ بوو. ئەو کوڕە شۆخە لەقوتابخانەش هاوڕێیم بوو. لەو کاتەوە ئێمە بێئەوەی بەخۆمان بزانین یەکترمان خۆشویست. گەورە بووین خۆشەویستیەکەشمان لەگەڵمان گەورەبوو. وامان لێهات ناوبانگمان دەرکرد بە دووعاشقە جوانەکە. کاتی قوتابخانە بەیەکەوە بووین کاتێکیش قوتابخانە تەواو ئەبوو یان ئەو لە ماڵی ئێمە بوو، یان من لە ماڵی ئەوان بووم. ئێمە نەك هەر دوو خۆشەویستی یەکتربووین، بەڵکو ئێمە باشترین هاوڕێی یەکتریش بووین. هەموو خەڵکی گەڕەکو قوتابیەکان تەنانەت مامۆستاکانیش بەو عەشقەی ئێمەیان ئەزانی. کاتێك گەورە بووین خوێندنی ئامادەییمان تەواو کرد، هەر زوو هاوسەرگیریمان کرد. چارلی لەتەنیشت ماڵی باوکمەوە خانویەکی بچکۆلەی بەکرێ بۆگرتم، ساڵێك لە هاوسەرگیریمان تێپەڕی کوڕێکی زۆر جوانمان بوو. ناومان نا (ئادەم) دوای دووساڵی تر کچێکی وەکو بوکەشوشەمان بوو، ناومان نا (ئێما). جوانی ئادەم وئێما زیاد لە ئاستی سروشتی بوو، هەموو کات هاوڕێکانی منو چارلی، هەموو دراوسێکانیش، باسی جوانی ئەو مناڵانەیان ئەکرد. هیلین ئەی وت، جوانی مناڵەکانم بێ وێنە بوون. رۆژێکی هاوین بڕیاریان دا سەیرانێك بکەن، بەڵام زۆر دوورنەکەونەوە. خۆیان ئامادە کرد، رۆیشتن. ئەورۆژەیان زۆر

خۆش بەسەربرد، هەموو کاتەکە مناڵەکانی لەقەراغ دەریاکە خەریکی یاریو راکەڕاکە بوون. ئەوکاتە ئادەم تەمەنی پێنج ساڵ بوو، ئێما سێ ساڵ بوو. چارلی مێردیشی وەکو یەکەمجاری بێت هیلین ببینێت بەدرێژایی کاتەکە باسی خۆشەویستی خۆی بۆ دەکـات، باسی دوارۆژ چەند نەخشەی جوانی کێشا بوو بۆ خۆیان وبۆمناڵەکانیان، کاتێك گەورە دەبن. ئەورۆژە هیلین هەست بەشتێکی جیاواز ئەکات، لەگەڵ ئەو هەموو خۆشیەدا هەست بەدڵتەنگی دەکات. کات بەرەو تاریکی ئەڕوات هیلین ئەڵێت چارلی کاتمان درەنگ کرد، با ئیتر بەرەوماڵەوە بگەڕێینەوە. بەڵام چارلی ئەڵێت، گیانەکەم هێشتا کاتمان ماوە، با تۆزێکی تر لەم گەشتە خۆشە بمێنینەوە، نابینیت ئادەم وئێما چەند دڵیان خۆشە؟ با تۆزێکیتریش یاری بکەن، هەتاکو بەتەواوی ماندوو ئەبن، دواجار  کە ڕۆیشتینەوە تەواو هیلاکن، ئەوسا هەر زوو خەویان لێئەکەوێت. بەڵام کاتێك ئەگەڕێنەوە لە رێگا ئۆتۆمبێلێکی زۆر سەرکێش بە خێراییەکی زۆر دێتە سەر رێیان  تووشی کارەساتێکی جەرگبڕیان ئەکات. هەر لەو کاتەدا هەردوو کۆرپەلەکەی گیانیان لەدەست ئەدەن. چارلیش تاکو دوو رۆژ لە نەخۆشخانە ئەمێنێتەوە، بەڵام زۆری پێناچێت ئەویش بۆ هەتاهەتایی ماڵئاوایی لە هیلین ئەکات.

من ئەم چێرۆکەی هیلینم ئەزانی. کاتی خۆی بۆی باس کردم تاکو من خەمی خۆم لا ئاسان بێت، بێگومان ئەو کاتە بیستنی بەسەرهاتێکی بەو شێوەیە جەرگبڕ بەرامبەر کێشەکەی من هاوتا نەبوون. بۆیە من لە ناخمەوە زۆر دڵم بۆی ئەسووتا. چونکە دوای ئەو هەموو ساڵە، ئەو هێشا هەر باسی ئەکردن. هەموو جار ئەگریا. ئەی وت:

ــ هەموو شەو خەو بە مناڵەکانمەوە ئەبینم. هەموو ڕۆژ ئەیانبینم بانگم ئەکەن، بیرم ئەکەن، ئاخ خۆزگە زوو بۆ لایان ئەڕۆیشتم. من هەر کاتێك تەماشای ئەوم ئەکرد، ئەو بەسەرهاتەیم ئەکەوتەوە یاد. زۆر دڵم پێی ئەسووتا. هیلین خەریك بوو خواردنەکەی تەواو ئەکرد، هێشتا دەمی پڕ بوو لەخواردن، وتی:

ــ دوێنێ شەو تۆ ئاگات لێ نەبوو، (سکۆت) خەریك بوو بمکوژێت. هاتبوو داوای پارەی لێئەکردم وەکو من خاوەنی سەروەتو موڵكو ماڵەکەی باوکی بم. بە خوا من هیچم لا نییە. پارەم هیچ نییە، تەنها پارەیەك بێتە گیرفانم، هەر کرێی خانووە شڕەکەیە، کە وەری ئەگرم. هەر کاتێکیش کرێچیەکە شێت بوو، ڕۆیشت، ئیتر من بێ پارە ئەبم. ئەوسا نازانم چیم بەسەر دێت! ئیشەکەشم زۆر کەم بۆتەوە. هەر ڕۆژێك بێت دەرم ئەکەن! هێلێن لەبەر خۆیەوە ئەم قسانەی ئەکرد، بێ ئەوەی سەیری من بکات. ئینجا بۆ جارێکیتر چاوێلکەکەی داکەند. بە قووڵی سەیرێکی کردم. وتی:

ــ ئاخر، کە من شووم بە باوکی سکۆت کرد، ئەو هیچی وای نەمابوو، زۆربەی موڵكو ماڵەکەی دایەوە بە قەرزو گێچەڵەکانی دایکەشێتەکەی ئەودا. منیش هەر چەند گوێم لەو قسانەی هیلین ئەبوو زیاتر ئەکەوتمە گێژاوی بیرکردنەوە. دەمم داچەقا بوو، واقم وڕمابوو، بیرم ئەکردەوە تۆ بڵێی دوێنێ شەو لە توندو تیژی لێدانەکەی ئەقڵی لەدەست نەدا بێت! تۆ بڵێی ئەم شتانەی باسی ئەکات هەمووی ڕاستی بن؟ یان خەوی بینیبێت!؟ لەوانەشە ڕاست بن، بەڵام من ئاگاداری نەبم. ئاخۆ چەندی ڕاستی بێت، چەندیشی خەیاڵ. سەیرێکی گوماناویم کرد. تۆزێك لێی چوومە پێشەوە. وتم:

ــ هیلین خان، ئەگەر ئەم قسانەی باسیان ئەکەیت راستن لەوبڕوایەدای هەمووی دوێنێ شەو رویداوە، تکایە بە راستی بێ پێچ وپەنا هەموویم بۆ باس بکە. با منیش لێت تێبگەم. هیچ نەبێت ئاگادار بم. تۆ بێجگە لە چارلی، مێردی ترت هەبووە؟! ئەی تۆ کەی شووت کردەوە؟ تۆ ئەمانەت بۆ من باس نەکردوە. من تەنها کەمێك لە ژیانی تۆ ئەزانم. ئێستاش تۆ گومانێکی زۆرت لا دروست کردم. هیلین ئەمجارەش چاوێلکەکانی کردەوە چاوی بێدەنگ بوو. دەستی دایە پەرداخە ئاوەکەی و هەڵیقوڕاند دیسان بەدەستێکی لەرزۆکەوە چاوێلکەکانی داکەند وتی:

ــ ئەها سەیرکە، ئەو کافرە برِوای پێنەکردم هەرچی لەبەر دەستیا بوو بەسەرمیا کێشا، جانتاکەشی بردم. ئەو جانتایەم تەنها پێنج پاوەنی تیا بوو. دام نابوو بۆ خواردنی ئەمرۆ.

من چاوەڕێی وەڵامی گونجاو ترم ئەکرد، بەڵام هیلین هەرچی بەخەیاڵیا ئەهات، هەر ئەوەی ئەوت، منیش ناچار گوێم لێئەگرت، ئەمویست روداوەکان ببەستم بەیەکەوە تاکو بتوانم لە چیرۆکەکەی هیلین تێبگەم. ئەو بێوەستان قسەی ئەکرد، تەنانەت وەڵامی پرسیارەکانی منیشی نەئەدایەوە. منیش بێدەنگ و سەرسام گوێم لێگرت. دیسانەوە وتی:

ــ رۆشنا خان، گوێ لە من بگرە، تۆش وەکو من ژیانت لە مەترسیدایە! ئەگەر شوێنێکت هەیە ئەتوانیت بڕۆیت. بڕۆ. سەیرێکی تەواوی هیلینم کرد وتم:

ــ خانم ئەرێ تۆ ئاگات لەخۆتە؟ تۆ دڵنیای پێویستیت بە نەخۆشخانە نییە؟! هیلین ئەمجارە بەدەنگێکی بەرز قاقایەکی گەورەی لێداو وتی:

ــ نەخێر زۆر باشم، دوێنی شەو تا درەنگ لە نەخۆشخانە بووم، هەموو جۆرە پشکنینێکیان بۆ کردم. بۆچی مرۆڤ ئەگەر قسەی راست بکات ئەڵێن شێتە؟! وتم:

ـ ئەی بۆ وا ئەڵێی؟ بۆچی ژیانی منیش لەمەترسیدایە؟ من کێشەم لەگەڵ کەسا نییە. دیسان بەپێکەنییەوە وتی:

ـ ئەزانم. خۆ منیش کێشەم لەگەڵ کەسا نییە! بەڵام سەیرکە، ئەها تەماشام کە من چیم بەسەر هات! ئەگەر مستر (رۆسڵ) ی دراوسێمان نەبوایە من ئیستا لەیەکێك لەفریزەرەکانی نەخۆشخانەکاندا توندکرابووم، بە پەنچەگەورەی قاچمەوە پارچە کاغەزێکی بچکۆلەی پێوە بوو لێی نوسرابوو (هێلێن م هاردمان) مردوو. بەڵام وەکو موعجزە ئەوکابرایە فریام کەوت. ئیستاش نازانم چۆن ئەوکابرایە ئەو بێشەرەفەی راونا؟ چۆن پۆلیسی بانگ کرد. بەراستی من قەرزاری ئەو کابرا باشەم. ئەوە چەند ساڵیشە دراوسێمە کەچی تا ئێستا سڵاوێکم لێنەکردوە. تۆزێك لەقسەکردن وەستا ئینجا سەرێکی بادا خەریك بوو قسەبکات خێرا وتم:

ـ دەی باشە خۆ ئێسا سوپاس بۆ خوا تۆ ماویت! هیلین دەستی بە گیرفانی چاکەتە گەورەکەیدا کرد.

وتی:

ـ من ئەبێت بچم جگەرەیەك بکێشم، تۆ ناکێشیت؟ وتم:

ـ نەخێر فەرموو خۆت برۆ. هیلین سینییەکەی خۆی هەڵگرت دای بەدەست یەکێك لە خزمەتگوزارەکانی ئەوێ. رۆیشتە دەرەوە، لە پەنا یەکێك لە دیوارەکانی دەرەوەی قاوەخانەکە پاڵی دایەوە، دەستی بە جگەرە کێشان کرد. منیش لە پەنجەرەگەورەکەی کە ئەیڕوانی بەسەرجادەکەیا تەماشام ئەکرد، هیلین چاوێلکەکەی کردبووەوە چاوی. خێرا خێرا مژی لە جگەرەکەی ئەدا، وەکوو بیەوێت هەموو داخ ورقی خۆی بەو جگەرەیە دەرببڕێت، جارو باریش سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی ئەکرد. زۆر ترساو شڵەژاو دیار بوو. هەڵسوکەوتو قسەکانی هیلین

ترسێکی بێ هۆیان لە دڵی مندا دروست کرد. هەروەها چەند پرسیارێك کە چاوەڕوانی وەڵامی بووم بەڵام نازانم بۆ هێلێن خۆی لە وەڵام دانەوە گێل ئەکرد. خۆ تا ئەوکاتەش هیچی وای بۆ باس نەکردبووم، تابزانم بۆ وای لێهاتوە؟! من دەمێك بوو نسکافیەکەم تەواو کردبوو خەریك بوو برسیم ئەبوو بەڵام لەگەڵ خۆمدا بڕیارم دا بوو کە ڕۆیشتمە ماڵەوە خواردن دروست بکەم . لۆپتۆپەکەم داخست هەڵستام بڕۆم قاوەخانەکە بەجێبهێڵم. بەڵام وەك ڕەشەبا هیلین بۆ جارێکی تر گەیشتە سەرم وتی:

ــ ئەوە چیە خانم ئەتەوێت بڕۆیت؟ ئەی ناتەوێت بزانی من دوێنێ شەو چیم بەسەرهات؟ وتم:

ــ من پرسیاری زۆرم لێکردیت بەڵام؛ تۆ هیچ وەڵامێکت نەدامەوە، منیش ئیتر زۆرت لێناکەم، لەهەمان کاتدا هەوڵ ئەدەم زیاتر ئاگاداری ماڵی خۆم بم، ژمارەی تەلەفۆنی پۆلیسیشم هەیە لەهەموو شوێنێکی ماڵەکەمدا نوسیومە، بەڵام نازانم تۆ چۆن خۆت ئەپارێزیت؟ هیلین توند دەستی گرتم وتی:

ــ ڕۆشنا خانم تکایە مەڕۆ. من ئەمەوێت هەموو چیرۆکەکەی من بزانیت، ئەگەر ئەم جارە ئەو بێ ڕەوشتە هەڵیکوتایە سەرم تۆ ئاگادار بیت! وتم:

ــ هیلین خانم، هەرچیەکم بۆ باس بکەیت، من ناتوانم لەگەڵ مرۆڤێکی بەو جۆرە دڕندە و دڵ ڕەق هیچ شتێك بکەم. باشتر وایە داوا لە پۆلیس بکەیت یارمەتیت بدەن. من ئافرەتێکی بێدەسەڵات لەگەڵ مناڵێکدا چیمان پێئەکرێت؟ تۆ ئێستا منیشت خستە ترسەوە. هیلین گیان بڕوا بکە منیش لێرە لە تۆ بێکەس ترم. هیلین پێ ڕاگربوو لەسەرئەوەی کە ئەبێت گوێی لێبگرم.

# ١٨

وادیار بوو هیلین لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو بەدفەڕە بۆ جارێکی تریش هەراسانی ئەکاتەوە، ئەمجارە لەوانەیە بە سەلامەت دەرنەچێت. هەر لەبەر ئەو هۆیە حەزی ئەکرد من لە نزیکەوە ئاگاداری بم. لەهەمان جێگەی خۆم دانیشتمەوە وتم:

ـ دەی فەرموو، ئەوا دانیشتم بۆم باس بکە بابزانم دوێنێ شەو لە ماڵی تۆ چی رویدا؟ هیلین دانیشت بۆ کەمێك بێدەنگ بوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. وتی:

ـ راوەستە با تۆزێك خۆم ئارام بکەمەوە، ئا.. لە راستیدا نازانم چۆن دەستپێبکەم.! لەوەش ئەچێت باش بیرم نەیەت چی رویدا! هەر ئەوەنەم بیرە ئەو هەتیوە لەدەرگای شوقەکەی دا، من نوستبووم. ئینجا هیلین تۆزێك وەستا دەستێکی بۆ برینەکەی ناوچەوانی برد، ئنجا وتی:

ـ ئا.. ئا.. بیرمە، لەخەودا بووم بەڵام، گوێم لەدەرگاکەبوو زۆر بەتوندی لێیئەدرا. هیلین هەڵوێستەیەکی کرد وەکو دیسان بیر لەشتێك بکاتەوە. هەستم ئەکرد باش لەیادی نایەت چۆن و چی رویداوە؟ پرسیارم لێکرد وتم:

ـ چۆن لەدەرگا درا لە زەنگ؟ یان بە دەست لەدەرگای ئەدا؟ هیلین وتی:

ـ بە زەنگ؟ ئا.. زەنگ بوو، بۆیە منیش زۆر بێزار بووم خێرا دەرگاکەم کردەوە. وتم:

ـ ئەی لە چاوگەی دەرگاکەوە سەیرت نەکرد بزانی کێیە؟ هیلین وتی :

ــ نەخێر من خەواڵوو بووم هەر ئەوەندە دەرگام کردەوە، سکۆت وەکو گورگی برسی خۆی هەڵدایە ژورەوە. زۆر بەخێرایی هەردوو دەستی لە دواوە گرتم دەمانچەکەشی خستە سەرسەرم وتی، هەرئێستا پێم بڵێ پارەکانی باوکم لەکوێن؟ خێرا...پێمبڵێ.. دەی... ئەو پارانە لەکوێن؟ ها...لەکوێن؟ قسەبکە ئەگینا هەرئێسا ئەتکوژم! من باش نەم ناسیەوە. لەوکاتەدا تەنها ئەمتوانی بڵێم پارەی چی؟ من هیچم نییە. تۆ کێیت؟ باسی چیئەکەیت؟.

بەڵام، ئەو گوێی بەپرسیارەکانی من نەدا. زۆری لێدام. پێم وت، هەرئیستا بمکوژە. بەڵام هیچت دەست ناکەوێت، چونکە هیچم نییە. ئەویش زیاتر توورە ئەبوو زیاتر لێی ئەدام. وتم:

ــ هیلین؟ دەتۆ جارێ پێم بڵێ سکۆت کێیە؟ هیلین هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

ــ رۆشنا خان، من لەراستیدا هەموو شتێکم بە تۆ نەوتوە! تۆ زانیاریەکی باشت لەبارەی ژیانی رابردووی منەوە نییە. وانییە؟ وتم:

ــ بەڵێ، من لە بارەی ژیانی تۆوە شتێکی کەم شارەزام. بەڵام ئەگەر ئەتەوێت زیاترم بۆ باس بکەیت، ئەوە من گوێت لێئەگرم. ئێستا بۆم باس بکە.

هیلین بە دەم ئازارێکی زۆرەوە هەوڵی ئەدا پاڵ بداتەوە، ئەوسا باسەکەم بۆ بگێرێتەوە. وتی:

ــ دوای مردنی مێردەکەمو مناڵەکانم، زۆر تەنها بووم. ژیانم بووبوو بە دۆزەخ. ئەو کاتە بریارمدا بگەرێمەوە بۆ ماڵەکەی دایکم، بە یەکەوە بژین. دایکیشم لە ماڵێکی گەورەدا بە تەنها ئەژیا. کوتوپرِی

کارەساتی لەدەستدانی هەردوو منداڵەکانمو مێردەکەم بە جۆرێك کاریان تێکردبووم، کە زۆرینەی کاتەکان من ژیانم لە نەخۆشخانە بەسەر ئەبرد. خەفەتی مێردو منداڵەکانم تەواو بێ هێزو لاوازیان کردبووم، توانای ئیشم نەمابوو، شەو هەتا بەیانی خەریکی گریان بووم، خەوم نەمابوو، خواردنم واز لێهێنابوو، نازانم چۆن ئەژیام. هەموو رۆژ لە سەر قەبرەکانیان بووم، ئەگریام، قسەم لەگەڵ ئەکردن، چارڵی مێردم بە بەردەوامی لەگەڵم بوو. هەموو خەڵك وایان ئەزانی شێت بووم. بەڵام رۆشنا خان، بڕوام پێ بکە وا بوو. چارڵی ئەیویست لەگەڵما بمێنێتەوە دڵی نەی ئەهێنا جێم بهێڵێ. بۆ ماوەیەك بردیانمە نەخۆشخانەی شێتەکان لەوێ بەناوی چارەسەرکردنەوە زۆریان ئازاردام . ناچار ئیتر باسم نەکرد. بەڵام ئەو بێ عەقڵانە لە نەخوشخانە وایان زانی ئەوان چاکیان کردوومەتەوە. بەڵام هەموو کاتەکە تەنها کەسێك کە، لە نزیکەوە ئاگادارم بوو، بڕوای پێ ئەکردم هەروەها خەمخۆرم بوو، هەر دایکم بوو. ئەو جێگەی دڵئارامی وخۆشی من بوو. من تاقانەی دایكو باوکم بووم، خوشكو برام نەبوو. دوای دووساڵ دایکیشم دوابە دوای ئەوان بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد. من ئیتر تەواو سەرم لێشێوا نەمئەزانی چۆن ژیانی خۆم بەڕێوە بەرم. تەنها، نەخۆش، بێ ئیش، بێکەس مامەوە. مانگێك باش ئەبووم، سێ مانگ لەنەخۆشخانە ئەکەوتم. هەموو رۆژ ئەمویست کۆتایی بە ژیانی خۆم بهێنم. بەردەوام بیری منداڵەکانم ئەکرد، یادی ئەو رۆژانـەم ئەکردەوە، کە لەگەڵ مێردەکەمو منداڵەکانم بەسەرمان ئەبردن، ئەو تەنها کەسەش، کە دوای ئەوان هەمیشە ئارامی بە دڵو گیانم ئەبەخشی، دایکی خۆشەویستم، ئەویش نەما. بۆ لای ئەوان رۆیشت.. ژیانی من بێ ئەوان بێ مانا بوو.

جارێکی کە، دوای مردنی دایکم دیسان بۆ ماوەیەکی درێژ خایاند لە نەخۆشخانە مامەوە. ئەو کاتە هەرچی پارەیەك هەبوو لە نەخۆشخانە بەکارم هێنا بۆ دەرمان ودکتۆر. کاتێکیش پارەم نەما ناچار بە نیوە ساغو نیوە نەخۆش نەخۆشخانەم بەجێهێشت. هەوڵمدا گورِبدەمە خۆم هەرچۆنێك بێت، بەرەورِوی ئەو ژیانە سەختە ببمەوە.

## ١٩

دوو رۆژ بوو نەخۆشخانەم جێهێشتبوو هیچم پارە پێنەبوو زۆرم برسی بوو. ماڵەکەی دایکیشم هیچی وای تیادا نەمابوو، کە بتوانم بیفرۆشم، تەنها جێگایەکی نووستن‌و تاکێك کورسی نەبێت، هەموویم فرۆشتبوو بۆ دەرمان‌و خواردن، تەنها شتێك، کە بە بەردەوامی لەگەڵما بوو دڵم نەیئەهێنا بیفرۆشم ئەڵقەکەی چارلی‌ی مێردم بوو، لەگەڵ گوارە بچکۆلەکانی ئێما، کە بە بەردەوامی لە گوێمدا بوون.

بەڵام ئەو رۆژە برسێتی ئەوەندەی بۆ هێنام، کە بیر لە فرۆشتنی ئەویش بکەمەوە. هەرچەندە دڵم قرچەی لێوە ئەهات، بەڵام ئەو بەیانییە کە، لەخەو هەستام، ویستم پێش ئەوەی ئەڵقەکە بەرم بۆ فرۆشتن، برۆم بەرەو بەڕێوەبەرایەتیی دۆزینەوەی ئیش. بەڵکو ئیشێك بدۆزمەوە، هیچ نەبێت بتوانم دەرمان و خواردنی رۆژانەی پێ بکرم. لەدڵی خۆمدا وابڕیارم دابوو هەر ئیشێك هەبێت بیکەم. گەر پاککردنەوەی سەرجادەکانیش بێت. بەڵام، کە بە خۆمدا ئەمڕوانی، بە خۆمم ئەوت، من زۆر لاوازم تۆ بڵێی توانای هەموو ئیشێکم هەبێت؟! ئاخر گەر ئیشێکیش نەکەم، ئەی چۆن بەم شێوەیە ئەتوانم بژیم!؟ زۆر بە نائومێدی ملی رێگام گرتە بەر. هەر چەندە دڵنیا بووم لەوەی کەس ئیش بە یەکێکی وەکو منی نەخۆش‌و لاواز نادات. بەڵام هەرچۆنێك بێت بەرەو ئەو شەقامەی، کە ئەیگەیاندمە شوێنی کار دۆزینەوە بەهێمنی بەڕێ کەوتم. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا هەزار خەیاڵ بە بیرمدا هاتوچویان بوو. ئاخۆ ئیشێک هەبێت بۆ کەسێکی وەکو منی لاوازو بێدەسەڵات! ئاخۆ کەسێک هەبێت بەمن

رازی بێت کارێکم بداتێ؟ جار جار هەنگاوەکانم کورت دەبونەوە، هەندێك جاریش هەنگاوەکانم خێرا دەکرد. هەر وەکو ئەوەی ئیشێکی زۆر چاکیان بۆ ئامادەکردبم کەسێك چاوەڕوانم بێت. بەدەم ئەو خەیاڵانەوە کاتێکم بەخۆم زانی گەیشتمە بەردەرگای شوێنەکە. راوەستام. تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد. سەرجادەکان زۆر چۆڵ بوون. هێشتا بەیانییەکی زوو بوو. کەمێك تیشکی خۆرم ئەبینی کە لەژێر هەورەکانەوە خۆیان شاردبووەوە جارجاریش سەرەتاتکێیان ئەکرد. هەوایەکی نمچە سارد خۆی بە دەموچاومدا ئەکێشا وەکو دەستە لەرزۆکەکانی دایکم بێت کە لەپێش ساتەکانی ماڵئاواییدا بەرومەتمدا ئەیهێنا، وەکو ئەوەی پێمبڵێت، کچە خۆشەویستەکەم خەمت نەبێت ئاگام لێتە. لەو ساتەدا لەناخی خۆمدا هەستم بە بوژانەوەیەکی سەیر ئەکرد، وەکو ئەوەی هەست بەهێزێکی شاراوەی خواوەندی بکەم، سەرم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان وتم، خوای گەورە یارمەتی تۆم پێویستە. خوای گەورە پشت وپەنام بە، هێزو توانام پێویستە. لەو کاتەدا دوودڵو ترساو بووم لەوەی کە، کارم نەدەنێ. هەر چەندە جوانیش خۆم گۆڕیبوو، بەڵام هێشتا پاشماوەی نەخۆشیو لەدەستدانی کەسە خۆشەویستەکانم زۆر پێوە دیار بوو. لە پڕێکدا چاوم بە کابرایەك کەوت لەبەر دەرگاکە کەمێك دوور راوەستابوو. جگەریەکی بە دەستەوە بوو. سەرێکی هەڵبڕی. بە هێواشی بە دەم زەردەخەنەیەکەوە هاتەپێشەوە. وتی، بەیانیت باش خانم، ئەڵێی بەم بەیانییە زووە هاتویت بۆ ئیش ئەگەڕێت؟ منیش کە روانیم، بینم کابرایەکی زۆر شوخو شەنگە، زۆر جوان خۆی گۆڕی بوو، دەموچاو روخساری گەورەییو کەسایەتیەکی ناوداری پێوە دیار بوو، هەروەکو ئەوەی

کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەت بێت. چاکەت‌و پانتۆڵێکی رەنگ شینی تۆخ کراسێکی سپی‌و بۆیمباخێکی رەنگ شینو خۆڵەمێشی لەبەر بوو، هەر لە دورەوە بۆنێکی خۆشی لێدەهات. چاوەکانی گەورەو قاوەییەکی کاڵ بوون، رەنگی قژی ماشو برنج تێکەڵ بوو، وەکو تەمەنی لە ناوەڕاستی چلەکاندا بێت وابوو. من هێشتا وەڵامی یەکەم پرسیارم نەدابووەوە ئەو بە زمانێکی شیرن لەگەڵمدا کەوتە گفتوگۆ. لێی پرسیم:

ــ ناوت چییە؟ بۆچی هاتوویت بۆ ئەم شوێنە؟

کەمێك لە پرسیارەکانی شڵەژام، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو لە پزیشك‌و پەرستیار زیاتر کەسی کەم نەبینیبوو. ماوەیەکی زۆر بوو دابڕابووم لە ژیانی ئاسایی. بینینی کەسێکی وەکو ئەو پیاوەش بەو هەموو لێهاتوویەوە پرسیاری لە من ئەکرد، بەلامەوە سەیر بوو. بەڵام دوای کەمێك بیرکردنەوە لەوەی پێویست ئەکات. وەڵام بدەمەوە، یان نە؟ یان ئەو کەسە کێیە ئەو پرسیارانە لە من ئەکات؟ بە هەر حاڵ، لە وەڵامدا:

ــ وتم من ناوم هیلینە. ماوەیەك لەمەو پێش لە نەخۆشخانە بووم. تەندروستیم خراپ بوو. بەڵام ئێستا باشم، ئەمەوێت ئیش بکەم، تاکو بتوانم خۆم بەخێو بکەم. بە بۆنەی نەخۆشییەکەمەوە ئیشەکەی پێشووم لە دەست دا.

لەو کاتەدا من وەڵامی پرسیارەکانی ئەوم ئەدایەوە، ئەو بە توندی مژێکی لە جگەرەکەی دەستی داو بە پەلەپیتکەیەك جگەرەکەی فڕێدایە ناو باخچە بچکۆلەکەی سەر ڕێگاکە. ئەوسا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە هاتە پێشەوە. دەستی درێژ کرد. تەوقەی لەگەڵ کردم. وتی:

ــ خانم من ناوم ریچەردە. بەڕێوەبەری ئەم دەزگایەم. ڕۆژانە لێرە کاروباری خەڵکی بەڕێوەئەبەم. لەزۆر شوێنی جیاواز ئیشی زۆر جۆراوجۆرمان هەیە. بەڵام هێشتا زووە بۆ دەست بەکارکردن. هێشتا چارەکە کاتژمێرێکمان ماوە. تۆ بۆ وا زوو بۆ ئێرە هاتوویت؟ وا دیارە زۆر مەبەستتە ئیشێکت هەبێت. زەردەخەنەیەکی کرد. ئینجا وتی:

ــ وەك ئەتبینم تۆ ژنێکی زۆر گەنجو جوانیت. من حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم. من هەر ئێستا ئەتوانم ئیشی زۆر باشت بۆ بدۆزمەوە، ئەگەر متمانەم پێ بکەیت. کە گوێم لەو قسەیە بوو، لەخۆشییاندا وەخت بوو شاگەشکە بم. خێرا بێ بیرکردنەوە وتم:

ــ ئەی چۆن. بێگومان زۆر بڕوام پێتە. زۆریش ئەمەوێت ئیشێکم هەبێت. ئەویش لەوکاتەدا لەتەوقی سەرمەوە تا قاچەکانم بەوردی سەیری ئەکردن و تیی ئەڕوانیم. وتی:

ــ نازانم خاتو هیلین تۆ ئارەزوت لە چ جۆرە ئیشێکە بیکەیت؟

من لەو کاتەدا خەریك بووم هەنگاوم بەرەو دەرگای شوێنەکە ئەنا تابچمە ژوورەوە. ئاوڕێکم لێدایەوە وتم:

ــ هەرچی ئیشێك بێت من ئەیکەم. بەڵام ئەو بە منی وت:

ــ نەخێر خانم لێرە نا. ئەگەر ئەتەوێت ئێستا لەگەڵما وەرە با بڕۆین بەو کەسانەت بناسێنم، کە ئیشیان بۆ تۆهەیە.

تۆزێك سڵەمیمەوە خەریك بوو بڵێم لەگەڵتا نایەم، بڕوات پێناکەم، بەڵام هەر لە خۆمەوە هەستم ئەکرد ئەو کابرایە مرۆڤێکی راستەو حەزی بە یارمەتیی منە. بێ هیچ جۆرە ڕێگریەك لەگەڵیا کەوتمە ڕۆیشتن. هەر بە دەم ڕۆیشتنەوە ئەو باسی کارە زۆرەکانی خۆی بۆ ئەکردم. منیش تەنها گوێم بۆ قسەکانی ئەو ڕاگرتبوو. کاتێکم زانی

بەدەم قسەکردنەوە لەماڵەکەی خۆم نزیك بوومەتەوە. ئەو هێشتا لە سەر باسکردنی پەیوەندیە بازرگانییەزۆرەکانی وئیشەکانی کە هەرگیز کۆتاییان نایەت بەردەوام بوو. بە کورتییەکەی پیاوێکی زۆر دەست ڕۆیشتوو باڵادەست بوو. بەڵام تا ئەو کاتە باسی ئەو ئیشەی نەکرد، کە منی بۆ پێویستە. ئیتر من خەیاڵم لای قسەکانی نەما، چونکە ژیانی ئەو لای من هیچ گرنگ نەبوو. بەڵام تەنها شتێك من چاوەڕوانیم ئەکرد، ئەوە بوو پێم بڵێت ئەوە شوێنی ئیشەکەتە. ئێمە هەتا ئەڕۆیشتین من بەدەوری خۆمدا چاوم ئەگێرا. پرسیارم لە خۆم ئەکرد:

ــ ئەبێت ئەو شوێنە کوێ بێت؟ ئەبێت ئەو ئیشە چی بێت؟ ئاخۆ ئەو بازاڕە بێت؟ نا.. ئەو کتێبخانەیە! ئەی ئاخۆ ئەو دووکانی پێڵاوە بێت؟

لە پڕێکدا لە جیی خۆم وەستام. وتم:

ــ مستەر ریچەرد کوا شوێن؟ کوا ئیش؟ ئەوە تۆ گاڵتەت بە من کرد!؟ پێموتیت لەم کاتەدا من زۆر پێویستیم بە ئیشە. من زۆر بێ پارەم!. من پێویستیم بە دەرمانە. پێویستیم بە خواردنە تاکو بتوانم بژیم. ئەگەر ئیشت نییە گاڵتەم پێ مەکە.

هەر چەندە ئەو هەنگاوێك لە پێش منەوە بوو. خێرا راوەستاو ئاوڕێکی لێدامەوە. زۆر لە سەر خۆو بە هێمنی وتی:

ــ خانمەکەم حەز ئەکەم کەمێك بە ئارام بیت. بێگومان من لە تۆ تێگەیشتم. زۆر دڵم پڕ لە ژانە بۆ ئافرەتێکی وەك تۆ بەم شێوەیە ژیان ئەبەیتە سەر. بە راستی زۆر مەبەستمە یارمەتیت بدەم. تەنها ئەمەوێت کەمێك لە سەر خۆبیت. ئا.. بە راست ماڵتان لە کوێیە؟ لە کوێ ئەژیت؟!

بە دەستی ئاماژەی کرد بۆ کوڵانێکی بەرامبەرمان لەو شوێنەی لێی ڕاوەستابووین. وتی:

ـ ئەها.. سەیرکە. من لەو کۆڵانەی بەرامبەر ئەم جادەیە ئەژیم. هەرچی پێویستییەکت هەبوو، ئەتوانیت داوا بکەیت. دەرگای ماڵەکەمان ڕەنگی سوورە. تەنها ماڵەکەی من ڕەنگی دەرگاکەی سوورە. کەواتە ماڵەکەم زۆر دیارە. بە ئاسانیش ئەدۆزرێتەوە.

لەو کاتەیا من تەواو تووڕە ببوم. وتم:

ـ من پرسیاری ئیشم لێکردیت. من بۆچیمە بزانم ماڵی تۆ لە کوێیە؟ وا دیارە تۆ کابرایەکیت گاڵتە بە من ئەکەیت!

دڵم پڕ بوو لە گریان. بە خێرایی هەنگاوم نا بڕۆم. ئەویش دیسانەوە زۆر بە نەرمی بانگی لێکردم. وتی:

ـ هیلین خان بۆ تووڕە بوویت؟ تکایە ئارام بە. ئەوەتا لە شوێنی ئیشەکەت نزیکم کردیتەوە، چاوەڕێ بکە. هەر ئێستا شوێنەکەت پشان ئەدەم.

هەر، کە گوێم لەوقسانە بوو، خێرا لە جێی خۆم ڕەق ڕاوەستام. ئاوڕێکم لێدایەوە. وتم:

ـ کوانێ شوێنی ئیش کوا؟ ئادەی خێرا پشانم بدە. کوان ئەو کەسانەی، کە ئیشکەریان ئەوێت؟

ئەمجارە ریچەرد بە دەنگێکی بەرز قاقایەکی لێدا. وتی:

ـ وا دیارە زۆرت پەلەیە! ئەگەر حەز ئەکەیت ئەتوانم هەر ئێستا بتبەم بۆ شوێنی ئیشەکە. بە هەموو ئیشکەرەکانت بناسێنم. ئەها ئەوەتا لە جادەکەی لای بانقەکە لەو کۆڵانەدا ڕێستورانتێکی لێیە. ئیشکەرێکیان ئەوێت. بۆ قاپ شتنو پاککردنەوەی شوێنەکە.

بەڵام پارەی باش ئەدەن. خەڵکەکانی ئەوێش هەموو هاوڕێمن. بە تایبەت خاوەنی ریستورانتەکە. هاوڕێیەکی زۆر نزیکە. هەموو کات داواکارییەکانم پەسەند ئەکات.

بە دەم زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکم کرد. وتم:

ــ ئەوە بە راستە؟

وتی:

ــ بێگومان زۆر بەراستمە.

وتم:

ــ زۆر باشە. زۆرم پێویست بە ئیشە. ئەگەر ئەیانەوێت، ئێستا ئەڕۆم.

ریچەرد دیسان پێکەنی. وتی:

ــ هیلین خان وادیارە زۆر بێ پارەیت!

لەو کاتەدا شەرم گرتمی. سەرم دانەواند. چاوم پڕ بوو لە فرمێسک. وتم:

ــ بەڵێ زۆرم پێویست بە پارەیە. پێش ئەوەی تۆ ببینم، بڕیارم دابوو بڕۆم ئەڵقەی مێردە مردوەکەم بفرۆشم. ئەو مێردەم، کە یەکەم خۆشەویستم بوو.

بەڵام ریچەرد نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. وتی:

ــ خانمەکەم. تکایە پێویست ناکات ئەڵقەی خۆشەویستەکەت بفرۆشیت. لەوانەیە ئەوە تەنها یادگارییەك بێت، کە لای ئەو بۆت بەجێ ماوە. تکایە پاریزگاریی پێوە بکە. هەندێك جار شتێکی زۆر بچووك دڵمان زۆر خۆش ئەکات.

ئینجا ریچەرد تۆزێك خۆی رێككردەوە. دەستی بە گیرفانی بەر باخەڵەكەیدا كرد. جزدانێكی دەرهێنا. وتی:

ــ هیلین خان، حەز ئەكەم ئەم تۆزە پارەیەم لێ وەربگریت. هەر كاتێك دەستت بە كاركردن كرد، ئەتوانیت بۆم بگێڕیتەوە! بەشی خواردنی چەند رۆژێكت ئەكات. هەر ئێستا بڕۆ خواردنێكی خۆشی پێبكڕە بە دڵی خۆت. بازاڕێكیش بكە. منیش ئەبێت بگەڕێمەوە بۆ ئیش. بەڵام بیرت نەچێت بەیانی زوو بچۆ بۆ رێستورانتی (خواردنە بەتامەكان). ئەوان بەیانییان كاتژمێر حەوت دەست بەئامادەكردنی خواردنی بەرچایی ئەكەن. تۆش ئەبیت ئەمڕۆ خۆت ئامادە بكەیت. بەیانیی زوو لەوێ بیت.

وتم:

ــ چۆن ئەبێت هەر خۆم بچم؟ ئەی ئەوان خۆ من ناناسن؟

بە هەرحاڵ، ریچەرد وتی:

ــ بەیانی تۆ، بۆ لای مستر پیتەر بڕۆ. ئەو لەوێ بەڕێوەبەرە. پێی بڵێ:

ــمستر ریچەرد ناردوومی. هاوڕێی ئەوم. ئیتر تۆ ئیش وەرئەگریت.

زۆر دڵم خۆش بوو. وەخت بوو لە خۆشییاندا باڵم ئەگرت. بە پەلە خواحافیزیم لێكرد. خێرا چووم خواردنم كڕی‌و گەڕامەوە ماڵەوە. لە خۆشیانا شەو خەوم لێ نەئەكەوت.

# ٢٠

بەیانی زوو خەبەرم بووەوە. خۆم ئامادەکرد. جلێکی جوانم لەبەر کرد. هەر وەکو مستر ریچەرد پێی وتم، ڕۆیشتم بەرەو ڕێستورانتی (خواردنە بەتامەکان). زۆر نزیکیماڵەکەی خۆم بوو. بەڵام زۆر لام سەیر بوو، کە تائەوکاتە ڕێم نەکەوتبووە ئەو ریستورانتە! کە گەیشتمە ئەوێ، پرسیاری مستر پیتەرم کرد. هەر زوو خۆم پێناساند. پێموت:

ــ مستر ریچەرد منی بۆ لای تۆ ناردووە.

ئەویش بەڕێزەوە پێشوازی لێکردم. چەند پرسیارێکی لێکردم، هەموویم بە جوانی وەڵام دایــەوە. سەرسام بــووم، کە ئیشێکی چاوەڕواننەکراوی پێ ڕاسپاردم. وتی:

ــ ئێمە لەم کاتەدا پێویستیمان بە کەسێکە، کە توانای بە سەر ژمێریاریدا بشکێت. تۆ ئەتوانیت؟ منیش بەبێ هیچ دوودڵیەك وتم:

ــ بە خۆشحاڵییەوە.

من لەو ڕۆژەوە ئەو ئیشەم وەرگرت، هەموو ڕۆژ ئەچوومە سەر ئیش بێ کێشە.

# ٢١

هیلین لە پڕێکدا وەستا. دەستێکی بە گیرفانی پاڵتۆکەیدا کرد. پاکەتو شقارتەکەی دەرهێنا. وتی:

ــ رۆشنا خانم، با بچینە دەرەوە. جگەرەیەکم لەگەڵدا بکێشە. خۆ بە دانەیەك فێری جگەرەکێشان نابیت.

وتم:

ــ نا.. هیلین خان، ئەزانم فێر نابم. بەڵام حەزم لە بۆنەکەی نییە. تۆش خۆت بگرە خێرا بەسەرهاتەکەم بۆ تەواو بکە. من ئەبێت بڕۆمەوە. تۆزێکی‌تر رەنج لە قوتابخانە ئەگەڕێتەوە.

هیلین سەیرێکی کردم، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ئەو قسەیە نەبووبێت. وتی:

ــ کەواتە بۆت باسکەم دوای ئەوە چی بوو؟

وتم:

ــ بەڵێ پێم بڵێ ئەم بەسەرهاتە پەیوەندیی بە لێدانەکەی دوێنێ شەوەوە چیە؟

هیلین سەرێکی باداو وتی:

ــ بەخوا لەوە ئەچێت تۆش کەسێکی بێ ئارام بیت. باشە ئێستا هەموو شتت بۆ باس ئەکەم، ئەوسا ئەزانیت پەیوەندیەکە چییەو چۆنە. دە تۆ گوێ بگرە بزانە چی ئەبیستیت.

هیلین تۆزێك خۆی راست کردەوە پاکەتو شقارتەکەی لە لاوە لە سەر سووچێکی مێزەکە دانا. وتی:

ــ بۆ ماوەیەك منو ریچەرد هەموو ڕۆژ یەکترمان ئەبینی. زۆربەی ئیواران بۆ نانخواردن خۆیو چەند هاوڕێیەکی بۆ ئەو ریستورانتەی کە من ئیشم لێ ئەکرد ئەهاتن نانیان ئەخوارد تاکاتێکی درەنگ ئەمانەوە. هەندێك جاریش دوای نانخواردن لە رێستورانتەکە ئەهاتە ژوورەکەی منو بەناوی سەردانو هەواڵپرسینەوە کاتێکی باش لام دائەنیشت، باسی خۆی بۆ ئەکردم. من لەژووری ژمێریاری ئیشم ئەکرد. ئەوکاتانە هەستم ئەکرد خەریکە هاوڕێیەتیمان بەرەو پتەوی ئەڕوات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باسەکانمان زیاتر قوڵ دەبونەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بڕوام پێی ئەبوو. ئەویش زیاتر رێزی لێئەگرتم. هەموو جار پێش ئەوەی کۆتایی بەباسەکانی بهێنێت ئەیوت:

ــ هیلین خان من شانازیت پێوە دەکەم، بەڕێوەبەرەکەت زۆر لێت رازیە. ئەڵێت ئیشکەرێکی باشو زیرەکە.

هەندێك جار هەستم ئەکرد مستەر ریچەرد زیاتر لە هاوڕێیەك پیویستی بە من بوو. بەڵام من ئەو هەستانەی خۆم خەواندبوو، چونکە چارلی هێشتا تا ئەو کاتانەش لە قووڵایی ناخمدا ئەژیا. جگە لەوەش چاکی ئەو پیاوەش وای لە من کردبوو بە هەموو جۆرێك لە هەستی درۆی خۆم بیپارێزم. کاتێك ئەو چاوەڕێی تەنها یەك وشەی لە منەوە ئەکرد. وردە وردە هاوڕێیەتیمان وای لێ هات، هەر کاتێك یەکترمان ئەبینی، دڵمان خۆش ئەبوو. تا کاتێکی درەنگ قسەمان ئەکرد. ئەو هەموو کات باسی بەسەرهاتە سەیرەکانی خۆی بۆ ئەکردم. منیش باسی ژیانو بەسەرهاتە ناخۆشەکانی خۆمم بۆ ئەکرد. زۆر بە دڵێکی فرەوانەوە گوێی بۆ رائەگرتم. هەندێك جاریش ئامۆژگاریی ئەکردم.

هەموو جارێك قسەكەی دایكمم بیر ئەكەوتەوە، كە پێی ئەوتم:

ــ ئێمە لە ژیانماندا خەڵكی جۆراوجۆر دێنە سەر رێگەمان. هەندێكیان خۆشیو شادی بە ژیانمان ئەگەیەنن. هەندێكیشیان وەكو وانەی قورسو ناخۆش تێدەپەڕن. بەڵام ئەگەر زیرەك بیت، ئەتوانیت خۆشییەكە بپارێزیت؛ كەڵكیش لەوانەكە وەربگریت.

# ٢٢

مستەر ریچەرد ئەو کەسە باشە بوو، کە بە هەموو هێزێکمەوە ئەمویست پارێزگاری لێ بکەم. هەر چەند پێم ئەوت:

ـ تۆ پیاوەتیت لەگەڵ من کردووە!

ئەو پێی ئەوتم:

ـ نەخێر من کارێکی مرۆییم کردووە. هەرچیەکم لەگەڵ کردبیت من بە ئەرکێکی سەرشانی خۆمم زانیوە. پێویستە ئێمە تا ئەتوانین یارمەتی یەکتر بدەین بێ چاوەڕێکردن لە پاداشت.

هەموو کاتێك ئەیوت:

ـ مرۆڤ هەرگیز نابێت باسی چاکەیەك بکات، کە بەرامبەر بە کەسێك ئەیکات، چونکە بە بڕوای من باسکردنی وەکو ئەوە وایە هیچی نەکردبێت. ئێمەی مرۆڤ، هەتا لە ژیاندا بین، نازانین چیمان تووش ئەبێت! چی شتێك چاوەڕێمان ئەکات! هەروەها نازانین پێویستیمان بە کێ ئەبێت، رۆژێك دەستمان بگرێتو یارمەتیمان بدات. لەبەر ئەوە، هەتا ئەتوانیت چاکە بکە. چاوەڕوانی بەرامبەریش مەبە. هەرگیزبۆ هیچ کەسێك باسی کردەوە باشەکانیشت مەکە.

مستەر ریچەرد، جگە لەوەی، کە بەڕێوەبەری رێکخراوی ئیش دۆزینەوە بوو، هەروەها یەکێك بوو لە بازرگانە ناودارەکانی شاری لەندەن. لە کارەکانیدا زۆر سەرکەوتوو بوو. جارێکیان پرسیارم لێکرد. وتم:

ـ چۆن بەو جۆرە سەرکەوتوو بوویت؟ من لەو بڕوایەدابووم،

که مرۆڤ، ئەگەر چەند جارێك نەکەوێت، ناتوانێت بەو جۆرە سەرکەوتوو بێت.

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ــ زۆر راستە. مناڵ کاتێك پێ ئەگرێت، تا چەند جارێك نەکەوێت وتوشی ئازار نەبێت، ناتوانێت بڕوات. منیش هەر وەکو ئەو منداڵە سەرەتا چەند جارێك کەوتوم، توشی زیانی گەورەش بووم، بەڵام هەوڵم داوە هۆکاری ئەو کەوتنەم بزانم. چونکە؛ کاتێك هۆکارەکە ئەزانیت ئەوسا سەرکەوتنت ئاسان ئەبێت. کەواتە پێویستە ئێمە لە هەڵەکانی خۆمان پەند وەربگرین.

هەموو جارێك من شتێکی بە کەڵك لە مستەر ریچەردەوە فێر ئەبووم. لە هەمان کاتدا ئەمزانی، کە ریچەرد هەستی خۆشەویستی بۆ من هەیە. بەڵام ئەو خاوەنی خێزان بوو. هەر چەندە زۆر بەکەمی باسی ئەکرد. تەنها یەك جار پێی وتم:

ــ منداڵی نەبووە. توانای منداڵبوونی نییە، بەڵام ژنەکەم کوڕێکی هەیە، کە زۆربەی کات لە مەیخانەکان کات بە سەر ئەبات. ئەویش ناوی سکۆتە.

وتم:

ــ کەواتە ئەو سکۆتەی، کە دوێنێ شەو هاتە سەرت، داوای پارەی لێکردیت؟

هیلین بە سەر لەقاندنێکەوە وتی:

ــ بەڵێ خۆیەتی!

وتم:

ــ ئێ باشە؟ ئەو بۆ داوای پارە لە تۆ ئەکات؟

هیلین وتی:

ــ هێشتا باسەکەم زۆری ماوە. دوای ئەوەی منو ریچەرد بۆ ماوەی چەند ساڵێك یەکترمان ناسی. من باری ئابووریم بەرەو باشی ئەڕۆیشت. خانوەکەی، کە تیایدا ئەژیام، لەبەر ئەوەی خانووی ماڵی باپیرم بوو، زۆر کۆنو داررووخاو بوو، دەستم بە چاککردنی کرد. ئەوکاتە پێویستی ئەکرد کاتی ئیشکردنم درێژ بکەمەوە. من زۆر خۆم ماندوو ئەکرد. پارەیەکی باشم دەستگیر ئەبوو. بەڵام خەرجکردنم کەم بوو. زۆربەی کات من هەر لە رێستورانتەکەی کە ئیشم تیادا ئەکرد، نانم ئەخوارد. دیسانەوە پاش ماوەیەك مستر ریچەرد ئیشێکی باشتری بۆ دۆزیمەوە لە شوێنێکی کە. پێیان ئەوت بانقی سەوز. بە ژمێریار دامەزرام. هەر لەو کاتەدا دەستم بەخوێندن کردبوو. ماوەیەك لە زانکۆ بە شەو ئەمخوێند. هەر چەندە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام هەموو کاتەکەی خۆم سەرقاڵ کردبوو بە ئیشکردنو خوێندنەوە. کاتێك ئەگەیشتمە ماڵەوە، هەندێك جار ئەوەندە ماندوو بووم، توانای خواردنیشم نەبوو، تەنها شەکەتی ئیشو خوێندنەکەم بووم. هەندێك جار خێرا خەوم لێئەکەوت بێ ئاگا تاکو رۆژی دوایی. پاش ماوەیەك بەڕیوەبەری بانقەکەی، کە ئیشم لێئەکرد، داوای لێکردم بە شێوەیەکی کاتی ببم بە یارمەتیدەری. منیش بە دڵخۆشیەوە پەسەندم کرد. باری ئابووریم رۆژ بە رۆژ بەرەو باشی ئەڕۆیشت. خۆشم نازانم لەو کاتەدا چۆن ئەوەندە بەخت یاوەرم بوو. هەروەکو ئەو کابرایە بۆ من توورەکەی بەخت بووبێت. بەڵام پێویستە راستییەکت پێ بڵێم، ئەویش ئەوەیە هەموو شەوێك دوای ئەو هەموو ماندوبوونە، کە بۆ

ماڵەوە ئەگەڕامەوە، هەر چەندە وردە وردە خەریك بوو بە کەلوپەلی جوانو گرانبەها پڕم ئەکردەوە، بەڵام هیچی دڵی منیان خۆشو ئارام نەدەکردەوە. هەموو کات دەموچاوە ناسكو وردیلەکانی مناڵەکانم لەبەر چاوم لا نەدەچوون. هەموو کات ئاواتە خواز بووم، کە لەو ماڵە خۆشەدا لەگەڵ من بژیانایە. ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەر چاوی خۆم گەورە بوونایە. بەڵام داخەکەم وانەبوو. زۆر زوو بەجێیانهێشتم. هەرچی کاتێکیش لە سەر جێگاکەم لەشی ماندوو شەکەتەم رادەسخت، هەستم بە دەستە قورسو بەهێزەکانی چارڵی خۆشەویستو لەیاد نەچووم ئەکرد، کە لە ناوقەدم دەیئاڵاندو ورد ورد ماچی لا ملی ئەکردم. جار جارێکیش بە گوێمدا ئەیچرپاند. ئەیوت:

ـ نازدارەکەم، زۆرم خۆش ئەوێیت. خۆزگە ئەوەندە تەمەنم درێژ بووایە تاکو تێر خۆشەویستیم بکردیتایە. خۆزگە بمتوانیایە هەموو خەونەکانتم بەدی بهێنایە. خۆزگە بمتوانیایە، هێندەی گەورەیی‌و جوانی خۆت بەختەوەرو دڵخۆشم بکردیتایە.

هەموو شەوێك من بە دەم گریانەوە چاوەکانم لێك ئەناو خەوم لێئەکەوت. ئاخ چەندم بیر ئەکردن. هەموو شەوێك من بە خەیاڵی چارلی ئەنووستم. بەیانیانیش بە دەنگی پەپوولەکانم بە ئاگا ئەهاتمەوە. کاتێك بە دەستە بچکۆلەکانیان یارییان بە پرچەکانم ئەکرد، گوێم لێبوو بە دەنگە ناسکەکانیان ئەیانوت:

ـ دایکە.. دایکە.. بیرت ئەکەین.. بیرت ئەکەین.

ـ ڕۆشنا خان بڕوا بکە هەموو ڕۆژێك من سەد جار ئەمردم، ئاخ ئەو ڕۆژانە چەند بە ئازاربوون.

هیلین هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا چاوی فرمێسکی لێ ئەباری. هەر، وەکو ئەوەی ئەو ساتە منداڵەکانی گیانیان لە دەست دابێت. دڵم زۆر پێی سووتا.

وتم:

ـ هیلین خان، تکایە خۆت ئەوەندە بێزار مەکە. ئەوان هەرگیز لای تۆ نامرن. هەمیشە لە دڵو هەستو هۆشی تۆدا ئەژین. ئەوان ئیستا یەکێکن لەو پەپولە بچکۆلەو جوانانەی بەهەشت، لە باوەشی پەریەکاندا پەروەردە ئەبن. تکایە خۆت بێزار مەکە. هەر کاتێك خوای گەورە ویستی بە یەکتان بگەیەنێت تۆش ئەو کاتە بۆ هەتاهەتایی لە باوەشیان ئەگریت. ئیستاش ئەتوانیت لە هەموو شوێنێك بیانبینێت، هەستیان پێبکەیت. خۆشەویستی ئەوان بۆ تۆ بێ کۆتاییە. تۆش بە هەمان شێوە. کەواتە خۆت خەمبار مەکە.

بە دەم بزەیەکەوە وتم:

ـ دەی هەتا زووە بەسەرهاتەکەم بۆ تەواو بکە.

هیلین بە دەسڕەکەی چاوەکانی وشککردەوە. جارێکیتر چاوێلکەکانی خستەوە سەر چاوی. وتی:

ـ ئەو پارەیەی، کەدەستم دەکەوت بە جۆرێکی دیاری کراو باری ژیانمی گۆڕیبوو، بەڵام هەرگیز دڵمی خۆش نەدەبرکرد. من ئەو کاتە زانیم هیچ کاتێك پارەو سامان دڵت خۆش ناکاتو هەرگیز بەختەوەریشت ناکات.

# ٢٣

لە پڕێکدا بۆ ماوەیەك مستەر ریچەردم نەبینی. هەر وەکو ئاسمان هەڵیکێشابێت، یان عەرز قووتی دابێت. ئەو پیاوە هیچ دیار نەما! هەواڵی نەما! زۆر جار بیرم ئەکردەوە، کە بڕۆم بۆ ماڵەکەی، هەواڵی بپرسم. بەڵام خۆم بە خۆمم ئەوت:

ـ نابێت ژن بچێت بە دەم پیاوەوە بە دوایدا بگەڕێت. چاکتر وایە چاوەڕێ بم تاکو خۆی دەرئەکەوێت. رۆژێکیان لە ماڵەوە بووم، کە ئەوەش بە دەگمەن دەست ئەکەوت. ئەو ماوەیە زۆر سەرقاڵی ئیشکردن بووم. هەستم بە هیلاکیەکی زۆر ئەکرد، چونکە ماوەیەکی دوورو درێژ بوو پشووم وەرنەگرتبوو. بە تایبەت ئەو رۆژە خۆم ئامادە ئەکرد لەگەڵ هاوڕێ تازەکەم بچمە دەرەوە. ماوەیەك بوو یەکترمان ئەناسی. زۆر جار داوای ئەکرد جارێك ژوانێکم لەگەڵدا ساز بکات. زۆر جار باسی ئەو هەستە سەیرەی خۆی بۆ ئەکردم، کە خۆشی تا رادەیەك بڕوای پێ نەبوو. ئەو کابرایە ناوی ستیڤ بوو. ماوەیەك لە ئیش پێکەوە بووین. چەند جارێك داوای ئەکرد، کە ماوەی پێ بدەم بۆ ئەوەی زیاتر بمناسێتو زیاتر لێم نزیك ببێتەوە. منیش هەموو جار وەڵامم ئەدایەوە، کە من نامەوێت هیچ پیاوێك جارێکیتر بێتە ژیانمەوە. چونکە ناتوانم بەختەوەری بکەم. بەڵام پاش ئەوەی، کە زۆر هەستم بە تەنهایی ئەکرد، بڕیارمدا کاتێك بە خۆم بدەم. دوا جار، کە باسی کردەوە، رازی بووم لەگەڵیدا بچمە دەرەوە. بڕیارماندا، رۆژو کاتی دیاری کراومان دانا. ئەو رۆژە، کە کاتی ژووانەکەمان هاتبوو، پاش نیوەڕۆیەکی سارد بوو. هەور ئاسمانی گرتبوو. بە جۆرێك هەر لە

خۆتەوە هەستت بە دڵتەنگیەکی یەکجار زۆر ئەکرد. بەڵام بە ناچاری دەرگای کەنتۆرەکەم کردەوە، زۆر بێ تاقەتانە بە ناو جلەکانمدا ئەگەڕام. حەزم ئەکرد، جلێکی جوان لەبەر بکەم. کراسێکی سووری تۆخ تێکەڵ بە رەنگی رەش، کە دەمێك ساڵ بوو هەر بە ناو کەنتۆرەکەوە هەڵواسرابوو. دەرمهێناو لەبەرم کرد. تۆزێك دەستم بە پرچەکانمدا هێنا. کەمێك سووراوم کرد. خەریك بووم پێڵاوەکانم لە پێ ئەکرد. لە پڕێکدا زۆر بە توندی لە دەرگا درا. لەو کاتەدا من چاوەڕێی کەسم نەدەکرد. بەڵام رۆیشتم دەرگاکەم کردەوە. سەیرم کرد ریچەرد بوو. کە چاوم پێکەوت، زۆر سەرسام بووم. زۆر بە خێرای، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، خۆی کرد بە ماڵدا. خۆی هاویشتە ناو ژووری دانیشتنەکەوە. منیش بێدەنگ تەماشام ئەکرد. نەمزانی بۆ بەو جۆرە ئەو شپرزەو بێ ئارامە. پێش ئەوەی من هیچ پرسیارێك بکەم، ئەو بە دەنگێکی پڕ لە ترس‌و شڵەژانەوە وتی:

ـ هێلێن خان، ئەو دەرگایە داخە. تکایە بمشارەوە! خێراکە بمشارەوە.!

منیش واقم وڕمابوو. هەر سەیرم ئەکرد. نەمئەزانی بۆچی وا ئەڵێت؟ نەمزانی مەبەستی چییە؟ یان بۆچی بیشارمەوە؟ چی لێبکەم، چۆن بێشارمەوە؟ بۆ بیشارمەوە؟ بەسەرسوڕمانەوە تەماشام ئەکرد، بەدەم ئەو خەیاڵانەوە بەرەو دەرگاکە رۆیشتم بەتوبدی پاڵێکم بەدەرگاکەوە نا دامخست. ئەویش بە ناو ماڵەکەدا هەر ئەهات‌و ئەڕۆیشت. ئەیوت:

ـ چییە، شوێنێکت نییە بچمە ناوی؟ ئەم ماڵە زۆر گەورەیە. دەی خێراکە. بەخوا بمبینن هەر، ئیستا ئەمکوژن! دەی لەگەڵ تۆمە! کچێ چیتە؟ بۆ وا سەیرم ئەکەیت؟ لەگەڵ تۆمە.. بۆ وا راوەستاوی؟ دەی بجووڵێ. من ئەڵێم ئەمکوژن!

منیش هەر لە بەردەم دەرگای ژووری دانیشتنەکەدا لە جێی خۆم ڕەق وەستابووم. بڕوام نەدەکرد ئەوە مستر ریچەرد بێت.! خۆم بە خۆمم ئەوت:

ــ تۆ بڵێی ئەمە ئەو مستر ریچەردە بێت، کە منی لە هەژاری رزگار کرد؟ تۆ بڵێی ئەوە ئەو پیاوە باشە بێت، کە ژیانی منی گۆڕی لە کەسێکی نەخۆش‌و بێ دەسەڵاتەوە بۆ کەسێك، کە بتوانم ژیانی ئەو لەمەترسی رزگار بکەم؟!

زۆر لام سەیر بوو. ئەو کاتە زانیم هیچمان ژیانمان ئاسوودەو بێ گیرو گرفت نییە. هەموو کەسێك شتێك لە ژیانیدا هەیە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی نائارامیی‌و سەرلێتێکدانی. بەڵام لەو کاتەدا من هیچ شتێك بە مێشکمدا نەئەهات. ئەبێت ئەو ترسە چی بێت، کە وای لەو پیاوە کردبێت بەو جۆرە هەڵبێت‌و هاوار بۆ کەسێکی وەکو منی بێ دەسەڵات بەرێت، تاکو ژیانی خۆی لەو مەترسییە گەورەیە بپارێزێت. ئەو هەر لێم ئەپاڕایەوە، کە لە قوژبنێکی ماڵەکەمدا بیشارمەوە. منیش بە جۆرێك شڵەژابووم، زمانم گۆی نەئەکرد. قاچم، دەستم، هەموو گیانم لە جووڵە کەوتبوون.

ــ ئەی خوایە تۆ بڵێی ئەمە خەو بێت، یان راستییە؟

لەپڕێکدا هەستم بە دەستە گەورەکانی مستر ریچەرد کرد بە توندی رایوەشاندم. وتی:

ــ ئەوە تۆ چیتە ژنەکە، بۆ وا بێ وەڵامیت؟ بڕوا بکە ئەگەر بچمە دەرەوە ئەمکوژن. گوێت لێمە؟ ئەمکوژن. دەخێرا پێم بڵێ بڕۆمە دەرەوە؟ یان ئەمشاریتەوە؟!

هەر ئەوەندە گوێم لە دەنگی دەرگای دەرەوە بوو زۆر بە توندی بە خێرایی لێی ئەدرا. مستر ریچەرد وتی:

ـ ئەها پێم نەوتیت ئەوا هاتن هیلین گیان دەرگاکە نەکەیتەوە.

منیش بە خێرایی دەستی ریچەردم گرت بەرەو ژووری نوستنەکەی دایکمو باوکم بردم لەوێ دەرگایەکی بچکۆلەی تیادا بوو. کردمەوە. پاڵێکم پێوە نا خستمە ناوی دەرگاکەم لەسەرداخست. ئەوانیش بەتوندی هەر لە دەرگایان ئەدا. ئەو کاتە هێشتا نزیك دەمەو ئێوارە بوو. دەنگەکە زیاتر هاواری ئەکرد. ئەیوت:

ـ ئەو دەرگایە ئەکەیتەوە، یان بیشکێنم؟ خێرا بیکەرەوە ئەزانم لەوێیە!

منیش هەر چەندە زۆر ترسابووم، بـەڵام هەتا هێزم تیابوو هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. دەستێکم بە قژمدا هێنا. هەر وەك ئەوەی هیچ شتێك نەبووبێت، بەرەو دەرگاکە رۆیشتم، کاتێك دەرگاکەم کردەوە، بینیم دوو پیاوی زۆر بەژنو باڵا کەڵەگەت راوەستابوون. یەکێکیان لە تەمەندا گەورەتر دیار بوو. ئەویتریان تەنها بیستو پێنج ساڵێك ئەبوو. وەکو باوکو کوڕ هاتنە پێش چاوم. هەردووکیان قاتو بۆیمباخیان لەبەردا بوو. بە کورتییەکەی، لە خاوەن پارەو دەسەڵات ئەچوون. بەڵام هەتا بڵێی دەمووچاو ترشاوو تووڕە دیاربوون. من ویستم وا خۆم پشان بدەم، کە زۆر بە ئارامو بێ ترسم. بەڵام من بەدەنگێکی لەسەرخۆ فەرمووم لێکردن. بە رێزیکە وتم:

ـ بەڕێزان، چۆن ئەتوانم یارمەتیتان بدەم؟ هەر، کە وام پێوتن، هەردووکیان بە پرتاو وەکو گورگی برسی خۆیان هەڵدایە ناو ماڵەکەوە. دەرگاکەیان بە دوای خۆیاندا داخست. گەنجەکەیان بە

توندی دەستێکی بە دەممەوە گرت، بە دەستەکەیتریشی هەردوو قۆڵمی گرت. توند بەخۆیەوە نووساندمی. وتی:

ــ یەك دەنگت لێوە بێت هەر ئێستا ئەتکوژین!.

ئەویتریشیان بە تووڕییەکەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ــ ماڵێکی جوانە. ئاخۆلە کوێدا حەشاردرابێت! بەڵام من هەر ئێستا ئەیدۆزمەوە لەبەرچاوەجوانەکانت تێهەڵدانێکی باشی تێهەڵئەدەین. قاقایەکی لێدا

ئینجا بە ناوماڵەکەدا کەو تەگەڕان. یەکەم شوێن بۆ ژووری نوستنەکە رۆیشت. من لەو.کاتەدا وەخت بوو دڵم ئەپچڕا. چەند جارێك ژوورەکـان گەڕا. شوێن نەما دوو سێ جار بۆی نەچێتەوە. هەمووی گەڕا. تەنانەت ژێر کورسییەکانیش ئەگەڕا. ناو دۆلاب. کەنتۆر. هەموو شوێنێکیان پشکنی. هیچیان نەدۆزیەوە. کابرای بە تەمەن لە پشکنین کۆڵی دابوو، ئینجا بەرەو سەلاجەکە رۆیشت. دەرگاکەی کردەوە. ئاوڕێکی لێدامەوە. وتی:

ــ بە نەعلەت بیت. ماڵەکەت وشكو بێ خێرە. بیرەیەکیشی تیادا نییە هەڵیقوڕێنم. دەرگای سەلاجەکەی بە توندی داخست. منیش هەر خۆمم رائەوەشاند. ئەمویست لە دەست کابرا رزگارم بێت، چونکە زۆر بە توندی خۆی تێوە ئاڵاندبووم. بەڵام کاتێك دەستی لە سەر دەمم لابرد، خۆم راتەکاند. بە تووڕەییەکەوە وتم:

ــ من نازانم ئیوە کێن. بۆ چی ئەگەڕێن؟ بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟ من پێویست ئەکات بڕۆم لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەمدا ژوانم هەیە. نازانم ئێوە بۆ وا لە من ئەکەن؟! چیتان لە من ئەوێت؟!

هەردووکیان سەیرێکی یەکتریان کرد. قاقایەکیان لێداو ئینجا ئاورێکیان لە من دایەوە. گەنجەکەیان وتی:

ـ ئێ دەی باشە پیرۆزە. بەڵام وا دیارە تۆ ئەتەوێت کەرمان کەیت، وا نییە؟ تۆ ریچەرد ناناسیت؟ نازانیت ئێمە بۆ کێ ئەگەڕێین؟

وتم:

ـ ریچەرد؟ ریچەرد کێ؟ ئا.. بەڵێ بێگومان من یەك کەس ئەناسم ناوی ریچەردە. بەڵام نازانم ئێوە پرسیاری ئەو ئەکەن، یان نا؟ پیرەکەیان وتی:

ـ هەر ئەو ریچەردەیە ئەزانم باشی ئەناسیت. وتم:

ـ ئێ باشە من چیبکەم؟ چیتان لە من ئەوێت؟ خۆ ئەگەر باسی ئەو ئەکەن، من ماوەیەکی زۆرە نەمبینیوە! هەواڵیشی نازانم.

پیرەکەیان هەنگاوێك لێم هاتە پێشەوە. وتی:

ـ هەی ژن. وریا بە. خۆت مەدە بە کوشت بۆ کەسێکی وەکو ریچەرد. ئەو کابرایە ماوەیەکی زۆرە پارەیەکی زۆرو جانتایەك مرواریی ئێمەی لایە. واتە قەرزارمانە. ئەبێت بماندانەوە، ئەگینا ئەیکوژین. ماوەی سێ رۆژ مۆڵەتی ئەدەینێ، ئەم راسپاردەیەی پێ رابگەیەنە. منیش هەر گوێم لێگرتبوون بەڵام مێشکم بەجۆرێکی لێهاتبوو، وامدەزانی خەوی ناخۆش ئەبینم. دیسان وتم:

ـ بەڕێزان من ریچەرد نابینم تاکو راسپاردەی ئێوەی پێ بڵێم. تکایە خۆتان بیدۆزنەوە. من مەخەنە کێشەوە. من ئافرەتێکی بێدەسەڵاتو بێکەسم. تکاتان لێ ئەکەم. جارێکیتر هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. گەنجەکەیان وتی:

ـ نا.. نا.. خاتو هیلین ئێمە دڵنیاین تۆ ئەم ڕاسپاردەیەی بە زووترین کات پێڕائەگەیەنیت، بەڵام ئێمە وا ئەڕۆین، تۆش فەرموو جانتاکەت هەڵبگرە با بتگەیەنین. وتم:
ـ بۆ کوێ؟ پیرەکەیان بە پێکەنینەوە وتی:
ـ بۆلای برادەرەکەت، ئەی تۆ نەتوت، ژوانت هەیە؟ ترس‌و خورپەیەك بەدڵمدا هات، ئەوەندەی‌تر کەوتمە لەرزین، لەدڵی خۆمدا وتم، ئەمانە نیازیان خراپە وادیارە ئەیانەوێت لە دوور ماڵەکەی خۆم بمکوژن. دیسان کابرا وتی:
ـ چیە بۆ حەپەساوی؟ من یەك جار قسەئەکەم. خێرا پێشمان کەوە. ئینجا بە دەم لەرزە لەرزێکەوە وتم:
ـ نا سوپاستان ئەکەم، من خۆم ئەڕۆم. کابرای بە تەمەن، بەدەم پێکەنینەوە دەستێکی خستە سەر شانم. ئینجا وتی:
ـ نابێ خاتون، چۆن ئێمە ئەهێڵین تۆ بەتەنها بڕۆیت، پێخۆشحاڵ ئەبین کە هاوڕێکەشت بناسین. لەوکاتەدا من زۆر ترسابووم نەم ئەزانی چی بکەم، نەم ئەزانی چیبڵێم، ئەگەر بڕۆم لەگەڵ ئەوان ئەترسم ریچار لەو ژورەدا بمێنێتەوە بخنکێت! چونکە ئەو شوێنەی، کە ریچەردم تیادا حەشاردا بوو تەنها جێگایەکی نهێنی بوو کاتی خۆی باپیرم کە ئەو خانوەی دروست کردبوو لەناو ژووری نوستنەکەدا، شوێنێکی بچکۆلەی لێ جیاکردبووەوە بۆ خۆشاردنەوە لەدەست هێرشەکانی ئەو کاتە بەبۆنەی شەڕی جیهانی دووەم، کاتێك کە شارەکان بۆردومان ئەکرا سیخوڕو چەتەکان ئەهاتن دەستدرێژیان ئەکردە سەر ماڵەکان، دایکم زۆر جار ئەیگێڕایەوە کەچەند جار لەو ژووره بچکۆلەیەدا ماونەتەوە تاکو داگیرکەرەکان دەڕۆیشتن. ژورەکە زۆرنادیار دروست

کرابوو، بەجۆرێك کەس بۆی ئاشکرا نەدەبوو، کاتی مانەوەش ئەبوایە لە کاتژمێرێك زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوە بە تەواوی لە هەموو لایەکەوە داخرا بوو. ترسی من لەوە بوو مستر ریچەرد لەوژورەدا بخنکێت، لە لایەکی‌تریش، ئەگەر لەگەڵ ئەوان بڕۆم، ئەوکاتە لەوانەیە ستیڤ بناسن کێشە بۆ ئەویش دروست ئەبێت، من ئەترسام کە ئەویان ناسی ئازاری بدەن، بەو شێوەیە من ناچاربکەن شوێنی ریچەردیان پێ بڵێم. بە واتای بە بۆنەی ستیڤەوە ریچەرد بە کوشت بدەم! ئەمەش منی بە جارێك تۆقاند. پیرەکەیان بەرەو دەرگای دەرەوە دەستی راکێشام، کە گەیشتینە بەردەرگا، ئینجا دەرگای دواوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی بۆ کردمەوە، کە رێك لەبەردەمی ماڵەکەماندا راوەستێنرابوو، وتی:

فەرموو خانمی جوان تکایە بەبێدەنگی سەرکەوە ناچارم مەکە لەناوت بەرم. منیش خۆم چەند ترسا بووم ئەوەندەی‌تر زەرنەقم چووبوو، خێرا خۆم فڕێدایە ناو سەیارەکەیان. لە ژیانمدا سەیارەی بەو جۆرە جوانو پاکم نەدیبوو، هەر ئەو کاتە زانیم ئەمانە خاوەنی پارەو کێشەی زۆرن. هەموو چرکەیەك ترسم زیاتر ئەبوو. بەڵام کوڕە گەنجەکەیان رۆیشتە پێشەوە. ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی منو کابرای پیرەش لەدواوە دانیشتین بە تەوسێکەوە ئاوڕێکی لێدامەوە وتی:

ـ خاتون دەی پێم بڵێ شوێنی ژوانت کوێیە؟ با بتگەیەنم بۆ لای بەرێز ستیڤ ئەزانم ئێستا بە پەرۆشەوە چاوەڕێتە! ها... ها... ها هەردووکیان بەدەنگی بەرز دایانە قاقای پێکەنین. منیش بەدەنگێکی پڕ لەترس و دوودڵی وتم:

ـ لەجادەی شاژنی گەورە، لەوێ ژوانمان هەیە. بێدەنگ بووم. سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆم کرد. لەمێشکی خۆمدا وتم، تۆبڵێی

بەراستیان بێت! یان ئەیانەوێت بمبەن بۆ شوێنێکی دوورلەشار ئەوسا بمکوژن؟ هەر لەو کاتەدا گەنجەکە وتی:

ــ باشە.. باشە.. شوێنەکە زۆر دوور نییە، بێگومان شوێنێکی زۆر خۆشیشە، وادیارە مستر ستیڤ ئارەزوی لەجێگای خۆش وجوانە. هەردووکیان دیسان بەدەنگە بەرزەکەیان قاقایان لێ بەرز بووەوە، بۆ ماوەیەك هەرپێدەکەنین . دوایی بێدەنگ بوون. ئۆتۆمبیلەکەش هەر لە رۆیشتندا بوو. جار جار لەبەر خۆیانەوە بەزمانێکی تر قسەیان ئەکرد، من ئەو کاتە نەم ئەزانی ئەوزمانە چیە کە ئەوان قسەی پێدەکەن. لەپڕێکا هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئینجا کابرای پیرە ئاوڕێکی لێدامەوە بە دوو پەنجەی چەناگەی گرتم، دەموچاومی بەرەو رووی خۆی برد، سەری لێم نزیك کردەوە بە دەنگێکی گڕو ناخۆش وتی:

ــ خانمە جوانکیلەکەم، بەراستی من زۆر دڵگران ئەبم ئەگەر پێویست بکات ئەم سەرە جوانەی تۆ بە فیشەکێك بتەقێنمەوە.! منیش لەو کاتەدا بۆ سەدەیەمین جار گیانم کەوتە لەرزین لەترسانا زمانم وشك ببوو هیچم بۆ نەدەوترا، ئامادە بووم هەر چرکەیەك بێت بمکوژن. ئەوەندەم نەزانی لەپڕێکا ئوتومبێلەکە راوەستا. زۆر ترسام بەڵام ئەو دەستی درێژ کرد، دەرگاکەی بۆ کردمەوە وتی:

ــ لێمان ببورە ناتوانین بتگەیەنینە شوێنی ژوانەکەت، لەبەر ئەوەی کاری لە تۆ گرنگترمان بە دەستەوەیە. منیش بە ترسێکی زۆرەوە سەیری دەموچاوە ترشاو تێکەڵەکەیم ئەکرد خێرا دەستی گرتم وتی:

ــ پێش ئەوەی دابەزیت، باش گوێبگرە ئێمە ئەتوانین لێرەدا بەیەك فیشەك کۆتایی بەژیانت بهێنین. بەڵام ئەمەوێت راسپاردەکە بگەیەنیت، بۆ دواجار پێت ئەڵێمەوە. هاوڕێکەت تەنها سێ رۆژی هەیە بۆ ئەوەی

پارەکە بگەڕێنێتەوە دەنا ژیانی تۆش و ئەویش وەك یەك لە مەترسیدایە. من هێشتا گوێم لەهەڕەشەکانی ئەگرت وتی، جوانکیلەکەم پێش ئەوەی بیرم بچێت ئەمەوێت لەشتێکی کە ئاگادارت بکەمەوە نەکەی پۆلیس ئاگادار بکەیت.! بێگومان بە، ئەو هەنگاوەت لەناوچوونت پێشتر دەخات. حەز ئەکەم بزانیت هەموو پۆلیسی ئەم شارەش هاوڕێمانن تەنها بەخشینی چەند پاوەنێك هەموو کارەکانمان بۆ ئاسان ئەکات. ئێستا خۆ حاڵی بوویت. قسەکەی تەواو کرد و پاڵێکی توندی پیوەنام. ئەوەندە بەخێرایی رۆیشتن وام زانی بەسەر قاچەکانمدا تێپەڕین، خەریك بووم لەترسانا میزم بەخۆما ئەکرد. تەنانەت لە ماوەی یەك چرکەدا لەچاو ون بوون. رۆشنا خان بڕوابکە ئەو ساتانە ئەوەنە سەخت بوون، هەستم بە مردن ئەکرد. هەرچەندە خواخوام بوو هەرچۆنێك بێت خۆم دەرباز بکەم راکەم، بڕۆم، خۆم بشارمەوە ترسەکەم ئەوەندە زاڵ بوو بەسەرمدا نەم ئەزانی بەرەو کوێ هەنگاو بنێم! هەموو رێگاکان لەبەرچاوم تێك ئاڵابوون، راست و چەپی خۆم نەدەناسیەوە، ئاخ چەند ناخۆش بوو. هەرچەندە ترسو دوودڵیم تەواو شپرزەیان کردبووم، بەڵام بیرم لە مستەر ریچەرد ئەکردەوە ئاخۆ ئەو پیاوە باشە هیشتا زیندوو بێت؟ ئاخۆ ئەم شێتی پیاوکوژانە نەگەڕێنەوە؟ ئاخۆ ستیڤ نەکوژن تاکوو منی پێ بترسێنن؟ هەزار ئاخۆ لە مێشکمدا هاتوچۆیان ئەکرد! نازانم چۆن هەستابومە سەرپێ وەکو شێت بەوناوەدا رام ئەکرد. بەجۆرێك چەواشە ببوم، نەم ئەزانی ئەوجیگایە کوێیە! هەر بەدەوری خۆمدا ئەگەڕام، کەسیشم نەدەبینی تاکو پرسیارێکیان لێبکەم.

بۆ بەدبەختی من، ئەو ئێوارەیە سەرجادەکان زۆر چۆڵ وبێدەنگ بـوون. من بەجارێك زەرنەقم چووبوو. کاتیش بـەرەو تاریکی

ئەڕۆیشت، گڵۆپی سەرجادەکان هەڵکرابوون، نمەنمە بارانیش دەباری. بەڵام ترس و دڵەراوکێ منی خستبوە ژیانێکی زۆر نامۆوە. تەنها شتێك زۆر بەخێرایی بەرەو ماڵەوە راپێچی ئەکردم ئەویش مستر ریچەرد بوو ئاخۆ هێشتا مابێت؟ تۆ بڵێیت تا ئەم کاتە ئەو نەخنکابێت؟ سەرەڕای ئەو هەموو ترسە خەمی ئەویش ئەوەنەی‌تر منی خستبوە گێژاوەوە بەدەم گریانەوە ئەڕۆیشتم، سەیری ئەملاو ئەولای خۆمم ئەکرد. هەر ئوتومبێلێکم ئەبینی وام ئەزانی ئەوانن گەڕاونەتەوە بۆ من. هەر، وەکو خەوی ناخۆش هەتا ئەڕۆیشتم بەهیچ شوێنێك نەئەگەیشتم. لە تاو ترس‌و دڵەلەرزێ قاچەکانم ئەوەندە قورس ببون بەدوامدا بۆم هەڵ نەدەهات. هەرچەند هەوڵم ئەدا خێراتر هەنگاوبنێم زۆرم لەخۆم ئەکرد، هەرچەندە دڵنیاش نەبووم لەوەی، کە رێگاکەم راستە یان خۆم ون کردوە؟! چونکە ئەوان منیان بەرەو شوێنێکی دوور برد، کە هەرگیز من پێیدا نەڕۆیشتبووم، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەنیوە رۆیشتن، نیوە راکردن، خۆمگەیاندە ئەو جادەیەی کە نزیك بەماڵەکەی خۆم بوو. کاتێك گەیشتمە ماڵەوە، کاتژمێرلە دە ونیویشەو تێپەڕی کردبوو. هەموو گیانم لەباراندا خوسابووەوە. ترس‌و خەم‌و دوودڵی‌و هیلاکی ئەو رێگا دوورو درێژە تەواو شەکەتیان کردبووم. کاتێك گەیشتمە بەردەمی دەرگای ماڵەوە، بەترسێکی زۆرەوە دەرگاکەم کردەوە. کەچومە ژورەوە ماڵەکەم زۆر تاریك و بێدەنگ بوو، ورتەی لێوە نەدەهات. ئای رۆشنا خان لەو کاتەدا چ خەمێکی قورس سەرتاپامای داگرتبوو هەر، ئەتوت خەویکی ناخۆشەو خەبەرم نابێتەوە.

## ٢٤

که خۆم به ژووردا کرد، به ترس و لەرزێکی زۆرەوە دەستم برد گڵۆپی ژورەکـەم داگیرساند. بینیم زەلامێك لەسەر سوچێکی تاکی قەنەفەکە دانیشتوە، دەمانچەیەکی بەدەستەوەیە بەرەو رووم گرتویەتی. بە هەموو هێزی خۆم هاوارم کرد، قیژانم، ویستم دەرگاکە بکەمەوە رابکەم. بەڵام ئەو خێرا هەڵسایە سەرپێ هاواری کرد، وتی، منم خۆمم ریچەرد. هیلین... ئەی هاوار بێدەنگ بە. دەمانچەکەی دانا. بەرەو لای من بەخێرایی رایکرد. وتی:

ـ هیلین گیان، بێدەنگ بە. خۆ من خەمی تۆم بوو، وامزانی ئەو جەردانە تۆشیان برد بۆ ئەوەی بتکوژن! سوپاس بۆ خوا تۆ ماویت! که گوێم لە دەنگی ریچەرد بوو زوو لەجێگای خۆم وەستام بەپەرۆشەوە وتم:

ـ ریچەرد. ئەوە تۆی؟ ئەوە تۆی ماویت؟ خۆ من وامزانی ئێستا تۆش تەواو بوویت! ئەی تۆ چۆن لەو ژووره توانیت بێیتەدەرێ؟ ئەی خوایە گیان سوپاس بۆ تۆ. ئاخ چەند ترسام چەندم خەم بوو. وامزانی من ئەبمە هۆی کوشتنی کەسێك لە کاتێکدا که ئەمویست ژیانی لە مردن رزگار بکەم. ئاخ ئەو ساتانە چەند سەختو دژوار بوون. ئۆخەی، که دڵم خۆشە. هەربەدەم ئەو قسانەوە رامکرد خۆم فڕێدایە باوەشی مستر ریچەرد زۆر بە دڵێکی پڕ ئاسوودەیی خێرا خێرا ماچم ئەکرد خۆم بە ملیدا هەڵواسی بوو ئەگریام لە خۆشیی ئەوەی، که بۆ جارێکیتر بە زیندویی بینیمەوە. ئەویش زۆر بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەکردم. هەر چەندە خۆی هۆکاری ئەو شەوە سەختە بوو. بەڵام وا دیار بوو بڕوای

نەکرد، دوای ئەو هەموو ساتە ناخۆشانەی من پێیدا تێپەریم، هێشتا خەمی ئەوم بێت. چونکە؛ ئەو خاوەنی هەموو ڕووداوەکان بوو. دوای چەند خولەکێك هەردووکمان ئارامبووینەوە. ریچەرد بە دەنگێکی کپو پڕ لە خەم وتی:

ــ ئازیزەکەم هیلین خان، من زۆر داوای لێبورن لە تۆ ئەکەم. نازانم چیت پێبڵێم. نازانم چۆن خەمخۆریی خۆمت بۆ باس بکەم.

لە پڕێکدا تەماشایەکی کردم. وتی:

ــ ئای چەند مانوویت! هەموو گیانیشت لە باراناودا خوساوە، باشتر وایە من بڕۆم جێت بهێڵم. تۆش خۆت وشك بکەرەوە. نانێکی باش بخۆ تا ئارامبیتەوە. تۆ پێویستیت بە پشووە.

لەو کاتەدا هەنگاوی نا بڕوات، توند دەستیم گرت. وتم:

ــ نا مەڕۆ. تۆ بۆ کوێ ئەڕۆیت!؟ ئەی ناترسی ئەو پیاوکوژانە بۆ ماڵەوە بێنە سەرت؟

ریچەرد بە دەم رۆیشتنەوە دەستی بەردام. وتی:

ــ دوای ئەوەی من تۆم رووبەڕوی ئەو چەتانە کردەوە، تۆم تووشی ئەو هەموو ساتە ناخۆشانە کرد. ناتوانم ئیتر لێرە بمێنمەوە. دوور نییە ئەمشەو بۆ جارێکیتر نەگەڕێنەوە بۆ ئێرە! باشتر وایە بڕۆم. تۆش لەم گێچەڵە رزگار بکەم.

دڵم پڕبوو لە گریان. زۆرم بەزەیی پیادا هاتەوە. ئەمجارە خێراتر هەنگاوم نا. قۆڵیم راکێشا. پێش ئەوەی دەرگاکەی دەرەوە بکاتەوە، وتم:

ــ ریچەرد تکایە جارێ دانیشە. با بچم ئەم جلە تەڕانەم بگۆڕم. ئاگرێکیش بنێم بە ئاگردانەکەوە. کەتۆزێکیش ئارام بوومەوە خواردنێکی خۆش دروست ئەکەم، دوایی چایەکی گەرم وبەتام لێئەنێم

بۆ ئەوەی سەرمای ئەمڕۆ لەگیانمان بێتە دەرەوە، ئەزانم تۆش حەزت بە چاخواردنەوەیە، وانیە؟ دواییش ئەگەر هەر حەزت کرت بڕۆیت....

ریچەرد نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. بە دەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ــ ئازیزەکەم هیلین خان. لە راستیدا من نامەوێت بۆ جارێکیتر تۆ بخەمە کێشەوە. ئێستا من بەرامبەر بە تۆ خۆم بە گوناهبار ئەزانم.

وتم:

ــ تکایە واز لەم قسانە بهێنە. ئێستا هەموو دەرگاو پەنجەرەکان توند دائەخەم گڵۆپەکانیش هەموو ئەکوژێنمەوە دوایی ئەچینە ژوورە نهێنییەکەی، کە خۆتت تیادا شاردەوە. ئیتر ئەگەر ئەمشەو گەڕانەوە، بێگومان ناماندۆزنەوە. بڕواش ناکەم بگەڕێنەوە لەبەر ئەوەی بە منیان وت، بە تۆ بڵێم مۆڵەتی سێ رۆژیان بۆ داناویت تاکو ئەو پارانەی لاتە بیگەڕێنیتەوە.

ریچەرد بەسەرسامیەکەوە تەماشایەکی کردم وتی:

ــ چی؟ ئەوان وایان بە تۆ وت؟ کەی ئەوقسەیەیان کرد؟ ئنجا سەری دانەواند وەکو ئەوەی بیەوێت بیرلەشتێك بکاتەوە. وتم:

ــ ئەمڕۆ، کەهاتن بۆ ئێرە هەموو ماڵەکەیان پشکنی. دواجار کە نەیان توانی تۆ بدۆزنەوە، ئەو قسەیەیان بەمن وت، تاکو بەتۆی رابگەیەنم. وادەرئەکەوت ئەوان زۆر لەوە دڵنیا بن کە تۆ لێرە خۆت شاردۆتەوە. چونکە؛ چەند جارێك دووبارەیان کردەوە کە من ئەم نامەیەت پێڕائەگەیەنم. وەکو وتم، ئەوان زۆر دڵنیا بوون لە پەیوەندی نیوانمان نازانم چۆن! ئەم جارە دەستێکی خستە سەر شانم. وتی:

ــ هیلین خان، جارێ واز لەوقسانە بێنە. بەڵام هەرچی تۆ پێت باش بێت من لام پەسەندە. وتم:

ـ کەواتە نارۆیت. فەرموو برۆ دانیشە، کاتم بەرێ خۆم وشك بکەمەوە، بەخێرایی رۆیشتمە ژوورەکەی خۆم، جلە تەڕەکانم داکەند، خێرا خۆم وشککردەوە بیجامەیەکی گەرمم لەبەرکرد. بەرەو موبەقەکە رۆیشتم، لەوێ ئاگردانێکی بچووکم هەبوو، هەندێك جار هەر بۆ جوانی چەند پارچە دارێکم تێ فڕێ ئەدا تاکو گەرمیو رووناکییەکی خۆشم بداتێ، هەندێك جاریش مقەڵییە بچکۆلەکەم ئەخستە ناوی خواردنم لەسەر دروست ئەکرد. خێرا ئاگرێکی خۆشم کردەوە هەتاکوو ماڵەکەم کەمێك گەرم بێت، نازانم ئەو شەوە بۆ ئەوەندە هەستم بە سەرما ئەکرد. لەوە ئەچوو زۆری سەرماکە هەستی ترسو دڵەراوکێکە بوو‌بێت. بە هەر حاڵ خواردنێکی سادەم دروست کرد. خەریك بوو چایەکەشم دەمی ئەکیشا هەر لەسەر ئەو مقەڵیە بۆنێکی خۆشی دروست کردبوو بە جۆرێك ئارامی بە گیان دەبەخشی. کاتێك گەڕامەوە لای ریچەرد، ئەو هێشتا لەسەر سووچێکی قەنەفەکە دانیشتبوو. منیش بێ ئەوەی هیچ بڵێم بە بێ دەنگی لە سەر سووچەکەیتری قەنەفەکە دانیشتم. هەردووکمان بێدەنگ کەسمان هیچمان نـەووت. من بیرم لەو رووداوە سەیرانە ئەکردەوە، کە هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات رۆژێك لە رۆژان تووشی کارەساتێکی لەو جۆرە ببم! پاش تۆزێك بە هێواشی ئاوڕێکم لە مستر ریچەرد دایەوە. تەماشام کرد. هەردوو ئانیشکی لە سەر ئەژنۆکانی دانا بوو. پەنجەکانی لە یەك تێك ئاڵابوون. سەری بە جۆرێك دانەواندبوو چەناگەی خستبوونە سەر. چاوەکانیشی بڕیبووە زەوییەکە. زۆر بە وردی تێیئەڕوانی. بەڵام خەیاڵی لە جیهانێکیتر بوو. بۆ ماوەیەك لێی وردبوومەوە، بەڵام ئەو ئاگاداری من نەبوو. وردە وردە خۆم لێ نزیك کردەوە. وتم:

ـ ریچەرد ئێستا واز لە بیرکردنەوە بهێنە. خواردن ئامادەیە. منیش زۆرم برسییە. لەو بڕوایەدام تۆش زۆر ماندوو برسی بیت. ئەها.. بۆنی ئەو چا خۆشە ناکەیت؟ هەستە با بچینە موبەقەکە. لەوێ دائەنیشین نان ئەخۆین. خۆمان گەرم ئەکەینەوە. تۆش ئەو کاتە ئەتوانیت بەدڵنیایەوە هەموو شتێکم بۆ باسبکەیت، تێمبگەیەنە ئەو گێژەڵوکەیە چی بوو؟ ئەو کەسانە کێ بوون؟ بۆ دوای تۆ کەوتبوون؟ چییان لە تۆ دەویست؟ من هێشتا وا ئەزانم لە خەوێکی زۆر قووڵو ناخۆشام. ناتوانم بە ئاگابێمەوە. بۆم باس بکە با ئاگاداربم.

مستر ریچەرد لە دەنگی من بە ئاگا هاتەوە. بە هێواشی سەرێکی بەرزکردەوە. ئینجا روی وەرگێڕا تەماشایەکی کردم. ئەو کاتە ئەو دوودڵیەکی زۆری پیوەدیار بوو. بەڵام وادیار بوو زۆری لە خۆی ئەکرد ئارام بێتەوە تاکو باسەکەم بۆ بگێڕێتەوە دوای ئەوەی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. وتی:

باسکردنی ئەو جۆرە شتانە، ئاسان نین. من نامەوێت تۆ بخەمە ترسو دوودڵیەوە. ئەوەی ئەمڕۆ تووشی تۆ هات، خەتای من بوو. ئەبووایە من بەرەو لایەکی‌تر بڕۆیشتمایە. ئەم کێشەیەم بۆ تۆ نەهێنایە. نازانم بۆ لەو ساتو کاتەدا تەنها تۆم بە نزیکترین کەس زانی، کە بتوانێت یارمەتیم بدەیت، هەستم ئەکرد کە، تەنها کەسێك بتوانم بڕوای پێ بکەمو بێ ترس ژیانی خۆمی بدەمە دەست تۆ بوویت. نازانم بۆ؟ زۆر سەیرە. تۆ ئەزانیت بە قەد تاڵەکانی سەرت من هاوڕێم هەیە؟ بەڵام تەنها تۆ ئەو کەسە بوویت، کە دڵم پێی وتم، بڕوات پێبکەم. لێت نەترسم. هیلین خان تۆ ئافرەتێکی زۆر بە جەرگیت. من داوای لێبوردنت لێ ئەکەم. بە راستی تۆ ئەمڕۆ ژیانی منت لە دەست ئەو چەتەو پیاوکوژانە رزگار کرد.

ئەو شەوە ریچەرد لە ماڵی من مایەوە، هەتا کاتێکی زۆر درەنگ قسەمان کرد، هەرچەند زۆرم لێکرد کە لە ژورە نهێنییەکە بخەوێت بەڵام ئەو بڕیاری دابوو لەسەر هەمان تاکە قەنەفە بخەوێت. هەرلەوێدا راکشاو پەتۆیەکی لەخۆیەوە ئاڵاند، منیش هەرزوو بەجێمهێشت رۆیشتمە ژوورەکەی خۆم، بەڵام کەسمان توانای ئەوەمان نەبوو بە ئاسودەیی خەومان لێبکەوێت. بەیانییەکەی هەر زوو لەناو جێگاکەم هاتمە دەرێ رۆیشتمە ژووری دانیشتنەکە ئەو ژورەی کە ریچەرد لێی خەوتبوو، بینیم لەسەر ئەو تەپڵەکەی، کە لای قەنەفەکەوە دانرا بوو. نامەیەکی بەجێهێشتبوو. بەڵام ئیتر ریچەردم نەبینی. وا دیار بوو هەر زوو ماڵەکەی بەجێهێشتبوو. کەمێك سەرسام بووم لە رۆیشتنی ریچەرد بەوجۆرە! لەهەمان کاتدا خەمێکی زۆر دایگرتم، هەرچەندە رۆیشتنەکەیم بە باشتر ئەزانی!. دەستم دایە نامەکە بیخوێنمەوە، بۆی نووسیبووم:

ـ ئازیزەکەم هیلین خان. کاتێك من ماڵەکەی تۆم جێهێشت، حەزم نەکرد بە ئاگات بهێنمەوە، بەڵام ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم کە ماوەیەکی زۆرە لێم شاردویتەوە، ئەوەش ئەمەیە؛ ئەمەویت پێت بڵێم کاتێك من بۆیەکەم جار تۆم بینی، لەیەکەم ساتی بینینیت دڵم ئەسیری ئەوینت بوو، تەنها بینینی ئەوچاوە جوانانەت، کە پڕبوون لە ئەفسون، منی دەستەمۆی خۆی کرد، تۆ بویتە خەونێکی گەورەی من! تۆ بویت بە هیوایەکی پڕ لە خۆشیو بەخشینی ئارامی دڵو گیانم، هەموو جارێك کە زەردەخەنەو پێکەنینم دەبینی لەو روخسارە جوانەت زیاتر هەستەکانم دەستەموی ناخو روحت ئەبوون. ئازیزەکەم بڕوا بکە گەر بڵێم، ئەم هەستەی من بۆ یەکەمجارە بەو جۆرە لەقوڵایی ناخمەوە هەڵقوڵابێت بڕوام پێبکە. تۆ وەکو تیشکی رۆژ بۆیت بۆ ژیانی من، تۆ وەك دەریایەکی پڕ لە

خۆشەویستیت. هیلین گیان بڕوابکە، کە پێت ئەڵێم ڕۆژێك تێپەڕ نەبووە بێئەوەی من بیر لە تۆ نەکەمەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا من بە پێویستم ئەزانی خۆمت لێ دووربخەمەوە. لەبەرئەوەی ژیانی من تارماییەکی رەشی بەدواوەیە، نائومێدم ئەکات تاکو بەردەوام بم. هیچ کاتێك نامەوێت ژیانی تۆ لەوە زیاتر بخەمە ئازار وئەشکەنجەوە. چونکە ئەزانم لەوە زیاتر بەرگە ناگریت. تکایە لێم ببورە کە دوێنێ شەو ئەو هەموو ترس ودڵە راوکێیەم خستە ژیانتەوە. ئێستاش، تەنها حەزم کرد، ئەو راستیە بزانیت، کە من بە دڵ تۆم خۆش ئەوێت، هیوای باشترین ژیانت بۆ ئەخوازم. ئازیزەکەم حەز ئەکەم یەك راستی تریش بزانیت، ئەمەیان زۆر تۆشی سەرسوڕمانت ئەکات، بەڵام بڕوابکە ئەوە تەنها راستیەکە، حەز ئەکەم بزانیت بەدرێژایی ژیانم هیچ کاتێك من پارەم لە کەس قەرز نەکردوە. هەرگیز ئیشێکیشم دەست پێنەکردوە ئەگەر لە ئەنجامەکەی دڵنیا نەبووبم. ئەوکەسانەی کە بە تۆیان وت من قەرزاریانم!. هەرگیز راستیان لای تۆ نەوتوە. بەڵکو ئەوە تەنها بڕوای خۆیانە... من پارەی ئەوانم لانییە!.. هەر ئەوەش نا. تەنها حەزئەکەم بزانیت سکۆت کە ئەبێت بە کوڕی ژنەکەم ئاگادار بە، ئەویش دزێکی باوەڕپێکراوە، دوورنییە  پیاوکوژیش نەبێت! ئەویش لەڕێگەی دایکیەوە پارەیەکی زۆری لێ ئەدزیم!. بەڵام لە کڵەپ وشوێنە پیس و خراپەکان خەرجی ئەکردن، ئارەزوی ئەو کوڕە هەژدەساڵە تەنها قومارو ئافرەتی خراپ بوو، جگە لەهەندێك کاری تر! ئازیزەکەم هیلین گیان، ئەم نهێنیانەت پێدەڵێم تەنها بۆ ئەوەی بڕوا بکەیت کەس پارەی لای من نییە. من بەڕەنجی شانی خۆم پارەم دروست کردوە هیچ کاتێکیش بۆ یارمەتی کەسانی بێ دەسەڵات دوودڵ نەبووم. هیلین گیان من ئیتر ئەبێت بڕۆم

شار جیدێڵم تۆش ئاگاداری خۆت بە، زۆرم حەز ئەکرد بڵێم ئەتبینمەوە بەڵام نازانم کەی.!.خۆشم ئەوێیت، ریچەرد.

ــ رۆشنا خان کاتێك ئەو نامەیەم خوێندەوە، ئەوەندەی تر شڵەژام. لەجێی خۆم واقم وڕمابوو ئەوشتانە وەکو فلیم ئەهاتنە پێش چاووم. زۆر بەهیواشی لە جێی خۆم دانیشتم. من هێشتا لە ترسەکەی شەوی پێشتر ئارام نەببومەوە، کەچی ریچەرد باسێکی تری بۆ من ئەکرد، باسی خۆشەویستی.! خۆ من ئەمزانی ئەو زۆر دڵی لای منە بەڵام من، هەموو کات خۆم لەو گێل ئەکرد، بەڕاستی دوای مردنی مێردەکەم بەهیچ جۆرێك دڵم هێزی تیادا نەمابوو. باشتر وایە بڵێم هەستی خۆشەویستی تیانەمابوو. زۆرجار بەخەیاڵمدا ئەهات کە تەنها هاوڕێیەك بدۆزمەوە بۆ تەنیایم، بۆ هاودەنگیم، بەڵام خۆت ئەزانی جیهانی پیاو زۆر سەیرە کاتێك ئەبیت بە هاوڕێیان ئەوان دوای کاتێکی کەم بیر لە شتێکی تر ئەکەنەوە، ئێمەی ژن بەوجۆرە بیرناکەینەوە نازانم ئەم دیاردەیە لەوە ئەکات کە ئێمە بێ هەستین، یان ناتەواوین؟! لێرەدا قسەکانم بە هیلین بڕی، وتم:

ــ هیلین خان، نەخێر ئێمەی ژن، پڕ لە هەستین، زۆریش تەواوین، ئێمەی ژن کاتێك کەسێکمان خۆش ویست بەهەموو دڵمانەوە خۆشمان ئەوێت. هەموو هەستەکانی لەگەڵدایە، بۆ ئەوەی ئەمەش روبدات پێویستمان بەکاتێکی زۆر ئەبێت. کاتێکیش کە ئەو خۆشەویستیە روئەدات وپربەدڵ ئەبێت، هەموو هەستەکان تیایدا ئەتوێنەوە. ئەوکاتە ژن ئەبێت بەیەك پارچە لە دڵسۆزی و وەفاداری.. لەبەر ئەو هۆیە بۆ ئێمەی ژن ئاسان نییە جارێکی تر بتوانین پەیوەندیەکی تر بەو خێراییە لەگەڵ پیاوێکیکە ببەستینەوە. پیاو وەك ئێمە خۆشەویستی بەقوڵی

ناكات. بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرە پەیوەندیانە بۆ پیاو ئاسانە، چونکە خۆڕاگری پیاو کەمترە بە پێچەوانەی ئێمەی ژنەوەیە. هیلین وتی:

ــ تۆ زۆر راست ئەکەیت ئەزانی چی؟ بڕوابکە رۆشنا خان من دوای چارلی مێردم بۆ ماوەیەکی دورودرێژ وامئەزانی هەستم بۆ پیاو نەما. وا ئەزانم ئەو رۆژەی چارلی بە خاك سپێردرا ئەو هەستانەی منیش لەگەڵ ئەودا نێژران. چونکە چارلی خۆشەویستی منالّیم بوو. خۆشەویستی گەنجێتیم بوو، باوکی دوو منالّەکەم بوو. ئێستاش هەموو شەوێك خەوی پێوە ئەبینم، ئێستاش ئەو خۆشەویستیەی هەر لە دڵمایە. هیلین هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. زۆر بەزەییم پیادا هاتەوە ویستم باسەکە بگۆڕم وتم:

ــ هیلین خان، تکایە هەر ئەوەندەم بۆ باس بکە پەیوەندی تۆ بە سکۆتەوە چیە؟ ئەو کابرایە بۆ لێی دایت؟

ئەم جارە هیلین ناوچەوانی گرژکرد. وەکو لە پرسیارەکەم بێزار بێت. وتی:

ــ ئەرێ ژنەکە پێم نەوتیت سکۆت پارەی لە من ئەوێت؟

منیش وتم:

ــ ئێ باشە ئەوەمان زانی. بەڵام پارەی چی؟ کام پارە؟ ئەو بۆ وا ئەزانێت پارە لای تۆیە؟ ئەی تۆ ریچەردت بینییەوە؟

هیلین دەستێکی بە دەمییەوە گرت بزەیەکی کرد. وتی:

ــ رۆشنا خان ئەو رۆژە کە، لە خوێندنەوەی نامەکە تەواو بووم، خەمێکی قورس دایگرتم. وامئەزانی ئیتر ریچەرد رۆیشتو نایبینمەوە. هەر ئەو رۆژە بۆ جارێکیتر نەفرەتم لە ژیان کرد. دنیام لەبەر چاو رەش بوو. ئەوەندە بێزار بووم، تەنانەت توانای ئەوەشم نەبوو بۆ ئیشەکەم

بڕۆم. دوو ڕۆژ له ماڵەوه مامەوه بێ ئەوەی دەرگای دەرەوه بکەمەوه. شەوی دووەم هەر زوو چوومه ناوجێگاکەم. بەڵام هەر چەندم ئەکرد، خەوم لێ نەدەکەوت. دوا جار له ناو جێگاکەم هەستام، دەستم دایه ڕادیۆ بچووکه کۆنەکەم، که دیاری باوکم بوو، زۆرلام خۆشەویست بوو. هەندێك شەو کاتی بێتاقەتیم گوێم له گۆرانی وهەواڵەکان ئەگرت تا خەو ئەیبردمەوه. ڕادیوکەم داگیرساند، دەستم بەگەڕان به دوای گۆرانییەکدا کرد، تاکو نائارامی ونائاسودەییەکەم بڕەوێنێتەوه. لەسەرجێگاکەم به چوارمەشقی دانیشتم بیرم ئەکردەوه ئەبێت ئەو پیاوه چی بەسەرهاتبێت؟ ئاخۆ ئیستا له کوێبێت؟ ئاخۆ ئەوچەتانه دەستیان نەیگەیشتبێتێ؟! بۆ ئەبێت مرۆڤێکی وەکو مستەر ریچەرد هەڵبێت لەدەست چەتەو درۆزنێك وەکو ئەو پیاوکوژانه؟ ئەبێت چی جۆره نهێنییەك لەدوای ئەم باسانەوه هەبێت؟ پرسیاری جۆراو جۆری‌تر به ناو مێشکمدا هاتوچۆیان ئەکرد، بەڵام هیچ وەڵامێکم نەئەدۆزیەوه، زیاتر دوودڵ ببوم. خەیاڵەکانم به جارێك خەویان لێ زڕاندبوم. به دڵشکستی سەیرێکی ناو ژوورەکەی خۆمم کرد، له پڕێکا چاوم کەوته سەر ئەو سەبەتەیەی که پڕ بوو له بەنی هەمه جۆرو ڕەنگاو ڕەنگ، هەروەها جۆری زۆرو جیاواز له شیشی چنین وقولاپ که هەمووی تایبەت بوو به دایکی خوالێخۆش بووم. دایکم هەموو کات کڵاو، ملپێچ، وگۆرەوی جۆرەها شتی جوان جوانی بۆ ئەچنین. کاتێك که خۆم مناڵ بووم، کاتێکیش که ئادەم وئێمام هەبوو. بەدەم ئەم خەیاڵانەوه لەسەر جێگەکەم هەڵسام، بەرەو سەبەتەکه ڕۆیشتم، دوایی لەبەر خۆمەوه وتم:

ـ لەم کاتەدا ئەمه باشترین شتێکه، که من خۆمی پێوه خەریك بکەم. ئەی بۆ نا؟ هەر ئێستا کڵاوێکی جوان بۆ خۆم دروست ئەکەم. ئەگەر

وا بڕوات، هەر ئەمشەو تەواویشی ئەکەم. بەڵام ئەبێت ڕەنگێکی جوان هەڵبژێرم وا بێت لەگەڵ ڕەنگی چاوما ڕێك بکەوێت. کاتی خۆی دایکم ئەمەندەی ئارەزووی لە چنین هەبوو، هەموو ڕەنگێکی کڕیبوو. لەو کاتەدا نەمئەزانی کام ڕەنگەیان هەڵبژێرم بۆ دروست کردنی کڵاوێك، ئاخۆ کامیان باشتر ڕێك بکەوێت، سەوز یان شین؟ ئاها لەوانەیە شینەکە جوانتر بێت، ئەیچۆنە ئەگەر هەرووکیان تێکەڵ بکەم شینو سەوز، ئەوکاتە باشتر لەگەڵ ڕەنگی چاوما ڕێك ئەکەوێت. هێشتا بڕیارم نەدابوو کامیان ئەگەر گونجاوتربێت. لە پڕێکدا گوێم لە دەنگی لێدانی پەنجەرەکە بوو. وەکو یەکێك بەسەری پەنچەی زۆر بە ئەسپایی لێی بدات. خورپەیەك بە ناو دڵمدا هات. تەزویەکی گەرم بەناو مێشکمدا تێپەڕی! ئەوە چی بوو! دەنگی لێدانی پەنجەرەکە بوو یاخود گوێچکەم ئەزرنگێتەوە؟ دڵم زۆر بە خێرایی کەوتە لێدان، ترسێکی زۆرم لێنیشت. لەترسانا نەموێرا سەرم هەڵبڕم بزانم چییە، یان کێیە؟ لە جێگای خۆم ڕەق ڕاوەستام، چاوەڕێم ئەکرد دووبارە بێتەوە، بەڵام خۆم بە خۆم وت، ئەوە چییە هیلین؟ بۆ ئەترسیت؟ تۆزێك ئازابە. باشە خۆ من ئەم هەموو ساڵە بە تەنها ژیاوم هەرگیز نەترساوم، ئێستا بۆ ئەترسم؟ دیسان بەخۆم وتەوە؛ هیچ نییە، دەی.. هەر ترسی ئەو ڕۆژەی پێشوە هێشتا لە دڵما ماوە ئەزانم ئەمە تەنها خەیاڵە. پرسیارم لە خۆم کرد هیلین؟ کێ بەمشەوە بۆ لای تۆ یەت؟ خۆ هەرکەسێکیش بێت لەدەرگا ئەدات. ئینجا تۆزێك وەستام، دیسان بیرم ئەکردەوە کێ ناڵێت ئەو دزو جەردانە نین؟ لەوانەیە ئەوان بن هاتبن بۆ وەڵامەکە. نا..نا.. بڕوا ناکەم. ئەوان جارێکی کە ناگەڕێنەوە بۆ ئێرە لەوانەیە بترسن نەوەکا من پۆلیسم ئاگادار کردبێتەوە. بەم خەیاڵانە کەمێك خۆم ئارام کردەوە. بەڵام هێشتا نەمئەوێرا سەیری پەنجەرەکە

بکەم. بەرەو دەرگای ژورەکە هەنگاوم نا بڕۆم. بەڵام، دیسانەوە بەهەمان شێوە لە پەنجەرەکە درایەوە، نەك هەر ئەوەش، ئەمجارەیان گوێم لە ناوی خۆم بوو. زۆر بەهێواشی دەنگێکی نەرم بانگی کردم هیلین... هیلین ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە!. هیلین ریچەردم بیکەرەوە! خێراکە.. خێرا. کە گوێم لە دەنگەکە بوو ناسیمەوە، خێرا گەڕامەوە دواوە، شیش وبەنەکەم فڕێدا، بە پەلە بەرەو پەنجەرەکە رۆیشتم، لەدرزی پەردەکەوە تەماشام کرد مستەر ریچەرد کڵاوێکی رەشی کردۆتە سەری بە ئاستەم چاوی بەدەرەوەیە، پاڵتۆیەکی رەشی درێژیشی لەبەردایە بەجۆرێك کەس نەی ئەزانی ئەوە کێیە. خێرا پەنجەرەکەم لێکردەوە، ئەو پەنجەرەیە یەك تاکی ئەکرایەوە، بەڵام ئەوەندە گەورەبوو کە مرۆڤێکی ئاسایی بە ئاسانی ئەیتوانی لێوەی بێتە ژورەوە، بەڵام بۆ کەسێکی وەکو ریچەرد کەمێك زەحمەت بوو. هەرچۆنێك بوو ریچەرد زۆر بە زەحمەت خۆی فڕێدایە ناوژورەکەوە سەرتاپاشی لە باراناودا خوسابووەوە تەنانەت پێڵاوەکانیشی پڕببون لە ئاو. کە ئەو دیمەنەم بینی سەرم سوڕما بە دەنگێکی زۆر نزم، پڕ لەترس وتم، ئەوە تۆ لەکوێوە داباریت؟! خۆ تۆ لەنامەکەتدا وتت ئەڕۆم! ئەی چی تۆی گێڕایەوە بۆ ئێرە؟. ئەو هەر، بێدەنگ بوو! بەهیواشی هەنگاوی بەرەو ناوەڕاستی ژورەکە دەنا، ئاو لەهەموو سەرتاپای ئەچۆڕا. ئینجا وتم:

ــ ئەی باشە تۆ بۆوا خوساویتەوە؟ کەی باران دەستی پێکرد؟ خۆ من وام زانی باران نابارێت!؟ ئەو هێشتا لەناوەڕاستی ژورەکەدا راوەستابوو بەچواردەوری خۆیدا ئەیڕوانی. خەمێکی قورس لەروخساریدا بەدی دەکرا. منیش پرسیار لەدوای پرسیار لێم دەکرد وەکو ئەوەی بڕوام نەکردبێت ئەوە ریچەردە بۆ جارێکیتر پەنای هێناوەتەوە بۆ ماڵەکەی

من، هەرچەندە زۆر دوودڵ بووم بەڵام لەراستیدا دڵخۆش بووم کە جارێکیتر توانیم بیبینمەوە. پێم وت، دەقسەبکە، چیە دیسان راویان ناویت؟ ئەڵێیت لە حەوزە ئاویان هەڵکێشاویت! خۆ ئاسمان سایەقەیە یەك پەڵە هەوری پێوە نییە! ئەی پێم ناڵێی تۆ بۆ سەرتاپات لە ئاوا خوساوە؟ ریچەرد هێشتا شڵەژاویەکەی خاو نەببووەوە، لەو کاتەدا بەئەسپایی سەری هێنایە پێشەوە وتی:

ــ بەڵێ بارانێکی زۆر بەخوڕبوو وادیارە تۆ ئاگادار نەبوویت ئەوەندە نابێت راوەستاوە. ئەمە چیرۆکێکی دورو درێژە جارێ پەنجەرەکە داخەو گڵۆپەکانت بکوژێنەرەوە خەریکە لە برس وهیلاکیدا ئەمرم دوورۆژو نیوە من هەر راکە راکەمە خۆم ئەشارمەوە، وادیارە ئەو پیاوخراپانە زۆر بەڕاستیانە ئەمجارە لەدەستیان دەرباز نابم، ئێستا ئەوان وائەزانن من لە ئیرلەندام. هیلین خان ئەگەر ئەترسیت وناتەوێت لێرە بمێنمەوە هەرئێستا ئەڕۆم خۆم ئەدەم بەدەست قەدەری خۆمەوە. منیش وەکو کەسێکی سەرلێشێواو بەناو ژورەکەمدا ئەخولامەوە، نەم ئەزانی چی وەڵام بدەمەوە. ئەترسام ئەگەر بهێڵم بمێنێتەوە، ئەو پیاوخراپانە جارێکیتر شوێن هەنگاوەکانی بدۆزنەوە دیسان هەڵکوتنەوە سەرم، ئەمجارە بەهیچ شێوەیەك رزگارم نابێت! ئەگەر جێگەی نەکەمەوە، ئەوا ئەوان لەوانەیە بە ئاسانی ئەم پیاوەباشە بکوژن ولەناویبەرن. ئەوسا هەموو ژیانم، من خۆم بە گوناح بارئەزانم. دوای کەمێك بیرکردنەوە وتم، مستر هەر ئێستا بچۆ بۆ حەمامەکە کەمێك لەناو بانیۆ کەدا راکشێ ئێستا بۆت پڕئەکەم لە ئاوی گەرم، با ئەو سەرمایەی لە گیانت بێتەدەرەوە، خەمی جلیشت نەبێت. هەندێك جلی مێردەکەم هێشتا ماوە ئەتوانیت بەکاریان بهێنێت، لەوانەشە کەمێك بچوك بن بەڵام هەرباشە.

هەر بەدەم ئەو قسانەوە ریچەرد بێئەوەی هیچ ورتەی لێوە بێت، خۆی بە حەمامەکەدا کرد. لەپڕێکا ئاوڕێکی لێدامەوە ویستی قسەیەك بکات، بەڵام وادیار بوو دوودڵ بوو، منیش چاوەڕێم ئەکرد ئەوەی لەسەر زمانێتی دەریبڕێت. پێش ئەوەی دەرگاکە دابخات لەجێی خۆی رێك وەستا، بە تیژی سەیرێکی کردم. ئینجا وتی:

ــ هیلین خان، خێرا لەقسەکردن وەستا. بێدەنگ بوو. وتم:

ــ بەڵێ.! ئەمجارە زۆر بەپەلە دیسانەوە وتی:

ــ هیلین خان، شوم پێئەکەیت؟! من لەو کاتەدا لەپرسیارە سەیرەکەی ئەو داچڵەکیم، بەڵام بێدەنگ بووم. چونکە؛ من وام ئەزانی ئەو لەترسانا وڕێنە ئەکات! یان بەهۆی ئەوکارەساتەوە کە، توشی هاتوە ئەقڵی لەدەست داوە. من هێشتا بێدەنگ بووم. بەڵام ئەو جارێکیتر قسەکەی دووبارە کردەوە وتی، هیلین پرسیارێکم لێکردیت، ئەڵێم شوم پێئەکەیت؟! بەسەرسوڕمانێکەوە لێی نزیك بومەوە وتم، مستەر ریچەرد تکایە هەرئێستا جلە تەڕەکانی بەرت داکەنە، من لێرەدا چاوەڕێت ئەکەم. دەی خێراکە با توشی سەرما نەبیت. هەرئیستا شۆربایەکی مریشكو قارچکیشت بۆ دروست ئەکەم، هەتاکو تۆ لە خۆشتن تەواو ئەبیت، ئاگردانەکەش دائەگیرسێنم. ئەزانم ماڵەکەم کەمێك ساردە پێویست ئەکات لەم سەرەتای زستانەدا باشتر خۆمان بپارێزین. کاتێك من ئەو قسانەم ئەکرد، ریچەرد بێئەوەی سەری هەڵبڕێت، پاڵتۆ ئەستورو تەڕەکەی داکەند، دایە دەستم. منیش لێم وەرگرت وتم، تکایە هەموو جلە تەڕەکانتم بدەرێ با لەبەردەم ئاگردانەکەیا بۆت وشك بکەمەوە. ئەوکاتەش هیچ وەڵامـی نەبوو. منیش دەرگاکەم لێ داخست. بۆ ژوورەکەی خۆم گەرامەوە.

# ٢٥

ئەو شەوە هەردووکمان دووبە دوو دانیشتین لەسەر مێزی نان خواردن قاپێك شوربای گەرمم خستە بەردەمی، لەگەڵ پارچەیەك لەو نانەی کە خۆم بەفڕنی تەباخەکەم هەر ئەو ئیوارەیە لە زوەوە دروستم کردبوو، ریچەرد هەر زۆر خامۆش وبێدەنگ بوو، بەڵام خەمێکی زۆر قورس سەراپای روخساری داگرتبوو، زۆرم هەوڵدا پرسیاری لێبکەم، ئەمجارەش بۆچی بۆماڵەکەی من گەڕایەوە؟. نهێنی ژیانی چیە تا ئەو بەوجۆرە بترسێت؟ ئاخۆ بەراستی پارەی خەڵکی لابێت؟! یان ئەوان درۆ ئەکەن؟ ئەی ئەگەر ئەوان درۆ ئەکەن! بۆچی ریچەرد پۆلیس ئاگادار ناکات؟ وادیارە ئەم خۆی تاوانبارە، ئەگەر نا! ئەی بۆ ئەترسێت!؟ من لەم خەیاڵانەدا بووم، لەپڕێکا ریچەرد وتی، هیلین ئەمەوێت چەند پرسیارێکت لێبکەم!؟ ئەتوانیت بەڕاستی وەڵامم بدەیتەوە؟ من لەو کاتەدا سەرم داخستبوو ئەو خەیاڵە سەیرانە بەناو قوڵایی مێشکمدا پیاسەیان دەکرد، سەرێکم بەرزکردەوە وتم: بێگومان، ئەگەر تۆش لەگەڵ من راستگۆ بێت. لەوکاتەدا ریچەرد بە کورسیەکەیەوە پاڵیدایەوە، ئینجا کەوچکەکەی دەستی دانا وتی، نامەکەی بۆم جێهێشتیت خوێندتەوە؟ تۆزێك وەستام وتم، بەڵێ...بەڵێ خوێندمەوە. بزەیەك گرتمی ئەویش سەیرێکی کردم وتی، ئێ...ئینجا..؟ وتم، ئینجا چی؟ وتی، من باسی خۆشەویستیم بۆ کردیت، ئەی تۆ هیچ بیرێکت لێنەکردەوە؟ لەوکاتەدا شەرمێك دایگرتم سەرم داخست. لەبەردەمی خۆمەوە زۆر لەسەرخۆ وتم، بەڵێ.. بیرم لێکردەوە بەڵام... ریچەرد خێرا هەڵسایە سەرپێ. بەدەنگێکی نیمچە توڕە وتی، بەڵامی چی؟ ئەوە... کەی وەڵامە؟ من تۆم

خۆش ئەوێت تۆش یان خۆشت ئەوێم... یان نا... ئیتر ئێستا پێم بڵێ. منو تۆ ئەوا ماوەیەکی دوورو درێژە یەکتر ئەناسین، تۆ ئافرەتێکی زۆر چاکیت، خاوەن دڵێکی پڕ لە سۆزیت، ئازاو بەجەرگیت، بەتوانایت، لەگەڵ هەستەکانتا راستگۆیت، جگەلەوەی کە جوانیت بێ هاوتایە. منیش هەر وەك خۆت ئەیزانی پیاوێکم هەموو کەس رێزم لێدەگرێت، وخۆشیان ئەوێم، وەکو ئەزانیت من حەزم بەیارمەتی خەڵکە، من ئەوەندە خزمەتی خەڵکم پێخۆشە بەجۆرێك ئێستا بە پیاو خراپ ناوم ئەبەن. من لەراستیدا مرۆڤ دۆستم. هیلین خان، من ئەزانم تۆ ناخۆشیت زۆر بینیوە، هەر لە گەنجێتیتەوە توشی دڵشکان بوویت. کورپەکانت لەبەر چاوی خۆتا لەوپەڕی ساتەخۆشەکانی ژیانیان دا بە هۆی سەرخۆشێکی بەدفەڕەوە گیانیان لەدەست دا. نەك هەر ئەوەش، بەڵکو یەکەم خۆشەویستی ژیانت بۆ هەتاهەتایی جێی هێشتیت. دوای ئەمانەش هەموو تەندروستی خۆشت لەدەست دا. بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵە تۆ شەوتابەیانی ئاهی سارد هەڵئەکێشی چاوەڕوانی رۆژێکی بە خۆشەویستەکانت بگەیتەوە هیلین گیان بڕوا بکە هەرپێیان ئەگەیتەوە. بەڵام تا ئەوکات وساتە پێویست ئەکات ژیانی خۆت بەخۆشیو ئاسودەیی بەڕێبکەیت. ریچەرد وتی، هیلین خان لەڕاستیدا منیش ناخۆشیو کێشەی زۆرم بینیوە، ئەم پارەو دەوڵەتەی کەئێستا تۆ ئەیبینی، هەمووی رەنجی شانی خۆمە، راستە باوکم شتێك پارەی لەدوای خۆی بۆ جێهێشتم، بەڵام منیش شەورۆژم خستەسەریەك، بۆ ئەوەی ئەو پارەیە زیاتر بکەم، خۆم زۆر ماندو ئەکرد، پارەم خستە هەندێك پـڕۆژەوە، خەڵکم خستە ئیشەوە، پارەی باشیشم ئەدانێ زۆر جار یارمەتی ئیشکەرەکانم ئەدا بڕواو متمانەیەکی زۆرم لە ناو بازاڕەکاندا

پەیدا کرد. خەڵکێکی زۆر داوای قەرزیان لێئەکردم منیش بێ بەرامبەر ئەمدانێ. ئەمەش وای لە هەندێك لە بازرگان وسەرمایەدارەکانی شار کرد تووڕەبن، هەوڵیاندا نازناوێکی ناشرینو سومعەیەکی خراپم بۆ دروست بکەن. چونکە؛ من زۆرینەی هاوپەیمانەکانی ئەوانم بەرەو لای خۆم رادەکێشا، واتا بازاڕی ئەوان بەرەو کزی ئەچون. دیسان ئەمەش وای کرد کە هەندێکیان کینەو رقێکی زۆریان بەرامبەر بەمن هەبێت، لەبەر ئەو هۆیانە کێشەی زۆریان بۆ دروست ئەکردم. بەڵام، من هەرگیز نائومێد نەبووم. لە هەوڵدانیش نەوەستام. هەتا کارێکی بەوجۆرەم کرد ناوبانگم وەکو گەوهەر لەبازاڕەکاندا ئەدرەوشایەوە. بەڵام کەسانی ناحەز هەمیشە هەوڵیان ئەدا بەناشرینترین شێوە کێشەم بۆ دروست بکەن. پاش ماوەیەك بەخۆم زانی من لەناوەندی کێشەیەکی زۆر گەورەدام. ئازیزم هیلین خان، لەوکاتەدا پارێزەرەکەم توانی بە شێوەیەکی یاسایی لەو کێشەیە رزگارم بکات.چونکە ئەو کێشەیە هیچ پەیوەندیەکی بەمنەوە نەبوو.هەرچەندە وەك دەیبینیت کێشەکە هێشتا کۆتایی نەهاتوە. من زۆر بەوردی گوێم بۆ قسەکانی مستەر ریچەر راگرتبوو بەڵام ئەو کاتە تێگەیشتن لە کێشەیەکی بەوجۆرە بۆ من ئاسان نەبوو. وتم، مستەر ریچەرد من تێناگەم ئەو کێشەیە پەیوەندی بە بازرگانییەکەتەوە هەبوو، یان بە کەسێکی دیاری کراو؟ حەز ئەکەم بەراستی باسەکەم بۆ بگێڕیتەوە. ئەمجارە ریچەرد لەسەرخۆ هاتەوە لەسەر کورسیەکەی بەرامبەرم دانیشتەوە وتی، باسەکان زۆر ئاڵۆزو گۆشەگیرن، من وابەباشتر ئەزانم بچین لە ژووری دانیشتنەکەت بەرامبەر ئاگردانەکە دابنیشین، زۆرم حەزلە بریسکەی ئەو مۆمانەیە کە لەسەر قەراغی ئاگردانەکە ریزتکردون، وەرە با بچینە ئەوێ، ئێستا

هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم. وتم، زۆر باشە. منیش زۆر پێخۆشحاڵ ئەبم، بەڵام با چایەکی گوڵە بەیبوون و هەنگوین دروست بکەم ئەوسا بەرامبەر ئەوئاگرە خۆشە نۆشی ئەکەین. هەر زوو چایەکەم ئامادە کرد، هەر لەوکاتەدا دەنگی لێزمەی باران دەستی پێکردەوە لەگەڵ لورەو گرمەی رەشەبا، دەنگەکان زۆر ترسناك بوون. ریچەرد لەو کاتەدا وەکو ئەوەی داچڵەکیبێت خێرا لەجێی خۆی هەڵسایە سەرپێ چەند بڕەدارێکی بچوك بچوکی فڕێدایە ناو ئاگردانەکە، کەمێك خەریك بوو تاکو زیاتر ئاگرەکە بگەشێنێتەوە لەبەر دەم خۆیەوە وتی، ئێستا تۆزێك دوکەڵ ئەکات، بەڵام زۆری پێناچێت جوانتر ئەگەشێتەوە. منیش لەو کاتەدا خەریکی ئامادە کردنی چایەکان بووم بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ئاوڕێکم لێدایەوە وتم، ئەوەندەی دارتێبکە تاکو کاتێکی زۆر ئاگرەکە کڵپە بسێنێت‌و بەردەوام بێت. لەوە دەچێت ئەمشەو باران و رەشەبا بوارنەدەن. ریچەرد سەرێکی لەقاند وەکو ئەوەی بڵێت، بەڵێ... راستەکەیت، بەسەرچاو. ئاگردانەکە گڕو کڵپەی گەرمی زیاتر پەرەی ئەسەند، رەنگی ژیلەمۆکان چڕتر ئەبوون، رەنگەکانی ئەو ئاگرە لەوکاتەدا تەواوکەری تابلۆیەکی پڕلەجوانی وخۆشەویستی ئەنواند، هەرچەندە گەرمی ورووناکیەکی زۆری بە ژورەکە دابوو. لەهەمان کاتدا هەستێکی سەیری لای من دروست کردبوو، هەستێك کە زۆر لەمێژەوە لێم ون ببوو، خەریك بوو سەرم لێدەشێوا گەر ئەو هەستە هەستی خۆشەویستی بێت! ئاخۆ ئەو تەزوە خۆشانەی بەناو دڵمدا وەکو هەورەبروسکەکان تێپەڕدەبن، هەستی خۆشەویستی بێت؟ یان ئەو نیگا پەشێوەی کە هەرچەند تەماشای ریچەرد دەکەم زیاتر هەستە قوڵەکانی ناو رووحی ئەوم بۆ پێناسە دەکات، ئاخۆ ئەوەش

هەستی خۆشەویستی بێت؟. ئەی ئاخۆ ئەو گڕەی کە بەڕومدا دێت ودەڕوات وەك پشکۆ ژیلەمۆکان روخسارم کڵپەدەستێنێ چی بێت؟ تۆ بڵێی هەمووی گڕو عەشقی پەنگخواردووی دڵ ورۆحم بێت بۆ ریچەرد.؟ خەریك بووم هەوڵم ئەدا خۆم دوور ڕابگرم لەهەموو هەستێکی خۆشەویستی بەرامبەر ریچەرد، هیچ نەبێت تاکو گوێم لەڕاستی بەسەرهاتەکەی ئەبێت. بەڵام هەرچەند گوێم لە ناڵەو گرمەی ئەو ئاگرە دەبوو وام ئەزانی ئەوە گڕو ناڵەی هەستی منە بۆ ئەو پیاوەی کە چەند ساڵێکە خۆمی لێ بەدوور ئەگرم، بەڵام هەستی راستو پاکم وا خەریکە هەراسانم ئەکات، چیتر ناهێڵێت لە چاومدا بیشارمەوە. لەبەرخۆمەوە بزەئەیگرتم. ریچەردیش تەنها بەنیگای پڕ مەستی بێئەوەی یەك وشە بڵێت باسی هەموو خۆشەویستی دڵی خۆی بۆ کردم. جار جار بەتیلێکی چاوە مەستەکانی سەیرێکی دەکرم، ئنجا بێئەوەی یەک وشەبڵێت زەردەخەنەیەکی پڕ لە جادوی ئەخستە سەرلێوی منیش بەهەمان شێوە وەڵامی نیگاکەیم ئەدایەوە هەروەکو دوو عاشقی هەرزەکار هەتا ئەمڕوانیە چاوەکانی زیاتر هەستم بۆی ئەجوڵا هەروەکو ئەوەی یەکەمجار بێت من ئەو کابرایەم بینیبێت.

زۆری پێنەچوودوو کوپ چام خستە سەر سینییەك، لەگەڵ چەند بسکیتێکی کەرە، لەبەردەم ریچەردا دام نا. فەرموم لێکرد. خۆشم بەرامبەر بەئاگرەکە دانیشتم. هەموو کاتەکە ریچەرد زۆر بەوردی تەماشای ئەکردم، وەکو بڕوای نەکردبێت کە شەوێکی وەك ئەوشەوە بە دڵێکی پڕلە خۆشەویستیەوە لە ماڵەکەی مندا داڵدە بدرێت. ریچەرد دەستی بۆ کوپە چاکەی برد، هەڵیگرت بۆنێکی کرد. وتی، ئای لەو بۆنە خۆشە! ئینجا کوپەکەی لەدەمی نزیك کردەوە قومێکی لێدا.

وتی، خۆشترین چایە کە تائێستا تامم کردبێت. ئینجا وتی، هیلین خان ئێستا باش گوێم لێبگرە با بۆت باسکەم. وتم، بەڵێ گوێم لێگرتویت. ریچەرد بەهێواشی پاڵێکی بەکورسیەکەوە دایەوە وتی، هەر لەوکاتەدا کە من خەریکی گەرمەی ئیش و بازرگانی بووم، ئافرەتێك ناوی تارا بوو، هەتا بڵێیت باڵا بەرزو وشۆخ وشەنگ بوو. زۆر جوان بوو چاوەکانی شین وقژی رەش بوو. ئەوژنە لەجوانیدا ناودار بوو هەرچی پیاوێك رۆژێك تارای ببینایە، عاشقی ئەبوو. نەك هەر ئەوەش هەتابڵێی زیرەك وبلیمەت بوو. قسەزان بوو خاوەن کەسایەتیەکی پتەو بەهێز بوو. هەموو رۆژێك هەواڵی ئەپرسیم، هەموو کات بۆ هەر کوێ بڕۆیشتمایە ئەو ئاگادار بوو، چاوەڕێی ئەکردم، زۆر جاریش سەری لێئەدام، هەندێك جار میوانی ئەکردم، یان بانگهێشتی بۆ ماڵەکەی خۆی ئەکردم. بەکورتیەکەی دڵی پێمەوە بوو. ئەوکاتە من شتێکی زۆرم لەبارەی ئەوەوە نەدەزانی، بەڵام ئەو هەموو شتێکی لەبارەی ژیانی منەوە ئەزانی. هەر زوو لەیەکەم بینیندا هەندێك شتی لەبارەی ژیانی خۆیەوە بۆ باسکردم کە زۆر کاریان تێکردم. پێی وتم، ساڵانێکە تەنهایە، هەر لە مێژەوە مێردەکەی دیارنەماوە!. نازانێت ماوە یان مردوە!. ئەم هەموو ساڵەش هەر خۆی بەتەنها ئەم کوڕە تاقانەیەی بەخێوکردوە، ئەوکاتە کوڕەکەی تەمەنی چواردە ساڵ بوو. منیش هەرچەند تەماشام ئەکرد ئەو بەوجۆرە باسی بەسەرهاتە ناخۆشەکانی ژیانی خۆی بۆ ئەکردم چاوی پڕلە فرمێسك ئەبوو. هەموو جار ئاواتە خواز بووم کە بتوانم بە شیوەیەکی باشتر یارمەتی بدەم، تارا رۆژ بە رۆژ خۆی لە من نزیك ئەکردەوە، تا وایلێهات وردە وردە هەستم بەخۆشەویستی کرد، بڕوام پێکرد. زۆری نەبرد هاوسەرگیریمان کرد. ئەوکاتە من خاوەنی

خانویەکی گەورە، ئوتومبێلێك بووم. پارەیەکی زۆریشم لە ئیشدا هەبوو، پارەی زیاتریشم لە بانقدا هەبوو. هەر زوو تارا داوای لێکردم هەندێك پارەی بدەمێ تاکو ئیشێکی بچکۆلەی پێبکات. تارا ئەوەندە لام خۆشەویست بوو. هەرچیەکی داوا بکردایە بێ ئەوەی پرسیاری لێبکەم بۆم جێبەجێ ئەکرد. تەنانەت دوای ماوەیەك داوای لێکردم کوڕەکەشی بەناوی خۆمەوە بنوسم. چونکە تا ئەو کاتە بەناوی پیاوێکەوە ناسنامەی نەبوو. لەهەمان کاتدا من توانای منالّ بوونم نەبوو. من زۆرم حەز ئەکرد منالّێکم هەبێت هەڵگری ناوم بێت، تێکڕای سامانەکەشم لەدوای خۆم بۆ نەوەکانم بێت، بەڵام کاتێك منو تارا پشکنینمان کرد، پزیشکی شارەزا پێی وتم، کە من بەهیچ جۆرێك توانای منالّ بوونم نییە. ئەوەش بۆمن بۆ ماوەیەك خەمێکی زۆر قورس بوو، بەتایبەت کاتێك کە من تەنها منالّی دایك و باوکم بووم. هەموو جارێك تارا ئەوقسەیەی دووبارە ئەکردەوە ئەیوت خۆشەویستەکەم بڕوابکە هەرکاتێك مردیت دەسەڵاتدارانی وڵات هەموو پارەو ماڵو موڵکەکانت بۆ خۆیان ئەبەن. سەیرکە ئێستا ئێمە تەنها کوڕێکمان هەیە ئەویش سکۆتە، ئەو منالّە داماوە هەتا ئێستا نازانێت باوکی لەکوێیە، سەیرکە چەند منالّێکی بێچارەیە، سەیرکە چەند لە نازو خۆشەویستی باوك بەدوورە، گیانەکەم منالّی من منالّی تۆیە، سکۆت تەنها بەتۆ ئەڵێت باوکە، تەنها تۆ ئەناسێت، تەنها تۆی خۆش ئەوێت، گەر تۆ سکۆت بکەیتە کوڕی خۆت، کەواتە تۆ خێرێکی یەکجار گەورەت بۆ خۆت کردوە، خوا پاداشتی باشت ئەداتەوە. بەم جۆرە قسانە هەمووجارهەستی باوکایەتی ئەجوڵاندم، بەزەییەکی زۆرم بە سکۆتا ئەهاتەوە هەرچەندە سەرەتا زۆر بە توندی بەرپەرچی داواکاریەکەیم ئەدایەوە، بەکارێکی نادروستم

دائەنا. بەڵام هەموو جار کە پێکەوە ئەبووین لەسەرجێگاکەمان دەستی ئەخسە سەرسنگم خۆشەویستی زۆری بۆ دەرئەبڕیم، چەندەها جار باسی خۆی ئەکرد، ئەگەر من شتێکم لێبێت ئەو خۆی ئەکوژێت، بەجۆرێك باسی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەکردم، هەموو جار مەرجی بۆ خۆشەویستیەکەم دائەنا ، ئەگەر من بەڕاستی ئەوم خۆش ئەوێت پێویستە من سکۆت بەکوڕی خۆم ناونوس بکەم، تەنها بەو شێوەیە بڕوا بە دڵسۆزی من ئەکات!. بە قسەکانی هەموو جار منی سەرسام ئەکرد!. هەتاکو شەوێکیان تەواو مەستی کردم، چەند جۆرێکی جیاواز لە خواردنەوەی دەرخوارد دام، ئاگاو هۆشی پێنەهێشتم، تاکو بە بێ ئاگای خۆم، ئیمزای ئەو پارچەکاغەزەی پێکردم کە ئەڵێت سکۆت کوڕی منە! واتا بە دەستی خۆم سکۆتم بە کوڕی خۆم کرد.

# ٢٦

لەسەرەتای پەیوەندیەکەماندا من ئەوەندە بڕوام بە تارا کردبوو، ئەو هەرچی بوتایە من بێ بیرکردنەوە بەقسەیم ئەکرد. تارا، ژنێکی زیرەك وزۆرزان بوو. ئەوەندەی دەزانی جۆرەها رێگەو نەخشەی سەیری ئەکێشا. هەر خۆی شارەزای هەموو شتێك بوو. بەڵام من زۆر پێچەوانەی ئەو بووم. کابرایەکی دڵپاك بووم، بەڕاستی کارەکانی خۆم جێبەجێ ئەکرد. بەپاکی دەستم ئەخستە ناودەستی ئەوکەسانەی کە ئیشم لەگەڵ ئەکردن. تەنها قسەی دڵم قسەی سەرزوبانم بوو. ناپاکیم نەدەزانی. بەڵام پاش ماوەیەك بۆم دەرکەوت، تارا مرۆڤێکی ناپاکی دەست پیس بوو، هەرچی رێگەی راست بوایە ئەو نەیدەگرتە بەر، حەزی بە هاوڕێیەتی مرۆڤە ناپاکەکان بوو. خۆی خستە ناوبازاڕ، بوبەخاوەنی پرۆژەی خۆی، هەمووی بە پارەکانی من. زۆر جار ئیمزای پێکردبووم بۆ ئیشێك بەڵام پارەکەی بۆ خۆی بەکارئەهێنا.

کاتێك بە ئاگاهاتمەوە گەورەترین کۆمپانیای کردبوو بە ناوی خۆیەوە من هەر پێشم نەزانی بوو. پارەکانی لە بانقەکەمدا بوو هەمووی خستبوە ئیشەوە لەگەڵ چەند کەسانێك کە لەگەڵ مافیای ئیتالی ئیشیان ئەکرد، خانمەکەم ئێستاش دوای ئەو ساڵانە من هەر باجی ئەو کەرێتیانەی خۆم ئەدەمەوە. بەڵام پاش چی؟ تەنها ئەم باسەت بۆ ئەگێڕمەوە بۆ ئەوەی راستیەکان بزانیت بەرچاوت رۆشن بێت، من لەهەموو ژیانمدا ساختەو ناپاکیم نەکردوە، هەرکارێکی نابەجێ هاتبێتە سەر رێگام بەهۆی درۆزنی وناپاکی تاراوە بوو. کاتێکیش سکۆت گەورەبوو ئەویش لە دایکی خراپتر دەرچوو. بەهەردووکیان

ناوی منیان پیسکردوو توشی جۆرەها کێشەو مرۆڤی خراپیان کردم. ئیتر بڕیار لای خۆتە ئەگەر بتەوێت شوم پێبکەیتو چارەنوسی خۆت بە چارەنوسی منەوە ببەستیت!.ئەگەر نا ئەوەش مافی خۆتە.

قسەکانی ریچەرد وەکو فیلمی سینەما بەبەرچاومدا تێدەپەڕین، زۆر سەرم سوڕما بوو، لە باشی ئەو کابرایە، لە خراپی ئەو ژنە. من ئەوکاتە زانیم کە چاوچنۆکی مـرۆڤ ئەتگەیەنێتە ئەوپەڕی رێگاداخراوەکان کە هەرگیز دەرچونی نییە، دڵڕەقی و بێبەزەیی لە سیفاتەکانی شەیتانن، تاراش ئەو ژنە بوو کە پێی ئەڵێن ژان. بەدەم بزەیەکەوە وتم، ریچەرد؟ تۆ باسی چی ئەکەیت؟ شوی چیت پێبکەم ئەی دە تۆ جارێ پێمبڵێ تارا چی بەسەرهات؟ ریچەرد قومێکی‌تری لە چایەکەی دا. ئنجا بزەیەك گرتی. وتی، ئێستا کاتی ئەوەش هاتوە جگەرەیەکیش بکێشم ئەگەر ڕێم پێبدەیت. منیش خێرا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتم، بەڵێ بێگومان منیش هەرچەندە جگەرەکێش نیم، بەڵام حەز ئەکەم بەدەم باسەکەی تۆوە منیش جگەرەیەك بکێشم. ریچەرد هەروەکو بڕوای نەکردبێت خێرا پاکەتەکەی لەگیرفانی بیجامەکەی دەرهێنا. وتی، خانمەکەم زۆر بەخۆشیەوە، هەستایە سەرپێ بـەرەو ئاگردانەکە رۆیشت جگەرەیەکی بۆ خۆی داگیرساند، جگەرەیەکیشی بۆ من داگیرساند. ئینجا وتی، فەرموو،هەرچەندە من حەزناکەم فێری جگەرەکێشان بیت، بەڵام بە دانەیەك هیچ نابێت. هەردووکمان پێکەنین جگەرەکەم لەدەستی وەرگرت، یەکەم نەفەس وەخت بووبخنکێم، ریچەرد وتی، هیلین گیانەکەم لەسەرخۆ مژی لێبدە تاکو هەموودوکەڵەکە نەچێتە ناوسیەکانت، هێواش، هێواش، چونکە تۆ یەکەم جارە جگەرەبکێشیت ئەبێت لەسەرخۆ بیت. ئیتر

هەردووکمان کردمانە چەڕەدوکەڵ، من جارو بار نەرمە کۆکەیەکم بۆ ئەکرد، بەڵام تازە پێم شەرم بوو پەشیمان ببمەوە. ئەویش ئەیزانی لە ناچاریدا بەردەوامم لە کێشانی جگەرەکە وتی، هیلین خان ئەتوانیت فرێبدەیتە ناوئاگرەکە ئەگەر پێت خۆشە بەدەم پێکەنینەوە وتم، نا..نا.. کێشەم نییە دەی فەرموو تۆ لەسەر باسەکەت بەردەوامبە پێم بڵێ تارا چی بەسەر هات. بەڕاستی زۆر بە پەرۆشم بۆ بیستنی چیرۆکەکەت. ریچەرد وتی، بەڵێ خانمەکەم ئەگەر تۆزێك سەبرم لێبگریت هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم. ریچەرد مژێکی قورسی لەجگەرەکەی داو چاوی بڕیبوە ئاگرەکە وتی، شەوێکیان تارا خواردنێکی زۆر خۆش و بەتامی دروست کردبوو، شەرابێکی زۆر تایبەتی لەگەڵ خواردنەکە دانا بوو، بەجۆرێك خۆی رازاندبووەوە وەك ئەوەی ئاهەنگێکی تایبەتمان هەبێت. ئەمەش لەمێژەوە بوو شتێکی وەکو ئەوە رووی نەدابوو. ئەوشەوە هەموو شتێك جیاواز بوو. تارا دڵی یەکجار خۆش بوو، پێکەنین لەسەر لێوی جیانەدەبۆوە، هەستم پێکردبوو ئەیەوێت شتێکم پێ بڵێت! یان داواکاریەکی هەبێت! چونکە؛ ماوەیەکی زۆر بوو خۆی لە من دوورخستبۆوە، سەرقاڵی ئیشە زۆرەکانی خۆی بوو. ئەوکاتە زۆر شتی لای من باس نەئەدەکرد، هەندێك جار بازرگانەکانی هاوڕێم پێان ئەگوتم، کە ئەو خەریکی چیە! منیش توشی سەرسوڕمان ئەهاتم. ئەوشەوە تێبینیم کرد، تارا وەك خۆی نییە، دوای نان خواردنی ئێوارە پێی وتم، ئازیزەکەم بەیانی ئەبێت بەیەکەوە بڕۆین چەند کەسانێکی تازە بناسین، ئەوان بازرگانی سەردەریان، لە هاوڕێ تازەکەم داوای چەند جۆرێکی جیاواز لە مرواری رەنگ سپی، پەمەیی، رەشم کردوە. حەز ئەکەم ئەمجارە تۆش لەگەڵما بێیت.. ئەوان تەنها

دووکەسن ئێمەش هەر ئەبێت خۆمان بچین لەسەر کەناری (تیمس) یەکتر ئەبینین. ئێمە مرواریەکان وەرئەگرین، ئەوانش پارەکە ئەبەن. ئەو شەوە وەکو هەموو جارێکی کە بە قسە شیرینەکانی رازی کردم. هەرچەندە ئەو شەوە من هیچ خەوم لێنەکەوت، هەستم ئەکرد هەندێك لە باسەکان لای من رون نین، جگە لەوەش هەستم بە دوودڵیەکی زۆر ئەکرد. بەڵام ئەو هەموو کاتەکە داوای لێئەکردم ئارام بم، خەمی هیچ شتێکم نەبێت. بەڵام من زیاتر گومانم لێکرد کاتێك وتم، ئیستا کاتی ئەوە هاتوە دەمانچە کۆنەکەی باوکم لەگەڵ خۆم بهێنم! پێویست ئەکات خۆمان بپارێزێن نەوەکا ئەوکەسانە مرۆڤێکی خراپ بن، ناپاکیمان لەگەڵ بکەن. بەڵام ئەو وتی، گیانەکەم هیچ پێویستت بەم شتانە نییە، مەترسە... ئەوکەسانە زۆر مرۆڤێکی خـاوەن پارەو ناوبانگێکی زۆر باشن لە بازاڕدا ناسراون!.. هەرگیز ناپاکیمان بەرامبەر ناکەن. نازانم من بۆ ئەوەندە تا ئەو ئاستە بڕوام پێی ئەکرد؟ بڕوا بکە هەندێك جار ئەمزانی درۆ ئەکات، بەڵام زۆرزانی وقسەی جۆراوجۆری بەجۆرێکی لێدەکردم بڵێم من مرۆڤێکی کەر بم، ئەگەر گومانم لەو هەبێت!. ئەو بەیانییە تارا جلێکی زۆر نایابی لە دۆڵابی جلەکان بۆ دەرهێنام وتی، دڵەکەم ئەبێت ئەمڕۆ لە هەموو پیاوی دنیا قۆزتر بیت. ئەمەوێت بڕوات زۆر بە خۆت وبە من هەبێت. ئێمە ئێستا ئەڕۆین موڵکو ماڵەکەمان زیاتر وزیاتر ئەکەین. تارا بەهەمان شێوە زۆر جوان خۆی ئامادە کرد. پارەیەکی زۆرمان خستە جانتایەکەوە رۆیشتن بۆ سەر دەریای (تیمس) کە ئەویش سەردەریایەکی زۆر جوان وخەیاڵی بوو کەم کەس لەو کاتی سەر لەبەیانییەدا بۆی ئەرۆیشتن بەتایبەت چونکە کاتەکەی زستانێکی زۆر ساردو باراناوی بوو. بینینی کەسانێك

بۆ یەکەم جار لە شوێنێکی بەو جۆرە زیاتر منی خستە گومانەوە، ئێمە ڕۆیشتین. هەموو کاتەکە ئۆتومبیلێك دوورو نزیك بە دوامانەوە بوو، چەند جارێك پرسیارم کرد، ئەبێت ئەوکەسانە کێبن بەدوامانەوە؟ بەڵام تارا بەدەم پێکەنینێکەوە ئەیوت، هەرکەسێك بێت ئەوە کێشەی ئێمە نییە!. پیاوەکە خەمی هیچت نەبێت، تکایە تا ئەتوانیت بە ئارام ولەسەرخۆبە. تەنها شتێك ئێستا پێویستە بیری لێبکەیتەوە، ئێمە ئەوەندەی‌تر ئەبین بە خاوەنی پارەو موڵکو ماڵی‌تر، ئەوەندەی‌تر دەوڵەمەند ئەبین. کاتێك خەریك بوو لە شوێنی دیاری کراو نزیك ئەبوینەوە. تارا وتی، ریچەرد لێرەدا راوەستە. وتم: بۆ؟ خۆ هێشتا کەمێکمان ماوە بگەین.! وتی، ئەڵێم راوەستە. منیش بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکم کرد وتم، ئەوە چیتە؟ بۆراوەستم؟ هێشتا ماومانە بگەینە ئەو شوێنە! ئەمجارە بە دەنگێکی زۆر بەرز قیژانی وتی، ئەڵێ...م راوەستە لیرەدا. ئا لێرە راوەستە. منیش خێرا ئۆتومبیلەکەم راوەستاند سەیرێکی چواردەوری خۆمم کرد هیچی وام نەبینی، تەنها سەیارەیەکی شکاوچەند درەختێکی وشکو بێگەڵا بەڵام لـەدورەوە دوکانێکی بچوك چەند ئۆتومبیلێکی لێ ڕاوەستا بوو وەکو شوێنی بەنزین تێکردن بێت وابوو. بەڵام زۆر باش دیار نەبوو.. کاتێك ئۆتومبیلەکەم راگرت تارا خێرا خۆی فڕی دایە خوارەوە بەهیواشی بەدەنگێکی نزم وتی، دەی خێرا دابەزە وەرە، بەڵام جانتا پارەکە مەهێنە. منیش هێشتا لەناو ئۆتومبیلەکەدا بووم، چاوەڕێم ئەکرد کەسێك ببینم، هێشتا هیچ کەسێك دیار نەبوو. هەر، لەو کاتەدا کەوتمە گومانێکی زۆرەوە کە ئەبێت ئەو کەسانە تارایان هەڵخەڵەتاندبێت، زۆر بەخێرایی ئەو دەمانچەیەی کە هەمیشە لەژێر کورسیەکەی خۆمدا ئەمشاردەوە دەرم هێنا، خستمە ناو پشتێنەکەم

شاردمەوە، تارا لەوکاتەدا گەڕایەوە وتی، دە دابەزە، بەڵام پارەکە دامەگرە. خەریك بووم لەئوتومبیلەکە دائەبەزیم، لە دورەوە بینیم ئوتومبیلێك زۆر بەخیرایی وا خەریکە لێمان نزیك ئەبێتەوە. تەنها لەچاو تروکانێکا گەیشتن. ترسێکی زۆرم لێنیشت، بینیم بەرامبەرمان ئوتومبیلەکە راوەستا. هەردوودەرگای پێشەوەکرایەوە، دوو پیاو دابەزین، هەتا بڵێی ناشرین وروگرژبوون، روخساریان تەنها لە دزو پیاوکوژ ئەچوو. جانتایەکی رەشی قەبارە مامناوەندیان پێبوو. تارا دەستی لە ناوو گیرفانی بوو، لێیان چوە پێشەوە سڵاوی لێکردن. ئەوان هەر زۆر بێدەنگ بوون، منیش نزیك ئوتومبیلەکەم راوەستا بووم. تارا خەریك بوو زیاتر نزیکیان ئەبویەوە، وتی، ئێمە لەسەر بڕیارەکەی خۆمان دوو ملێون پاوەنمان هێناوە، ئیستا مێردەکەم لە ئوتومبیلەکە دەریئەهێنێت، بەڵام ئێوە ئەبێت شتومەکەکانمان پیشان بدەن تاکو دڵنیا بین. یەکێك لە پیاوەکان لە شوێنی خۆیەوە دەنگی هەڵبڕی وتی، خانم بێگومان بە، شتومەکەکان هەمووی لەم جانتایەدایە ئەتوانیت خۆت سەیری بکەیت، تۆش ئەبێت پارەکەمان پشان بدەیت، تاکو ئێمەش دڵنیا بین. هەر لەوکاتەد دیمەنێکی زۆر سەیر بوو بەلامەوە کە بینیم تارا زیاتر لە پیاوەکان نزیك دەبوەوە لەپڕێکا هاواری کرد ریچەرد خێراکە وەرە دەی خێرا ئەوجانتایە وەرگرە! منیش خێرا رامکرد بۆ ئەوەی جانتاکە لەدەست کابراکە وەربگرم بەڵام کەتەماشام کرد تارا دەمانچەیەکی بەدەستەوەیە بەرەوڕوی ئەوان گرتویەتی، ئەوانیش هەردووکیان واقیان وڕمـاوە! هـەردوو دەستیان بەرزکردۆتەوە بەسەرسوڕمانەوە هەروەکو من، نازانن تـارا بەنیازی چیە! تارا هەرلەوکاتەدا هاواری کردەوە وتی، راکە ناوئوتومبیلەکە ئامادەبە،

خۆشی پشتاوپشت گەڕایەوە ناو ئۆتومبیلەکە، دەمانچەکەشی هێشتا بەرەو روی ئەوان بوو. لەو کاتەیا من وەك شێت پێمنا بە بەنزینداو دەرچوین. چونکە؛ ئەمزانی کە ئەوان هەروا بە ئاسانی وازمان لێناهێنن! کاتێکیش کە دەرچوین ئەوانیش خێرا چونەوە ناو ئۆتومبیلەکەی خۆیان بەدواماندا هاتن، دەستیان بە تەقەکردن بەسەرماندا کرد. بێگومان من ئەمزانی هەردووکمان ئەکوژرێن. دەرچوونمان مەحاڵە. تارا هەرهاواری ئەکرد، ئەیقیژان ئەیوت، خێراکە. دەرچۆ. دەی خێراکە. منیش بەڕاستی لەوکاتەدا هەستم ئەکرد ئەوە خەوە یان خەیاڵە، من هەرگیز لەڕوداوێکی لەوجۆرەدا خۆم نەدیبوو، بەهیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد! ئێستاش نەمزانی ئەوژنە بۆ ئەوەی کـرد!؟ خۆ ئێمە پارەکەشمان بردبوو بەڵام ئەو ویستی پارەکەش وشتومەکەکانیش هەر بۆخۆی بێت، وادیـار بوو تارا باش بیری نەکردبووەوە هەر وەکو شێت پەلاماری ئەدا، پارە بەرچاوی تاریك کردبوو، وای ئەزانی خۆشی ژیان تەنها بریتیە لە بوونی پارە. بەهەرحاڵ کاتێك من هەوڵم ئەدا بەخێراترین شێوە بگەمە سەرجادە گشتیەکە ودەرچم، تاکو خۆم لە فیشەکەکانیان بپارێزم. تارا زیاتر هاواری ئەکرد. لەوکاتەدا منیش ئەوەندە سەرلێشێواو ترساو بووم! بەدەنگی بەرز هاوارم ئەکرد ئەموت بێدەنگ بە. بەسە. بەس هاوار بکە بەسە. بەڵام هاواری ئەوجارەی تارا بۆ ئەوەی بوو کە پێی وتم، ریچەرد فیشەکەم بەرکەوت، خێرا دەرچۆ. خێرا. منیش کە زانیم تارا فیشەکی بەرکەوت لەتاو هاوارو قیژانی ئەو بەجۆرێك شڵەژابووم سەرجادەکەم نەدەبینی، ئەو رۆژە رووناکەم لێ ببو بەشەوەزەنگ. ئەوانیش لەدوامانەوە فیشەك بارانیان ئەکردین، فیشەکێك بەرتایەی ئۆتومبیلەکە

کەوت، کاتێکم زانی ئوتومبیلەکەمان بەئاسمانەوەیە نازانم چۆن ئەو ئوتومبیلە بەدەستمەوە ئەو هەموو بازەی دا، کاتێك چاوم کردەوە لە دوکەڵێکی رەش، دەنگی تارا بەهێواشی نوزەیەکی لێوەهات وتی، ریچەرد برۆ، راکە من بەجێبهێڵە، بەڵام من هەوڵم دا تارا راکێشمە دەرەوە، هەرچەندم کرد نەمتوانی. رزگارکردنی تارا زۆر قورس بوو. تارا چەند فیشەکێکی پێوەبوو جگەلەوەی لەکاتی وەرگەڕانی ئوتومبیلەکەشدا قاچەکانی بە تەواوی کەوتبوە ژێر ئوتومبیلەکەوە. بەڵام لەوکاتەدا پۆلیس زۆر بە زویی گەیشتنە سەرمان من تا ئەوکاتەی تارا گیانی دەرچوو، هەرلەگەڵیدا بووم بەجێم نەهێشت. هەر نەم زانی چی بوو! چۆن ئەوکارەساتە رویدا. هەمووی زۆر بە پەلە بێ ئەوەی من ئاگاداری هیچ شتێکبم، لە ناوجەرگەی کێشەیەکی زۆر گەورەدا خۆم بینییەوە، کە هەتاکو ئێستاش پێوەی دەناڵێنم. هیلین خانم ژیان زۆر بەنرخە، بتەوێت خۆش بژیت ئەبێت رێزی لێبگریت، هیچ شتێك بەئاسانی نادات بەدەستەوە. بەڵام لە ژیان خۆشەویستر خودی خۆتی، ئەگەر تۆ تەنها خۆت تەرخان بکەیت بۆ پارە پەیداکردن، ئەوەبزانە خۆشیت لێدەستێنێ، ئەگەرخۆت تەرخان بکەیت تەنها بۆ ئیشکردن، ئەوە تەندروستیت لێئەدەستێنێ. ژیان ئەبێت تەرازوو بێت، هیچ شتێکش بەزۆر نابێت. تارا هەموو شتێکی ئەویست، چاووبرسی بوو، بە هیچ شتێك رازی نەدەبوو. هەر ئەو چاوبرسێتیەی خۆی کۆتایی بەژیانی هێنا. منیشی گیرۆدەی گیروگرفتێکی گەورە کرد. کێشەکە لەوەدایە ئەو پیاوانەی کە تارا دەستی خستبوە دەستیان، دواییش فێڵی لێکردن، وائەزانن کاتێك ئوتومبیلەکە توشی کارەساتی وەرگـەڕان بوو، من جانتاکەی ئەوانم بردوە، ئەوان من بەدز ناونوس ئەکەن.! ئەمەش راست

نییە. چونکە؛ من ئەوەندە هۆشم هەبوو کاتێك زانیم تارا بەفیشەکی ئەوان گیانی لەدەست دا، هەرچەندە خۆی هۆکاری ئەو روداوە بوو، هەر ئەو کاتە جانتاکەی خۆم هەڵگرت، ئاگام لەجانتای ئەوان نەما نازانم چی لێهات سوتا؟! پۆلیسەکان بردیان! دزرا؟ نازانم چیلێهات. چونکە لەو کاتەدا پێش ئەوەی پۆلیسەکان بگەن، خەڵکانێکی زۆر کۆبونەوە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن. منیش شپرزەو سەرلێشێواو هەوڵمئەدا بڕۆم، لەوبارودۆخە سەپێنراوە دەرچم، رزگارم بێت. بەڵام ئەوان بڕوایان بەوە نییە، من تاوانبار ئەکەن بۆیە هێشتا بەشوێن مندا ئەگەڕێن!. لەوەش گرنگتر، سکۆت وائەزانێت من هۆکاری لەناوچونی دایکی بووم! ئەویش هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوە لە من ئەکات. هیلین خان ئەمە هەموو روداوەکانی ژیانی منە. من لای دەوڵەت تاوانبار نیم، چونکە؛ کاتی خۆی هەموو شتێکم بەڕاستی تێگەیاندن، من هیچ کاتێك هۆکاری کوشتنی تارا نەبووم، جانتای پڕلە مرواری دزراویش لای من نییە. ئێستاش هیلین خان، تۆ خاوەنی بڕیاری خۆتی ئەگەر ئەتەوێت هاوسەرگیری بکەین، ئەوکاتە هەردووکمان لەم شارە دورئەکەوینەوە ئەڕۆین بۆ شارێکی کە، ژیانێکی خۆش، دوور لە کێشە، بۆخۆمان دروست ئەکەین حەزئەکەم ئەوەش بزانیت من وەکو جاران خاوەن پارەنیم هەرچیم هەبوو دامەوە بەقەرزو کارە نابەجێکانی تارا. چونکە لەدوای خۆی کێشەی زۆری بۆ بەجێهێشتم.

لەوکاتەدا ئەو بڕیارە بۆ من زۆر قورس بوو. یەك شتم بەبیر هاتەوە قسەیەکی دایکم بوو، هەموو جار ئەی وت، کچم ئەوە بزانە باشترین کەس ئەو کەسە نییە کە پڕبێت لە جوانکاری یەزدان، یان مێشکی پڕبێت لە زانست، بەڵکو ئەو کەسەیە کە دڵی پڕە لە خۆشەویستی،

گوێچکەکانی هەمیشە ئامادەن بۆ گوێگرتن لە تۆ، دەستەکانیشی هەمیشە پێشوازن بۆ یارمەتی دانت. قسەکانی دایکم زۆر راست بوون. ریچار یەکەم کەس بوو کە پێش ئەوەی بمناسێت دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردم، هەموو کات گوێچکەکانی ئامادە بوون بۆ بیستنی کێشەکانم، هەرگیز بۆ ئامۆژگاری کردنم دوودڵ نەبوو، دڵێشی هەر لە زوەوە پڕ لە خۆشەویستی بوو. ئەمزانی ریچەرد لەو پیاوانەیە کە رێزلێگرتن بە رامبەر بەژن بەکارێکی پیرۆز ئەزانێت. بڕوای وابوو رێزگرتن پێش هەموو شتێکە تەنانەت پێش هاوڕێیەتی وخۆشەویستیشە.

تێگەیشتم لەوەی ریچەرد دەستی لەو شارەشتوە، بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بمێنێتەوە، چونکە دوژمنەکانی هەموو شوێنەکانی ریچەردیان ئەزانی، تەنانەت هاوڕێی نزیك و دوریان ئەناسی، دواجار ئەوەبوو گەیشتنە لای من، هەڕەشەیان لە من کرد، هەر ئەو شەوە زۆرم بیر لە قسەکانی ریچەرد کردەوە، بیرم کردەوە من کەسێکی زۆر تەنهام لە دوای مردنی خێزانەکەم ودایکیشم لە کۆتاییدا هیچ کەسێکم لەژیانمدا نەبوو، جگە لە ریچەرد کە دڵم خۆشکات.

ریچەرد تەنها پیاوێك بوو کە ئەتوانم بڵێم لەدوای مێردەکەم بەراستی دڵم بۆی لێیدابێت، بەراستی خۆشم ویستبێت. نەك لەبەر ئەوەی خاوەن سامان و پارەیەکی زۆر بوو بێت، یان لەبەر ئەوەی پیاوێکی شۆخ و شەنگ و پیاوانە بووبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە مانای وشە مرۆڤ بوو. هەموو چاکیەکانی مرۆڤی باشی تیادا کۆببووەوە بەتایبەت لەو کاتەدا من خاوەنی شتێك نەبووم کە بڵێم مەبەستێکی لەدواوە بێت، نەخێر تەنها خۆشەویستی بوو کە ئێمەی کۆکردەوە لەوەش گرنگتر هەردووکمان متمانەیەکی یەکجار زۆرمان بەیەکتر هەبوو. هەرئەوەش

وایکردبوو کە دڵمان بۆیەك بەرامبەر یەك پڕلە میهرەبانی وسۆزو خۆشەویستی بێت. بۆیە هەرزوو رازی بووم. پێم وت، ریچەرد من ئامادەم. کەی ئەڵێیت، بۆ کوێ ئەڵێیت، من ئامادەم هەموو ژیانم هاوسەرو خۆشەویستی تۆ بم. ریچەرد دڵی بە وەڵامەکەی من خۆش بوو، هەر ئەو شەوە ئەو شتانەی کە زۆر بەنرخ وپێویستم بوون، ئامادەم کردن. بەیانی هێشتا تاریكو ڕوون بوو هەردووکمان لە ماڵ دەرچووین، رۆیشتین سواری شەمەنەفەرێك بووین بەرەو (پرمنگهام).

لەوشارەدا ریچەرد تەنها یەك هاوڕێی دڵسۆزی هەبوو، ناوی خاتو (ماری) بوو ئەو ئافرەتە لەتەمەندا بوو، بەڵام منالّی نەبوو. هەرخۆی بەتەنها لە ماڵێکی بچوکدا ئەژیا. کاتی خۆی خاتوو ماری هاوەڵی نزیکی دایکی ریچەرد بوو هەر بەمناڵی زۆربەی کاتەکانی لای ئەو بەسەربردبوو وەکو دایەنێك ریچەردی بەخێوکردبوو، هەربۆیەش ریچەرد تا ئەو ئاستە متمانەی پێی هەبوو کە بتوانێت ژیانی خۆی پێبسپێرێت. کاتێك گەیشتینە لای ئەو زۆر رێزی لێگرتین، ژووری تەنهای داینێ چەند رۆژێك لای ئەو ماینەوە، بەڵام من هەستم بە نائارامی ئەکرد، چونکە من هەموو کات فێری ماڵی تەنهای خۆم ببوم. لەبەر ئەو هۆیە ریچەرد بڕیاری دا کە بەزوترین کات ماڵێکم بۆ بکرێت. هەر زوو هاوسەرگیریمان کرد، ماڵمان دامەزراند ماوەیەکی زۆر خۆش بەیەکەوە ژیاین، ریچەرد وەکو شاژن مامەڵەی لەگەڵ ئەکردم، ژیانم بەجۆرێك گۆڕا زۆرجار وام ئەزانی خەوئەبینم. ریچەرد باشترین کەسێك بوو لەژیانمدا ناسیبێتم، هەرچیم داوابکردایە بەزوترین کات بۆم ئامادە ئەکرا ریچەرد نمونەی پیاوی دڵسۆزو هاوژین بوو، رۆژ بە رۆژ زیاتر خۆی لە ناو دڵ وناخ و هەستمدا جێگیر ئەکرد، بەجۆرێك

هۆگری ببوم وەکو مناڵ چۆن ئەبێت بەسێبەری دایکی. نازانم چۆن ئەورۆژانە وابەخێرایی تێپەڕین، کاتێکم زانی ساڵێکمان تەواو کرد، هەر ئەو رۆژە بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر هاوسەرگیریماندا دیاریەکی زۆر جوانی دامێ، کە هەرگیز لەیادم ناچێت، ئەویش وێنەی منداڵەکانم بوو کە لە چوارچێوەیەکی گرتبوو، بە ئاڵتون روکەش کرابوو. خۆشترین وجوانترین دیاری بوو کە هەتا ئێستاش پارێزگاریم پێوە کردوە. لێرەدا هیلین دیسان چاوێلکەکەی داکەند وتی

ـ رۆشنا خان، وابزانم کاتی ئەوە هاوتوە قاوەیەکی تاڵ بخۆینەوە. خۆت ئەزانی من هەرچەند باسی منداڵەکانم دێتەوە یاد وەختە دڵم بێتە دەرەوە، ئاخ رۆشنا خان چەندیان بیر ئەکەم. خۆزگە منیش هەر ئەوکاتە لەگەڵ ئەوان بڕۆیشتمایە، هەندێك جار پرسیار ئەکەم ئەبێت خوا منی بۆ چییتر هەڵگرتبێت؟! تۆ بڵێی نهێنییەك هەبێت لەدوای ئەم هەموو ئازارانەی منەوە!؟ ئەمجارەش هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. وتم:

ـ بێگومان، خوا نەخشەی بۆ هەموو شتێك داناوە، ئەڵێن کاتێك کە لەو پەڕی ناخۆشیدایت ئەو نەخشە بۆ شتێکی باشتر ئەکێشێت، هەرگیز بێهیوا مەبە. ئێستا، پێم بڵێ حەزت بەخواردنەوەی چیە با بۆت داوا بکەم. هیلین ئەمجارە بەشەرمێکەوە وتی:

ـ وابزانم قاوەیەکی گەرم وتاڵی بێ شەکر باشە. هەر زوو قاوەیەك وپەرداخیك ئاوم بۆداواکرد.

وتم:

ـ باشە هیلین خان، ئەی تۆ بیرت چوو باسی (ستیڤ) نەکردەوە بەڕاست ئەو کابرایە چی بەسەر هات؟ لەوکاتەدا قاوەکەی هیلین

گەیشت. هیلین زۆر بە پەلە دەستی بە خواردنەوەی قاوەکەی کرد، ئینجا زەردەخەنەیەك گرتی وتی:

ــ ستیڤی نەگبەت، جارێکی کە نەیوێرا باسی چونەدەرەم لەگەڵ بکات! وتم:

ــ بۆ خۆ ئەو ئاگادار نەبوو! هیلین پێکەنی وتی:

ــ من خۆم ستیڤم خۆش نەدەویست، تەنها ئەمویست هاوڕێم بێت، واتا زۆر لام گرنگ نەبوو. بەڵام شتێکی کەمم لا باس کرد تاکو لێم دورکەوێتەوە. هەردووکمان پێکەنین. لەپڕێکا هیلین وەستا وتی، بەڵام ئەو خۆشیەی لەگەڵ ریچەرد هەمبوو تا سەر بەردەوام نەبوو! وتم:

ــ بۆ؟ چۆن؟! هێشتا شتی ناخۆش ماوە روبدات؟ هیلین کەمێك لەقسەکردن وەستاو لە پەنجەرەکەوە بەتیژی ئەیڕوانییە جادەکەی بەرامبەرمان. من وام زانی بیرەوەریەکانی لە یادکردوە! بەڵام لەپڕێکا وتی

ــ رۆشنا خانم، باش بیرمە کە هەموو جارێك ریچەرد پێی ئەوتم، کاتێك کە ناخۆشی رووت تێدەکات، دوایی گەردەلولێکی ژیان لولت ئەدات، پاشان هەموو ژیانت تێکەڵو پێکەڵ ئەکات، زۆر جارهەر ئەوگێژەڵوکەیە فڕێت ئەداتە سەر قەراغی دەریایەکی شینو پاك.. زۆر جار کێشەکان کە رووئەدەن، ئامادەت ئەکەن بۆ سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی خۆشتر. من ئەو کاتە بڕوام وا بوو. چونکە؛ هەردووکمان دوای ئازار وئەشکەنجەیەکی زۆر لەو قەراغ دەریا جوانەی ژیان یەکترمان دۆزیەوە. بەڵام نازانم بۆ قەدەری ئێمە وابوو. یان با بڵێم قەدەری من، هەرکاتێك لەوپەڕی خۆشیدا خۆم ئەبینی بۆ جارێکی تر ئەکەوتمەوە ناو قوڵایی زەمینەوە، وەکو ئەوەی کە تا هاوارم ئەکرد، دەنگم دەرنەدەهات،

تا دەستم بەرز ئەکردەوە، زیاتر نوقوم ئەبووم. رۆژێکی خۆشی هاوین بوو، منو ریچەرد هەردووکمان لە حەوشەی ماڵەکەی خۆمان خەریکی ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ بووین بەدەم قسەی خۆشو پێکەنینەوە ریچەرد لەسەر مەقەڵیەکە چەند پارچە ستێکێکی گەورەی دانابوو، لەگەڵ چەند رانێکی مریشك. خەریکی برژاندنیان بوو. منیش نزیك ئەو راوەستابووم مێزەکەم ئامادە ئەکرد. ماڵەکەمان کەمێك لە شارەوە دوور بوو. هەردووکمان پشتمان لەدەرگای حەوشەکە بوو. هەر ئەوەندەمان زانی لەناکاو سێ کەسی نەناسراو بەسەردیوارەکەماندا وەکو شێت خۆیان هەڵدایە ناو حەوشەکەمان. ئێمە لەو کاتەیا توشی شۆك هاتین! بێئەوەی بزانین ئەوانە کێن؟ یان بۆچی خۆیان هەڵدایە ناو حەوشەکەمانەوە!؟ هەردووکمان ئەوەندە شپرزەو ترساین بەرەو دەرگای ژورەوە رامان کرد، هەردووکمان هەوڵمان ئەدا دەرگاکەمان دابخەین، بەڵام ئەوان وەکو ئەوەی زۆر شارەزا بن، لەدەرگای پشتەوە بۆمان هاتنەژورەوە دەرگاکانیان لێداخستین. من هەر هاوارم ئەکرد ئەموت ئێوە کێن؟ چیتان ئەوێت؟ ریچەردیش هەر بەدەم توورەییەوە پرسیاری لێ ئەکردن ئێوە کێن؟ چیتان ئەوێت؟ یەکێکیان هاواریکرد وتی، گەر بێدەنگ نەبن هەر ئێستا ئەتان کوژین. هەر یەکی چەقۆیەکی گەورەیان بەدەستەوە بوو ئەتوت بۆ قەسابی هاتوون، دەمووچاو سەری خۆیان داپۆشی بوو بەجۆرێك نەناسرێنەوە. هەردووکمانیان بە پەل راکێشان بردە ژووری پشتەوە. ئەو ژووره کەمێك بچوك و تاریك بوو، تەنها پەنجەرەکی بچوکی تیادا بوو، بۆ شتومەکی زیادە بەکارمان دەهێنا. یەکەم جار ریچەردیان لەسەر کورسیەك دانا، هەردوو دەست وقاچیان پێوەبەستەوە. ئەنجا منیان بەرامبەر بەریچەرد بە کورسیەکی

ترەوە بەستەوە، بێئەوەی هیچ ورتەیەکیان لێوە بێت، دەستیان کرد بە لێدانی من، زلەو بۆکزو ئازاردانی جەستەم بە نوکە چەقۆ. ئەمەش وای کرد، ریچەرد زیاتر توورەبێت وبترسێت چونکە؛ هێشتا هیچیان لەو نەکردبوو. بەڵام ریچەرد کەوتبوە هاوارهاوار هەر پرسیاری لێئەکردن بۆوا لە ژنەکەم ئەکەن؟ بەسە... وازی لێ بێنن .... بەسە... چیتان ئەوێت...؟ ئێوە کێن..؟ بۆ وامان لێئەکەن...؟ هەندێك جار بەتوورەیی، هەندێك جاریش بەقسەی خۆش لێیان ئەپارایەوە کە واز لە من بهێنن. بەڵام ئەوان وەڵامیان نەئەدایەوە زیاتر لەمنیان ئەسرەواند. ئینجا یەکێکیان لەپڕێکا بە هەموو هێز وتوانای خۆی دەستی بە لێیدانی ریچەرد کرد. وتی، وا ئەزانی ئەتوانیت خۆت لە من بشاریتەوە؟ وائەزانی ناتوانم بتدۆزمەوە؟ ئەزانی چەند بەدواتا گەڕام. هههە بەخوا بێئەقڵی! تۆ وا ئەزانی من واز لەو پارانە ئەهێنم؟. هەروەکو رقێکی زۆری لەدڵدا بێت. ئینجا من هاوارم کرد. بەهەموو هێزی خۆم ئەمقیژاند، ئەگریام، دە وازمان لێبێنن. ئێمە چیمان کردوە.؟ بۆ وامان لێئەکەن؟ هەتاکو یەکێکیان لێم هاتە پێشەوە وتی، ئەگەر بێدەنگ نەبیت، هەر ئێستا ئەم چەقۆیە لەناو دڵتا ئەچەقێنم. بێدەنگ بە ئەی بێرەوشت، بێدەنگ بە. ریچەردیش ئەیزانی من تۆقیوم. بۆیە ئەویش جارێکی ترلێیان پاڕایەوە کە واز لە من بهێنن. بەڵام من لەتاو ریچەرد هەستم بە ئازاری جەستەی خۆم نەدەکرد. دوای ئازاردانێکی زۆر یەکێکیان کە لە هەموویان دڵ ڕەقتر بوو، زۆر بەتوورەیی لە ریچەرد چووە پێشەوە. وتی، هەی دز، نامەرد. پارەکانی تارا لەکوێن؟ مرواریەکانت لە کوێ شاردۆتەوە؟ چیت لەو هەموو مرواریە کرد؟ هەر ئەبێت پێمان بڵێت چیت لەو پارانە کردوە؟ ئەگینا هەر ئێستا خۆت وژنەکەت پارچە پارچە ئەکەم.

ریچەرد وتی، من پارەی تارام نەبردوە، خۆم خاوەنی پارە بووم، بەڵام ئەو پارەی منی بەکار ئەهێنا بۆ پڕۆژەکانی! من زۆرم لە قەرزی تارا دایەوە بە خاوەنەکانی. ئێستاش خاوەنی هیچ نیم!. هەمان کەس بە تووڕەبونێکی یەکجار زۆرەوە هاواری کرد وتی، ژن، خانووی تازە، ئیش، ئەی پێم ناڵێیت، ئەم هەموو شتانەت بەچی کڕیوە؟ تۆ وائەزانی من کەرم؟! هەرئێستا ئەبێت هەرچیت لایە لە پارەو لە مواریەکان بمدەیتێ. ئەگینا ئەتکوژم!. ریچەردیش هەر هاواری ئەکرد، سوێندی بۆ ئەخواردن کە ئاگاداری هیچ شتێکی تارا نەبوە، ئاگاداری مرواریش نییە نازانێت چیان لێهاتوە؟ پێی ئەوتن، بڕوام پێبکەن، تارا هەرگیز باسی ئیشێکی خۆی بۆ نەکردووم، تارا بڕوای بەکەس نەبوو، هەموو ئیشەکانی بە نهێنی ئەنجام ئەدا. چەند جارێك ئەو راستیەی دووبارە ئەکردەوە، بەڵام ئەوان وەکو نەیانەوێت گوێیان لەو راستیانە بێت، زیاتر ئازاری ریچەردیان ئەدا. زلەو بۆکزیان ئەکێشا بەناودەموو سەرو گوێچکەیدا تا وای لێهات ریچەرد ناوبەناو لە هۆشخۆی ئەچوو. بەڵام ئەوان زۆر بێویژدان بوون، وادەرئەکەوت خۆیان لەناخەوە لە مرۆڤایەتی دەرچوبن هەست وهۆشیان لەدەست دابوو، من ئەمزانی ئەو ساتانە کۆتایی ژیانمانە. چونکە؛ ئەوکەسانە بە نیازی کوشتن هاتبوون لەوبڕوایەدا بووم ئەگەر ریچەرد نەك جانتایەك بەڵکوو دەجانتا پارەشی بدانایەتێ ئەوان هەر ئازاریان ئەدا بەوشێوەیەی کە حەزیان ئەکرد، چونکە زۆر تامیان لە ئازاردانی جەستەمان ئەبینی. کاتێك هاوارمان ئەکردو ئەپاڕاینەوە کە لەگەڵماندا بە بەزەیی بن، ئەوان سەیری یەکتریان ئەکردو پێئەکەنین. گاڵتەیان بە ئێمە ئەهات، وایان دەزانی ئەوان لەوپەڕی هێزو توانادان ئەتوانن چارەنوسی ژیانی

ئێمە بەدەستی ئەوان بێت، هەرکاتێکیش ویستیان ئەوا دەرباز بن. دوای ئەو هەموو ئازاردانە، هاوارکردن، قیژاندن بەسەرمانا تۆقاندنمان، پاڕانەوەی من وراستگۆیی ریچەرد، لەکۆتاییدا یەکێکیان بەهەموو هێزی خۆی چەقۆیەکی چەقاندە سەرسنگی ریچەرد، منیش هتا هێزم تیا بوو هاوارم ئەکرد، ئەگریام، ئەپاڕامەوە کە وازی لێبهێنن. بەڵام ئەو پیاو کوژی خوێنمژانە وازیان نەدەهێنا. هەر کە ئەوەم بینی من هۆشم بەخۆم نەما. کاتێك چاوم کردەوە لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری چەند پزیشکێکدا بووم لەگەڵ چەند پۆلیسێك. سەرەتا ویستیان پرسیاری زۆرم لێبکەن، بەڵام من لەوکاتەدا هیچی وام بیرنەمابوو، چەند رۆژێك وازیان لێهێنام. بەڵام ئەوەی من لەبەرچاوم لانەدەچوو ئەوکاتە بوو کە ریچەرد هاواری ئەکرد، داوای ئەکرد وازیلێبێنن. چونکە ئەو تەنها راستی پێدەگوتن. بەڵام ئەو نامرۆڤانەی کە لەبەرگی مرۆڤدا بوون. بێگوێدان بەهاوارو پاڕانەوەکانمان زۆر بێ بەزەییانە چەقۆکەی چەقاندە ناوئەو دڵە ناسكو پاکەی کە پڕ بوو لە خۆشەویستی بێ بەرامبەر بۆ هەموو کەس. نازانم بۆ ئەوەندە دڵ پڕ لە رق وکینە بوون؟ بۆ ئەبێت مرۆڤ بەوجۆرەی لێبێت کە هەموو سیفاتەکانی خۆی ون کات تەنها بۆ یەکێك لە ویستەگڵاوەکانی ئەویش پارە بوو، چۆن مرۆڤێك ژیانی کەسێك لەناو دەبات بۆ پارەیەك کە مافی ئەو نەبێت. من چەند رۆژێك بەتەنها لە نەخۆشخانە مامەوە، هەموو رۆژێك پۆلیسەکان پرسیاریان لێئەکردم ئەگەرئەو پیاوکوژانە کەسیان لێ ئەناسم؟ بەڵام من دەمووچاو روخساری کەسیانم نەدیبوو، تەنها یەکێکیان قسەی ئەکرد، دەنگی ئەویەکەشم نەدەناسیەوە. هەرسێکیان بەمن زۆر نەناسراو بوون. رۆژێکیان یەکێك لە پزیشکەکانی کە بەردەوام چاودێری ئەکردم هاتە

لام دانیشت. دوای ئەوەی برینەکامی پشکنی و هەندێـك گفتوگۆمان دەربارەی ئەوڕۆژە کرد، دوایی بەدوودڵیەکی زۆرەوە وتی، هێلین خان، من زۆردڵتەنگ‌و خەمبارم بۆ لەدەستدانی هاوسەرەکەت. بەداخەوە. من پێشەکی داوای لێبوردنت لێئەکەم ئێستاش ناچارم کە هەواڵێکی زۆر ناخۆشت پێ رابگەیەنم، کە بەڕاستی ئەویش زۆر دڵتەزێنە.! بەڵام پێویست ئەکات بیزانیت.

بێئەوەی هیچ خۆم تێك بدەم تەنانەت سەیریشی بکەم. وتم:

ــ دوای مردنی مێردەکەم، بڕواناکەم هیچ هەواڵێك هەبێت بۆ من لەوە ناخۆشتر بێت! هیچ کەسێکم نەماوە تا لەدەستی بدەم. ئەوەی هەمبوو هەمووی رۆیشت تەواو ئیتر بێخەم‌بە، چیت پێیە لەهەواڵی ناخۆش فەرموو بیڵێ. پزیشکەکە بە دەموچاوێکی پڕلە خەم وپەژارەوە بۆ چەند ساتێك بە دوودڵیەکی زۆرە هەر تەماشای ئەکردم وەکو ئەوەی نەزانێت چۆن دەست پێبکات، بەچی دەستپێبکات کەمێك بێدەنگ بوو، منیش هەرچاوەڕێیم ئەکرد. بەهێواشی هەردوو دەستی هێنایە پێشەوە دەستی خستمە ناودەستی خۆی بەدەنگێکی پڕ لە ئێش و ئازارەوە وتی، هیلین خان، راستە لەدەستدانی هاوسەرەکەت بەوشێوەیە کارێکی زۆر جەرگبڕە، من زۆر بەداخەوەم. بەڵام نازانم خۆت ئاگاداریت یان نا. هیلین خان، لە ئەنجامی ئەو لێدان و ئەو کردارە دڕندانەی کە پێش چەند رۆژێك ئەو چەتەو نامرۆڤانە بەرامبەرت کردیان، زۆر بەداخەوە هەموو هەوڵێکمان دا، بەڵام نەمان توانی کۆرپەکەت رزگار بکەین، زۆر داوای لێبورن ئەکەم. هیلین لەقسەکردن وەستا دوا قومی لە قاوەکەی دا. منیش بۆجارێکی‌تر دەمم داچەقاند، چاوم زەق بووەوە، هەردوو برۆم بۆ ئاسمان فڕین وتم:

ــ چیییی؟ کۆرپە؟! کۆرپەی چی! واتا ئەو کاتە تۆ سکت پڕبوو؟ ئەی نەتزانی کە تۆ سکت پڕە؟! ئەی چۆن ریچەرد بەتۆی وت، مناڵی نابێت؟! ئەی تارای کۆنە ژنی نەیبرد بۆ پزیشك بۆ پشکنین تاکو مناڵیان بێت.؟ هیلین ئەمجارەش چاوێلکەکانی داکەند، بۆجارێکیتر فرمێسك چاوەکانی پڕ کردبوو، خوڕ خوڕ بەسەررومەتەکانیا ئەهاتنە خوارەوە. بەدەستە لەرزۆکەکانیشی خێرا خێرا فرمێسکەکانی ئەسری. ئنجا سەرێکی نزیك کردەوە وتی:

ــ رۆشنا خان، مردنی چارلی یەکەم مێردم، مردنی ئێما، ئادەم، مردنی ریچەرد، تەنانەت مردنی دایکیشم. هەمووی هەتا ئێستاش پرسیارێکی زۆریان لاجێهێشتم چونکە؛ مردنی کەسیان چاوەڕوان کراو نەبوو، هەرکامێان بەجۆرێکی جەرگبڕ لەناوچوون. زۆر بەپەلە رۆیشتن، من ئامادەنەبووم. من هێشتا لەوپەڕی گەنجێتیما بووم. ئەزانیت مردنی هەر کەس بەوجۆرە ئازارێکی زۆر قوڵت لا بەجێ دەهێڵێت کە چاکبوونی زۆر گرانە؟ لیدابڕانی ئەو خۆشەویستانە برینێکە هەرگیز سارێژ بوونی نییە. لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەدا، کاتێك کە پزیشکەکە ئەو هەواڵەی پێدام، وەکو ئەوە وابوو کە لەسەربانێکی زۆر بەرز فڕێمبدەنە خوارەوە، ئەزانیت بەهیچ جۆرێك خۆم بۆ نەدەگیرایەوە. نازانم چەند شەو چەند رۆژی کە بەوجۆرە بێئاگابووم! ئەو کۆرپەیەی کە نەمزانی لە ناودڵ و ناخمدایە، نەمدەزانی رۆحێك لەناو جەستەوخوێنمدایە! چۆن نەمزانی نیوەیەك لە ریچەرد لەو خۆشەویستەم لەناو مندا ئەژی، تێکەڵی خوێنو دەماری من بوە!؟ چۆن نەمزانی؟!. رۆشنا خان ئەزانی ئەو هەستە چەند بە سوێیە؟ ئەو هەستە بەرامبەر بەسوێی ئادەم وئێما بوو! ئەو کۆرپەیەم

تەمەنی چوار مانگ بوو، ئەگەر ریچەرد بیزانیایە ئای کە دڵی خۆش ئەبوو. بەڵام خۆ نەیانهێشت. ئەویشیان کوشت.

جارێکیتر، زامێکیتر، لە دڵما دروست بوو. بەڵام هیچ وشەیەك نەبوو بتوانم دڵتەنگی خۆمی پێدەرببڕم. تەنها ئەوە نەبێت کە بڵێم

ــ هیلین گیان، ئێستا ئەبێت ئاگاداری خۆت بیت، ئەوانە هیچیان ناگەڕێنەوە، بەڵام ژیانی خۆت لەهەمووی گرنگترە ئەبێت زۆر وریا بیت، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی تۆڵەی ریچەردو کۆرپەلەکەت وەرگریتەوە. هیلین بە پێکەنینێکەوە سەیرێکی کردم وتی:

ــ چیی..؟ تۆڵە...؟ لە کێ؟ لەو خوێنمژانە؟ رۆشنا خان تۆ قسەی سەیر ئەکەیت، مەگەر هەر خوا تۆڵەم بستێنێ، دوای ئەو هەموو ساڵە ئەوانە چۆن دەست من ئەکەون؟! کێ ئەزانێت ئەوان لە کوێن؟ من چۆن ئەتوانم ئەوان بدۆزمەوە!؟ وتم :

ــ هیلین خان وا مەڵێ، مرۆڤ چەند زاڵم بێت رۆژی دێت! بەڵام وادەرئەکەوێت تارا ژنێکی یەکجار بەدکارو درۆزن بووبێت! هیلین سەرێکی بەرزکردەوە بەدەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە وتی:

ــ رۆشنا خان، باش گوێبگرە چەند شتێك هەیە پێویست ئەکات بیزانیت، راستە ئێمە هەردووکمان ژنین، دووئافرەتی بێبەخت و دڵشکاوین من بەجۆرێك، تۆش بەجۆرێك. ئێمە هەردووکمان مرۆڤێکی ئاسایی و سادەو ساکارین. هەرچەندە لە زۆر روەوە جیاوازین، هەردووکمان لە بنچینەو رەگـەزدا زۆر جیاوازین. هەردووکمان لە دوو خاکی جیاوازدا دروست بوین، لە دوو خاکی جیاوازیشدا پەروەردەکراوین. سەیرکە هەریەکەمان جۆرە کلتورو نەریتێکی جیاوازمان هەیە، هەریەکەمان بەجۆرێك باسی خۆشەویستیمان بۆ

کراوە، هەریەکەمان بەجۆرێکی جیاواز باسی رێز گرتنو گەورەیی خێزانمان بۆ کراوە. هەریەکەمان بەجۆرێکی زۆر جیاواز ئەڕوانینە ژیان. رۆشنا خان منو تۆ تەنانەت لە بیرو باوەڕەکانیشماندا جیاوازین، بەڵام ئەگەر باش تێبینی بکەیت، ئێمە لە دروستبونماندا وەکو مرۆڤ، بەتایبەت بونمان وەکو ژن، یەك کەسین، هیچ جیاوازیەکمان نییە. خوای گەورە هەموو هەستەکانی وەکو یەك بۆ دروست کردوین، دایك یەك جۆرە هەستی هەیە بۆ کۆرپەکەی لەهەرسوچێکی ئەم گۆی زەمینەدا بێت. ژن هەر ژنە، بەڵام هەندێك کارتێکەر وبارودۆخی جیاواز شتێکی کەم، یان زۆر، ئەگۆڕێت. من ئەمەوێت پێت بڵێم ئێمە ژنێکی چاکی بەدبەخت بووین بەڵام تارا یەکێك بوو لەو نمونانەی کە پڕ بوو لە خراپی، ژانێکی یەکجار قوڵ بوو بۆ منیش، بۆ ریچەردیش، تەنانەت بۆ کوڕە تەنهاکەی خۆشی. ئێمە ناتوانین بڵێین ژن هەمووی چاکە، سەیرکە کەسێکی وەکو تارا وا لە هەندێك پیاو ئەکات کە هەر بەو چاوە سەیری هەموو ژنان بکەن. حەز ئەکەم پێت بڵێم ژن زۆر چاکن، بەڵام ژنی زۆر خراپیشمان تیادایە، ئەو ژنانە من وەکو مێخەك ناویان ئەنێم، چونکە؛ مێخەك بۆنی خۆشە، بەڵام کاتێك ئەیخەیتە دەمت تامی تاڵ و تیژە، ناخورێت ئەبیت تفی بکەیتەوە ئەگینا زمانت ئەبات، بێزارت ئەکات. ئەوجۆرە ژنانە هەرچەندە کەمن بەڵام هەن. ریچەرد لەو پیاوە باشانە بوو کە زۆر کەمن، لەبەر گەورەیی دڵی خۆی وراستی وپاکی بێسنوری بڕوای بەهەموو قسەیەکی تارا کردبوو، تەنانەت کاتێك کە بردبووی بۆ لای پزیشکە شارەزاکە ئەو پزیشکەش هاوڕێی تارا خۆی بوو، ئەو پزیشکە ئەنجامی پشکنینی کەسێکی نەزۆکی پشانی ریچەرد دابوو هەتاکو بڕوا بە قسەکانی تارا بکات.

ئەو پزیشکە لەگەڵ تارا وایان گەیاندبوە ریچەرد، کە بەهیچ جۆرێك توانای مناڵبوونی نییە. بۆ ئەوەی تا کۆتایی ژیانی هیوابڕێت لەوەی کە رۆژێك لە رۆژان بتوانێت ببێت بە باوك، هەر بۆ ئەو مەبەستەی سکۆت بکات بە کوڕی خۆی، بەڵام بەداخەوە کاتێك کە پزیشکەکە لە نەخۆشخانە ئەو هەواڵەی پێراگەیاندم تۆشی سەرسوڕمانێکی زۆر هاتم، چونکە منیش خۆم بڕوام نەدەکرد مناڵمان بێت. کاتێکیش بوو زانیم کۆرپەیەکم لەریچەرد بوو، ریچەرد نەما. کۆرپەکەش سەری نەهاتە دی. بە بۆنەی کێشەزۆرو نگریسەکانی تارای نەعلەتی. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم ئێمەی ژن هەموو باش نین، ئەوەتا یەکێکی وەکو تارا هەموو ژیانی پیاوێکی باشی وەکو ریچەردی بەناخی زەمیندا برد، هەروەها ژیانی منیشی بەجۆرێك تێکدا کە هێشتا لە ململانێدام لەگەڵ کەسانێك کە نایان ناسم، وەکو مۆتەکە سواری سەرم بوون. رۆشنا خان ئەمە هەموو چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی من بوو. ئێستا زانیت بۆچی سکۆت هاتە سەرم؟ بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە لەبەسەرهاتە پڕئێش وئازارەکانی هیلینەوە وتم:

ــ هیلین خان بەراستی چیرۆکەکەت زۆر کاریتێکردم. ژیانت پڕن لەبەسەرهاتی سەیرو دڵتەزێن. هیوادارم بکوژی ریچەردو کۆرپەکەت بدۆزیتەوە. قسەکانت زۆر راستن کاتێك ژنێکی وەکو تارا دەبینین ئەوسا ئەبێت دان بەوەدابنێن کە، ئێمەی ژن هەموو باش نین، خراپیەکان نابێت هەمووکات بخرێنە پاڵ پیاو. پیاویش بێگومان هەموو خراپ نین. هەندێك جار خۆمان بەرپرسیارین لەو هەڵانەی کە بەرامبەرمان دەکرێت. بەڵام پێم بڵێ، ئەی چۆن تۆ رزگارت بوو؟ چۆن تۆیان نەکوشت؟ ئەو کەسانە دەسگیر نەکران؟! بەڕاست چیان بەسەرهات؟!

هیلین لەوکاتەیا هەستایە سەرپێ، ویستی بڕوات. بەڵام کە پرسیارەکەم لێکرد هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا وتی:

ـ کاتێك ئـەوان لە ژورەوە ئـازاری ئێمەیان ئـەدا، یەکێك لە دراوسێکانمان کە نزیکمان بوو، پەیوەندیەکی نزیکیشمان هەبوو، ئێمەیان زۆر خۆش ئەویست، زۆرجار سەردانی یەکتریمان ئەکرد. ئەو کاتە ئەو دوکەڵێکی زۆر ئەبینێت کە لە مقەڵیەکە بەرزئەبێتەوە، کاتێك ئەیەوێت بەرەو ماڵی ئێمە بێت تێبینی ئەوە ئەکات ئێمە لە حەوشەکەدا نەماوین مقەڵیەکەش گۆشت ومریشکێکی زۆری لەسەرە. بەڵام ئاگرێکی زۆر بەرزبۆتەوە هەمووی دەسوتێیت. ئەمەش وادەکات دراوسێکەمان بکەوێتە گومانەوە، خێرا تەلەفۆن بۆ پۆلیس وئاگر کوژێنەوە ئەکات. ئەوانیش زۆر بەخێرایی ئەگەنە سەرمان، چەتەکان شپرزە ئەبن ورائەکەن. بەڵام لەو کاتەدا من تەواو بێهۆش بووم. ئەوان ئێمە ئەبەن بۆ نەخۆشخانە. پۆلیسەکانیش دوای ئەوان ئەکەون، پاش ماوەیەکی کەم ئەتوانن دوانیان دەستگیر بکەن، سێهەم دانەیان لەدەست دەرئەچێت. ئەو دوانەی کە ئەشکەنجەی منیان ئەدا، دەستگیر کران. بەڵام ئەوەی بەدرێژایی سی خولەك ئازاری ریچەردی ئەدا لەکۆتایدا کوشتی. رایکرد، ئەو دەستیگیر نەکرا. ئەو دوانەش یەکی پانزە ساڵ بەندکران لەبەر ئەوەی ئاگاداری کوشتنەکە بوون، هاوکاربوون.

وتم:

ـ بەداخەوە کە بکوژەکە دەستگیر نەکرا، بـەڵام بـڕوا بکە هەردەستگیر ئەکرێت. ئەی باشە ئەو دووکەسەتان ئەناسی؟ هیلین وتی:

ـ نەخێر، من نەم ئەناسین لەژیانمدا نەم بینیبوون. هەردووکیان گەنج بوون، وا دەرئەکەوت هاوڕێی سکۆت بوبن، بەڵام کەسیان

دانیان بەهیچ شتێکا نەنا، هەر لەو کاتەشەوە سکۆت دیارنەما. من خۆم ئەمزانی ئەو بوو، بەڵام هیچ بەڵگەیەکم لە دژی سکۆت نەبوو. من لەدادگا هەرچیەکم ئەوت، ئەوان نکوڵیان لێئەکرد. ئەوان هەردووکیان پاریزەریان هەبوو بەرگریان لێدەکردن. بەڵام من هیچ کەسێکم نەبوو، تەنانەت هاورێ نزیکەکانی ریچەردیش دوورکەوتنەوە، خۆیان لێم تێنەگەیاند. خۆت ئەزانی من تەنها لە ژیانمدا ریچەردم هەبوو کە بڕوای پێبکەم. دوای ئەویش من ئیتر بۆ هەتاهەتایی تەنهاو بێکەس مامەوە. جارێکی‌ترنەخۆش‌و بێکەس. ئیتر بەیەکجاری وازم لەهەموو شتێك هێنا. تەنانەت ئیشم پێنەدەکرا. پاش چەند ساڵێك دیسانەوە بۆ لەندەن بۆ ماڵەکۆنەکەی باپیرانم گەڕامەوە. ماوەیەکی زۆر کورت توانیم لەو ماڵەدا بمێنمەوە. هەرچی بیرەوەریە خۆش وناخۆشەکانم هەبوو، هەموو شەو وەکو شریتی سینەما بەبەرچاومدا تێدەپەڕین. لەبەرئەوە، منیش بڕیارم دا کە بەکرێی بدەم، بەپارەی ئەو خانوە گەورەیەی کە لە ناوەڕاستی شاردابوو، ئەم شوقە بچکۆلەیەم پێگرت کە هەر ئەڵێی شقارتەیە. رۆشنا خان، تۆ لەو باوەڕەدای ئەگەر من خاوەنی پارەبم لێرەدا ئەژیم؟ ئێستاش نازانم ئەو کوڕی سەگە چۆن منی دۆزیوەتەوە، تازە دوای ئەو هەموو ساڵە داوای پارە لەمن ئەکات. وتم:

ـ هیلین خان، بەڕاستی بەسەرهاتەکانت سەیرن. بەڵام وەکو کورد ئەڵێت، چەم بێ چەقەڵ نابێت. لە هەموو شوێنێکی دنیا کەسانێك هەن کە ژیانت لێ تێك بدەن. هیلین ئەمجارە بەڕاستی هەڵسایەوە سەرپێ ویستی بڕوات، دەستێکی خستە سەرشانم، بەدەم زەردەخەیەکەوە وتی:

ـ رۆشنا خانم، پێویستە من زۆر سوپاسی تۆ بکەم بۆ ئەو هەموو کاتە بەنرخەت کە گوێت لە من گرت. بەڕاستی بۆ یەکەم جارە کە

من  توانیبێتم بەبێ ترس، بەبێ دوودڵی باسی ئازارەکانی هەموو ژیانم بۆ کەسێك بکەم، کە تەنها ژنێکە دراوسێمە. بەڵام، ژنێکە کە هەستم پێئەکات، ژنێك کە ئەم چەند کاتژمێرە لەگەڵ ئازارو خۆشیەکانمدا ژیا. سەیرکە ئێمە چەند گەورەین، چەند بڕوامان بە پاکی وراسگۆیی یەکتر هەیە. خۆ ئێمە ئەگەر نەشتوانین یارمەتی یەکتر بدەین، هەر هیچ نەبێت، ئەتوانین باوەشی دڵسۆزی ودەستی دڵنەوایی بخەینە سەرشانی یەکتر. منیش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتم:

ـ هیلین خان، ژن لەهەر کوێ بێت خاوەنی دڵێکی گەورەیە، ئێمەی ژن باشەکانمان زۆر زۆرن. بەڵام داخ لەوەدایە، پیاو چەند زیرەك وریا بن هێشتا ژن وەك خۆی ناناسن، هێشتا هەندێکیان هیچ لەبارەی ئافرەتەوە نازانن، هێشتا لە قوڵاییە شاراوەکانی ئافرەت تێناگەن. ژن ئەو مەتەڵەیە کە هەڵنایەت. ژن جیهانێکی نەناسراوە کەم هەیە لێیتێبگات. ژن پێئەکەنێت، کاتێك کە هەست بە ئازار ئەکات. گۆرانی دەڵێت، کاتێك ئەیەوێت بگری. ژن بە ئاسانی ئەگری، کاتێك کە دڵی خۆشەو فرمێسکی دڵخۆشی ئەبارێنێت. ژن هاوار ئەکات، کاتێك هەست بە ترس ئەکات. خۆشەویستی هیچ مەرجێکی نییە لای ئەو. هێزو توانای ژن، پیاو سەرسام ئەکات!. ژن توانای بەسەر قورسیەکاندا ئەشکێت. توانای بەسەر گەورەترین ئازارو ئەشکەنجەدا ئەشکێت. لەگەڵ ئەو کاتە قورسانەدا توانای خۆشەویستی هەیە، ئەتوانێت دڵی کەسانێك لە چواردەوری خۆی خۆشبکات. لەبەر ئەم هۆیانە ژن هەر بەو شێوەیە لەچاوی پیاودا بەنەناسراوی ئەمێنێتەوە، کاتێك وادەزانێ ئەتوانێت لێی تێبگات. ئەزانی ژنی ژیر وتێگەیشتو پیاو ئەسوتێنێ؟ ژنی زیرەك، سەرنجی پیاورادەکێشێ. ژنی جوانیش، پیاو حەزی لێدەکات. بەڵام ژنی ناسك ولەسەرخۆ، پیاو لەخشتە دەبات، دڵی لێئەستێنێ.

هیلین خان، ئێمەش یەکێکین لەو جۆرە ژنانە. زۆرینەی ژن، ئەو کەسەیە کە پڕە لە سۆز، لە گەورەیی، ئەو دڵەیە کە پڕە لەمیهرەبانی، هێز، خۆشەویستی، شکۆ، بەزەیی، زۆر شتی تر کە وەسف کردنیان ئاسان نییە.

بەڵام تارای جوانەمەرگ، «ژانێك بوو بۆ ریچەرد.» نەك تەنها ژیانی ریچەردی کرد بە دۆزەخ. بەڵکو هۆیەکی گەورەش بوو بۆ تێکدانی ژیانی تۆ. هیلین خان  ئێستا بۆم دەرکەوت چەند ژنی وەکو ئێمەی بەدبەخت ودڵشکاو هەیە.  هەر، بەو شیوەیە پیاوی زۆربێبەخت ودڵشکاویش هەیە. لەو کاتەدا هیلین پاڵتۆکەی بەسەرشانیا دا، هەناسەیەکی زۆر قوڵی هەڵکێشا وتی:

ــ من ئیتر ئەڕۆم.. چاوەڕێی چارەنوسی نادیاری خۆم ئەکەم، بزانم ئەمشەو چی رووئەدات. منیش زۆر بەدوودڵیەوە خواحافیزیم لێکرد وتم:

ــ تکایە ئاگاداری خۆت بە، دەرگا لەکەس مەکەرەوە، هەرچەندە بڕوا ناکەم ئەمشەو ئەو بەدفەڕە بگەرێتەوە، چونکە پۆلیس ئاگادارە. هیلین تەنها بە زەردەخەنەیەك وەڵامی دامەوە. هەنگاوێك دورکەوتەوە منیش لەوەدا بووم شتەکانم کۆبکەمەوە شوێنەکە جێبهێڵم تەماشام کرد هیلین گەڕایەوە زۆر بەتوندی باوەشێکی پیادا کردم. بە دەنگێکی پڕ لەگریان وتی، من زۆر سوپاست ئەکەم تۆ مرۆڤێکی یەکجار گەورەیت. هەر ئەوەندەی وت، خێرا رۆیشت شوێنەکەی جێهێشت. منیش لەراستیدا دڵم بۆی پڕ بوو لەگریان، لە خوا ئەپاڕامەوە ئیتر کەس ئازاری نەدات.

# ٢٧

لە چیرۆکەکەی هیلین زۆر سەرسام بووم، دڵم تەواو گوشرابوو، خەمێکی زۆر سەرتاپامی گرتبۆوە، هەروەکو بڵێی خۆمم لەزۆربەی کێشەکانی ئەودا ئەبینیەوە هەرچەندە من هەرگیز بەوجۆرەی هیلین رووبەڕی دزو تاوانبارو پیاوکوژ نەببومەوە، هەروەها سکسوتانیشم نەبینیبوو. بەڵام لەڕاستیدا هەستم بەئازارەکانی ئەو ئەکرد. چونکە ئەویش هەر وەك من بێدەسەڵات بوو. لەبەرامبەر ئەوهەموو خراپەکاری و بێویژدانیەی کە بەرامبەری کرابوو. زۆری ناخۆشی بینیبوو. هیلین تەنها هاوڕێیەکی دڵسۆزی نەبوو تابتوانێت تەنانەت باسی خەموو ئازارەکانی دڵیشی بۆ بکات. تا ئەوکاتە هەمووی لەناو مێشك ودڵیدا پەنگی خواردبوو. هەستم بەقوڵی برینەکانی هیلین ئەکرد. هەرچەند باسی منداڵەکانی بۆ ئەکردم لەدڵیەوە بەقوڵپ ئەگریا. هەرچەند باسی مێردە دڵسۆزو خۆشەویستەکانی بۆ ئەکردم هەناسەی قوڵ وئاهی ساردی هەڵئەکێشا. دڵنیام لەوەی ژیان کێشەی زۆرە بەجۆری زۆر جیاواز ئازارمان ئەدات. بەڵام کاتێك ئەو ئازارە لەدڵ ئەدات بەقوڵی بریندارى ئەکات هەر هەمان ئازارە. بەسەرهاتەکانی هیلین بەقوڵی کاریتێکردم. هەمووی وەکو فلمێکی پۆلیسی ئەهاتنە پێش چاوم. ئەوکاتە بۆم دەرکەوت کە هیلین چەند ژنێکی بەهێز وپڕ لە توانابوە. لەوپەڕی گەنجیدا سێ جارمناڵ مردنی بینی بوو، دووجار مێردی مردبوو، چەند جار روبەڕوی مرۆڤی نەخۆش ودڕندەو ترسناك ببووەوە. هیلین نمونەی ئافرەتێکی دڵسۆزو پاك وبێگەرد بوو. ئەو رۆژە بەهەموو دڵێکمەوە هیواخواز بووم، کە

بتوانم یارمەتی بدەم. بەڵام نەم دەزانی چۆن؟ نەمدەزانی ئەبێت چی بکەم تابتوانم یارمەتی ئەو ژنە سکسوتاوی هەناسەسارده بدەم. خۆ هەرچەندە ئەو تروسکایی لەژیانی خۆشبەختی چاوەڕوان نەبوو. بەڵام مرۆڤ تا ئەوکاتەی دواهەناسەی هەر هیوادەخوازێت تەنانەت مردنەکەشی بەئاسودەیی وبێئازار بێت. ئەی ئەگەر ژنێکی وەك هیلین دوای ئەو هەموو چەرمە سەریەو ئازارو ئەشکەنجەیە تاکۆتایی ژیانی بەترس ودڵەراوکێ بەسەر بەرێت!. هەرگیز من ناهێڵم ئەو ژنە کۆتایی رۆژەکانی ژیانی بەوجۆرە بەڕێبکات. من ئەو کاتە لەگەڵ خۆم بڕیارمدا کە ئەبێت ئیتر دڵەراوکێ کۆتایی بێت. ئەبێت هیلین بژی. گەر بەتەنهاش بێت کێشە نیە. بەڵام پێویست دەکات هەرهیچ نەبێت کەمێك ئاسودە بێت. دووعام ئەکرد، ئەپاڕامەوە ئەگەر دادگای مرۆڤەکان بەوجۆرە نادروست وناڕێك بێت. دەبا ئیتر دادگای خوا بەرقەرار بێت. دادگای خوا دەرکەوێت. کات زۆری نەمابوو رەنج بگەڕێتەوە. منیش بەرەو ماڵەوە کەوتمە رێ. تاکوو خواردن بۆ رەنج ئامادە بکەم.

من ئـەورۆژە خەمی رەنج بەشێوەیەکی بێ ئەندازە دڵگرانی کردبووم، بەڵام؛ باسەکەی هیلین، روداوە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی، خەمەکانی رەنجی بیربردمەوە. دوای قسەکانی مامۆستا جسیکا و هیلین. گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە هەموو کەسێك بەشی خۆی خەموو کێشەی هەیە کە ژیانی لێتێك ئەدات لە زۆر و لەکەم. هەموو کەسێك لە ئێمە کە روبەڕوی کێشەیەك ئەبێتەوە وائەزانێت تەنها خۆیەتی دووچاری گرفتەکان ئەبێت، بەڵام کاتێك کە گوێت لە گرفتێکی کەسێکی تر ئەبێت، بۆت دەرئەکەوێت کە تەنها نیت، هاوڕێت زۆرە، نەك هەر

ئەوەش ئەتوانیت یارمەتیشیان بدەیت. جگەلەوەش ئەگەر وریا بیت ئەتوانیت لە ئەزموونی ئەوکەسانە وانە وەربگریت..

کاتێك گەیشتمە ماڵەوە کات ئەوەندەی نەمابوو رەنج بگەڕێتەوە، بەردەوامیش بیرم لەبەسەرهاتەکەی هیلین ئەکردەوە زۆر دڵم پێی ئەسوتا لەبەردەم خۆمەوە ئەموت، ئەو ئافرەتەش وەکو من تەنهاو بێکەسە. خۆ هەرچەندە ئەو لە وڵاتی خۆیدا ئەژی، وەکو من غەریب نییە. بەڵام کە بێکەس بوویت، هەر وەکو ئەوەیە کە لەوڵاتی غەریبی بیت. ئێمە هەرچەندە دوو کەسی جیاوازین لە هەموو بارەیەکەوە وەکوخۆی باسی کرد، بەڵام لە کۆتایدا هەردووکمان یەکئەگرینەوە چونکە مرۆڤین، مرۆڤیش هەموو کات بۆ بەڕێکردن و کارئاسانی ژیانی پێویستی بەیەکتر ئەبێت. هەر بۆیە پێش ئەوەی رەنج بگاتە ماڵەوە رۆیشتم لەدەرگای شوقەکەی هیلین خانم دا، دوای چەند زەنگێك بەترسێکەوە دەرگاکەی کردەوە. بەڵام کە منی بینی خێرا دەموچاوی گەشایەوە بەڕویەکی خۆشەوە

وتی:

ـ رۆشنا خانم... فەرموو. منیش بەهەمان رووی خۆشەوە وتم:

ـ هیلین خان، حەزم کرد ئەمشەو میوانمان بیت، پێمخۆشە بەیەکەوە خواردنێکی خۆش دروست بکەین، ئەگەر بەباشی ئەزانیت. شەویش بەیەکەوە بەقسەی خۆش بەڕێ بکەین. هەروەك ئەزانیت جگە لەکوڕە تاقانەکەم، منیش وەك تۆ تەنهام. هیلین کە گوێی لەقسەکانی من بوو، لەخۆشیاندا نەی ئەزانی چیبکات! بێئەوەی هیچ ئاوڕ لە ناو ماڵەکەی بداتەوە دەرگاکەی راکێشا، دایخست. پێشم کەوت. لەبەردەم خۆیەوە بەدەم پێکەنینەوە ئەیوت، خۆ ئەگەر دەرگاکەشم دانەخەم زۆر ئاساییە.

هیچی تیانییە، دزی داماو چی بەرێت. خۆ من خاوەنی هیچ شتێکی بە نرخ نیم تاکو ترسم هەبێت. منیش پێکەنیم وتم:

ـ بێگومان ژیانی خۆت لە هەموو شتێك بەنرخترە، فەرموو دەی بابرۆین. هیلین بە دەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ خاتو رۆشنا، بەراستی من زۆرم پێ خۆشە کە ئیمشەو میوانی تۆ بم.

ئەو ئێوارەیە خواردنێکی کوردەواریانەی خۆشم بۆ دروست کرد. هەردووکمان مێزی نان خواردنمان رازاندەوە بە چەند جۆرە خواردنێك وەکو زەڵاتەو کەمێك مریشك ودوو جۆر شلەی بەتام کە لە داهێنانی خۆم بوو. هیلین زۆری بە دڵ بوو. ئەو ئێوارەیە رەنج هیچی وای بۆ نەخورا، ئەوەش کەمێك دوودڵی کردم. پاش نان خواردن هیلین زۆر سوپاسی کردم وتی:

ـ خواردنەکانت زۆر بەتام بوون، حەز ئەکەم بزانیت من لە هەمووژیانمدا لە ماڵی کەس نانم نەخواردوە، ئەمە یەکەم جارە بچمە لای کەسێك متمانەی پێبکەم!. زۆر سەیرم لێهات وتم:

ـ بڕوا ناکەم! چۆن ؟ هەرگیز هاوڕێیەکت نەبوە بانگهێشتت بکات بۆ دانیشتنێکی ئێوارە یان نیوەڕۆ؟ هیلین بەهێواشی سەرێکی بادا وتی:

ـ نەخێر، رۆشنا خان هەرگیز. رەنگە ئیستا ببینیت زۆرێك پیر وناشرینم. بەڵام کاتێك کە گەنج بووم، جوانیم ناوبانگی دەرکردبوو. خەلك زۆر چاویان تێبڕیبووم منیش هەروەك ئەزانیت تاقانەی دایك وباوکم بووم زۆر نازدار بووم. دایکم هەرگیز متمانەی بەکەس نەبوو، نەی ئەهێشت بچمە ماڵی کەس لە هاوڕێکانم. کاتێکیش شووم بە چارلی کرد، ئەویش حەزی نەدەکرد بچینە ماڵی کەس. دوای ئەوانیش

خۆم ئـارەزوی ژیانم نەما. دوای ریچەردیش ئیتر بەڕاستی ژیانم لەبەرچاوکەوت، ژیانی تەنهاییم هەڵبژارد. هەربۆیەش هیچ هاوڕێیەکم نیە تەنها تۆ نزیکترین کەسێکیت کە لەدڵەوە بڕوات پێئەکەم ئەتوانم ژیانی خۆمت پێبسپێرم.

ئێمە لەوکاتەدا خەریکی ئەوباسانە بووین، لە پڕێکا گوێمان لە دەنگێکی زۆر گەورە بوو، وەکو یەکێك زۆر بە توندی لەدەرگای ماڵێك بدات. هیلین خێرا لەقسەکردن وەستا، هەستایە سەرپێ! هەردووچاوی زەق بووەوە. وتی:

ــ گوێت لێیە؟ ئەوە لەدەرگای ماڵی من ئەدەن وانییە؟ وابزانم ئەوە. سکۆتە! دیسان هاتۆتە سەرم. باش بوو لەماڵ نەبووم. وەی.. سوپاس بۆ تۆ رۆشنا خان. هیلین زۆر بەترسەوە بە چواردەوری خۆیدا ئەخولایەوە نەیئەزانی چیبکات. منیش هەوڵم ئەدا ئارامی بکەمەوە. بەڵام ئەو شپرزەو ترساو هەردوو دەستی خۆی بە ناو یەکدا تێك ئاڵاندبوو، جارێك بـەرەو موبەقەکە ئەڕۆیشت، جارێکیش بـەرەو ژووری نوستنەکان. هەوڵی ئەدا شوێنێك بدۆزیتەوە خۆی تیا بشارێتەوە. لەڕاستیدا منیش ترسێکم لێنیشتبوو، بەڵام بڕوام نەدەکرد ئەو پیاوخراپە بۆ جارێکیتریش هەڵکوتنە سەر هیلینی بێچارە. دەستی هیلینم گرت. وتم:

ــ تکات لێئەکەم تۆزێك بە ئارام بە، ئەو کابرایە نازانێت تۆ لێرەیت. بڕوا ناکەم تۆ بدۆزێتەوە. کەواتە خۆت بگرە، ئەو ئێستا تۆزێك لەدەرگاکەی تۆ ئەدات، لەوانەشە شەقێکی لێبات بۆتی بشکێنێ، بەڵام خۆ تۆ لێرەیت ئیتر بۆ ئەترسیت؟ من ناهێڵم دەستی چەپەڵی ئەو بگاتە تۆ، بڕوا بکە ئێستا خۆی ماندو دەبێت و دەڕوات. هیلین

تۆزێك بە قسەكانی من ئارام بـووەوە، بە بێدەنگی دانیشت. بەڵام هەرچەند گوێی لە دەنگی دەرگاكەی دەبوو دائەچڵەكی هەڵئەستایە سەرپێ. جار لە دوای جار زیاتر دەنگی دەرگا لێدانەكە زیادی دەكرد وبەرزئەبووەوە. ناچار منیش بەرەو دەرگاكەی دەرەوەی شوقەكەی خۆمان ڕۆیشتم لە چاوە نهێنییەكەی دەرگاكەوە سەیرێكی دەرەوەم كرد، زۆر بە باشی بینیم سێ پیاوی كەتەی زەبەلاح لەبەردەم شوقەكەی هیلیندا وەستاون هەریەكەی بەجۆرێك خۆی گۆڕی بوو. لەبەر ئەوەی گڵۆپی ناو ڕارەوەكە هەڵكرابوو، زۆر بە ئاشكرا ئەمتوانی بیان بینم. تەنها یەكێكیان كڵاوێكی لەسەردا بوو، ئەوەی كە بە تووڕەیی شەقی لەدەرگاكە ئەدا قژسورێكی دەموچاو ناشرین بوو، ڕێشو سمێڵێكی تێكەڵو چڵكنی پێوە بوو، هەر بەسەرو سەكوتیا دەرئەكەوت كە پیاو كوژە، بەڵام دوانەكەی كە بەباشی بۆم نەدەبینرا گوێم لێبوو یەكێكیان وتی:

ـ ئەم بێڕەوشتە وادیارە لەترسی دوێنێ شەوماڵی چۆڵكردوە، دووەمیان ڕوی كردە قژسورەكەو وتی:

ـ خەتای تۆ بوو، پێمانوتی مەڕۆ. ئەگەر تۆ دوێنێ شەو نەهاتیتایە، ئەمیش ئەمشەو لەدەستمان دەرباز نەدەبوو. ئێستا چارە چیە؟ چیبكەین؟ هەروا بڕوات ئەو هەموو پارەیەمان لەدەست دەرچێت؟ یەكەمیان دیسانەوە وتی:

ـ لەدەست دەرچونی چی؟! بەخوا لەهەر كوێبێت ئەیدۆزمەوە، ئێمە چەند ساڵە بەند كراوین، ئەویش بۆ خۆی بە ئارەزوی خۆی ئەو پارانە بۆ خۆی بەرێت. بۆ خۆی ژیانی خۆش ورابواردنی پێوە بكات. هەرگیز نابێت. ناهێڵم. دیسانەوە بە هەموو هێزی خۆی جارێكی تر

لەدەرگای ئەدا. قژسورەکەیان کە لەو بڕوایەدابووم سکۆت بێت وتی:

ـ بۆ ئەو پارانە پیاوێکم کوشت! ئێستا چۆن ئەهێڵم ئەم پێرێژنە بێڕەوشتە بەتەنها بیخوات!. ئەوە من زیاتر لە پانزە ساڵە دانی لێ جیرئەکەمەوە، نەخشەی بۆ ئەکێشم، سوێند بێت بە گۆڕی دایکم، ئەبێت ئەمیش وەکو مێردەکەی بکوژم، خۆ من ئەوکاتە وامزانی ئەمیش تەواو بوە. مردوە. ئەم سەرئاسنینە چۆن لەدەستمان رزگاری بوو!.

کاتێك من لەو دیوو دەرگاکەوە راوەستابووم گوێم لەو قسانەیان بوو. لەجێی خۆم وشك بووم، هەردوو قاچم بە ئەرزەکەوە نووسابوو، لە ترسانا جوڵەم لێبڕا بوو، لەو کاتەیا زانیم ئەو قژسورە بکوژی ریچەردبوە. من هێشتا چاوم بە کونەکەوە بوو، یەکێکیان کە کڵاوەکەی لەسەردابوو ئاوڕێکی لە دەرگاکەی ئێمە دایەوە بەهێواشی وتی:

ـ ششش... بێدەنگ بە. توشی بەندینخانەمان مەکە وەکو جاری پێشوو خۆت دەرباز کەیت.! ئەمجارە پێکەوەین. ناهێڵم دەرچیت. ئینجا سورە بەتوڕەییەکەوە وتی:

ـ دەمت داخە، تۆش وەکو من تاوانبار بوویت، هاوکارم بوویت. ئێستا تۆ بڵێی ئەم شوقەیە کەسی تیابێت؟ ئەویتریان بەهێواشی ئاوڕێکی لەدەرگاکەمان دایەوە وتی:

ـ نا... بڕوا ناکەم، من هیچ کات کەسم لێنەبینیوە. هەرکاتێك هاتبم بۆ چاودێری هیلین ئەو دەرگایە داخراوە، لەوە ئەچێت چۆڵ بێت. ئینجا هەرسێکیان پێکەوە ئاوڕێکیان لەدەرگاکەی ئێمە دایەوە. من لەو کاتەیا کە زانیم خەریکن بەرەو رووی دەرگاکەی ئێمە یەن، خێرا پەنجەم بە کونی چاوەکەوە نا، بە هێواشی گوڵۆپی ناو راڕەوەکەم کوژاندەوە. هەستم ئەکرد لەدەرگای ماڵەکەم نزیك ئەبنەوە دڵم

خەریك بوو لەترسانا ئەوەستا، بەڵام جوڵەشم لێ بڕابوو. بەدەستم ئاماژەم بۆ هیلین و رەنج ئەکرد، کە بچنە ژووری نوستنەکە بەبێدەنگی ئەوان رۆیشتن. هەرزۆری نەبرد دەستیان کرد بە لە زەنگ لێدانی ماڵی ئێمە، چەند جارێك دووبارە لە زەنگیان دا، بەجۆرێك ترسم لێنیشت کە خەریك بووم ئەبورامەوە بەڵام هەرخۆم لەوسات و وەختەدا هێزم بەخۆم دایەوە بێ جوڵە راوەستابووم، هەتاکو گوێم لێی بوو، یەکێکیان وتی:

وادیارە ئەم شوقەیە کەسی تیانییە، زۆر چاکە. ئێستا ئەتوانین دەرگاکە بشکێنین بچینە ژورەوە، ئەوکاتە بە ئیسراحەتی خۆمان لێرەوە چاودێری هیلین ئەکەین. هەر کاتێکش گەڕایەوە ئەوسا ئێمە بەئاسانی ئیشی خۆمان جێبەجێ ئەکەین. هەر لەو کاتەدا بڕیاریان دا کە دەرگاکە بشکێنن بێنە ژورەوە. هەر، کە گوێم لەو قسەیە بوودڵم کەوتە تەپەتەپ، خێرا بەرەو ژووری نوستنەکە رۆیشتم. دەمم وشك ببوو قسەم بۆ نەدەکرا بە پرتاو رەنجم بەژێر جێگاکەی خۆیدا کرد. بە هیلینم وت، تۆش بچۆرە حەمامەکە. منیش خۆم ئەکەم بە نوستو، بە چرپە هەموو شتم تێگەیاندن. بەڵام منو هیلین وەخت بوو لەترسانا زیرەمان ئەکرد. کاتێك تەماشای رەنجم ئەکرد، ئەو زۆر هێمن بوو. هیچ ترسێکی پێوە دیار نەبوو، بەهێواشی سەری نزیك کردەوە وتی:

ـ دایکە؟ مەترسە. ئەوان تازە ناتوانن هیچ بکەن. منیش بێئەوەی هیچ گوێبدەم بە قسەکانی رەنج خێرا خێرا سەریم دائەپۆشی، زیاتر ئەم کرد بەژێر پەتۆکەیەوە، چاوەڕێم ئەکرد، هەر چرکەیەك بێت ئەوان بێنە ژورەوە هەرسێکمان بکوژن. لەپڕێکا گوێمان لەدەنگێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس بوو، هەرئەوەنەی نەبرد گوێمان لە تەپە تەپ و

راکردن بوو. بەڵام ئێمە نەمان زانی چی رویدا! ماوەی چەند خولەکێك ئێمە لە شوێنی خۆمان سست بوین، تەنها تەماشای یەکترمان ئەکرد، بێئەوەی چرپەیەك لەکەسمانەوە بێت. لە پڕێکا لەدەرگاکەمان درا، دەنگێك بوو وتی، بێزەحمەت ئەو دەرگایە بکەرەوە ئێمە پۆلیسین. لەڕاستیدا هەرسێکمان دەممان وشك ببوو، گیانمان سڕببو، نەمان ئەزانی ئەگەر بڕوا بەو دەنگەش بکەین.! تۆ بڵێی راست بکەن پۆلیس بن، یان هەر ئەوان بن!؟ بەڵام؛ ئێمە گوێمان لەدەنگی سەیارەی پۆلیسەکان بوو کەواتە ئەبێت دزەکان گیرابن؟ یان هەڵهاتبن.! هەرچۆنێك بێت بەترسە ترس ولەرزە لەرز بەرەو دەرگای دەرەوە رۆیشتم. لەچاوگەی دەرگاکەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد، بینیم کابرایەکی قەڵەو بە جلی پۆلیسی وەستاوە. بە پەلە دەرگاکەم کردەوە. ئەوان کە هاتنە ژورەوە پرسیاری زۆریان کرد، بەڵام من نەم توانی وەڵامی هەموو شتەکان بدەمەوە، لەبەر ئەوەی دزەکان هەڵهاتبوون ئەمەش وای ئەگەیان کە پیاوکوژەکان هێشتا بەرەڵان. واتا ئەتوانن جارێکی تریش بگەنەوە سەرمان. پرسیاریان لە هیلین کرد، بەڵام ئەو هیچی وای باس نەکرد، هەروەکو شەوی پێشوو راستی لای پۆلیسەکان نەوتبوو. گەورەی پۆلیسەکان داوای لەهیلین کرد سەرلەبەیانی رۆژی داهاتوو بەزوترین کات سەردانیان بکات تاکو لە هۆکاری ئەو لێدان و دەستدرێژیە بکۆڵنەوە. ئەوشەوە ئێمە بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەر رزگارمان بوو.

ئەوان رۆیشتن. من تا بەیانی خەو نەچوە چاوم، ترس، دوودڵی تەواو ماندو شپرزەی کردبووم، بیرم ئەکردەوە ئەگەر ئەو پۆلیسانە لەو کاتەدا ئامادە نەبونایە بێگومان ئێمە چارەنوسێکی رەشمان

ئەبوو. زۆر بە ئاسانی ئەیان کوشتین، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر دڵنیا بوون لەوەی کە هیلین پارەیەکی زۆری لایە، ئەوانیش ئەو پارەیەیان ئەویست، کوشتنیش لای ئەوان ئاسان بوو، چونکە پێشتر بەکۆمەڵ کارێکی تری وایان ئەنجامدابوو. هەربۆیەش بۆ ماوەی پانزە ساڵ لە بەندیخانەدا بوون. بۆ بەخت رەشی هیلین بکوژەکەی ریچەرد تا ئەو کاتو ساتەش دەستگیر نەببوو. هەرچەندە دادگاو پیاوانی پۆلیس هێشتا بەدوایدا ئەگەڕان. بەڵام ئەوکاتەی هاتبوونە بەردەرگاکەی هیلین من گوێم لەهەموو قسەکانیان بوو. هەرلەو کاتەدا من یەکەم شاهێد بووم بۆ زانینی ئەو پیاوکوژیە. دوایی رەنج پێی وتم، کاتێك من لە کونی دەرگاکەوە سەیرم ئەکردن، ئەو لە ژورەوە تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردبوو بۆیە ئەوان هاتن فریامان کەوتن.

# ٢٨

بەیانی کە ڕۆژ بووەوە هەر، زوو ڕەنجم بۆ قوتابخانە نارد، منیش خۆم ئامادەکرد کە بۆ ئیش بڕۆم. بەڵام کاتێك تەماشای هیلینم کرد، ئەو لە قوڵایی خەویدا بوو، زۆرم بەزەیی پیادا هاتەوە حەزم نەکرد خەبەری بکەمەوە، بەڵام ئەبوایە ئەویش  بۆ شوێنی پۆلیسخانە بڕوات، تاکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەهیواشی چومە لای سەریەوە هیلین لەسەر تاکە قەنەفەیەی ژووری دانیشتنەکە خەوتبوو، گۆشەیەکی خستبوە ژێر سەری‌و پەتۆیەکی تەنکی بە خۆیدا دابوو. زۆر بەهێواشی بانگم لێکرد، هیلین وەك کێچ ڕاپەڕی، بەخێرایی هەستایە سەرپێ وتی:

ــ چیە؟ چیبوە هاتن؟ کێبوو؟ منیش سەیرێکم کرد بەدەم پێکەنینەوە وتم:

ــ هیلین خان، کەس نەهاتوە. تۆ لە ماڵی ئێمەیت، بەیانیت باش، ئەمەوێت پێش ئەوەی بڕۆین بۆ شوێنی پۆلیس خانە بەرچاییەکی باش بخۆیت. ئەوە خواردن ئامادەیە. حەز ئەکەم خۆم تا بەردەرگای پۆلیس خانەکەت بگەیەنم. هیلین هێشتا دڵنیا نەبوو لە کوێ نوستوە، سەیرێکی چواردەوری خۆی کردەوە ئەمجارە بەهێواشی لەجێی خۆی دانیشتەوە وتی:

ــ نا.. نا.. ڕۆشنا خان، تۆ بڕۆ، من جارێ هیچم بۆ ناخورێت. دوایی خۆم شتێك ئەخۆم وئەڕۆم. بە ڕویەکی کەمێك تووڕەیی وتم:

ــ نەخێر، هەرئێستا لەگەڵ من نان ئەخۆیت، ئینجا خۆم ئەتگەینمە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی ناوچەکە. خۆم ئەتدەم بەدەست ئەوان تاکو لێکۆڵینەوەی تەواوت لەگەڵ بکەن. تۆش ئەبێت ئەمجارە

زانیاری تەواویان بدەیتێ بۆئەوەی ئەوانیش کارەکانی خۆیان بەڕاستی ئەنجام بدەن. تۆ بەڕاستی ژیانت لە مەترسیدایە. هەروەکو ئەزانیت پیاوکوژەکان هێشتا بەرەڵان. هیچ دوورنییە ئەمڕۆ یان ئەمشەو دیسان هەڵنەکوتنە سەرمان. حەز ئەکەم بزانیت منیش ئەڕۆم، لەماڵ نابم، چونکە ئەترسم بێنەوە. کەواتە تۆش باشترە لە پۆلیسخانەکە بمێنیتەوە تاکو ئەوان دەستگیر ئەکرێن، یان ئەفسەرەکە چەند کەسێکت بۆدابین بکات تا ئاگاداریت لێبکەن. هیلین هەندێك لە قسەکانمی بە دڵ نەبوو، بەڵام ناچار بوو کە بەقسەم بکات. تۆزێك بێدەنگ بوو وادیار بوو بیری لە قسەکانی من ئەکردەوە، منیش چاوەڕوانی وەڵامی ئەوم ئەکرد، ئینجا سەرێکی بەرزکردەوە دەستێکی بۆ سەرو قژی برد وتی:

ــ ڕۆشناخانم قسەکانت زۆر ڕاستن. بەڵام؛ تۆ لەوبڕوایەدای ئەو تاوانبارانە دەستگیر بکرێن؟ تۆ بڕوا ئەکەیت ئەوانە سزابدرێن؟. پێش ئەوەی من وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بدەمەوە. خێرا وتی:

ــ ها..ئنجا خۆ ئەگەر لەسێدارەش بدرێن، تازە ریچەردو کۆرپەلە چوار مانگەکەم بۆ زیندوو نابیتەوە. ئەوان ڕۆیشتن، تازە ژیان بۆ من نەماوە. دیسانەوە چاوی پڕلە فرمێسك کرد. منیش خێرا بەتوڕەیی کەمیك دەنگم بەرزکردەوە وتم:

ــ هیلین، بەسە. گریان بەسە. بەس بگری ڕاستی چیرۆکەکەت باس بکە داوای تۆڵەی خێزانەکەت بکە. هەستە خێرا بڕۆ شاوەرێك بکە با برینەکەت پاکبێتەوە جلەکانت بگۆڕە. ئیستا پێکەوە نانێك ئەخۆین. ئەوهێشتا تەماشای ئەکردم وەکو بزانێت من بۆ هاوارم بەسەردا کرد. هەناسەیەکم هەڵکێشا بەهێواشی دەستیم گرت وتم:

هیلین گیان، راستە تـازە ئەو خۆشەویستانەت جارێکی تر ناگەڕێنەوە. بەڵام ئەگەر ئەو تاوانبارانە دەسگیر بکرێن هەر هیچ نەبێت ئەوان بەسزای خۆیان ئەگەن تۆش ئیتر ئەتوانیت بێخەم وبێترس لەماڵەکەی خۆتا بخەویت. ئەوسا تۆ ژیانت ئاسودە ئەبێت. ئەتوانیت بەقوڵی هەناسەی سەرفرازی هەڵبمژیت. مرۆڤی خراپ ونەخۆش ئەبێت سزای خۆی وەربگرێت. ئەوە یاسای سروشتە. یاسای ژیانە. هیلین زەردەخەنەیەکی کرد وتی:

ـ دەباشە لەگەڵم وەرە بابچمە مالەوە خۆم بشۆم جلەکانم بگۆڕم.

ڕۆیشتم لەگەڵیا بە خێرایی هیلین خۆیشت، دەستێك جلی پاکو جوانی لەبەر کرد. بێگومان هیچی پارە لە گیرفاندا نەبوو. سەیرێکی حسابی بانقەکەشی کرد پارەی تیادا نەبوو، بەڵام داوای هیچی نەکرد، کاتێك ئەو خۆی ئامادە ئەکرد. من پیاسەیەکم بە ناو شوقەکەیدا کرد، هیچی وای تیادا نەبوو تەنها سیسەمێکی کۆن، وچەند کورسی و تەپڵەکێك، تلفزێونێکی بچوك هەندێك قاپ وقاچاغی بەردەست. ئەوسەرلەبەیانیە هیلینم بۆ پۆلیس خانەکەی نزیك ماڵی خۆمان برد. پێش ئەوەی بەجێی بهێڵم دە پاوەنم خستەدەستی وتم:

ـ ئەوەبگرە با بێ پارە نەبیت. هیلین دەستی توند گرتم وتی:

ـ نازانم چیت پێبڵێم. وتم:

ـ هیچ بە من مەڵێ، تەنها ئاگاداری خۆت بە، کە ئەفسەرەکەت بینی تکایە بێترس هەموو ڕاستیەکانی پێبڵێ. دوێنێ شەو منیش هەرچیەکم گوێ لێبوو، هەرچیەکم بینیبوو، هەمووی بێ کەم وزیاد باس ئەکەم. خەمت نەبێت وادیارە کاتی ئەوە هاتوە هەموو ڕاستیەکان دەرکەون. ئەوان هەڵیان کوتاوەتە سەرتۆ. تۆ بێتاوانی هیچ گوناهێکت نیە.

پیش ئەوەی هیلین جێهێڵم، داوایـان لە منیش کرد، دوای ئیش کردم بەزووترین کات بگەڕێمەوە بۆ لایان، تاکوو پرسیاریش لە من بکەن. چونکە بۆ ئەو مەسەلەیە پێویستیان بە زانیاری زیاترە. منیش بەدڵخۆشیەوە پەیمانم دانێ کە، هەر ئەورۆژە دوای گەڕانەوەم لەکار سەردانیان ئەکەم. ئەوەی ئەیزانم باسی ئەکەم بەبێ هیچ شاردنەوەیەك. بەڵام لەڕاستیدا ترسێکی زۆریشم لێنیشتبوو..

بە درێژایی ئەو رۆژە لە ئیش ئاگام لە خۆم نەبوو، هەموو قسەکانی هیلین بەردەوام بە ناو مێشکمدا هاتوچۆیان ئەکرد، لە لایەك خەفەتم بۆ رابردوی هیلین ئەخوارد، لەلایەکیش لە ژیانی ئێستای ترسم هەبوو. حەزم ئەکرد بەهەموو دڵێکمەوە یارمەتی بدەم. بەڵام چۆن؟ سەیر لەوەدا بوو دوای ئەو هەموو ساڵە من بکوژی ریچارم زانی! ناسیم! زانیم کێیە!. هەر ئەو شەوە زۆر بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرمن گوێم لێبوو کە سکۆت بەدەمی خۆی وتی، من ئەو پیاوەم بۆ پارەکان کوشت، بەڵام ئەگەر من لای پۆلیسەکان باسی بکەم، کێ ئەڵێت ئەوان بڕوا بە من ئەکەن. بەڵام خۆ هەردوو هاوڕێکەی خۆی شاهێدن، ئەوان چاك ئەزانن کە ئەو کوشتی، نەك هەر ئەوەش، بەڵکو ئاواتی ئەخواست هەر ئەو رۆژە هیلینیشی بکوشتایە، بەڵام لەوکاتەدا چوونی پۆلیسەکان ئیشەکەیان لێتێکدابوون. زۆرم بیرلێکردەوە کە بتوانم بەرێگەیەك یارمەتی ئەو ژنە بدەم، کە لە ژیاندا هیچ کەسێکی نەبوو، تەنها من نەبێت کە لەنزیکەوە هەموو راستیەکم ئەزانی. بەڵام لەهەمان کاتدا منیش لە ژیانی خۆم و کوڕەکەم ئەترسام، لەوانەیە کێشە بۆ ئێمەش دروست بێت، بەڵام ئەی ئەو ژنە داماوەی کە هەموو تەمەنی لەدەست دا، بەبۆنەی چەند دڕندەیەکەوە. هیلینیش تا ئەم کاتەش هەرلە خەوی

ترسناکدا ئەژی، تا ئەمکاتەش لە سێبەری خۆی سڵ ئەکاتەوە هەموو ژیانی خۆی لەدەست دا. هەر ئەو رۆژە دوای گەڕانەوەم لە ئیش پەیوەندیم بە پۆلیسخانەکەوە کرد. وتم :

ـ بەرێز من زانیاری زۆر گرنگم پێیە لە بارەی کێشەی کوشتنی (ریچەرد میللەرەوە) پێویستە لەگەڵ ئێوە باسی بکەم، بە ئامادە بوونی پارێزەرێك بۆ (هیلین هاردمان). کاتێك گەیشتمە لای ئەوان زۆر بەڕێزەوە پێشوازیان لێکردم، منیش خۆم پێناساندن. دەستم بە باسکردنی ئەو بەسەرهاتەی شەوی پێشوو کرد، کە لەبەردەم شوقەکەی هیلین خان روی دابوو. هەموو شتێکم بۆ باسکردن. کابرای لێکۆلەوەر زۆری پرسیار لێکردم. یەکێك لەوانە؛ چەند ساڵە هیلین ئەناسم؟ بۆ ئەمەوێت یارمەتی هیلین بدەم؟ چەند ساڵە من لە بریتانیام؟ زۆر پرسیار لەبارەی ژیانی خۆمەوە هەموو شتێکم بەڕاستی وەڵام دایەوە، وتم:

ـ تەنها مەبەستی من ئەوەیە دادپەروەری بەرقەرار بێت. بەرێزم سەیرکە، ئەم ژنە خۆشی لەژیانی خۆی نەبینیوە، لەوەتەی ئەو چەتانە بەدوایەوەن ئاسودەیی لەژیانیدا نەماوە، ئێوەش ئیشەکەتان ئەوەیە کە پارێزگاری لە ژیانی خەڵکی بێتاوان بکەن. دادپەروەربن. چەتەو پیاوکوژو مرۆڤە خراپەکان دەستگیر بکەن. ساڵەهایە ئەو پیاو کوژی خوێن مژە بە سەربەستی ئەژی.! بەڵام پیاوێکی راستەقینەی کوشت، منداڵێکی چوارمانگی بێتاوانی کوشت، ژنێکی گەنجی جوانی زیندە بەچاڵ کردوە. من داوای مافی هیلین ئەکەم، تکایە یارمەتی بدە. بەرێزم ئێوە ئەتوانن یارمەتی بدەن. ژیانی ئاسودەیی بۆ بگێڕنەوە. کابرا وادیار بوو لە وشەکانی من سەریسوڕما بوو. پاش تێڕوانینێکی قوڵ وتی:

ـ خانمەکەم، بێگومان، ئێمە بەخۆشحالیەوە یارمەتی ئەدەین. زۆر

سوپاسی تۆش ئەکەین بۆ ئەم راستیانەی کە ئێستا پێت راگەیاندین، خانم ئەمەوێت هەواڵێکی خۆشت پێڕابگەیەنم ئەویش ئەوەیە دوێنێ شەو هەر زوو هەرسێکیانمان دەستگیر کرد. خۆمان ئەمانزانی کە ئەو دزانە لەوانەیە بگەڕێنەوە سەر هێلین پاش ئەوەی شەوی رابردوو ئازاریان دابوو. بەڵام. زۆر دڵنیا نەبووین لەگەڕانەوەیان بەو پەلەیە!. لەبەردەم خۆیەوە پێکەنینێکی کرد. وتی :

ـ باشتر کە گەڕانەوە.هههههههه وادیارە ئەمە کۆتایی بەسەرهاتەکانە. ئەتوانم پەیمانت بدەمێ کە ئەمجارە بەربونیان نییە. ئەبێت یاسا رێگەی دادوەری خۆی وەربگرێت. هەرکە گوێم لەو قسانە بوو، لە خۆشیدا هەستامە سەرپێ زۆر سوپاسم کرد. وتم:

ـ تکایە هەرکاتێك منتان پێویست بوو، من ئامادەم بۆ هەموو پرسیارێك. من لە قسەی خۆم پەشیمان نابمەوە، دەستم برد تەوقەم لەگەڵ کرد، بە دڵێکی خۆشەوە ئەوێم بەجێهێشت. زۆری نەبرد پشکنین و لێکۆڵینەوە بۆ جارێکیتر دەستی پێکردەوە لەسەر هەمان کێشە بەشێوەیەکی چڕتر هەتا هەموو راستیەکان دەرکەوتن، ئەو کاتە دادگا بڕیاری بەند کردنی ئەو سێ پیاوکوژەی دەکرد بۆ هەتا هەتایی. لەوکاتەوە منو هیلین ببوین بە دوو هاوڕێی نزیك، هیلین هەستی بە ژیانی ئاسایی و ئاسودەیی خۆی کردەوە پاش چەند ساڵێك لە ترس و دوودڵی.

## ٢٩

دوای چەند ڕۆژێکی کە هەوڵم دا بۆ جارێکی‌کە پەیوەندی بە ڕێبوارەوە بکەمەوە. دیسانەوە هیچ وەڵامێکم دەستگیر نەبوو. هەتا ڕۆژێکیان پەیوەندیم بە مامۆستا جسیکاوە کرد، پێم ڕاگەیاند کە من چەند جارێك هەوڵم داوە بۆ قسەکردن لەگەڵ ڕێبوار، بەڵام ئەو وەڵامی نییە، کەواتە کەموکوڕی لەلایەن منەوە نییە. ئەوەش تەنها بۆ زانین بوو. بەڵام من لە ناخی خۆمدا بۆ ڕەنج دەسوتام، چونکە بە ئاشکرا بیرکردنی باوکی پێوە دیار بوو.

# ٣٠

شەوێکیان پیش ئەوەی خەو دامبگرێت، فەیس بوکم کردەوە، بە نیازی ئەوەی کە هاوڕێکانم بدۆزمەوە. بەڵام کاتێك پەڕەی نامەکانم بینی سەرم سوڕما! چونکە نامەیەکی زۆرم بۆ هاتبوو کە هەرگیز لەگەڵ منا شتی وا ڕوی نەدابوو، زۆرم سەیر لێهات! ئەبێت ئەم هەموو نامانە لە کێوە هاتبن؟

هەندێك لە نامەکان وەکو دەرکەوت لە دووهاوڕێ کۆنەکەی خۆمەوە بوون، کە زۆر بە پەرۆشی یەکەوە بووین، کە بتوانین جارێکیتر قسە بکەینو یەکتری ببینین. زۆر دڵم پیـــان خۆش بوو.

جگە لە هاوڕێ کۆنەکانم کەسێکیتر نامەی بۆ ناردبووم! ئەو کەسە لای من نەناسراو بوو، نامەکەشی تەنها سڵاو بوو. نەم زانی ئەو کەسە چۆن نامەی ناردوە کاتێك کە هاورێم نەبوو! بەڵام من پێش ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی بدەمەوە سەیری پرۆفایلەکەیم کرد، زانیم کەسێکی ناسراو خەڵکی شار بوو، هەندێك لە هاوڕێکانیم دەناسی لەبەر ئەوە لەو بڕوایەدا بووم، ئەویش من دەناسێت، بۆیە سڵاوی بۆ ناردوم. دوایی هەندیك زانیـــاریم وەرگرت وەڵامم دایەوە، نووسیم :

ــ سڵاو بەرێز، ئەت ناسم؟

نووسی:

ــ ناوم بێباك، لەوبڕوایەدام یەکتر بناسین. ئەتوانم پرسیـــاریکت لی بکەم؟

نووسیم:

ــ فەرموو کاك بێباك

نووسیی:

ــ ئەزانم تۆ خەڵکی سلێمانیت، جاران لە کام گەرەك دادەنیشتی؟ چونکە زۆر شێوەت ئەکەم. لە کەسێك ئەچیت لە گەڕەکی خۆمان بوو.

نووسیم:

ــ ئیمە لە گەڕەکی مەڵکەندی بووین، ئەی ئیوە لە کوێ دادەنیشتن؟

نووسی:

ــ لە گەرەکی کانیسکان.

نووسیم :

کەواتە بەداخەوە من ئەو کەسە نیم.

نووسی:

ــ بڕوابکە خاتو رۆشنا، شاری سلیمانی هەمووی خزم و کەسی یەکن. جاران خەڵکی ئەو شارە ئەوەندە لەیەکتر نزیك بوون، ئەگەر خزمیش نەبوونایە وکو خزم یەکتریان خۆش ئەویست. هەموو یەکتریان ئەناسی.

نووسیم:

ــ بەڵی زۆر ڕاستە زۆربەمان یەکتری ئەناسین.

هەندێك پرسیاری لێ کردم لە بارەی کەسو کارو خزمەکانم هەندیکیانی لێ دەناسین. هەر خۆی کەوتە باس کردنی کەسو بنەماڵەکەیان کە زۆر شانازی پیوە دەکردن. پرسیارم لی کرد؟ خویندەواری تاکو چ پلەیەکە؟

نووسی:

ــ شەشی ئامادەیی تەواو کردوە. بەڵام لەبەر باری سیاسی ئەو کاتە، نەیتوانیوە بچێتە زانکۆ!

پرسیارم لێ کرد لە کوێ ئەژی؟ نووسی:

ـ له ئەوروپا له فنلەندە، ئەی تۆ خاتو رۆشنا؟
نووسیم :
ـ منیش له ئەوروپا ئەژیم. نووسی :
ـ خۆشحاڵ بووم.

ئەو رۆژە هەر وەکو زۆرینەی رۆژەکانی‌تر ، خەفەتبـاری ژیـانی خۆم بووم. حەزم ئەکرد دەمەتەقێ لەگەڵ کەسێك بکەم، تەنها بۆ ئەوەی هەندێك له خەمەکانم بڕەویتەوە، بەڵام کاتێك بێباك کەوتە بـاسکردنی ژیـانی خۆی. من خەمی خۆمم بیر چۆوە. بۆ کاتێکی دورو دریژ نامەمان بۆ یەکتر نارد. بۆی بـاسکردم کە ژیـانی زۆر ناخۆشە، بڕوای بەوە نەماوە کە جارێکی‌تر بتوانیت ژیـانیکی بەختەوەری بۆ خۆی دروست بکات. زۆر هیوای بە ژیـان بڕی بوو. له نامەکانیدا چەند جاریك بـاسی ئەوەی ئەکردەوە، بە جۆریك بێزارە له ژیـان حەز بە مردن ئەکات. بیر ئەکاتەوە چۆن کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت. ئەمە منی زۆرترسان بەجۆرێك کە هیوای خۆشبەختی بدەمێ دڵنیای بکەمەوە کە ژیان چەند ناخۆش بێت، هێشتا ئێمە ئەبێت گەشبین بین. هەرچەندە منیش له ناخی خۆمدا مرۆڤێکی بێ هیوابووم. بەڵام رەنج ببوە هیوایەکی گەورەو هەمیشە هێز وتوانای پێئەبەخشیم. کاتێك کە زانیم گەنجێکی وەکو بێباك ئەیەوێت کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت زۆر دڵگران بووم، هەموو کەسێك له ئێمە دووچاری کێشە وگیرو گرفتی قورس دەبیتەوە، هەموو یەکێك له ئێمە بۆ جاریکیش بیت له ژیـان بێزار دەبێت، بەتایبەت کاتێك کە دووچاری خەمێك دەبێت له نزیکترین کەسەوە، زوڵمێك له خۆشەویسترین کەستەوە. کاتێك کە بێباك بـاسی ناپاکی ژنەکەی بۆ ئەکردم، من زۆر بە دڵی پڕ لەخەموو پڕ له ئازارەوە فرمێسکم بۆ هەڵەڕشت. من زۆر

چاك هەستم بە ئازارەكانی دڵی ئەو ئەكرد. خۆم هاتەوە یاد كە، دوای جیابوونەوەكەم هەموو دنیـــام لەبەر چاو ڕەش ببوو. بڕوام بە كەس نەمابوو. بێهودە بووم لە ژیـــان. زۆر ئەترسام بێباك لەو كەسانە بێت، كاتێك نائومێدی شاڵاوی بۆ دێنی، بەجۆرێك هەوڵی خۆلەناوبردن بدات. لەبەر ئەوەی كەسێكی ناپاك لە پشتەوە چەقۆی لێداوە. بێباك بەجۆرێك باسی خێزانەكەی ئەكرد كە ئەو ژنە زۆر تاوانبارێت. ئەو هەر زوو هەستی بەناپاكی كردبوو، بەڵام وەكو باسی ئەكرد لەبەر مانەوەی لەگەڵ مناڵەكانی، ئەو خۆی لە زۆربەی كێشەكان گێل ئەكرد، ئەوەی بێباك ئەیزانی لە ناپاكی ژنەكەی تەنها دەست پیسی بوو، وەكو باسی ئەكرد، ژنەكەی بە ئاشكرا دزی لێكردوە، هەروەها لای خەڵك بوختانی زۆری بۆ دروست ئەكرد. بەڵام كاتێك هاوڕێیەكی بۆی باس ئەكات، ژنەكەی لەگەڵ هاوڕێیەكی نزیكی خەریكی دڵداریە، ئەمەش هۆی سەرەكی بوو كە بێباك بڕیاری جیابوونەوە بدات. ئامۆژگاری من بۆ بێباك ئەوەبوو كە پیویستە ئەو كەسە لەیاد بكات، ئەو كەسە شایستەی تۆ نەبوە، فێر بە ئەو كەسەی تۆی نەویست، تۆش نەتەوێت. بێباك لە ماوەیەكی كورتدا هەموو كێشەو گیرو گرفتەكانی خۆی بۆ باس كردم. زۆر بە دڵنیایەوە گوێم لێئەگرت، گوێم پێئەدا. هەموو جار هیواخواز بووم كە بتوانم بە باشترین شێوە یارمەتی بدەم. زۆر جار كە باسی منداڵەكانی بۆ ئەكردم دڵم قرچەی لێوە ئەهات، دڵم بۆ مناڵەكانی ئەسوتا، هەر لەو كاتەدا ڕەنجم ئەهێنایە بەرچاوی خۆم كە ئەبێت كوڕەكەی منیش ئەوەندە بیری باوكی بكات! بێباك بە باشترین شێوە باسی پیاوەتی وباوكایەتی خۆی بۆ من ئەكرد، هەموو كات ئاواتم ئەخواست كە ڕێبوار كەمێك لەو بچوایە! ئەوەندە مرۆڤێكی خۆپەرست نەبوایە.

# ٣١

منو بێباك بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك چەند جارێك هەر بە نامە گۆڕینەوە قسەمان ئەکرد. زۆر جار بۆی ئەنوسیم:

ــ ڕۆشنا خان تۆلای من ئافرەتیکی زۆر تایبەتیت. بڕوابکە تاکو ئیستا ئافرەتی وەکو تۆم نەبینیوە. لە هەموو بــارەیەکەوە تۆ تایبەتیت. منیش هەموو جار سوپاسم ئەکرد. بۆمئەنووسی:

ــ من ئەم قسانەت بۆ ئەکەم چونکە؛ هەستت پی ئەکەم. منیش کاتێك لە مێردەکەم جیــابومەوە حەزم ئەکرد کەسێك هەبێت قسەی بۆ بکەم، داخی دڵمی بۆ هەڵڕێژم. بەڵام بە داخەوە کەس نەبوو. ئەوەی کە گلەییم لا ئەکرد لای کەسێکی کە بــاسی ئەکردم.... خوشکەکانم خەفەتیــان ئەخوارد، براکانم تووڕە ئەبوون، دایکم نەخۆش ئەکەوت، ناچار دەبووم هەمووی بخەمەوە دڵم. خۆم زۆر جار نەخۆش ئەکەوتم ئەچووم بۆ لای دکتۆر پێی ئەووتم، بیر مەکەرەوە چاك ئەبیت.

بۆ ماوەی دوو هەفتە منو بێباك هەر ئەم بــاسانەمان ئەکرد، وەکو دووهاوڕێ هەندێك نزیك بوینەوە. تاکو ڕۆژێکیــان بۆی نووسیم:

ــ ئەزانی چی ڕۆشناخان؟ ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم. نووسی

ــ من کەسێم خۆش ئەویت، بەڵام نازانم چۆن پێی بڵێم. ئەترسم کاتی نەهاتبێت هێشتا زوو بێت، لەهەمان کاتیشدا ئەترسم ئەو هەستی بۆ من نەبێت.!

نوسیم :

ــ من پێم خۆشە ئەگەر تۆ هێشتا حەزبە دروست کردنی پەیوەندیەك بکەیت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە تۆ بەرەو باشی ئەڕۆیت، ئامادەی بۆ دروست کردنەوەی ژیانێکی ئاسایی، بەڵام نازانم بۆ ئەڵێت زووە!؟ مەبەستت چیە؟ کەمێك وەستا لە ناردنی نامە ئینجا نوسی:

ــ ئاخر من وئەوکەسە زۆرنییە یەکتر ئەناسین!

من تۆزێك وەستام. لە دڵی خۆمدا وتم، ئاخۆ مەبەستی کێ بێت! تۆ بڵێی مەبەستی من بێت؟ بەڵام نا.... بڕوا ناکەم، خۆ ئیمە یەکترمان نەدیوە. نا... نا...بڕوا ناکەم، نا... شتی وا نابێت. هەرچەندە من هەستم بە شتیکی کەم ئەکرد، بەڵام بڕوام نەدەکرد، چونکە زۆر بە ڕێزەوە قسەمان ئەکرد، ئەو قسانەی ئەمانکرد هیچی بۆنی خۆشەویستی لێ نەدەهات. هەمووی بـاسی کێشەکانی ژیـانمان بوو. ئەو زیـاتر بـاسی ژیـانی خۆی بۆ ئەکردم. لە ماوەیەکی کەمدا متمانەیەکی زۆرم پێ کرد. هەموو جار بۆی ئەنوسیم:

ــ من لە ژیـانمدا تەنها دایکمم زۆر بەڕاستی خۆشویستوە، ئێستاش کەسێکیتر هەیە زۆرم بەدڵە، زۆریشمخۆش ئەوێت. خۆشیویستیەکەی لەئاستی خۆشەویستی دایکمدایە. ئەو کەسە زۆر بەڕێزە، خۆزگە ئەویش بۆ من وا ئەبوو. منیش هەموو جار بۆم ئەنوسی:

ــ بڕوابکە من زۆر پێخۆشحاڵم کە تۆ باسی خۆشەویستی ئەکەیت، ئەگەر تۆ جارێکیتر ئامادە بیت بۆدەست پێکردنەوە، ئەوا ژیانت بەرەو گۆڕانکاری ئەڕوات، ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە، ئەگەربتوانی هێشتا کەسێکت خۆش بوێت، ئەو کاتە

خەمەکانت بە ئاسانی بیر دەچێتەوە، ئەوسا لەجێی گریـــان و فرمێسك، خەندەو پێکەنین جێگریان دەبێت. ژیـــانت ئاسانتر دەڕوات، پڕ لەماناتر دەبێت. سەیر لەوەدا بوو من کاتێك بەوجۆرە ئامۆژگاری بێباکم ئەکرد، کەچی خۆم بڕوام بە یەك وشەی نەبوو.! بەڵام بێباك پێویستی بەوە دەکرد کە خۆشەویستییێکی هەبێت، ئامادە بوو جارێکی کە، ژیـــانی دەست پێ بکاتەوە بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ئەو، زۆر لە من تەنها تربوو.

من هەتاکو ئەو ساتەش هەروەکو هاوڕێیەکی خەمخۆر نامەم لەگەڵ دەگۆڕیەوە، بەڕاستیش بڕوام بە هەموو وشەیەکی ئەکرد.

بێباك بەردەوام بوو لەسەر بـــاسکردنی هەستی خۆی، بـــاسکردنی ئەو کەسەی تاکو چ ئاستێك کاری تێکردوە.

# ٣٢

جارێکیان بێباك بۆینوسیبووم:

ــ رۆشناخان، ئەوکەسەی من خۆشم دەوێت، ئەگەر ئەو بەمن رازی بێت بڕوا بکە هەموو ژیــانم هەر وەکو تاج ئەیخەمە سەر سەرم. ئەگەر ئەو بە من ڕازی بێت، من وائەزانم هەموو دونیا موڵکی منە. ئەو کەسە بە نرخترین کەسێکە لە هەموو ژیانما، پەیمانم بەخۆم داوە هەرگیز دڵی نەشکێنم.! هەتا ماوم لەژیاندا خۆشمبویت. دوای دوو رۆژ ئەو نامەیەم بینی، هەر بە خوێندنەوەی نامەکە سەرسام بووم!. لەڕاستیدا ئەو نامەیە دڵی خۆشکردم. بەڵام هەڵهێنانی ئەو مەتەڵە بۆ من ئاسان نەبوو. چونکە؛ ئەو هەستەی ئەو باسی ئەکرد زۆر قوڵ بوو، گەیشتن بەوئاستی خۆشەویستیە کاتێکی باشی ئەوێت، هەروەها ناسینێکی زۆریشی ئەوێت. بەخۆم وت، تۆبڵێی، بێباك مەبەستی من بێت؟! نا.. بڕوا ناکەم، لەوانەیە لەدەمێکەوە کەسێکی خۆشویستبێت، بەڵام لێك دابڕابن، ئێستا سەرلەنوێ هەستی بۆی جوڵاوە! بۆ نا!؟ شتی وا رووئەدات. بەڵام ئەگەر مەبەستی من بێت! چۆن لەو ماوە کەمەدا ئەو هەموو خۆشەویستیە دروست ئەبێت! بەتایبەت کە هێشتا ئێمە یەکترمان نەبینیوە. خۆ هێشتا گوێمان لەدەنگی یەکتریش نەبوە.! ئەمە ترسێکی لە دڵما دروست کرد. بۆچەند رۆژێك هیچ نامەیەکم بۆ نەنوسی. دوای چەند رۆژێك بێباك نامەیەکی بۆ ناردم کە حەز ئەکات قسەم لەگەڵ بکات. گلەیی ئەکرد کە من نامەکەی پێشویم پشتگوێ خستوە. وەڵامم دایەوە بۆمنوسی:

ـ بێباك، نامەكەت زۆر دڵخۆشی كردم، ئێستا ئەزانم دڵئارام بوویت، تا ئاستێكی زۆریش ژیانت ئاسودە بۆتەوە، گەر تۆ كەسێكت بەوجۆرە خۆشە ئەوێت، سڵ لە چی ئەكەیتەوە بۆ روبەڕوو پێی ناڵێیت؟ بێگومانم ئەو كەسەش تۆی خۆش ئەوێت گەر تۆ هەستەكانت راست بێت!. بێباك دوای چەند كاتژمێرێك وەڵامی دامەوە نووسی:

ـ رۆشناخان، مەبەستت چیە لە هەستەكانم گەر راست بێت؟ نوسیم:

ـ هەستی خۆشەویستی دڵ بۆ دڵە. كاتێك بە پاكی وراستی دوور لە خۆپەرستی، دوور لە ویستی كەسێتی وتایبەتی دروست ئەبێت. گەورەترین، پیرۆزترین هەستە. هیچ هێزێك خۆی لەبەردا ناگرێت. بەكورتیەكەی دڵ ئاوێنەی دڵە. ئەبێت ئەو كەسە كێ بێت ئەوەندە بەختەوەر بێت؟

نووسی:

ـ من خۆم زیاتر بە بەختەوەر ئەزانم. ئەگەر ئەو بە من رازی بێت، ئەگەر ئەو تەنها بڵێت خۆشم ئەوێیت، بەو خوایە، لەوانەیە فریـای هیچ نەكەوم، لە خۆشیدا بمرم!... دیسانەوە كەوتمەوە گومان ودوودڵی بەڵام ویستم وەڵامەكەم بەشێوەیەكی پێكەنیناوی بێت. نووسیم

ـ خوانەكات بمریت، هههههه ئەگەر ئەو رازی بوو، دواییش تۆ بمریت ئەوە چۆن ئەبێت؟ كەواتە هەرباسی مەكە با نەزانێت! بێباك ئەو كاتە وەڵامی نەبوو. پاش چەند كاتژمێرێك بۆ جارێكی كە بۆی نوسیم:

ـ تەنها من قەدری ئەوکەسە ئەزانم، تەنها من هەست بە ئازارەکانی ئەو کەسە ئەکەم، حەز ئەکەم ژیانی خۆش بکەم، حەز ئەکەم من ببمە یارمەتیدەرێکی راست بۆ هێنانەدی هەموو ئاواتەکانی. بێباك زۆر بە قوڵی باسی ئەو کەسە نادیارەی بۆ ئەکردم، بەجۆرێك منیشی خستبوە گێژاوێکی سەیرەوە. بەدریژایی ئەو رۆژە ئەو هەر باسی چاکی وجوانی وتایبەتمەندێتی ئەو خۆشەویستەی ئەکرد. هەستم کرد من کاتێکی زۆرم بۆ بێباك تەرخان کردوە. هەموو باسەکانی ئەویش خەریکن روو لەیەك رێگە ئەکەن، ئەویش خۆشەویستی بوو. ئەو باسە منی بێ ئارام ئەکرد. ئەورۆژە بڕیارم دا کە ئیتر سنورێك بۆ نامە گۆڕینەوە دابنێم. نوسیم:

ـ کاك بێباك هیوام خۆشیتە، ئاگاداری خۆت بە ئەمجارە نەکەویت. هەروەك ئەزانین، کەوتن ئاسانە، بەڵام هەستانەوە زۆر گرانە.! من ئیتر کاتت لێ ناگرم. تۆ هەموو کات هاوڕێی بەڕێزی منی، بەڵام باشتر وایە کاتەکانت بۆ خۆشەویستەکەت تەرخان بکەیت. گەر ئامۆژگاری منت ئەویت، دوودڵ مەبە. وهەموو شتێکی بەراستی تێبگەیەنە. تۆ شایستەی ژیانێکی باشتریت. بڕوات بەخۆت هەبێت.

بێباك خێرا نووسی:

ـ چیی؟ مەبەستت چیە؟ کاتی چیم لێ ناگریت؟

نووسیم:

ـ هەست ئەکەم ئیستا زۆر لەجاران باشتریت، ئەوە شوکور دڵیشت باش بوە. هەست بە خۆشەویستی ئەکەیت، ئەمەش سەرەتایەکی زۆر باشە. من خۆشحاڵم بەوەی کە تۆ توانیت بۆ جارێکیتر بڕوا بە

خۆشەویستی بکەیت، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە بڵێم، پێویستە لەمەو دوا کاتەکانت بەو کەسە بدەی کە ئەوەندە خۆشت ئەوێت .

پاش کەمێك نووسی:

ــ رۆشناخان، ئەتوانیت قسەم لەگەڵ بکەیت؟ ئەگەر قسەبکەین ئەتوانم زیاتر بە روونی باسەکەت تێبگەیەنم.

من ویستم خۆم بدزمەوە. نووسیم:

ــ بم بوورە، ئیستا ناتوانم، کات زۆر درەنگە، ئەبێت بڕۆم بۆ خەوتن. هەروەکو ئەزانیت بەیــانی زوو بۆ ئیش ئەچم. بێباك کەمێك وەستاو دواجار بۆی نوسیم:

ــ بــاشە رۆشناخان، ئستا بڕۆ. کەواتە بەیــانی قسە ئەکەین. زۆر حەز ئەکەم بەدرێژی باسی ئەوکەسەت بۆ بکەم، ئەوکەسەی کە پڕبەدڵ خۆشم ئەوێت.

# ٣٣

من و بێباك نزیكەی چوار هەفتە ئەبوو نامەمان ئەگۆڕیەوە، بــاسی زۆر شتمان ئەكرد. وەكو دوو هاوڕێی نزیك كە زۆر لەكۆنەوە یەكترمان ناسیبێت. بێباك خەریك بوو ئەبوو بەكەسێكی گرنگ لەژیانمدا. زۆر گرنگیم پێئەدا. لە هەمان كاتدا زۆر دڵم پێی ئەسووتا. ئەو زیــاتر دڵی بەمن ئەكرایەوە هەستم ئەكرد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیــاتر لەیەكتر نزیك ئەبینەوە. بۆ خەمەكانی خەمم ئەخوارد، كێشەی ئەو بوو بە كیشەی من، هەستم ئەكرد كابرایەكی زۆر بێدەسەڵاتە، من وا تێگەیشتم لە بێباك كەسێكی دڵفراوان ودڵپاكە، مرۆڤێكی پڕلە ژیانە. ئەو شەوە زۆرم بیر لە بێباك كردەوە. زۆر دڵخۆش بووم كە زانیم بەرەو باشی ئەڕوات و خەمەكانی كەم بونەتەوە.

هەرچۆنێك بێت بەیانی بڕیارم دا كە ئیتر پەیوەندی پیوە نەكەم. چونكە بێباك كاتی ئەوەی هاتبوو بەسەر كۆسپەكانیدا زاڵ ببێت. ڕێگەی تازە بگرێتە بەر. بەڵام ئەگەر من لە نامە ناردن بەردەوام بم. لەوانەیە من، لەرێگەی ئەودا ببمە كۆسپێكی گەورە. بۆیە هەر ئەو شەوە بڕیــاری لابردنی فەیس بوكەكەمم دا. هەرچەندە بڕیــاركی زۆر ناخۆش بوو. هەستم ئەكرد ئەوەی لێی دەترسام بێ ئاگای خۆم ڕووی دابوو. ئەویش ڕاهاتن بوو لەگەڵ بێباك، قسە نەكردن لەگەڵ ئەودا زۆر قورس بوو. بەڵام هەرچونێك بێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك خۆم گرت.

# ٣٤

پاش چەند رۆژێـك بەسۆزی خوشكم لەسەر ماسنجەرەكەم پەیوەندی پێوە كردم. وابزانم تەنها بۆ ماوەی دە خولەك قسەمان كرد، هەر، لەوكاتەدا بێباك زیـاتر لە بیست نامەی نارد، كە هەمووی هەمان پرسیار بوو؛ رۆشنا خان، لە كوێت ؟ بۆ وەڵامت نییە؟ چی بووە؟ بۆ وەڵامم نادەیتەوە ؟ رۆشنا، رۆشنا، رۆشناخان دادە رۆشنا، دڵم تەقی وەڵام. تكات لێ ئەكەم یەك وەڵام تەنها پێم بڵێ بۆ؟

ئەو نامانە وایان لێكردم زیاتر هەست بكەم، ئەو كەسەی بــاسی ئەكات، ئەوە منم.! ئەوەی كە من نامەوێت دروست بێت ڕووی داوە!. هیچ نەبێت لەلایەن بێباكەوە. بەڵام من بڕیارم بەخۆم دابوو جاریكی تر، جگە لەخۆشەویستی رەنج خۆشەویستی كەس نەیەتە ناو دڵم.

نامەیەكم بۆ نارد، لەنامەكەدا بۆم نوسیبوو؛ ئیتر من نامەویت پەیوەندیمان هەبیت. نەك لەبەر ئەوەی كە من گلەییم هەبیت، بەڵكو لەبەر ئەوەی من كاتم زۆر كەمە و زۆر سەرقاڵی ئیشەكەمم، ناتوانم هەموو ڕۆژێك چەند كاتژمێرێك تەرخان بكەم بۆ ئەو بۆقسەكردن، یــان نامە گۆڕینەوە. لە ڕاستیدا من كاتی تەنیاییم زۆرهەبوو. بەڵام حەزم كرد خۆم دووربخەمەوە. كاتێك كە بێباك بوو بە هاوڕێم؛ قورسی و نالەبــاری ژیــانی ئەو، ئینجا قورسی باری ژیانی خۆم وتەنهایی ژیــانی غەریبــایەتی خۆم پاڵیپێوەنام كە، حەز بە هاوڕێیەتی كەسێكی وەكو بێباك بكەم. چونكە شێوەی ژیــانی هەردووكمان، وەكو یەكبوو. جۆری كێشەكانمان زۆر نزیك بوون لەیەكەوە. بە ئاسانی لەیەكتر تێدەگەیشتین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من ئەو ڕۆژە

زۆرم نامە بۆ بێباك نارد، كە تیـــایدا بۆم روون دەكردەوە؛ كە چەند قورسە بۆ من كە بتوانم هەرچی جۆرە پەیوەندیەك ببەستم. لەگەڵ هەر كەسێك نەك تەنها ئەو. بەڵام لە وەڵامدا بێباك زۆری ئەكرد ئەگەر بۆ دواجاریش بێت كە پێویستە قسەیەكی لەگەڵ بكەم. چونكە؛ زۆر شت هەیە دەیەوێت پێم بڵێت پیویستی بەیارمەتی من هەیە.

من ئەم زانی ئەو مەبەستی ئەوەیە؛ پێم بڵێت خۆشی ئەوێم، بەڵام من پێم باش نەبوو پەیوەندیەكەمان بەو جۆرەی لێبێت. ئەگەر وابێت، لەوكاتەدا من ئەبێت وازی لێبهێنم، هەرچەندە منیش كەمێك هەستم بۆ ئەو هەبوو. هەستەكەش تەنها خەریك بووم هۆگری ئەبووم وەكو هاوڕێ نەك وەكوو خۆشەویست.

دوای بیرلێكردنەوەیەكی زۆر بڕیـــارم دا كە پەیوەندی پێوە بكەم. ژمارەی تەلەفۆنی خۆی بە نامە بۆ ناردم. منیش تەلەفۆنم بۆ كرد. ڕۆژێكی شەمە بوو كە هەردووكمان لەماڵ بووین.

كاتیك قسەی لەگەڵ ئەكردم هەستم پی كرد كە چەند دڵخۆشە.

سەرەتا وتی:

ــ رۆشناخان، وەكوو خۆت چەند جوانی دەنگیشت زۆر ناسكە.

منیش بە دەم پێكەنینێكەوە پێم وت:

ــ دەی بـــاشە، سوپاس. ئیستا پیم بڵێ ئەتەویت باسی چیم بۆ بكەیت؟ وا هەر پێم ئەڵیت بـــاقسەبكەین. وادیـــار بوو كەمێك شەرمگرتی بەدەم پێكەنینێكەوە.

وتی :

ــ حەزم كرد پێت بڵێم؛ سوپاست ئەكەم تۆ زۆر هەوڵت لەگەڵ من دا، ئیستا زۆر لە جاران بـــاشترم. هەست ئەكەم دڵم خۆشەو پێئەكەنم.

گوێ له گۆرانی خۆش ئه‌گرم. که ئه‌چمه ناو سه‌یـــاره‌که‌م رێك ده‌نگی تۆ یه‌ته‌گوێم، پێم ئه‌ڵێێت، گوێ مه‌گره له گۆرانی خه‌فه‌ت بـــار، دڵی خۆت خۆش که‌، به‌ڕاستی رۆشناخان تۆ ژیـــانمت گۆڕی ،نازانم چۆن پاداشتی تۆ بده‌مه‌وه‌. به‌ڕاستی من شانازیت پێوه ئه‌که‌م. رۆشناخان نازانم چۆن بۆت بـــاس بکه‌م که‌، تۆ چیت له من کردوه‌...له‌قسه‌کردن وه‌ستانم.

وتم:

ــ من هه‌ست ناکه‌م هیچ شتێکی زیـــادوو قورسم کردبێت. هه‌موو مرۆڤێك پێویسته یـــارمه‌تی که‌سێك بدات که بڕوای پێ ده‌کات و هانای بۆ ده‌بـــات. له کاتیکدا که پێویستی به که‌سێکه ته‌نها گوێی لێبگریت. وابزانم منیش له‌وه زیـــاتر هیچ شتیکی وا گرنگم نه‌کردوه‌. ئیستاش من زۆرم پێخۆشه که توانیومه یـــارمه‌تیت بده‌م به‌جۆرێك له‌و بـــارو دۆخه ناخۆشه‌ی که تیـــایدا بوویت بێبته بـــاروو دۆخیکی دڵ خۆش و مرۆڤیکی پڕ له هیوا.

¬ بێباك وتی:

ــ رۆشناخان تۆ هه‌موو سه‌روه‌تی دنیـــای منیت، من بێ تۆ ژیـــانم نییه‌، توخوا به‌جێم مه‌هێڵه حه‌ز ئه‌که‌م قسه‌بکه‌ین.

وتم :

ــ ئه‌و قسانه چین تۆ ئه‌یـــان که‌یت؟ هیچ پێویست ناکات وا بڵێییت. تۆ خۆت کابرایه‌کی گه‌نج، خاوه‌ن هۆش و هه‌ستی خۆتی. نه‌یهێشت قسه‌کانم ته‌واو بکه‌م خێرا.

وتی :

ــ رۆشناخان، من زۆر بیر ئه‌که‌مه‌وه له دوارۆژم، نازانم چۆن

بتوانم خۆم دروست بکەمەوە!؟ هێشتا هەست ئەکەم من کەسێکی تێکشکاوم! من بەڕاستی پێویستم بە تۆیە! تۆ کەسێکی تێگەیشتویت، بیر فراوانی. دەروونت زۆر پاکە، ژنێکی قورس وبە ئەمەکی، من حەز ئەکەم بەردەوام لە ژیانمدا بیت.

وتم :

ــ بێباك، تۆ کەسێکی بەهێزیت، کەسێکی بەتوانایت. سەیرکە خەریکی کەسێکت خۆش ئەوێت! ئیتر بۆ نازانی؟ ئەگەر بتەوێت دیسانەوە خۆت دروست بکەیتەوەو بەڕاستی هەوڵی بۆ بدەیت، کارێکی ئاسانە. خۆت ئێستا ئاماژەت بەوە دا لەجاران زۆر باشتریت، ئەبێت تۆزێك لە جاران زیـــاتر بە ئارامتر بیت. ئەوەی لەرابردوو رویدا پشت گوێی... بخەیت. سەیری بەردەمت مەکە، بەڵکو دوور بڕوانە. بیر لە دوارۆژت بکەرەوە، هیچ ئاوڕ مەدەرەوە بۆ دواوە، چونکە هەموو ئاوڕدانەوەیەك لەڕابردوو دوات ئەخات. گرنگ ئەوەیە بڕوات بە خۆت و بوونی خۆت هەبێت. لەویش گرنگ تر هەموو توانای خۆت بخەرە کار بۆ ئەو مەبەستەی کە دەتەوێت بۆی بڕۆیت وە پێی بگەیت. بڕوا بکە پێی ئەگەیت. بێباك تۆزێك بێدەنگ بوو، وەکوو بیەوێت بیر لە قسەکانی من بکاتەوە ئینجا لەپڕێکا وتی:

ــ خۆزگەم بەخۆت، تۆ زۆر مرۆڤێکی گەش بینی، ئەو قسانەت ئەوەندەی‌تر سەرنجم ڕائەکێشن بۆ لای خۆت. من ئەزانم تۆ ئافرەتێکی زۆر تایبەتی، تۆ زۆر بەهێزیت، من کە زانیم تۆ بەوجۆرەی حەزم کرد زیـــاتر و زیـــاتر بتناسم ولێت نزیك ببمەوە. لەبەر خۆمەوە بزەیەك گرتمی.

وتم :

ــ كاك بێباك، سوپاست ئەکەم بەڕێزیت.

وتی:

ــ توخوا ئەتوانیت پێم نەڵێیت کاك؟

وتم :

ــ بۆ...؟ ئەی ئەوەنییە تۆش من بــانگ ئەکەی رۆشنا خان؟

وتی:

ــ من قەیناکە، بەڵام تۆهەر ئەبیت وا بــانگ بکریت. چونکە تۆ زۆر تایبەتیت..

وتم:

ــ توخوا ئەوقسانە مەکە. من حەزم بەقسەی وا نییە، زۆر نارەحەتم ئەکات بەڵکو بیزاریشم ئەکات.

بێباك ئەمجارە زۆر بەپەلە وتی :

ــ بۆ..گیــانەکەم بۆ؟ دەبــاشە ئیتر وا ناڵێم. من قوربــانی دڵی تۆ ئەبم.

وتم:

ــ تکایە واز لەو قسانە بێنە، ئێمە تەنها هاوڕێین وتەواو. ئەگەر بەوجۆرە منالانەیە قسە لەگەڵ من بکەیت، من واز لە هاوڕێیەتیت ئەهێنم. بێباك کەمیك دەنگی نزم کردەوە وەکو شەرمی کردبێت.

وتی :

ــ بەڵێ ڕاستە، ئێمە هاوڕێین. بەڵام تۆ بۆ من هەموو دنیــایت، ئەگەر تۆ هەستت بۆ من وا نییە، من زۆرت لێ ناکەم .

وتم :

ــ بەڵێ... پێویست ناکات کەسمان هەستمان وا بێت. داوای لێبوردنم لێ کرد کە، دەبێت کۆتایی بە قسەکردن بهێنم چونکە بۆ من کات درەنگ بوو. وتی:

ــ توخوا یەك قسە ماوە ئەمەویت بیڵێم وتم :

ــ بەڵێ، فەرمو ...بــەڵام تکایە بەخێرایی. تۆزێك وەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشا.

وتی :

ــ حەز ئەکەم بزانیت کە، لەهەموو ژیــانما هەستی خۆشەویستیم بۆ کەس نەبوە، تەنانەت خێزانەکەشمم خۆش نەویستوە!. ئێستاش تۆ بوویت بە هەموو شتێك لە ژیــانمدا. بێباك ئەوەندە باسی خۆشەویستی وعەشقی بۆ کردم بەجۆرێك سەرم لێ چەواشە ببوو، هەندێك جار لەبەرخۆمەوە پێکەنینم ئەهات. هیچ کاتێك من بڕوام بەخۆشەویستیەك نەبوە پێش یەکترناسین و بینینی تەواو. هەرچی بێباك باسی لی ئەکرد زۆر لە راستیەوە دوور بوو. هیچ نەبێت لای من شتێکی نارێك وسەیر بوو.

ئەو شەوە لە بێباکم داوا کرد کە پێویست ئەکات کۆتایی بەو قسانە بهێنێت. چونکە؛ قسەکانی خەریك بوون زۆر بێزاریــان ئەکردم. لە مێژەوە من گوێم لەو قسانە نەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا هەستێکی سەیریان لا دروست ئەکردم. هەر وەکو هەموو ئافرەتێك حەزم ئەکرد کەسێك لە نزیکەوە گوێم پێبدات، هەستی خۆشەویستیم بۆ دەرببڕێت. بەڵام من تا ئەوکاتەش کردەوەکانی رێبوار بەجۆرێکیان لیکردبووم کە متمانەم بە زۆرینەی پیاو نەمێنێ، من بووم بەکەسێك پێش هەنگاوێك سەد جار بیربکەمەوە، نەك هەر ئەوەش، بەڵکو بۆ

کاتێکی درێژخایەن لە هەموو کەس خۆم بەدووربگرم. بۆ ئەوەی جارێکیتر نەکەومە هەڵەوە خۆم توشی ئازارێکی تر نەکەم.

حەزم ئەکرد ئەوقسانەی بێباك هەمووی لە دڵیەوە هەڵقوڵابن، راستبن، خەون نەبێت. حەزم ئەکرد بڕوا بەهەموو وشەکانی بکەم. منیش وشە بە وشە وەڵامی بدەمەوە لەو زیاتر هەستی خۆشەویستیم بجوڵێت. بەڵام نازانم بۆ هەموو کاتەکە دەنگێك لە ناخەوە پێی ئەوتم، ئەوانە تەنها قسەن. بڕوای پێ مەکە. بێباك تا ئەو کاتە هەر ستایشی ئەکردم بۆ بوونم کە چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزو میهرەبـانم..

هەر ئەو ڕۆژە زۆری پرسیـار لێ کردم بۆ جیـابومەوە لە میردەکەم؟ من وازم هینا یـان ئەو؟ پرسیـاری ئەکرد کە من هیشتا مێردەکەمم خۆش ئەویت؟.

منو بێباك دوو کەسی بەیەکتر نامۆ بووین. بەڵام هەندێك شت لە نێوانماندا هەبوو کە نزیکی دەکردینەوە لەیەکتر. هەرچەندە شتێك وون بوو، نەم ئەزانی چیە ! کاتیك کە قسەمان ئەکرد، من زۆرڕاستگۆبووم لە کاتی گفتۆ گۆ کردنماندا. هەر کاتێکیش پرسیـاری ئەکرد، زۆر بە ڕاستی و بێ دوودڵی وەڵامم ئەدایەوە، بەڵام ئەوەی من ئەم پرسی وەڵامی کەم بوو. زۆر لە کورتی ئەی بڕیەوە، یـان هەندێك جار بـاسەکەی بەشتێکی کە ئەگۆڕی. من زۆر وریـایـانە تێبینی ئەو جۆرە شتانەم ئەکرد، دەکەوتمە گومانەوە. ئەوشەوە نزیکەی دوو کاتژمیر قسەمان کرد، خوا خوام بوو بـاسی خۆشەویستی نەکات. لەپڕێکا

وتی :

ــ ئەگەر ئێستا لێم بپرسن چەند دڵم خۆشە، ئەڵێم بەقەد هەموو دونیــا، ئەڵێم کەس نییە لەم دونیــایە  بەقەد من دڵی خۆش بێت. منیش

وتم :

ــ یــاخوا هەمشە دڵ خۆش بیت.  لە پڕێکا دەنگی بەرزکردەوە وتی:

ــ یەك شتت پێ ئەڵێم بڕوا بکە.

وتم : چیە ؟

وتی :

ــ تۆ هەموو دنیــات بیر بردومەتەوە. تەنانەت منداڵەکانم . کوڕە دوو ڕۆژە قسەم لەگەڵ دایکیشم نەکردوە!..  جاران هەموو ڕۆژێ دوو جار قسەم لەگەڵ دایکم ئەکرد. هەموو مێشك و خەیــاڵم هەر تۆی. منیش خۆم خستە ئەو پەڕی دنیــا. زۆر بێباکانە وتم:

ــ جابۆ تەلەفۆنی بۆ ناکەیت؟ کێ دەستی گرتویت بەیانی زوو هەواڵی پرسە. ئێستاش بۆ من کات درەنگە. شەو باش تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

# ٣٥

بەیـــانی زوو بوو کە لە دەنگی جەڕەسی تەلەفۆنەکەم بەئاگا هاتم. کە دەستم دایە تەلەفۆنەکەم بینیم هێشتا کاتژمێر شەشی بەیـــانی بوو. دایکم دوو جارتەلەفۆنی بۆ کردبووم. زۆر دڵی ترساندم. ئەبێت چی ڕویدابێت؟ وا بەم بەیـــانییە زووە دایکم تەلەفۆن بۆ من ئەکات، من هێشتا لە خەیـــاڵی ئەوە بووم لەپڕێکا تەلەفۆنەکەم یەك بە دوای یەکدا نامەی بۆ ئەهات، لە دڵی خۆمدا وتم:

ـ ئەوە دیسان یەك شەممەیە خۆ تەلەفۆن ئیتر ناهێڵێت تۆزیك بخەوم ماندوی ئەو پینج رۆژە هیلاکیەم بحەوێتەوە. حەزم ئەکرد بۆ تۆزێکی تریش لە ناو جێگەکەمدا بمێنمەوە ئەمجارەش دایکم تەلەفۆنێکی‌تری بۆ کردم منیش خێرا وەڵامم دایەوە زۆر بە پەرۆشەوە پرسیـــارم کرد؟ وتم:

ـ دایکە ئەوە چی بووە؟ بۆ وا بەم بەیـــانییە زووە تەلەفۆنت کردوە؟ خۆ بـــاوکم نەخۆش نییە؟ دایکم لەوەڵامدا

وتی:

ـ نا..نا.. بـــاوکت شوکور بـــاشە. بەڵام من کاتەکەم لێ گۆڕابوو. بەقوربـــان جارێ برۆ بخەوە. دوایی گەر کاتت هەبوو، قسە ئەکەین. هەرچەند زۆرم لێکرد پێم بڵێت چیی بوە؟ ئەو هەر ئەوەندەی وت، تەلەفۆن داخرایەوە.

ئیتر منیش بڕیـــارم دا تاکو کاتژمیریکی کە لە ناو جێگاکەمدا بمێنمەوە بەڵکو خەوم لی بکەوێتەوە . بەڵام لەهەمان کاتدا خۆشم

پێڕانەگیرا تەلەفۆنەکەم گرت بە دەستمەوە ویستم پەیوەندی بەدایکمەوە بکەم. کاتیك سەیری ماسنجەرەکەم کرد، بینیم بێباك چەپکە گوڵی بۆ ناردبووم لەگەڵ هەندیك وینەی خۆی وهیمای دڵو بەیـانیت بـاش رۆشناخان.

لە دڵی خۆمدا ووتم :

ــ بەخوا لەوە ئەچێت بێباك بەڕاستی خۆشەویستی سەری لێدابیت! تۆزێك کەوتمە بیرکردنەوە.! چۆن ئەتوانم خۆمی لێ دوور بخەمەوە!؟ دوورکەوتنەوەیەك بەجۆریك کە، بۆ بێباك نەبێتە کۆسپێکی تازە. هەوڵم ئەدا رێگەیەك بدۆزمەوە بەشێوەیەك کە، بێباك هەست نەکات من ئەمەوێت پەیوەندیەکە بپچڕێنم چونکە من لەراستیدا باری دەروونی ئەوم لاگرنگ بوو. ئەویش لەوکاتەدا یەك بەدوای یەکدا نامەی ئەنارد، بێئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات. لەناخمدا هەستم بەتووڕەبوونێك ئەکرد، نامەیەکم بۆ نارد نوسیم:

ــ بێباك، ئەوەچیە ئەوهەموو نامانە یەك بەدوای یەکدا چیبوە؟

نوسی

ــ ئەوە بۆ دەنگت نییە؟ خۆ عاجز نیت؟

نوسیم :

ــ نەخیر بۆ عاجز بم خۆهیچ شتیك نەبوە.

نوسی:

ــ بەخوا نازانم هەست ئەکەم خۆت ئەدزیتەوە، ناتەوێت قسەم لەگەڵ بکەیت.

لەدڵی خۆمدا پێکەنینێك گرتمی. نوسیم.

ـ نەخێر وانییە. بەڵام وەكو بۆم بــاس كردیت من كاتم زۆر كەمە، خۆت ئەزانی ئیش كردنم كاتم زۆر لیێ ئەبــات.

نوسی:

ـ راست ئەكەیت، بەڵام من بیرت ئەكەم. چەند نامەیەكی تری هەر لەو شێوەیە بۆ ناردم. ناچار بۆمنوسی:

ـ داوای لێبووردن ئەكەم ئیستا ئەبێت بچم خواردنی بەیــانی بۆ رەنج ئامادە بكەم، دواییش ئەبێت بچم بۆ بــازار، بۆ كڕینی خواردن وهەندێك شتی پێویستی رۆژانەمان. وەكو ئەیزانیت، من خۆم هەموو ئەركێكی ماڵەكەم لە سەر شانە بە هەموو شێوەیەك.

لەگەڵ ئەو هەموو بەربەستانەی لەرێگای پەیوەندیەكە دروستم ئەكردن، بەڵام پەیوەندی من و بیێاك لەوكاتەدا بەوشیوەیە مایەوە، هەرچەندە من مەرجم هەبوو، ئەویش ئەوە بوو، كە بەهیچ جۆرێك نابێت باسی خۆشەویستی لەگەڵ مندا بكات. ئەویش بەوە رازی بوو. زۆری نەبرد بیێاك هەموو بەیــانییەك چەپكێك گوڵو دڵێكو هەندیك جار ماچێكیشی بۆ ئەناردم، منیش زۆر جار سوپاسێكم ئەكردو گوڵەكەشم بۆ ئەنارد.

# ٣٦

ڕۆژێکیـــان لە ئیش ئەگەڕامەوە بۆماڵەوە، وەك هەموو جارێك لە شوێنی تایبەتی خۆم ئوتومبیلەکەم ڕاگرت، بەرەو شوقەکەم بەسەر قادرمەکانا سەرئەکەوتم، بینیم هیلین بە پیچەوانەی منەوە بەرەو خوارەوە ئەهات. هەر، کە منی بینی لێم هاتە پێشەوە بەسەرسوڕمانێکەوە تەماشایەکی کردم وتی:

ــ ڕۆشنا خانم؟ ئەوە تۆ ئێستا لەدەرەوە بویت؟ یان لە ئیش گەڕایتەوە لەپرسیارەکەی ئەو سەرمسوڕما! ویستم پرسیاری لێبکەم بۆ ئەوپرسیارە ئەکات، بەڵام خێرا پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، هەرخۆی دەستی کردەوە بەقسەکردن وتی:

ــ ئەمڕۆ پێش کەمێك لەبەر دەم ماڵی ئێوە شتێکی زۆر سەیرم بینی! وامزانی خۆت لەماڵی. هەر، کە ئەو قسەیەم بیست. خێرا لەجێی خۆم ڕاوەستام. وتم:

ــ هیلین خان، چیت بینی، شتی سەیر چیە؟! ئەوەتا وەکو ئەبینیت من ئێستا ئەگەڕێمەوە. هیلین تۆزێك بێدەنگ بوو، وەکو پەشیمان بێت لە هەواڵەکەی. خێرا وتی:

ــ نا.. نا.. هیچی وا نەبوە.. تۆزێك پێش ئێستا بینیم کوڕەکەت خۆی بە ماڵدا کرد. بەبڕوای من تۆش ئاگاداری! یان خۆت ئەمڕۆ لەماڵیت. نازانم باشتر وایە من بڕۆم، هیلین هەنگاوی نا بڕوات خێرا شانیم گرت وتم:

ــ هیلین خان تۆ ڕەنجت بینی دەرگای شوقەکەی کردەوە چوە ژورەوە؟! هیلین ئەمجارە بەڕویەکی زۆر گوماناویەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ بەڵێ... من کوڕەکەی تۆ باش ئەناسمەوە، بەڵێ خۆی بوو. بەڵام من وام زانی تۆش لەگەڵ ئەویت بۆیە هیچ گرنگیەکم پێنەیا. ئێستاش تۆم بینی بە تەنها لە ئیش ئەگەڕێیتەوە، ئاگاداریش نیت، ئەمەش بەلای منەوە شتێکی سەیرە! چونکە؛ من هەرگیز ئەو کوڕەی تۆم بەتەنها نەبینیوە.

من هەر راوەستابووم دەمم داچەقا بوو! بڕوام بە قسەکانی هیلین نەکرد. چونکە رەنج بە پاسی تایبەت هاتوچۆی ئەکرد. هیچ کاتێك شتێکی وەکو ئەوە روینەدابوو. ئەگەر پاسی قوتابخانە کێشەیەکی هەبوایە پەیوەندیان پێوە ئەکردم! ئەی کەواتە ئەبێت چی رویدابێت؟! من خەریك بوو لەترسانا تەواو دەمم وشك ئەبوو، ئەبێت هیلین راست بکات! یان کەسێك  چۆتە ماڵەکەم لەوانەیە لە رەنج چوبێت!؟ هەر تەماشای هیلینم ئەکرد ئینجا وتم:

ـ هیلین خان، وەرە لەگەڵ من بگەڕێرەوە،  ئەترسم ئەگەر بەتەنها دەرگای شوقەکەم بکەمەوە. هیلین بە دەنگی بەرز قاقایەکی لێداو وتی:

ـ ئەوە بەڕاستە؟ لەچی ئەترسیت؟! من ئەڵێم کوڕەکەتە. بەڵام نازانم بۆ پێش هاتنەوەی خۆت ئەو گەڕاوەتەوە بزانە کێشەیەکی هەیە. من ئەڕۆم. نابێت زیاتر دوابکەوم، خۆت ئەزانی من ئێستا ئیش ئەکەم. هیلین رۆیشت. منیش ئیتر بەدەم ترس ولەرزێکەوە بەرەو شوقەکەم رۆیشتم. کاتێك نزیك بومەوە زۆر دوودڵ بووم لەوەی دەرگاکە بکەمەوە. بەڵام لەدڵی خۆمدا ئەموت، خۆ هیلین نە شێتە، ونە کوێریشە، زۆرباشیش رەنج ئەناسێت. نازانم بۆ ئەوەندە دوودڵ بووم. گومانم لە هەموو کەس، هەموو شتێك پەیدا کردبوو. تەنهاکەس کە

بڕوام پێئەکرد تەنها هەستی خۆم بوو. بەترسێکەوە دەرگاکەم کردەوە، سەیرم کرد رەنج لەسەر کورسیەك بەرامبەر دەرگای دەرەوە دانیشتوە. زۆر جوان خۆی گۆڕیوە، سەیرم لێهات بۆ رەنج لە پێش من لەماڵە!؟ کەواتە هیلین راستی کرد هەرلەبەر خۆمەوە پێکەنینێك گرتمی لێی چومە پێشەوە وتم:

ــ رەنج، ئەوە کوڕم بۆ لەماڵیت چی بوە خۆ نەخۆش نیت؟

رەنج بەڕویەکی زۆر جوان ودڵخۆشیەوە لەجێی خۆی هەڵسایە سەرپێ وتی:

ــ دایکە بەخێربێیتەوە، نەخێر دایە نەخوش نیم. بەڵام؛ بـاوکم ئەمڕۆحەزی کرد لەگەڵیـا بڕۆمە دەرەوە. هەر، کە گوێم لەو قسەیە بوو خێرا لێی چوومە پێشەوە بە دڵێکی زۆر خۆشەوە وتم:

ــ چیی...!؟ باوکت؟ ئەوە بەڕاستە؟! باوکت یەت بۆ ئێرە؟! یەت بۆ لات؟! تۆ داوات لێکرد؟ یـان خۆی قسەی لەگەڵ کردیت. ئادەی خێرا بۆم باسکە چومە لایەوە دەستیم گرت رامکێشا بۆ ژووری دانیشتنەکە. دامنیشان وتم:

ــ دەی خێرا هەمویم بۆ باس کە چۆن ئەمە رویدا؟ دەی خێرا کێ بڕیاری دا تۆ ئەمڕۆ لەگەڵ باوکت بڕۆیتە دەرەوە؟ کێ ئەمەی رێکخست؟! هەر ئیستا تێمبگەیەنە. وادیار بوو رەنج دڵی زۆر خۆش بوو، هەر پێئەکەنی. وتی:

ــ بۆچی وا ئەڵێیت؟ دایکە تۆ حەز ناکەی من لەگەڵ باوکم بڕۆمە دەرەوە؟! خێرا باوەشێکم پیا کرد وتم:

ــ نا... نا... کوڕم قەت وا نەڵێیت. من مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم شتە جێگەی سەرسوڕمانە! تۆ پێشتر ئەتزانی؟ رەنج سەرێکی راوەشاند وتی:

ـ نەء. ئەمڕۆ زانیم. دایکە ئەگەر تۆ پێت ناخۆشە ئێستا بە باوکم ئەڵێم ڕۆژێکی کە ئەڕۆینە دەرەوە. خێرا باوەشێکم پیاکرد وتم:

ـ کوڕم ئەوە تۆ باسی چیئەکەیت؟ من زۆر حەز ئەکەم لەگەڵ باوکت بچیتە دەرەوە، بەڵام ئەمڕۆ من توشی سەرسوڕمان هاتم! لەوکاتەدا ڕەنج پێکەنی بە دڵێکی خۆشەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ نازانم، باوکم خۆی ئەمڕۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، پێی وتم، دوای قوتابخانە بەیەکەوە ئەڕۆینە دەرەوە.

وتم :

ـ ئیێ ؟چیتر دە بۆم بـــاس کە

وتی:

ـ ئیێ تەواو، منیش پێمووت بـــاشە.

وتم :

ـ کوڕم ئێ تـــەواوی چی؟ ئەی تەلەفۆنی بۆ کێ کـــرد...؟ بۆ خۆت...؟ کوا باوکت ژمارەی تۆی هەیە؟! چۆن؟ کێ تۆی بۆ ماڵەوە گەڕاندەوە؟! بۆ زووتر قوتابخانەت بەجێهێشت. ڕەنج ئاوڕێکی دایەوە زۆر بەسەرسوڕمانەوە وتی:

ـ دایکە؟ ئەوە چیە ئەو هەموو پرسیـــارە!؟ نازانم. ئەمڕۆ لە پڕێکا مامۆستا جسیکا بۆ ئۆفیسەکەی خۆی بانگی کردم وتی، حەز ئەکەیت لەگەڵ بـــاوکت قسە بکەیت؟ منیش وتم:

ـ بەڵێ. ئەویش وتی:

ـ ئەوەتا بـــاوکت چاوەڕێیە قسەت لەگەڵ بکات، ئیتر تەلەفۆنەکەی دایە دەستم.

که قسەم لەگەڵ بـــاوکم کرد، بـــاوکم پێیوتم، زۆرم بیر ئەکات، حەز ئەکات ئەمڕۆ دوای قوتابخانە بەیەکەوە بچینە دەرەوە نانێك بخۆین.. ئیتر منیش پیم وت، بـــاوکە گیـــان منیش زۆرت بیر ئەکەم، حەز ئەکەم بت بینم. ژمارەی تەلەفۆنەکەمان گۆڕیەوە. دوایی مامۆستا جسیکا پرسیاری لێکردم وتی:

ــ حەز ئەکەیت ئیستا بۆ ماڵەوە بڕۆیتەوە خۆت ئامادە بکەیت تاکو زوتر باوکت ببینیت؟ منیش پیم وت:

ــ ئاخرچۆن بۆ ماڵەوە بڕۆمەوە هیشتا زووە، کاتی پاسەکەم نەهاتوە. بەڵام مامۆستا جسیکا وتی: کە خۆی دەتوانێت بمگەینیتەوە بۆ ماڵەوە تاکو خۆم ئامادە بکەم. ئیتر خۆی منی هێنایەوە بۆ ماڵەوە، وتیشی بەدایکیت بڵێ داوای لێبوردن ئەکەم کە پرسیارم پێنەکرد. بەڵام هۆیەکەی تەنها لەبەر ئەوەیە ئەزانم زۆری پێخۆش ئەبێت رێگر نابێت، لەهەمان کاتیشدا بۆ دایکت سەرپرایزێکی خۆشە. دایکە گیان من ئەزانم تۆ پێت خۆشە توخوا وانییە؟ لەوکاتەیا دڵم پڕ بوو لەگریان سەری رەنجم ماچکرد، توند بە سنگمەونوساندم، وتم:

ــ هەرچی دڵی تۆ خۆشکا، دڵی منیش خۆش ئەکا. هەرکەسێکیش ئازاری تۆ بدات، ئازاری من ئەدات..

هەرچەند سەرنجی روخساری رەنجم ئەدا، بە ئاشکرا خۆشیەکی یەکجار زۆری تیادا بەدی ئەکرا. ئەوکاتە زانیم رەنج چەند بیری باوکی ئەکات. ئەوکاتە زانیم چەند تامزرۆی چونەدەرەوەیەکە لەگەڵ باوکی بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەرەیەکانی منداڵی، کە خەریك بوو کاڵ ئەبونەوە. رەنج هەموو جار یادی ئەورۆژانەی ئەکردەوە کە بەتەنها لەگەڵ باوکی ئەڕۆیشتن. هەرچەندە رەنج ئەوکاتە زۆر مناڵ بوو، بەڵام

وادیار بوو ئەوەندە خۆشی لە کاتەکان وەرگرتبوو کە بەهیچ جۆرێك بیری نەئەچونەوە. زۆر جار من پێم دەگوت، رەنج گیــان خۆمنیش ئەتوانم بۆ هەموو شوێنێکت بەرم، زۆر شوێن هەیە ئەتوانین خۆمو خۆت بەیەکەوە بۆی بڕۆین. بەڵام، هەموو جارێك بە دەموو چاوێکی زۆر کزوو خەمبــارسەیرێکی ئەکردم، ئەیوت:

ــ دایکە گیــان، ئاخر من حەز ئەکەم بۆ ئەو شوێنانە لەگەڵ بــاوکم بڕۆم. چونکە؛ ئەو جێگایانە هەر لە گەڵ بــاوکا خۆشە. تۆ حەزت لە راوکردن نییە، بەڵام بیرمە باوکم راوچیەکی زۆر چاك بوو. تۆ حەزت بە مەلە کردن نییە لە ئاو ئەترسیت. بەڵام باوکم زۆری حەزبەمەلە کردن بوو، ئەتوانێت فێری مەلەشم بکات. تۆ حەزت لەیاری سەرسەهۆڵ نییە، ئەڵێی ئەخلیسکێم بەڵام باوکم یاریزانێکی زۆر باش بوو. بیرمە منیشی فێر کرد.. جاران بــاوکم منی زۆر خۆشەویست. کەچی ئێستا نازانم، بۆ منی هەر بیرنییە. هەر، کە ئەو قسانەی ئەکرد، دڵی پڕ ئەبوو لەگریان سەرێکی دائەنەواند، لەوکاتەدا گرێك لە ناو دڵم بەرئەبوو، خوڕ خوڕ ئاو بەچاوەکانمدا ئەهاتنە خوارێ. ئەوسا سەیرێکی ئەکردم ئەیوت:

ــ دایکە مەگری، توخوا دەهەستە، بڕۆ تەلەفۆنیکی بۆ بکە، وپێی بڵێ، من زۆری بیر ئەکەم، بــا بێت بە دواما هەڵمبگرێت پێکەوە بڕۆین. بەخوا یاریم ناوێت، هیچ داوا ناکەم، باهیچم بۆ نەکڕێت.

ئەوکاتانە من زۆر بێدەسەڵات بووم. تەنها ئاواتم ئەخواست کە ریبوار خۆی هەست بەدووری کوڕەکەی بکات خۆی هەوڵی بینینی بدات نەك کوڕەکەی.

# ٣٧

زۆر هەواڵێکی خۆش بووکاتێك کە زانیم ڕێبوار داوای بینینی ڕەنجی کردبوو. هەرچەندە دوودڵ بووم لە وەی کە ڕێبوار بتوانێ ئەوخۆشیەی کە ڕەنج چاوەڕیی ئەکرد، وەکو جاران بیداتێ. هەرچەند ئەمڕوانییە ڕەنج، ئەمزانی چەند دڵی خۆشە. منیش زیـــاتر دڵم خۆش ئەبوو. دوایی زانیم کە مامۆستا جسیکا پەیوەندی بە بـــاوکی ڕەنجەوە کردبوو، بـــاسی ڕەنجی بۆ کردبوو، کەچەند تامزرۆی بینینی باوکیتی. لەهەمانکاتدا هەڵوێستی منی بۆ ئاشکرا کردبوو، من پیخۆشحاڵ دەبم کاتێك پەیوەندی نیوان ئەو، لەگەڵ ڕەنج پتەوو بەهێز دەبێت. هەروەها پێشی وتبوو، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەودا نیە، نەك هەر ئەوەش، بگرە حەز ئەکەم ئیمەش لەبەرکورەکەمان پەیوەندی نێوانمان باشبێت. بۆ ئەوەی ڕەنج لە نیوان ئیمەدا دووچ اری وون بوون نەبیت. زۆری نەبرد ڕێبوار گەیشتە بەردەرگا. هەر نەم زانی ڕەنج چۆن ڕای کرد، تاکو دەرگاکە بکاتەوە، بەدەم ڕاکردنەوە بۆ دەرگاکە هاواری ئەکرد ئەیوت:

ـ ئەوە بـــاوکمە. دایکە ...ئەوە بـــاوکمە... هات، پێی بڵێم بێتە ژورەوە؟ دە توخوا بـــا بێت دایکە گیـــان، دە بـــابێت. منیش لە جێی خۆم هێشتا ڕاوەستابووم نەم ئەزانی چی وەڵام بدەمەوە.

بـــاوکیشی لەودیوی دەرگاکەوە هەر لە زەنگی ئەدا، دیـــار بوو زۆری پەلە بوو.

وتم:

ــ کوڕم تۆ جارێ دەرگاکە بکەرەوە، نەوەکا بـــاوکت پەلەی بێت.
ڕەنج دەرگاکەی کردەوە بەڵام وەکو منداڵێکی دوو سێ ساڵ خۆی فڕێ دایە بـــاوەشی بـــاوکی، ئەویش بـــاوەشی بۆ گرتبووەوە ماچی ئەکرد. من ئیتر خۆم پی ڕانەگیرا، بەرەو ژووری نوستنەکەی خۆم ڕۆیشتم. گوێم لێ بوو ڕەنج وێری بـــاوکی ئەکرد کە بێتە ژورەوە، بەڵام بـــاوکی پێی وت، کوڕەکەم ئێستا بابڕۆین جارێکی تر پەیمانت ئەدەمێ ئەگەر دایکت رازی بوو منیش حەزئەکەم بێمە ژورەوە کاتێکی زیاتر لەگەڵ یەکتردا دابنیشین.. وادیار بوو ڕەنج قەناعەتی بەقسەکەی باوکی کرد. بە دەنگیکی بەرز هاواری کرد دایکە...واڕۆیشتین خواحافیز.... منیش هەر لەبەر خۆمەوە ئەموت، خواحافیز... خواحافیز.

# ٣٨

دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن، خۆم  بە تەنها مامەوە.  نەم ئەزانی چی بکەم. ئەو ڕۆژە یەکەم جارم بوو بەتەنها بم، پێنج ساڵ لە دوای جیابونەوەمان. لەوەتەی ڕێبوار بەجێی هێشتین، جگە لەکاتەکانی کە ڕەنج ئەچوو بۆ قوتابخانە، من بۆ یەك کاتژمێر لە ڕەنج دانەبڕا بووم. هەموو کاتەکە وەکو سێبەری خۆم ئەمبینی. بەڵام لەو کاتەدا کە لەگەڵ باوکی ڕۆییشت هەستم ئەکرد دڵیشم ڕۆیشتوە. نەم ئەتوانی لە ماڵەکەما بەتەنها خۆم ببینم، نازانم بۆ هەستم ئەکرد دڵم گوشرا بوو، لە ئاستی خۆم دانیشتم، دەستم بە گریان کرد. دەموچاوە جوانەکەی ڕەنج لەبەر چاوم لانەدەچوو. بە ناو ماڵەکەمدا هاتوچۆم بوو. هەر، وەکو شتێکم لێ ون بوبێت وابوو حەزم ئەکرد گوێم لەدەنگی ڕەنج بێت. چەند جارێك دەستم دایە تەلەفۆنەکەم. بەڵام، دام ئەنایەوە زۆر هەستم بە تەنهایی ئەکرد. بڕیـــارم دا بچمە دەرەوە هەر بۆ ئەوەی تۆزێك خۆم مەژغوڵ بکەم . بەڵام وتم نەء، جارێ بـــا شتێك دروست بکەم، کاتێك ڕەنج گەڕایەوە ماڵەوە باخواردن ئامادە بێت.  لەپڕێکا بیرم ئەکردەوە لەوانەیە ئەمشەو هەر خۆم بەتەنهابم، هەستم ئەکرد ڕیبوار ڕەنجم بۆ ناهینیتەوە، لەوانەیە ئەمشەو لای خۆی بیهێلیتەوە، وام ئەزانی ئیتر ڕەنج نابینمەوە، من لەو خەیاڵانەدا بووم کە ڕەنج تلفۆنێکی بۆ کردم، وتی:

ــ دایکە گیان، توخوا قەیناکا ئیمشەو لای باوکم بمێنمەوە؟ منیش زۆر بە دوودڵیەوە پیم وت:

ـ ئەگەر خۆت حەز ئەکەیت، بەڵێ ئاساییە. بەڵام، تۆ بەیــانی بۆ قوتابخانە دەبێت بڕۆیت. ڕەنج تۆزێك وەستا. ئینجا وتی:

ـ باشە. دەبا پرسیارێك لە باوکم بکەم، بزانم چی ئەڵێت؟ گوێم لێ بوو کە پرسیارەکەی لە باوکی کرد. ئینجا وتی:

ـ بەڵی دایکە، بە بــاوکم وت، ئەویش پێی وتم، کە بەیــانی زوو پێش ئەوەی پاسەکە بێت، ئەمگەڕێنێتەوە.

# ٣٩

بۆ یەکەم جار من ئەو شەوە بەتەنها بووم. زۆر ناخۆش و دورو درێژ بوو. هەستم بە تەنهاییەکی زۆر ئەکرد، ئەوکاتە زانیم کە چەند غەریب و بێکەسم. ئەوەنە بیری رەنجم ئەکرد وەکو چەند رۆژێك بێت لێم دوور بێت. رۆیشتمە ژوورەکەی، حەزم ئەکرد بۆنی جلەکانی بکەم. کەمێك بە ناو ژوورەکەیدا هاتوو چۆم کرد، کەوتمە رێکخستنەوەی ئەوشتانەی کە لە جێی خۆیدا نەبوون. هەندێك لە جلەکانیم بۆ هەڵواسی، جانتاکەیم کردەوە بۆ ئەوەی بزانم وانەی تازەی وەرنەگرتوە؟ بەڵام کە سەیرم کرد هەمووی تەواو کردبوو. لەبەر خۆمەوە پێکەنیم وتم: لەخۆشی باوکی، وادیارە هەر لە مەکتەب تەواوی کردوە. ئینجا کەنتۆرەکەیم کردەوە، بەجلەکانیدا ئەمرِوانی چاوم کەوتە سەر وێنەیەك کە بە دیواری ناوەوەی کەنتۆرەکەیەوە هەڵیواسی بوو. وێنەکە وێنەی یەکەم جەژنی لەدایك بوونی رەنج بوو. لەو وێنەیەدا، منو رێبوار رەنجمان لەنێوان خۆماندا دانابوو، هەردووکمان لەیەك کاتدا ماچی ئەکەین. رەسمێکی تریش کە تۆزێك لەولا تر بوو، وێنەی ئاهەنگی هاوسەرگیریمان بوو، کاتێك رێبوار باوەشی بەناوقەدما کردبوو هەردووکمان دڵخۆشین پێئەکەنین. زۆر سەیرم لێهات! چونکە من ئەو وێنانەم هەموو لابردبوو. هەرگیز لەو برِوایەدا نەبووم رەنج ئەو وێنانە بدۆزێتەوە. بێئاگای من هەڵوایان بواسێت. بەڵام ئەو کارەی رەنج وای لە من کرد، زیاتر ئاگام لە رەنجو هەستەکانی بێت، زیاتر گوێ بۆ خواستەکانی شل بکەم. من

ئەمزانی سروشتی ڕەنج لەو کوڕانەیە  کە زیاتر هۆگری باوکیانن. زیاتر خۆشی لەگەڵ باوکی ئەبینی. هەرچەندە خۆشەویستی بۆ من بێسنور بوو.  بەڵام بێ وەستان ڕەنج چاوەڕێی باوکی ئەکرد. هەموو هەفتەیەك چاوەڕوانی تەلەفۆنێکی ئەکرد. نایشارمەوە زۆرجار لەوە ئەترسام ئەگەر ڕەنج بڕواتە لای باوکی منی بیربچێتەوە. بەڵام باوکی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ زۆر لەئێمە دابڕا هیچ پەیوەندیەکیشی بۆ دڵنیا بونی لە تەندروستی کوڕەکەی خۆی نەدەکرد. بەڵام ڕەنج هەموو کات باوکی لە یاد بوو.

بۆ ماوەیەك لە سەر جێگاکەی ڕەنج ڕاکشام. تۆزێك بۆنی جلەکانیم کرد، کەمێك بەدیار وێنەکانییەوە کە بە دیوارەکەوە هەڵم واسیبوون ڕاوەستام، قسەم لەگەڵدا ئەکردن. لە پڕێکا چاوم بە ئاوێنە گەورەکەی دەرگای دەرەوەی کەنتۆرەکەی کەوت، خۆم تیادا بینی، کە بینیم ڕوخسارم زۆر خەمبار و پەشۆکاو دیار بوو. تۆزێکیتریش لە خۆم نزیك بوومەوە.  ئینجا بەخۆم وت، کچێ ئەوە تۆ چیتە بۆ وا ئەکەیت؟ ئێ خۆ ئەو کوڕە چوە بۆ لای باوکی. ئیتر ئەم هەموو خەموو گریانەی بۆ چیە؟ با ئەمشەو لای ئەو بێت. ئەی تۆ خۆت گلەییت نەکرد؟ ئەی تۆ خۆت حەزت نەکرد ڕەنج لەگەڵ باوکی نزیك بێتەوە؟ ئەی تۆ خۆت پەیوەندیت نەکرد بە ڕێبوارەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کوڕەکەی دروست بکاتەوە؟ ئەی ئێستا بۆ خەمتە؟ ئەوە شوکور ئاواتەکانت هاتنە دی. بێ وەستان ئەو پرسیارانەم لە خۆم ئەکرد. بڕوام نەدەکرد جارێکی تر ڕێبوار بگەڕێتەوە ژیانی ڕەنج، هەرچەند خەونێکی زۆر خۆش بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا

خۆشەویستی زۆرم بۆ ڕەنج، خەریك بوو بەرەو خۆپەرستی پەلکێشی ئەکردم. ئەمویست ڕەنج تەنها بۆ خۆم بێت!. بیرم ئەکرد، چونکە؛ بە هەموو تەمەنی لێم دانەبڕا بوو. بڕواشم نەدەکرد بەو ماوە کەمە ئەوەندە بۆی پەرێشان بم. بەهەر حاڵ ژوورەکەی ڕەنجم بەجێ هێشت. ڕۆیشتم بەرەو حەمامەکە شاوەرێکم کرد. هەوڵمدا شتێك بخۆم. بەڵام هەرچەندم ئەکرد هیچم بۆ نەدەخورا، وازم لەوەش هێنا. لە کوتاییدا بڕیـــارم دا هەواڵێکی جوانەی هاوڕێم بپرسم. ماوەیەکی دورودرێژ بوو لەهەواڵی ئاگادار نەبووم.

# ٤٠

دەستم دایە تەلەفۆنەکەم رەقەمی جوانەم داواکرد، پاش چەند زەنگێك جوانە وەڵامی دایەوە. ئەویش کاتێك وەڵامی دایەوە، زۆر بێزار و توورە دیار بوو..

وتم:

ــ جوانە گیان داوای لێبوردن ئەکەم، ئەترسم کاتەکەم نەگونجاو بێت. ئەگەر پێت خۆشە کاتێکی کە، قسە ئەکەین؟ جوانە لەوەڵامدا

وتی:

ــ نەخیر وانییە. کاتەکەت زۆر گونجاوە، خۆم ئەمڕۆ بەتەما بووم پەیوەندیت پێوە بکەم.

وتم:

ــ ئەی بۆچی دەنگت تۆزێك نارەحەتی پێوە دیارە؟ هیچ شتێك بێزاری کردویت؟

جوانە وتی:

ــ بەڵێ.. زۆر شت بێزاریان کردووم.! پێشەکی زۆر لە ژیانی خۆم بێزارم!

وتم :

ــ هەر ئەوەنە؟ ئینجا ئەوە ژیانە، بێگومان باری رۆژانەی ژیانی زۆرمان هەر بەو شێوەیە بێزاریە. هەر بەو بێزاریەش دەیبەینە سەر.

جوانە وتی:

ــ رۆشناگیان نازانم تاکەی ژیانی منو تۆ ئاوا بێت؟ تاکەی دڵمان

خۆش نەبێت؟ بۆ هەروابین؟ چونکە ئێمە باشین؟ درۆزن نین؟ خراپەکار نین؟ وتم:

ــ جوانە گیان چیتە بۆ ئەوەنە بێ وورەی چی بووە؟ پێم بڵێ ئێمە هاوڕێو خوشکی یەکین. جوانە وتی:

ــ ڕاستە هاوڕێین. ڕاستە ئێمە لەخوشك زیاترین. بەڵام؛ بڕوا بکە ئەوەنە بێزارم نازانم چیت بۆ باس بکەم!. وتم:

ــ جوانە گیان وەکو وتم، ئەمە ژیانە ئیتر پڕە لە کێشە و لەکوتوپڕی سەیر. کێشەکانمان وەکو سیبەرەکەمانی لێهاتوە، هەموو کات یــان لە پێشمانەوەیە، یــان لە پشتمانەوەیە. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە گوێی نەدەینێ، وابزانین بوونی نییە. جوانە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا وتی:

ــ ئاخخخ. خۆزگە وائاسان بوایە، تۆ نازانیت من چەند لە ژیان بێزارم، لە خۆم، لە هەموو کەس.

وتم:

ــ جوانە گیان، توخوا تۆزێك بە هیواشی، پەلە مەکە. لەسەرخۆ قسەم بۆ بکە. یەکەم بۆچی لە خۆت بێزاریت؟ دووەم بۆچی لە ژیان بێزاریت؟ خۆ منداڵەکان باشن. هیچ کێشەیەکی بەوجۆرەیان نیە من بزانم لەقوتابخانەش سەرکەوتون. وانیە؟ پێم وت، ئەگەر حەز ئەکەیت قسە بکەین، بێگومان من ئامادەم تاکو بەیــانی گوێت لێبگرم. ئەم شەو هەر خۆمم بە تەنها. نازانم چی بکەم. حەزم بە ورتە ورت و قسە کردنە. منیش تا ڕادەیەك بێزارو دوودڵم، دوایی بۆت بــاس ئەکەم. بەڵام جارێ تۆ قسەم بۆ بکە، چیت پێویستە یــارمەتیت بدەم. پێش هەموو شتێك پێش ئەوەی هیچیشم بۆ باس بکەیت، هەرئێستا یەك

هەناسەی قوڵ هەڵکێشە بـا تۆزێك ئارام بیتەوە.

جوانە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. لەپڕێکا وتی:

ــ چیییی!؟ تۆ وتت ئەمشەو بەتەنهای. بۆ؟ ئەی رەنج لەکوێیە؟ چۆنە؟ چیەتی؟ وتم:

ــ دە تۆ جارێ باسی خۆتم بۆ بکە، ئەوسا ئەوەشت بۆ باس ئەکەم. جوانە وتی:

ــ نا... توخوا بەڕاست. رەنج چیەتی؟ لە کوێیە؟ وتم:

ــ جوانە گیان، رەنج لای باوکێتی. جوانە وەکو توشی شۆك بوبێت تۆزێك وەستا ئینجا بەدەم بزەیەکەوە وتی:

ــ چیی؟ ئەوە بەڕاستە رەنج لای رێبوارە؟! چۆن؟! بەخوا هەواڵێکی خۆشە. دە پێم بڵێ چۆن رویدا.؟ بەخوا زۆرم پێخۆشە. وتم:

ــ ئەزانم زۆرت پێخۆشە. بەڵام جارێ واز لەومەسەلەیە بهێنە. وەرەوە سەر باسەکەی خۆت.

جوانە وتی:

ــ باشە. بەڵام؛ دوایی ئەبێت هەمووشتێکم بۆ باس بکەیت. وتم:

ــ بێگومان، هەمووشتێکت بۆ باس ئەکەم. منیش روداوی تازەم زۆرە. حەز ئەکەم ئاگادار بیت. جوانە دیسان وتی:

ــ روداوی وەکو چی؟ دەتوخوا جارێ تۆ باسی شتەکانی خۆت بکە. ئیستا تۆ منت خستە غایلەوە. وتم:

ــ جوانە گیان غایلەو مایلەی ناوێت. بڕوا بکە یەك شتت بۆ باس ناکەم، هەتا پێمنەڵێی کێشەکانی تۆ چیە. بۆچی بەوجۆرە بێزاری.؟ دوایی من باسی روداوەکانی خۆمت بەدوورو درێژی بۆ ئەکەم.

ئەمجارە جوانە بەدەم ئاخێکەوە دیسان وتی:

ـ من نامەویت تۆش بە خەمی خۆمەوە بیزار بکەم، چونکە چاك ئەزانم تۆش هەر وەکو منیت.
وتم :
ـ جوانە گیــان، ڕاستە منیش خەمم زۆرە. هەمووکەسێك بەشی خۆی خەمی هەیە بەڵام، هەرکەس بەشێوەیەك بەرەوڕوی خەموو کێشەکانی ئەبیتەوە. من بەرەوڕوی زۆر لە کێشەکانم دەبمەوە، تا کو بتوانم چارەسەرێکیان بۆ بدۆزمەوە. ئەگەر توانیم چارەسەریــان بکەم، ئەوا بێگومان زۆر دڵخۆش دەبم. بەڵام ئەگەر نەم توانی، خۆم بێتا قەت ناکەم. هەرچەندە ئاسان نیە. بەڵام؛ تابتوانم هەوڵ ئەدەم لە بیریــانکەم. چونکە؛ ئەگەر تۆ هەموو ژیــانت تەرخان بکەیت بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانت، کاتێك بەخۆت ئەزانیت ژیــانت تەواو بووە . بەڵام کێشەت هەر ماوە. ئیمە ڕۆژانە کیشەی تازەمان بۆ دروست ئەبێت، چونکە لە ژیــانداین بەریەك دەکەوین. هەر خۆمان نین، کەواتە هەموو کات ئەبێت ئامادە بین بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشەی تازە. ئیستا پیم ئەڵییت چیی بێزاری کردویت؟
جوانە وتی:
ـ رۆشناگیــان، پێشەکی داوای لێبوردنت لێ ئەکەم کە بۆ یەکەمجارە ئەم باسەت لا ئاشکرا بکەم. لە راستیا ئەترسام بۆتی باس بکەم. چونکە ئەمزانی وەکو هەموو جارێك لێم تووڕە ئەبیت. بەڵام وائێستا هەموو شتێکت پێئەڵێم. منیش هەر گوێم لێگرتبوو. قسەکانم پێنەبڕی. جوانە وتی:
ـ نزیکەی ساڵێك ئەبێت، بەڕێکەوت کەسێکم ناسی، بەخێرایی بوین بە هاوڕێی یەکتر

وتم:

ــ ئێ زۆر بـاشه. ئەم کەسه کێیه، له کوێ ناسیت؟

وتی:

ــ یەعنی له کوێ؟ خۆ من به بۆنەی ئیشەوه ناچمه دەرەوه. کەسیش نابینم. له ماڵەوه بۆ ئیش، له ئیشەوه بۆ ماڵەوه. بێگومان لەسەر فەیس بووك! کابرایەکه هەتا بڵێیت کەسایەتیەکی بـاڵا دەست، خاوەنی پارە، قسەزان، زۆر زیرەك، لەگەڵ ئەوانەشدا شوخ، قۆز، به توانا، مەبەستم کابرایەکە، کە لە زۆر رووەوە تەواوە. کەموکوڕی زۆر کەمە. هەر وەکو ئەزانیت مێردەکەم رۆیشت، به جێی هێشتم. ئەوە زیاتر لە حەوت ساڵە تەنهام. دوای ئەوەی مناڵم هەموو گەورە کرد ئێستا ئەوان خەریکی ژیانی خۆیانن. منیش حەزم بە ژیـانی تەنهایی نییە.

وتم :

ــ ئێ.... وایه زۆر راسته، حەقی خۆته. بەڵام چۆنت ناسی؟ چۆن بڕوات پێکرد؟ خۆ فەیس بووك جۆرەها خەڵکی لێیه، زۆربەشیان ناناسین. من ئەزانم تۆش ئاسان نیت. به هەموو کەسێکش رازی نابیت.

جوانه بەدەنگێکی پڕ لە ئازار وتی:

ــ بەڵی ڕاسته. سەرەتا بۆ من زۆر قورس بوو کە، رازی بم بە کەسێك که لەوە پێش نەم ناسی بێت، بەڵام، ئیمەی ئافرەت چونکه دڵمان پاکه، خۆش بـاوەڕین.. لەپڕ کەسێك دیتە سەر ڕێگەمان بە ئاسانی ئەتوانێت هەڵمان خەڵەتێنێ‌و فریومان بدات.

وتم:

ــ بەداخەوه، زۆربەیـان وائەزانن هەموو ئەو کەسانەی کە دێنە سەر فەیس بووك وەك یەکن، یـان هەموویان یەك مەبەستیان هەیە.

ئەویش وەخت بردنە سەرە بە شێوەیەکی ناشرین ونادروست. کێشەکە لەوەدایە پیاوان بە یەك چاو سەیری هەمووان ئەکەن.  پاشان بە دەم پێکەنینەوە وتم:

ــ دەبــاشە، ئێستا چی بوە؟ ئەو کەسە چی لێبهات ون بوە؟ یــان دوای خۆشەویستیو پەیمان پیدان، پێی وتی ژنی هەیە؟

جوانەش پیکەنی. وتی:

ــ ڕۆشنا گیان بەخوا نە ئەمیان بوو، نە ئەویــان! دوای ساڵێك قسەکردن وبینین ئینجا هاتوچۆ. دوای ئەوەی کە، خۆی داوای لێکردم بە منداڵەکانمی بناسێنم. چونکە بڕیاری دابوو، کە بەزووترین کات هاوسەرگیری بکەین، منیش زۆر بە خۆشیەوە بە منداڵەکانم ناساند. ئەوانیش پێیان خۆش بوو. ئەوکاتە منداڵەکانم زانیــان کە منو ئەو خۆشەویستیمان لە نیواندا هەیە، منیش پاش ماوەیەکی کەم داوام لێکرد کە وەکو ویستی خۆی ئەم پەیوەندیە بکەینە پەیوەندیەکی توندو راستەقینە. ژیــانێکی هاوسەری بۆ خۆمان دروست بکەین. چونکە منو ئەو گەیشتینە ئەو پەری خۆشەویستی. هیچ نەبێت من بڕیارم وابوو، هەموو ژیــانم تا کۆتایی لەگەڵ ئەودا بەسەر بەرم.

وتم :

ــ ئەی ئیستا کیشەکە لە کویێ دایە؟ منداڵەکان رازی نین؟ جوانە پێکەنینێکی دروست کراوی کرد. وتی:

ــ منداڵی چی؟ ئیستا ئەو لە هەموو قسەکانی خۆی پەشیمان بۆتەوە. جارێك ئەڵێت ئێمە تەنها هاوڕێین، نامەوێت هاوسەرگیری بکەم، جارێکیش ئەڵێت ئەمەوێت هاوسەرگیری بکەم. بەڵام بەو مەرجانەی کە خۆم ئەمەوێت!.

وتم :

ــ مەرجی چی؟ چۆن وا ئەڵێیت؟ باشە ئەو هیچ پەیمانێکی بە تۆ دابو؟

ــ جوانە وتی:

ــ بەڵێ نەك جارێك، بەڵکو زۆرجار بــاسمان کردبوو، زۆر ئاواتە خوازبوو. زۆر جار ئەو خۆی پلان و رێگای تازەی دائەنا بۆ نیشانە کردن. تەنانەت کاتی گواستنەوەو زۆر شتیتر. منیش زۆرم پێخۆش بوو. بەڵام پێش دوومانگ سەردانی کردم. ئەوکاتە داوام لێ کرد، کە بەڕاستی بڕیــارەکەی جێبەجێ بکات. هەتاکوو لای کەسوکارم بــاسی بکەم. بەڵام، ئەو وتی، جارێ زووە هێشتا کاتی نییە، جارێکیتریش هەر، هەمان شتی وتەوە.. هەفتەیەك دوای ئەوە پێی وتم، بەمەرجێك هاوسەرگیری ئەکەم، ئەبێت بچینە لای مەلا! لەوێ مارەم بکات!. هیچ کەسێکیش ئاگادار نەبێت. تەنانەت منالەکانیشم نەیزانن.

وتم:

ــ ئەوە مەرجەکەیەتی؟ بچنە لای مەلا!؟ مەبەستی چیە؟ هیچ پرسیــارێکت لێ نەکرد؟ ئەی بۆ کەس نەزانێت؟ خۆ ئێوە دزی ناکەن!

جوانە وتی:

ــ نازانم بۆ مەلا؟ ئاخر منیش بۆیە دوودڵم. کەوتومەتە شکەوە. چەند ڕۆژێکیشە دەنگی نییە، لەوە ئەچێت بیەوێت خۆی ون کات. ئینجا بۆ کەس نەزانێت؟ منیش لەوە تێناگەم! تۆزێك وەستام بیرم کردەوە. وتم:

ــ ئەی باشە تۆ لێت نەپرسی بۆ بچین بۆ لای مەلا؟ یان بۆ بەدزیەوە بێت؟ جوانە وتی:

ـ بەڵێ لێم پرسی. کەچی وتی، جارێ ناتوانم پێت بڵێم، دوایی باسی ئەکەین. ئیتر لەورۆژەوە هیچ دەنگی نیە. ئەوە چەند رۆژە چاوەڕێم پەیوەندیەکم پێوە بکات کەچی وەڵامی نامەکانیشم ناداتەوە. وەختە دڵم ئەتەقێ وتم:

ـ باشە ئێستا توخوا تۆ بۆ ئەوە بێتاقەتیت، بۆ ئەو کەسە خەفەت ئەخۆیت؟ جوانە بە قوڕگێکی پڕ ئەندێشەو گریانەوە وتی:

ـ رۆشنا گیان بڕوا بکە... خەفەت بۆ خۆم ئەخۆم. چۆن من ئەوەنە بێئەقڵ بووم بڕوام پێکرد. وتم :

ـ جوانە گیـــان تۆ بێ ئەقڵ نیت. لەوانەیە ئەو کەسە خۆی کەسێکی ڕاڕاو بێ پەیمان بێت. دوای ئەوە، خۆتۆهێشتا قسەت لەگەڵ نەکردوە تا بزانیت کێشەی چیە. لەوانەشە هۆیەکی گەورەی هەبێت! جارێ با حوکمی نەدەین. بـــا ئێمەش تفەنگ بە تاریکیەوە نەنێین. خۆ ئەگەر واش بێت، ئەوە مانای کۆتایی بونی دنیـــا نییە.

جوان وتی:

ـ رۆشنا گیـــان، نازانم بۆ دڵم هیچ ئیسراحەت نییە. هەست ئەکەم درۆم لەگەڵ ئەکات. هەست ئەکەم لەسەرەتاوە درۆی لەگەڵ کردووم، هەندێك جار بیر ئەکەمەوە خۆم بە خۆم ئەڵێم چۆن ئەو کەسە منی هەڵخەڵەتاندوە تۆ ئەزانیت من چەند گیرم؟ تۆ بیرتە چەند کەس داوای کردم بۆ شووکردن من هەموویم رەفز کردن؟ بەڵام نازانم چۆن ئەمە لە خشتەی بردم؟ من تەنها خەفەت بۆ خۆم ئەخۆم. وتم:

ـ جوانە، ئەم کابرایە ناوی چی بوو؟ من نایناسم؟ جوانە هەروەکو بەراستی سەری لێشێواو دڵ پڕ لە خەفەت بوو وتی:

ـ جا توخوا تازە ناوی ئەو زاتە بۆ بزانیت؟ وتم:

ـ وەڵا ئەڵێم هەر با بزانم باشترە بەڵکو بیناسم!. جوان پێکەنی بە تەوسێکەوە وتی:

ـ بارام. بارام بە...گ

لە قسەکانی جوانە وە بۆم دەرکەوت کە بـــارام کابرایەکی دەست بڕە، تەنها ویستویەتی کاتێکی خۆش لەگەڵ جوانەدا بەسەر بەرێت، چونکە زۆر شتی بۆ بـــاس کردم کە تەنها هێمای ناپاکیـــان دەرئەبڕی. بۆیە ئەمویست پێی بڵێم، جوانە گیـــان تۆ بۆخەفەت ئەخۆیت؟ تۆ ئەبوایە ئێستا ئاهەنگت بگێڕایە، چونکە؛ ڕزگارت بووە لە کەسێك وەکو ئەو دەعبـــایە، ئە جۆرە پیـــاوانە پیـــان دەوتریت ژەهر. ئەزانی بۆ؟ چونکە ژیـــانت پڕ لە تاڵی دەکات، خۆشی و شیرینی تیـــادا ناهێیڵێت. ڕۆژی ڕوناکت لێ ئەکات بە شەوە زەنگ. ئەو جۆرە پیـــاوانە خۆ پەرستن، تەنها بیر لە سودی تایبەتی و کەسێتی خۆی دەکاتەوە. بەڵام لەو کاتەدا تەنها هەوڵم ئەدا جوانە ئارام بکەمەوە خەمەکانی قوڵتر نەکەم. وتم:

ـ گیـــانەکەم چاکتر وایە خۆتی لی دوور بخەیتەوە. تۆ ڕزگارت بوە. بەڕای من، تۆ کەسێکی بەختەوەری، ئەگەر تەنها ڕابواردن و کات بەسەربردن مەبەستی ئەو بوبیت، بێگومان لەژیانی ئەودا تۆ تەنها کەسێك نیت، بڕوا بکە کەسانی تریش لە ژیـــانیدا هەن. لەوانەیە جارێ لای تۆ هەندێك شت رون وئاشکرا نەبێت. بەڵام دڵنیـــابە دوایی هەموو شتێکت بۆ دەرئەکەوێ.

جوانە لەگەڵ ئەو هەموو ئەندێشەیەدا کە لە دڵیا بوو، هەستم ئەکرد کە خۆشەویستیەکی زۆری بۆ بارام لە دڵیدایە. چونکە؛ کاتێك سەرزەنشتی بارامم ئەکرد. جوانە هێشتا ئەیوت:

ـ نەء وانییە، من ئەزانم کەسی ترلە ژیانی بارامدا نییە. چونکە زۆر جار تاقیم کردۆتەوە. بارام هەر منی خۆشدەوێت. لەوانەیە گرفتێکی زۆری هەبێت نەتوانێت بەئاشکرا هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات. تۆزێك وەستاو ئینجا دووبارە وتی:

ـ لەوانەشە کەسێکی تری هەبێت!.... بەڵام؛ ئەی چۆن بە من ئەڵێت خۆشم ئەوێیت؟ خۆ ئێمە هەرزەکار نین. هەردووکمان تەمەنمان هەیە. ئێمە مناڵ نین تا گاڵتە بەیەك بکەین. هەردووکمان زۆرجار باسی ئەم شتانەشمان کردوە. بەڵام سەیر لەوەدایە هیچ دەنگی نییە.

لە کۆتایی قسەکانماندا پێم وت:

ـ جوانە گیـــان، ئەمە ژیـــانی خۆتە. بەڵام، من هیچ حەقێك نادەم بەدەست بـــارام. تۆ هەرچی ئەڵێیت بیڵێ. تۆ هاوڕێمیت، منیش چاك تۆ ئەناسم بۆیە ئەزانم تۆ چەند دڵ پاکیت. کەواتە دڵنیـــام تۆ هەڵخەڵەتیندراوی. گومانم نییە کە تۆ ئەوت زۆر خۆشویستوە. بەڵام، لە هەمان کاتدا گومان لە وەدا نییە، کە، ئەو کابرایە درۆی لەگەڵ تۆدا کردوە .

جوانە تۆزێك دڵی پڕ بوو لە گریان وتی :

ـ بەخوا بـــارام منی زۆر خۆش ئەویست!. ئەترسم بێئاگای خۆم، یان بێ مەبەست شتیکی غەڵەتم کردبێت! یـــان شتێیکم وتبێت. چوزانم! لەوانەیە هەستیم بریندار کردبێت! جوانە هەر لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکرد، وەکو وڕێنەبکات ئەیوت،...بۆ نا؟ لەوانەیە وابووبێت! هەندێك جار من زۆر هەڵەشەم، زوو تووڕە ئەبم.

ئەوئافرەتە ناسکە خاوەن هەست و سۆزە، بەجۆریك بڕوای بەخۆی نەمابوو. کە هێشتا خۆی بە خاوەن گوناح وهەڵە ئەزانی.

نەوەك ئەوكابرایەی کە زۆر بە ئاشکرا یــاری بە هەستو خۆشەویستی جوانە کردبوو تاوانبــار بێت!. هیشتا وای ئەزانی خەتای خۆیەتی نەك بــارام!؟

ئەو شەوە جوانە زۆر بێ ورە بوو، لەوەی کە جارێکیتر بتوانێ خۆی بگرێتەوە، ژیــانی سەرلە نوێ بەجۆرێکی راست ودروست، دەست پێ بکاتەوە. ئەو شەوە هەوڵی زۆرم لەگەڵدا کە جوانە ڕازی بکەم، هەر هیچ نەبێت، بۆ ماوەیەکی دیاری کراویش بێت پەیوەندی بە بــارامەوە نەکات. تاکو هەموو ڕاستیەکانی بە تەواوی بۆ دەر ئەکەوێت.

## ٤١

کات گەیشتبوە دەوروبەری هەشتی شەو زۆر بیری ڕەنجم ئەکرد وام ئەزانی چەند ڕۆژێکە لێم دوورە، کەچی هەمووشی چەند سەعاتیك بوو. حەزمئەکرد پەیوەندی پیوە بکەم، بۆ ئەوەی گوێم لە دەنگی بێت. بە بیــانوی ئەوەی کە پێیَ بڵێم شەو بــاش، کەچی لەهەمان کاتدا خۆی پەیوەندی کرد.

وتی :

ــ دایکە گیــان زۆرت بیر ئەکەم. ئەگەر ئەترسیت ئەمشەو بەتەنها بیت، ئەوە من بە باوکم ئەڵێم بمگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە. منیش پێیکەنیم.

وتم:

ــ قوربــانی دڵت بم، من ناترسم. هەموو دەرگاکانم داخستوە. مەترسە... کوڕی من، دایکت ئازایە... هەردووکمان پێیکەنین وتم :

ــ خەمی منت نەبێت. بەڵام بەیــانی زوو لەماڵەوە بیت بۆ ئەوەی لە پاسەکەت دوا نەکەویت. بەدڵێکی زۆر خۆشەوە وەك ئەوەی خاوەنی هەموو خۆشی جیهان بێت.

وتی:

ــ نا... دایکە، خەمت نەبێت. دواناکەوم. شەوبــاشمان لەیەك کرد.

ئەو شەوە چەند جارێك بیرم لە قسەکانی جوانە ئەکردەوە. تۆ بڵێیت خەڵکی ئەوەندە بێغیرەت هەبێت؟ تەنانەت لە تەمەنێکی کامڵیدا؟ بتوانێت ئازاری ژنێك بدات لەتەمەنێك کە، مرۆڤ هەموو چاکەو خراپەی خۆی ئەزانێت؟! دەبــاشە بۆ دەبێت کەسێکی وەکو بــارام لەبەرهەست و غەریزەی خۆی ئــازاری کەسێکی خاوەن

هەست ودڵشکاوی وەکو جوانەی هاوڕییێم بدات؟ جوانە لەقسەکانیا وادەرئەکەوت پڕبەدڵ بـارامی خۆش ئەویست. بەهەموو دڵێکیەوە حەزی ئەکرد شوی پێ بکات. زۆر بڕوای بە پەیوەندیەکەیـان هەبوو. بەجۆرێك کە هەموو نهینییەکانی ژیـانی خۆی لای بـارام بـاس کردبوو. دوای ئەو هەموو درۆیـانەی کە بـارام کردبوی لەگەڵ جوانە، جوانە هێشتا لەسەری ئەکردەوە وپاساوی نا بەجێی بۆ دەهێنایەوە، کاتێك من قسەم بە بـارام ئەوت، هەستم ئەکرد جوانە لە دڵەوە پێی ناخۆش بوو. هەرچەند ڕاسیەکانیشی دەبینی. بەڵام خۆشەویستیەکەی بۆ بـارام خەریك بوو چەواشەی دەکرد، کەواتە راستە خۆشەویستی هەندێك جار کوێرت ئەکات، بەجۆرێك ناهێڵێت هەڵەکان ببینیت. بێگومان ئەوەش کۆتایی خۆ ون کردنە.

# ٤٢

چەند ساڵێك بوو من لەگەڵ ڕێبوار جیــاببومەوە. بەڵام؛ هیچ کات بیرم لەوە نەکردبووەوە جاریکی‌تر، کەسێی‌تر بهێنمە ژیانمەوە! چونکە؛ لەدوای ناپاکی ڕێبوار متمانەو بڕوام بە کەس نەمابوو. بەڵام زۆر جاریش خۆم بە خۆم ئەووت، هەموو کەس وەکو یەك نین. هەروەك پەنجەکانی دەست وەك یەك نین. هەروەها خەڵکیش جیــاوازن، پیــاوی بــاش هەیە، وەکو ژنی خراپیش هەیە. بەڵام دۆزینەوەی ئەو پیاوە باشە ئاسان نییە! ئەبێت بەچەند تاقیکردنەوەیەکدا بڕۆم ئەمەشیان هەر ئاسان نییە. من لەهەموو ژیانمدا تەنها ڕێبوارم ناسی، تەنها ئەویشم خۆشویست. کاتێك بیرم لەپیاوێکی‌تر ئەکردەوە هەستم بە نارەحەتیەکی زۆر ئەکرد، خێرا سەرم رائەوەشاند، ئەموت نا..نا.. هەرگیز کەسم ناوێت.. نابێت... شتی وانابێت. هەموو جار جوانە ئەیوت منیش وابووم، دوای مێردەکەم حەزم بە هیچ پیاوکی‌تر نەبوو. بەڵام دوایی بیرم کردەوە، بەخۆم ئەوت، ئەو بۆ ئەتوانێت لەگەڵ ژنێکی‌تر بژی؟ ئەی من بۆ نەتوانم لەگەڵ پیاوێکی کە ژیانی تازە دەست پێبکەمەوە؟. بەڵام؛ من هێشتا بڕوام بەوە نەبوو کە دوای مێردەکەم پیاوێکی کە بێنمە ژیانمەوە.

جوانە چەند جارێك بەچەند پەیوەندیەکدا ڕۆیشتبوو، بەڵام هەموو جارێك ئەیوت، ئەو پیــاوە سەرەتا زۆر دڵسۆزو بــاش بوو، هیچ کەمو کوڕی نەبوو. کەچی لەپڕێکا گۆڕا. نازانم بۆ؟. زۆر سەیرە! ئەمە چەند جارێك دووبارە ئەبووەوە. هەرچەندە جوانە زۆر وریا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا توشی ئازارو دڵشکاندن ئەبوو.

ئەی لەو کارەساتەی کاتێك بە هەموو پاکی و بڕوایەکەوە دڵی خۆت دەخەیتە ناو دەستی مرۆڤێکی وەکو بـارام! ئەویش یـاری پێ دەکات! ئەی دەبێت ئیتر بڕوا لە کوێوە بهێنێت؟ هیوا بەکێ هەبێت؟ ئەمانە زیـاتر پاڵیـان بە منەوە دەنا کە، هەتابتوانم زیـاترخۆم لە پیـاو بە دوور بگرم. تاکو توشی ئازار نەبم. هەرچەند بوونی پیـاو لەژیـانمدا گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو. راستە زۆر هەستم بە تەنهایی ئەکرد. بەڵام تەنهاییەکەم زۆر لابـاشتربوو وەك لەوەی خۆخستنە بـارودۆخێکی وەکو ئەو بـارەی کە، جوانەی تیدا دەژیـا. منو جوانە، هەردووکمان جۆرو بـاری ژیـانمان لە زۆر لایەنەوە لە یەك دەچوو، هەرچەندە لە تەمەنا جوانە چەند ساڵێك لە من گەورە تر بوو. بەڵام پلەی خوێندنمان وەکو یەك بوو. ئەو دوو منالّی هەبوو، کچێك کە تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، کوڕەکەشی شانزە ساڵ بوو، بەڵام هەردووکیان لە خوێندندا زۆر زیرەك و سەرکەوتوبوون. جوانە زۆر خەمی منداڵەکانی بوو، هەوڵی زۆری لەگەڵیان ئەدا تاکوو بیان گەیەنێت بە دوارۆژێکی باش. جوان و مێردەکەی هەر لە سەرەتای هاوسەرگیریان رێك نەدەکەوتن. وەکو بۆی باس کردم کاتی خۆی کێشەیان زۆر هەبوو. باوکی بەزۆر بە شووی دابوو، خۆی دڵی بەکەسێکی ترەوە بوو، بەڵام خێزانەکەی بەدڵیان نەبوو. جوانە زۆر جار باسی مێردەکەی بۆ ئەکردم. شتی سەیری بۆ ئەگێرامەوە. بڕوام نەدەکرد ژنێك هەبێت بەوجۆرە وەکو جوان خۆڕاگر بتوانێت ئەو هەموو نارێکیە قبووڵ بکات. بەڵام وادەرئەکەوت ئەم تەنها لەبەر قسەی خەڵك وپشتگیری نەکردنی ماڵە باوانی، دانی بەخۆیدا گرتبوو. دواییش لەبەر خاتری منالّەکانی. دوای چەند ساڵێك لە

هاتنیان بۆ هاندەران لێرە جیابونەوە. مێردەکەی هەر زۆر زوو بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتەوە بۆ کوردوستان خێرا ژنی هێنایەوە. خێزانی تازەی دروست کردەوە، ئەو ژنە تازەیەش تەنها پێنج مانگ توانی لەگەڵیا بژی!.

هەرچەند لەگەڵ جوانە باسی دەستپێکردنەوەم بەژیانێکی تازە ئەکرد، هەموو جار ئەو ئەیوت، من ئیتر بیر لە پیاو ناکەمەوە. پاش جیابوونەوەم لەمێردەکەم دوای ئەوەی کە هەستم بەتەنهایی زۆرکرد، چەند کەسێکم ناسی بەڵام؛ ئەوانەی من ناسیمن هەمووی وەکویەك بوون، یەك جۆر بیرکردنەوەیان هەبوو. سەرەتا زۆر بەگەرموو گوڕی ئەهاتنە پێشەوە، ڕێزی زۆرو خۆشەویستی زۆرتریان دەرئەبڕی، ئەوکاتانە دڵم خۆش ئەبوو بڕوام پێئەکردن. بەڵام هەرزۆر زوو هەڵسوکەوتیان ئاشکرا ئەبوو. چەند سەیرە! ئەوان ژنیان بۆیەك مەبەست ئەویست. خۆشەویستی لای ئەوان بوونی نەبوو.

هەموو وەکو یەکن دڵپیسن، دوودڵن، حەزیــان بە خیــانەتە، ڕاست و پاك نین ئەوان شتێکیان ئەویست، منیش شتێکی کە. کەسیان نایانەوێت ژیانی هاوسەرگیری بۆجارێکی کە، دەستپێبکەنەوە. دوای ئەوەی گوێم لەقسەکانی جوانە ئەگرت. پێم دەگووت:

ــ جوانە گیان، ئەوکەسەی حەز بەنزیکیت بکات، یان ئارەزوی لە پەیوەندیەکی تایبەت هەبیت، ئەوکاتە باشتر وایە لەنزیکەوە هاوڕێیەتی بکەیت، هەتاکو باشتر بیناسیت، ئەو ناسینەش ئەبێت بە ڕاستگۆیی دەستپێبکات. ئنجا ڕێزگرتن کە یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی نێوان دوو هاوڕێ. بڕوا بوون بەیەکتری زۆر گرنگە. هەروەها بڕوا بەوە هەبێت

کە ڕابردوت تەنها وانەیەك بوە بۆ ئێستات. بێگومان ئەبێت دوور لە خۆپەرستی وخۆ بەزل گرتن بن. بنەماکان دەبێت توندو پتەو بن. تەنها ویستنێك نەبێت. وەکو لەبەر جوانی یان ناو ودەوڵەت. یـــان زۆر شتی تر کە زوو کۆتاییان دێت. بیرو بۆچونی من و جوانە جیـــاوازی زۆر هەبوو. هەر یەکەمان بەجۆریك کەسایەتی خۆمان هەبوو. بەڵام لە کۆتاییدا هەردووکمان دوو ئافرتی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی بووین، بۆ خیزانمان، بۆ هاوڕێ ودەورو بەرمان، بە کورتی دوو مرۆڤی راستەقینە بووین.

# ٤٣

ئەو شەوە دووری ڕەنج، هەروەها کێشەکەی جوانە، زۆر بێتاقەتیان کردم. مێشکم زۆر ئاڵۆزاو تیکەڵ بوو. ماسنجەرەکەم کردەوە سەیرم کرد، لەلایەن بێباك یەك دنیــا نامەم بۆ هاتبوو. لە ڕاستیدا نەمدەویست وەڵامی بدەمەوە. بەڵام هەرخیرا منی بینیی یەك بەدوای یەکدا نامەی بۆ ئەناردم. نوسیبوی تکایە زۆر پیویستیم بەیارمەتی تۆهەیە. منیش دوای چیرۆکەکەی جوانەی هاوڕێم بڕیارم دابوو کە ئیتر پەیوەندی بە بێباکەوە نەکەم. زیاتر نەچمە قوڵاییی، دەرگای دوودڵی وخەفەت لەخۆم نەکەمەوە. بەڵام ئەو بەردەوام نامەی ئەنارد وزەنگی تلفۆنەکەم ڕانەدەوەستا. ناچار دەستم دایە تەلەفۆنەکەم زۆر بە خێراییی وتم:

ــ بێباك، تکایە واز بهێنە من کاتی ئەم شتانەم نییە. زۆر بە پەلە وەڵامی دامەوە وتی:

ــ ڕۆشنا خان، ئەوە تۆ لە کوێیت؟ تکایە کەمێك لەکاتی خۆتم بدەرێ. من زۆرحەز ئەکەم قسەت بۆ بکەم. زۆرت بیر ئەکەم، هەر تۆ فریــای من ئەکەویت. من زۆر بێکەسم، تەنها گوێ گرتن لە دەنگت ئارامیم ئەداتێ.

تۆزێك وەستام. لەدڵی خۆمدا وتم، وا دیــارە ئەم کابرایە تێناگات. بــا ئەمجارەش گوێی لێ بگرم بزانم چی پێیە.

وتم:

ــ فەرمو ئەتەوێت بــاسی چی بکەیت؟ شتی تازە ڕووی داوە؟! زۆر بەدەنگێکی پڕ خەفەت و پڕ ناسۆرەوە

وتی :
ــ بەڵێ...بەڵێ...ڕۆشناخان، ئەزانی ئەمڕۆ هاوڕێیەکی نزیکم چیی پێ وتم؟ بڕوابکە لەو دەقەیەوە، خەریکە لە کراسەکەی خۆم ئەچمە دەرەوە.... خەریکە شێ....ت ئەبم، خەریکە مێ...شکم ئەتەقێت، تۆ... نازانی من ئەمڕۆ توشی چی بووم! هەر خەریك بوو لەداخانا خۆم بکوژم! ئاخ....نازانم ئەم ژیانە بۆ ئەوەنە بۆ من قورسە؟ ئاخ... خوایە ئێستا من چیبکەم باشە؟ ها...؟ دە پێم بڵێ چیبکەم خۆم بکوژم یان ئەوان؟! نازانم چیبکەم! لەوکاتەدا بێباك دەنگی بەرزکردبووەوە هاواری ئەکرد، منیش زۆر سەرسام ببوم ئەبێت ئەو کارەساتە چەند کارتێکەر بێت؟! بەجۆرێك وای لەم پیاوە لەسەر خۆو هێمنە کردوە بەو شێوەیە تووڕەو خەمبارو پەرێشان بێت!؟ لەو کاتەدا من هیچ شتێك بە مێشکمدا نەدەهات هەر ئەوەندە وتم:
ــ تکایە تۆزێك ئارام بەرەوە، من هیچ لە تۆ تێناگەم، نازانم چی بوە؟ ئەبێت ئەوشتە چی بێت، ئەوەندە گرنگ بێت تۆ خۆتی بۆ بکوژیت! چی هەیە بەوجۆرە کاربکاتە سەر مرۆڤێك کە خۆی بۆ لەناو بەرێت ئایا ئەو کێشەیە بە نەمانی تۆ تەواو ئەبێت؟! بێباك لەوکاتەدا بێدەنگ بوو. منیش چاوەڕوانی وەڵامی ئەوم ئەکرد، دەنگی نەبووکەمێك چاوەڕێم کرد، ئینجا وتم:
ــ ئەگەر ئێستا ناتەوێت، ئەو شتەم بۆ باس بکەیت زۆر ئاساییە. هەرکاتێك توانای باسکردنت هەبوو ئەوکاتە پەیوەندیم پێوەبکە. ئەگەر نا منیش ئەمڕۆ زۆر ماندووم. هەر، کە گوێی لەو قسەیە بوو زۆر بە پەلە وەڵامی دایەوە وتی:

ــ بڕوا ناکەیت ئەمڕۆ چیان پێوتم. پێیان وتم، کە خیزانەکەم شوی کردۆتەوە! گوێت لێیە شویکردۆتەوە! ئیتر من چۆن شێت نابم؟ ناهەقمە؟ ئەمە کەمە؟ رۆشنا خان ئەزانیت ئەمە چەند بێزاری کردووم؟ خەریکە لە داخانا خۆم ئەکوژم. نازانم چی بکەم؟ منداڵەکانیشم. بەناخێریان وتویــانە ئەو کابرایە ئێمەی زۆر خۆشئەوێت. هەروەها دایکیشمانی زۆر خۆش ئەویت. ئەمەش بەجارێك شێتی کردووم. بێباك لەقسەکانی بووەوە. منیش بەدەم پێکەنینێکەوە وتم:

ــ بەڕاست هەر ئەوەنە؟ لەبەر ئەوە خەریکیت خۆت ئەکوژیت؟ جا بۆ خۆت دەکوژیت؟ بۆ شێت ئەبیت؟ خۆ ئەو ژنە تەواو پەیوەندی بە تۆوە نەماوە. وایە؟ ئیوە جیــا نەبونەتەوە؟

وتی :

ــ بەڵی شەش مانگە جیــا بوینەتەوە.

وتم :

ــ کەواتە تۆ هیچ حەقێك‌و هیچ پەیوەندیەکت بە وەوە نەماوە. ژیــانی خۆیەتی، شوو ئەکات، شوو ناکات، ئیتر ئەوە ژیــانی خۆیەتی. تۆ ناتوانیت پێی بڵێیت شوو مەکەرەوە، وادیارە تۆهێشتا خۆشت ئەوێت؟ بێباك خێرا قسەکەی پێبڕیم وتی:

ــ چیی...؟ ها...ها...ها...خۆشەویستی چی؟ من لە ژیانما کەسم خۆش نەویستوە! بەتایبەتی ئەو!. منیش خێرا قسەکەم بەوبڕی وتم:

ــ چیی؟ تۆ لەژیانتا کەست خۆش نەویستوە؟ بەتایبەتی ئەویش!؟ ئەی تۆ خۆت بۆت باسکردم کە ژنەکەت خۆشەویستی خۆت بوە! چەند ساڵ دڵخوازی یەکتر بوون! ئێستا بۆ وا ئەڵێیت؟ من لە تۆ

تێناگەم! وادیارە تۆ راستیت بە من نەوتوە! ئەم قسانە زۆر تازەن، ئەمە یەکەم جارە لێت بیبیستم. ئاخۆ قسەکانی تریشت هەروابن؟! بێباك هەر بێدەنگ بوو. منیش بەردەوام بووم لەسەر قسەکانم وتم:

ــ كاك بێباك، دوای ئەوە ئەو ژنە دایکی منداڵەکانتە ئەی چۆن ئەو هەموو ساڵە پێکەوە ژیاون؟ ئەگەر قەت خۆشت نەویستبێت؟ بێباك هیچی بۆ نەدەوترا منیش ئیتر زانیم زۆر قسە، كە بۆی كردبووم راستی نەبوو. بەهەرحاڵ هەر ئەوکاتە لە راستی هەموو باسەکانی، لێی کەوتمە گومانەوە. بەڵام ئەو لەوکاتەدا چاوەڕوانی منی ئەکرد کە ئامۆژگاریەکی بکەم، تاکو لەو بارو دۆخە ناخۆشەدا بچێتە دەرەوە. ئیتر بێئەوەی گوێ بدەم بەوەی کە درۆی لەگەڵ كردووم لەبارەی پەیوەندی خۆی وژنەکەیەوە، چومەوە ناو ئەو کیشەیەی کە هاوارای بۆ هێنام کە فریای بکەوم وتم:

ــ كاك بێباك بۆچی خۆت ئەکوژیت بۆ یەکێك کە هەرگیز لە ژیانتا خۆشت نەویستبێت؟ جاریٔ واز لەوەش بێنە، ئەوژنە بەقسەی خۆت هێشتا زۆر گەنجە، ئێستا بێت یــان چەند ساڵێکیتر هەر شوو ئەکاتەوە، کاتێك منداڵەکانتان گەورە ئەبن ئەویش تەنها ئەبێت هەروەکو هەموو کەسێکیتر. لەهەمان کاتدا تۆش ئەتوانیت ژن بهێنیت، کەس ناتوانێت ڕێگرتبێت. وانییە؟ هەر کە وام پێ وت بێباك قسەکەی گۆڕی ئینجا وتی:

ــ نا... رۆشنا خان تۆ لەمن تێنەگەیشتیت، من گوێ نادەم بەو. ئەو لە دڵی مندا نییە، بەڵام منداڵەکانم لەدەست دەچێت. ئێستا ئەوانیش لای دایکیــان دەمێننەوە، لە بــاوەشی کابرایەکی بێگانەدا گەورە دەبن!

وتم:

ـ منالّەکانت هێشتا منالّن. ئەگەر خۆت حەز ئەکەیت بەخێویـان بکەیت، دەتوانیت لە دادگا داوای بکەیت، یان خۆتان رێك بکەون لەسەر ئەوەی کە تۆش شوێن ومالّی پێویستیان بۆ ئامادە بکەیت، ئەوسا تۆش حەقی ئەوەت دەبێت کە وەکو ئەو بەخێویـان بکەیت. هەرهیچ نەبێت زوو زوو بیان بینیت، خۆت ئەتوانیت فێری ئەوشتانەیان بکەیت کە بەڕاستی ئەزانیت، پەیوەندیت توندو بەهێز بکەیت لەگەڵیاندا، ئەوکاتە ئەوانیش خۆشەویستی تۆیان لا گەورەدەبێت، بەچاوی باوکێکی میهرەبان ئەڕواننە تۆ. بێباك تۆزێك وەستا، لەپڕێکا وتی:

ـ من چۆن ئەتوانم منالّ بەخیو بکەم بەتەنها؟ ئەو منالّانە شتیـان زۆر دەوێت. من ناتوانم بۆیـان بکەم، بەتایبەت کچەکەم خەریکە گەورە دەبێت. زیـاتر دایکی دەوێت.

وتم:

ـ کەواتە تۆ خۆت وەلّامی خۆت دایەوە! تۆ وازت لە ژنت هێناوە. ئەویش گەنجەو حەز ئەکات شوو بکاتەوە. یـان بـاشترە هەروا بمینیتەوە؟ مندالّەکانیشت، وەك خۆت دەزانیت بـاشترە لای دایکیـان بن. چونکە تۆ کاتت بۆ ئەوان نییە، ناتوانیت بەخێویـان بکەیت.! کەواتە ئتیر بۆ شێت دەبیت؟ بۆ خۆت دەکوژیت؟

تۆزیك وەستاو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

ـ رۆشنا خان، ئاخر تۆ نازانیت ئەم شتە بۆ پیاو چەند سەختە! هەرچەندە من وازم لێهیناوە، راستە خۆشم ناوێت، هیچ شتێك لە نیوانماندا نەماوە. بەلّام؛ کاتێك پیاو ئەزانێت ژنەکەی بە پیاوێکی کە شووئەکاتەوە. ئەم هەستە زۆر ناخۆشە، زۆر قورسە. من لەو

دەقەیەوە ئەو هەواڵەم بیستوە بڕوابکە بەسەردنیاوە نیم. ئیمەی پیاو ئەو شتانەمان لا قورسە. نازانم چۆنت تێبگەیەنم. منیش کە گوێم لەو قسانەی بێباك بوو، توشی سەرسوڕمانێکی زۆر سەیر هاتم. هەروەك زۆرینەی پیاوەکانیتر، وادیار بوو تەنها بیری لە خۆی ئەکردەوە، تەنها خۆی خاوەن هەستە!. دوای جیابونەوە، خۆی ئەتوانێت چی بیەوێت بیکات ئاساییە، بەڵام رێگەنادات بەو ژنەی کە هەرچەندە ژنیشی نییە بەڕێگەیەکی شەرعی شووبکاتەوەو ژیانی تازە دروست بکات. لەو کاتەدا بەجارێك لە قسەکانی بێباك تووڕەبووم. زۆر بە رەقی وەڵامم دایەوە

وتم:

ـ بێباك؟ گویێ بگرە. ئەوەی تۆ باسی ئەکەیت، من زۆر چاك لێی تێئەگەم، منیش لەگەڵتام، ئەگەر رۆژێك لە ژیانتا بەراستی هاوسەرەکەتت خۆشویستبێت، کە ئەبیستیت بۆ جارێکیتر لەگەڵ کەسێکی کە، هاوسەرگیری ئەکات. بێگومان تابڵێی هەستێکی قورس و ناخۆشە. بەڵام ئەم هەستە تەنها بە پیاو تایبەت نییە بەڵکو بۆ ئافرەتیش هەمان هەستە، بگرە ناخۆشتریشە. کاتێك مێردەکەم دڵداری ئەکرد، من هێشتا خیزانی بووم. هەندێك جار باسی دڵسۆزی خۆی بۆ ئەکردم، لە کاتێکدا لەسەر یەك جێگا ئەنوستین. بەڵام لەهەمان کاتدا بەهەمان شێوە، هەمان شتی لەگەڵ ئافرەتیکی تردا ئەکرد!. ئینجا کاتێك بە خۆم زانی، ئەو دەمێك بوو لە دڵسۆزی بۆ من دوور کەوتبووەوە. کە ئەوەش ئەو پەڕی بێ متمانەیی وبێ رێزیە لە بەرامبەر ژندا. کاتیك کە پێم زانی بێشەرمانە، بێ دوودڵی وتی:

ـ بەڵی پەیوەندیم هەیە لەگەڵ ژنێکی زۆر جوانا، خۆشم ئەوێت. ئەو کاتە مێردەکەم هیچ گوێیەکی بە هەستو نەستی من نەدا، زۆر بە ئاسانی پشتی تێکردم. کەوتە دوای ئافرەتێکی کە. کە نەبەڕواڵەت لە من جوانتر بوو، نە بە ناوەرۆکیش لە من بـاشتر و بەتواناتر بوو. من نەم زانی بۆ مێردەکەم بەو جۆرە رۆیشت. رۆژانە هەزار پرسیـارم لە خۆم ئەکرد، کە ئەبێت کەموو کوڕی من لە چیـا بوبێت؟ خۆ من وەك منالێك ئەم لاواند، خۆشەویستیم بەسەرا ئەبـاراند. نەمزانی رێبوار چی تری ئەویست! چیتر هەیە کە ژن بتوانێت بیکات، تاکو مێردەکەی رازی بکات و جێی نەهێڵێت؟ ئافرەت ئەبێت چەند بە هێز بێت، تا لە بومەلەرزەو گەردەلولەکانی پیـاو خۆی بپارێزێت؟ نازانم چیتر هەیە ئەبوایە من بم کردایە؟.

کاتێك کە بەراستی بە پەیوەندیەکەیم زانی، هەر ئەوکاتە من داوای جیـابونەوەم کرد. تۆش بـاسی ئەوە دەکەیت کە چەند ناخۆش و برینداری بەو کردارەی ژنەکەت کردویەتی. کاتێك ژنت نییە. دوو ساڵە لەیەك دوورن! شەش مانگیشە جیـابونەتەوە. ئەی ئەبێت هەستی ئافرەتێك چۆن بێت؟ کاتێك دەزانێت مێردەکەی ژیـانی خێزانی، خۆشبەختی، دڵی، بڕواو متمانەی هەموو بەرزی وپیرۆزیەکی هاوسەریەکەی پیشکەش دەکات بە ئافرەتیکی کە؟. بڕوا بکە ئەوە ئازاریکە، کە هەرگیز بیر ناچیتەوە. ئەوە نەك چەقۆیەك بیت لە ناو دڵ و هەناوی ئەو ئافرەتەدا. بەڵکو ئەوە وەکو ئاگرێکە کە هەمیشە گڕوو کڵپەی لە ناو دڵی ئەو ژنەدا بڵێسە ئەسێنێت. هەرگیز ئەو ئازارە کۆتایی نایەت.

بێباك زۆر بیدەنگ بوو. بەدرێژایی قسەكانم ئەو گوێی لێ گرتبووم. لەپڕێكدا بەدەنگێكی زۆر نزم وەك هەستی بە تاوان یان پەشیمانی لە شتێك كردبێت وتی:

ــ زۆر راستە، قسەكانت هەمووی راستن.

وتم:

ــ كەواتە، ئەگەر ئەتەوێت بە باشترین شێوە ئەم باسەت لەبیربچێتەوە، یان هەوڵبدەیت مامەڵەی لەگەڵ بكەیت، ئەبێت بەم جۆرەبیت؛ فێربە ئەوەی لە رابردودا روویدا لە بیر خۆتی بەریتەوە... چونكە رابردوە. ئەزانم ئەڵێیت ئاسان نییە، بەڵام ئەتوانیت بیكەیت. هەروەها خۆشت رابهێنە لەسەر ئەوەی كە تۆ ناتوانی چارەنوسی خۆت بگۆڕیت. هەوڵ بدە خۆت رازی بكەیت بە شتە تازەكان كە رووئەدەن، هەرچۆنێك بن. لە هەمان كاتدا، هەوڵ بدە هەڵەكانت دووبارە نەكەیتەوە. خاڵەكانی بێهێزیت بگۆڕە بۆ خاڵی نوێ، كە ئەكرێت ببنە هۆی خۆشبەختیت. چارەنوسیش ئەگەرێكە، كە نابیت لێی ڕابكەین. تا ئەتوانیت خۆت فێربكە بە ئارام بیت، ئەوەندە تووڕە نەبیت. چونكە تووڕەبوون زۆر هەلی باشت لەدەست ئەدات. ئەوەش بزانە خوا ئەوشتەو نایاتێ كە حەزت لێیە، بەڵكو شتێكت ئەداتێ كە پێویستیت پێیە. هەربە پێچەوانەوە ئەو شتەت لێئەستێنێ كەبۆت باش نیە. هیوادارم لێم تێگەیشتبیت. دیسانەوە بێباك بە بێدەنگی هەموو كاتەكە گوێی بۆ راگرتبووم. هیچی نەد ەوت من وام زانی خەوی لێكەوت. من پێكەنیم وتم:

ــ وادیارە قسەكانم بێتاقەتیان كردیت؟ ئەمجارە گوێم لە پێكەنینێكی زۆر هێواش بوو. وتی:

ــ نەخێر.. بێتاقەت نەبووم، بەڵام حەز ئەکەم بزانم تۆ لە کوێ ئەم شتانە فێر بوویت. چۆن دەزانیت. کێ فێری کردویت.؟

وتم :

ــ بێباك، بڕوا بکە هیچی بە خۆرایی فێری نەبوم.! هەمووی نرخی خۆیم داوە.! سەختیو قورسی ژیــان فێری کردوم. بەڵام تۆ ئەگەر زیرەك بیت بەخۆڕایی کەڵکی لێ وەردەگریت. هەرووکمان پیکەنین.

بێباك زۆر بە پەلە وتی :

ــ ئاخر من بۆیە هەموو کات ئەڵێم تۆ زۆر بەنرخیت، تۆ تایبەتیت.

وتم :

ــ ژیــان فێری زۆر شتی کردم. منیش حەز ئەکەم هەتا لەتوانامابێت لەئەزموونی ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆم یــارمەتی خەڵك بدەم. کەسانێکی وەکو تۆ کە، دڵت پڕە لەئێش لە ئازار نازانیت چی بکەیت!؟ نازانیت روبکەیتە کوێ؟ خۆت سەرلێشێواو دەبینی! هەست ئەکەی تۆ تەنها کەسێکی لەم جیهانە روخاوو تێکشکاوی. بەڵام وانییە ئەوە بزانە کە هەرگیز تۆ تەنها نیت، کەسانێك وەك تۆ وان، بەڵام کەسیش نییە گوێیان لێبگرێت.! زۆر خۆشە کاتێك لە تەنگانەدا دەبیت، کەسێك هەبێت ئامۆژگاریت بکات. رێگەی ڕاستت پیشان بدات، هەر هیچ نەبێت گوێت لێبگرێت. من زۆر جار پێویستم بە یەکێك هەبووە کە تەنها گوێم لێبگرێت بەڵام نەبووە.

بێباك وتی:

ــ من زۆر خۆم بە بەختەوەر ئەزانم، هەرچەند قسە لەگەڵ تۆ ئەکەم، هەست ئەکەم بــارێکی قورس لەسەر شانم لا دەچێت، زیــاتر

بە ئارام دەبمەوە. نازانم چۆن سوپاسی تۆبکەم! هەر بۆیەش حەز ئەکەم زیــاتر لێت نزیك ببمەوە. هەموو جارێك شتی بەنرخت لێوە فێردەبم.
وتم :
ــ كاك بێباك، بڕوا بکە ئەوە خۆشترین هەواڵە بۆ من. زۆرم پێخۆشە کە توانیبێتم بەو جۆرە یارمەتیم دابیت. بەڵام حەزم کرد بزانم مەبەستت چیە لە زیــاتر نزیك بوونەوە!؟ من تەنها دڵخۆش ئەبم کە وەکو هاوڕێیەك پەیوەندیمان هەبێت. بێباك پێکەنی تۆزێك بێدەنگ بووئینجا وتی:
ــ رۆشنا خان، حەز ئەکەم شتێکت پێبڵێم کە ئیتر ناتوانم لەوە زیاتر بیشارمەوە. لەوکاتەدا دڵم تەپەیەکی کرد، کەوتە لێدان، زانیم ئەیەوێت چی بڵێت، بێدەنگ بووم. لەڕاستیدا حەزم نەکرد پرسیاری لێبکەم تا بزانم ئەو شتە چیە. بەڵام ئەو خۆی وتی:
ــ ئەوە بۆ پرسیار ناکەیت؟! دیسان پێکەنی! منیش لەژێر لێوەوە وتم:
ــ چیە؟ کەمێك بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:
ــ رۆشنا خان، من هەستم بۆ تۆهەیە!. ئەوکاتەی پێم وتیت کەسێکم خۆش ئەوێت. ئەوە مەبەستم تۆ.. بوو. بەڕاستی زۆرم خۆش ئەوێیت. من لەگەڵ ئەو هەموو گیرو گرفتانەی کە لە ژیــانمدا ڕوبەڕووم دەبنەوە کەچی خەیــاڵی تۆش زیــاتر پەرێشانی کردوم. تۆ بوویت بە خۆشی من، دڵم پڕە لە خۆشەویستی بۆ تۆ. ئەوشەوە بێباك زۆری بــاسی خۆشەویستی خۆی بۆ کردم کە بە هیچ جۆرێك بە مێشکی مندا نەدەچوو، نەك لەبەر ئەوەی بێباك لەو کاتەدا درۆم لەگەڵ بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە من ئەمزانی ئەو هەستەی ئەو، هەستیکی کاتیە.

ئەمزانی ئەو هەستەی بێباك خۆشەویستی نییە، بەڵکوو زیـاتر هەستی پێویستیە، پێویستی بە هاوڕێیەکە کە دڵنەوایی بداتەوە گوێ لە خەموو ئازارەکانی بگرێت. بەڵام ئەو وای ئەزانی هەستی خۆشەویستیە.!

ئەو کاتانە من زۆر بە وریـایـی گویم بۆ بێباك راگرتبوو، بێئەوەی هیچ وشەیەك بڵێم.

ناچار بێباك وتی:

ــ تۆ پێم مەڵێ هەستت چۆنە، پەلە مەکە. کاتێك منت بینیو ناسیمت ئەوسا خۆت بڕیـار بدە. من پەلەم نییە. من نەم ویست بێباك لەوە زیـاتر بـاسی خۆشەویستیم بۆ بکات! هەوڵمدا تا زووە کۆتایی بە قسەکانمان بهێنین. پێم وت:

ــ بێباك، من ئیستا ئەبێت بڕۆم، بخەوم. کات زۆردرەنگە، تۆش بڕۆ ئیسراحەتیك بکە، وەکو پێم وتیت بیر لە ڕابردو مەکەرەوە کێشەکان بە ئاسانی وەر بگرە. ئیتر زۆر بە خێرایی شەو بـاشم لێکرد بۆ ئەوەی هیچی تر نەڵیت.

# ٤٤

هەموو بەیـــانییەك كە بۆ ئیش ئەڕۆیشتم وا ڕێك ئەكەوت، كە من لە پێش هەموو ئەوانی‌كەوە ئامادە بم. منیش تاكو كاتی ئیشكردنم ئەهات لە كافیتیریـــاكە دائەنیشتم قاوەیەكم بۆ خۆم دروست ئەكرد. و ئینجا تەلەفۆنەكەم دەرئەهینا بۆ بیستنی هەواڵو بـــاسی ئەو ڕۆژە، بەتایبەت لە كوردوستان. هەموو بەیـــانییەك بێباك بەیـــانی بـــاشی لیدەكردم، هەواڵی ئەپرسیم، لەگەڵ ناردنی گوڵێك بێگومان بە نامە لەسەر ماسنجەر، لە ڕاستیدا هەندێك جار هەستم بە شتییێكی خۆش ئەكرد. ئەو كاتانە هەستم ئەكرد منیش ژنێكم پێویستم بەوەیە كە گوێم لە قسەی شیرین و وشەی جوان بێت، ئەوكاتانە زانیم كە چەند دەمێكە كەسێك نەبوە بەوشێوەیە لە نزیكەوە گوێ بە ژیانی من بدات، یان كەسێك هەبێت ئەوەندە بڕوای بە من هەبێت بتوانێت بچوكترین تا گەورەترین كێشەی خۆی بۆ من باس بكات. زۆر جار ئەوشتە بچوكانە خۆشیەكی گەورەیان ئەخستە ناودڵی منەوە بۆ جارێكی كە ئومێدم بەخۆشبەختی دەستی پێدەكردەوە. هەرچەند بێباك هەندێك جار كەمتەرخەمی پێوەدیار بوو، بەڵام من هۆكارەكانیم ئەزانی بە بڕوای من هۆكارەكان تەنها ئیشكرنەكەی بوو. بێباك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گومانی لای من كەم دەكردەوە كە ئەگەرێك هەبێت لەبـــارەی ئەو خۆشەویستیەی كە بەردەوام بۆی بـــاس ئەكردم. هەندێك جاریش گومان و دوودڵیەكی زۆر بێزاریان ئەكردم، پرسیارم لە خۆم ئەكرد؟ ئاخۆ ئەم كابرایە قسەكانی راستبن؟ لەوانەشە درۆم لەگەڵ بكات؟ نا...نا... بۆ ئەبێت درۆم لەگەڵ بكات؟ بۆ ئەبێت گاڵتە بە هەستی من

بکات؟ خۆ هەرچۆنێك بێت من تەنها وەکو هاوڕێیەك قسەم لەگەڵ کردوە، یارمەتیم داوە، ئامۆژگاری باشیم کردوە ڕێگاوشوێنی باشم پشان داوە، هاوبەشی خەمەکانی بووم، واتا من بە دڵسۆزی وراستی هاوڕێیەتیم کردوە من ژیانی بێباکم تا ئاستێکی زۆر گۆڕی. بە قسەی خۆی گەر من نەبوومایە ئەو دەمێك بوو دەستی لەژیان بەردابوو، ئەبوو بە یەکێك لەوانەی بێلانەن، ئەکەوتە سەرجادە. کەواتە بۆ ئەبێت ئەو من ئازار بدات؟! لە پێناوی چی؟! لەهەمان کاتدا بەخۆم ئەوت، ئەم خەیاڵانە هۆکاری بێ متمانەییە، وادیارە ڕێبوار هۆکارەکەیە ئەو منی توشی ئەم جۆرە بێ بڕوایە کرد. دوای ئەو هەموو خۆشەویستی ودڵسۆزیەم بۆ ڕێبوار، ئەو خیانەتی لێکردم. من ئێستاش کە بیر لە پیاوێك ئەکەمەوە ڕێبوار دێتە خەیاڵم، کە باسی خۆشەویستی ئەکەن من هەر ئەو ئەبینم، ئەی باشە تۆ بڵێی ئەویش وابێت؟ من زۆر دڵم شکا، زۆر بێ هیوابووم لە ڕێبوار، لە هەموو پیاوی دنیا. بەڵام بەڕێکردنی ژیان بەتەنها زۆر سەختە، ئێمە پێویستمان بەیەکە بۆ تەواو کردنی ژیانمان. هەموو کات من هەستم بە ناتەوایەك ئەکرد، هەرچەندە دڵم بەقەد هەموو دنیا بە ڕەنج خۆش بوو. بەڵام کە بیرم ئەکردەوە ڕەنج هەتا سەر لەگەڵ من نابێت. چاك ئەمزانی مناڵ مناڵی ژیانە، کاتێك گەورە ئەبن ئیتر ئەبن بە مناڵی ئەو.... ئەو خەیاڵانە زۆر جار دەیان ترساندم.

## ٤٥

بێباك بەردەوام نامەی بۆ ئەناردم. بە نازناوی جۆراو جۆر بانگی ئەکردم. ئەوەش زۆر سەیر بوو بەلامەوە، چونکە ئێمە هێشتا یەکترمان نەبینی بوو. حەزم ئەکرد گوێم لە وشەی خۆش بێت، حەزم ئەکرد جارێکی ترهەست بکەم ژنم.

پێویستم بە دڵێکی پڕ لە بەزەیی بوو، پێویستم بە بــاوەشێکی گەرم و پڕ لە سۆز بوو، پێویستم بە کەسێك بوو، کە هەست بە ئازارەکانم بکات. لە کاتی خەفەتەکانمدا دڵ نەواییم بداتەوە. لە کاتی بێ هێزیمدا توانام بــاتی. لە کاتی کەوتنمدا داردەستم بێت هەڵم سێنێتەوە. من لە بێباك زیــاتر پێویسم بە هاوڕێیەکی دڵسۆز هەبوو. زۆرجار کە لەئیش ئەگەڕامەوە هێشتا دەرگای ماڵەکەم نەکردبووەوە نامەیەکی بۆ ئەناردم ئەیووت نازدارەکەم گەیشتیت؟ دوای یەك کاتژمێر نامەیەکی تری بۆ ئەناردم ئەیووت، دڵەشیرینەکەم نانت خوارد؟ زۆری نەدەبرد نامەیەکی تری بۆ ئەناردم ئەیووت، چاوەکەم ئەتوانیت قسەیەکم لەگەڵ بکەیت؟ زۆر بێتاقەتم! منیش کە بیرم ئەکردەوە ئەبێت بێباك بەراستی بێت؟ بەڕاستی منی خۆش بوێت؟ خەریك بوو هەستم بۆی دەجوڵا، هەرچەندە هیچ بەڕاستم نە دەزانی.

زۆربەی شەو قسەمان ئەکرد تاکو کات درەنگ ئەبوو. من وام لێهاتبو شەوی چەند سەعاتێك ئەخەوتم بەیــانیانیش زوو بۆ ئیش ئەڕۆیشتم، خەریك بوو کاتێکی زۆرم بۆ بێباك تەرخان ئەکرد. زۆرینەی قسەکانمان جگە لەباسی خۆشەویستی خۆی بۆمن. هەندیك جاریش قسەکان تەنها بریتی بوون لە بــاسی ژیــان وکیشەکانی بێباك،

هەروەها نارەزاییەکانی بێباك کە هەرگیز کۆتاییان نەدەهات. هیچ کەسێکی بەدڵسۆزی خۆی نەدەزانی، کێشەی زۆری لەگەڵ کەسوکاری هەبوو، بەردەوام بوو لە ململانێی لەپێناوی پارەو میراتی.

ورده ورده خەریك بووم کەسایەتی بێباکم بۆ دەرئەکەوت، بێباك کەسیکی تووڕە بوو. زۆر جار لە قسەکانیدا کینەو تووڕەییەکی زۆری پیوە دیـــاربوو. هەستم ئەکرد هیچ کاتێك پیخۆشحاڵی خۆی دەرنەئەبڕی بەرامبەر ئەو کردارە چاکانەی کە بەرامبەری دەیان کرد، هەر خۆی بۆی باس ئەکردم کە براگەورەکەی زۆر یارمەتی داوە بە پارەو بە خزمەت کردنی، بەڵام؛ بێباك کەسێك بوو تەنها بەشە تاریکەکەی لە ژیاندا ئەبینی. بێگومان لە پەیوەندیەکانیشیدا بە هەمان شێوە هەر ئەوبەشەی ئەبینی کە ئەیویست ببینێت، ئەوەش کارێکی نادروست بوو. من زۆر جار ئەو رەوشتەی بێباك توشی دوودڵی ئەکردم، پاڵی پێوە ئەنام زیاتر بیربکەمەوە..

بێباك هەندێك جار دەیخستمە گومانەوە، کاتێك کە لەپڕ بۆ چەند رۆژێك ون ئەبوو. دوای ئەوەی کە خۆی زۆر نزیك ئەخستەوە.. ئەوەش منی بیزارو دوودڵ ئەکرد. من ئەم زانی کە بێباك کاتی ئیشی دوورو دریژە. بەڵام، هەموو کاتێك ئەیووت؛ هەرچەندە هیلاکم، بەڵام کە گوێم لە دەنگی تۆ ئەبێت ماندوو بونەکەم ئەڕەوێتەوە.

هەندیك جار کە دەنگی نەدەبوو پرسیـــارم ئەکرد، ئەگەر تەندروستی بـــاشە یـــان نەخۆشە؟ لەوەڵامدا ئەیووت؛ نا زۆر بـــاشم بۆ وا ئەڵێیت؟ منیش بەسەرسوڕمانەوە ئەموت:

ــ چونکە ئەمڕۆ هیچ هەواڵت نەبوە! بەڵام پێش چەند ڕۆژیك لەبەیـــانییەوە تاکو شەو دە بۆ پانزە نامەت ئەنارد، چەند تەلەفۆنێکت

ئەکرد، بەڵام ئەمڕۆ یەك نامەت نەناردوە! ئەمەش بەلامەوە سەیرە!

لەوەڵامدا ئەیوت، گیانەکەم ئەمڕۆ زۆر ماندوو بووم، ئیشم زۆر بوو. ئەمە بۆ چەند جارێك دووبــارە بووەوە. منیش

وردە وردە کەوتمە گومانەوە. نازانم بۆ هەستم ئەکرد لەگەڵ کەسێکی کە قسە ئەکات. چەند جارێك منیش ئەم خستە پشت گوێ، گرنگیم پێنەدەیا بۆ ئەوەی هەست نەکات ئەو لای من کەسێکی زۆر گرنگە. هەندێك جار دووبارە خۆی هەوڵی ئەدا قسەم لەگەڵ بکات، یان نامەی بۆ ئەناردم. پێم ئەوت:

ـ بێباك تکایە، ئێمە مناڵ نین، تاکو کات بەیەکتر بەسەر بەرین. ئەو یاریە لەگەڵ من مەکە.! لەوەڵامدا بەتووڕەییەوە ئەیوت:

ـ ئەوە تۆ بــاسی چی ئەکەیت؟ من ژیــانم بە تۆوە بەندە. گیــانەکەم بەخوا تەنها تۆی لە ژیــانمدا. تۆ هەموو کەسو دنیــای منیت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیــاترم خۆش ئەوییت، ئەگەر تۆ بە من ڕازی بییت من داوات ئەکەم شوم پێ بکەیت. ئەگەر ڕازی بوویت ئەوا من دەبم بە بەختەوەرترین کەس لەم جیهانە.

ئەم قسانە زۆر دووبــارە دەبونەوە. منیش هەموو جار دەمگووت، هەتاکو نەتبینم، من ناتوانم هیچ پەیمانێکت بدەمێ. منو تۆ ئەبێت ڕوو بەڕوو دابنیشین قسەبکەین. ئەبێت چاك شارەزای یەکتر ببین. چونکە ئێمە ئەگەر هاوسەرگیری بکەین، ئەوا لەژیانماندا ئەبێت بە دووەم جار. کەواتە وەکو پێم وتی، ئەبێت زۆر وریــاو شارەزای یەکتر بین. زۆرباش بیربکەینەوە.

## ٤٦

سەرلەبەیانییەکی ڕۆژێکی شەمە بوو، من خەریکی خۆئامادە کردن بووم، بەنیازی ئەوە بووم لەگەڵ ڕەنج پێکەوە بۆ بازاڕ بڕۆین. لە پڕێکا گوێم لە زەنگی دەرگاکە بوو، خیرا ڕۆیشتم بەرەو دەرگاکە هەرچەندە من چاوەڕوانی کەس نەبووم سەردانمان بکات، بەڵام دەرگاکەم کردەوە، داچڵەکیم، چاوم زەق بووەوە کەبینیم ڕێبوارە لەبەردەم دەرگای ماڵی من وەستاوە! زۆرم سەیرلێهات! چونکە؛ هاتنی ڕێبوار لەوکاتەیا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. هەردووکمان تەماشای یەکترمان ئەکرد وەکو ئەوەی زۆردەمێك بێت چاوەڕوانی ئەو بینینەبکەین، هەردووکمان چاومان بڕیبوە چاوی یەکتر، بەڵام کەسمان قسەمان بۆ نەدەکرا، وادیار بوو ئەو چاوەڕێی منی ئەکرد قسەیەك بکەم! هیچ نەبێت سڵاوێکی لێبکەم، یان فەرموی لێبکەم بێتە ژورەوە، بەڵام من بێ ئەوەی سڵاوی لێبکەم، بەسەرسوڕمانێکەوە پرسیارم لێکرد، تۆ چیئەکەیت لێرە؟ ئەبوایە پێشتر پەیوەندیت بکردایە وانییە!؟ ئەویش بە شپرزەیی وشەرمێکەوە وتی:

ــ ڕاست ئەکەیت، زۆرداوای لێبووردن ئەکەم، پێویست بوو تەلەفۆن بکەم. بەڵام بەرێکەوت لەم نزیکانە ئیشێکم هەبوو، ئیشەکەشم زوو تەواو بوو، سەیارەکەی تۆشم لە دەرەوە بینی، ئیتر زانیم لە ماڵن. حەزم کرد سەردانێکتان بکەم، کەمێك لەگەڵ ڕەنج دانیشم ئەگەر لاتان ئاساییە.!

ئەوە یەکەم جار بوو کە، من لە دوای سێ ساڵ زیــاتر رێبوار ببینم. شێوەی زۆر گۆڕا بوو. وام ئەزانی زیاتر لە دە ساڵ چۆتە سەر تەمەنی. هیلاکی‌و پەشێویەکی زۆری پێوە دیــار بوو. بەڵام هەر، کە منی بینی رویگەش بووەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە تەماشای ئەکردم، وەکوو زۆر دەمێك بوبێت چاوەڕوانی ئەو بینینەی کردبێت. هەستم کرد ئەو هاتنەلەپڕەی رێبوار تەنها بۆ بینینی من بوو! ئەگەر نا، خۆ ئەیتوانی تەلەفۆنێك بۆ رەنج بکات پرسیار بکات. بەڵام ئەو مەبەستی ئەوە بوو من خۆم دەرگاکە بکەمەوە. تۆزێك وەستام. ئینجا منیش وەکو کەسێکی زۆر بێگانە وتم:

ـ بەڵێ، فەرموو... وەرە ژورەوە. رێبوار لەخۆشیــا لەناو دەرگاکەدا وەستابوو هەر بەوردی تەماشای ئەکردم. ئاگای لێنەبوو رەنج هاتبوە بەردەمی دەستی رائەکێشا کە بیهێنێتە ژورەوە، رێبوار بەجۆرێك تاسا بوو نەیئەزانی چی بڵێت، خێرا هاتە ژورەوە. منیش لەو کاتەدا ئاوڕێکم لە رەنج دایەوە وتم:

ـ کەواتە... رەنج گیان، تۆ لەگەڵ باوکت بمێنەرەوە، من خۆم ئەڕۆم بازاڕەکە ئەکەم. سەیرێکی رێبوارم کرد وتم:

ـ من خۆم هەربەتەمای چونە دەرەوە بووم. رێبوار خێرا سەیرێکی کردم وتی:

ـ بۆ ئەڕۆیت؟ من ئەوەنە دانانیشم. رەنج خێرا باوکی راکێشایە ژووری دانیشتنەکە. هاتە پێشەوە. وتی:

ـ دایکە بەخوا من حەزم لە بــازار نییە، تۆ خۆت برۆ. من لەگەڵ بــاوکم لەماڵەوە ئەبم. منیش زانیم کە رەنج چاوی بە بــاوکی

بکەوێت، ئیتر بازاڕ چونی لا گرنگ نیە. بۆیە منیش کاردانەوەکەی ڕەنجم هیچ لا سەیر نەبوو. بەڕویەکی شیرینەوە وتم :

ـ ئەزانم... کوڕم کێشە نییە، تۆ لەگەڵ بـاوکت لە ماڵەوە بمێنەرەوە. ئەگەر ویستیشتان بڕۆنە دەرەوە، پێم بڵێن بـا ئاگادار بم. خێرا جانتاو چاکەتەکەم هەڵگرت وبەجێم هێشتن. بەڵام، نەم ئەزانی بۆ کوێ بڕۆم، چونکە پلانەکەی منو ڕەنج ئەوە بوو کە بیبەم بۆ شوینی ڕاو.

# ٤٧

لەڕێگا بیرم کردەوە لە جوانەی هاوڕێم کە ئاخۆ لەگەڵ بـارام گەیشتبیتنە چی؟  تەلەفۆنیکم بۆ کرد هیچ وەڵامی نەبوو. ناچار وازم لێهینا، ڕۆیشتم خۆم کرد بە بـازاڕیکدا کە هەموو جل و پیڵاو شتوومەك خرابونە سەر فرۆشتن بە نرخی داشکاو. دەمێك بوو چاوەڕوانیی هەلێکی وام ئەکرد. منیش دەستم بە  گەڕان کرد بەدوای هەندێك پێویستی خۆم، وتاقی کردنەوەی هەندێك جلی جوانو مۆدیل تازە بۆ ئاوازی خۆشکم وخوشکەزاکەم.  بەنیاز بووم لە کاتی پشوی قوتابخانەی رەنجدا سەردانێکیان بکەم. ئەوان لە برلین پایتەختی ئەڵمانیا ئەژیـان.

بۆ چەند کاتژمیریك خۆم خەریك کرد بە شت کڕینەوە، بەڵام ڕۆژەکەی زۆر ساردو سەرما بوو. لەگەڵ ئەوەشا لەگەڕانەوەم بۆ ماڵەوە دوودڵ بووم. لەوەی ئەگەرهێشتا ڕێبوار لە ماڵی ئێمە بێت. جارێك تلفونم بۆ رەنج کرد، بەڵام وەڵام نەبوو. هەرچۆنێك بێت ڕۆیشتمەوە. کە دەرگام کردەوە کەس لەماڵ نەبوو. بەڵام زۆری نەبرد رەنج تەلەفۆنی بۆ کردم وتی :

ــ دایکە، قەیناکا ئەگەر ئەمڕۆ لەگەڵ باوکم نانی نیوەڕۆ بخۆم؟ تۆ حەزئەکەیت لەگەڵمان بێیت؟ باوکم ئەڵێت دوایی بەیەکەوە ئەچین بۆ بازاڕ. حەز ئەکات جلی تازەم بۆ بکڕێت. دەتۆش وەرە، توخوا... دایکە من حەزئەکەم تۆشبێیت. قسەکانی رەنج وداواکاریەکانی زۆر منیان  بێزارکرد، لەهەمان کاتدا هەستم بەتووڕەییەکی سەیر ئەکرد، بەڵام هەوڵم ئەدا خۆم ئارام بکەمەوە. وتم:

ــ ڕەنج گیان، ئەتوانیت لەگەڵ باوکت بمێنیتەوە نانیشی لەگەڵ بخۆیت، با جلی تازەشت بۆ بکڕێت، بەڵام من ئێستا لەماڵەوەم نامەوێت جارێکیتر بێمەوە دەرەوە، خۆتان ڕۆژێکی خۆش بەسەربەرن تاکو ئەو کاتەی کە تاقەتت ئەچێت. من لەماڵم چاوەڕێت ئەکەم. ڕەنج پێکەنی وتی:

ــ ئەی دایکە تۆ بێتاقەت نابیت؟ منیش هەر بە پێکەنینەوە وتم:

ــ بەڵێ بێتاقەت ئەبم. بەڵام باوکیشت بیرت ئەکات، پێویست ئەکات دڵی ئەویش خۆشکەیت. ڕەنج قسەکەی منی پێخۆش بوو. وتی:

ــ دە باشە دایکە گیان سوپاست ئەکەم. گوێم لەدەنگی ڕێبوار بوو بەرەنجی ئەوت دە پێبڵێ، بابێت چاوەڕوانی ئەکەین.

سەیرم لێهات! ریبوار بۆ ئەیەوێت من بچم نانیان لەگەڵ بخۆم؟ ئەی گوایە نازانێت من چەند لەو توڕەم! باشە ئەیناترسێت خاتونەکەی ژنی ئەمە بزانێت؟ یان ڕێبوار هەر فێری خیانەتە. ئێ باشە، لەوانەیە بیرم بکات وهێشتا خۆشی بوێم!. بەخۆم وتەوە، نا..نا..ڕۆشنا خان، خۆت هەڵمەخەڵەتێنە، ئەگەر بەوجۆرە بیربکەیتەوە ئەوە پێی ئەڵێن کەرێتی. خۆشەویستی چی!. بیرکردنی چی؟ وەڵا سەیرەبێت لەبیرت چوبێتەوە.! ڕێبوار خۆشەویستی نەزانی. ڕێبوار حەز ئەزانێت. هێشتا لەتەمەنی هەرزەکاریدا ئەژی. سەیرم لە هاتنە لەپڕەکەی ئەهات. وابزانم هەر حەزیکرد بەجوانی لەنزیکەوە بمبینێت. خۆ لەخۆشیدا زمانی لاڵ ببوو قسەی بۆ نەدەکرا. ئێ ئەگەر واشبێت! خۆتازە من حسابی هیچی بۆ ناکەم تەنها لەبەرخاتری ڕەنج دەرگای لێئەکەمەوە. یەك غەڵەتیشی لێببینم هەتا ماوە ناهێڵم ڕەنج ببینێ .هەناسەیەکم

هەڵکیشا پاڵێکم بەکورسیەکەوە دایەوە. یەکەم رۆژی یەکترناسینمانم هاتەوە یاد، لەئاهەنگی یەکتر ناسیندا بوو کاتێك هەردووکمان لەکۆلێجی ئەندازیاری وەرگیرابووین. بەبۆنەی هاوڕێیەکی خۆمەوە کە دراوسێی ئەوان بوو یەکترمان ناسی. ئای لەو رۆژە ریبوار دەستێك جلی کوردی شاڵی خاکی لەبەرکردبوو، منیش دەستێك جلی کوردی رەنگاو رەنگ هەردووکمان پێش ئەوەی یەکتر بناسێن، چاومان بەیەك کەوت دڵمان بۆیەك لێیدا تاکو بەهاری هاوڕێم هەستی پێکردم وتی، ئەوە چیە رۆشنا گیان ئەتبینم چاوت بەدوای رێبواردا وێڵە. دەوەرە با بەیەکترتان بناسێنم. ئەوە کوڕەدراوسێی ئێمەیە. هەر، لەو رۆژە ولەو ناسینەوە، من ورێبوار لەیەك دانەبڕاین هەمووکاتی خوێندنمان پێکەوە بووین. خۆشەویستیمان ئاشکرا بوو لەزووەوە پەیمانمان دابوو بەیەك کە بۆیەکبین.

## ٤٨

ئەو رۆژە بێباك هیچ دەنگی نەبوو. ئەوە چەند جارێك بوو كە وا بێدەنگ بێت. خەریك بووم نامەی بۆ بنێرم وپرسیــاری لێ بكەم. بەڵام، بێباك نامەی نارد پرسیــاری كرد من بۆ بیدەنگم؟ منیش وەڵامم دایەوە بە هەمان پرسیــار كە بۆچی ئەویش بیدەنگە.؟

بێباك نوسی:

ــ سەری ئێشی، لە هەمان كاتدا ئیشی زۆرە. منیش تەنها ئەوەندەم وت، هیوادارم باش بیت، كەواتە برۆ پشووبدە با هیلاكیت دەرچێت. خواحافیزیم لێكرد. دوای چەند خولەكێك تەلەفۆنیكی بۆ كردم، پێش ئەوەی من هیچ بڵیم ئەو خێرا وتی:

ــ دڵەكەم، بڕوا بكە، تۆ خۆشەویسترین كەسیت لە هەموو ژیــانمدا. لە تۆ زیــاتر كەسی تر شك نابەم، تەنها تۆیت خۆشەویستی من. منیش پێكەنیم وتم:

ــ نا... نا... كاك بێباك واشمان نەووت.

بێباك كەمێك بێدەنگ بوو ئینجا وتی :

ــ تۆ بۆ بڕوا بە من ناكەیت؟ من ئەڵیم تۆ هەموو ژیــانی منیت تۆم خۆش ئەویت! .

منیش وەستام نەم ئەزانی چی وەڵام بدەمەوە چی پێبڵێم؟! چونكە من بەهیچ جۆرێك بڕوام بەو جۆرە خۆشەویستیە نەبوو!.

وتی:

بۆ قسە ناكەیت؟

وتم:

ـ قسەی چیبکەم؟ نازانم چیت پێ بڵێـم!

وتی:

ـ بـۆ؟ من ئەڵێم خۆشم ئەوییت، حەز ئەکەم شووم پێ بکەیت .

وتم :

ـ ئەوە تۆ بەڕاستە؟ خۆشەویستی چی، شووی چی، تۆ بـاسی چی ئەکەیت؟ ماسی لە بەحرا سەوا ئەکریت؟

زۆر بە دەنگیکی بەرز پیکەنی وتی:

ـ ڕۆشناگیـان بەحری چی؟ وەرە بۆ ئیرە. لێرە بم بینە، ئینجا بڕیـار بدە. ئیتر بۆ مەسەلەکە ئەوەنە بەقورسی تەماشا ئەکەیت؟.

وتم:

ـ ئەوەی تۆ بـاسی ئەکەیت زۆر قورسە. هەروا بەئاسانی نییە. من تۆ ناناسم، تۆش من ناناسیت، شووکردن لای من وا ئاسان نییە. ئێمە لە پێش هەموو شتێکا ئەبێت یەکتر ببینین. بێباك زۆر بە خێرایی بەدەم پێکەنینێکەوە وتی:

ـ گیـانەکەم، من بڕیـاری خۆم داوە، تۆ هەرچۆنێك بێت، لە هەرچیەك بچیت، من هەر ئەمەوێت، چونکە من ئەقڵ ومێشك وزیرەکی تۆو خانەوادەی تۆم بە دڵە. تۆ ئافرەتێکی زۆرت کارەسات بەسەرهاتوە تۆ، خـاوەن تاقیکردنەوەو ئەزمونێکی زۆریـت. من هەمیشە ویستومە ژنیکی وەکو تۆم هەبێت. تۆ لەهەموو لایەنەکانەوە تەواویت. من زۆر بەختەوەر ئەبم ئەگەر تۆ ببیتە هاوسەرم. لەوەش زیـاتر جوانیەکی تایبەتت تیـادا بەدی ئەکەم.

وتم:

ـ بێباك گیـــان، سوپاست ئەکەم، تۆش پیـــاویکی خاوەن ڕەوشتی بەرزو، جێگەی ڕێزیت، زۆریش ئازیزیت. بەڵام بۆ چونی من بۆ خۆشەویستی جیـــاوازە. من وەکو تۆ بیر ناکەمەوە، ڕاستە هەردووکمان دڵ شکاوین. زوڵم لێکراوین، پێویستمان بە کەسێکە کە لێمان تیبگات. منو تۆ هەست بەیەك ئەکەین، لەیەکتریش تێدەگەین. چونکە؛ ژیـــانمان لە زۆر ڕووەوە زۆری لەیەك دەچێت. بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە تۆ منت خۆشبوێت. یان من تۆم خۆشبوێت. خۆشەویستی زۆرلەوانە گەورەترە..

ئەوشەوە بێباك چەند جارێك ئامادەیی خۆی بە من ڕاگەیـــاند کە، زۆر بە دڵنیـــایەوە بە پەرۆشەوە ئەیەوێت من ببینێت. منیش پیم وت: کە منیش بە هەمان شێوە حەز ئەکەم بیبینم.... هەردووکمان بڕیـــارمان دا لەسەر ئەوەی کە کاتیکی دیـــاری کراو دابنین بۆ یەکتر بینین. هەرچەندە کێشەکانی لەگەڵ خیزانە کۆنەکەی هەر بەردەوام بوون.

زۆر جار بێباك لەبارەی ژنە کۆنەکەیەوە چیرۆکی سەیری ئەگێڕایەوە، هەندێك جار واهەستم ئەکرد هەرچی بۆ بـــاس کردووم هیچی ڕاستی نییە! هەندێك جاریش کە ون ئەبوو ئەکەوتمە گومانەوە، بەجۆرێك کە ئەبێت بێباك لەگەڵ ئافرەتێکی تردا قسە بکات، یـــان پەیوەندیتری هەبیت. بەڵام زۆرینەی کاتیش بڕوام بە هەموو وشەکانی ئەکرد. بە هەموو دڵێکمەوە بەژداری خەفەتەکانیم ئەکرد. من سەرەڕای کێشەی ژیـــانی خۆم. دەربـــارەی ئیش، هیلاکی زۆر. هەندیك جار کەم دەرامەتی. کێشەی مناڵ کێشەی باوکی نەخۆشم. لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی من هەر بەردەوام بووم لە لەگەڵ بێباك بۆ ئاسایی کردنەوەی ژیـــانیو بـــاری دەروونی. زۆرینەی کاتەکانم، بیرکردنەوەکانم لەگەڵ

بیبیاك بەسەر دەبرد. كاتێك بەخۆم زانی وردە وردە بیبیاك بوو بوو بە كێشەو خەمی ڕۆژانەم. زیـــاتر لەوەش، بوو بوو بە خولیـــایی سەرم، بەجۆرێكم لێهات، شەو ڕۆژ من هەر بیرم لە بێباك ئەكردەوە، حەزم ئەكرد هەموو كات هەواڵی بزانم. هەستم ئەكرد بەیـــانیـــان یەكەم شت كە خەبەرم دەبیتەوە ناوی بێباك لەسەر زمانمە، یەكەم چاوكردنەوەم بۆ لای مۆبـــایەلەكەم ئەڕوات، بۆ بینینی وێنەو هەواڵی بێباك. سەیری تەلەفۆنەكەم ئەكەم، تابزانم بێباك چی بۆ ناردوم. دڵم خۆش ئەبوو كە هەرچیەكم لەلایەن ئەوەوە بۆ ئەهات. ئەگەر ڕۆژێك دەنگی نەبوایە خۆم هەواڵیم ئەپرسی. ژیـــانم هەمووی خەریك بوو ئەبوو بە بێباك.

تەنانەت لەئیش زۆر لە هاوڕێكانم پرسیـــاریـــان لی ئەكردم؛ كە ئەو هۆیە چیە وای لە من كردوە بە بەردەوامی دڵم خۆشەو زەردەخەنە لەسەر لیوم نابڕێت؟ هەندێك جاریش لەگەڵ سێبەرەكەی خۆشم شەڕئەكەم!.

زۆر جار خۆشم نەم ئەزانی هۆیەكەی چیە؟ هەتاكو ڕۆژێك بێباك دەنگی نەبوو، ئەو ڕۆژە هەستم ئەكرد زۆر تووڕە بووم، زۆر بێ ئارام و نارەحەت بووم، هەستم ئەكرد، ئەو رۆژە زۆر دورودرێژە، كۆتایی نایەت. بەڵام كاتێك كە لە ئیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بێباك تەلەفۆنی بۆ كردم. تەنها كە گویم لە دەنگی ئەو بوو، هەموو خەمەكانم رەویەوە، مزاجم گۆڕا. لە خۆمەوە دڵم خۆش بوو، خۆم پرسیـــارم لە خۆم كرد ئەبێت ئەمە چی بیت؟ زۆر ئەترسام هۆگری بووبم! چونكە نەم ئەویست وابم. سەرەتا زۆر بەربەرەكانیم كرد، من بڕوام بە خۆشەویستی نەبوو. ئینجا بەتایبەت بۆ كەسێك كە هێشتا نەم دیبوو. تەنها بیركردنەوە لە خۆشەویستی تۆشی دڵەڕاوكێی و نا ئارامی ئەكردم..

## ٤٩

دوای چەند ڕۆژێك بێباك پەیوەندی پێوەکردم، بە هەمان شێوە باسی خۆی بۆ کردمەوە، کە چەند دڵی پێم خۆشە، من بووم بە هۆی مانەوەی ئەو لە ژیانا. منیش هەستم ئەکرد، خەریکم زیاترحەز بە نزیکی ئەکەم. بەڵام؛ هەمیشە هەوڵم ئەدا باسی هەستی خۆمی بۆ نەکەم. لە پێشا چاك بیناسم، لەڕاستی ژیانی دڵنیابم، لە هەموو شتێك تێبگەم. چونکە من بەهەموو راستگۆیەکەوە باسی خۆم بۆ کردبوو. بێباك کاتێك قسەی لەگەڵ من ئەکرد، هەموو جار بەشێوازێکی زۆر ئاسایی باسی لە هاوسەرگیری ئەکرد. هەندێك شت بەلای ئەوەوە زۆر ئاسایی بوو. بەڵام من زۆر لەوە قوڵتر مەسەلەکانم لێکئەدایەوە تەماشام ئەکردن. هەموو کات بیرم ئەکردەوە بەخۆم ئەوت، ئەگەر بۆ جارێکی‌تر لە ژیانما بڕیارمدا هاوسەرگیری بکەم، پێش هەموو شتێك ئەبێت ئەو کەسە زۆر بە باشی بناسم. پێش ئەوەی بکەومە داوی خۆشەویستی، چونکە؛ خۆشەویستی لە بینینی هەڵەکان کوێرت ئەکات، لەهەمان کاتدا راستیەکانیش نابینیت. هەموو شتێك بەجۆرێکی جوان ورەنگاوڕەنگ دێنە پێش چاوت، ئیتر ئەو ئەوکاتە نەك هەر کوێر، بەڵکو کەڕیش وکەریشت ئەکات!. هەڵەکانی ئێمەش هەموو کات بەوجۆرە دەست پێدەکات. کوێرانە خۆمان هەڵدەیینە ناو مەسەلەکەوە بێ ئەوەی بزانین چی چاوەڕێمان ئەکات. هەر هەمان ڕۆژ بێباك تەلەفۆنی بۆ کردمەوە بەشێوەیەکی زۆر سەیر زۆری لێ ئەکردم کە بڕیار بدەم بە رازی بوونم کە من شوی پێ بکەم. منیش ئەو زۆرەملێیە خستمیە گومانێکی زۆرەوە. زۆرمان قسەو گفتوگۆ کرد. وتم بێباك:

ـ من ئەمەویت کاتێکی زۆرم هەبێت بۆ ئەوەی بـــاشتر لە تۆ تێبگەم. بێباك وتی:

ـ ئێمە یەکترمان خۆش ئەوێت وانییە؟ وتم:

ـ لای تۆوە لەوانەیە وابێت. بەڵام لای منەوە هێشتا زۆری ماوە تا بتوانم وەڵامی تۆ بدەمەوە. هەر کە، وام پێوت بێباك وادیـــار بوو پێی ناخۆش بوو کە من ئەو قسەیەم کرد. بۆیە خێرا وتی:

ـ کەواتە تۆ گاڵتە بەمن ئەکەیت! وتم:

ـ تکایە ئەو قسەیە دووبـــارە مەکەرەوە. من هیچ کاتێك نامەوێت گاڵتە بەکەس بکەم. بەڵام جارێ ئێمە زۆرمان ماوە یەکتر بناسین. دیسان بێباك بە شێوەیەکی توندو تیژ وتی:

ـ دە بڵێ من حەزم لێت نییەو تەواو. تۆزێك وەستام بیرم لە قسەکەی ئەکردەوە، مەبەستی چیە لە حەز لێکردن؟ بێباك جارێکیتر وتی:

ـ ئێ... وایە؟ یـــان نا؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ وتم:

ـ بێباك حەز ئەکەم بـــاش گوێم لێبگریت، حەز ئەکەم باش لەبۆچونی من تێبگەیت. لەبارەی پەیوەندی، وەهاوسەرگیریەوە. من بەم شێوەیە ئەڕوانمە مەسەلەکان؛ من ئەمەویت کاتێ باسی جیابوونەوە نەگونجان ئەکەین، ئەبێت هۆیەکانی بزانین. کە باسی پیاوی باش وخراپ ئەکەین، ئەبێت باسی ژنی باش وخراپیش بکەین. کە ئەڵێم خراپ مەبەستم خراپی کەسەکە نیە بەجۆرێکی خراپ. وەک بەدرەوشت، پیاوکوژ، یان دز یان زۆرشتیتر. نەخێر. بەڵکو بەو مەبەستەی کە بەخراپی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنەکەی ئەکات. یان بەخراپی هەڵسوکەوت لەگەڵ مێردەکەی ئەکات. هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ زۆر شت. بـــاشتر وایە بڵێم جیـــاوازی نیوان دوو تاکە

کەس، لە بــارەی جیاوازی پەروەردەکردنیان، هەڵسو کەوت ونەزانینی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر. هەروەها یەکنەگرتنی بیروبــاوەڕی ئەو دووکەسە، بەسەر چۆنییەتی روبەڕوبونەوەی کێشەکانیــاندا کە لە ژیــانی رۆژانەیــاندا روبەڕوی دەبنەوە، بێگومان ئەمە زۆر گرنگە. هەروەها جیــاوازی کەسایەتی،جیــاوازی بۆچونو تیگەیشتنیــان. نزیکی پلەی رۆشنبیریــان لەیەکەوە، کە ئەمە شتێکی زۆر گرنگە بۆ لەیەك نزیك بونەوە ولەیەك تیگەیشتنی یەکتر. گومان لەوە دا نییە کە جیــاوازی تەمەن کاریکی زۆر کاریگەری دەبیت، لە توانای بەردەوام بوونی پەیوەندی وەکو پیــاویك بە چەند ساڵێك گەورەترە لە خیزانەکەی، یــان بە پیچەوانەوە کە ژنەکە گەورەترە لە پیــاوەکە. ئەوەش هەندێك جار کێشەی زۆر ناخۆشی لێ دەکەویتەوە. مەبەست لە بــاسەکە ئەوەیە کە، ڕێك نەکەوتنی ژن ومیرد زۆر هۆی هەیە. کە پێویست ئەکات، لە پێش بڕیــاردان بۆ هاوسەرگیری زۆر بە وردی ڕەچاو بکرێت. هەندیك جار بــاری سیــاسی و ئابووری کارێکی کاریگەر دەکەنە سەر پەیوەندی دوو کەسەکە هەندێك جار بەرەو پێشەوەی ئەبەن یــان زۆر خراپی ئەکەن. ئێمەش ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یەکتر نەناسین ئەوشتانە هەر، بە نادیار لامان ئەمێنێتەوە لەیەکتری تێناگەین. نامەناردن، بە تەلەفۆن قسەکردن کەسایەتی راستەقینەی کەسمان دەرناخات. ئێمە لەیەکترەوە دوورین. من ئەمەوێت کاتمان زۆربێت بۆ زیاتر یەکتر ناسین. تا ئەتوانین پەلە نەکەین. بێباك وادیــار بوو ئەوجارە قسەکانمی هیچ بە دڵ نەبوو. تەنها سور بوو لەسەر ئەوەی کە پێویست ئەکات من بەزوترین کات بچم بۆ بینینی ئەو. ئەمە دیسانەوە بۆ جارێکیتر پاڵی پێوەنام زیاتر بیربکەمەوە. لە

ئەنجامدا بەخۆم وت، من پێویستم بە پیــاو نییە. ئیستا تا ڕادەیەك ژیانم بێ کێشەیە، ئاسودەیە، کەس نییە دوودڵ و تووڕەم بکات، کەس نییە بۆڵە بۆڵی بێ هۆ بەسەرما بکات، کەس نییە لە هەموو شتێك ڕەخنەم لێ بگرێت، کەس نییە بێ ڕێزیم لەگەڵ بکات..

من دەمێ ساڵ بوو لەمانە لەهەمووی بەدوور بووم. بەڵام، بیرم ئەکردەوە ئەگەر من شووبکەم بە بێباك. لەوانەیە بێباك جارێکیتر بمخاتەوە ناو ئەو ڕۆژانە، هەرچەندە لەو بڕوایەدا بووم کەسایەتی ڕێبوار و بێباك زۆر جیــاواز بوون. بێباك بەژیــانێکی ناخۆش‌و پڕ لە ئەزمونی خراپدا تێپەڕی بوو. لەگەڵ ژنێکی ناپاکدا چەند ساڵێك ژیابوو. لەهەمان کاتدا بێباك تا ئاستێك بڕوای بە خۆشەویستی هەبوو، منی دانابوو بە تەنها پەرستگای خۆی. هەموو ڕۆژێك چەند جارێك ئەو وتەیەی دووبــارە ئەکردەوە، لەسەرو ئەوهەمووشتانەوە ڕێزێکی زۆریشی لێ ئەگرتم کە ئەوەش زۆردڵخۆشی ئەکردم.

بێباك زۆر سور بوو لەسەر ئەوەی کە خۆشەویستیەکەی بۆ من بێ پایــانە، دیسانەوە بێ گومانە! ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو وشانەی لێی دووبــارە ئەکردمەوە. منیش هەستم ئەکرد، خەریکە زۆر بیری لێ ئەکەمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەربڕینی خۆشەویستی لەلایەن منەوە کاریکی ئاسان نەبوو. من وەکو وتم: بڕیــارم دابوو کە جارێکی کە نەهێڵم هیچ کەسێك بە ناوی خۆشەویستیەوە دڵم بشکێنێت ئازارم بدات. هەموو کات هەوڵم ئەدا بگەمە ئەو راستیە بێ وێنەیەی کە هەموو جار لەگەڵ خۆم، لەگەڵ هەموو کەس دووبارەم ئەکردەوە ئەموت: خۆشەویستی بەڵگەیە، کارە، کردارە، بەڵام ووشە نییە. خۆشەویستی سەلماندنە لە کاتێکدا ئەگەر هەبێت.

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، بڕیــارم دا کە پێی بڵێم، وا مانگی داهاتوو سەردانت ئەکەم، تەنها بۆ بینینو ناسینت. هیچ پەیمانێکم پێنەدابوو، نە بە خۆشەویستی، نە بۆ شووکردن. بەڵام کاتێك من ئەو هەواڵەم پێڕاگەیــاند، بێباك زۆر بەدڵ ساردی وەڵامی دامەوە وتی:

ــ ئێ زۆر بــاشە، هەر کە گەیشتیتە ئێرە، ئەگەر حەزت کرد رێك مارەشت ئەکەم.!

بەراستی تا ئەوکاتەش من وام ئەزانی بێباك کاتێك باسی هاوسەرگیری ئەکات گاڵتە ئەکات. بەڵام لەراستیدا ئەو زۆر بە جدی تەئکیدی لەسەر ئەوە ئەکردەوە کە گەیشتمە لای ئەو دوای یەکتر ناسین، خێرا مارەم ئەکات! هەمووجار ئەیوت من ئامادەم بێمە شارەکەی تۆ لەوێ لەگەڵ تۆ بژیم. تۆ کوێت پێخۆش بێت من لەو شوێنە ئەبم.! ئەمانە زۆرتر منیان ئەخستەگوومانەوە. هیچ کاتێك باسی مناڵەکانی نەدەکرد! چۆن ئەتوانێت بەوجۆرە لێیان دووربێت. هەموو جار بێباك ئەیوت، تۆ چی بڕیــار بدەیت، منیش ئەوە ئەکەم. کەواتە ئێمە بەوشێوەیە هیچ گیرو گرفتێکمان نەبوو لە هیچ ڕویەکەوە. ئەمانە هەموو بۆ من جێگای سەرسوڕمان بوون! ئەو زۆر بە پەلە ئەجوڵایەوە هەوڵی بوو من کوێرانە هەموو شتێك لەگەڵ ئەو ببڕێنمەوە!. هەندێك جار دڵخۆش بووم بۆ دانانی پلانەکانمان، هەندێك جاریش خەمێکی قورس دایئەگرتم. دڵم ئەگوشرا وەکو ئەوەی بڕیاری شتێکی زۆر نابەجێم دابێت. لە کۆتایی رۆژەکەدا بیرم لەهەموو قسەکانی بێباك ئەکردەوە، باشە بۆ وتی، خێرا مارەت ئەکەم؟ ئەمەش پرسیارێکی تری لا دروست ئەکردم؟!.

## ٥٠

دوای ئەوەی کە نەخشەمان کێشا بۆ بینین و یەکتر ناسینی روو بە روو، من بە پێویستم زانی لای دایکم و بەسۆزی خوشکم باسی بکەم.. هەردووکیــان بڕیــارەکەی منیــان بە دڵ بوو. تەنانەت بەسۆزی خوشکم لای وابوو کە من بــاشترین بڕیــارم داوە، چونکە کەسوکارم هەمیشە هەوڵیان ئەدا رازیم بکەن بەوەی کە پێویست ئەکات من ئیتر ژیانی تازە بۆ خۆم دروست بکەم. کاتیك کە من هێشتا ئافرەتیکی گەنجم پێویستم بە پیاوێکە کە هاوبەشی ژیانم بێت. منیش بەڕاستی تەنها بێباکم ئەناسی کە لە زۆر روەوە بەدڵم بوو. هەرچەندە هێشتا پرسیــار و گومانم مابوو لە ناو مێشکمدا کە رۆژانە لە خۆمم ئەپرسی..

# ٥١

ئەو شەوە من هەتاکو ڕۆژ بووەوە خەوم لی نەکەوت، نەك جارێك، نەك دە جار، بەڵکوسەد جار بیرم لێ ئەکردەوە ئاخۆ من ڕاستبم لەم بڕیـــارە؟ یـــان هەڵەبم؟. خۆم بە خۆم ئەوت، جا بۆ هەڵەیە؟ من چی ئەکەم ؟ هیچم نەکردوە هەڵەبیت، تەنها کەسێکم ناسیوە  کە لە بـــارێکی دەرونی زۆر ناهەمواردا ئەژیـــا من یـــارمەتیەکی زۆر دڵسۆزانەم یاوە، بۆئەوەی بچێتە بـــاریکی پڕ ئاسودەیی، هەروەها بڕوا بەخۆ بوون. من پێویستە شانازی بە خۆمەوە بکەم.

## ٥٢

چەند ڕۆژێك بێباك دیسانەوە بێدەنگ بوو!. منیش لەبەر ئەوەی بێزاری نەکەم، چاوەڕێی ئەو بووم نامەم بۆ بنێرێت. دوایی خۆی پەیوەندی کرد وتی، ئەمڕۆ زۆر نەخۆشم، ئەبێت سەردانی پزیشك بکەم. ئەم هەواڵە منی خستە دوودڵیەکی زۆرەوە. بەڵام خۆم ڕاگرت. دیسانەوە چاوەڕێی بێباکم کرد خۆی پەیوەندیم پێوە بکات، دەرئەنجامی پشکنینەکانێم پێ بڵێت. ئەمەش چەند ڕۆژێکی برد، من هەر چاوەڕوان بووم خەمم ئەخوارد. ئاخۆ چیبێت؟ تۆبڵێی ئێستا باش بووبێت؟ ئاخۆ کەس هەبێت خزمەتی بکات؟ ئەو چەند ڕۆژە زۆر بێ ئارام بووم، خواخوای هەواڵێکی بووم. ئەو هەردەنگی نەبوو. ئیتر ناچار نامەیەکم بۆ نارد بۆ وەڵامی پشکنینەکەی؟ پێی وتم، کە هیشتا نازانیت. بەڵام خۆی هەستی کردوە کە پاڵەپەستۆی خوینی تا ڕادەیەك بـەرزە. منیش هەروەکو پێشو هەندێك ئامۆژگاریم کرد. خۆشی بێگومان شارەزایی هەبوو ئەی زانی ئەبێت چیبکات .

# ٥٣

ڕۆژی دوایی هیچ دەنگوبـاسی نەبوو. منیش سەرقاڵی ئیشەکەی خۆم بووم. هەواڵی نەخۆشی باوکمم زانیبوو. ئەوەش بە جارێك بیتاقەتی کردبووم، حەزم ئەکرد بۆ کوردوستان بگەڕێمەوە. بەڵام توانام نەبوو. زیاتر بە باشترم ئەزانی پارە بنیرمەوە بۆ نەخۆشییەکەی باوکم. لەگەڵ بەسۆزی خوشکم قسەم کردبوو. ئەو پێی وتم:

ــ باوکم زۆر بیتاقەتە وا پێویست ئەکات بیبەن بۆ نەخۆشخانەکەی فارووق چونکە لەوێ خزمەتی باشی ئەکەن، پزیشکی پسپۆری باشی لێیە. بەڵام پارەیەکی باشی ئەوێت.

من حەزم نەکرد بڵێم من ئەو تواناییەم نییە، لەبەر ئەوەی خۆم پێویستیم بە پارەیەکی زۆرە بۆ چاککردنی ئۆتۆمبیلەکەم. چونکە بە جارێك پەکی کەوتبوو. بەڵام بێگومان تەندروستیی باوکم لە پێشتر بوو.

هەر ئەو ڕۆژە، ڕۆیشتم بۆ نوسینگە بڕێك پارەم بۆ باوکم ڕەوانە کرد، ئەوەش زۆر دڵی خۆش کردم. لە گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، کەمێك دواکەوتم. بەڵام، کە دەرگاکەم کـردەوە، بینیم ڕەنج لە سەر تاکە قەنەفەی ژووری دانیشتنەکە ڕاکشاوە، بە پەتۆیەك خۆی داپۆشیوە. زۆر سەیرم لێهات. خیرا چوومە لایەوە دانیشتم. وتم:

ــ ڕەنجە گیان، ئەوە چیتە کوڕم؟ بۆ ڕاکشاویت؟ چیتە بە قوربــان؟

خیرا دەستم خستە سەرناوچەوانی، تایەکی زۆری هەبوو! دەمووچاوی سوور هەڵگەڕابوو! زۆر شپرزەو دوودڵ بووم دیسان پرسیــارم لێکرد وتم:

ــ کوڕم چیتە؟ دە قسە بکە.

ڕەنج بە دەنگێکی کز بە هێواشی وتی:

ــ دایکە توخوا تۆ بۆ ئەوەنە ئەترسیت؟ ئێ چیمە..

لەوانەیە هەر تۆزێك سەرمام بوبێت. هیچی‌تر نییە. پرسیارم لێ کرد:

ــ قورگت ئەیەشێت؟

وتی:

ــ نا.

وتم:

ــ لووت تەڕە؟ ئەکۆکیت؟

وتی:

ــ نا. تەنها سکم ئەیەشێت.

هەر، کە وتی سکم ئێشت، پێش ئەوەی هیچ شتێك بکەم، خیرا پەیوەندیم بە پزیشکێکی هاوڕێی خۆمەوە کرد، کە دەمێك بوو ئەمناسی. ناوی دکتۆرە بێڤەرلی بوو پێیم وت:

ــ دکتۆرە گیان، ڕەنجی کوڕم لە پێش نیوەرۆی ئەمڕۆوە هەست بە ئازاری ناوسکی ئەکاتو تایەکی زۆریشی هەیە. چی لێبکەم باشە؟

دکتۆرە بیڤەرلی لەوەڵامدا وتی:

ــ هیچی لێ مەکە. بەڵام ئەگەر ئەتوانیت هەر ئێستا بۆ نەخۆشخانەی بهێنە، با پشکنینێکی بۆ بکەم بزانم چییەتی.

ڕەنج ئەو کاتە لەبەر زۆریی ئازاری ناوسکی، زۆر بەتوندی ڕێگری ئەکرد لەوەی، کە بۆ نەخۆشخانەی بەرم. بەڵام من بێ ئەوەی گوێ بە ویستی ئەو بدەم، زۆر بە پەلە گەیاندمە شوینی فریاکەوتن بۆ

لای دکتۆرە بێڤەرلی. کاتێك بردیانە ژوورەوە، لەگەڵ چەند پرستیارێك پشکنینیکی باشیان بۆ کرد. دوای کاتژمێرێك دکتۆرە بێڤەرلی بۆ لام هات. بە روویەکی تووڕەو نائارامییەوە وتی:

ـ خانم، وادیارە کوڕەکەت لەدەمێکەوە ئازاری هەیە! چۆن بەو جۆرە پشتگوێت خستووە؟ هەر ئێستا ئەبێت نەشتەر گەریی ریخۆڵە کوێرەی بۆ بکەین. ناتوانین چاوەڕێ بکەین. چونکە؛ زۆر نزیکە لەوەی بتەقێ! لەبەر ئەوە هەر ئێستا ئەیبەینە ژووری نەشتەرگەری. من خێرا وەك شێت لە جێی خۆم راپەڕیمو هەستامە سەر پێ. وتم:

ـ دکتۆرە گیان، ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت!. رەنج هیچ کاتێك ئازاری بەو جۆرەی نەبووە. ئەمە یەکەم جارە. بەڵام هەندێك جار خواردنی کەم ئەبووەوە دڵی تێکەڵ ئەهات. ئەمڕۆش وامزانی کوڕەکەم تەنها سەرمای بووە.

هەموو گیانم ئەلەرزی. خۆمم پێ راگیر نەئەکرا. نەمئەزانی چی بکەمو چی بڵێم!. ئەوانیش هەر چەندە ئەیانزانی، کە ئەبێت بەزووترین کات رەنج ببەنە ژوورەوە نەشتەرگەریەکەی بۆ بکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا چاوەڕێی ئەوەیان ئەکرد من رازیبوونی خۆم رابگەیەنم، لەو کاتەدا منیش ئەترسام بە تەنها بڕیاری بۆ بدەم بۆ نەشتەرگەری، لە هەمان کاتیشدا ژیانی کوڕەکەم لە مەترسیدا بوو! ئەمزانی هەر چرکەیەك نزیکی ئەکاتەوە لە ترسناکی.

کوتوپڕی ئەو هەواڵە ترسو دڵەڕاوکی زمانیـان لاڵ کردبووم لە هەموو وەڵامێك! تەنها فرمێسك بوو بە چاومدا ئەهاتە خوارێ. دکتۆرەکان دووا جار وتیـــان:

ـ ئیمە چاوەڕێی وەڵامی تۆ ناکەین. هەر ئیستا نەشتەر گەریی بۆ ئەکەین.

بە ترسێکی زۆرو دوودڵەکی زۆرەوە وتم:

ـ باشە. من رازیم. بەڵام؛ دکتۆرە گیان ئەڵێم جاری با پەیوەندی بە باوکییەوە بکەم. بزانم ئەو چی ئەڵێت!

دکتۆرە بێڤەرلی زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ ئەوە تۆ بە راستتە؟! من چاوەڕێی باوکی ناکەم، رازی بێت، یان نا. چونکە؛ کوڕەکەت ژیانی لە مەترسیدایە. تۆ خۆت هێناوتە بۆ نەخۆشخانە، ئەوەش وێنەو ئەنجامی پشکنینەکانێتی. ئەبێت ئێمە هەر ئێستا بە زوترین کات نەشتەرگەریی بۆ بکەین.

قسەکانی تەواو کرد، زۆر بە خێرایی رۆیشتن. منیان لە ژووری چاوەڕوانی بەجێهێشت.. دوای نیو کاتژمێر، یەکێك لە پرستیارەکان هاتە لام. وتی:

ـ دایکی رەنج، ئەزانم هێشتا بڕوا بەوە ناکەیت کوڕەکەت چەند پێویستی بە نەشتەرگەرییە! چونکە تۆ چاوەڕێی ئەو هەواڵە نەبوویت! تکایە خەمت نەبێت. ئێمە زۆر ئاگامان لە رەنجە. زۆری پێ ناچێت تەواو ئەبێت. تۆش خۆت دوودڵ مەکە.

من لە خەمی کوڕەکەم ئارامم لێ بڕابوو هەر وەکو شێت لە ناو ئەو نەخۆشخانەیدا هاتووچووم بوو. دووعام ئەکرد، لە خوا ئەپاڕامەوە، ئەموت:

ـ لە هەموو ژیانمدا تەنها ئەو تاقە کوڕەم هەیە. خوایە گیان خوای تاکو تەنها ئەو کوڕەم پی ببەخشیتەوە. لێمی نەستینی. خوایە گیان من ژیانم ناویت بە بێ کوڕەکەم، ئەگەر کوڕەکەم نەما، منیش بەریتەوە بۆ

خۆت. خوایە گیان کوڕەکەم هەموو خۆشیی منە، هەموو سەروەت‌و ماڵ‌و موڵکی دنیام هەر رەنجە. خوایە گیان، ئەو کوڕەم هێشتا مناڵە خێرو خۆشیی نەدیوە. پێمببەخشەوە. خوایە بیکە بۆ خاتری گەورەییەکەت لێم مەستێنە.

لە خوا ئەپاڕامەوەو ئەگریام. ئاگادار نەبووم شەوە، یان رۆژە. کات لای من راوەستابوو، دنیام لی ببوو بە شەوەزەنگ. زۆر گریام. زۆر پاڕامەوە. سەیری سەعاتەکەم ئەکرد زیاد لە دوو کاتژمێر تێپەڕی بوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر خولەکێکدا، من زیاتر شپرزەو دوودڵ ئەبووم. لە پڕێکدا یەکێك لە پەرستیارەکان هاتە ئەو ژوورەی، کە منی لێ دانیشتبووم. زۆر بە هیواشی بە دەم زەردەخەنەیەکەوە هاتە بەردەمم راوەستا. وتی:

ـ رۆشنا خانم، ئێستا ئەتوانیت سەردانی رەنج بکەیت. هەر ئێستا رەنج هۆشی هاتەوە داوای تۆی کرد. هەر وەکو لە خەوێکی زۆر ناخۆش بەخەبەر ببمەوە، داچڵەکیم. هەستامە سەر پێ، خێرا باوەشێکم پیادا کرد. وتم:

ـ چیی؟ بە راستە دە کوا ببە بۆ لای. ئۆخەی خوایە گیان لێت بە زیاد بێت.

من لەبەر خۆمەوە سوپاسی خوام ئەکرد بە کوردی، ئەویش هیچ تێنەئەگەیشیت هەر تەماشای ئەکردم، ئینجا کردمەوە بە زمانی ئینگلیزی وتم:

ـ ئێستا هۆشی بە خۆیەتی ئەتوانێت ببینێت؟

ئەویش بە دەم پێکەنینێکەوە وتی:

ـ بەڵێ.. بێگومان. خێرا ئەو پێشمکەوت. منیش بە دوایەوە بەرەو ژوورەکـەی، کە ڕەنجی لێ کەوتبوو، ڕۆیشتین. هەر، کە چوومە ژوورەوە بینیم، ڕەنج لە سەر جێگایەك ڕاکشا بوو. چاوەکانی داخستبوو. تۆزێك لێی نزیك بوومەوە. بە هێواشی بانگم کرد:

ـ ڕەنج... ڕەنج... گوێت لێمە؟ کوڕەکەم بەخەبەری؟ دڵەکەم ئازارت هەیە؟ قوربانت بم گوێت لێمە؟

ڕەنج بە هیواشی چاوی کردەوە. وتی:

ـ دایکە.. باشم هەر تۆزێك تینیومە، ئاوم بەرێ. دڵم زۆر خۆش بوو. کە زانیم کوڕەکەم هۆشی بە خۆیەتی، ئەو کاتە دڵنیا بووم لە ترسناکی نەشتەرگەریەکە ڕزگاری بووە. لەو کاتەدا ڕەنج ویستی هەڵبستێت، هەر داوای ئاوی ئەکرد. تۆزێکیتریش لێی چوومە پێشەوە. وتم:

ـ ڕەنج گیان قوربانی بم نابیت بجووڵێیت.

ڕەنج بە کزەیەکەوە وتی:

ـ دایکە، وەرە لامەوە پاڵ کەوە، بیرت ئەکەم. وا بزانم هیشتا بەنجەکە باش بەری نەدابوو، هەر هاواری ئاوی ئەکرد. زۆری تینیو بوو. بەڵام دکتۆرەکە هات سەردانی کرد. وتی:

ـ جارێ نابێت ئاو بخواتەوە تاکو ماوەیەکی کەم.

پاش کەمێك ڕەنج وتی:

ـ دایکە بە باوکم بڵێ بابێت بۆلام. وتم:

ـ باشە. هەر، ئێستا تەلەفۆنی بۆ ئەکەم خۆت قسەی لەگەڵ بکە.

ئەوەندەم نەزانی ڕێبوار وەك شێت خۆی بە ژوورەکـەدا کرد. باوەشی بە ڕەنجدا کرد. لە ژێرەوە سەیرێکی منی کرد. وتی:

ــ رۆشناچۆنی؟ بۆ زووتر پێت نەوتم؟

تەنها سەیرێکم کردو هیچ وەڵامم نەدایەوە. ئیتر وا بزانم خۆی لە وەڵامەکەم تێگەیشت. ئەو شەوە بێگومان لە نەخۆشخانە لای رەنج مامەوە. بەیانی زوو تەلەفۆنم بۆ رێبوار کرد. پێم وت:

ــ ئەگەر کاتت هەیە! ئەمرۆ وەرە بۆ لای رەنج، ئەگەر حەزت کرد، ئەتوانی شەویش لای بمێنیتەوە. رێبوار زۆری پێخۆش بوو. وتی:

ــ وەی بەسەرچاو. هەر ئێستا ئەگەمەلاتان. پێمبڵێ حەزتان بەچیە بۆتان بهێنم چیتان پێویستە.؟ وتم:

ــ هیچمان ناوێت. رەنج جارێ نابێت لەخواردنی شلەمەنی زیاتر هیچی‌تر بخوات. منیش بەگەیشتنی تۆ ئێرە جێدێڵم هەموو شتێکئشم لەخواردن وخواردنەوە بۆ خۆم هێنابوو سوپاست ئەکەم.

# ٥٤

ڕەنج دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە. دوای چەند ڕۆژیك توانی بۆ قوتابخانە بگەڕێتەوە. تا ڕادەیەك تەندروستی ئاسایی بووەوە. منیش بۆ سەرئیشیکەم گەڕامەوە. بێباك لەو کاتەدا بەکەمی نامەی بۆ ئەناردم، منیش پەریشانی باری نا دروستیی کوڕەکەم بووم، لە نزیکەوە چاوەدێریم ئەکرد، زۆر لە جاران زیاتر ئاگاداری بووم. هەموو ڕۆژێك ڕێبوار تەلەفۆنی ئەکرد، هەواڵی ڕەنجی ئەپرسی. هەندێك جاریش سەردانی ئەکرد، خواردنێك، کە ڕەنج بە دڵی بوایە بۆی ئەهێنا. بە تایبەت ئەو کاتانەی، کە من لە ماڵ نەبووم. بەڵام، کە ئەگەڕامەوە، ڕەنج هەموو شتێکی بۆ ئەگێڕامەوە. زۆرم پیخۆش بوو کاتێك هەستم ئەکرد ڕەنج دڵی خۆشەو خەریکە تەواو پەیوەندیی لەگەڵ باوکی پتەو ئەبێت. بەڵام پاش ماوەیەك بێباك نامەی نارد، هەواڵی ڕەنجی پرسی، منیش باسی ڕەنجم بۆ کردبوو، بێباك ئەیزانی ڕەنج گەورەترین هۆی ژیانی منە، ئاگادار بوو لەپەیوەندی دایکایەتی من  بۆ ڕەنج. بەڵام کاتێك، کە هەموو شت ئاسایی بووەوە، تەلەفۆنم بۆ بێباك کرد بۆ ئەوەی بزانم بۆ وا بێ دەنگە بۆ وەکو جاران نییە؟ من چاوەڕێم ئەکرد ئەو زیاتر لە جاران هەواڵ بپرسێت، بەڵام لە وەڵامدا وتی:

ـ بڵێم چی منیش کێشەم زۆرە، ژنە کۆنەکەم داوای پارە ئەکات، وەکو پێم زانیوە دەستکاریی پارەکانم ئەکات، هێشتا کارتی بانقم بەکارئەهێنێت!. بانقەکەم هیچی تیادا نەماوە. ئەم ماوەیە ئیشم زۆر کەم بوو. پارەشم هیچ نەماوە. سەری مانگیش نزیکە ئەبێت پارەی مناڵەکان بنێرم.

لەو قسانەی بێباك سەرسام بووم. چونكە، ئەوەی من ئەمزانی ئەوان دەمێك بوو جیاببوونەوە. هیچ شتێك لە نێوانیاندا نەمابوو. لەوەش گرنگتر ژنەكەی شووی كردبووەوە. واتە ژنەكەی لەگەڵ پیاوێكیتر ئەژیا. كەواتە بۆی نەبوو دەستكاری بانقی مێردی كۆنی بكات. بێباك بەمنی وتبوو، هیچ كات كێشەی پارەی نیە. منداڵەكانی لەئێستاوە پارەی خۆیان هەیە دوارۆژیان مسۆگەرە هیچ خەمێكی ئەوانی نیە. ئێستاش باسی بێ پارەیی وبێئیشی ئەكات. ئەمەش هێمایەكیتری لەپرسیار لای من دروست كرد؟.

ـ جارێكیان بێباك پێی وتم، كە ژنەكەی هەموو پارەو شتی بە نرخی ئەوی دیزوە بۆ خۆی. بەڵام ئەم لەبەر ئەوەی زۆر زیاتری پارە هەیە هیچ پێویستی بەوپارانە نەبوە. هەروەها لەبەر منداڵەكانیشی نایەوێت شكاتی لێ بكات، تاكوو دوارۆژ خەڵك پەنجەی خراپ وبێرەوشتی بۆ دایكی منداڵەكانی رانەكێشن. ئەوكاتە ئەوشتانە كارێكی وایــان كردبوو كە بێباك لای من كەسایەتیەكی بەرزو راست، شیرینی هەبێت. هەستم ئەكرد، كابرایەكی رەوشت بەرزو خاوەن هەڵوێستی مەردانەیە. دڵی فراوانە توانای لێبوردنی هەیە. ئەو جۆرە رەوشتانە لای من سیمای پیــاوی راستەقینە بوون. بەو جۆرە هەڵسوكەوتانەی كە رۆژانە بێباك بۆی باس ئەكردم ئەو لای من خۆشەویست ئەبوو. رێزی زیــاتر ئەبوو.

بەڵام ئەو رۆژە بێبــاك زۆر بە پیچەوانەی باسەكانی پێشووی شتی سەیری بە من ئەوت، كە بۆ یەكەم جار بوو من شتی وای لێ ببیستم. ئەوەش بۆ جارێكیتر گومانێكی زۆری لای من دروست كرد. دوای بیركردنەوەیەكی زۆر، بەسەرسوڕمانێكەوە وتم:

ـ باشە.. ئینجا ئەوە ئیستا بووە بە کیشەی نیوان منو تۆ؟ وەك تێبگەم تۆ داوای پارە ئەکەیت؟

وتی:

ـ نا.. گیانەکەم، نا... ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت. کێشەی تۆ نیئە. پارەی چی. بەڵام من بەو کێشەیەوە زۆر سەرقاڵم.

وتم:

ـ منیش ئەم چەند رۆژەی رابردوو خەریکی نەخۆشی باوکمو نەخۆشی رەنج بووم. زۆر خەفەتبارو نائارام بووم. بەڵام تۆم لە یاد نەکرد.

زۆر بە پەلە وتی:

ـ هیوادارم باشبیت. گیانەکەم من ئێستا میوانم هەیە. دوایی خۆم پەیوەندیت پێوە ئەکەم.

بەسەرسوڕمانێکەوە وتم:

ـ باشە، کاتێکی خۆش.

ئەو شەوە تاکو درەنگ من هەر چاوەڕوانم کرد. بەڵام هیچ دەنگی نەبوو. بەیانی، کە هەستام لە خەو، بینیم نامەیەکی ناردبوو داوای لیبوردنی ئەکرد. چونکە نەیتوانی تەلەفۆنم بۆ بکات. لەبەر ئەوەی میوانەکەی تاکو درەنگ لە ماڵی ئەو مابووەوە. منیش کاتێك ئەو نامەیەم خوێندەوە، تۆزێك بیرم لە قسەکانی کردەوە، کە ئەبێت ئەو میوانە کێ بوبێت کەبتوانێت تاکو ئەو کاتە درەنگە بمێنێتەوە، بەجۆریك نەتوانێت تەلەفۆن بۆ من بکات!؟ منیش بە کورتی بە نامەیەك وەڵامم دایەوە. نووسیم:

ـ زۆر ئاساییە. کەی کاتت هەبوو، تەلەفۆنم بۆ بکە.

ئەو ڕۆژە، کە لە ئیش بووم، بێباك هیچ دەنگوباسی نەبوو. دوایی، کە لە ئیش گەڕامەوە، زۆر بیرم ئەکردەوە، کە:

ــ ئەبێت بێباك ڕاست بکات دوێنێ شەو میوانی هەبوبیت؟ ئەی ئەبێت میوانەکەی کێ بووبێت؟ ئەی چۆن پێی نەوتم کێیە! خۆ ئەو هیچی لە من نەئەشاردەوە. ئێستا بۆ...؟ یان! لەوانەیە سەرەتای خۆدزینەوە بێت. لەوانەشە. چونکە ئەو هەموو جارێك بە منی ئەوت، هاوڕێی نزیکم نییە، ناچمە ماڵی کەس. کەسیش نایەت بۆ ماڵی من. ئەیوت، لەوەتەی لە ژنەکەی جیابۆتەوە، پەیوەندی لەگەڵ هەموو هاوڕێکانیشی بڕیوە. من هەموو کات بە قسەکانی ئەو بڕوام ئەکرد، من ئەمزانی، کە زۆر بە تەنها ئەژیا. هیچ هاوڕێیەکیشی نییە. بەڵام دوای ئەو تەلەفۆنە کە، وتی میوانم هەیە، ناتوانم قسە بکەم.

من کەوتمە دوودڵیو گومان کردن. ئیتر نەمئەزانی بڕوای پێ بکەم، یان نا؟ یان تاکو چی ئاستێك بڕوای پێ بکەم؟ ئەو ئێوارەیە لە ژوری چێشتخانەکەی خۆم خەریکی خواردن دروستکردن بووم. لە پڕێکدا تەلەفۆنەکەم زەنگی لێدا، کە سەیرم کرد بێباك بوو. منیش وەڵامم دایەوە، دوای چۆنیو چاکی، وتی:

ــ گیانەکەم؟ ئەوە خەریکی چیت؟

وتم:

ــ خەریکی خواردن دروستکردنم.

وتی:

ــ ئا..بەڕاست، ئەڵێ..م ئێ.. دە باشە.. کەواتە دوایی قسە ئەکەین.

وتم:

ــ ئەی بۆ تەلەفۆنت کرد؟! ئێستاش ئاساییە، ئەتوانی قسە بکەیت.

ئەو زۆر بەپەلە وتی:

ــ نا.. نا.. قەیناکە. منیش بەتەمای چوونە دەرەوەم. دوایی قسەت لەگەڵ ئەکەم.

هەر، کە هەستم کرد، ئەیەوێت بڕوات، بۆم دەرکەوت، کە هەوڵی خۆ دزینەوە ئەدات! منیش زۆر بە ئاسانی وتم:

ــ باشە.. هیچ کێشە نییە. خوات لەگەڵ.

تەلەفۆنەکەم داخستەوە. بەڵام بە هیچ شیوەیەك بڕوام بە قسەکەی نەکرد.

# ٥٥

زۆرم بیر ئەکردەوە. پرسیارم لە خۆم ئەکرد:

ــ ئەبێت چی هۆیەك هەبێت پاڵی بە بێباکەوە نابێت تاکو خۆی لەمن بدزێتەوە؟

تەنها هۆیەك، کە منی لە بێباك بێ ئاگا کرد، بۆ ماوەی چەند رۆژێکی کەم نەخۆشیەکەی رەنجی کوڕم بوو. رەنج لەو کاتەدا لە هەموو کەسێك زیاتر پێویستی بە من بوو. بێگومان رەنجیش لە سەروو هەموو کەسێکەوەیە، رەنج لە ژیانما یەکەم کەسە. هیچ هۆیەکی تر نەبوو جگە لەرەنج من هیچ شتێکیترم بە خەیاڵدا نەئەهات، کە ببێتە هۆیەك بۆ خۆ دزینەوەی بێباك. لە هەمان کاتدا ئەو خۆشەویستیەی کە ئەو باسی لێدەکرد بە هیچ جۆرێك لەو بڕوایەدا نەبووم کۆتایی پێبێت، ئەگەر هۆکارەکانیش چەند بە هێز بن. بیرم ئەکردەوە کەواتە ئەگەر کەسێك لەکاتێکی بەوجۆرە ناهەموارەدا بیەوێت خۆی بدزێتەوە، ئەبێت چۆن مرۆڤێك بێت!.

ئەو شەوەش هەروەك هەموو شەوانێکی ئاسایی منو رەنج نانی ئێوارەمان خوارد. ئینجا بۆ ماوەیەك بە یەکەوە بە دەرسەکانیدا چووینەوە، ئەو دەرسانەی، کە کاتی نەخۆشیەکەی خەریك بوو بە سەریدا تیئەپەڕی. بەدەم قسەکردنو پێکەنین هەموویمان تەواو کرد. هەتاکو کاتی خەوتنمان هات. رەنج رۆیشتە ژووری خۆیو شەوباشمان کرد. منیش بەرەو ژوورەکەی خۆم رۆیشتم دیسانەوە تەلەفۆنەکەم جەرەسی لێیدا، نەمویست وەڵامی بدەمەوە. تەلەفۆنەکەم

بەردەوام جەڕەسی لێئەدا. تووڕە بووم. هەستم ئەکرد بێباك شتێکم لێ ئەشارێتەوە. بەڵام ئەگەر قسەی لەگەڵ نەکەم، نازانم چییە! هەر لەو خەیاڵەدا بووم لە ئەگەرو نەگەری ئەوەدا بووم، کە پێویست ئەکات وەڵام بدەمەوە، یان نا. تەلەفۆنەکەم بێدەنگ بوو. سەیری سەعاتەکەم کرد، کات درەنگ بوو. بەڵام هەموو کات لەبەر سەرقاڵیی ژیانی خۆم لەو کاتەدا خەوم لێ نەدەکەوت، بۆیە کاتێك چوومە ناو جێگاکەم، بڕیـارمدا پەیوەندی بە ناسکی هاوڕێمەوە بکەم. زۆری نەبرد بێباك بۆ جاری سێهەم تەلەفۆنی کردەوە. زۆر بە ساردی وەڵامم دایەوە. وتم:

ــ بەڵێ فەرموو.. هەر چەندە تووڕەو دوودڵ بووم، بەڵام نەمهیشت هیچم پێوە دیار بێت.

وتی:

ــ گیانەکەم پێشەکی داوای لێبووردنت لێ ئەکەم، ماوەیەکە لێت دوورم، چونکە هەندێك ئیشم هەیە ئەمەویت تەواویان بکەم.

وتم:

ــ بێباك؟ پێویست ناکات داوای لێبووردن بکەیت. ئەگەر ئەوەندە ئیشت زۆرەو توانای هەواڵپرسینت نییە، پێویست ناکات زۆر لە خۆت بکەیت. هەر وەك ئەیزانیت منیش زۆر سەرقاڵم. بەڵام ئەوەنەی من بزانم پێش چەند هەفتەیەك، من هەموو کەسو هاوڕێو خۆشەویستو تەنانەت پەرستگای تۆ بووم.! ئەی نازانم چۆن وا.. لەپڕ، ئێستا، کاتت نییە! شتی نهێنیو میوانو چوونەدەرەوەت هەیە. من لەمە تێناگەم. ئێستاش گلەییت لێناکەم. بەڵام یەك داواکاریم هەیە؛ ئەویش ئەوەیە «یـاری بە ئەقڵی من مەکە!» ئەگەر ئیتر پێویستیت بە قسەکردن نەماوە لەگەڵ من، یـان کەسیکیتر لە ژیانتا

هەیە، باشترە پێم بڵێیت. ئێمە هاوڕێی یەکترین. هیچ پێویست بەخۆ دزینەوە ناکات. ئێمە مناڵ نین. ئەگەر تۆ کاتی بێئیشیت زۆرە، حەزت بەیاریکردنە، من کاتم نییە. حەزیشم بە گاڵتەو یاریکردن نییە. ژیان لای من زۆر لەوە گرنگترە. هەستی مرۆڤەکانیش لای من زۆر لەوە بەنرخترە. لەبەر ئەوە تکات لێ ئەکەم راستگۆبە، هەر وەکو من چۆن لەگەڵتا راستگۆم. ئەوەتا ئەو قسە رەقانەت پێئەڵێم، چونکە بڕوام بە راستی خۆمە. هیوادارم تۆش وابیت. بێباك زۆر بەدەنگێکی بەرزو تووڕەیەکەوە وتی:

ــ ئەوە چییە ئەو قسانە؟ من نازانم تۆ باسی چی ئەکەیت. تۆ تەنها کەسێکیت لە ژیانمدا، تۆ خۆشەویستی هەموو ژیانمی، من تۆم ئەویت هەتا مردن. تۆ تەنها بۆ منیت، منیش بۆ تۆ. تکایە جارێکی کە ئەو قسانە مەکە. حەز ناکەم هەرگیز گوێم لەم جۆرە قسانە بێت. بێباك تەواو خۆی تووڕەکردبوو، زۆرم سەیر لێهات لەو هەڵچوونەی کە، بەو شێوەیە بەو خێراییە وەڵامی ئەدامەوە، بۆ چەند چرکەیەك وەستام. هیچ قسەیەکی پێنەهێشتم. هەر، وەکو هەموو جارێکیتر هەر، کاتێك گلەییم لێ ئەکرد، ئەو بە جۆرێك وەڵامی ئەدامەوە وای لێ ئەکرم پەشیمان ببمەوە بە تەواوی گومانم ئەبڕی. دیسانەوە تووشی پرسیاری جۆراو جۆری ئەکردمەوە. هەر، ئەو کاتە هێواش بوومەوە لە دڵی خۆمدا وتم، وا دیارە من هەڵەم. خێرا پەشیمان بوومەوە. وتم:

ــ بێباك تۆ بەڕاستی ئەم قسانە ئەکەیت؟ ئەی بۆ هەست ئەکەم تۆ هەفتەیەکە دوریت. دە پێم بڵێ کێشەکانت چین. با وەکو جاران پێکەوە بــاسی بکەین، رێو شوینان بۆ دانێین. تۆ تەنها هەفتەیەك پێش ئێستا

هەموو شتێکت بە من ئەوت، بەقسەی خۆت هیچم لێ ناشاریتەوە، ئێستا نازانم چی رویداوە! چی گۆڕاوە؟ ماوەیەکە من زۆر بە جیاواز ئەتبینم.. جاران تۆ کەسێکی‌تر بویت! بێباك وەکوو بیەوێت من ئارام بکاتەوە لە شتێك تا ئەو کاتە من نەمئەزانی چییە.

وتی:

ـ گیانەکەم، تۆ ژیانی خۆت پڕە لە کێشەی جۆراوجۆر، من نامەوێت ئەوەندەی‌تر بە کێشەو گرفتەکانی خۆم ماندوت بکەم.

وتم:

ـ بەڕاست! تازە ئەزانیت من کێشەم هەیە؟ ئەی جاران واتئەزانی من لە بەهەشتا ئەژیم؟ لەگەڵ ئەوەشدا تۆ کاتێك باسی خۆتت بۆ ئەکردم، ئەو کاتە کیشەکانم ئەگەر لە کێشەی تۆ زیاتر نەبوویێت، کەمتریش نەبوون! من هەموو کات وەکو ژنێکی تەنهاو بێکەس لە وڵاتی غەریبی دوور لە کەسوکار زیاترینی کێشەم هەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێك پشتم نەکردۆتە کەسێك ئەگەر پێویستی بە من بوویێت. مرۆیی خۆمم هەرگیز لە دەست نەداوە. وا بزانم تۆش لە ماوەی رابردودا زۆر بە باشی شارەزای من بوویت.. کێشە بەردەوامە، خۆ ئیتر ئێمە نابێت واز لە ژیـانی خۆمان بهێنین. ژیان خۆی قورسە. من ئێستا تا رادەیەکی زۆر ئاسوودەو دڵخۆشم بە تایبەتی، کە کوڕەکەم ئەبینم دڵی خۆشە. تۆش لە ژیانمدا کەسێکی گرنگیت. لەوەتەی تۆم ناسیوە ژیانم گۆڕاوە. بێباك نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم خێرا وتی:

ـ بۆ گۆڕاوە چۆن گۆڕاوە؟

وتم:

ـ خۆت ئەزانی!

وتی:

ـ نا.. نازانم. خۆ تۆ هیچ ناڵێیت.

وتم:

ـ بەڵێ چاك ئەزانیت، بۆ خۆت گێل ئەكەیت؟ هەر چۆنێك بێت، ئیتر پێویست بە باسكردن ناكات. تۆش وەك خۆت ئەڵێیت سەرقاڵی ژیانی خۆتی. بێباك هەر پێڕاگر بوو لە سەر ئەوەی، كە من ژیانم چۆن گۆڕاوە. ئەبێت بۆی باس بكەم. منیش كەمێك بیرم كردەوە بە دەنگێكی لە سەرخۆ كەمێك دوودڵی وتم:

ـ من چەند ساڵێكە وشەی خۆشەویستیم لە دڵمو مێشكمو ناخم دەرهێنابوو. بەڵام، تۆ بوویتە هۆكارێك من جارێكیتر بیری لێبكەمەوە، دەمێك بوو ئەو هەستانە لای من مردبوون. تۆ بۆجارێكیتر زیندووت كردنەوە. تۆ بڕوات بە من دروست كردەوە، كە هێشتا كەسانێك هەن وەفاو دڵسۆزیان تیاماوە. هێشتا، كەسانێك هەن پاكو ناخ زیندوون، لە خۆشەویستی تێدەگەن. هەرچەند تۆ پێم ئەڵێت من خۆشم ئەوێیت بێ ئەوەی گوێبدەمە ئەوەی لە چی ئەچیت، تەنها لەبەر ئەوەی كەسایەتی منت بە دڵە، بیر لە مرۆڤایەتی ئەكەیتەوە، بیر لە ناواخنی مرۆڤ ئەكەیتەوە، نەك لە رواڵەت. لەبەر ئەم هۆیانە منیش هەست ئەكەم رۆژ بە رۆژ هەستم بۆت لە زیادبووندایە. حەز ئەكەم بتبینم، ئەمەوێت زۆر لە نزیكەوە بتناسم، ئەمەوێت هەموو گومانەكانم برەوێنەوە، ئەمەوێت ببین بە دووكەسی عاشقی راسەقینە، یەك دڵ، یەك هەست بین. بۆ یەك بژین. تۆ ناخی منت ناسی، زانیت من چۆن كەسێكم، منیش هەر بەو جۆرە.

راستە ڕەنجی کورم بە هەموو گەنجی دنیا ناگۆڕمەوە، ئێستا تۆش لە ژیانما کەسێکی گرنگیت. تۆ بوویتە هۆیەك، کە من پەشیمان بم لە بڕوا نەکردنم بە خۆشەویستی، بە تایبەت خۆشەویستیەك، کە بەو جۆرە لە سەر ئنترنێت دروست بێت، ناسینێك، کە لە سەر فەیسبووكو ماسنجەر بێت.! تۆ وات لێکردم بۆ جاریکیتر هیوام بە ژیان گەشبیتەوە، من ئەمەویت بڕوا بە هەموو وشەیەکت بکەم، کە پێت وتووم. بەڵام نازانم چۆن. نامەوێت دوودڵ بم. خۆشەویستی زۆر گرنگە ئەگەر هەبێت، بەڵام زۆر گەورەیە ئەگەر ڕاست بێت. لە هەمان کاتدا نابێت دوودڵ بین، چونکە خۆشەویستی لە دوودڵیدا ناژی. هیچ نەبێت لای من بەم جۆرەیە.

بێباك زۆر بە بێدەنگی گوێی گرتبوو، هەموو کاتەکە قسەی پێنەبڕیم، هەستم ئەکرد بیر لە قسەکانم ئەکاتەوە، لە پڕێکا وتی:

ــ گیانەکەم، زۆرم پێ خوشبوو، کە گوێم لەم قسانەت بوو. بەخوا منیش تەنها تۆم خۆش ئەویت، بڕوام پێبکە. هەرگیز دوودڵ مەبە.

وتم:

ــ ئەمەویت خۆشەویستیی هەردووکمان لە دڵەوە بێت. نەك تەنها قسەی سەرزارەکیو کات بەسەربردن بێت. لەوە ئەترسم خۆشەویستی تۆ بۆ من لە کاتێکی نا ئارامیدا دروست بووبێت، کە تۆ پێویستیت بە من بوویت، وەکو هاوڕێیەك، کە یارمەتیت بدەم. زۆر ئەترسم کاتێك هەستت کرد تەواو، ئارام بوویت، ئیتر من لەژیانتا ئامێریکی زیادە بم. ئەوسا خۆت دوورەخەیتەوە. نەك هەر ئەوەش لەوانەیە خەتاباریشم کەیت. هەر چەندە سەرەتا من زۆر بەرگریم لە خۆشەویستەکەی تۆ کرد. بەڵام ئێستا پێموتیت زۆر بیرت لێ ئەکەمەوە هەستت پێئەکەم.

بێباك وتی:

ـ ئەوە تۆ بە راستە ئەو قسانە ئەکەیت؟ من پێم وتیت تۆ هەموو ژیانی منیت. هیچ کەسێکیتر جگە لە تۆ لە ژیانی مندا نییەو ناشبێت. نازانم لەوە زیاتر چۆن بۆت باس بکەم؟ تکات لێ ئەکەم ئیتر ئەو قسانە مەکەرەوە. پێم ناخۆشە، حەز ناکەم بەو جۆرە بیر لە من بکەیتەوە، نازانم بۆچی وا ئەڵێیت؟

وتم:

ـ چونکە هەست ئەکەم تۆ وەکو جاران نیت. هەست ئەکەم گۆڕاویت. کاتێك من هەست بە خۆشەویستی تۆ ئەکەم، لە هەمان کاتدا هەست بە دوودڵیو ترس ئەکەم. ئەوەش کارەساتە، ئێمە دوو کەسین نە تەمەنمان، نە ئەزموونی ژیـــانمان ڕێگەی ئەوەمان پێئەدات کە، هەڵەو کرداری ناشرین بەرامبەر یەکتر بکەین.

بێباك وتی:

ـ دڵە گیـــان.. توخوا ئەو قسانە مەکە. من سویندم بۆ خواردی ئیترلەوە زیاتر چیت پی بڵێم؟

وتم:

ـ باشە.. من ئیتر هیچ ناڵێم. بەڵام، ئەگەر ناپاکیم لەگەڵ بکەیت، بڕوا بکە وازت لێناهینم هەتاکو ڕاستی ئەدۆزمەوە. ئەو شەوە کۆتاییمان بە قسەکردن هینا. بەڵام من ئەو شەوەش نەمزانی خەو چییە، ئەوەندە دوودڵو نا ئارام بووم.

# ٥٦

یەك هەفتە مابوو، کە بڕۆم بۆ لای بێباك بۆ ئەوەی یەکتری ببینین. من بلیتی تەیــارەم بڕیبوو. بەڵام لە بێباکم شاردەوە. حەزم ئەکرد بۆی بکەم بە سەرپرایس. بەتایبەت، کە بڕیارم دابوو لە ماڵی هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم، کە لە شارەکەی ئەو ئەژیا بمێنمەوە. بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیارمدا چەند ڕۆژێك پێش ڕۆیشتنم ئاگاداری بکەم .

## ٥٧

ڕۆژی دوایی، کە لە خەو هەستام، خۆم ئامادە ئەکرد بۆ ئیش بڕۆم. بێباك نامەیەکی بۆ ناردم تیایدا ئەیوت (دڵەکەم ئەمڕۆ ئەگەر دەنگم نەبوو، ئەوە بزانە بۆ لای منداڵەکانم ئەرۆم، دواییش ئەچم بۆ سەیری خانووی تازە.) چەند گوڵێكو دڵێکی بۆ ناردبووم. منیش وەڵامم دایەوە، کە زۆر دڵخۆش ئەبم، ئەگەر ئەو لەگەڵ مناڵەکانیدا کاتییێکی خۆش بەسەر بەرێ. ئەو ڕۆژەش دەنگی نەبوو. کاتێك لە ئیش ئەگەڕامەوە بیری ئەو ڕۆژانەم ئەکەوتەوە، کە هێشتا لە ئیش بووم، بیست نامەی بۆ ئەناردم، لە هەموو نامەیەکدا سوێندی ئەخوارد چەندی خۆشئەوێم، ئینجا کاتێك لە ئیش ئەگەڕامەوە تا ئەگەیشتمە ماڵەوە سێ جار تەلەفۆنی بۆ ئەکردم، هەموو جارێك پێم ئەوت، ئەمە دڵداری هەرزەکارانەیە. ئەویش پێئەکەنی ئەیوت، جا چیبکەم گیانەکەم بە دەست خۆم نییە شێتت بووم. ئێستاش ڕۆژانە دوو بۆ سێ نامە ئەنێریت، یان هەر ناینێرێت. کە پرسیاریشی لێ ئەکەم ئەڵێت بە خوا زۆر مەشغوولم، کاتم نییە، یان ئەڵێت نەخۆشم.. ئەو ڕۆژە هەتاکو گەیشتمە ماڵەوە من هەرلەو خەیاڵانەدا بووم، هەستم ئەکرد شتێك گۆڕراوە!. بەڵام، کە پرسیـــارم لێ ئەکرد ئەیکردم بە کێوا، زۆر بە توندی نکوڵی لێ ئەکرد. دوایی ئەکەوتەوە سوێند خواردن، کە تەنها منی خۆشئەوێت.

# ٥٨

کات نزیکی هەشتی شەو بوو کە، بێباك تەلەفۆنیکی بۆ کردم. من ئەو کاتە  نەم توانی وەڵامی بدەمەوە چونکە لەگەڵ ڕەنج خەریکی وانە خویندن بووم. لە وانەیەکی تازەیدا یارمەتیم ئەدا، هەرچەندە بۆ منیش زۆر ئاسان نەبوو. بەڵام ئەوەی لێی تیگەیشتم بۆم شی کردەوە. زۆری نەبرد تەلەفۆنم کردەوە بۆبێباك. وتم:

ـ ببورە کەمێك لەگەڵ ڕەنج مەشغووڵ بووم. لەو کاتەدا بێباك نەیهیشت قسەکەم تەواو بکەم زۆر بە پەلە وەڵامی دامەوە. وتی:

ـ گیانەکەم، زۆر ئاساییە، منیش بەتەمابووم پێت بڵێم، ئەمشەو لەگەڵ هاوڕێیەکم ئەچمە دەرەوە!

دیسانەوە هەستم بەشتێکی سەیر کرد، زانیم درۆم لەگەڵ ئەکات. بەڵام زۆر بە هێمنی پێیم وت:

ـ باشە، کاتێکی خۆش، خوات لەگەڵ. تەلەفۆنەکەم داخستەوە. دیسانەوە قسەکەیم بیرکەوتەوە، کە هەر زوو پێی وتم، ئەو هیچ هاوڕێیەکی نییە. نە ژن. نە پیاو. ئێستاش ئەمە بۆ دووەم جارە ئەڵێت، ئەچمە دەرەوە. ئاخۆ لەگەڵ کێ بچێتە دەرەوە؟ تۆ بڵێی ڕاست بکات؟ یان ئەیەوێت من تاقی بکاتەوە. باشە بۆ درۆم لەگەڵ ئەکات؟ یان بۆ تاقیم ئەکاتەوە؟ وەڵا سەیرە! دوێنێ شەو ئەو هەموو سوێند خواردنە! ئەم شەویش چاك پولی پێوەنام. بە هەر حاڵ با بزانم بە چی ئەگات، خۆ ئەگەر درۆ بکات، دەرئەکەوێت پەتی درۆ کورتە. لە لایەکیتریش خۆی ئەیوت، ئەوەندە سەرقاڵی

ئیشەکەیەتی کاتی هاوڕیەتی نییە! کاتێکیش ئەگەڕیتەوە ماڵەوە ئەوەندە هیلاکە ناتوانیت بڕواتە دەرەوە، لەوەش زیاتر کاتژمێر هەشتی شەو لە هەموو ئەوروپا هەموو شوێنێك دائەخرێت، بە تایبەت ئەگەر شەوی هەینیو شەوی شەممە نەبێت. کەواتە ئەبێت بێباك بۆ کویێ رۆیشتبێت!؟ ئەمەو زۆر پرسیـــاریتریش بە میشکمدا ئەهاتنو ئەچوون؟ من دڵم لە بێباك پیس نەبوو. بەڵام ئەو هەوڵی ئەدا من بخاتە گومانەوە! نازانم مەبەستی چی بوو لەو کاتەدا بۆ وای ئەکرد. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیـــارم دا کە بە هیچ جۆرێك ئیتر وەڵامی نامەو تەلەفۆنی نەدەمەوە. پێش ئەوەی زیاتر درۆم بۆ بکات وئازار بە دڵم بگەیەنێت کۆتایی بە هەموو شتیك بهێنم.

## ٥٩

هەر ئەو شەوە کەمێك زوتر لەجاران چوومە سەرجێگاکەم خەریك بووم بۆ خەوتن ئامادە دەبووم، تەلەفۆنەکەم زەنگێکی لیوە هات، ویستم وەڵام نەدەمەوە. بەڵام کە زانیم جوانەی هاورێمە خیرا وەڵامم دایەوە.

ــ فەرموو جوجە گیــان هەواڵت؟

وتی:

ــ رۆشنا گیان، باشم.. هەر وا ئەبێت!

وتم:

ــ بۆ؟ چی بوە دیسان؟ هەروا ئەبێت مانای ئەوەیە شتێك رووی داوە؟

جوانە پێکەنی. وتی:

ــ ئەریَ.. بــاشە ئەوە بۆ تۆ درەنگ نییە؟ ئەزانم تۆ زوو ئەخەویت. بەیانی بۆ ئیش ئەرۆیت.

وتم:

ــ تۆ خەمی منت نەبێت. چیت پێیە هەڵی رێژە.. ئیستا درەنگ ئەخەوم وەکوو جاران نیم.

جوانە وتی:

ــ بۆ؟ ئەوە لە کەیەوە؟

وتم:

ــ تۆ جاریَ واز لە من بهێنە پێم بڵیَ تۆ چۆنیت؟ رێکەوتیتەوە لەگەڵ کابرا؟ جوانە بە دەم پیکەنینەوە وتی:

ـ کابرا کیە؟

وتم:

ـ نازانم، خۆشەویستەکەت. بارام بەگ.

جوانە جارێکی‌تر بە دەم پێکەنینێکەوە وتی:

ـ کێ؟ کێ بەگ؟ هاهاهاها دەبا بۆتی باسکەم ئەو بەگە چی دەرچوو!

وتم:

ـ ئادەی توخوا خێرا بۆم باسکە. چی دەرچوو. ئیستا شتێکی کە دەرچوو؟

جوانە هەر پێئەکەنی وتی:

ـ رۆشناگیان ئەگەر کاتم بەیتێ ئێستا هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم.

وتم:

ـ فەرموو.. من گوێئەگرم، تۆش هەمووی باسکە، خەمت نەبێت. من جارێ کاتی خەوم نەهاتوە.

جوانە وتی

ـ زۆر باشە، بیرتە کە بۆم باسکردیت بارام وتی، ئێستا ناتوانیت هاوسەرگیری بکات!. ئامادە نییە!.بیرتە؟ وتم:

ـ بەڵێ باشم بیرە. ئەی ئێستا ئەڵێ چی؟ جوانە وتی:

ـ کەچی لە هەمان کاتیشدا ئەیویست پەیوەندیەکەمان هەربمێنێت!. بەڵکو زیاتر حەزی ئەکرد، یەکتری ببینین. هەتاکو کاتیکی باش‌و گونجاو ئەدۆزیتەوە ئەوسا مارەم ئەکات. پاش مارەکردن، هەموو ئیش‌و کارەکانی بۆ لای من ئەگوێزێتەوە. تاکو بە یەکەوە بژین.

هەروەها بە نیازیشە خانویەکم بۆ بکڕێت. جگە لەوەش، بڕیاریشی داوە، کە ئیشیکی سەربەخۆ بۆ من دابمەزرینێت. بۆ دروومانو دیزاینی جلو بەرگ.

وتم:

ــ ئێ.. بە خوا زۆر چاکە!. منیش بە دڵمە. ئەمە تا ئیستا عەیبی نییە.

جوانە ئەمجارە زۆر بە قایمی پیکەنی، وتی:

ــ رۆشناگیان، تۆ جاران زۆر زیرەك بوویت، ئیستا چیتە؟

منیش پێکەنیم. وتم:

ــ بۆ؟ قەت ناشێ ئەوە هەمووی خەو بوویێت. نەڵێی درۆ بوو!.

جوانە زۆر پێکەنی. ئینجا کەمێك بێدەنگ بوو، بەڵام من هێشتا چاوەڕێی وەڵامم ئەکرد. لەوکاتەیا جوانە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. پاشان وتی:

ــ رۆشناگیان، کاتێك، کە جەنابی کاك بارام ئەو تەگبیرەی لەگەڵ من ئەکرد. من بە هەموو دڵو بیرو هۆشمەوە بڕوام پێ کردبوو، هەموو وشەیەکی ئەو لای من پەیمانێك بوو، بەجۆرێك بڕوام پێی کردبوو، هیچ قسەیەکم پێ دووبارە نەدەکردەوە، ئەزانی بۆ؟ چونکە خۆم هەموو وشەیەکم بۆ بارام پەیمانێکو بەڵێنێك بوو. هەر بەوشێوەیەش بڕوام بەو کردبوو. هەرگیز بە خەیاڵی مندا نەدەهات ئەو رۆژێك لە رۆژان ئەمە بە من بکات. پێش دووهەفتە چەند جارێك ژمارەیەکی نەناسراو پەیوەندی پێوە کردم، منیش هەر وەڵامم نەدایەوە، تا رۆژێکیان بەخۆم وت، ئەم ژمارەیە زۆر دووبارە ئەبێتەوە دەبا وەڵامی بدەمەوە بزانم کێیە. کاتێك وەڵامم دایەوە ژنێکی کورد بوو، دوای چۆنی وچاکی زۆر بەگەرمی هەواڵپرسین. پرسیارم لێکرد، بەرێزت کێی چونکە

من دەنگت ناناسمەوە؟ ئەویش پێکەنی وتی، بەڵێ ئەمە یەکەم جارە ئێمە قسەبکەین، هەر ئەمەوێت هەندێك پرسیارت لێبکەم. منیش زۆر سەرسام بووم. وتم، ئینجا، کە من نەت ناسم چۆن وەڵامی پرسیارت ئەدەمەوە ئەی نابێت خۆت بناسێنیت؟! تۆ کێیت؟ وا دیارە تۆ من ئەناسیت!. ژنەکە کەمێك وەستا، ئینجا ناوی خۆی پێ وتم، (ئاڵا خان) ناوی ئاڵا بوو. دوایی لێی پرسیم، کە ئەگەر بە نیازی شووکردنم!؟

منیش پێکەنیم وتم:

ــ دیارە زاوایەکی باشت بۆ من هەیە!

لەوەڵامدا وتی:

ــ گوایە منی ئەوێت بۆ برایەکی خۆی، براکەی من ئەناسیت. کاتی خۆی لە زانکۆ بە یەکەوە بووین. کە پرسیارم لێکرد کێیە؟ من براکەی ئەوم نەناسی. هەر زوو لێی کەوتمە گومانەوە کە ئەم ژنە راست ناکات، مەبەستی شتێکی‌ترە! ویستم کۆتایی بە پەیوەندیەکە بهێنم. بەڵام، ئەو ناوی بارامی برد.! دواتر کەوتە پرسیارکردن لە بارەی بارامەوە!. من ئیتر وەڵامی پرسیارەکانیم نەدایەوە. خواحافیزیم لێکرد.

وتم:

ــ ئێ؟ تۆ هیچ پرسیارت نەکرد؟ ئەو چی لەتۆ ئەویست؟

جوانە وتی:

ــ پێم نەوتی پرسیارم لێکرد، ئەو وتی، منی ئەوێت بۆ براکەی! منیش زانیم راست ناکات، کۆتاییم بە پەیوەندیەکە هێنا. هەر، دوای دوو خولەك دیسان پەیوەندی کردەوە وتی، تکایە جوانە خان ئەو تەلەفۆنە دامەخەرەوە من ئەمەوێت شتێکت لەگەڵ باس بکەم، لەوانەیە سوودی تۆی تیابێت، مۆڵەتم بە با قسەت بۆبکەم. هەرکە، ئەوقسەیەی کرد،

هەستم کرد ئەم ژنە پەیوەندیی بە بارامەوە هەیە، دڵم خورپەیەکی کرد.

وتم:

ــ نازانم تۆ ئێستا چیت لە من ئەوێت!؟

کەچی ئەویش خێرا وتی:

ــ نازانم تۆ چیت لە ئێمە ئەوێت؟

وتم:

ــ ئێوە کێن؟

وتی:

ــ ئەگەر یەکتر ببینین، هەموو شتێکت بۆ روون ئەبێتەوە.

پێی وتم:

ــ ئەیەوێت لە شوێنێك بمبینێت، هەواڵی گرنگی بۆ من پێیە.

وتم:

ــ باشە جوانە گیان بڕوات بەو ژنە کرد؟ رۆیشتیت بۆ بینینی؟

جوانە وتی:

ــ بەڵێ بڕوام پێ کرد. چونکە وەك ئەزانیت بارام لەوە پێش درۆی لەگەڵ کردبوم. ئەمزانی شتە راستەکان کاتیان هاتووە کە، ئیتر ئەبێت دەرکەون. منیش زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕێیم ئەکردن. هەربۆیە دەستنیشانی شوێنێکم کرد، بۆئەوەی بچین یەکتری ببینین، بەمەرجێك ئەبێت خوشکەکەشم لەگەڵماندا دابنیشێت. دوای دوو رۆژ ئاڵا خانم بینی. بەڵام سوێندی دام کە بەهیچ جۆرێك لای کەس ناوی نەبەم! بەتایبەت بارام بەگ.

وتم:

ـ باشه ئەو ئاڵاخانه له چی ئەترسا؟ ئەی بۆ هات؟

جوانه وتی:

ـ ئاڵا ویستی روو به روو من ببینیت، ئینجا قسەم بۆ بکات. سەرەتا پرسیاری لێ کردم، چۆن من بارامم ناسی؟

وتم:

ـ باشه بۆ باسی بارامی لێ پرسیت؟ ئەی ئەو داوای تۆی کرد بۆ براکەی وانیه ؟ یان من هەڵه تێگەیشتم.

جوانه وتی:

ـ بەڵێ ویستی بەو جۆره خۆی به من بناسێنی تاکو خۆی نزیك بکاتەوه، ئەنجا که زانی من بڕوام بەو قسانه نییه. ئیتر باسی بارامی لێ پرسیم.! بەڵام من هەر، له زووەوه گومانم لەو ژنه هەبوو. بۆیه هیچی راستم پی نەوت.

وتم:

ـ بۆچی وتی ئیوه؟! مەبەستی کێ بوو؟

جوانه به دەم نیوه گریانو نیوه پیکەنینەوه وتی:

ـ رۆشناگیان ئەزانی ئەو ژنه کێ بوو؟!

وتم:

ـ دڵم شەقی برد. دەبیڵێ.. کێ بوو؟

لەو کاتەدا جوانه هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. وتی:

ـ ئەو ژنه خێزانی خۆشەویستەکەی من بوو، که ناوی بارامه.

به دەنگێکی کەمێك بەرز هاوارم کرد. وتم:

ـ چیبی؟! ئەوه تۆ باسی چی ئەکەیت؟! ژنی چی! ئەوه به راسته؟! ئەی تۆ نەتوت بارامو ژنەکەی زۆر دەمێکه جیابوونەتەوه؟!

جوانە کەمێك بێدەنگ بوو، ئینجا بە قورگێکی پڕ لە خەم لەسەر خۆ وتی:

ـ بەڵێ رۆشنا گیان، سەرەتای پەیوەندیەکەمان بارام سوێندی بۆ خواردم، کە زیاتر لە چوار ساڵە لە ژنەکەی جیابوونەتەوە. هیچ پەیوەندییەك لە نیوانیاندا نەماوە. زیاتر لە حەوت ساڵ ئەبوو، هیچ پەیوەندیەکی ژنو مێردایەتییان لە نێواندا نەمابوو.

لەو کاتەدا بە جۆرێك سەرسام بووم، دەمم داچەقی بوو هیچم بۆ نەئەوترا، تەنها گوێم لە قسەکانی ئەو داماوی بیچارەیە ئەگرت، بیرم لە درۆو ناپاکی بارام ئەکردەوە. لە هەمان کاتیشدا خەیـالم بۆ لای بێباك رۆیشت. ئەبێ ئەو چەند راستی بە من وتبێت!؟ ئاخۆ ئەمشەو راستی کردبێت، کە چۆتە دەرەوە، یان هەر پاڵێك بوو بۆ ئەوەی لێی دوورکەومەوە؟! چیرۆکەکەی جوانە زۆر خەمبارو سەرسامی کردم. بە هەموو توانامەوە هەوڵم ئەدا ئارامی بکەمەوە. پێم وت:

ـ جوانە گیان دڵگران مەبە، تۆ تەنها ئافرەتێك نیت کە ئازاری هەستو سۆزت درابیت. گەر بیرت بێت منی هاورێت هەر وەکو ئەم باسەی تۆم بەسەر هات. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئیمەی ژن لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا، بووینەتە قوربانیی دڵپاکیو سادەیی خۆمان، ئێمە کاتێك هەموو سۆزو خۆشەویستیەکەی خۆمان ئاراستەی پیاو ئەکەین. ئەوانیش زۆر بێ بەزەییانە ئەو هەستە ناسکەمان لە ژێرپێی دڵرەقیو بێ بەزەییاندا پێشێل ئەکەن.

جوانە هەتا بڵێیت ئافرەتیکی خاوەن ویـژدانو میهرەبان بوو. سـەرەڕای ئەو خەفەتەی لە دڵیدا بوو، بەزەیی بە ژنەکەی بارامدا ئەهاتەوە. وتی:

ـ ڕۆشنا، ئەو ژنەش وەکو ئێمە لە لایەن مێردەکەیەوە هەڵخەڵەتێنرا بوو. بڕوای بە مێردەکەی کردبوو. خۆشی ئەویست. بڕوا بکە کاتێك باسی بارامی ئەکرد، ئەگریا. ئەیوت ئیمە بیست ساڵە ژنو مێردین یەکترمان خۆش ئەوێت. خاوەنی سێ مناڵین. بەڵام نازانم... نازانم چۆن؟ بۆچی لەگەڵ ژنێکیتردا دڵداری ئەکات؟ بۆ هاتووە بە تۆ ئەڵێت خۆشم ئەوێیت؟ نازانم کەموو کوڕی من لە چیدایە؟ بۆ پیاو ئەوەندە بێوەفان؟

وتم:

ـ ئێ باشە جوانە گیان کۆتایی گەیشتیتە چی؟ ئەو ژنەش بە ڕاستی گوناحە. ئێستا تۆ بڕیاری چیت دا؟

جوانە بە دەنگێکی پڕ لە نائومێدی، وتی:

ـ ڕۆشنا گیان، هەموو شتێکم بە ڕاستی بۆ ئاڵا گێڕایەوە. هیچم لێی نەشاردەوە. تەنانەت ئەو پارەیەی، کە بارام بە نیاز بوو بیدات بە من بۆ ئەوەی ئیشی پێوە بکەم، ئەوەشم لە ئاڵا خان گەیاند، تاکو باشتر ئاگاداری مێردەکەی بێت. ئینجا پێشم وت، پەیمانت ئەدەمێ من لەم کاتە بە دواوە بارام ناناسم، هیچ پەیوەندیەکم پێوەی نامێنێت. مێردی خۆت بۆ خۆت. من پیاوی بەو جۆرە خیانەت کارم ناوێت، جگە لەوەی گەورەترین درۆزن دەرچوو. ئاڵاش پەیمانی دامێ، کە بە هیچ شێوەیەك ناوم نەبات. ئەم باسە لای کەس نەدرکێنێت.

جوانە هەرچەندە خەمبارو دڵ تەنگ بوو، بەڵام پێی وتم، کە ناخی ئاسودەیە، هەست بە بەرزی ویژدانی ئەکات. چونکە لە هەڵەیەکی گەورە خۆی ڕزگار کرد، کە لەوانە بوو ببێتە رووخاندنی خێزانێکی پێنج کەسی. وا دەرکەوت ئەوەی روویدابوو لە نیوان جوانو بارام،

پەیوەندییەکی هەڵە بوو لە لایەن پیاویکی بێ ویژدانو بێ وەفا. لەگەڵ ژنێکی تەنهای دڵشکاو کە، ئاواتی ئەخواست بۆ جارێکی‌تر هاوسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی تاکو کۆتایی ژیانی هاورێ وخۆشەویستی بێت. بەڵام رێگای دۆزینەوەی کەسەکە رێگەیەکی هەڵەبوو. جوانە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیەکەی بۆی باسکردم. وتی:

ـ یەکەم جار کە، بارامم ناسی ئەو گلەیی زۆری لە خێزانەکەی ئەکرد. بە تایبەت ژنەکەی. هەر زوو باسی هۆکاری جیابوونەوەکەی بۆ کردم. وتی، کاتی خۆی ژنەکەی ئافرەتێکی زۆر کەمتەرخەمی گەمژە بوو. هیچ شتێکی بەڕاستی نەدەکرد. بە نەفامی وکەریتی بێزاری کردم. هەر خەریکی خۆیو پارە سەرفکردن بوو. ئاگاداری ماڵو مێردەکەی نەبوو، یان لە دەعوەت بوو، یان خەڵکی دەعوەت ئەکردە ماڵەوە بۆ خۆبایانو خۆدەرخستن. ئەو ژنە هیچ کاتێکی بۆ من نەبوو. منیش ئیتر بەتەواوی بێزار بووم، دوای شەڕو ئاژاوەیەکی زۆر جیابووینەوە. ئێستاش من بێکەسم مناڵەکانیشم منیان ناوێت، دایکیان مێشکیانی پڕکردوە کەسیان هەواڵیشم ناپرسن. بەم جۆرە قسانە مێشکی جوانەی پڕ کردبوو جوانەش بڕوای پێئەکاتو ئەکەوێتە باسی ناخۆشیەکانی ژیانی خۆی؛ لەبێکەسی ولەتەنهایی زۆر شتی‌تر، کە ژیانی تەواو قورس کردبوو. ئەمانە بوون بە هەلێکی گوونجاو بۆ زیاتر خۆ نزیککردنەوەی بارام لە جوانە. ئەوکاتەی زانی جوانە ژنێکی دڵپاکو راستگۆیە، بارام زیاتر یاریەکەی لا خۆشو گەرم دەبێت. هەموو رۆژ بە ناوی هەواڵ پرسینو خەمخۆری بۆ جوانە دەست پێئەکات بە ناردنی نامەی زۆر، ئینجا تەلەفۆن کردن. بەجۆرێك قسەکردن تا جوانە لە خشتەبەرێت. جوانەی خۆش باوەڕیش لەبەر ئەوەی خۆی بەژیانێکی زۆر سەخت

وناخۆشدا تێپەڕیبوو بڕوای بەو کردبوو. نەك هەر ئەوەش؛ جوانە بۆی باسکردم وتی، زۆرم بەزەیی بە بارامدا ئەهاتەوە، هەرچەند باسی هاروهاجی، دەم درێژی ژنەکەی ئەکرد، سەرەڕای ئەو هەموو نارێکیانەی‌تریش، کە هەیبووە. داخم بۆ بارام ئەخوارد. ئەموت، ئەو پیاوە باشە چەند بەختی رەشە، هەموو جار بەخۆم ئەوت، خۆزگە ئێمە زووتر یەکترمان ئەناسی، وا دیارە ئێمە بۆ یەك دروستبووین، من بێ بەخت، ئەویش بێ بەخت.

جوانە وتی:

ـ بارام ئەوەندە باسی خۆشەویستی‌و قسەی خۆش‌و جوانی بۆ ئەکردم بە جۆرێك، هەر کات نامەی ئەنارد، هەر بانگی ئەکردم گیانم، یان دڵم. کاتێکیش تەلەفۆنی ئەکرد ئەیوت:

ـ شیرینەکەم، نازدارەکەم، بیرت ئەکەم، خۆشم ئەوێت.

جوانە ئەیوت:

ـ من پێشتر لەو قسەخۆشانەم نەبیستبوو. مێردەکەم تەنها بۆ یەکجاریش بانگی نەکردبووم دڵەکەم، یان گیانەکەم، هیچ کاتێك من هەستم بە خۆشەویستی ئەو مێردەم نەکردبوو. لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا، کە هاوسەری یەکتربووین باسی خۆشەویستی خۆی بۆ من نەکردبوو. بەڵام کاتێك بارام پێی ئەوتم خۆشم ئەوێیت، حەزم ئەکرد دوو گوێچکەی‌تریشم هەبووایە تاکو باشتر گوێم لێی بێت. کاتێك دەستی ئەگرتم، وام هەست ئەکردلەم جیهانەدا تەنها من خاوەنی گەورەترین خۆشەویستیم. هەموو گیانم تەزووی گەرمی پیادا ئەهات، خەریك بوو لە خۆشیدا ئەفڕیم. بە درێژایی ماوەی پەیوەندییەکەمان، یەك جاریش تەنها یەك جاریش بارام تووڕە نەبوو دەنگی بەرزنەکردەوە؟ زۆر لام

سەیر بوو! پرسیارم لە خۆم ئەکرد، تۆ بڵێی پیاوی بەو جۆرە لەسەرخۆ هەبێت؟! ئەم پیاوە بۆ دەنگی بەرزناکاتەوە. کاتێکیش مێردەکم بیر ئەکەوتەوە ئەو تەنها جارێك بە ئارامیو ئاسودەیی قسەی لەگەڵ نەکردبووم. هەمووکات بە هاوار وجنێو قسەی ناخۆش بانگی ئەکردم.

جوانە وتی:

ـ ئەمانە هەموو کارتێکەرێك بوون بۆ ئەوەی من بگەمە ئەو ئاستەی کە ئاگاو هۆشم نەمێنێ، خۆم بینییەوە من لە دەریای خۆشەویستی ئەودا مەلەم ئەکرد، بێئەوەی بەخۆم بزانم. ئەو کاتە من هیچم بە بارام بەگ نەوتبوو، باسی خۆشەویستی خۆم بۆ ئەو نەکردبوو. ئەو پیاوە زۆر فێڵباز بوو زانی چۆن بچێتە قولایی دڵمەوە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم. زۆر بە باشی منی ناسی، خاڵی بێهێزی منی بەئاسانی دۆزیەوە. ئەوەش هۆکارەکەی تەنها ئەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی مێردەکانمان، گوێپێنەدان، بێهەستی ئەوان پشتگوێخستنی هەستمان. لەهەمان کاتدا دڵپاکی، سادەیی ئێمەی ژن کە، پێویست ئەکات زیاتر وریاترو بەهێزتر بین. هەرکاتێك بارام قسەی بۆ ئەکردم، سوێندی ئەخوارد کە چەند ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی نەخەوتوە، تەنانەت چەند ساڵێك پێش ئەوەی لە یەکتر جیابنەوە دەستی بەر دەستی نەکەوتوە هەرکەس بە تەنها لە ژوورێکدا خەوتوە. سوێندی ئەخوارد ژنەکەی لەهەموو خزمو کەسوکاری کردوە، تەنانەت بۆ چەند ساڵێك نەیهێشتوە دایکیشی ببینێت، سوێندی ئەخوارد ژنەکەی ئەوەندە دڵی پیس بوە نەیهێشتووە هیچ کاتێك بەتەنها بڕوات بۆ دەرەوە یان سەردانی هاوڕێ پیاوەکانی بکات.

جوانە ئەیوت:

من بەهەموو دڵێکی پاکمەوە بڕوام پێی ئەکرد. چونکە من یەك

درۆم لەگەڵ ئەودا نەکردبوو، هەرچی راستی بوو لە بارەی ژیانی خۆمو تەنانەت منداڵەکانیشمەوە هەموویم پێئەوت. بەڵام، جوانە دوای پێزانینی درۆکانی بارام بەگ بۆی دەرکەوت! هەر کاتێك بارام لە قسەکردن لەگەڵ جوانە تەواو ئەبوو هەر، ئەوکاتە لەهەمان ماڵدا ژیانی ئاسایی خۆی لەگەڵ خێزانەکەی دەستی پێدەکردەوە، بیئەوەی هیچ کێشەیەك لەنێوانیاندا هەبێت!. بەڵام پەیوەندی نێوان جوان وبارام رۆژ بە رۆژ پتەوتر دەبوو، خۆشەویستی لەنێوانیاندا زیاتر دروست دەبوو. بەمجۆرە پەیوەندیەکەیان نزیکەی ساڵێك دەخایەنێت. هەر، لەوکاتدا خێزانی بارام (ئاڵا) هەست بەشتێکی نائاسایی لە بارەی هەڵسوکەوتی مێردەکەیەوە ئەکاتو ئەکەوێتە گومانەوە! پرسیار لە خۆی ئەکات بۆ مێردەکەی زۆر جار سەفەری لە پڕ ئەکات؟! کاتێکی زۆریش لە سەر مۆبایلەکەی ئەمێنێتەوە. چەند جارێکیش ژمارەی شاراوە پەیوەندی پێوە ئەکات، بەڵام بارام وەڵام ناداتەوە. ئەوەش بەلای ژنەکەی بارامەوە شتێکی سەیر ئەبێت. چونکە؛ بەقسەی خۆی هەرگیز شتی وای لەمێردەکەی نەبینیوە! بۆیە هەر زوو لە بارام ئەکەوێتە گومانەوە. کاتێکیش پرسیاری لێ ئەکات ئەوە کێیە؟ بارام لە وەڵامدا ئەڵێت هاوڕێو دراوسێی کۆنمانە کاتی خۆی کە، لە کوردستان بووین!

بەڵام ژنەکەی بڕوای پێ ناکات، دەست بەجێ ئەکەوێتە گەڕاندن بە دوای جوانەدا تاکو ئەی دۆزیتەوە، دوایی پەیوەندی بەجوانەوە ئەکات، هەتاکو هەموو درۆکانی بـــارامی پێ بڵێت.

جوانە لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا وتی:

ــ ئیمەی ئافرەت ژن بین یان کچ، پێویستە لەو جۆرە کەسانە خۆمان بەدووربگرین، وریابین تاکوو نەبینە هۆی ماڵ تیکدان و روخاندنی

خێزانێك له بەر خۆشی خۆمان. چونكە؛ هەر كاتێك بەختیاریی وخۆشی ژیانت لەسەر تێكدانی ژیانی كەسانێكی كە دروست كرد. ئەو خۆشیە هەرگیز تاسەر نابێت.

منیش هەرچەند تەنیا بووم، هەر وەكو زۆر لەوژنانەی كە لە مێردەكانیان جیاببونەوە، پێمخۆش بوو ئەگەر كەسێكی پاكو دڵسۆز هەبێت، بۆئەوەی هاوبەشی خۆشی وناخۆشی ژیانمی بكەم. بەڵام، كە بەسەرهاتێكی وەكو ئەوەی جوانەم ئەبیست زۆر ئەترسام، پاشەو پاش ئەگەڕامەوە، ئەوەندەیتر بڕواو متمانەم بە هیچ كەسێك نەدەما. زۆر جاریش بەخۆم ئەوت، من ژیانم بۆ كوڕەكەمە، تازە ژیانی من تەواو بوو، بەڵام تەنهایی زۆر ستەمە.

## ٦٠

ئەورۆژانە هەستم ئەکرد بێباك زۆر گۆڕاوە، منیش زۆر کەلەرەقانە دەجوڵامەوە هەموو جار چاوەڕێم ئەکرد کە خۆی پەیوەندیم پێوە بکات، هەرچەندە هەندێك جار بیرم ئەکرد، حەزم ئەکرد قسەی لەگەڵ بکەم. بەڵام نازانم بۆ هەموو کاتەکە زۆر دوودڵ بووم! هەستم ئەکرد من هەنگاوێکی هەڵە ئەنێم، یان لەوانەشە بڵێم پەلە ئەکەم.

خۆم پرسیـــارم لەخۆم ئەکرد، ئەشێ چی ڕووی دابێت؟ تۆبڵێی من بێ مەبەست رۆژێك لەرۆژان هەستیم بریندار کردبێت! ئاخۆ هۆی گۆڕانی بێباك چی بێت. بەڵام هیچ وەڵامێکم بۆ پرسیارەکانم نەبوو. ئەو رۆژە من هەر نەمزانی چۆن ئیشم کرد، بە زۆر خۆم ڕاگرتبوو، حەزم کرد پەیوەندی پیوە بکەم، بزانم بۆچی دەنگی نییە. بەڵام هەر خۆم بە خۆمم وت، نەء رۆشنا.. جارێ چاوەڕوان بە. زۆر جاریش قسەکانی جوانە ئەهاتنەوە خەیاڵم ئەموت، کێ ناڵێت ئەویش ژنی نییە؟! لەوانەیە ئەویش هەموو قسەکانی درۆبێت. خۆ هیچ دوور نییە. من لەم دوورەوە چۆن بزانم ئەو راست ئەکات.

## ٦١

هەمان رۆژ لە ئیش تەواو بووم، بەرەو ماڵەوە ئەگەڕامەوە، لەپڕێکا لەلایەن بێباکەوە نامەیەکم بۆ هات ئەیوت، گیانەکەم ئەوە بۆ دەنگت نییە؟ بیرم ناکەیت؟!

منیش، کە ئەو نامەیەم بینی، زۆر تووڕە بووم، خیرا تەلەفۆنێکم بۆ کرد، دوای چەند زەنگێك، بە دەنگێکی پڕ لە ئارامی وەڵامی دامەوە. وتی:

ــ دڵە گیـــان چۆنی باشی؟ ئەوە بۆ دەنگت نییە خەریکی چیت؟

وتم:

ــ من زۆر باشم ئەوە تۆ گاڵتە بە من ئەکەیت؟

دیسانەوە زۆر لە سەر خۆ وتی:

ــ بۆ وا ئەڵێیت؟ بە خوا زۆرت بیر ئەکەم، من چاوەڕێی تۆم نامەم بۆ بنێریت، یان تەلەفۆنێکم بۆ بکەیت!. وتم

ــ بۆ؟ بۆ چاوەڕێی منیت؟ پێش چەند شەوێك خۆت پێت وتم، ئەڕۆیتە دەرەوە لە دوای ئەوە دەنگت نەما. کەواتە پێویستی ئەکرد دوای ئەوە خۆت پەیوەندی بەمنەوە بکەیت، کەچی ئێستا تۆ گلەیی ئەکەیت!. بێباك کەمێك بێدەنگ بوو. ئنجا وتی:

ــ ئا... وەڵا خۆ راستەکەیت. هههه بیرم چۆوە. دڵە گیان، بەخوا ماوەیەکە زۆر مەژغوڵم، بەچاوی تۆ فریای هیچ ناکەوم. وتم:

ــ زۆر راستە منیش لەو بڕوایەدام زۆر مەژغوڵ بیت. بێباك خێرا وتی:

ــ مەبەستت چیە؟ من باسی ئیش وکارەکانم ئەکەم خۆ باسی ...
خێرا قسەکەم پێبڕی وتم:
ــ نا..نا.. خەیاڵت بۆ لایەکی کە نـەڕوات، منیش باسی ئیش وکارەکانت ئەکەم. ئەی باشە تۆجاران بێ ئیش بوویت؟ ئەی باشە جاران چۆن ئەو هەموو نامەو شتانەت بۆ ئەناردم. تێناگەم. چۆن وا لەپڕ ئێستا فریای هیچ ناکەوێت؟ بێباك کەمێك بێدەنگ بوو. وتم:
ــ چیتە بۆ بێدەنگی؟ حەز ئەکەم قسەبکەیت، چیتە؟ هاوڕێ یان خۆشەویستێکی تازەت دۆزیوەتەوە. کەمێك پێکەنیم وتم، هەرچیت لە دڵدایە باسی کە، من هاوڕێتم ئەتوانم گوێت لێبگرم. خۆت باش ئەزانی هەرگیز پشتت تێناکەم. بێباك هەربێدەنگ بوو. لەپڕێکا وتی:
ــ دڵە گیان، من ئێستا ئەبێت بڕۆم، دوایی پەیوەندیت پێوەئەکەم. وتم:
ــ نا. جارێ مەڕۆ. کەواتە پیویست ئەکات ئێستا هەندێك شتت پێبڵێم. بێباك خێرا وتی:
ــ دڵەگیان منیش حەز ئەکەم گوێم لەو دەنگە خۆشەت بێت، بەخوا تۆ تەنها خۆشی دڵی منی. وتم:
ــ بێباك، توخوا واز لەو قسانە بێنە. من ماوەیەکە ئەزانم تۆئەتەویت خۆت دوور بخەیتەوە، ئەوەش لای من هیچ کێشە نییە. بەڵام پێش ئەوەی ئەو هەنگاوە بنێیت، ئەتوانیت پێم بڵێیت هۆکاری ئەو رەفتارەت چییە؟ کاتی خۆی من پێم وتیت، ئیمە مناڵ نین. پێویستە لەکردارو رەفتارەکانمان بەرپرسیار بین. ئەگەر یەکێکیتر لە ژیانتدا هەیە، تکایە لێم مەشارەوە، بـا منیش لە ژیـانی خۆمت دەرکەم.
بێباك دیسانەوە بێدەنگ بوو. وتم:

ــ بۆ بێدەنگی؟ هەر ئیستا وەڵامم ئەوێت، من کاتی خۆم بەو شیوەیە بە فیرۆ نادەم

بێباك بە ناچاری بێدەنگیەکەی شکاند. وتی:

ــ گوڵە گیــان، ئەوە تۆباسی چیئەکەیت. من هەزار جارم پێ وتییت، تۆ تەنها کەسێکیت لەژیانما کە خۆشمویستبێت.

وتم:

ــ بێبــاك؟ باش گوێ بگرە، با شتێکت پێبڵێم؛ ناڵیم من زۆر زیرەك وشەیتانم. بەڵامتۆ هێشتا باش من ناناسیت! تۆ شتێکت هەیە لە منی ئەشاریتەوە، تۆ زۆر گۆڕا...اویت، ئەگەر کەسیکی تریش نەبێت لە ژیــانتا، تۆ کیشەیەیەکی گەورەت هەیە.! بە مانای ئەوەی تۆ نهینیت هەیە بە منی ناڵێیت! منیش چەند رۆژێکی کە، بە نیــاز بووم بێم بۆ سەردانت. بەڵام ئەگەر تۆ بەم شێوەیە رەفتارم لەگەڵ بکەیت، ئەوا من بۆ لای کەسێك ناچم کە هەر لە سەرەتاوە درۆم لەگەڵ بکات!. جگە لەوەش زوو زوو خۆیم لێ ون بکات!. تۆ خەریکە من توشی سەرلێشێوان ئەکەیت!. تێناگەم بۆ؟!.

وادیــار بوو بێباك لە قسەکانم سەرسام بوو، یان چاوەڕوانی بیستنی ئەو قسانەی  لە من نەدەکرد!

دیسان بێدەنگ بوو. منیش بەردەوام بووم. وتم:

ــ بێباك، تۆ خۆت دەستت بە باسی خۆشەویستی کرد، تۆ خۆت حـەزت کرد ئێمە زیاتر یەکتری بناسین، زیاتر لەیەکتری نزیك بینەوە. سەیرکە، من هەر، ئێستا پێش دوو خولەك بەتۆم وت، کە چەند رۆژێکی کە، سەردانت ئەکەم. کەچی تۆ هیچ هەڵوێستیکی دڵخۆشیت دەرنەبڕی! ئەتوانی پێم بڵێیت بۆ؟ ئەگەرتۆ زۆریش دڵخۆش

نەبیت، بڕوابکە هیچ پێویست بەهاتنی من ناکات. ئەمجارەش بێباك تۆزێك بێدەنگ بوو، ئەنجا بەدەم پێکەنینێکی دروست کراوەوە وتی:

ــ بۆ گیانەکەم تۆ بەڕاستە؟ من وام زانی گاڵتەم لەگەڵ ئەکەیت!

وتم:

ــ گاڵتە؟ تۆ واتزانی من گاڵتە ئەکەم! دوای ئەو هەموو نەخشەو پلانەی دامان ڕشت؟. نەخێر... گاڵتە ناکەم. زۆریش بەڕاستم بوو. بەڵام ئەگەر تۆش زۆریشت پێ خۆش نەبێت.. ئەوا هیچ پێویست بەهاتنم ناکات.

بێباك بەدەنگێکی لەرزۆکەوە، وتی:

ــ وەڵا من حەزم ئەکرد بتبینم. بەڵام تۆ زۆر لە من بەگومانی.

وتم:

ــ باشە، تۆ لەخۆت ناپرسی من بۆ لە تۆ بەگومانم؟ تۆ هەست بەخۆت ناکەیت چەند رەفتارت گۆڕاوە؟ ئەتوانی وەکو یەکەم جار کەیەکترمان ناسی رەفتارم لەگەڵ بکەیت؟ ئەگەر توانیت. کەواتە من هەڵەم. من ئیتر جاریکیتر لەو قسانەت لەگەڵ ناکەم. مەبەستم ئەوەیە کە بۆم بسەلمینێت کە تۆ بەڕاستی منت خۆش ئەوێت. وەکو ئەیزانیت من بڕوام بە قسە نییە بەڵکو بڕوام بە کردارە.

بێباك ئەمجارەش کەمێك بێدەنگ بوو ئینجا بە دەنگێکی ساردوسڕ وتی:

ــ باشە خۆشەویستی ئەو هەموو شتەی بۆ چییە؟ پێم وتیت خۆشم ئەوێیت. تەواو بڕوام پێبکە. ئیستاش تۆ چوویتە ناو خوێنم، چاوەڕوانی ئەو رۆژەم، کە ئەتگرمە باوەش. رۆشنا گیان تۆ ئیستاش نازانیت تۆ لای من چەند خۆشەویستی.

بڕوابکە، کە بوویتە ژنم ئەوسا ئەزانیت، کە تۆ چەند بەختەوەریت. تۆ لە ژیانی منا ئەبیت بە هەموو شتێك، تۆ ئەبیتە بەختەوەرترین ئافرەت لە جیهاندا. چاوەکەم بڕوام پێ بکە.

منیش ئیتر بەرامبەر وشە شیرینەکانی ئەو هیچم پێنەئەوترا، بۆجارێکی کە دەمم بوو بەتەڵەی تەقیوو. نەم ئەزانی چی بڵێم.

# ٦٢

که گەیشتمە نزیك ماڵەوە بینیم ریبوار لە ناو سەیارەکەی خۆیدا دانیشتبوو، بە تەنها وەکو چاوەڕێی یەکێك بکات. کەمێك شڵەژام، بەڵام من وا خۆم دەرخست کە ئەوم نەبینیوە. هەر، کە لە سەیارەکەم هاتمە دەرەوە هەنگاوم نا ویستم بەرەو پێپیلکەکان بڕۆم، رێبوار لە دواوە بانگی کردم وتی:

ــ رۆشنا.. رۆشنا.. ئەتوانم تۆزێك قسەت لەگەڵ بکەم؟

منیش بە هێواشی ئاوڕێکم لێدایەوە وەکو ئەوەی نەمبینیبێت، بە سەرسوڕمانێکەوە وتم:

ــ رێبوار ئەوە تۆ لەم ناوە چی ئەکەیت؟!

لەو کاتەدا ئەو بەخێرایی هەنگاوێکی نا، هاتەپێشەوە. وتی:

ــ رۆشنا؟ ئەتوانم تۆزێك لە کاتت بگرم؟ ئەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم!

خێرا رووم گرژ کرد بێ ئەوەی تەماشای بکەم. وتم:

ــ وەکو ئەزانیت، من ئێستا ئەگەمەوە ماڵەوە. رەنجیش تۆزێکیتر ئەگەڕێتەوە.

رێبوار زۆر بە پەلە وتی:

ــ ئەزانم.. ئەزانم.. بەڵام بۆ گەڕانەوەی رەنج هێشتا کاتژمێرێکی ماوە، با بچینە ئەو قاوەخانەیەی ئەوبەر جادەکە. من پێمخۆشە خۆم‌و خۆت لە شوێنێك بە تەنها قسە بکەین. تکات لێ ئەکەم یەك جار مۆڵەتم بەرێ.

بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشایەکم کرد. وتم:

ـ ئەتەوێت باسی چی بکەیت؟ ئەتەوێت چیم پێبڵێیت، فەرموو.. ئەگەر لە بارەی رەنجەوەیە ئێستا باسی کە!

رێبوار سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد، بەڕویەکی پاڕانەوە وتی:

ـ رۆشنا، ئەمەوێت زۆر شت هەیە بۆتی رونبکەمەوە. ئەمجارە زانیم باسی رەنج نییە، بەڵام وەکو ئەوەی تێنەگەیشتبم وتم:

ـ وەکو چی؟ باسی چی؟ رەنج چی کردوە؟ رێبوار ئینجا هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

ـ رۆشنا. باسی رەنج نییە. لە بـارەی رەنجەوە نییە. خێرا نەمهێشت قسەکانی تەواو بکات. هەنگاومنا بڕۆم وتم:

ـ کەواتە هیچ کاتێکم بۆ تۆ نییە، تکایە بەردەرگاشم پێ مەگرە. من و تۆ لە باسی رەنج بەولاوە، هیچ باسێکی‌تر لە نیوانماندا نییە. رێبوار هەر تەماشای ئەکردم وەکو بە زەویەکەوە چەقیبێت، جووڵەی لێ بڕابوو. هیچ قسەیەکیشی نەکرد. منیش بەرەو قادرمەکان بێ ئاوڕدانەوە رۆیشتم. ئەو رۆژە بۆ من پڕ بوو لە شتی سەیروچاوەڕوان نەکراو.

## ٦٣

هەر، کە گەیشتمە ماڵەوە، خێرا ڕۆیشتمە ژووری چێشتخانەکە. چاوێکم بەناو ساردکەرەوەکەدا گێڕا هەندێك سەوزەو گۆشتم دەرهێنا ئامادەم کردن. لەهەمان کاتدا گەسکێکم بە ماڵەکەدا هێنا، چەند پارچە جلێکم هەبوو خستمە ناو جل شۆرەکەوە. هەر بەدەم ئیشکردنەوە خەیاڵم بۆلای ڕێبوار ڕۆیشت. هاتنەکەی بەلامەوە شتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو، دوای چی ئەیەوێت قسە لەگەڵ من بکات؟! بەچ رویەکەوە؟ لەبەر خۆمەوە قسەم لەگەڵ خۆم ئەکرد:

ـ ئەبێت ڕێبوار بیەوێت باسی چی لەگەڵ من بکات؟

وتی:

ـ باسی رەنج نییە. یەعنی ڕێبوار دوای ئەم هەموو ساڵە قسەی چی لەگەڵ من ئەکات؟ وەڵا سەیرە! توخوا دەبا بڕوات. نازانم ئەو خۆی بەچی ئەزانێت؟ ناپاکی درۆزن! هەموو پیاوی دنیاشی لەبەرچاوبردم!. لە هەمان کاتدا قسەکانی بێباکم بیرکەوتەوە، لەخۆم پرسی باشە ئەی بێباك؟ کێ ئەڵێت ئەویش کابرایەکی نەخۆشی درۆزن نییە. خۆ هیچ دوورنییە! ئەگەر جوانە لەگەڵ بارام لەیەك وڵات بن، ڕاستی نەزانیبێت! ئەی کەواتە من چۆن ڕاستی بزانم، کاتێك ئێمە لە دوو وڵاتی جیاوازا ئەژین؟ قسەکانی جوانە لەناو مێشکمدا هێشتا ئەزرنگایەوە. لەوانەیە جوانە ڕاست بکات. لەوانەیە بێباك هێشتا ژنی هەبێت. ئەزانم.. ئەزانم.. بێباك درۆم لەگەڵ ئەکات. من بڕوا بە دڵی خۆم ئەکەم، دڵم ئەڵێت شتێك هەیە بێباك نایەوێت پێمبڵێت!. هیچ دوورنیە کەسێکی تری نەدۆزیبێتەوە! بێباك کەسایەتی ناجێگیرە هەستم پێکردوە. بەڵام تەواو

دڵنیانیم، ناشمەوێت لەگەڵ گوماندا بڕیار بدەم. کەمێك بیرم کردەوە، هەناسەیەکم هەڵکێشا بەخۆم وت، لەوانەشە من زۆر هەڵەبم لەوانەیە بێباك هەموو قسەکانی راست بێت. لەوانەشە من ژنێکی بێباوەڕ بم کەسایەتیەکی ناجێگیرم هەبێت. بەدەم ئەم خەیاڵانەوە چاوم کەوتە سەر کاتژمێرەکەی کە بە دیواری ژووری دانیشتنەکەوە هەڵواسرابوو، بینیم پانزە خولەك بەسەرهاتنەوەی رەنج دا تێپەڕیوە!. چییی؟ هێشتا رەنج نەگەڕاوەتەوە! چۆن؟! رەنج نەگەیشتۆتە ماڵەوە؟! نابێت، شتی وانابێت. وەکو شێت تەماشای هەموو کاتژمێرەکانی ماڵەکەم کرد، هیوام ئەخواست کاتژمێرەکە هەڵە بێت. بەڵام راست بوون، رەنج پانزە خولەك دواکەوتبوو، خێرا بەچوارلای خۆمدا ئەمڕوانی بۆ مۆبایلەکەم ئەگەڕام هەتا تەلەفۆنێکی بۆبکەم بزانم بۆ دواکەوتوە! تەلەفۆنەکەشم دیارنەبوو. وەکو شێت بەناو ئەو ژورانەدا ئەگەڕام نەمئەدۆزیەوە. نازانم ئەوکاتە بە جۆرێك شپرزە ببووم بەرچاوم رەش بوو. هاوارم ئەکرد، ئەبێت رەنج ئێستا لە کوێ بێت؟ ئاخۆ کێ فڕاندبێتی؟ من چۆن ئەوەنە بێئاگابووم چۆن شتی وا ئەبێت؟ ئەی هاوار ئێستا من چیبکەم روبکەمە کوێ؟ تۆبڵێی لە قوتابخانە مابێتەوە؟ نا بڕواناکەم! ئەی رەنجە گیان ئێستا تۆ لەکوێیت؟ بەهەموو ماڵەکەمدا ئەگەڕام بۆ دۆزینەوەی مۆبایلەکەم. بەڵام بێسود بوو. ئەوەندە شپرزەبووم توانای بیرکردنەوەم نەمابوو. لەپڕێکا رێبوار هاتە خەیاڵم بەخۆم وت، تۆبڵێیت ئەو لە رقی من رەنجی نەفڕاندبێت؟ تۆزێك وەستام، نا ئەو شتی وا ناکات. ئەیباشە مۆبایلەکەم چی لێهات؟ ئەی من چۆن بزانم ئەوکوڕەم لە کوێیە؟ ئەی خوایە گیان. ئێستا چۆن بە پۆلیس بڵێم. بەدەم ئەم خەیاڵانەوە بەرەو شوقەکەی هیلین رۆیشتم، زۆرم بە دەرگاکەیا کێشا، ئەویش لەماڵ

نەبوو. ناچار گەڕامەوە کلیلی ئوتومبیلەکەم هەڵگرت. دەرگای شوقەکەم راکێشا، بەدەم گریانەوە وبەرەو خوارەوە بەڕاکردن بەسەر پێپلیکەکاندا بازم ئەدا تاکو زووتر بگەمە ناو سەیارەکەم ئاگاداری پۆلیس بکەم کە کوڕەکەم هێشتا بۆ ماڵەوە نەگەڕاوەتەوە!. کاتێك گەیشتمە ناو ئوتومبیلەکەم، بینیم مۆبایلەکەم لە ناو ئوتومبیلەکەمدا کەوتبوو. خیرا هەڵم گرتەوە، داوای رەنجم کرد، بەڵام رەنج وەڵامی نەبوو. ئینجا داوای رێبوارم کرد، ئەویش وەڵامی نەبوو. بەجۆرێك پەشوکاو ترساو بووم قاچو دەستم هێزیان تیانەمابوو، ئەگریام ئەپاڕامەوە لە خوا ئەو کوڕەم توشی هیچ شتێکی خراپ نەبوویێت. لەپڕێکا تەلەفۆنەکەم زەنگی لێوە هات، کە وەڵامم دایەوە رەنج بوو، بە دەم پێکەنینو دڵێکی خۆشەوە وتی:

ـ دایکە بۆ تەلەفۆنت بۆ کردووم، بیرم ئەکەیت؟

منیش لە خۆشیی ئەوەی، کە کوڕەکەم سەلامەتە، لە هەمان کاتداو لە تووڕەیی، کە نازانم لە کوێیە، هەموو هەستەکانم ببوون بە یەك پارچە ئاگر؛ خەریك بوون ئەیانسووتانم. توانای یەك وشەم نەبوو بیڵێم، ئەویش هەر ئەیوت:

ـ دایکە.. دایکە.. ئەوە چیتە؟ دایکە بۆ قسەناکەی؟

گوێم لێ بوو، رەنج بە باوکی وت:

ـ نازانم دایکم بۆ قسە ناکات؟! ئەترسم.

رێبوار تەلەفۆنەکەی لە رەنج وەرگرت. وتی:

ـ رۆشنا...

من ئیتر مۆبایلەکەم داخستەوە. ئەو کاتە زانیم رەنج لەگەڵ باوکێتی. کەمێك دڵ ئارام بوومەوە، بەڵام هێشتا هەموو گیانم ئەلەرزی، گریانم

بۆ راگیر نەئەکرا، لەبەر خۆمەوە هاوارم ئەکرد:
ــ بۆ... رەنج... بۆ...؟ چۆن بێ ئاگای من لەگەڵ باوکت ئەڕۆی؟ ئەی نازانیت من چیم لێیەت؟

تەلەفۆنەکەم زەنگی دەست پێکرد. رێبوار بوو. جارێکیش رەنج. وەڵامم نەدانەوە. زۆر تووڕە بووم. زۆر خەفەتبار بووم. ئەگریام. لە پڕێکدا یەکێك لە پەنجەرەی ئوتومبێلەکەیدا. منیش داچڵەکیم. پەنجەرەکەم کردەوە. ئەویش سەریهێنایە پێشەوە. بە سەرسوڕمانێکەوە وتی:

ــ رۆشنا خان، چۆنی؟ ئەوە چیتە؟ بۆ ئەگریێ؟ خۆ هیچ روووینەداوە؟ کوڕەکەت باشە؟!

سەرەتا نەمویست وەڵامی بدەمەوە چونکە هێشتا تووڕەبووم. بەڵام ئەو هەر پرسیاری ئەکرد. وتی:

ــ ژنەکە چۆن ئەتوانم یارمەتیت بدەم؟. پێمبڵێ رەنج چۆنە باشە؟

منیش هەر بە سەر ئاماژەم بۆ کرد، کە رەنج باشە، بەڵام ئەوەندە بێزار بووم توانای قسەکردنیشم نەبوو. ئینجا وتی:

ــ وەرە دابەزە با بڕۆینە ماڵی خۆمان. وا دیارە ئەمڕۆ تەنهایت، بیری کوڕەکەت ئەکەیت؟

منیش دەرگای ئوتومبیلەکەم کردەوە. دابەزیم. سەیرێکم کرد. وتم:
ــ ئەوە تۆ لەکوێ بوویت؟ پێش تۆزێك من هاتم زۆرم بەدەرگاکەتا کێشا.

وتی:

ــ ئۆی خانم ببورە، بڕوا بکە مرۆڤی جگەرەکێش ئەگەر خواردنی نەبێت گوێناداتێ، بەڵام ئەبێت جگەرکەی هەر، هەبێت. منیش پێش

تۆزێك رۆیشتم پاكەتێكم كڕی. بڕوابكە زۆریشم برسییە. بەڵام جگەرەكەم لا گرنگتر بوو.

منیش لە تاو خەمی دڵی خۆم، گوێم بە قسەكانی ئەو نەدا. هەردووكمان بەرەو پێپلكەكان رۆیشتین. ئەو هەر قسەی ئەكرد، نازانم باسی چیی ئەكرد. منیش خەیاڵم هەر لای رەنجو رێبوار بوو. كە گەیشتینە بەر دەرگای شوقەكەم، هیلین بەرەو شوقەكەی خۆی رۆیشت ئینجا ئاوڕێكی لێدامەوە. وتی:

ــ رۆشنا خان، وەرە با تۆزێك قسە بكەین. بزانم خەمی چی دایگرتوویت؟! منیش هاوڕێتم ئەتوانی باسی خەمەكانی خۆتم بۆ بكەیت خۆ ئەگەر نەتوانم یارمەتیت بدەم، هیچ نەبێت ئەتوانم گوێت لێبگرم. سەیرێكم كرد. وتم:

ــ هیلین خان، حەز ئەكەم تۆ بۆ ماڵەكەی من بفەرموویت، من خواردنم دروستكردووە. خێرا هاتە پێشەوە بە دەم پێكەنینێكەوە. وتی:

ــ بیرۆكەیەكی چاكە. من هەموو كات ئامادەم بۆ ماڵەجوانەكەی تۆ بێم.

دەرگاكەم كردەوە. هەردووكمان چووینە ژوورەوە. دیسان رەنج تەلەفۆنێكی تری كردەوە. وەڵامم دایەوە خێرا. وتی:

ــ دایكە توخوا دایمەخەرەوە دەپێم بڵێ چیتە؟ بۆ تووڕەی؟

وتم:

ــ تووڕەنیم. بەڵام بە باوكت بڵێ، هەر ئێستا بتگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە، كە هاتیش با نەڕوات قسەی لەگەڵ ئەكەم. رەنج بە دڵێكی خۆشەوە وتی:

ــ باشە دایكە گیان، خوا حافیز.

ڕەنج هێشتا تەلەفۆنەکەی دانەخستبووەوە.. گوێم لێبوو بە باوکی وت:

ــ دایکم ئەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.

لەبەر خۆمەوە پێکەنینێك گرتمی. وتم، ئاخۆ ڕێبوار چەند دڵی خۆش بێت نازانێت بۆچی ئەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم! منو هیلین بە جووتە دانیشتین نانی نیوەڕۆمان خوارد. هەرچەند کاتەکەش درەنگ بوو، بەڵام تا ئەو کاتە من هێشتا برسیم نەبوو، کەمێك ئارام بوومەوە هەر چەند هیلین قسەی زۆری بۆ ئەکردم، بەڵام من لە زۆرینەی باسەکانی ئەو بێ ئاگا بووم. لە پڕێکدا هەستم بە ئازارێکی زۆر کرد، هەر وەکو سووتاوییەك لە ناو گەدەمدا دروست بووبێت، هەستم بە دڵ تێکەڵهاتن ئەکرد، بەڵام خۆم تێك نەیا. زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕەنجو ڕێبوارم ئەکرد. زۆری نەبرد هیلین ڕۆیشتەوە. هەر بە دوای ئەودا ڕەنجو ڕێباریش گەیشتنەماڵەوە.

هەر، کە چاوم بە ڕێبوار کەوت، وەخت بوو سەری هەڵکەنم. هێشتا لە ناو دەرگاکەدا بوو، لێی چوومە پێشەوە. وتم:

ــ ڕێبوار گوێ بگرە. ئەمەی ئەمڕۆ کردت، دووبارەی نەکەیتەوە. ئەگینا ناهێڵم بە هەموو ژیانت کوڕەکەت ببینیتەوە. تێگەیشتیت؟ ئەمەی ئەمڕۆ تۆ کردت ناوی ئەنرێت بەفڕاندن، تۆ بە بێ ئاگاداریی من، ڕەنجت بردووە. ئەگەر من بە پۆلیس بڵێم، لە بەندینخانە توندت ئەکەن. تۆ ئەمڕۆ منت تووشی گەورەترین دڵە خورپێ کرد. خەریك بووم دڵم بووەستێت. ئێستاش نەهاتوومەتەوە سەر خۆم.

لە نیوەی قسەکاندا دەستم بە گریان کرد. ئینجا سەیرێکی ڕەنجم کرد. وتم:

ــ ئەی تۆ کەی ئەوەندە دایکت پشتگوێ خستووە؟ چۆن بیرت لە من نەکردەوە؟ نەتئەزانی ئەگەر تۆم لێ ون بێت من چیم بەسەردێت؟ تۆ چۆن گوێت بە من نەدا! نازانیت من چیم لێدێت گەر تۆ یەك چرکە دوا بکەویت؟ کوا خۆشەویستیت بۆ دایکت؟

خێرا ڕەنج باوەشی پیاکردم. وتی:

ــ دایکە گیان توخوا تۆ بۆ وا تووڕە بوویت؟! بەخوا من دوێنێ شەو پێم وتیت، تۆ بیرت چۆتەوە. من چۆن ئەڕۆم ئەگەر بە تۆ نەڵێم!.

من هێشتا هەر بە دەنگی بەرز هاوارم بە سەر ڕێبواردا ئەکرد. بەڵام، کە گوێم لە ڕەنج بوو، وەکو کارەبا لێمبات یەکسەر وشك بووم. وتم:

ــ چیی؟ تۆ... کەی بە منت وت؟ کەی... کەی..؟

ڕەنج تۆزێك ڕۆیشتە دواوە وەکو بترسێت. ئینجا بە قوڕگێکی پڕ لە گریان وتی:

ــ دوێنێ شەو، پێش نوستن، پێموتی، بەیانی باوکم دواما دێت هەڵمئەگرێت، ئەچین بۆ نانخواردن. ئەی تۆ گوێت لێنەبوو؟

ڕێك بێدەنگ بووم. ئەوانم لە ناو دەرگاکەدا بەجێهێشت، بەرەو ژووری دانیشتنەکە ڕۆیشتم، لە سەر کورسییەك دانیشتم، هەناسەیەکم هەڵکێشا، سەرم دانەواند، بیرم کـردەوە، ڕەنج راستی کرد. شەرم دایگرتم. هەر ئەو ساتە سەرزەنشتی خۆمم کرد. چۆن من لە ناو کێشەو بەزمی بێباك، کوڕەکەم بیرچووبۆوە!؟. تۆزیك بێدەنگ بووم. هەر وەك ئاوێکی سارد بە سەرما بکەن، کەمێك خاو بوومەوە. سەیرێکی ڕەنجم کرد. زۆر بە کزی لە بەرامبەرم ڕاوەستابوو. تەماشای ئەکردم. لە جێی خۆم هەستامە سەر پێ. باوەشێکم بە ڕەنجدا کرد. دەستم بە گریانێکی زۆر کرد. بە خوڕ گریام. ڕێبواریش هەر تەماشای ئەکردم.

بەڵام من بە جۆرێك رەنجم لە باوەش گرتبوو. وام ئەزانی ساڵێکە لێم ون بووە. رەنجیش هەر ئەیوت:

ــ دایکە گیــان من قەت بێ ئەوەی بە تۆ بڵێم بۆ هیچ شوێنێك نارۆم. وا نییە؟

منیش ئەموت:

ــ ئەزانم بەقوربــانت بم، لێم ببورە زۆر لێت تووڕە بووم . بە خوا ئێستا بە بیرم هاتەوە راست ئەکەیت. دڵەکەم خەتای تۆ نەبوو. من مێشکم زۆر مەژغووڵە بە راستی بیرم چووبووەوە. کاتێك تۆ لە گەڕانەوەت بۆ ماڵەوە دواکەوتیت من زۆر ترسام وامزانی ئیتر ناتبینمەوە. خێرا خێرا ماچم ئەکرد، دەستم بە سەریدا ئەهینا، داوای لیبوردنم لێ ئەکرد. رێبواریش هەر، لە جێی خۆی رەق راوەستابوو. تەماشای ئەکردم، زۆر دوودڵی پێوە دیاربوو. دوایی چوو پەرداخێك ئاوی بۆ هێنام. وتی:

ــ دەی گوێ مەیەرێ، رۆشناگیان، مەلاش غەڵەت ئەکات. گرنگ ئەوەیە هەموو سەلامەتین. فەرموو ئەو ئاوە بخۆرەوە با ئارام بیتەوە.

منیش پەرداخە ئاوەکەم لە دەست وەرگرت. قومێکم لێدا. وتم:

ــ رێبوار زۆر داوای لێبووردن ئەکەم، بە خوا هەموو کاتەکە وامزانی تۆ لە رقی من فڕاندووتە!

رێبوار دەستی بە پێکەنین کرد. وتی:

ــ بۆ کوێی بفڕێنم؟ بۆچی بیفڕێنم؟! لای دایکی باشتری دەست ئەکەوێت. خۆ من وەکو تۆ شوقەی پاكو ناوماڵی جوانم نییە.

رێبوار زۆر بە پەلە ئەو قسانەی کرد. وتی:

ــ من ئەبێت برۆم، ئێوەش ئیسراحەتی خۆتان بکەن. خواحافیزی کرد.

## ٦٤

ئەو شەوە نائارامی، ترسو دڵەڕاوکێ بە جارێك سەریان تێکردبووم. مێشکم پڕ بوو لە بەسەرهاتی سەیر سەیر. ئەو شەوە هەستم بە ئازارو گرێکی ناخۆش ئەکرد لە ناوسکمدا، بەڵام هەوڵم ئەدا رەنج هەستم پێنەکات. بێکەسی ئەوەندەی‌تر خەمەکانی قووڵو سەخت ئەکردم. من لەو کاتەدا تەنها کەسێك، کە پێویست بوو باسی ناخۆشی خۆمی بۆ بکەم، بێباك بوو. بەڵام ئەو بەئاشکرا پاڵی پیوەئەنام کاتێکیش من بەرەو رووم ئەکردەوە ئەو زۆر بە توندی حاشای لێئەکرد. ئەو کاتە ئەکەوتمە گێژاوێکی زۆر چڕو بێکۆتایی. ئەو شەوە من هەر لەبەر خۆمەوە قسەم ئەکرد. جارێك لەگەڵ بێباك، جارێك لەگەڵ رێبوار، رەنج هەموو کاتەکە تەماشای ئەکردم دوایی هاتە نزیکمەوە دانیشت. وتی:

ـ دایکە ئەزانی ئەمڕۆ باوکم حەزی کرد تۆش بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لەگەڵمان بیت!. سەرێکم هەڵبڕی وتم:

ـ بەڕاست؟ بۆچی باوکت ویستی من لەگەڵتان بێم؟ ئەی ناترسێت ژنەکەی دڵی لێ پیس بکات؟

رەنج زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ ژنەکەی؟

بە پێکەنینێکەوە وتم:

ـ بەڵێ ژنە جوانەکەی.

بەدەم پێکەنینەوە رەنج سەرێکی راوەشاند. وتی:

ـ نازانم. باوکم ژنی هەیە؟!

منیش دەستێکی ڕەنجم گرت. وتم:
ــ بەڵێ باوکت ژنی هەیە. ئەی تۆ نازانیت؟ بیرت نییە..؟ یان باوکت هیچی بۆ باس نەکردووی...؟
ڕەنج بە قووڵی سەیری ئەکردم وەکو یەکەم جاری بێت ئەو قسانە ببیستێت. لە پڕێکدا هەستایە سەرپێ بڕوات، وتم:
ــ ڕە...نج؟ بۆ کوێ؟ هێشتا زووە بۆ خەوتن.
ڕەنج هیچی نەوت، بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت، منیش خێرا هەستام بە دوایدا ڕۆیشتم. وتم:
ــ ڕەنج، کوڕم چی بوو تووڕە بوویت؟ زۆر ئاساییە ئەگەر باوکت ژنی هەبێت.
ڕەنج هیچ وەڵامی نەبوو. وتم:
ــ ئەوە چیتە کوڕم؟ قسەت لەگەڵ ئەکەم.
ئەو کاتە ڕەنج بۆ مۆبایلەکەی ئەگەڕا، ئەمجارە دەنگم تۆزێك بەرز کردەوە وتم:
ــ ڕەنج بە تەمای چیت؟
وتی:
ــ ئێستا تەلەفۆن بۆ باوکم ئەکەم. ئەو بۆچی درۆی لەگەڵ من کرد؟
وتم:
ــ ڕەنج، وا مەڵێ باوك درۆ ناکات. دانیشە تێم بگەیەنە بزانم باوکت چی بە تۆ وتووە، وا دیارە من بێ ئاگام، زانیاریەکانم کۆنن.!
ئەو قسانەم بۆ ڕەنج ئەکرد، خۆشم لەو زیاتر سەرسام ببوم، بڕوام نەدەکرد ئاخۆ چی ڕوویدابێت. کەمێك بێدەنگ بووم تەلەفۆنەکەم لە دەستی ڕەنج ڕاکێشا. وتم:

ــ ئێستا کاتی ئەوە نییە. ڕۆژێکی‌تر لە کاتێکی گونجاو ئەتوانیت پرسیاری لێبکەیت، ئەوە بزانە باوکت سەربەستە ئەگەر ژنیشی هەبێت، ژیانی خۆیەتی.

ڕەنج لێم هاتە پێشەوە وتی:

ــ من تێناگەم. باوکم ئەی بۆ هەر باسی تۆ ئەکات! من ئەزانم خۆشی ئەوێیت.

وتم:

ــ ڕەنج گیان، منیش ڕقم لە باوکت نییە. ئێمە چەند ساڵە یەکترمان ناسیوە. بێگومان یەکترمان خۆشویستووە بۆیە تۆمان بووە، ئێستاش هەردووکمان خۆشەویستییەکەمان بە تۆ داوە.

سەیرم کرد ڕەنج زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوی. وتی:

ــ دایکە، منیش ئێوەم خۆش ئەوێت، حەز ئەکەم بە یەکەوە بین.

وتم:

ــ ڕەنج گیان، جارێ واز لەو قسانە بێنە، پەیمانم بەرێ بە هیچ جۆرێك تەلەفۆن بۆ باوکت نەکەیت، پرسیاریشی لێ نەکەیت. باشە؟

ڕەنج بەدڵخۆشیەکەوە سەیرێکی کردم. ئینجا وتی:

ــ دایکە خەمت نەبێت. لەو قسانەدا بووین، مۆبایلەکەی ڕەنج لە ناو دەستی مندا بوو، خێرا خێرا زەنگی لێئەدا. کە سەیرم کرد ڕێبوار بوو. ڕەنج خێرا مۆبایلەکەی لە دەستی من فڕاند. وەڵامی باوکی دایەوە. وتی:

ــ باوکە چۆنی؟

تۆزێك وەستا. ئینجا وتی:

ــ بەڵێ، بەڵێ..باشە دوایی پێی ئەڵێم.

منیش لەوکاتەدا تێگەیشتم ڕێبوار شتێکی لەبارەی منەوە بە ڕەنج وت، ئیتر ژوورەکـەی ڕەنجم جێهێشت. دەرگاکەم لێ پێوەدا. پاش کەمێك ڕەنج بە ڕاکردن خۆی بە ژوورەکەی مندا کرد. هاواری کرد وتی:

ــ دایکە... باوکم ئەڵێت، ڕۆژی شەمە حەز ئەکەم پێکەوە بۆ نان خواردن بۆ شوێنێکی خۆش بڕۆین. ئەڵێت بە دایکت بڵێ ئەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم.

سەیرێکی ڕەنجم کرد. پێکەنیم. وتم:

ــ ڕەنج گیان بە باوکت بڵێ زۆر سوپاسی ئەکەم. ڕۆژی شەمە من لەگەڵ جوانەی هاوڕێم ئەڕۆمە دەرەوە. ماچێکی ڕەنجم کرد، شەوباشم لێکرد.

# ٦٥

دیسانەوە کەوتمەوە پرسیار کردن، ئەبێ ڕێبوار چی لە من بوێت؟ بۆ حەز ئەکات لەگەڵیدا بۆ نان خواردن بڕۆم؟ئەمڕۆ بۆ دووەمجار داوای قسەکردن لەگەل مندا ئەکات. شتێکی زۆر نامۆ بوو، دوای جیــابوونەوەمان هیچ قسەیەك لە نێوان ئێمەدا نەبووە. تەنانەت، کەئەمبینی حەزم نەدەکرد سەیری ناوچەوانی بکەم. بەڵام ئێستا هەست ئەکەم ئەیەوێت خۆیم لێ نزیك بکاتەوە. تۆ بڵێیت بیەوێت جاریکی‌تر بێتەوە ژیــانم؟ نا.. نا... بە هیچ جۆرێك نا. باشە چۆن؟ ئەی ژنە نازدارەکەی؟ بڕوا ناکەم. چونکە ئەو بۆ شازادەی دڵی، خاتو دڵخواز وازی لە من هێنا. هەرچۆنێك بێت، من بیری لێناکەمەوە، با بڕوات بە لای ژیانی خۆیەوە. منو ئەو تەواو.

ئەوشەوە هەر چەند ویستم بخەوم، بەڵام لە سەرتاپای گیانمدا هەستم بە ئازارێكو ماندووبونێکی زۆر ئەکرد، جگە لەوەی مێشکم زۆر جەنجاڵ ببوو. خەوم لێنەکەوت. ناچار جێگاکەم جێهێشت پەتۆیەکی بچکۆلەم برد، بەرەو ژووری دانیشتنەکەم ڕۆیشتم. لەوێ لە سەر تاکە قەنەفەکە لێی ڕاکشام. لەو کاتەیا زۆر حەزم ئەکرد بۆ یەکێك قسەبکەم، کە باش لێم تێبگات، بیرم لە جوانە کردەوە. بەڵکو ئەو بتوانێت ئامۆژگارییەکم بکات. ئەوشەوە نەك تەنها بێباك بەڵکو ڕێبواریش بوو بە بەشێکی گەورە لە دوودڵیەکانم کە خەویان لێ هەراسان کردبووم. هەر چەندە خۆم زوو زوو بڕیــارم ئەدا، کە بە تەواوی واز لە بێباك بهێنم. بەڵام لەو بڕیارە هەستم بە خەمێکی قورس ئەکرد. هەموو جارێك کە قسەم لەگەڵ بێباك ئەکرد ئەو بەهەموو

بڕوایەکیەوە وای تیئەگەیـاندم کە زۆری خۆش ئەویم، بڕیـاری هاوسەرگیری ئەدا، پێی ئەوتم، لە پێناوی من بۆ هەموو شتێك ئامادەیە، تەنانەت کێشەی نەبوو کە بێتە ئەو وڵاتەی کە منی لێ ئەژیم، تەنها بۆ ئەوەی پێکەوە بین. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پەیمانو بڕیـارو جۆرەها سوێند خواردن، جۆرەها وشەی خۆشەویستی کە، هەموو ئافرەتیك بە پەرۆشەوە ئارەزووی بیستنی ئەکات. من هیشتا دەنگێك لە ناخمدا پێی ئەوتم، ئەم پەیوەندییە کەموکوڕی زۆرە. ئەم پەیوەندییە شتیکی زۆر نامۆیە. خۆشەویستی نابێت بەم جۆرە دروست بێت. خۆشەویستی زۆر لە ناسینی سەر (فەیس بووك)و قسەکردنی سەر ماسنجەر گەورەترە. بەڵام ئەوەی من بڕوام پێی هەبوو، ڕێزگرتن بوو پێش خۆشەویستی. هاوڕێیەتی پێش متمانە، بڕوا بەیەکبوون، پێش بڕیـاردان، لە کۆتاییدا پەیماندان. ئینجا هاوسەرگیری. بەڵام بێباك بێ بیرکردنەوە بـاسی خۆشەویستی ئەکرد. من حەزم ئەکرد بڕوا بەو پەیوەندییە بکەم، چونکە؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ من زیاتر هەستم بۆ بێباك زیادی ئەکرد. بە بەردەوامی لە گێژاودا ئەژیام. هەموو ڕەنگەکانم بە خۆڵەمێشی ئەبینی.

# ٦٦

لەوە زیاتر خۆم پێڕاگیر نەکرا، خێرا ژمارەکەی جوانەم داواکرد. دوای چۆنیو چاکی جوانە هەر وەك دڵی خەبەریدابێ، پرسیاری لێکردم ئەگەر کەسێك هەبێت لە ژیامدا گیرۆدەی کردبم؟! منیش بێ پێچو پەنا لە نووکەوە هەموو باسەکەم بۆ گێڕایەوە. داوام لێکرد ئامۆژگاریم بکات. هەر چەندە ئەمزانی جوانە هەندێك کات بە دڵ بیر ئەکاتەوە، نەك بە ئەقڵ! بەڵام بۆچوونی دووکەس باشترە لە یەك کەس. هەموو کات منو جوانە بە یەکەوە بیرمان ئەکردەوە. زۆربەی جاریش یەك بڕیارمان ئەدا. کاتێك جوانە لە هەموو باسەکە تێگەیشت، وتی:

ــ رۆشنا؟ ئەگەر بە قسەی من ئەکەیت، تا زووە دوورکەوەرەوە،! ئەم کابرایە راست ناکات! مەبەستێکی شاراوەی هەیە! ئەو پەیوەندییە شتیکی زۆر سەیرە.

لە راستیدا لە جوانەوە چاوەڕێی ئەو وەڵامە نەبووم. بەڵام، منیش خۆم هەمان بیرو باوەڕم هەبوو.

جوانە وتی:

ــ هێشتا بە نیازی بچیت سەردانی بکەیت؟ کەی ئەڕۆیت؟

وتم:

ــ نازانم. لەوانەیە چەند رۆژێکی کە، بەڵام هەموو رۆژێك نزیك ئەبێتەوە، منیش دوودڵیم زیاتر ئەبێت.

جوانە وتی:

ــ نا.. جارێ چاوەڕێ بکە. مەڕۆ.. بڕوا بکە ئەم کابرایە شتی نهێنیی زۆرە.

جوانە بە دەم پێکەنینەوە وتی:

ــ نەگبەت. کێ ئەڵێت ناتکوژێ؟ هەهەهەهەهەهەهە.

هەر لەو ساتەیا ترسێك چووە دڵمەوە. من هەرگیز بەو جۆرە بیرم لێ نەکردبووەوە بێباك کابرایەکی توندو تیژ بێت. خێرا وتم:

ــ نا... نا... جوانە گیان، یەکجار واشمان نەوت.

هەردووکمان پێکەنین. وتم:

ــ باشە. بە قسەت ئەکەم. جارێ با بمێنێ، شت خۆی دەرئەکەوێ.

جوانە وتی:

ــ ئەگەر تۆ هەموو زانیارییەکیم بەیتێ وەکو ناوی سیانی، ناونیشانی، شوێنی نیشتەجێی، شوێنی ئیشکردنی. لە ماوەیەکی کەمدا هەموو نهێنییەکانیت بۆ دەرئەخەم. رۆشنا گیان، تۆ هەر پەلە مەکە بزانە چۆن کەشفی ئەکەم. ئەگەر زانیارییەکانی راست بوو، خەڵك ناسیان، کەواتە کابرایەکی راستەو زۆر ئاساییە ئەگەر بڕۆیت بۆ بینینی. بەڵام؛ ئەگەر زانیارییەکانی هەڵە بوو، کەواتە هەرچی پێ وتوویت هەمووی درۆیە. کابرا یاری ئەکات، تۆش پێویستیت بەو جۆرە کەسانە نییە، ئێستاش هیچ زەرەرێکت نەکردووە.

قسەکانی جوانەم لا پەسەند بوو، خێرا هەموو زانیاریەکانم بۆنارد. جوانە وتی:

ــ خەمت نەبێت، من ناوی تۆ نابەم. لە خوا بە زیاد بێت، خەڵکی ئەمڕۆژە یەك شت بۆ باوکیشیان ناشارنەوە. خوا خوای غەڵەتێکیانە لێت ببینن، بۆ ئەوەی زوو باسیکەن. بە هەر حاڵ من لەو شارەی ئەو لێی ئەژی، هاوڕێم زۆرە. بڕۆ بخەوە هیچ خەمت نەبێت، من هەر لە ئێستاوە ئەکەومە گەڕان.

ــ ئازاری ناوسکم تەنگی پێ هەڵچنیم. تا ئەهات زیادی ئەکرد. هەڵسام بچمە ژوورەکەی خۆم بەڵکو لەوێ خەوم لێبکەوێت. دەرگای ژوورەکەی رەنجم کردەوە. بینیم هێشتا بەخەبەرە، سەیرم لێهات. لێی چوومە پێشەوە. وتم:

ــ ئەوە بەم درەنگە قسە لەگەڵ کێ ئەکەیت؟

رەنج خێرا تەلەفۆنەکەی داخستەوە. وتی:

ــ کەس نەبوو، یاریم ئەکرد.

وتم:

ــ باشە، درۆم لەگەڵ ئەکەیت؟ بێنە بییە دەستم. لەمەولا تۆ تەلەفۆنت پێنابێت.

تەلەفۆنەکەم لێسەند. رۆیشتمە ژوورەکەی خۆم. ئەوەندەم نەزانی رەنج دەرگاکەی کردەوە. هاتە ژوورەوە. بە دەم زەردەخەنەیەکەوە بەرەو رووم هات، وتی:

ــ دایکە ئەزانی چی؟

وتم:

ــ ئەوە تۆ چیتە کورِم ئەمشەو بۆ ناخەویت؟

رەنج سەیرێکی کردم. وەکو کەمێك شەرم بکات، وتی:

ــ خەوم نایەت.! دایکە نامەوێت درۆت لەگەڵ بکەم. ئەوە باوکم بوو. قسەم لەگەڵ ئەکرد، باوکم هەر باسی تۆی ئەکرد. بە خوا وا بزانم زۆرت بیر ئەکات.

منیش پێکەنیم. دەستێکم بە سەری رەنجدا هێنا. وتم:

ــ بە راست!؟ باسی چی ئەکرد؟ چۆن ئەزانیت بیرم ئەکات؟

ڕەنج ئەمجارە بە دەنگی بەرز پێکەنی وەکو ئەوەی بڵێت ئای چەند دەمێکە من چاوەڕێی ئەم باسەم! وتی:

ــ نازانم... هەر ئەی وت، منو دایکت زۆرمان یەکتر خۆش ئەویست، دایکت گوناحە، زۆر ئیش ئەکات ئیتر زۆری باس ئەکردیت. کاتی خۆی، کە لە کوردوستان بوون. هەر پرسیاری ئەکرد وەکو زۆر خەمی تۆی بێت، یان بەزەیی بە تۆدا بێتەوە، نازانم ئێمە هەر، کە بە یەکەوە ئەبین ئەو باسی تۆ ئەکات! پرسیارم لە بارەی تۆوە لێ ئەکات!

وتم:

ــ چی؟ پرسیارت لەبارەی چییەوە لێ ئەکات؟!

هەر دەستم بە قژە نەرمو خاوەکەی ڕەنجدا ئەهێنا.

لە پڕێکدا ڕەنج سەیرێکی کردم. پێکەنی. شانێکی هەڵتەکاند. وتی:

ــ نازانم ئێستا هیچم لە یاد نییە.

ئینجا بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی:

ــ دایکە؟ پرسیارێکت لێ بکەم؟ پرسیارێکی بچکۆلە؟

من هێشتا وەڵامم نەدابووەوە، ئەو خێرا وتی:

ــ دایکە ئێستاش تۆ وەکو جاران بــاوکمت خۆش ئەویت؟ توخوا... توخوا... ڕاست پێم بڵێ زۆر حەز ئەکەم بیزانم. ڕەنج هەردوو دەستی گرتبووم وەکو کەسێکی گەورە خاوەن هەستێکی شارەزا پرسیاری ئەکرد بەدەم وبەچاو بە ڕووحی پرسیاری ئەکرد. نازانم بۆ لەو کاتەیا هەستم بە دڵم کرد پڕلە ئازار بوو، زۆر بە سەختی داچڵەکیم، هەستم کرد تەزویەکی گەرم سەرتاپامی گرتەوەروخسارم گڕی لێبەرزئەبووەوە. من هیچ کاتێك ئەو پرسیارەم لە خۆم نەکردبوو، بەڵام کە ڕەنج ئەو

پرسیارەی لێکردم زۆر بەخێرایی گەڕانمیەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە من وریێبوار تەنها یەکترمان ئەبینی، تەنها خۆشەویستیشمان ئەزانی، تەنها ئاواتیشمان ئەوە بوو کە بەیەکەوە لە ماڵێکدا بژین، نازانم بۆ هەر ئەو کاتە چاوم بڕیبووە چاوی ڕەنج. گریانم بۆ ڕاگیر نەئەبوو. ڕەنج بە پەنجە نەرمەکانی فرمێسکەکانی بۆ لائەبردم زۆر بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەکردم. وا دیار بوو لە فرمێسکەکانم تێنەئەگەیشت. کاتێك خۆشم لە هەستی خۆم تێنەدەگەیشتم. وا دیار بوو پرسیارەکەی ڕەنج پرسیاری خۆم بوو، کە هەرگیز جورئەتم نەبوو لە خۆم بپرسم، چونکە ئەمزانی هێشتا ڕێبوار لە ناو ئێسکو پروسکمدا پەنگی خواردووە، بەڵام بە مێشكو دڵم نوکوڵیم لێ ئەکرد. هەناسەیەکم لە قووڵایی دڵمەوە هەڵکێشا. چاوەکانم بەدەست وشککردەوە کەمێك زەردەخەنەم خستە سەرلێوم، هەوڵم ئەدا خۆم ئاسایی پیشانی ڕەنج بدەم. وتم:

ــ کاکە گیـــان بڕۆ بخەوە، ئەگەر بـــاوکت ئاوا درەنگ تەلەفۆنت بۆ بکات، ئەوە من تووڕە ئەکات. ئەو کاتە بێ تەلەفۆن ئەبیت، ئینجا ناشهێڵم بتبـــاتە دەرەوە، تۆ بەیـــانی ئەبێت زوو لە خەو هەڵبستیت، کوڕم، دەی فەرموو بڕۆ شەو شاد، منیش ئەخەوم.

ڕەنج هەر تەماشای ئەکردم. ئینجا وتی:

ــ ناڕۆم هەتا پێم نەڵێیت بۆ گریایت؟! حەزناکەیت باوکمت خۆشبوێت؟! ڕقت لە باوکمە؟

جارێکیتر لە پرسیارەکانی ڕەنج سەرم سوڕما. وتم:

ــ کاکە گیان ئەو باسە ئێستا کاتی نییە، نەخێر هەرگیز ڕقم لە باوکت نەبووە، ڕقیشم لێی نابێت. بەڵام...

خێرا ڕەنج وتی:

ـ چی؟ بەڵام چی؟ تۆ پیاوێکی کەت خۆش ئەوێت؟ وا نییە؟ خۆ من مناڵ نیم. ئەزانم تۆ قسە لەگەڵ پیاوێکا ئەکەیت. کەس لە باوکم باشتر نییە!

دیسانەوە رەنج بۆ جارێیکیتر تووشی سەرسوڕمانی کردم! وتم:

ـ کوڕم ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ ئەو قسانە پەیوەندییان بە تۆوە نییە، ئێستا بڕۆ بخەوە مێشکی خۆشت بەو پرسیارانەوە سەرقاڵ مەکە.

رەنج دەستی راکێشام. وتی:

ـ دایکە، وەرە بۆ ژوورەکەم، شتێکت پیشان ئەیەم.

منیش دوایکەوتم. رەنج دەرگای کەنتۆرەکەی کردەوە. وتی:

ـ دایکە، سەیری ئەو رەسمەی من تۆو باوکم کە، تەماشاکە چەند جوانین. تۆو باوکم چەند دڵتان خۆشە. هەرچەندە منیش لەو وێنەیەدا زۆر مناڵم، بەڵام وەکو ئێوە دڵم خۆشە، پێئەکەنم.

لە قسەکانی رەنج باش تێئەگەیشتم. ئەمزانی باسی چی ئەکات! دڵم بۆ رەنج ئێشی ئەکرد. بەڵام بە هیواشی دەرگای کەنتۆرەکەیم داخستەوە. وتم:

ـ ئەزانم زۆر جوانین. ئەتوانیت ئەو وێنەیە لە سەر مێزەکەت دابنێیت، یان بە دیوارەکەی لای سەرتەوە هەڵیبواسیت. من پێمخۆشە تۆ هەموو کات وێنەی باوکت بە ئاشکرا لە هەر شوێنێکی ژوورەکەتا بتەوێت دایبنێیت. بەڵام رەنج گیان، ئێستا کات بۆ تۆ زۆر درەنگە. کوڕم پەیمانت ئەدەمێ کاتێکی کە باسی هەموو شتێك ئەکەین. ئەزانم ئێستا گەورە بوویت حەز ئەکەیت هەموو شتێکت لا رونو ئاشکرا بێت، منیش پێم خۆشە لە راستی باسەکان تێبگەیت. ئێستاش تکات لێئەکەم پرسیاریتر مەکە.

شەوباشم لێکرد. ڕەنــج تێگەیشت، کە نامەویت وەڵامــی پرسیــارەکانی بدەمەوە، بە کزیەکەوە وتی:

ــ بــاشە دایکە گیان شەو شاد.

منیش ڕۆیشتمە سەر جیگاکەی خۆم، بەڵام ئازاری ناوسکم هەر، لەزیادبووندا بوو. خەوم لی نەکەوت. هەتائەهات ناو مەعیدەم ئازاری زیــادی ئەکرد. کاتێك خەریك بوو خەوم لی ئەکەوت، ڕەنچ هاتە ژوورەکەم. لێفەکەی لە سەرم لابرد. وتی:

ــ دایکە بۆ هێشتا خەوتوی؟ ناڕۆیت بۆ ئیش؟

سەرێکم بەرزکردەوە، وتم:

ــ بۆ سەعات چەنە؟

ڕەنج زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ــ شەش‌و نیوە، کاتت نەماوە. دایکە چیتە؟ نەخۆشی؟

وتم:

ــ ناتوانم بڕۆم بۆ ئیش شەو نەخەوتووم. ئەی تۆ خۆت ئامادە کردووە بڕۆیت بۆ قوتابخانە؟

ڕەنج وتی:

ــ بەڵێ، من ئامادەم. بەڵام پاسەکە شکاوە، ئەمڕۆ ئەبێت تۆ بمگەیەنیتە قوتابخانە. ئیستا نامەیــان بۆ ناردووم تەماشای تەلەفۆنەکەت بکە دیارە بۆ تۆشیان ناردووە.

هەر، کە گوێم لە ڕەنج بوو، وەخت بوو شەقم ئەبرد. من شەوی رابردوو یەك کاتژمێر خەوم لێنەکەوتبوو. ئازاری ناو سکیشم تەواو بێزاری کردبووم. خۆم گرت تاکو ڕەنج بۆ قوتابخانە بڕوات، ئەوسا گەر باش نەبووم بەرەو نەخۆشخانە بڕۆم. ئێستاش ئەو پێم ئەڵێت من

بیگەیەنمە قوتابخانە، چونکە پاسەکەیان شکاوە. زۆر بە هێواشی لە ناو جێگاکەم هاتمە دەرێ. بەناچاری وتم:

ــ باشە با خۆم ئامادە بکەم ئێستا ئەتگەیەنم.

بەڵام رەنج زانی من زۆر ماندوو نەخۆشم. وتی:

ــ دایکە، قەیناکا. نارۆم بۆ قوتابخانە ئەمرۆ لەگەڵ تۆ لە ماڵ ئەبم.

وتم:

ــ نابێت هەر ئیستا خۆم ئەتگەیەنم.

خیرا خۆم پێچایەوە جلێکی زۆرم لەبەر کرد. گەیـاندم. بەڵام لە رێگا پێم وت، ئەگەر پاسەکەتان هەر چاك نەبوو، ئەوا بە بـاوکت بڵێ بتگەڕینیتەوە. چونکە لەوە ئەچیت پێویست بکات من هەر ئێستا سەردانی نەخۆشخانە بکەم.

## ٦٧

پاش ئەوەی رەنجم گەیاندە قوتابخانە، پەیوەندیم بە ئیشەکەمەوە کرد. پێموتن کە ناتوانم بڕۆم بۆ ئەوێ. تەندروستیم باش نییە. خێرا بەرەو نەخۆشخانە رۆیشتم، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکەم. رۆیشتم بۆ شوێنی فریاگوزاری، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، پشکنینیکی چڕیان بۆ کردم. دوایی وتیان، هیچت نییە. بڕۆماڵەوە ئەو حەبانە بخۆ کەی هەستت بە هیلاکی کرد بخەوە، کە هەستیشت کرد برسیتە خواردن بخۆ. زۆر سەرسام بووم. وتم:

ـ ئەگەر هیچم نییە ئەی بۆ دەرمانم ئەیەنێ؟

پزیشکەکە وتی:

ـ خانم ئەوە دەرمانە بۆ مێشکتە. چونکە تۆ زۆر بیر ئەکەیتەوە، پیویستیت بە جۆرە حەبێکە کە یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی ئارامت بکاتەوە، کاتێك خەوت لێدەکەویت پشویەکی باش وەردەگریتو دەحەویتەوە ئەوسا ئازارەکانیشت نامێنێت. ناوسك وگەدەت هیچی نییە. بەڵام زۆر بیرئەکەیتەوە پاڵەپەستۆیەکی زۆرلەسەر مێشکتە، ئەبێت بزانیت، کە مێشکت پێویستی بە حەوانەوەیە تاکو ئیشەکانی بەباشی جێ بەجێ بکات. ئازاری گەدە زۆرجار پەیوەندی هەیە بە زۆر بیرکردنەوە.

## ٦٨

کاتێك نەخۆشخانەکەم جێهێشتو چومە ناو ئوتۆمبێلەکەم، سەیری مۆبایلەکەم کرد، بینیم بێباك چەند نامەیەکی ناردبوو تەنها بریتی بوو لە (چۆنی، باشی، چەپکە گوڵو دڵ.)

منیش هەر وەك جاران وەڵامم دایەوە. بەڵام پێم نەوت:

ــ لە نەخۆشخانەبووم‌و نەخۆشم.

دوایی نامەی‌تری بۆ ناردم نووسیبووی:

ــ دڵەکەم ئەمڕۆ زۆر سەرقاڵی ئیشم، زۆریش ناساغم.

لێم پرسی نەتیجەی پشکنینەکەی هەفتەی پێشوت وەرگرتەوە؟ چی بوو؟

لە وەڵامدا بۆی نووسیم:

ــ چی؟ پشکنینی چی؟

نووسیم:

ــ خۆت پێت وتم، بیرت چووەوە؟!

پاش تۆزێك نووسی:

ــ ئا.. راستەکەیت! جارێ ماوە. وەڵا بیرم چوبووەوە.

ئیتر من هیچی‌ترم نەنووسی. جارێکی‌تر نامەیەکی نارد، نوسیبووی:

ــ گیانەکەم زۆرم خۆشئەوێیت تۆ تەنها خۆشەویستی منیت. بەڵام ئەمڕۆ زۆر بێتاقەتم.

منیش بۆم نووسی:

ــ ئەگەر ئەوەندە بێتاقەتی، برۆ بۆ ماڵەوە. ئیش مەکە، خۆ لە برسا نامریت! نووسی:

ــ نا گیانەکەم نابێت من ئیش جێبێڵم. خۆم خاوەنی ئیشەکەم، هەر ئەبێت خۆم هەموو کاتەکە لێرە ئامادەبم.

## ٦٩

کات گەیشتبووە نزیك نیوەڕۆ، منیش گەیشتمە ماڵەوە. چایەکی لیمۆم دروست کرد، دوو کەوچك هەنگوینم تێ کرد، هەر بە گەرمی خواردمەوە. لە سەر تاکە قەنەفەکە دیسان لێی ڕاکشام، پەتۆیەکی گەرمو گوڕم بە خۆمدا کێشا. ویستم خەوم لێ بکەوێت تاکو تۆزێك ئیسراحەت بکەم، زۆریش خەواڵوو بووم، هیشتا ئازارەکەم هەر وەکو خۆی بوو، تاو تاویش ئەگریـــام بۆ باوکم هیچ هەواڵێکی باوکم نەئەزانی. پێش دوو ڕۆژ دایکم بۆی باسکردم، کە باوکم پێویستی بە نەشتەرگەری گورچیلەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پاڵەپەستۆی خوێنی بەرزە، دکتۆرەکان جارێ چاوەڕێی ئەوە ئەکەن کەمێك پاڵەپەستۆی خوێنی جێگیربێت. پاشان نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجام بدەن، هەرچەندە باوکم تەمەنی زۆر بوو ئەوەش ترسێکی زۆری لای هەموومان دروست کردبوو. جارجاریش بە خۆم ئەوت:

ــ دکتۆرەکە ڕاستی کرد، من مێشکم بە هەموو شتێکەوە مەشغووڵە، پێویست ئەکات زیاتر ئاگاداری خۆم بکەم، گەر لەبەر خۆم نا لەبەر ڕەنجی کوڕم.

تەواو خۆم مت کرد، نقەم لە خۆم بڕی، چاوەڕێم ئەکرد کەمێك ئازارەکەم بشکێت. پاش کاتژمێرێك هیچ خەوم لێ نەکەوت، بەڵام ئازارەکەم هەندێك بێدەنگ بوو. سەرەڕای نا ئارامی بـــاری تەندروستیو باری دەروونیم، خەیاڵم ڕۆیشت بۆ لای بێباك:

ــ ئەبێت ئەو چۆن بێت؟

بەزەییم بـەودا ئەهاتەوە، کە بەو ئـازارەوە ئیش ئەکات، خۆ هیچ نەبێت من ئەتوانم لە ماڵ بمێنمەوە. بەڵام ئەو داماوە ناشتوانێت ئیشەکەی جێهێڵێتو پشوویەك وەربگرێت. خەم دایگرتم. نامەیەکم بۆ نارد پرسیارم کرد:

ــ ئیستا چۆنی؟

وەڵام نەبوو. هەر چاوەڕێم کرد وەڵام نەبو!. دوای یەك کاتژمێر بۆم نووسی:

ــ بێباك بۆ وەڵامت نییە؟ دڵم لە مەراقایە، پێم بڵێ چۆن بوویت. دوای دوو کاتژمێر نووسی:

ــ زۆر باشم هیچم نییە!

نووسیم:

ــ یاخوا باش بیت.

دوای کاتژمێرێك نامەیەکی نارد نووسی:

ــ خۆشەویستەکەم، بڕوا بکە تۆ هەموو دنیات بیربردوومەتەوە، ڕۆشنا گیان تۆ دڵی منیت. ئێستا کەمێك سەرقاڵم. دوایـی خۆم پەیوەندیت پێوە ئەکەم. باشە دڵەکەم؟

منیش بێدەنگ بووم. ئیتر هیچم نەنارد. بەدەم ئازارەوە کەمێك خواردنم دروستکرد. جار جاریش ڕائەکشام، هەستم بە ماندوبونێکی زۆر ئەکرد، وامئەزانی هەموو گیانم تێکشکاوە. زۆر بێتاقەت بووم، خۆشم نەمزانی تووشی چی بـووم!. بەڵام هەرچەند فەیسبووك وماسنجەرەکەم ئەکردەوە بێباکم ئەبینی لەسەرخەت بوو. کاتێك ئەو بە منی وت، سەرقاڵەو مەژغوڵی ئیشە.

# ٧٠

ئەو شەوە کات درەنگ بوو. بەڵام من هێشتا کەمێك ئازارم مابوو، بێباك تەلەفۆنی کرد. وەڵامم دایەوە. وتی:

ــ چۆنی دڵە گیان ئەوە بۆ ئەمڕۆ بێ دەنگ بوویت؟ خەریکی چی بوویت؟

وتم:

ــ ئەمڕۆ لە ماڵ بووم تۆزێك بێتاقەت بووم، خەریکی هیچ نەبووم، بەڵام تۆ خۆت پێتوتم، لە ئیش سەرقاڵی. ئەوە چیە ئەڵێی شتت بیر ئەچێتەوە!؟

بێباك کەمێك بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:

ــ وەڵا راست ئەکەیت. ئا.. بە خوا هەر زۆر مەشغووڵ بووم. خۆت ئەزانیت من خۆم خاوەن ئیشەکەم، ئەبێت خۆم سەرۆکاری هەموو شتێك بکەم.

وتم:

ــ راستە. خوا فرسەتت بات!

ئینجا دیسان هەمان پرسیاری کردەوە:

ــ ئێ گوڵەکەم ئەمڕۆ چیت کرد لە ماڵ بوویت؟

تۆزێك بـــاسی نەخۆشییەکەی خۆمم بۆ کرد، وتم:

ــ ئەی تۆ خەریکی چی بوویت؟

وتی:

ــ منیش هەر وەکو هەموو رۆژێك لە ئیش بووم. بەڵام هەموو مێشكو دڵم لای تۆیە.

دیسانەوە کەوتەوە باسکردنی خۆشەویستیی خۆیو دواڕۆژمان بە یەکەوە. زۆر خۆش حاڵیی خۆی دەرئەبڕی، کە منی ناسیوە. پێی وتم:
ــ لەوەتی تۆم ناسیوە، ژیانم زۆر گۆڕاوە. دڵم زۆر بەتۆ خۆشە.
منیش زۆر لە قسەکانی سەرم سوڕما! هیچم نەوت. بیرم لە قسەکانی ئەکردەوە. پاش کەمێك وتی:
ــ گیانەکەم ئەوە بۆ قسەناکەیت؟ بیرم ناکەیت؟
وتم:
ــ بێگومان بیرت ئەکەم، حەزئەکەم قسەبکەین. بەڵام وەکو بۆمباسکردیت ئەمڕۆ چووم بۆ نەخۆشخانە، ئێستاش کەمێك هەست بە ماندووبوون ئەکەم. ئەگەر لات ئاساییە، بەیانی قسە ئەکەین، باشە؟
بە لالووتێکەوە وتی:
ــ باشە، کێشە نییە. منیش ئەخەوم. شەو شاد.
چەند جارێك تێبینیم کردبوو، کە پێی ئەوتم، ئەچێت بۆ خەوتن. بەڵام ئەو هێشتا لە سەر خەت بوو. لە سەر فەیسبوك، یان کاتێك، کە لە ئیش ئەبوو، بە منی ئەوت:
ــ دڵەکەم، تەلەفۆنەکەم ئەکوژینمەوە بۆ ئەوەی کەس پەیوەندیم پیوە نەکات، چونکە کاتی ئیشکردن من ناتوانم وەڵامی کەس بدەمەوە. بەڵام زۆر جار ئاگادار بووم دیسان لە سەر خەت بوو:
ئەوە زیاتر منی خستبووە گومانەوە. بە تایبەت کاتێك پرسیارم لێ ئەکرد بۆ وا ئەکات؟ ئەو ئەیوت وا نییە. تۆ هەڵەیت. سوێندی ئەخوارد، کە هەموو رۆژەکە لە سەر خەت نەبووە. هەمووجار ئەیوت، بڕوابکە من رۆژ، لە دوای رۆژ زیاتر تۆم خۆش ئەویت!. زۆر جار ئەیوت، بڕوا بکە بە گیانی دایکم لای من تۆ پیرۆزترین، گەورەترین کەسیت.

تۆ پەرستگای منی، بڕوام پێ بکە خۆشمئەوێت. تەنها کێشەی من ئیشەکەمە کاتم زۆر لێ ئەبات. هەمووجار دوای قسەکانی بڕوام پێ ئەهێنا، خۆم بەهەڵە ئەزانی. بەڵام لەهەمان کاتدا دڵم شتێکی کەی پێئەوتم!

پاش ماوەیەك بڕوام هێنا بێباك کێشەیەکی گەورەی هەیە.! بەڵام لە منی ئەشارێتەوە. ئەو وا باسی بۆ من کردبوو، کە باری ئابووری زۆر باشە، خاوەنی ئیشێکی زۆر گەورەو گرنگە، پارەیەکی باشی دەست ئەکەویت. لەدوای مردنی باوکیشی پارەیەکی زۆریشی بۆ جێ ماوە. هەروەها خاوەنی موڵکو ماڵێکی زۆرە. هەموو جار ئەیوت:

ـ رۆشنا گیان، کاتێك، کە شوت بە من کرد، ئیتر هیچ پێویست ناکات ئیش بکەیت. بۆ خۆت هەر شاژنی ماڵ بە. من پێویستم بە ئیشی تۆ نابێت. رێگەی زۆری دانابوو بۆ بەختەوەریمان، خەوی گەورەی ئەبینی لە خۆشی ژیانو پێکەوەبوونمان. منیش هەرچی ئەو ئەیوت، هەر وەکو قسەی پیاو خاوەن پەیمان لێم وەرئەگرت، چونکە ئەو بە بڕوایەکی زۆرەوە ئەو قسانەی ئەکرد. بەڵام من هەرگیز پەیمانی قورسم پێ نەدا، شتێکیشم نەوت، کە مەبەستم نەبێت.

## ٧١

بەیانی، کە لە خەو هەستام، چووم بۆ ئیش. بێباك هیچ دەنگی نەبوو. زۆرم ترس لێ نیشت. لەو بڕوایەدا بووم، کە لەوانەیە زۆر بیتاقەتی نەخۆشیەکەی بێت. بەڵام حەزم نەکرد هەواڵی بپرسم، هەتاکو خۆی نامە ئەنێرێت. پشووی نیوەڕۆ هات بێباك هێشتا دەنگی نییە! ڕۆژانی، کە تا ئەو کاتە ئەوەندەی نامە ئەنارد، فریای وەڵامدانەوەی نەئەکەوتم. بەڵام ئەمە چەند ڕۆژێکە زۆر بەکەمی نامە ئەنێرێت، ئەو ڕۆژە تا ئەو کاتەش هەر دەنگی نەبوو. ئیتر لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا. نامەیەکم بۆ نارد. نووسیم:

ــ بێباك گیان، ئێستا چۆنی؟

وەڵامی نەبوو. هەر لە خۆمەوە تەلەفۆنێکم بۆ جوانە کرد. وتم:

ــ جووجە گیان، خێرا، کاتم زۆر نییە. پێم بڵێ چیتکرد؟

جوانە پێکەنی. وتی:

ــ بڕوا بکە ئێستا لە دڵما بوویت.

وتم:

ــ دە باشە هیچت کرد؟ ئەزانی باسی چی ئەکەم؟

وتی:

ــ ئەی چۆن نازانم.! مەگەر هاوڕێی تۆ نەبم. بە دەنگی بەرز قاقایەکی لێدا. ئینجا وتی:

ــ ڕۆشنا گیان، شتێکی کەمیان پێ وتووم، بەڵام ئەمشەو زانیاری زیاترم پێ ئەڵێن. وەکو پێم وتیت پەلە مەکە، زۆر وریابە. ئەگەر ئەتوانی قسەی لەگەڵ مەکە تاکو خۆم هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم.

وتم:

ــ ئینجا خۆ دڵم شەق ئەبات.

تۆزێك بیرم کردەوە. ئینجا وتم:

ــ جوانە گیان، دە تۆ ئێستا ئەوەی ئەیزانی پێم بڵێ.

جوانە خێرا وتی:

ــ توخوا رۆشنا گیان خۆت بگرە، هەمووی چەند سەعاتێکی کەیە، ئەوسا هەموو شت ئەزانی.

وتم:

ــ باشە. بەڵام بە خوا دڵم زۆر لایەتی، دوێنێ وتی بێتاقەتە، ئەمڕۆش هیچ دەنگی نییە. ئەترسم لە نەخۆشخانە کەوتبێت.

جوانە پێکەنی. وتی:

ــ نا.. مەترسە. هیچی نییە، بە قوربان تۆ ئاگات لە خۆت بێت. نامەشی بۆ مەنێرە بە قسەم بکە.

وتم:

ــ ئاخخخ بە دەست تۆوە. باشە.

خواحافیزیمان کرد. خۆم بە خۆمم وت، بە خوا دیارە لە نەخۆشخانەیە. بەڵام هەر چەند فەیسبوکەکەم ئەکردەوە، ئەمبینی لە سەر خەت بوو. ماسنجەرەکەشی کراوە بوو! نەك هەر ئەوەش، هەندێ گۆرانیو نوکتەی پۆست کردبوو. ئەمەش زیاتر منی خستە گومانەوە! بەڵام ئەی بۆ وەڵامی من ناداتەوە؟! خەریك بوو ناو مێشکی خۆم ئەخوارد بە بیرکردنەوە، بۆچی هیچ هەواڵی من ناپرسێت پاش ئەوەی زانی نەخۆش بووم؟! ئەی کوا خۆشەویستی؟ بێباك بە قسەی خۆی هەموو جار ئەڵێت یاخوا من نەخۆش بم نەك تۆ، هەزار جار ئەڵێت

یاخوا قەزای تۆ لە من بکەوێت! ئەی کەواتە ئێستا بۆ هەواڵێکیش ناپرسێت؟! وەڵا سەیرە! ئەو رۆژە هەر نەمزانی چۆن ئیشم کرد. تاکو گەیشتمە ماڵەوە من هەر چاوەڕێی وەڵامی جوانە بووم، لە هەمان کاتدا چاوەڕێی بێباك بووم هەواڵێکم بپرسێت. بەڵام هیچ دەنگێك نەبوو. لە کۆتاییدا پێم لە جەرگی خۆم نا هەر، کە گەیشتمە ماڵەوە. پیش ئەوەی خەمی خواردن دروستکردنم بێت، دەستم دایە تەلەفۆنەکەم نامەم بۆ نارد، کە بۆچی وەڵام ناداتەوە پرسیارم کرد. نووسیم:

ــ بێباك چۆنی، باشتر بوویت؟ بۆچی دەنگت نییە؟

## ٧٢

پاش نیو کاتژمێر نووسی:

ـ (جا تۆ هەقت چییە! بۆ پرسیـــار ئەکەیت؟! ئەوەکەی کێشەی تۆیە!)

کە ئەو نووسینەم بینی! چاوم زەقبووەوە دەمم داچەقا! هەستمکرد بۆ ساتێك مێشکم وەستا! پرسیارم لە خۆم کرد:

ـ چیییی؟! من هەقم چییە؟! بۆ پرسیار ئەکەم؟! کێشەی من نییە؟! ئەم قسانە چین؟ ئەمە پیاکە وا.. بە.. من ئەڵێت؟!

من لەو کاتەدا تووشی سەرسوڕمانێکی یەگجار گەورە بووم! وامزانی بە هەڵە قسە لەگەڵ کەسێکیتر ئەکەم! بە هەڵە نامەم بۆ کەسێکیتر ناردووە. هەر لەو کاتەدا وامزانی تەورێکیان بەسەرمدا کێشا! سەرم گێژی ئەخوارد. دڵم خێرا لێی ئەدا. وەستام. هەر تەماشای نامەکەیم ئەکرد. بۆ ماوەی چەند چرکەیەك هەر ئەمخوێندەوە، ئەمخویندەوە:

ـ چیییی؟

سەرەتا وام ئەزانی چاوم رێشکەو پێشکە ئەکات. واقم وڕمابوو. بۆ ماوەیەك هەستم ئەکرد سڕبووم. زۆرم لە خۆم ئەکرد پرسیاری لێ بکەم بۆ وا ئەڵێت؟ تۆ بڵێی بە راستی بێت، یان گاڵتەم لەگەڵ ئەکات؟!

نەمئەزانی پرسیاری چی لێ بکەم! لە خۆم ئەپرسی:

ـ بۆچی پیاك بەو شیوەیە وەڵامی من ئەداتەوە؟ نابێت! هەرگیز نابێت!

پاش تۆزێك خۆم بە خۆم وت:

ـ دیارە ئەیەوێت گاڵتەم لەگەڵ بکات.

هەر بیرم ئەکردەوە:

ــ پێویست ئەکات وەڵام بدەمەوە؟

چاوەڕێم کرد، کە خۆی شتێك بنێرێت. بەڵام هیچ نەبوو. منیش خەریك بووم لە پێستی خۆم ئەچوومە دەرەوە، بە جۆرێك تووڕە بووم، مێشكم ئاگری تێبەربووبوو. ئەترسام بە راستی بێت. ئەترسام ئەوە راستییەکەی بێباك بێت! ئەو هەموو کاتە من پێی هەڵخەڵەتابم! ئەترسام پێم بڵێت، تۆ بێ ئەقڵ ترین ژن بوویت! ئینجا پێم پێ بکەنێت. ئەترسام پێم بڵێ برۆ هەی بێ مێشك چۆن بڕوات بە من کرد؟! بە خوا چاك کەرم کردیت! بەڵام لە هەمان کاتدا پەشیمان ئەبوومەوە. ئەموت:

ــ نا.. نا.. وا دیارە بێباك ئەمڕۆ لە ئیش تووڕەبووە، یان کێشەیەکی هەیە، بۆیە بەو جۆرە قسەم لەگەڵ ئەکات، منیش ئەبێت تێبگەم، کە ئەویش ژیانی ناخۆشی زۆر بینیوە. بڕواناکەم بێباك لە کردنی ئەم قسەیە هیچ مەبەستێکی هەبێت! ئەبێت منیش تۆزێك هێمنو خۆڕاگربم! تۆزێك خۆم ئارام کردەوە. با ئەم جارەش نامەیەکیتری بۆ بنێرم. لەوانەیە لە شتێك تووڕە بووبێت هیچ پەیوەندیشی بە منەوە نەبێت.

نووسیم:

ــ بێباك ئەوە بۆ وا ئەڵێیت؟ لە چی تووڕەیت؟ بە راستە من هەقم نییە پرسیارت لێ بکەم؟

هەر بەوەنەی یەکو دوو نووسی:

ــ رۆشنا، چییە ئەڵێی لە کوردی تێناگەیت؟! پێم وتیت تۆ هەقی منت نەبێت. نامەوێت قسەت لەگەڵ بکەم. تۆ کێیت؟ ئیتر بەسە بێزاریشم مەکە. کاتی تۆ... تەواو بوو... تەواو.

هەر، کە ئەو نووسینانەم بینی، وەکو شێتم لێ هات. بە چواردەوری

خۆما ئەخولامەوە. نەمئەزانی چی بکەم. دانیشم؟ بە پێوە بم؟ هەموو گیانم ئەلەرزی:

ــ ئەم قسانە چین؟ بۆ؟ بۆچی بێباك وا ئەڵێت؟ ئەبێت ئەمە بێباك خۆی بێت؟!! ئایــا ئەمەی ئەیبینم راستە یــان خەوە؟ چۆن بێباك وا بە من ئەڵێت؟ چی تەواو؟!

تەلەفۆنەکەشم بە دەستەوە بوو، هەر سەیرم ئەکرد، نامەکانم ئەخوێندەوە. نابێت ئەمە راست نییە، ئەمە خۆی نییە!. بڕیــار بوو من بەیانی بۆ لای بێباك بڕۆم. تەلەفۆنم کرد بۆ ماسنجەرەکەی. دوای یەك جەرەس بە سەرمدا دایخستەوە. دوایی نامەیەکی بۆ ناردم. نووسیبووی:

ــ ئەوە چیتە.. ئەڵێی تۆ لە قسە تێناگەیت؟ هەی بێ مێشك!؟ نەخەڵەتێی تەلەفۆن بۆ من بکەیت، یان نامەم بۆ بنێریت. تەواو پێموتیت کاتی تۆ تەواو، ئیتر تێ بگە. بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیم پێوە نەکەیت. هههههههههههه.

من زیاترو زیاتر، سەرم لێ تێکچوو بوو لە کوتوپڕی ئەو قسانەی، کە بە هیچ جۆرێك چاوەڕێی نەبووم، کە رۆژێك لە رۆژان لە بێباك بیبیستم.! توشی سەرسوڕمانێكو شۆکێکی یەکجار سەخت ببوم. ئەمزانی کاتی هاتنەوەی رەنج نزیکە بەڵام توانای هەستانم نەبوو، تاکو بەرەو چێشتخانەکە بڕۆم خواردنێك دروست بکەم. لە راستیدا لە کوتوپڕیی ئەو نامانە، توانای جووڵەم نەمابوو. هەستم ئەکرد مێشکم وەستاوە. هەستم ئەکرد، هەموو پارچەکانی گیانم لە ئیش کەوتوون. بیرم ئەکردەوە ئاخر بۆچی بێباك ئەو قسانە بە من بڵێت؟ بە هیچ جۆرێك مێشکم قبووڵی نەد ەکرد. هەر چۆنێك بوو، تەلەفۆنەکەم داخست. بەڵام بۆ یەك چرکە ئەو نووسینانە لە پێش چاوم ون نەدەبوون.

# ٧٣

لە پڕێکدا لە دەنگی لێدانی دەرگاکە راچڵەکیم رۆیشتم دەرگاکە بکەمەوە:

ـ سەیرم لێ دێت؟ ئەبێت کێ بێت؟ ئەگەر رەنج بێت، بۆ لە دەرگا ئەدات؟! خۆی کلیلی پێیە!

دەرگام کردەوە. تەماشام کرد رەنج لە پێش باوکییەوە راوەستاوە. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ دایکە، باوکم خواردنی بۆ هێناوی!

وەکو گوێم لێنەبووبێت. هەر تەماشام ئەکردن. ئەوانیش هەردووکیان هەر تەماشایان ئەکردم، وەکو چاوەڕێی من بکەن شتێك بڵێم. ئینجا وتم:

ـ ها.. خواردنی چی.. بۆ؟

سەیرێکی رێبوارم کرد. وتم:

ـ خواردنی چی؟ بۆ خواردنت هێناوە؟

ئەویش وا دیار بوو هەستی کرد، کە من کێشەیەکم هەیە. ئاسایی نیم. بە دەنگێکی زۆر لە سەر خۆ وتی:

ـ ئەمڕۆ رەنج باسی بۆ کردم، دوێنێ تۆ نەخۆش بوویت. منیش بە هەڵم زانی خواردنت بۆ بهێنم. بۆ ئەوەی خەریکی چێشت لێنان نەبێت، خۆت ماندوو نەکەیت.

منیش لە داخی نووسینەکانی بێباك! بەرچاوی خۆم نەدەبینی. هێندە تووڕەو بێزار بووم. ئەویش بە هەموو ئەقڵێکییەوە ئەیەوێت هەل لە

نەخۆشییەکەم وەربگرێت، تاکو رێزو خۆشەویستیی خۆی دەربڕێت. سەرێکم راوەشاند. وتم:

ــ نا...نا سوپاس، ئێستا خواردن دروست ئەکەم. ئەمڕۆ تەندروستیم زۆر لە دوێنێ باشترە.

دەستی رەنجم راکێشا هێنامە ژوورەوە. بەڵام رێبوار لە ناودەرگاکەدا بە زەرفێکەوە راوەستابوو، چاوەڕێی ئەکرد بڵێم فەرموو وەرە ژوورەوە. رەنج هیچ گوێی بەقسەکەی من نەدا، ئاوڕێکی لەباوکی دایەوە وتی:

ــ باوکە وەرەژوورەوە.

من خەریك بوو قسە بکەم، رەنج خێرا رووی وەرگێڕا، وتی:

ــ دایکە، باوکم خواردنی بۆ هەموومان هێناوە بۆ ئەوەی ئێستا بە یەکەوە بیخۆین، باوکم خەمی تۆی بوو. من پێم وت تۆ نەخۆشیت.

ناچار هیچ قسەم پێنەما. وتم:

ــ باشە. کاك رێبوار فەرموو وەرە ژوورەوە.

هەردووکیان هاتنە ژوورەوە. منیش مێشكو دڵم گڕی تێبەربوو، ئاگام لە کەس نەمابوو، هەر خەیاڵم لای قسەکانی بێباك بوو. ئەمویست خۆم بدزمەوە. خێرا پەیوەندی بە جوانەوە بکەم. بزانم هەواڵی چی پێیە! رەنج باوکی راکیشا بۆ سەرمێزی نانخواردنەکە. خیرا زەرفەکەیان کردەوە. قاپ، کەوچك، چەتاڵیان دانا. بە هەردووکیان سەرمێزیان ئامادە کرد. خواردنەکانیان دەرهێنا. منیش هەر تەماشام ئەکردن. بەڵام مێشکم هەمووی لە شوێنێکیتر بوو. ناچار ئەوانم بەجێهێشت، رۆیشتم مۆبایلەکەم کردەوە. بینیم چەند نامەیەکم لە لایەن بێباکەوە بۆ هاتووە نوسیبوی:

ـ دڵەکەم چییتە؟ بۆ بێدەنگی؟

لە نامەیەکی‌تردا نووسیویەتی:

ـ خۆشم ئەوێیت، بیرت ئەکەم ڕۆشنا گیان. بۆ وەڵامت نییە؟

دیسان باسی خۆی ئەکات چەندی خۆش ئەوێم. کاتێك ئەو نامانەم بینی، ئەوەندەی‌تر واقم وڕما. هەر ئەمخوێندەوە. بەراوردم ئەکردن لەگەڵ نامەکانی پێش کاتژمێرێك! هیچ حاڵی نەبووم. لە خۆمم پرسی:

ـ ئەمانە چین؟ ئەمە کێیە؟

هیچ تێنەگەیشتم، خێرا خێرا ڕەنج بانگی ئەکردم:

ـ دایکە... دایکە وەرە خواردنەکەت سارد بووەوە. دەی چاوەڕێتین!

منیش خوا خوام بوو کەس ئەو روخسارە پەشۆکاوەم نەبینێت، چونکە توانای شاردنەوەیم نەبوو. کاتێکم زانی ڕەنج هاتە ژوورەکەم، وتی:

ـ دایکە ئەوە چیتە؟ دەوەرە نانەکەت بخۆ. بە خوا هەتا تۆ لەگەڵمان دانەنیشیت منیش نان ناخۆم!

بەدەنگێکی پڕلەئازار و لەسەرخۆ وتم:

ـ باشە کوڕەکەم، با دەستم بشۆم، هەر ئێستا منیش ئامادە ئەبم.

لە ڕاستیدا چاوەڕێی هەلێك بووم بۆئەوەی پەیوەندی بە جوانەوە بکەم. بەڵام جوانە خۆی تەلەفۆنی کرد. خێرا وەڵامم دایەوە:

ـ هەلاو...!

جوان زۆر بە خێرایی وتی:

ـ ڕۆشنا گیان ئەگەر ئەو کابرایە تەلەفۆنی بۆ کردیت وەڵامی نەدەیتەوە! پشتگوێی بخە.

وتم:

ــ بۆ؟ خێرا پێم بڵێ چی ئەزانی؟!

وتی:

ــ زۆر شت ئەزانم. ئەو کابرایە...

تەلەفۆنەکە داخرایەوە. کە سەیرم کرد مۆبایلەکەم مردبوو، ئەبووایە شەحنم بکردایە. ناچار بە رووی گرژو مۆنەوە رۆیشتم لە سەر مێزەکە لەگەڵ رەنجو رێبوار بۆ نان خواردن دانیشتم. رێبوار ئەوەندەی خواردن هێنابوو بەشی دە کەس، بەڵام من هیچم بۆ نەخورا، هەر چەند زۆریشم لە خۆم ئەکرد. بەڵام توانام نەبوو. رێبوار زوو زوو بە لایەکی چاو سەیرێکی ئەکردم. هەستم ئەکرد ئەیەوێت قسە بکات. بەڵام من کاتم پێنەدا، ئەوەندە مێشکم جەنجاڵ بوو، توانای قسەکردنیشم نەبوو. ئەویش هەستی کرد، کە من شڵەژاو لە شتێك بێزارم. هەر زوو تێگەیشت. هەر ئەوەندەی وت:

ــ رۆشنا خان، ئەگەر بێتاقەت بوویت، یان هەرشتێکت پێویست بوو، تکایە تەلەفۆن بکە، با ئاگادار بم.

منیش بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکم کرد. لە راستیدا هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو. نەمزانی چی بڵێم. هەر ئەوەندە نەبێت، وتم:

ــ دەست خۆش بۆ خواردنەکانت. سوپاس.

ئەویش پاش تۆزێك خواحافیزی کرد.

# ٧٤

دوای چەند خولەکێك تەلەفۆنم بۆ جوانە کردەوە. دەنگی نەبوو. دوایی نامەیەکی بۆ ناردم نووسیبووی:

ــ ڕۆشنا هەموو شت لەگەڵ (بێناو) ڕابگرە! دوایی خۆم تەلەفۆنت بۆ ئەکەم.

لەو کاتەدا من چاوەڕێی جوانە بووم هەواڵی زیاترم پێبڵێت، بێباك بەردەوام نامەی بۆ ئەناردم. نووسیبووی:

ــ دڵم تەقی وەڵامم بدەرەوە. ڕۆشنا گیان بەقوربانت بم، دڵەکەم، ئەوە تۆ لە کوێیت؟!

خۆم ڕاگرت. هیچم بۆ نەنووسی. چەند کاتژمێرێك چاوەڕێی جوانە بووم. بەڵام هیچ دەنگی نەبوو. بێباكیش هەر نامەی ئەنارد. بڕیارمدا یەك نامەی بۆ بنووسم:

ــ ئەو قسانە چی بوو؟ بۆ وات پێ وتم؟

نووسی:

ــ مـن..!؟ دڵە گیان ئەوە بە ڕاستە؟ من چۆن شتی بێمانات بۆ ئەنووسم؟ کێ ئەتوانێ کفری بەو جۆرە لە بەرامبەر تۆی خۆشەویستدا بکات!؟

نووسیم:

ــ تۆ... تۆ کردت. بەڵام پێم بڵێ بۆ؟!

بێباك نووسی:

ــ ئەوە چیتە؟ ئەو قسانە بە ڕاستە؟ یان ڕائەبوێری؟

نووسیم:

ـ تۆ پێم بڵێ ئەو قسانە چییە؟ تۆ رائەبوێریت. من مێشکم ئەخولێتەوە. خەریکە شێت ئەبم. بەس پێم بڵێ ئەمە چییە؟

بێباك نووسی:

ـ نازانم.! ئاگادار نیم.! نازانم باسی چی ئەکەیت! من ئەمڕۆ هەر چاوەڕێی تۆ بووم نامەیەك بنێریت.

نووسیم:

ـ یەعنی تۆ نەبوویت؟ ئاگاشت لێ نییە؟!

نووسی:

ـ نەء. بە خوا نازانم باسی چی ئەکەیت! کێ وەڵامی دایتەوە؟ چییان پی وتیت؟!

نووسیم:

ـ ئەگەر تۆ نەبوویت؟ ئەی کێ بوو؟ ئەزانم خۆت بوویت!

نووسی:

ـ بڕوا بکە، من نەبووم. من لە دوێنێیەوە فەیسبوکەکەم هاککراوە. ئەوەی وەڵامی تۆی دایەوە من نەبووم، ناشزانم کێیە!

نووسیم:

ـــ ئەوە تۆ ئەڵێی قسە بۆ مناڵ ئەکەیت، هاکی چی کراویت؟ ئەی ئەوە نییە هەمان فەیسبووك، هەمان ماسنجەر بەکار ئەهێنیت؟! چییە ئەتەوێت شێتم کەیت؟

نووسی:

ـ نا.. گیانەکەم ئەمە تازەیە، خێرا تۆم ئاد کرد، بۆ ئەوەی پەیوەندیت پیوە بکەم.

دوای ئەو قسانە من ئیتر هیچ شتێکم بە لاوە گرنگ نەبوو. تەنها ئەمویست تێبگەم. بەڵام تیگەیشتن بۆ من لەو کاتەدا زۆر سەخت بوو، چونکە ئەوەی روویدا، زۆر چاوەڕواننەکراو بوو. هەر هەمان شەو چوومەوە سەر ماسنجەرەکەم بۆ ئەوەی نامەیتر بنێرم بۆ ئەو کەسەی، کە بێباك ئەیوت نازانم کێیە! کەسێکی کەیە بە ناوی منەوە قسەت لەگەڵ ئەکات. کاتیك نامەم بۆ نارد. نووسیم:

ــ تۆ کێیت؟ من ئەناسی؟!

پاش کەمێك نووسی:

ــ بێباکم! بەڵێ رۆشنا خان ئەتناسم.

وەستام. بیرمکردەوە:

ــ تۆ بڵێی راست بکات؟! نازانم!

بەڵام بڕیارمدا بیدوێنم، وەکو ئەوەی بێباك خۆی بێت، هەر بۆ ئەوەی شتێك تێبگەم. نووسیم:

ــ نەء تۆ بێباك نیت.

نووسی:

ــ هههههههه، رۆشنا... تۆ بۆ ئەوەندە بێ مێشکی؟ من ئەڵێم بێباکم!. خۆشەویستەکەت هههههههه.

نووسیم:

ــ ئەگەر ئەویت بۆ وا بێ رێز قسەم لەگەڵ ئەکەیت؟

نووسی:

ــ پێم وتیت کاتی تۆ بەسەرچوو، من تاقەتم چوو، تۆ تاقەتت نەچوو؟ بە خوا سەیریت! من ئیتر نامەویت قسەت لەگەڵ بکەم! چییە بە زۆرە؟

نووسیم:

ــ بە راست ئەمە لە کەیەوە!؟ ئەی ئەو هەموو قسانە چی بوو ئەتکردن؟ پەیمانو بڕیارەکانت چیی لێ هات؟ ئەوەنەش درۆزنی؟!

نووسی:

ــ هههههههه هەر، وا زوو بڕوات کرد؟! من ئەڵێم بێ مێشکیت! ههههه، بڕۆ بەرێیی خۆتەوە بێ مێشك. ژن هەر وا کەم ئەقڵن. هههههههه پەیمانی چیو بڕیاری چی؟ ئەوانە کێن نایان ناسم هههههههههه!

لەو کاتەدا خەریك بوو دڵم ئەبوو بە هەزار پارچەوە. ئەگریام. چۆن گریانێك! بە ئاشکرا هەستم بە ئازاری دڵم ئەکرد. هەستم ئەکرد دڵم بە گوێزان قاش قاش ئەکرێت. سەرم ئەخولایەوە، ئەوەندە لە ژوورەکەمدا هاتو چۆم بوو، خەریك بوو ئەبوورامەوە. هیچ قسەیەکم پێ نەبوو بیکەم، هەرچی وشەیەك بە مێشکمدا ئەهات، کە پێی بڵێم!. هێشتا بە کەمم ئەزانی. تەنها پرسیارم لە خۆم ئەکرد:

ــ تۆ بڵێی بە راستی ئەمە خۆی بێت!؟ ئەمە بێباکە بەو جۆرە قسەم لەگەڵ ئەکات؟

دەستم بە جۆرێك ئەلەرزی، تەلەفۆنەکەم بۆ هەڵنەئەگیرا. زمانم، مێشکم وەستا بوون:

ــ ئەبێت ئەمە چی بێت؟ ئەی هاوار ئەمە چییە؟ من لە هەموو ژیانمدا تووشی شتێکی وا نەبووم! مرۆڤی درۆزنو خراپم زۆر دی بوو، بەڵام بەو جۆرەم نەدیبوو! نەشم بیستبوو کەسێك هەبێت بەو جۆرە!. ئەبێت من ئەو هەموو کاتە هەڵخەڵەتابم؟

کەمێك بێدەنگی گرتمی. جارێکیتر تەماشای نامەکانیم کردەوە. خوێندمنەوە، بــەراوردم ئەکردن، سەد جار خوێندمنەوە. هیچ تێنەگەیشتم:

ــ باشە خۆ من یارمەتیم دا، خۆ من خۆشم ویست، بڕوام پێکرد! باشە من هیچ شتێکم کردوە ئازاری ئەوم پێدابێت؟ نا.. نا.. ئەمە کەسێکی کەیە رقی لە بێباکە ئەیەوێت ناوی ئەو خراپ بکات، وا دیارە بێباك راست ئەکات هاککراوە. خۆی نییە.

تۆزێکیتر بیرم ئەکەوتەوە:

ــ ئەیباشە هەر هەمان فەیسبوکی هەیە. تەنانەت وێنەکەشی نەگۆڕاوە. ئەی باشە تەلەفۆنیشی بۆ ئەکەم، وەڵام ناداتەوە. کەواتە هەر خۆیەتی.

هەرچۆنێك مەسەلەکەم ئەهێناو ئەبرد هەر ئەگەیشتمەوە یەك ئەنجام:

ــ هەر خۆیەتی. بەڵام بۆ؟ بۆ من؟

کەوتمە گومانەوە، کە ئەو کەسە بە راستی بوونی هەیە؟

ــ ئاخۆ ئەو کەسە خاوەنی ئەو نــاوە، ئەو ناونیشانەیە؟ لەو بنەماڵەیەیە؟ کەسێك بەو جۆرە شانازی بە خۆیو بنەماڵەکەیەوە بکات، ئەی چۆن بەو جۆرە رەفتار ئەکات!؟

وەك شێت هەر لەبەر خۆمەوە قسەم ئەکرد:

ــ نا... نا... ئەو بێباکە بە راست بوونی نییە! ئەمە کەسێکی نەخۆشە. من ئەمزانی بێباك کێشەی زۆرە، بەڵام نەمزانی بەو جۆرە ژنی لا سوكو بێ بەهایە!

من ئەمویست زیاتر بیدوێنم. بڕیارمدا واز نەهێنم، تاکو ئەگەمە ئەنجام. ئەبێت بزانم ئەم کەسە کێیە؟ بۆ وای به من کرد؟! خۆ من له ژیانمدا نەمدیبوو نەشم ئەناسی!

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕوام هێنا، که ئەوە بێباك خۆیەتی. بەڵام به هیچ جۆریك بڕوام نەدەکرد مرۆڤێك هەبێت بەو جۆرە درۆزن، خراپ، حەزی به ئـازاری ژنێك بێت، که بۆ ماوەی سێ مانگ وەکو کەسێکی زۆر دڵسۆزی گوێی بۆ راگرتبێت کێشەکانی ئەوی وەك کێشەی خۆی تەماشاکردبێت. کەسێك، که به هەموو دڵو بڕوایەکەوە خۆشیویستبیت، کەسێك که، وەکو مۆمێك بۆت بسووتێت. هەرگیز بڕوام نەدەکرد پادداشتی قسەی خۆش‌و ڕێزگرتن، قسەی رەق‌و دڵشکان بێت. به جۆرێکی لێکردم، قێزم له خۆم ئەکردەوە چونکە؛ من ڕێگام  بۆ کەسێکی وەکو بێباك ئاسان کرد، تاکو یاری به هەستەکانم بکات. خۆم ڕێگام پێدا تاکو چنگی پیس‌و چەپەڵی له ناو دڵما بگێڕێت. خۆم دەرگای دڵسوزی‌و متمانەم بۆ خستە سەر پشت، رۆژ له دوای رۆژ بڕوام به چیرۆکە درۆکانی ئەکرد. رۆژ له دوای رۆژ هێمنی‌و ئاسودەییم به سەردا ئەباراند. بێباك به ئەندام‌و جەستە مرۆڤ بوو، بەڵام به کردارو رەوشت دڕندە بوو. چونکە به جۆرێك ئازاریکی وای پێگەیاندم که، ئیسك‌و پروسکمی به جارێك تێکشکاند. کارێکی پێکردم، که هەتا له ژیاندامابم بڕواو متمانە به هیچ کەسیك نەکەم! چونکە هەر کاتیك قسەی بۆ ئەکردم به جۆرێك هەستی ئەجووڵاندم، بڕوام نەدەکرد له جیهاندا مرۆڤێك هەبیت به وینەی بێباك، خاوەن رەوشتی بەرز، کەسایەتی پڕ له ریزو خۆشەویستی بێت.

پێش ئەوەی بێباك بێتە ژیانمەوە بڕوام وا بوو خۆشەویستی بوونی نییە. تەنها هەستێکە خۆمان دروستی ئەکەین‌و دوایی بڕوای پێ ئەکەین. بەڵام کاتێك ئەوم ناسی، بە زمانی شیرین‌و قسەی هەنگوینی وای لێکردم بۆ جارێکی‌تر بڕوا بەوە بکەم، کە خۆشەویستی نەمرە. هەر چەند خەڵکی خراپ‌و نەخۆش بیانەوێت خۆشەویستی پاکو بێگەرد لە ناو بەرن، هێشتا فریشتەیەکی وەکو بێباك ئەتوانێت ببێتە گەورەترین پاڵپێوەنەر بۆ زیندو کردنەوەی هەستە جوانەکان. لەو کاتەدا، هەر لەو کاتەدا، کە من خۆم ئەمادە ئەکرد بۆ بینینی ئەو! بێباك نەخشەی ئەکێشا، کە بە ناشرینترین‌و ناشیاوترین شێوە کۆتایی بە پەیوەندیەکە بهێنێت! راستی کەسایەتیی خۆیم پێ بناسێنێت. من هێشتا لە شوێنی خۆم وشکببووم. تەنها بیرم لە سێ مانگی رابردوو ئەکردەوە، لە قسەکانی بێباك، جارێك بە خۆم پێئەکەنیم، جارێك ئەگریام، جارێك سەرزەنشتی خۆم ئەکرد، جارێك گلەیی لە رێبوار، جارێك لە قەدەر جارێکیش لە گیانی پڕ لە شەیتانی بێباك. بیرم ئەکردەوە من بە چ دڵێکی پاك قسەم لەگەڵ ئەکرد، بەچ پاکیەکەوە گوێم بۆ کێشەکانی رائەگرت، ئەی بە چ بڕوایەکەوە خۆم بۆ بینینی ئەو ئامادە ئەکرد!. بەڵام بە داخەوە کە ئەو بەو شێوە خوارو نادروستە پلانی گڵاوی دارشت بۆ دور کەوتنەوە.

## ٧٥

لە گەرمەی خەمو لێکدانەوەکانمدا بووم، کاتێك جوانە تەلەفۆنی بۆ کردم. زۆر بە خێرایی وەڵامم دایەوە. وتم:

ــ جوانە گیان فریام کەوە!

دەستم بە گریان کرد. جوانە خێرا وتی:

ــ ئەوە چییە رۆشنا گیان بۆ ئەگریت؟ چی بووە؟

من هەر ئەگریام، خۆم بۆ راگیر نەئەکرا. هەوڵیشم ئەدا رەنج گوێی لە گریانەکەم نەبێت. بە دەم گریانەوە وتم:

ــ نازانم بێباك نامەی سەیرم بۆ ئەنێرێت، هیچ تێناگەم. نازانم بۆ ئەو شتانەم بۆ ئەنووسێت؟ جوانە گیان خێرا بۆم باسکە تۆ چی ئەزانیت، توخوا هیچم لێ مەشارەوە.

جوانە وتی:

ــ رۆشنا گیان تۆزێك هیمن بەرەوە، دە جارێ قومێك ئاو بخۆرەوە. هەر ئێستا هەموو شتێکت بە راستی تێئەگەیەنم. بڕوا بکە هیچت لێ ناشارمەوە. وتم:

ــ خەمت نەبێت، من باشم. دەی توخوا گوێم لێگرتویت.

جوانە بە قوڵی هەناسەیەکی هەڵکێشا. وتی:

ــ رۆشنا، ئەمەی من بۆت باس ئەکەم، قسەی خۆم نییە. چونکە من ئەو کەسە ناناسم. بەڵام قسەی چەند کەسێکە. هۆی دواکەوتنیشم لە وەڵامەکە، ئەوە بوو ویستم راستی بزانم. بەڵام خۆشبەختانە هەموو هەواڵەکان وەکو یەك بوون. بە واتای، کە هەواڵی راستت پێئەڵێم.

وتم:

ــ دەباشە.. دڵم تەقی، هەر چییەکە بیڵێ.

جوانە تۆزێك وەستا. ئینجا وتی:

ــ پێش هەموو شت، ئەو كابرایە ناوی بێباك نییە!

وتم:

ــ چی؟! ئەی ناوی چییە؟!

جوانە وتی:

ــ ناوی فەرەیدوونە!. ماوەی دە ساڵە لەو شارە ئەژی. بەڵام، هێشتا هیچ رەگەزنامەیەكی وەرنەگرتووە. چەند جارێك لە سەر شتی نابەجێ شارەو شاری كردوە، لە چەند شوێن دەستبەسەر كراوە، هەر بۆیە هیچ شتێكی نییە، پێش چەند ساڵێك ژنێكی مارە كردوە، بەڵام ژنەكەی لەبەر رەفتارە ناشرینەكانی وازی لێهێناوە. مناڵیشی نییە. بێ ئیشە، لە سەر سۆشیاڵ ئەژی. دەمێك ساڵە باوكی مردووە، زۆر هەژارو بێ دەرامەت بوون. نە موڵكی هەیە، نەماڵ. بە كورتییەكەی هەرچی زانیاریەكی بە تۆ وتووە هە....مووی درۆ بوون.

منیش لەو كاتەدا دەمم وشك بووبوو، دڵم پەلەپەلی ئەكرد. هەر گوێم لە جوانە ئەگرت. ئەویش هەر هەواڵی یەك لە یەك ناخۆشتری بە من ئەوت. ئیتر خۆم پێڕانەگیرا. وتم:

ــ توخوا جوانە گیان بەسە. دڵم بەرگەی ئەم هەموو هەواڵە نابەجێیانە ناگرێت!. جوانە بە دەم پێكەنینەوە وتی:

ــ نا گیانەكەم هێشتا هیچم پێنەوتویت!.

وتم:

ــ چی؟ بۆ هێشتا ماوە؟!

جوانە وتی:

ــ بەڵێ خاتوون، من تێناگەم تۆ كەی ئەوەندە ساوێلكە بوویت؟! تۆ چۆن وا تێكەوتیت؟! بە هەر حاڵ، ئەم فەرەیدونە تا ئێستا دەیان خێزانی

له یەك كردووە، ئەڵێن كابرایەكی زۆر ساختەچییە. كێشەی زۆری بۆ خەڵك دروست كردووە. جاران خەڵكی ئێرە باش شارەزای نەبوون. بەڵام دوا جار ناسییان. هەموو لێی دووركەوتنەوە. ئێستا هەر خۆیەتی. بێ هاوڕێ. وا دیارە ئیتر پەنای بردووە بۆ ئینتەرنێت تاكو بەو ڕێگەیە ئاشووب بنێتەوە. گاڵتە بە خەڵك بكات. ئەڵێن لە دوای ئەوەی ژنەكەی بەجێی هێشت، ئەمیش كەوتە تێكدانی خێزانەكان. ژنو مێرد لە یەك ئەكات. هەموو هەوڵێكی بۆ ئازاردانی خەڵكە، نەك خۆشەویستی.

من هەر ئەگریام. بە خۆم ئەوت:

ــ چۆن من ئەوەندە بێ ئەقڵ بووم؟! چۆن بڕوام پێكرد؟ ئەی هاوار.. جوانەش هەر قسەی ئەكرد. وتی:

ــ ڕۆشناگیان تۆ زۆر بەختەوەری، كە هەر هیچ نەبێت، هەستت بە نارێكیی ئەو كرد. ئێستاش باشە. گەر بڕۆیشتیتایە، هەرگیز ئەو ناونیشانەت نەئەدۆزیەوە، چونكە ئەو ناونیشانی زۆر هەڵەی بە تۆ داوە.

وتم:

ــ ئەی باشە لە كوێ ئەژی؟ شوێنی هەیە؟

وتی:

ــ بەڵێ لەگەڵ دوو كوڕی گەنج ئەژی. كەس نایان ناسێت، خەڵكی وڵاتی ئێمە نین. ئەوانیش هەر وەكو ئەون.

جوانە دیسان هەناسەیەكی هەڵكێشا. وتی:

ــ ڕۆشناگیان، ئەزانی چی؟ هەر ئێستا لای خۆتەوە دایخە. لە هەموو شوێنێك ناوی ئەو زاتە بسڕەوە. پەیوەندیی خۆت لەگەڵی مەهێڵە. ئیتر باسیشی مەكە. هەر ئەوەنە بزانە ئێستا تۆ شتێكی تازە فێربوویت! هەر وەكو من. بارام فێری زۆر شتی كردم، زیاتر بەرچاوم ڕووناك بووەوە،

زیاتر شارەزای خەڵك بووم. تۆش ئەزموونێكی تازەت وەرگرت. ژیان پڕە لە وانەی قورسو ناخۆش بەڵام ئێمە ئەبێت كەڵكی لێ وەربگرین.
وتم:
ـ جوانە گیان ئەمە شتێكی هەروا ئاسان نییە. من مێشكم ئەخولێتەوە، نازانم. ئەقڵم وەرینا گرێت، بۆ ئەبێت شتی وا رووبدات؟
جوانە وتی:
ـ ئەبێت.. شتی لەوەش خراپتر رووئەیات. بەڵام گرنگ لەوەدایە دووبارەنەبێتەوە، زۆر وریابە.
وتم:
ـ جوانە گیان، ئەمڕۆ من خۆم هەندێك شتم زانی.
وتی:
ـ وەكو چی؟
ئەوەی روویدا بوو بۆم گێڕایەوە. جوانە قاقایەكی لێداو ئینجا وەستا.
وتی:
ـ ببورە، كە بەو شێوەیە پێئەكەنم. بەڵام، ئەزانی بەچی پێئەكەنم؟
وتم:
ـ نازانم. بەچی پێئەكەنی؟
جوانە وتی:
ـ یەكێك لەو كەسانەی زانیارییەكانی پێدام، وتی:
ـ ئەم كابرایە ئەگەڕێت بۆ نێچیرێكی باش. ئەگەر نێچیرێكی باشتری دەستگیر بوو، واز لەوەی یەكەم دێنێت. وا دەرئەكەوێت فەرەیدوون، كە خۆی ناونابوو بێباك، نێچیرێكی لە تۆ باشتری دەست كەوتبێت. بۆیە كەوتۆتە درۆی زیاتر هەتاكو خۆت وازی لێبهێنیت. چونكە دەرەقەتی تۆ نەهات. زانی تۆ وریایت. بەو هەڵناخەڵتێیت.

ئینجا من بە دەم نیوە گریانو نیوە پێکەنین وتم:

ــ وریای چی؟! هەڵخەڵتان لەوە زیاتر؟! وەڵا کەس لەم من کەرتر نییە! جوانە وتی:

ــ نا..وامەڵێ، تۆ خۆت هەر لە سەرەتاوە لێی بە گومان بوویت. ئەو زۆری لە تۆ کرد، ئێ خۆ تۆش مرۆڤێکی یەکجار ناسك وخاوەن هەستی، ئەو قسانەی بە تۆی ئەوت، بە بەردی بوتایە، بۆی نەرم ئەبوو. کەچی تۆ هەر بەربەرەکانێت ئەکرد. بڕوا ناکەم هیچشت بۆ ناردبێت.

وتم:

ــ هیچی وەکو چی؟ چی بۆ بنێرم؟ مەبەستت چییە؟

جوانە خێرا وتی:

ــ من ئەزانم تۆ بە دڵپاکیی خۆت بڕوات پێکرد. ئەو کابرایە پارەو رەگەزنامەی ئەویست. تۆش، نە پارەت بۆ نارد، نە بەتەماش بوویت شووی پێ بکەیت. کەواتە ئیتر تۆی بۆ چییە!؟ بەڵام بێگومان سەرەتا هەر ئەبێت بە ناوی خۆشەویستییەوە خۆی بهێنێتە پێشەوە، تاکو رازیت ئەکات، دوایی پولێکت پێوە ئەنێت. بەڵام تۆ بە هیچ شتێك رازی نەبوویت. هەر داوات لێئەکرد لەنزیکەوە باشتربیناسیت. ئەویش ئەوەی نەدەویست بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت. قسەکانی جوانە هەمووی راست بوو. هاتەوە یادم چەند جارێك باسی پارەی لەگەڵ ئەکردم. بەڵام من بڕوام نەدەکرد ئەو کەسێکی ئەوەندە چاوچنۆك بێت داوای پارە لە من بکات. جوانە دیسان پێکەنی وتی:

ــ رۆشناگیان تۆ پارەت بۆ نارد؟

وتم:

ــ نەء بۆ؟

وتی:

ــ قەت داوای پارەی لە تۆ نەکرد؟

وتم:

ـ بەڵێ جارێکیان باسی کرد. وتی، ژنەکەم هەموو پارەکانمی بردوە بانقەکەم هیچی تیانەماوە. بەڵام من پێم وت، چۆن ژنەکەت ئەتوانێ دەستکاری بانقی تۆ بکات کاتێك ئەو شووی کردۆتەوە.

جوانە وتی:

ـ ئەها.. تۆ بەو جۆرە وەڵامت داوەتەوە. بۆیە ئیتر نەیتوانیوە داوای پارەت لێ بکات. ئەو کابرایە مەبەستی پارەکێشانەوەیە. مەبەستی تێکدانی خێزانە، مەبەستی دۆزینەوەی ژنێکە، کە رەگەزنامەی ئەو شوێنەی هەبێت تاکو بە بۆنەی ئەو کەسەوە ئەویش جێگیر بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کابرایەکی درۆزنو خراپە، رێگەی هەڵەی گرتۆتە بەر، هەر ئەنجامی دەرکردن ئەبێت.

وتم:

ـ سەیرە! ئەی کەواتە بۆ ناچێت لەگەڵ ژنێکی ئەوروپیدا رێك بکەوێت؟ جوانە وتی:

ـ ئەڵێی تۆ ژنی ئەم وڵاتانە ناناسیت، ئەمانە چۆن بە کەسێکی وەك ئەم رازی ئەبن؟ ژنی ئێرە پارەو خۆش بەختیان ئەوێت.

قسەکانی جوانە هەر چەند هەمووی بۆ مێشکم وەك کوتەکێك وابوون، چونکە راستی بوون. بەڵام کەمێك ئارامیی خستە ناو دڵم. هەتا ئەو زیاتر قسەی بۆ ئەکردم، من زیاتر هۆشم بە خۆمدا ئەهاتەوە. وتم:

ـ جوانە گیان، هیچی تر ماوە پێویست بکات من بیزانم؟

جوانە بەدەم ئاخێکەوە وتی:

ـ خوشکم ئەگەر ئێمە لەم کابرایە بکۆڵینەوە، شت زۆرە بیزانین، بەڵام بۆچیتە بیزانیت؟ ئەوەی پێویست بوو زانیت. ئیتر وەکو پێموتیت تەواو سەری چاڵەکە داپۆشە. یەك ئامۆژگاریشت ئەکەم هیچ کاتێك

سەرزەنشتی خۆت نەکەیت، تۆ هیچ هەڵەیەکت نەکردوە، هیچ درۆیەکت نەکردوە، مەبەستیشت پاكو دڵسۆزانە بووە. تەنها تۆ مەبەستت بووە کەسێکی باش بدۆزیتەوە. تا بیکەیتە هاوڕێو دۆستی خۆت. بەڵام ئەو کەسە، کەسێکی دۆڕاوە. ئەگەر بە قسەی من ئەکەیت، بیری لێ مەکەرەوە. ژیانی خۆت بژی.

ئەو شەوە منو جوانە زۆرمان قسەکرد. کاتمان درەنگ کرد. لە ماوەی ئەو قسانەماندا، بێباك بەردەوام نامەی ئەنارد. وتم:

ــ جوانە گیان، من هەتا مابم مەمنونی تۆم. خوشکی خۆشەویستمیت. هەرگیز ئەم چاکەیەتم لە یاد ناچێت.

جوانە پێکەنی. وتی:

ــ تۆ شایانی لەوە زیاتریت. من دڵسۆزی لە تۆوە فێربووم. هەموو کات تۆ پشتی من بوویت. تەنانەت لە هەرە کاتە ناخۆشەکانی ژیانی خۆتدا پشتت تێنەکردووم.

لە پڕێکدا وتی:

ــ ئا.. باش بوو هاتەوە یادم. هەفتەی داهاتوو لە ماڵی خۆمانیت. باشە؟ چەند کەسێکی کەشم بانگهێشت کردوە.

وتم:

ــ هیچ بۆنەیەك بەڕێوەیە؟

جوانە پێکەنی. وتی:

ــ نا.. هەر حەزئەکەم پێکەوە کۆبینەوە. تۆزێك کاتی خۆش لەگەڵ یەکتر بەسەربەرین.

وتم:

ــ ئێ.. زۆر چاکە، منیش حەز ئەکەم. بەڵام ئەم دانیشتنە بۆ کەی ئەبێت؟ کەی باشە بێم. شەو؟ یان دوای نیوەڕۆ؟

جوانە وتی:

ــ گیانەکەم تۆ ئەتوانی لە بەیانی زووەوە بێت.

وتم:

ــ زۆر باشە. کەواتە بۆ نیوەڕۆ یاپڕاخێکی بەلەزەت ئەکەمو ئەیهێنم.

جوانە وتی:

ــ زۆر چاکە، بەخێربێیت بەڵام توخوا پەیمانم بەرێ کە وەڵامی ئەو کابرایە نەدەیتەوە.

وتم:

ــ جوانە گیان من دەمێکە هەستم بە ناپاکیی ئەو کردووە، بەڵام لە هیچ شتێك دڵنیا نەبووم. هیچ بەڵگەیەکیشم پێ نەبوو. ئێستا لە هەموو شتێك دڵنیام. پێش ماوەیەك پێموت، گەر درۆم لەگەڵ بکەیت، بە ئاسانی وازت لێناهێنم. ئەبێت تۆڵەی خۆم بکەمەوە. ئازاری دام، بریندار کردم، ئەبێت منیش بە ئەندازەی ئەو ئازارە، بریندار بکەم. ئازاری بدەم.

جوانە وتی:

ــ ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟! جا ئەو کەسە هەستی هەیە تا بریندار بێت؟ یان هەست بە ئازار بکات؟! خوشکم وازی لێ بێنە. یاری بە ئاگر مەکە. گوێ لە من بگرە. ئەو کابرایە هیچ شتێکی بە لاوە گرنگ نییە.

باش لە قسەکانی جوانە تێگەیشتم. بەڵام لەو کاتەدا ئاگرێك لە دڵما هەڵگیرسابوو، بە هەموو ئاوی دەریاکان نەئەکوژایەوە. بەڵام، کە بیرم ئەکەوتەوە، ئەو جۆرە کەسانە وەك پیسایی وان هەتا چیلکەیان لێبەیت، زیاتر بۆنیان دێت. لەبەر ئەوە خۆم هێمن کردەوە، بڕیارم دا ئەو وزەیەی لەگیانما مابوو، تەنها بۆ کوڕەکەم، ئینجا بۆ بەختەوەریی خۆمی بەکار بهێنم. کەوتەوە یادم، «وەڵامی بێئەقڵەکان بێدەنگییە».

## ٧٦

ئەمجارە بە راستی بەڵێنم بە جوانە دا، کە لەگەڵ ئەو کەسەی ناوی خۆی نابوو بێباك، هەموو پەیوەندییەکانم بپچڕێنم. هەر ئەو شەوە بەڵێنم بە خۆمدا، پێش ئەوەی لە فەیسبوكو ماسنجەرەکەم دەری بکەم، ئەبێت بۆ هەتاهەتایی لە ناو دڵو مێشکمی دەر بکەم. کاتێك منو جوانە خواحافیزیمان کرد، بینیم نزیکی بیست نامەم لە لایەن بێباکەوە بۆ هاتووە، هەمووشی بریتییە لە باسکردنی خۆشەویستیی خۆی بۆ من. هەر وەکو پێش دوو رۆژ. لە هەندێك نامەیدا نووسیبووی:

ـ بە قوربانت بم بەیانی چاوەڕێتم ئەی پەرستگای من، تاقە گوڵەکەم رۆشنا گیان. ئاخۆ منو تۆ بە یەك بگەین؟ ئاخۆ بتوانم ئەو لێوانەت تێر ماچ بکەم؟

دوای ئەوەی، کە هەموویم خوێندەوە، کەمێك لەبەر خۆمەوە پێکەنیم. بەم جۆرە وەڵامم دایەوە. بۆم نووسی:

ـ فەرەیدوون، هەموو شتێکتم زانی. هەی درۆزن، رووڕەش، دۆڕاو، بە من پێئەکەنی؟ بڕۆ بە خۆت پێبکەنە، هەی بێ مێشك. ئەی ساختەچی. تۆ وائەزانی ئاشکرا نابیت؟ لەڕاستیدا من ژنێکی خاوەن هەست ومرۆڤ دۆست ودڵپاك بووم. بەڵام؛ تۆ مرۆڤێکی نەك تەنها بێ مێشك بوویت، بەڵکو کابرایەکی بێ ڕەوشتیش بوویت. دەبڕۆ هەرخۆت بەخۆت بیت. رۆژێك دێت ئەکەویتە چاڵەکەوە کەس فریات ناکەوێت. هەمووجار گۆزە بەساغی ناگەڕێتەوە.هههههە.

دوای ئەوەی کە ئەو نامەیەم بۆ نارد. کاتم پێ نەدا هیچ نامەیەك بنێرێت. خێرا پرۆفایلەکەیم داخست. بەڵام هەموو گیانم ئەلەرزی، وەکو بارانیش فرمێسکی پەشیمانیم بۆ خۆم ئەڕشت.

چەند ڕۆژیك زۆر تووڕەو بێ ئارام بووم. بەڵام هەوڵم ئەدا بەهێز بم.. نەهێڵێم شتێکی بەو جۆرە کارم تێ بکات. لە کاتێکدا، کە من داییککم، کەسێکی زۆر گرنگ لە ژیانمدا هەیە کە، زیاتر پیویستی بە منە، خۆشەویستییەکەی پاکو بێگەردە، دوور لە درۆو هەڵخەڵەتاندنە تەنها رەنج، کە ئارامی پڕاوپڕی بە دڵو گیانم ئەدا. بۆیە هەر زوو بێباك بووە خەونێکی ترسناكو مێژویەکی رەش.

# ٧٧

بۆ چەند رۆژێك مێشکم زۆر ماندوو بوو. رەنج هەستی پێ ئەکردم. بەڵام لێم تێنەدەگەیشت! هەستم زۆر بە ماندوبوون ئەکرد، لە ئیشەکەم داوای چەند رۆژێك پشووم کرد. زۆری نەبرد بە بۆنەی کەسێکی نزیکی بێباك خۆیەوە زۆر شتیترم بۆ ئاشکرا بوو. ئەو کەسە پێی وتم:

ــ بێباك مرۆڤیکی دەرون نەخۆشە. کێشەی زۆری هەیە.

ئەوسا زانیم، کە ئەو گومانانەی هەمیشە بەرامبەر بێباك هەمبوو، هەڵە نەبوو. بەڵام ئەو کەسێکی زۆر خاوەن ئەزموون بوو. مێژویەکی دوورو درێــژی هەبوو لە تێکدانی چەندین خێزانی بێ ئاگا لە فرِوفێڵەکانی. هەروەها لە بارەی گاڵتەپێکردن بە خەڵكو دروستکردنی جۆرەها چیرۆکی رەنگاو رەنگ. هەتاکو کاتی بەتاڵی خۆی پێ پرِکاتەوەو مێشکی نەخۆشی پێ ئاسوودە بکات. بێباك زۆری زانیاری هەبوو لە بارەی منو زۆرەها ئافرەتیتری وەك من، کە داینابوون بۆ نێچیریکیترو کاتێکیتر. بەڵام خۆشبەختانە کە تەنها یەك رۆژ پێش رۆیشتنم بۆ لای ئەو، پلانی پیسو گڵاویم بۆ دەرکەوت. بۆم دەرکەوت، کە لە چی جۆرە مرۆڤێکە. من لیرەدا خۆم زۆر بە بەختەوەر ئەزانی. جگە لەوەش بۆم دەرکەوت کە بێباك پەیوەندیی زۆر نادروستی هەبوو لەگەڵ چەند کەسانێك بە بەردەوامی خیــانەتی لە خێزانەکەی کردبوو! هەر لەبەر ئەو هۆیەش ژنەکەی وازی لێ هینابوو. ئاشکرا بوو ئەو کاتانەی قسەی لەگەڵ من ئەکرد، لەگەڵ زۆر ژنو کچانیتریش قسەی ئەکرد. ئەو کاتانەی سویندی بۆ من ئەخوارد، کە تەنها من تەنیا کەسم لە ژیــانیدا، بە هەمان شێوە بەوانیشی وتبوو. من هەموو شتێکم زانی.

تەنانەت پاش ماوەیەکی‌تر چەند جارێك بە ناوی جیاوازو پرۆفایلی جیاوازەوە داوای هاوڕێیەتیی لە من ئەکرد. ئەمزانی هەمووی خۆیەتی. ناویم لە سەر فایەڵی خۆم سڕیەوە بۆ هەتا هەتایی. سوپاسی خوام کرد. ئەو شتەی خۆی ناونابوو مرۆڤ. جگە لە جانەوەرێك، هیچی‌تر نەبوو.

ئەو وانەیەی، کە لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگدا من وەرم گرت، بۆ هەموو ژیـــانم کەڵکم لێ وەرگرت.

پاش چەند رۆژێك لە ناکاو جوانە تەلەفۆنی بۆ کردم. وتی:

ــ رۆشنا گیان دڵم زۆر لاتە، ئەزانم ئێستا دڵت پڕە لە گلەییکردن لە خۆت‌و لە قەدەری خۆت. ئەگەر لە یادت بێت، پێش چەند هەفتەیەك منیش وەك تۆ بووم. بەڵام ئێستا زۆر باشم. وتم:

ــ جوانە گیان هەموو کتوپڕیەك ناخۆشە، مرۆڤ تووشی ئازار ئەکات، ئەو ئازارانەش گەر خۆت هۆکاری بیت، یان کەسێکی‌تر، پێویستیان بە کاتە بۆ ئـەوەی سارێژ بن. من هەر چەند بیری لێ ئەکەمەوە، راستە، کـاتو وزەیەکی زۆری لێبردم. بـەڵام کاتێك تێئەڕوانم، من هیچ زەرەریکم نەکرد. بەڵکو من تەنها درۆزنێکی‌ترم ناسی. ئەوەش بێگومان منی برد بە ئەزموونێکی بـــاشدا. لە کۆتاییدا من کەڵکم لە درۆکانی ئەو وەرگرت. بێباك زیاتر چاوی منی کردەوە، وەکو ئەڵین دوورکەوتنەوە لە مرۆڤی رەوشت نزم ئاسان‌و خۆشە، ئەوەی لە بەدرەوشت نزیکبێتەوە، سەلامەت نابێت. ژیـــانیش بریتییە لە فێربوون. هەر وەکو ئەیزانین، مرۆڤ کاتێك، کە کارەساتێك لە ژیانیدا روو ئەدات، ئازار ئەچێژێت، بەڵام دوایی کەسایەتی خۆی ئەگۆڕێت. هەر فێربوونێکیش ئازاری خۆی هەیە. جوانە وتی:

ـ بێگومان قسەکانت زۆر راستن. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کاتێك، کە تۆ دڵو دەروونت لەگەڵ کەسێکا پاکە، ئیتر گوێ مەدە بە نیێتو دڵی ئەو. ئەمەش مانای بێ هێزی نییە، بەڵکو ئەو پەڕی بڕوایە بە خوای گەورە. تۆ لەگەڵ ئەو دڵت پاك بوو، بزانە چۆن لە کاتێکی زۆر چاکدا راستییەکەی ئاشکرا بوو.

وتم:

ـ جوانە گیان، من لە ژیانمدا مرۆڤی زۆر بێویژدانم بینیوە. خۆت ئەزانیت ئێمە لەم وڵاتی غەریبییە شتی زۆر سەیر و نامۆ بەرەنگارمان ئەبێت، بەزۆرکەس ئەڵێن زۆردارو غەدار بەڵام، ئێستا تێگەیشتم، زۆردار کێیە!؟ زۆردار دوژمـن نییە کە، زوڵمێکت لێ ئەکات. زۆردار ئەو کەسەیە کە، کلیلی دڵت داوەتێو یــاری پێ ئەکات. بەڵام خۆشبەختانە نەمهێشت بەردەوام یاری پێبکات. بیرمە هەموو جار باوکم شەوانە لەدەوری خۆی کۆی ئەکردینەوە، ئامۆژگاری ئەکردین پێی ئەوتین، ئەگەر سواری پاسێکی هەڵە بوون، هەوڵ بدەن لە نزیکترین جێگەی وەستانی پاسەکە دابەزن، ئەگینا، کە دوور کەوتەوە لەگەڕانەوادا زۆر هیلاك ئەبن. مرۆڤ چەند بیەوێت درۆت بۆ بکات، سەرت لێ تێك بدات، ئەگەر تۆ بڕوات بە خۆت هەبێت، ناتوانێت هەتاسەر چەواشەت بکات. هەموو کات دوای دڵت بکەوە، چونکە؛ دڵی خۆت راستیت پێ ئەڵێت. منیش ئەگەر بیرت بێت یەکەمجار کە بۆم باسکردیت پێموتیت، هەست ئەکەم بێباك درۆم لەگەڵ ئەکات. هەمیشە دەنگێك لە ناخی خۆمەوە پێم ئەڵێت ئەوکەسە راست ناکات!.

جوانە پێکەنی. وتی:

ـ رۆشنا گیان، لەوەتەی من ئەتناسم تۆ هەروابوویت. منیش پێت ئەڵێم دوای دڵت بکەوە. دڵ هەرگیز درۆت لەگەڵ ناکات. وادیارە هەستی شەشەمت زۆربەهێزە ئاگادارت ئەکاتەوە. کەواتە تۆ کەسێکی بەختەوەری.

منیش بە دەم پێکەنینەوە وتم:

ـ ئەزانم من یەکێکم لەو کەسانەی کە ئەو هەستەیان بەهێزە. بەڵام هەندێك جار خۆم بڕوا بە خۆم ناکەم، کە ئەوەندە توانام هەبێت بۆ ناسینی خەڵكو خوێندنەوەی ناوەرۆکیان. ئەزانی چی جوانە گیان ئێمە ئەگەر وریا بین، هەندێك جاریش خۆشبەختانە رۆژان خۆی، هەستی هەموو کەسیکمان بۆ روون ئەکاتەوە، پێمان ئەڵێت «هەموو کەسێکی نزیکت بە راستی خۆشی ناوێیت. هەر وەکو هەموو وشەیەکی جوان لە دڵەوە نایەت. هەموو زەردەخەنەیەکیش مانای پاکی نییە.» جوانە پێکەنی. وتی:

ـ بە خوا رۆشنا گیان، وا دەرئەکەوێت تۆ زۆر قووڵ لە باسەکان ئەکۆڵیتەوە. چاوەکەم ژیان خۆی لە راستیدا بریتییە لە چەند وەستانیك؛ یەکێکان «ئەتهەژێنێ، وەستانیکیش ئەتگرێنێ، بەڵام هەندێك وەستان دێتە پێشەوە پێویست ئەکات پشت گوێ بخرێت، هەندێك وەستانیش لە یاد ناکرێت.» ئێمەش بەهەموو وەستانەکاندا تێپەڕین. من وای بەباش ئەزانم ئەمجارە پشتگوێی بخەیت. جوانە قسەکانی تەواو کرد، خەریك بوو خواحافیزی بکات. لەپڕێکا وتی، خۆ خەریك بوو بیرم بچێت رۆشنا گیان، چاوەڕێی هاتنت ئەکەم. بیرت نەچێتەوە یاپراخەکەش بهێنی. هەردووکمان پێکەنین. وتم:

ـ بەسەر چاو خۆشترین یاپراخت بۆ لێئەنێم. تۆش ئاگاداری خۆت بە.

# ٧٨

دوای چەند رۆژێك رێبوار پەیوەندی پێوەکردم. وتی:

ــ حەز ئەکەم بە تەنها بتبینم. بەڵام نامەوێت رەنج ئاگادار بێت.

منیش زۆر لام سەیر بوو! پیم وت:

ــ هەر کاتێك منو تۆ یەکترمان بینی، ئەبێت رەنج ئاگادار بێت.

رێبوار زۆری کرد. بەڵام من لە سەر قسەی خۆم پێداگربووم. ناچار رێبوار بڕیاریدا، کە هەرسێکمان پێکەوە بڕۆینە ریستورانتێك، کە من هەڵیئەبژێرم. من هیچ مەبەستم نەبوو لەگەڵ رێبوار بچمە دەرێ، گرنگیش نەبوو بۆ هەر کوێ بڕۆین. هەر چۆنێك بوو، پاش نیوەڕۆیەکی رۆژی هەینیمان هەڵبژارد.

## ٧٩

ئەو رۆژەی ئەبووایە برۆیشتینایەتە دەرەوە من زۆر دوودڵ بووم. جارێك لەبەر رەنج حەزم ئەكرد بڕۆم، جارێكیش پەشیمان ئەبوومەوە. زۆرم هەوڵدا بیانوویەك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی نەڕۆم. بەڵام؛ كە سەیری رەنجم ئەكرد ئەو زۆردڵی خۆش بوو، منیش خێرا پەشیمان ئەبوومەوە لەوەی كەنەڕۆم. خەریك بوو كاتی رۆیشتنمان نزیك ئەبۆوە تا ئەهات زیاتر دوودڵ وبیئارام ئەبووم. لەگەڵ ئەو هەموو زۆریەی لەخۆم ئەكرد، كە بەرامبەر رێبوار دانیشتنێك بكەم. كەچی بیرم ئەكردەوە كە، چەند جوان خۆم بڕازێنمەوە، ئەبێت بەجوانترین شێوە بچمە بەردەم رێبوار. بیرم ئەكردەوە كامە جلی جوانە ونایابە تا لەبەری بكەم. نازانم بۆ؟ بەرامبەر كەنتۆرەكەم حەپەسا بووم! پرسیارم لەخۆم ئەكرد، ئەی باشە چ پێویست ئەكات من خۆم بڕازێنمەوە گەر رێبوارم لا گرنگ نیە؟ بۆچی حەزئەكەم بەجوانترین شێوە بچمەبەردەمی؟ تۆبڵێی ئارەزوی ئەوە بكەم جارێكی ترسەرنجی بۆلای خۆم رابكێشم؟ تۆبڵێی مەبەستم ئەوە بێت كە من هێشتا لە ژنەكەی ئەو زۆر جوانترم؟ ئنجا خۆ رێبوار خۆی باش ئەزانێت. یان تۆبڵێی بۆ ئەوە بێت هەربزانێت كەجوانێكی وەك منی لەدەست چوو؟. بۆ ئەوەی هەست بە پەشیمانی بكات. ئاخۆ كامیان بێت.! بەقوڵی هەناسەیەكم هەڵمژی، بەخۆمم وت، هەرچۆنێك خۆت پشانی رێبوار بدەیت تۆ هەرجوانیت. رێبوار گەر ئێستا لە ژن تێگەیشتبێت، یان ئەگەر وانەی وەرگرتبێت، ئەبێت بزانێت جوانی ژن لەكوێیایە؟ ئەبێت بزانێت ژنی جوان كێیە، بەكێ ئەوترێت جوان، یان ناشرین. رێبوار ئەگەر رۆژێك لەرۆژان

بەڕاستی منی خۆشویستبێت، ئەگەر چەند پیریش بووبم، یان ناشرین، هەرخۆشی ئەوێم. خۆشەویستی راستەقینە خۆشەویستی روخسارو شیوە نیە. بەڵکو خۆشەویستی ناخوو رووحە. لەزەنگی تلفۆنەکەم بەئاگا هاتمەوە داچڵەکیم. وەڵامم دایەوە

ــ بەڵێ، رێبوار؟ خێرا رێبوار وتی:

ــ سڵاو، رۆشنا ئەڵێم ئامادەبوون؟ تۆزێك وەستام ئنجا بەدەنگێکی کەمێك توڕەییەوە وتم:

ــ ئامادەی چی؟ جارێ کاتمان ماوە ئامادەبین هێشتا زووە. وانیە؟ پەلەم لێ مەکە. رێبوارخێرا وتی:

ــ نا..نا پەلەمەکە کاتی خۆت وەرگرە. من زوو خۆم ئامادە کرد، ئیستا لەم نزیکانەم. وتم، ئەگەر ئامادەن با... بابێم هەڵتانگرمو بڕۆین. وتم:

ــ نەخێر من هێشتا ئامادەنیم، جارێ کاتمان ئەوێت. نیوسەعاتی‌تر ئامادە ئەبین، باشە. تلفۆنەکەم داخست لەبەر خۆمەوە وتم، ئەوە چیە ئەم کابرایە بڕوای نەکرد وتم باشە.

دوای مشتومڕێکی زۆر بەرامبەر کەنتۆرەکەم دەستم برد دەرگاکەیم کردەوە، تەماشایەکی جلە هەڵواسراوەکانم کرد، کە چەند ساڵێك دەبوو لەبەر نەکرابوون. هەندێکیانم دەرهێنا وتاقیم کردنەوە، بەڵام لەئەنجامدا بڕیارمدا کە، بەجوانترین شێوە بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی هەرچەند رێبوار سەیری کردم دڵی بتەقێ. لە هەموو سەیرکردنێك پەشیمانی بنۆشێت.

جلم زۆر نەبوو. بەڵام زۆر دەمێك بوو کراسێکی مۆری کاڵم کریبوو. نوقتەی رەشی بچووکی تیابوو. زۆرم حەز ئەکرد بۆ شوێنێکی

تایبەتی لەبەری بکەم. گران نەمکڕیبوو. بەڵام مۆدیلو ستایلێکی کۆنی هەبوو. هەر وەکو کراسی ساڵی پەنجاکان بێت وابوو. ڕێبواریش حەزی بەو جۆرە ستایله بوو. چاکەتێکی ناسکی بچکۆلەی ڕەشو پێڵاوو جانتایەکی ڕەشم لەگەڵ ڕێکخست. هەموویم له سەر جێگاکەم ڕاخست. ئامادەم کردن. له مێژەوە بوو بەو جۆرە خۆم نەرازاندبووەوە، هەر کاتێك بۆ ئیش یان بۆ بازاڕ بڕۆیشتمایه بەشێوەیەکی زۆر ساکار خۆم ئامادە ئەکرد. بەڵام ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار بوو، که ویستم خۆم جوان بڕازێنمەوە. لەبەردەم ئاوینەی مێزەکەم دانیشتم. قژم خاو کردەوە. کەمێك ئارایشتم کرد. ئینجا کراسه مۆرەکەم لەبەر کرد. کەمێك متوموروشم به خۆمەوە کرد. بانگی ڕەنجم کرد. وتم:

ـ کوڕم ئامادەی؟

ڕەنج له ژوورەکەی خۆیەوە سەیرێکی کردم. ئینجا بەرەو ژوورەکەی من هات. به سەرسوڕمانێکەوە تەماشای ئەکردم. کەمێك لێم نزیك بووەوە. منیش هەر سەیرم ئەکرد! بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتم:

ـ چییه ئەڵێی دەمێکه نەتبینیوم؟! بۆ وا سەیرم ئەکەیت؟ جلەکانم ناشرینە؟

ڕەنج پێکەنی. وتی:

ـ الله دایه، که جوانی! ئەوە بۆ قەت وا خۆت جوان ناکەیت؟

باوەشێکی پیاکردم. وتی:

ـ بەقوربانی ئەم دایکه جوانەی خۆم بم.

وتم:

ـ ڕەنج جارێکیتر وا نەڵێیت. باشە؟ بڕۆ خۆت ئامادە کە. بۆ

ئەوەی، کە باوکت هات، چاوڕێمان نەکات.
ڕەنج بە شێوەك تەماشای ئەکردم. وەکو ئەوەی یەکەمجاری بێت بمبینێت. وتم:
ــ ڕەنج بۆ وەستاوی؟ ئەڵێم بڕۆ خۆت ئامادە بکە. باوکت چارەکێکی‌تر لێرە ئەبێت. من نامەوێت بێتە ژوورەوە.
ڕەنج لە جێی خۆی ڕاوەستابوو، وەکو بیەوێت شتێك بڵێت. وتم:
ــ چیتە کوڕم. ناتەوێت بڕۆین؟
وتی:
ــ بەڵێ.. بەڵام وا بزانم کەمێك سەرم ئێشێ، توخوا دایکە خۆتان بڕۆن. خۆ باوکم هیچت لێ ناکات.
کەمێك لێی چوومە پێشەوە. وتم:
ــ ڕەنج ئەم قسانە چییە؟! ئەزانیت من لەبەر تۆ ئەڕۆم؟
وتی:
ــ ئاخر تاقەتم نییە. حەز ئەکەم لە ماڵەوە بم.
وتم:
ــ ئێ زۆر باشە، منیش ناڕۆم. تاقەتم نییە. لەگەڵ تۆ لە ماڵەوە ئەبم.
ڕەنج دەستێکی بۆ قژی خۆی برد. تۆزێك دەمووچاوی خۆی خوارو خێچ کرد. دیسانەوە وتی:
ــ دایکە توخوا با من نەیەم.
وتم:
ــ کوڕم ئەوەی ناوێت، ئێستا تەلەفۆن بۆ باوکت ئەکەم پێی ئەڵێم، ئەمڕۆ ناڕۆینە دەرەوە چونکە ڕەنج تاقەتی نیە. لە ماڵەوە ئەبین باشە؟
دەستم دایە تەلەفۆنەکە. ڕەنج خێرا ڕاپەری. وتی:

ـ ده باشه تەلەفۆن مەکە، ئێستا خۆم ئامادە ئەکەم باشە؟

وتم:

ـ خێرا. هەر ئێستا.

ڕەنج بە دەم بۆڵەبۆڵە ڕۆیشت، ئەیوت:

ـ خۆتان بۆ نارۆن. ئێ دایکە خۆ باوکم هیچت لێ ناکات. بۆ هەر ئەتەوێت من لەگەڵتانا بێم؟ باوکم مێردت نەبووە؟ پێش ئەوەی منیشت هەبوو بێت، باوکمت ناسیوە. ئێستا بۆ ئەوەندەت رق لێیە؟ یان بۆ لێی ئەترسیت؟

بۆ ژوورەکەی بە دوایدا ڕۆیشتم. وتم:

ـ ڕەنج گیان، من نە رقم لە باوکتە، نە لێشی ئەترسم، بەڵکو من لە باوکت عاجزم. باوکت دڵی شکاندوم. باوکت متمانەی منی شکاندوە، من هیچ پەیوەندیەکم بە باوکتەوە نەماوە، باوکت ئێستا لەگەڵ کەسێکی کە ژیانی پێکەوەناوە، نابێت من قسەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم. مەگەر کاتێك لەبەر تۆ، یان هەر چی شتێك پەیوەندیی بە تۆوە هەبێت.

ڕەنج وتی:

ـ من تێناگەم ئێوە ئەگەر یەکترتان خۆش نەویستبێ، چۆن منتان بوو؟ دایکە من بیرمە تۆ شەوان هەتا باوکم لە ئیش نەهاتایەتەوە، تۆ نانت نەئەخوارد. هەتاکو باوکم لە دەرسەکانی نەبووایەتەوە، تۆ نەئەخەوتیت! من زۆر شتم بیرە دایکە. تۆ باوکمت زۆر خۆش ئەویست.

وتم:

ـ ڕەنج گیان تۆ زۆر ڕاست ئەکەیت، بەڵام باوکت هەستی بەو خۆشەویستییە نەکرد. تۆ وەکو خۆت باسی ئەکەیت بیرتە، بەڵام باوکت ئەگەر بیریشی بێت خۆی لێ گێل ئەکات.

# ٨٠

ڕەنج بە بۆڵە بۆڵ خۆی ئامادەکرد. هەر زۆری نەبرد ریبوار لە دەرگای دا، نەمهێشت بێتە ژوورەوە، ڕۆیشتین. کاتێك چووینە ناو ئوتومبێلەکەی، پرسیـاری لێ کردین:

ــ حەز ئەکەن لە کوێ نان بخۆین؟

هەر چەندە پێشتر بڕیاری شوێنەکەمان دابوو! بەڵام لەو کاتەدا من وتم:

ــ با.. بە دڵی ڕەنج بێت. بزانە ئەو کوێی بە دڵە.

وا دەرئەکەوت ڕێبوار حەز بکات بە دڵی من بێت. بەڵام من گرنگیم نەدا بوو بە ڕۆیشتنەکە. تەنها هۆی ڕۆیشتنی من لەگەڵ ئەواندا لەبەر خاتری ڕەنج بوو. لەو کاتەدا ڕەنجیش خۆی بێدەنگ کردبوو. ڕێبوار ئاوڕێکی لە من دایەوە. وتی:

ــ ئێستا من خۆم شوێنێکی خۆش هەڵئەبژێرم، کە هەموو بە دڵمان بێت.

کاتێك، کە نزیك بووینەوە، سەیرم کرد گەیشتینە ئەو ریستورانتەی کاتی خۆی من زۆرم حەز لێ بوو. هەر چەند منو ڕێبوار بچووینایەتە دەرەوە ئەڕۆیشتین بۆ ئەو شوینە نانمان ئەخوارد! من زۆر سەرسام بووم لە مەبەستی ڕێبوار ئەبێ چی بێت؟ بۆ منی هێنا بۆ ئەو شوێنەی، کە جاران خۆشترین کاتمان لەوێ بو؟ لە هەمان شوێن دانیشتین. من هەر سەیرم لێ ئەهات. داوای خواردنمان کرد، تەماشام کرد ڕێبوار زۆر بێدەنگە. هەر سەیری ڕەنج ئەکات. من لە سەیرکردنەکانیان

تێنەدەگەیشتم، بەڵام چاوەڕێی شتێکم ئەکرد کە روو بدات! لە پڕێکدا ڕەنج هەستایە سەر پێ. وتی:

ــ دایکە هەتاکو خواردنەکەمان بۆ ئامادە ئەکەن، من ئەچم دەستم ئەشۆم. وتم:

ــ باشە کوڕم زۆرت پێ نەچێت.

ڕەنج ڕۆیشت. منیش سەرم دانەواند بوو. خۆم بە تەلەفۆنەکەمەوە خەریك کردبوو. ڕێبوار هەر وەکو بڕوای نەکردبێت، کە هەردووکمانین بە تەنها. خێرا کەمێك کورسییەکەی نزیککردەوە. بە دەنگێکی پچڕ پچڕ وتی:

ــ ڕۆشنا.. تا.. کەی لێم تووڕەیت؟ تاکەی قسەم لەگەڵ ناکەیت؟ من حەزم کرد بە تەنها بین، بۆ ئەوەی چەند شتێك هەیە لەگەڵتا باسی بکەم.

بە هێواشی سەرێکم بەرزکردەوە بێ ئەوەی تەماشای بکەم. وتم:

ــ ڕێبوار من تەنها لەبەر خاتری کوڕەکەمان لەگەڵ تۆ هاتمە دەرەوە، چاوەڕێی هیچیش نیم پێم بڵێیت!. تکایە ژیانی تۆ لای من هیچ گرنگ نییە. حەز ناکەم هیچم بۆ باس بکەیت، چونکە گوێت پێنادەم.!

ڕێبوار تۆزێك بێدەنگ بوو، وەکو چاوەڕێی ئەو قسانەی من نەبوو بێت! بەڵام ئەمجارەش هێزێکی تری دایە خۆی. ئینجا دیسان وتی:

ــ ڕۆشنا، بە خوا لەو ڕۆژەی لە تۆ جیابوومەتەوە، یەك ڕۆژ خۆشیم نەدیوە! ژیانم هەمووی نارێکە. ئەزانم من غەدرێکی زۆر گەورەم لە تۆ کردووە. قەت لە خۆم نابوورم. من قەدری تۆم نەزانی، ئەزانم. چیم پێ ئەڵێیت، هەقی خۆتە.

منیش بێ ئەوەی تەماشای بکەم، یان وەڵامێکی بدەمەوە، هەستامە سەرپێ. وتم:

ــ هەستە، برۆ بزانە رەنج بۆ ئەوەندەی پێچوو؟ دەست شتن ئەوەندەی ئەوێت؟ رێبوار زۆر لە سەر خۆ وتی:

ــ رۆشنا، تکایە دانیشە کەمێك گوێم لێبگرە!

وتم:

ــ تۆ گوێ لە من بگرە، ئەگەر منت بۆ ئەم قسانە هێناوە، ئەوا من ئەڕۆم. جانتاکەم هەڵگرت. بەرەو شوێنی دەست شتنەکە رۆیشتم. هەر چەند جێگای پیاوان بوو، بەڵام من هەر لە دوورەوە دەستم بە بانگکردنی رەنج کرد:

ــ رەنج کوڕم بۆ ئەوەندەت پێچوو؟

بینیم رەنج لە سووچێکدا راوەستاوە. یاری بە تەلەفۆنەکەی ئەکات.! کە گوێی لە دەنگی من بوو، خێرا سەری هەڵبڕی. بەرەو لای من هەنگاوی نا. بە دەم پێکەنینەوە هاتە بەردەمم. وتی:

ــ ئەوە چیتە دایکە؟ ئێستاش هەر وا ئەزانی منالم؟ ترسایت ون بم؟

دەستی کرد بە پێکەنین. لە تەنیشتمەوە راوەستا. ئینجا وتی:

ــ ئەها.. سەیرکە، خەریکە لە تۆ درێژتر ئەبم.

منیش هەر چەند سەیری ئەو روخسارە جوانەیم ئەکرد، ئەمزانی چەند دڵی خۆشە، وەخت بوو لە داخانا شەقم ئەبرد. هەستم بە داخێکی زۆر ئەکرد. لەگەڵ خۆمدا ئەموت، باشە من ئەگەر ئێستا برۆم لەگەڵ باوکی بەجێی بهێڵم، چی ئەبێت؟ ئەزانم لە دڵیا ئەبێت بە خەفەتێکی زۆر گەورە. کەواتە چۆن بتوانم ئەم رۆژە خۆشەی لێ تێك بدەم؟! چۆن بتوانم ئەم دڵە پڕ لە هیوایەی نائومێد بکەم!؟ ئەی خوایە ئێستا من چی

بکەم؟. لەو خەیاڵانەدا بووم، هەستم بە دەستێك کرد لە سەر شانم بوو، خێرا ئاوڕێکم دایەوە. تەماشام کرد دەستی ڕێبوار بوو. بە دەنگێکی لە سەر خۆ وتی:

ــ خانم، خواردنەکە ئامادەیە.

ڕەنج خێرا دەستی ڕاکێشام. وتی:

ــ من زۆرم برسییە، ئەمڕۆ هەموو خواردنەکە تەواو ئەکەم، چونکە دڵم زۆر خۆشە.

ناچار پێشیان کەوتم، هەر بەبێدەنگی لە تەنیشت ڕەنجەوە دانیشتم، سەرسوڕمانو خەفەت بە جۆرێك پەرێشانیان کردبووم، ئارەزووی خواردنم نەمابوو، نەمئەتوانی هیچ بخۆم، بەڵام ڕەنج زۆر بە پەلە هەر خواردن بوو ئەی ئاخنییە ناو دەمی وەکو ئەوەی لە دەمێکەوە هیچ شتێکی نەخواردبێت! یان وا بزانێت ئیتر خواردن نامێنێت. سەیرێکم کردو بە دەم پێکەنینەوە وتم:

ــ کاکە، تۆزێك لە سەر خۆ نانەکەت بخۆ، دوایی لە قوڕگت ئەگیرێت.

لەو کاتەدا ڕەنج ناودەمی پڕ بوو لە خواردن. بەڵام خێرا وتی:

ــ نا.. دایکە مەترسە، پێم وتیت گەورە بووم. خەمت نەبێت. ئەی دایکە تۆ بۆ هیچ ناخۆیت؟ بۆ هەر سەیری خواردنەکانت ئەکەیت؟

خێرا ڕێبوار قسەکەی ڕەنجی قۆستەوە. وتی:

ــ ئەگەر خواردنەکەت بە دڵ نییە، با شتێکی کەت بۆ داوا بکەم.

من بێدەنگ بووم. ڕەنج سەیرێکی هەردووکمانی کرد. ئینجا وتی:

ــ دایکە گوێت لە باوکەمە ئەڵێ چی؟ دایکە ئەوە بۆ هیچ ناڵێیت؟ باوکم ئەڵێت ئەگەر خواردنەکەت بە دڵ نییە شتێکی کەت بۆ داوا

ئەکەم. سەیرێکی رەنجم کرد. وتم:
ــ بەڵێ گوێم لێبوو، خواردنەکە زۆر خۆشە. هیچ عەیبی نییە. ئێستا ئەیخۆم.
پارچەیەك پەتاتەم خستە دەممەوە. من ئەو کاتە هەر بیرم لەو قسانەی رێبوار ئەکردەوە، پرسیارم لە خۆم ئەکرد:
ــ بۆچی دوای ئەم هەموو کاتە تازە رێبوار داوای لێبووردن لە من ئەکات؟! تازە خۆی بە غەڵەت ئەزانێت؟! ئەبێت چی رویدابێت؟! ئەوا نزیکەی سێ ساڵە ئێمە هیچ قسەیەکمان نەکردوە. بیرمە دوای جیابوونەوەمان.
هەر چەند ئەو ویستبێتی قسەم لەگەڵ بکات، من نەمەهێشت. هیچکات من لەگەڵ رێبوار توانای گفتووگۆم نەبووە. هەر زوو ئەوەی بەسەرمان هات، هەرچی لە نێوانماندا روویدا، هەموویم خستە ناو تەنەکەی خۆڵەوە. هیچ کات توانای بیرکردنەوەم نەبوو. لەو کاتەی، کە رێبوارم تیادا ناسی، ئەو رۆژانەی ژیانمان بە یەکەوە بە سەر ئەبرد، هەموو بەسەرهاتەکانمان بە خۆشیو ناخۆشیەکانییەوە هەموویم لە ژیانی خۆم سڕییەوە. بیرەوەریەکانم سووتاند، خۆشییەکانم نوقمی دەریا کرد. هەمیشە هەوڵم ئەدا ئەگەر بۆ خولەکێکیش بێت بیر لە هیچ رابردویەکمان نەکەمەوە. بە هەموو شێوەیەك من رێبوارم لە ژیانی خۆم سڕیەوە. تەنها شتێك، کە نەمتوانی بیکەم ئەویش ئەو خۆشەویستیەبوو، کە لەگەڵما ئەژیا. هەوڵم زۆردا لە ناوی بەرم، نەیهێڵم. بەڵام بۆم نەکرا. ترسی من لەوەدا بوو، کە هەموو ژیانم هەوڵ بدەم ئەو کەلێنەی رێبوار بەکەسێکی، کە پڕبکەمەوە. ئەوەش منی ئەتۆقاند. لە پڕێکا لە دەنگی رەنج بە ئاگا هاتمەوە وتی:

ـ دایکە ئەوە تۆ چیتە؟ خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشت؟ گوێت لێبوو باوکم وتی بەیانی ئەچین بۆ سینەما؟

خێرا سەرم هەڵبڕی. وتم:

ـ بە ڕاست؟ ئەی بۆ نا؟

ڕێبوار خێرا وتی:

ـ ڕۆشنا کام فیلمەت بە دڵە ئەچین بۆ ئەوێ.

ئینجا بە سەرسوڕمانێکەوە ئەم جارە تەماشایەکم کرد. وتم:

ـ سینەمای چی؟ نا.. نا.. من نایەم بۆ سینەما خۆتان بڕۆن. ڕەنج خێرا وتی:

ـ دە توخوا دایکە، من حەز ئەکەم هەموو بە یەکەوە بڕۆین. بە دەم قسەکردنەوە هەستایە سەرپێ. وتی:

ـ دایکە، ئێستا لە سینەما فلیمی زۆر خۆش ئیش ئەکات، لەگەڵ باوکم شتێکی خۆش هەڵبژێرن. من تەواو لێبوومەوە، قەیناکە ئێستا بڕۆم بۆ شوێنی یاریەکان تۆزێك یاری بکەم؟ خێرا پێش ئەوەی ڕێبوار دەمی بکاتەوە وتم:

ـ نا.. بەقوربان، یاری چی؟ ئێستا ئەبێت بڕۆینەوە، تۆ ئەمڕۆ دەرسی تازەت وەرگرتوە ئەبێت زوو بڕۆینەوە بۆ ئەوەی سەعی بکەیت.

ڕەنج بە ڕویەکی نیمچە زوێرو نیمچە سەرلێشێواو، سەیرێکی کردم. وتی:

ـ دایکە.. بەیانی شەممەیە. سەعیی چی! بە خوا هەر چارەکێك زیاتر نا. ئەها سەیرکە، هەموو هاوڕێکانمی لێیە، دە توخوا با منیش بچم.

من حەزم نەکرد لەگەڵ ڕێبوار بە تەنها بمێنمەوە، چونکە ئەمزانی

هەر، کە رەنج ڕۆیشت، ئەویش دەست بە قسەکردن ئەکات، منیش توانای هیچ درامایەکی‌ترم نەمابوو، بە جارێك خەریك بوو لە پێستی خۆم ئەچوومە دەرەوە. بەڵام رەنج زۆری کرد. ناچار وتم:

ــ باشە بڕۆ بەڵام زۆرت پێ نەچێت. باشە؟

خێرا ماچێکی کـردم. ڕۆیشت. منو ڕێبوار بۆ جارێکی‌تر هــەردووکــمان بە تەنها ماینەوە. بێدەنگ بووین. من خـۆم بە تەلەفۆنەکەمەوە مەشغووڵ کردبوو. ئەویش هەر سەیری ئەم لاو، ئەو لای، خۆی ئەکرد. دوای چەند خولەکێك ڕێبوار بێدەنگی شکاند. وتی:

ــ ڕۆشنا، ئەو جلە رەنگ مۆرەت زۆر لێهاتوە، ئەزانی ستایلەکەشی بە دڵی منە؟

سەرێکم هەڵبڕی. بە دەم گاڵتەپێکردنێکەوە. وتم:

ــ بە راست؟ وەڵلا بمزانییایە وایە، شتێکی‌ترم لەبەر ئەکرد.

ڕێبوار پێکەنی. وتی:

ــ بۆ؟! بەڵام تۆ هەرچی لەبەرکەیت جوانیت.

وتم:

ــ تکایە ئەم قسانە بۆ من مەکە، چونکە پێویست ناکات.

ڕێبوار سەرێکی دانەواند. دیار بوو تەریق بووەوە. بێدەنگ بوو. پاش تۆزێك وتی:

ــ هەواڵی دایكو باوکت، چۆنن باشن؟

منیش بێ ئەوەی سەیری بکەم، بە لا لووتێکەوە، وتم:

ــ باشن، سوپاس.

ئەمجارە ڕێبوار وتی:

ــ ئەوە بۆ هیچت نەخوارد؟ حەزت لە خواردنەکەت نەبوو؟

وتم:

ــ بەڵێ شتێکم خوارد، ماوەیەکە مەعیدەم ئازاری هەیە.

وتی:

ــ بۆ؟ خوانەکا. ئەی بۆ ناچیت سەردانێکی دکتۆر بکەیت؟

وتم:

ــ رۆیشتم ئەڵێن هیچ نییە.

رێبوار وتی:

ــ ئەی بۆ ئازارت هەیە؟ دیارە شتێکە، وا نییە؟

من هەر خۆم بە تەلەفۆنەکەمەوە مەشغووڵ ئەکرد. وتم:

ــ نازانم، لەوانەیە.

ئەم جارە رێبوار پەرداخە ئاوەکەی هەڵگرتو قومێکی لێدا، وتی:

ــ رۆشنا، خۆزگە کەمێك گوێت لێ ئەگرتم. زۆر شت هەیە ئەمەوێت لەگەڵ تۆ باسی بکەم.

لەو کاتەدا سەرێکم هەڵبڕی. وتم:

ــ باسی هیچم بۆ مەکە. من پێم وتیت، نێوان منو تۆ تەنها باس هەر رەنجە. هیچیتر. من نامەوێت هیچ شتێك لە بارەی ژیانی تۆوە بزانم. ژیانی تۆ تایبەتە بەخۆت. نەك بە من. رێبوار رەنگی سوور هەڵگەڕا. هەناسەی قووڵی هەڵئەکێشا. زۆر بە راستی هەوڵی ئەدا قسە پەنگخواردووەکانی ناو دڵی بێنێتە دەرەوە. هەڵوێستەیەکی کرد. وتی:

ــ رۆشنا گیان، ئەگەر من زۆر مەبەستم نەبێت، پێویست ناکات لێت بپاڕێمەوە. من ئەزانم بە گیانم قەرزاری تۆم. ئەزانم تۆ زۆر لە من توورەی، ئەزانم زۆر عاجزیت، هەرچی بکەیت، هەرچی بڵێیت،

هەقی خۆتە. چونکە من زۆرم زوڵم لێکردیت. رۆشنا گوێ بگرە، خوا حەقی تۆی لێکردمەوە، بڕوا بکە بە زیادەوە.

من ئەو کاتە هەر چەندە رووم لێوەرگێڕابوو. بەڵام هەموو گیانم ببوو بە گوێچکە. بە جۆرێك خۆم پیشان ئەدا کە، هیچ گوێ بە قسەکانی نادەم. هیچ لام گرنگ نییە. بەڵام ئەوەندە سەرسام بووم، وامئەزانی خەو ئەبینم. لە دڵی خۆمدا ئەموت:

ـ تۆ بڵێیێ راست بکات؟ تۆ بڵێی ئەوەندە پەشیمان بێت، بۆچی رێبوار وا ئەڵێت؟ ئەبێت دنیا چی بەسەر هاتبێت.؟

دوا جار رووم تێکرد حەزم ئەکرد تەماشای چاوی بکەم بزانم راستی پێوەدیارە؟ بەڵام هەر چەندم کرد توانام نەبوو. نەمئەزانی چیی وەڵام بدەمەوە. چونکە ئەوەندەی من رێبوارم ئەناسی ئەو هەرگیز خۆی بە هەڵە نەدەزانی. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو من گوێم لێبێت رێبوار شتی وا بڵێت، دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت. ئەو هەر، لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو، منیش، لە سەر واق وڕمان بەردەوام بووم.! لە پڕێکدا وتی:

ـ رۆشنا بۆ هیچ ناڵێیت؟ دە قسەیەك بکە، من داوای لێبوردنت لێ ئەکەم، من پێم وتیت هەڵەبووم. من خەجاڵەتی تۆم، نازانم.. بە خوا نازانم چیت پێبڵێم تاکو دڵت چاکبێتەوە، نازانم چۆن داوای لێبوردنت لێبکەم.

منیش لە راستیدا زۆر شڵەژابووم،! سەرم سوڕمابوو. بە هیچ جۆرێك بڕوام نەئەکرد ئەوە رێبوار بێت! بێ ئاگابوون هەڵسامە سەر پێ. بێ ئەوەی هیچ گرنگیەك بۆ قسەکانی ئەو دابنێم، وتم:

ـ رەنج بۆ ئەوەندەی پێچوو؟

ڕێبوار لەو کاتەدا زۆر شڵەژا. نەیئەزانی چی بکات، حەزی ئەکرد هەرچی لە دڵدایە هەمووی باس بکات، لە هەمان کاتدا لەوە ئەترسا من تووڕەبم‌و بڕۆم. منیش ئەوەندەی دڵم بە قسەکانی خۆش بوو، ئەوەندەش رق‌و کینەم لە دڵدا دروست بوو. هەر، لەو کاتەدا زیاتر هەستم بە تووڕەبوونێکی یەکجار زۆر ئەکرد، خوا خوام بوو بێدەنگ بێت، هیچم پێنەڵێت، چونکە هەستم ئەکرد زۆر دواکەوتووە. لێبوردنەکەی زۆری خایاند. دوای پێنج ساڵ بیری کەوتەوە کە غەڵەتی زۆری بەرامبەر بە من کرد؟ دوای چی؟ ئەی بۆ زوتر بیری نەبوو؟ تازە ئەزانێت من چۆن ژنێك بووم؟. ئەویش وادیار بوو چاك هەستی کردبوو، کە من زۆر تووڕەو پەرێشانم. وتی:

ــ رۆشنا، تکات لێ ئەکەم دانیشە. رەنج ئەزانێت من ئەمەوێت بە تەنها قسەت لەگەڵ بکەم، لەبەر ئەو هۆیە جێیهیشتین، تاکو بە ئاسودەیی قسە بکەین.

منیش بە هێواشی دانیشتمەوە. ڕێبوار هەر چاوەڕێی منی ئەکرد شتێك بڵێم، بیرم ئەکردەوە چی پێ بڵێم باشە؟ من هەزار پرسیــارو هەزار گلەیی لە دڵمدا بوو. بەڵام بە کام پرسیار، بە کام گلەیی دەست پێبکەم؟ وتم:

ــ من نازانم چیت پێ بڵێم، قسەی چی بکەم، جاران زۆرم قسە ئەکرد، تۆ نە لە قسەکانم تێگەیشتیت‌و نە لە بێدەنگیەکەم. دوای ئەم هەموو ساڵە هەر چییەك بڵێم بێ کەڵکە. تۆ تازە ناتوانی ژیانی رابردووم بۆ بگێڕیتەوە! بڵێم لێت ئەبوورم؟ لێبوردن هیچ ناگۆڕێت، من لێت بووراوم، هەموو شتێکم بیرچۆتەوە. ئێستا من نامەوێت جارێکی‌تر لەگەڵ تۆ باسی هیچ بکەم. من هەوڵ ئەدەم ناخۆشییەکانم هەمووی

بیر بچێتەوە. من مرۆڤێکم بڕوام بە تازەبوونەوەو زیندووبوونەوە هەیە. بەڵام لە هەمان شویندا نا، هەمان شتیش نا، من نامەوێت رابردوو چاك بکەمەوە، چونکە رابردووە. تۆ بە ژیانی خۆت لەگەڵ من رازی نەبوویت. منێش پێم وتیت خواحافیز. ئەگەر یەکێك بە من رازی نەبێت، منیش نامەوێت. جاران وامئەزانی ژیان بێ تۆ مەرگە! وامئەزانی، هەموو خەڵکی ئەم سەر زەمینە بۆشایی تۆم بۆ پڕ ناکاتەوە! خۆشەویستیت بۆ من وەکو هەوا بوو، بەڵام دوای ئەو هەموو خۆشەویستییە، ناپاکیت لەگەڵ کردم! دڵت شکاندم. منیش بڕیارمدا ئیتر تۆ ببیت بە هەواش هەڵت نەمژم. چونکە تۆ کەسێك بوویت ئەو متمانەیەی پێم دابوویت شکاندت! ئەو دڵەی، کە بە خۆشەویستیی تۆ ئاو ئەدرا، پارچە پارچەت کرد. تۆ کەسێك بویت بێ بەزەیی. ناپاك. دڵ ڕەق. خۆپەرست. تەنها بیرت لە خۆتو پیویستییەکانی خۆت ئەکردەوە. کاتێك من ژنی تەنگانەت بووم، دەستم ئەگرتیت شەونوخنیم لەگەڵ ئەکردیت. پاڵ پشتت بووم، تۆ ناپاکیت ئەکرد، درۆت لەگەڵ ئەکردم. من خراپیم چی بوو؟ ئێستاش چیت لە من ئەوێ؟ من هەر ئەو ژنەم نەگۆڕاوم، شانازی بەخۆمەوە ئەکەم، ئەگەر باش بووم، بۆ ناپاکیت لەگەڵ کردم؟ ئەگەر خراپیشم، بۆ داوای لێبوردن ئەکەیت؟!

لەو کاتەدا ڕەنج گەڕایەوە. هێشتا ڕاوەستابوو. سەیرێکی کردم. ئینجا سەیرێکی باوکی کرد. وتی:

ــ دایکە ئەوە چییە؟ باوکم تووڕەی کردیت؟!

منو ڕێبوار سەیرێکی یەکترمان کرد. ئینجا سەیرێکی ڕەنجمان کرد. وتم:

ــ نەء، باوکت بەچی تووڕەم کات؟ ئیمە هاوڕێین.

ڕەنج پێکەنیو سەیرێکی ڕێبواری کرد. بە دەم دانیشتنەوە. وتی:
ـ بابە؟ ئەی تۆ ئەمڕۆ نەتوت؟ دایکت ئاشت ئەکەمەوە؟
ڕێبوار پێکەنی. دەستێکی لەسەر شانی ڕەنج دانا. وتی:
ـ ئەی ئەوە نییە قسە ئەکەین، نان ئەخۆین بە یەکەوە؟ خۆ ئێمە شەڕ ناکەین.
ڕەنج زۆر دڵی خۆش بوو، هەموو کاتەکە هەر پێئەکەنی وەکو ئەوەی بە تەمای شتێکی زۆر گەورە بێت. هێشتا منو ڕێبوار قاوەکەمان تەواو نەکردبوو، بۆ جاری دووەم ڕەنج هەستایە سەر پێ. وتی:
ـ ئەچم دەستم ئەشۆم.
ئیتر من خۆم پێ نەگیرا. پێکەنیم. وتم:
ـ ئەوەی ناوێت دانیشە، منو باوکت قسەمان کرد تەواو.
خێرا دانیشتەوە. وتی:
ـ ئێ دایە بڕیارت دا شوو بکەیتەوە بە باوکم؟ دەی توخوا دەی!
منیش ئەوەندەیتر حەپەسام. وتم:
ـ چی؟ کوڕم ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ ئەو قسانە مەکە!. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەی نازانیت باوکت ژنی هەیە؟ ڕەنج خێرا ڕوی کردە باوکی وتی:
ـ ژنی چی، بابە تۆ بە دایکمت نەوت؟
سەیرێکی ڕەنجم کرد. وتم:
ـ چی؟ چیم پێ بڵێت؟
ڕێبوار بە زەردەخەنەیەکەوە. وتی:
ـ نەء. هێشتا. خەریك بووم بیڵێم، بەڵام دایکت هێشتا قسەی ئەکرد. ویستم لە قسەکانی تەواو بێت.

دڵم خورپەیەکی کرد. وتم:

ــ خەریك بوو چی بڵێیت؟! ئەی دڵخواز چی لێهات؟ جوانترین ژن لە هەموو جیهان!

پێکەنیم. وتم:

ــ من نازانم تۆ ئەمڕۆ منت هێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی داوای لێبوردن بکەیت؟ یان چی؟ ئەتەوێت چی بڵێیت؟

ڕێبوار سەری دانەواند وتی:

ــ هەقی خۆتە، پێبکەنیت گاڵتەم پێبکەیت، چی ئەڵێیت بیڵێ. دیسان وتی:

ــ ڕۆشنا، دڵخواز هەر ئەوەندە منی ویست هەتا ماڵی وێران کردم. بە درێژایی ساڵو نیوێك ئەو مێشکی منی تێکدابوو. کە تۆش پێت زانیو جیابوویتەوە. ئەوسا بە زۆر، هەر بە زۆر، خۆی بەسەرما سەپاند. ئینجا پاش ئەوەی، کە پێکەوە ژیاین، بۆم دەرکەوت، کە ئەو چی ئەویست! من توانیم تەنها نۆ مانگ لەگەڵ ئەو ژنە بژیم. هەر زوو بۆم دەرکەوت، کە ئافرەتێکی خۆپەرست، چاوچنۆکە، تەنها بە دوای پێویستیەکانی خۆیدا وێڵ بوو. منی خۆش نەویست، دڵی لای من نەبوو. جاران دایکم نزای بۆ ئەکردین. ئەیوت:

ــ یاخوا ڕۆڵە ژنت بە نسیب بێت. خوا بکات ژان نەبێت.

منیش ئەموت:

ــ دایکە ژن هەر ژنە، چونکە نەمەزانی ژن چییەو ژان چییە، هەتاکو خۆم بە چاوی خۆم بینیم. ڕۆشنا گیان، تۆ بە ڕاستی ژن بوویت. بەڵام، بڕوا بکە من ژانم بینی. ئەویش دڵخواز بوو. ئەو ئافرەتە دەرسێکی دامێ، کە قەت بیرم نەچێتەوە. هەموو خەمی ئەو هەر ئاڵتوون، خۆ

جوانکردن بوو. من چیم پەیا ئەکرد، ئەو ئەیبرد. نازانم چیی لەو هەموو پارەیە ئەکرد. ئافرەتێك بوو بڕوای بە خۆی نەبوو. بە ئاشکرا منی بەکار ئەهێنا بۆ خزمەتی خۆی. خزمەتی دایکی. سەرەتای پەیوەندییەکەمان، هەرچیی داوا بکردایە، بۆم ئەکرد. لە سلێمانی خانووم بۆ کڕی. لێرە لە خۆشترین شوقە، جوانترین ماڵم بۆ رازانـدەوە. بەڵام ئەو هەر زیاتری ئەویست. تۆ رەنجت لەگەڵدام. خزمەتت ئەکردم. بەڵام ئەو بەکاری ئەهێنام. بێجگە لە کەسایەتییە ناوازەکەی، خوا نەبێت کەس لەو ژنە تێنەئەگەیشت. هەموو قسەکانی درۆ بوون. حەزی بە شەڕو ئاژاوە بوو. رۆشنا گیان، من نامەوێت لەوە زیاتر باسی ئەوت بۆ بکەم. من ئەمەوێت بزانیت لەو رۆژەی تۆ لە من جیابوویتەوە، من خۆشیم نەبینی. ئەزانم من شایانی ئەوە بووم. بەڵام یەك شت بزانە. من هەرگیز تۆم لە یاد نەکردوە. تۆ لە ناو دڵما ئەژیت. تۆ خۆشەویستی راستەقینەی من بوویت. تۆ ژنێکی راستەقینە بوویت. لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا من یەك رۆژ بە راستی دڵم خۆش نەبوو! مێشکم ئەگەر سێ بەشی بە ژیانەوە سەرقاڵ بووبێت، هەموو کات بەشێکی لای تۆ بوو. ئەزانیت من هەموو کات لە دوورەوە هەواڵی تۆو رەنجم ئەپرسی؟ هەر هاوڕێکانی خۆت هەواڵی تۆیان پێ ئەوتم. شەو نەبوو من یادی رۆژانی رابردوو نەکەمەوە، بیری پێکەنینە جوانەکەتم ئەکرد، کە لە قووڵایی دڵتەوە ئەهاتنە دەرەوە. رۆشنا گیان تکات لێ ئەکەم. ژیان زۆر کورتە. بیرێك بکەرەوە. هەمووومان مرۆڤین هەڵەی زۆر ئەکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەڵکی لێوەرگرین. من ئێستا نرخی یەکتاڵ قژی تۆ ئەزانم. تۆ مایەی خۆشیو بەختەوەری منی. من ئەو شتانەم لێ ون ببوو، زۆر جار بەر چاوم لێڵ ئەبوو راستییەکانم بۆ جیا نەدەکرایەوە.

هەر وەك پەڵە هەورێكی چڵكن بەری ڕووناكیەكەی لێگرتبم، وابوو. بەڵام كاتێك بە ڕاستی دڵخواز هاتە ناو ژیانم، ئەوسا بۆم دەركەوت من دەنكە مروارییەكی زۆر بەنرخم لە دەست چووە، ئەوەش تۆ بوویت. هەندێك جار ئێمەی مرۆڤ ئەبێت بە ناخۆشیەكدا بڕۆین بۆ ئەوەی تامی خۆشییەكە بكەین، ئەبێت مرۆڤی خراپ ببینین، بۆ ئەوەی مرۆڤە باشەكان بناسینەوە. ئەگەر تۆ لە یەك پەنجەرەوە سەیری یەك لای ماڵەكەتان بكەیت، تەنها جادەیەكی ڕاستو پاك ئەبینیت، بەڵام ئەگەر لە پەنجەرەی ژووری نوستن، یان چێشتخانەكەتەوە سەیری دەرەوە بكەیت، زیاتر جادەی پیسو خوارو پڕ لە شوێنی هەڵكەندراو چاڵو چۆڵ ئەبینیت، كە لەوانەیە هیچیانت بە دڵ نەبێت. دوا جار ئەگەڕێتەوە بۆ یەكەم پەنجەرە. ژیـانیش وایە. پڕە لە گۆڕانكاری. پڕە لە بەسەرهات. پڕە لە كورتە چیرۆك. ڕاستە من زۆرم ئازاری تۆ داوە، بێ ڕێزیم لەگەڵ كردیت، من كەسێكی نەفام بووم. چاو برسی بووم. وامئەزانی ئافرەتێكی‌تر ئەتوانێت خۆشەویستیو ئاسوودەیی زیاترم پێ ببەخشێ، یان ئەوەی كە من ئەمویست تۆ بەتەواوی ڕاییت نەدەكردم. ئارەزووەكانمت تێر نەدەكرد. من وامئەزانی ئەوە هەموو ژیانە. لە بیرم ئەچوو كە، تۆ ئافرەتێكی بە درێژایی ڕۆژ خەریكی منداڵ بەخێوكردنی. لە هەمان كاتدا ماندووی ئیشی ماڵیت. لە بیرم ئەچوو كە، تۆ خەریكی جل شتنو خواردن ئامادەكردنی. زۆر جاریش خەریكی خویندنو فێربوونی زمانی. لە هەمان كاتدا ئیشكردن. شەونوخوونییەكانتم لە یاد ئەكرد. بیرم ئەچوو كە، هەتا درەنگ بە دیارمەوە دائەنیشتیت نەوەكا من پێویستم بەشتێك بێت. لێم ببورە من زۆر خۆپەرست بووم، دوای ئەو هەمووو هیلاكییە ئەمویست هەتا كۆتایی وزە لە گیانتایە، هەموو

شەوێك منیش بەڕێ بکەیت. لێم ببورە. ئێستاش من لەبەردەمتام. چیم پێدەڵێیت، بیڵی.

تەنها فرمێسکەکانم بۆ قسەکانی ڕێبوار وەڵام بوون. قسە زۆر بوو گەر بمکردایە. بەڵام قوڕگم پڕ لەگریان بوو. بەڵام؛ لە ناخمەوە دڵم خۆش بوو بەوەی کە، ڕێبوار هەستی بە هەڵەی خۆی کردبوو. ئەوەش هەر باش بوو. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. وتم:

ــ ڕێبوار زۆرم پێ خۆشە، کە ڕاستی هەڵەکانی خۆتت زانی. ئەوەش بێگومان هەستێکی خۆش‌و بووژانەوەیەکی بەهێزە بۆ باری دەروونیی هەردووکمان. بەڵام تازە ئەوانە ژیانی ڕابردوم بۆ ناگێڕنەوە. کاتی خۆی من زۆرم خەفەت ئەخوارد، زۆر نەخۆش کەوتم، ژیانێکی قورسم بەڕێ کرد، یەك شەوی تەنهایی، خەفەت‌و گریان، هەستکردن بە زوڵم، ناپاکی مێرد، بڕوا بکە بەرامبەر بە سەد شەوی خۆشییە. باش بزانە؛ تۆ شکۆی منت شکاند، تۆ نیوەی تەمەنی منت برد. ئەتوانیت ئەو ژیانەی جارانم بۆ بگێڕیتەوە؟ بێگومان نەء. ئەتوانی ئەو خۆشەویستی‌و بڕوایەی جاران، کە بە تۆم هەبوو بیگێڕیتەوە؟ بێگومان نەء. ئێمە جارێکی‌تر ناتوانین سەر لە نوێ دەست پێبکەینەوە. هیچ شتێك وەکو متمانە نییە، کە شکا دروستکردنەوەی کارێکی گرانە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت. هەروەها خۆشەویستی هەرگیز لە دڵێکی گوماناویدا ناژی. کەواتە دەستپێکردنەوە لەگەڵ تۆ بۆ جارێکی‌تر کارێکی نەشیاوە!. بەڵام نازانم تۆ ئێستا چیت لە من ئەوێت؟

ڕێبوار بە قوڕگێکی پڕ لە خەجاڵەتی‌و دەنگێکی هێواش وتی:

ــ بۆ یەکتر بگەڕێینەوە.!

ڕەنج هەستایە سەرپێ وتی:

ــ هێێێێێێ.. دەی دایکە بڵێ باش. دەی توخوا دایکە لەبەر من.
سەیرێکی ڕەنجم کرد. لە دڵا پێکەنینم پێی ئەهات، لە هەمان کاتیشدا بەزەییم پیادا ئەهاتەوە. ڕەنج خێرا خێرا ماچی ئەکردم. ئەو خەڵکەی لە چواردەورمان دانیشتبوون زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیریان ئەکردین، بەڵام لەهیچ حاڵی نەدەبوون. دەستی ڕەنجم گرت، دامنیشان. هەر بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ڕێبوارم ئەکرد. ناوچەوانم لێ گرژ کردبوو. وتم:
ــ چییی!؟ مەبەستت چییە؟ شوت پێ بکەمەوە؟!
ڕێبواریش هەردوو چاوی پڕکردبوو لە فرمێسك. بە ڕوخسارێکی خەجاڵەتی تێی ئەڕوانیم. ئینجا وتی:
ــ بەڵێ شووم پێبکە!. بۆ نابێت؟. شووم پێبکە. بەخوا لەجاران زیاتر خۆشمئەوێیت.
منیش بە جارێك سەرم لێشێوا بوو، لە کتوپڕی داواکاریەکەی هیچم بۆ نەدەوترا. ڕێبواریش بەڕویەکی پڕ لە پەشیمانیو خەجاڵەتی بەردەوام قسەی ئەکرد. وتی:
ــ ڕۆشنا گیان، من لە تۆوە فێری خۆشەویستی بووم. یەکەم جار دڵم هەستی بە خۆشەویستی کردبێت بۆ تۆ بوو، ئەزانم تۆش هەمان هەستت بۆ من هەیە. دڵی هەردووکمان دەستەمۆی یەکن. نە تۆ ئەتوانی کەست خۆش بوێت، نە من ئەتوانم. وەرە با ئیتر دڵمان ئاشت بکەینەوە. منیش هەر سەیرم ئەکرد، لە قسەکانی سەرم سوڕمابوو. دیسان وتی:
ــ ڕۆشنا گیان، ئەگەر شووم پێبکەیت، خۆم بە بەختەوەرترین کەس ئەزانم لەم دنیــایە، بڕوا بکە هەتا مابم لە ژیان ئیتر ئەو چاوانەم

لە تۆ زیاتر کەس نەبینێت، دڵم هەر بۆ تۆیە. ڕێزت لە سەر سەرمە. چیت ویست بۆت ئەکەم. بەس تۆ دەستی بخەرە سەر من بۆت دێنم، ئەزانیت ئێستا ئیشم زۆر باشە، پارەیەکی زۆرم هەیە، ئەمەوێت خانوویەکی جوان بکرِم بۆ هەرسێکمان وەکو خێزانێکی خنجیلەی جوان بە یەکەوە بژین، ئەزانم تۆ هێشتا خۆشت ئەوێم. دەوەرە با کوڕەکەمان بەیەکەوە گەورە بکەین. بە هەردووکمان فێری ژیانی بکەین، من بەشی خۆم وانەی ناخۆشم لەژیاندا خوێند. تۆش بە هەمان شێوە زۆرت چێشت. تاڵاوی زۆرت بینی، با بە هەردووکمان ڕەنج فێر بکەین، چۆن مرۆڤێکی لێ دەربچێت بۆ دوا ڕۆژی خۆی بە سوود بێت. توخوا ڕۆشنا، ڕابردوو لە یاد کە، با سەر لە نوێ دوو کەسی تازە ژیانێکی تازە دەست پێ بکەینەوە. یارمەتیم بدە با خۆم بسەلمێنم بۆ ڕەنج. ئەمەوێت ببم بە باشترین باوك. ئەزانم پێویستی بەهەردووکمانە. تکات لێ ئەکەم بهێڵە خۆم بسەلمێنم بۆ تۆ. من زۆر گۆڕاوم. ئەمەوێت باشترین مێرد بم.

هیچ قسەیەکم پێ نەئەوترا حەزم ئەکرد بڕوای پێ بکەم. بەڵام لەیادکردنی ئەو هەموو ئازارانەی ڕابردوو زۆر سەخت بوون، ڕێبوار خۆی بووە هۆیەك، کە هەرگیز بڕوام بە خۆشەویستی نەمێنێت! ئێستاش هاتووە داوای خۆشەویستیم لێ ئەکات!. ڕێبوار بەردەوام بوو لە قسەکردن. وتی:

ــ ڕۆشنا، بڕوا بکە، لەو ڕۆژەی من لە تۆ جیابوومەتەوە پەشیمانم. زۆریش پەشیمانم. من نەم دەویست واز لە تۆ بهێنم. تۆش لە جیابوونەوەکەت زۆرت پەلە کرد. من نامەوێت تۆ تاوانبار بکەم هەرکەسێکی تریش بوایە لەجیاتی تۆ، هەمان شتی دەکرد. بەڵام بەخوا،

بەسەری ڕەنج، من دڵخوازم وەکو ژن نەدەویست. دڵخواز هەڵەیەك بوو. بەڵام تۆ زیاتر ڕێگەت بۆ ئەو خۆش کرد کە، خۆی بە سەرمدا بسەپێنێت. بڕوا بکە تەنها بێ ئەقڵیەکی کاتی بوو. ئێمەی پیاو نازانم بۆچی بەوجۆرەین! لەراستیدا حەزمان بە گۆڕانکاریە، حەزمان بە تاقیکردنەوەیە، تەنانەت لە تەمەنێکی گەورەبوونیشدا. ئەگەر ژنەکانمان زۆر گوێمان پێنەدەن هەر، وەك هەرزەکارێك ئەوا جڵەو لەدەست ئەدەین. ئەبێت ئێوەی ژن زیاتر خۆڕاگربن. ئێمە هەر، وەك منداڵ پێویستیمان بە ناز کێشانە، پێویستیمان بە پیاهەڵدانە، پێویستیمان بە ئامۆژگاری ودڵنەواییە. ئەمە ڕاستییە. ژن نابێت تەنها ژن بێت بۆ ناو جێگا، بەڵکو ژن ئەبێت؛ هەندێك جار لە دڵ فراوانیدا وەکو دایك بێت، لە سۆزو میهرەبانیدا، وەکو خوشك بێت. هەندێك جاریش هاوڕێیەکی پڕ متمانەبێت. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە سەرێکم هەڵبڕی بە وردی سەیرێکی ناوچاوی ڕێبوارم کرد. وتم:

ـ وشەکانت هەمووی لە جێی خۆیدایە، من لەگەڵ یەکە بە یەکەی وتەکانتم. هەر وەکو خۆت باست کرد ژن پێویست ئەکات لە جێی هەموو کەسێکی مێردەکەی بێت. ئەی پیاو نابێت لە جێی هەموو کەسێکی ژنەکەی بێت؟ ئەی پیاو نابێت باوکێکی لێبوردەو دڵ پڕ لە خۆشەویستی بێت؟ ئەی پیاو نابێت وەکو برا پشتو پەنای بەهێزی ژنەکەی بێت؟ ئەی پیاو نابێت وەکو باشترین هاوڕێ دڵسۆزو جێگەی متمانەی ژنەکەی بێت؟ ئەی تۆ بۆ وا نەبوویت؟! ئەی تۆ بۆ نەوتوانی تەنانەت خۆشەویستیشم بیت، هەر زوو بەهەرزانترین ژن، منت گۆڕیەوە!. پیاو حەزیان بە گۆرانە؟ پیاو حەزیان بە تاقیکردنەوەیە؟ پیاو حەزی بە هەڵدانو ئاگاداریە؟ ئەی ئێمەی ژن؟! ئەی نازانی ژنیش

پێویستی بە نازکێشانە؟ پێویستی بە دڵی پڕ لە خۆشەویستیو بەزەییە؟ ئەی نازانی ژن پێویستی بە ئاسوودەییو ئارامی مێشكو گیانە؟ ئەی نازانی ژن پێویستی بە ڕێزگرتنەو پیاهەڵدانە؟ ئێستا داوای چی لە من ئەکەیت، کە خۆت هیچیان نەبوویت.

هەموو کاتەکە ڕێبوار بە بێدەنگی چاوی بڕیبووە زەویەکە. من ئیتر بێدەنگ بووم. ئەویش هەر بێدەنگ بوو.

وتم:

ـ کاتی ئەوە هاتوە ئێرە بەجێبهێڵین.

ڕێبوار خێرا سەری بەرزکردەوە. وتی:

ـ ڕۆشنا؟ تکات لێئەکەم لێم ببورە، هەرچی تۆ ئەیڵێیت، ڕاستە، بە خوا ڕاستەکەیت. بەڵام من ئەمەوێت پەڕەیەکی تازە دەست پێبکەینەوە. ئەوەی ڕابوورد، با بڕوات. ئەزانم من زۆر هەڵە بووم.

وتم:

ـ من ناتوانم پەڕەی تازە لەگەڵ تۆ دەست پێبکەمەوە. هەر چەند کردارەکانت دێنەوە یادم، نەك هەر ڕقم لە تۆ ئەبێتەوە، بەڵکو ڕقم لە خۆشم ئەبێت. پێش ئەوەی بڕۆم یەك پرسیارم هەیە ڕاست وەڵامم بدەرەوە.

ڕێبوار خێرا وتی:

بە سەر هەردوو چاو. هەرچی پرسیارێکت هەیە بیکە با هیچ لە دڵتا نەمێنێ.

وتم:

ـ بەس پێم بڵێ ئەو ژنەت چۆن ناسی؟ لە کوێ دۆزیتەوە؟ خۆ ئەزانم لە ئیش لەگەڵتا نە بوو، بە شەویش لە ماڵەوە بوویت، خوێندنەکەت لە سەر ئۆنلاین بوو، ئیتر چۆنت ناسی؟!

ڕێبوار کەمێك بێدەنگ بوو، شەرمەزاریەکی تەواو هەموو ڕووی گرتەوە، ئینجا سەیرێکی ڕەنجی کرد. وتی:

ــ ڕەنج ئەگەر حەز ئەکەیت بڕۆ کەمێکی تریش لەگەڵ هاوڕێکانت یاری بکە.

ڕەنج ئەو پێشنیارەی باوکی زۆر بە دڵ بوو. خێرا هەستاو ڕۆیشت. هەر وەك ئەوەی بزانێت باوکی باسێکی نەگونجاوی پێیەو شەرمەزارە لەوەی، کە کوڕەکەی بیستەری بێت. ئینجا ڕێبوار بێدەنگ بوو، بەڵام هێشتا چاوی بڕیبوە ڕەنج تا کەمێك دوورکەوتەوە. پاشان سەیرێکی منی کرد. وتی:

ــ ڕۆشنا؟ ئەزانی چۆن ئەو ژانەم ناسی!؟ ئەو کاتانەی تۆ چاو قاوەت ئەخستە سەر سینییەك لەگەڵ شیرینییە بە تامەکانی خۆت، کە بەو دەستو پەنجە ناسکەت بۆت دروست ئەکردم، ئینجا لە سەر مێزەکەی لای کۆمپیوتەرەکەوە بە بێدەنگی دات ئەنا. ئەو کاتانەی کە، ئەهاتیتەوە پەرداخێك ئاوت بۆ ئەهێنام بە هێواشیو نەرموونیانی پرسیارت ئەکرد، ڕێبوار گیان هیچت ناوێ؟ ئەو کاتانە تۆ هاتوچۆت بوو. خزمەتت ئەکردم، تاکو باشتر کۆشش بکەم. ئەو کاتانەی نەئەخەوتیت تاکو لە کۆشش کردنم تەواو ئەبووم. بیرمە چەندین شەو شەونوخنیت ئەکرد. هەموویم باش لە یادە. بە داخەوە ئەو کاتانە من خواخوام بوو تۆ نزیکم نەکەویت. هیچیشم بۆ نەهێنیت! پرسیاریشم لێ نەکەیت!. ئەزانی بۆ؟ چونکە من ئەو کاتانە کۆشکی ناپاکیو پردی درۆم دروست ئەکرد. ئەو کاتانە ئەو ژانەم ناسی، کە بووە هۆی تێکدانی جوانترینو گەورەترین خۆشەویستی لە ژیانمدا. بێگومان بە یارمەتیی خۆم، منی بێ بڕوا ونەفام. زۆرینەی کاتەکەم لە سەر ماسنجر

به ناوێکی جیاوازەوە، کە تۆ نەتئەزانی قسەم لەگەڵ دڵخواز ئەکرد. بەڵێ من دڵخوازم لە سەر فەیسبوك ناسی! بە بێ ئەوەی بهێڵم تۆ بزانیت، من چەند جارێك چووم بۆشارەکەی ئەو، لەوێ بینیم، چەند جارێك سەردانیم کرد. هەموو جارێکیش بە تۆم ئەوت، ئیشەکەم من ئەنێرن بۆ ئەوەی کارەکانیان بۆجێبەجێ بکەم. وەردە وردە پەیوەندیمان پتەو بوو، تاکو تۆ پێتزانی.

قسەکەم پێ بڕی. وتم:

ــ بە راستە؟! تۆ ئەو ژنەت بەو شێوەیە ناسی!؟ ئەی چۆن بڕوات پێ کرد؟ تۆ چۆن بڕوا بە کەسێك ئەکەیت لە سەر فەیسبوك ناسیبێت؟!

رێبوار ئەوەندەی‌تر شەرم دایگرت. ئاخێکی هەڵکێشا. وتی:

ــ ئەی نابینیت چی روویــدا؟ بەڵایەکم ناسی، ژانێك ژیانی لێتێکدام، ئێمە جیابووینەوە!. گەورەترین خۆشەویستیم لە دەست خۆمدا،ماڵێکم رووخاند، چەند ساڵ بێ ئێوە بووم، کوڕەکەم بێباوك گەورەبوو. هەر رۆژێکم بە ساڵێك لێ رۆیشت. ژیانم لێ تاڵ بوو. ئەوەندە خەجاڵەت بووم، هەرچەندم ئەکرد، رووم نەبوو جارێکی‌تر بێمەوە بۆ لات. ئەمزانی تۆ زۆر تووڕەیت، ئەمزانی دڵت پڕە لە رق. هەر چەندە من هەقی خۆتت ئەدەمێ. چیم پێ ئەڵێیت، چیم لەگەڵ ئەکەیت. بەڵام توخوا دڵت پاککەرەوە، با هەوڵبدەین جارێکی‌تر لاپەڕەیەکی تازە لەژیانمان هەڵدەینەوە. وەکو وتم، ژیان کورتە. رۆشنا گیان بڕوا بکە تۆ خۆشەویستی هەموو ژیانمی رقیشت لێمبێت من هەرخۆشم ئەوێیت.

# ٨١

کاتمان درەنگ کرد. ڕەنج هەر خەریکی یاریکردنی خۆی بوو. بەڵام دوایی گەڕایەوە بۆ لامان. سەیرێکی هەردووکمانی کرد. وتی:

ـ تەواو شوو ئەکەیتەوە بە باوکم؟!

سەیرێکی ڕەنجم کرد. وتم:

ـ ڕەنج گیان ئەوە باسێکە لە نێوان باوکتو من. تۆ خۆتی پێوە سەرقاڵ مەکە. تۆ ئاگاداری وانەکانت بە.

هەر، کە ئەو قسەیەم کرد. ڕەنج خێرا وتی:

ـ دایکە، ئەوە هەمووی پەیوەندیی بە منەوە هەیە. ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ یەك من ئیتر هەست بە خۆم ئەکەم. ئەزانم من یەك کەسم. یەك پارچەم. دوو پارچە نیم. هەست ئەکەم بە ڕاستی من خاوەنی خێزانێکم، کە بە دڵ منیان خۆش ئەوێت. حەز ئەکەم، کە بەیانییان لە خەو هەڵستام، تۆو باوکم بە یەکەوە ببینم. شەوان، کە سەیری تەلەفیزیۆنمان کرد، بە یەکەوە تەماشای فیلمە خۆشەکان بکەین. حەز ئەکەم پێکەوە بچینە سەیران. حەز ئەکەم پێکەوە بچینە ماڵی مامو پوورەکانم. حەز ئەکەم وەکو هاوڕێکانم ئێوە پێکەوە بێن بۆ کۆبوونەوەی دایکانو باوکان. کاتێك یاری ئەکەم. حەز ئەکەم ئێوە پێکەوە دانیشن تەماشام بکەن. چەپڵەم بۆ لێبەن. من چەند ساڵە بیر لەو شتانە ئەکەمەوە. توخوا دایکە با ئەوەنە چاوەڕێی ڕۆژی شەممان نەکەم تاکو باوکم ببینم. من ئەمەوێت باوکم هەبێت، لەگەڵم بێت ئەمەوێت کە، گەورەبووم لە نزیکەوە ئاگاداری باوکم بم. یارمەتیی

بدەم، پێکەوە بین. من ناتوانم بێ ئێوە بژیم. نەبوونی کەسێکتان ژیانم ناتەواو ئەکات.

منو ڕێبوار چاومان پڕ ببوو لە گریان. بە زۆر خۆم ڕاگرتبوو. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ڕەنج خاوەنی ئەو هەموو هەستە ناسکە بێت بەرامبەر بە خێزانەکەمان. ئێمە هەردووکمان زۆر بێ دەنگ بووین. هەر چەند بیرم ئەکردەوە لەو کاتەدا هیچ شتێك بە مێشکمدا نەهات تاکو بتوانم ڕەنج لەو دڵتەنگیە دوور بخەمەوە. سەیرێکی ڕێبوارم کرد. وا دیار بوو لێم تێگەیشت. ڕێبوار لە جێی خۆی هەڵسا، دەستێکی خستە سەر شانی ڕەنج. وتی:

ــ کوڕەکەم یەك شت بزانە، ئێمە پێکەوە بین، یان جیا بین، تۆ خۆشەویستی ئێمەیت. وەکو دایکت پێی وتیت، تۆ خۆت بەوشتانەوە سەرقاڵ مەکە. حەز ئەکەم بزانیت ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە. تۆش پەلە مەکە با دایکت کاتی خۆی وەربگرێت.

ڕەنج هەردووکمانی تەواو دڵتەنگ کرد. منیش لە جێی خۆم هەستام. وتم:

ــ کاتمان زۆر درەنگ کرد. ڕێبوار... سوپاس بۆ ئەم خواردنە خۆشانە.

هەوڵم ئەدا زەردەخەنەیەك بخەمە سەر لێوەکانم هەتا ڕەنج کەمێك دڵخۆش بێت. لەو کاتەدا ڕەنج چەند هەنگاوێك دوورکەوتبووەوە. منیش خۆمم نزیککردەوە لە ڕێبوار. بە هەڵەم زانی، کە ئەم شتانەی پێ بڵێم. وتم:

ــ ڕێبوار؟ تکات لێ ئەکەم ئەم باسە کۆن بکە، بە هیچ شێوەیەك باسم لەگەڵ مەکەرەوە. چونکە ئەم مەسەلەیە لای من تەواو بووە. من جارێکیتر ناتوانم ئەو متمانەیە بدەمەوە بە تۆ. سوپاست ئەکەم بۆ ئەو ڕاستییانەی، کە دوای ئەم چەند ساڵە زانیم.!

ئیتر ڕێبوار بێدەنگ بوو. هیچیتری نەوت. بەڵام من لە ناخیشمەوە دڵم ئەسووتا بۆ ڕەنج. هەر، کە لە ریستورانتەکە هاتینە دەرەوە، ڕەنج وەکو مناڵ هاتە نێوان منو باوکی. دەستێکی منو دەستێکی باوکی گرتبوو. زۆر دڵی خۆش بوو، وا دیار بوو هیوای نەبڕیبوو. کاتێك گەیشتینە بەر دەرگای شوقەکەمان، ڕێبوار باوەشێکی بە ڕەنجدا کرد. قسەیەکی بە گوێچکەیدا چرپاند. ڕەنج پێکەنی. خێرا رایکردە ژوورەوە. منیش ویستم خواحافیزی لێ بکەم ڕێبوار دەستی راکێشام. خۆی لێ نزیککردمەوە. بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە. وتی:

ــ ڕۆشنا گیان، توخوا بیرێکی لێ بکەرەوە، من پەلەم نییە، بە دڵی خۆت. کاتی خۆت وەرگرە. هەموو کەس غەڵەت ئەکات. دەرسم وەرگرتوە.

دەستم راکێشایەوە دواوە. وتم:

ــ زۆر سوپاس بۆ چوونە دەرەوەکە. شەو شاد.

## ٨٢

ئەو شەوە لەوە ئەچوو ماخۆلان چووبێتە هەموو گیانمەوە. نە لە ناو جێگا خۆم ئەگرت، نە لە سەر قەنەفەکە. بە ناو ئەو ماڵەدا ئەهاتمو ئەچووم. هەرچی شتی ناخۆشو خۆشو رابردوومان بوو هەر، وەك شریتی سینەما بە بەر چاومدا تێدەپەڕین. تاوێك دڵم خۆش ئەبوو، تاوێك زۆر ناخۆش. لەبەر خۆمەوە قسەم ئەکرد. هەندێك جاریش ئەگریام. بۆ جارێکی‌تر بڕوام هێنا بەوەی بەکارهێنانی نارێکی ئینترنێت ئەبێتە دروستکردنی کێشەی گەورە هەر وەکو چۆن رێبوار ماڵی خۆی تێکدا، ئەم خێزانە جوانەی هەڵوەشاند بە یارمەتی دڵخواز خان. هەر وەکو هەزاران کەسی وەکو بێباك، کە ژنو مێردی لە یەك کردبوو، هەر وەکو جوانەی هاوڕێم، کە ژیانی لە خۆی بە بۆنەی بارام تاڵ کرد، کە ئەوانیش ناسینیان لە سەر فەیسبوك بوو.

# ٨٣

رۆژی شەمە بوو. هەر بەیانی زوو، لە خەو هەڵسام، دەستم بە یاپراخ پێچانەوە بۆ ماڵی جوانەی هاوڕێم کرد. نزیك کاتی ڕۆیشتنم، هێشتا خۆم ئامادە نەکردبوو. ڕێبوار تەلەفۆنی کرد. وتی:

ـ ڕۆشنا چۆنی؟ ئاساییە ئەگەر ئەمڕۆ ڕەنج بۆ مەلەکردن بەرم؟

منیش وتم:

ـ زۆر چاکە. ئاساییە. منیش بە نیازم تۆزێکی‌تر بڕۆم بۆ دەرەوە.

وتی:

ـ بۆ کوێ ئەڕۆیت؟

نەمویست وەڵامی ڕاستی پێ بڵێم. وتم:

ـ بۆ شوێنێك!

وتی:

ـ دە باشە، بۆیە پرسیارم کرد بۆ ئەوەی بتگەیەنم.

وتم:

ـ نا.. سوپاس. پێویست ناکات، خۆم شارەزای ڕێگەو بانم.

وتی:

ـ ئەزانم. بەڵام تۆ کەی ئەڕۆیت؟ ببورە هەر ئەمەوێت کاتی هاتنم بزانم بە دوای ڕەنج بۆ ئەوەی تۆ زۆر چاوەڕێم نەکەیت.

لە بەر خۆمەوە بزەیەکم کرد. وتم:

ـ نیو کاتژمێر باشە.

وتی:

ـ زۆر چاکە هەوڵ ئەدەم زووتریش بگەم. منیش زۆر بە پەلە خۆمم ئامادەکرد، دەستێك جلی کوردی پەمەیی ناسکم هەبوو، بەنازی خوشکم تازە بۆی ناردبووم، بۆ یەکەم جار بوو لەبەرم کرد. زۆر جوان خۆم رازاندەوە. رەنجیش هێشتا خەریکی خۆشتن بوو. چووم بانگێکم لێکرد. وتم:

ـ رەنج خێراکە باوکت بەرێوەیە تۆزێکیتر ئەگات.

زۆری پێنەچوو، لە دەرگا درا. کە دەرگام کردەوە، بینیم رێبوارە چەپکێك گوڵی گەورەی بە دەستەوەیە. هەر گوڵەی لە رەنگێك، لەگەڵ زەرفێکی بچکۆلە. من هێشتا هیچم نەوتبوو. ئەو بە دەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ هەموو ساڵێك بە خۆشی.

بە سەرسوڕمانێکەوە وتم:

ـ چۆن لە بیرت مابوو؟!

وتی:

ـ هەرگیز لە یادم نەکردوە. رۆشنا گیان، ئەم دیاریە بچکۆلەیە بۆ تۆیە. تکات لێ ئەکەم لێمی وەرگرە.

سەرم سووری ئەخوارد. وتم:

ـ نا.. سوپاس تەنها گوڵەکە بەسە. کاتێکم زانی رەنج پەلاماری دەستی باوکی دا. بە دەم پێکەنینو دڵێکی خۆشەوە وتی:

ـ ئەوە چییە بۆ من؟

وتم:

ـ نا.. ئەوە شتی باوکتە. خێرا بیەدەست باوکت. رێبواریش هێشتا لە ناو دەرگاکەدا راوەستابوو. وتی:

ــ ڕەنج گیان ئەوە دیاریە بۆ دایکتە. ئەمڕۆ چەژنی لەدایکبوونییەتی.

ڕەنج ئاوڕێکی لێدامەوە. خێرا باوەشێکی پیاکردم. وتی:

ــ ئەی بۆ من نەمزانیوە؟! دایکم قەت ئاهەنگی بۆ ئەو ڕۆژە نەکردوە.

ڕێبوار بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ــ بەراست؟ بۆ..؟! جاران هەموو ساڵێك یادمان ئەکردەوە. ڕۆشنا بیرتە، کە لە زانکۆ بووین، تەنها خۆم‌و خۆت یەك مۆمان ئەکوژانەوە، دوایی دووعامان ئەکرد، کە هەرگیز لە یەك دانەبڕێین. بیرتە؟ من ئەمەوێت ئەمشەو ئەو ئاهەنگەت بۆ بگێڕم هەمان دووعابکەین.

من هێشتا لە گێژاوا بووم. وتم:

ــ نا زۆر سوپاس ئاهەنگم ناوێت. ئەو گوڵانە زۆر جوانن. دەستت خۆش بێت. من تۆزێکی‌تر ئەبێت بڕۆم.

ڕێبوار خێرا وتی:

ــ باشە گیانەکەم بە دڵی خۆت، من‌و ڕەنج پێکەوە ئاهەنگەکەت بۆ ئەگێڕین.

هەردووکیان پێکەنین. منیش بە پێکەنینەوە سەیرێکم کردن. وتم:

ــ باشە دەی بڕۆن با من خۆم ئامادە بکەم.

ڕێبوار تۆزێك خۆی هێنایە پێشەوە. وتی:

ــ ڕۆشنا گیان، بڕوابکە لەجاران جوانتر وڕۆشنا تریت. ئەو ڕەنگە پەمەییە هەرلەخۆت هاتوە جوانی تۆ بێئەندازەیە، جوانی تۆ ڕەسەنە، ناسك ونەرمو نیانی. دەك گوێرایەمدایە من بۆ ئەوەنە بێدەماغ بووم؟ من بۆوام بەخۆمکرد؟ ئیتر من لەوە زیاتر خۆمپێڕانەگیرا بەدەنگی بەرز

قاقایەکم لێداهههههههه ئەویش دەستی بە پێکەنین کرد، کەمێك شەرم گرتی. ئنجا دیسانەوە وتی:

ــ رۆشنا؟ بیرتە یەکەم سەیرانی یەکەم ساڵی زانکۆمان جلی کوردییەکانت سەوز بوو؟ ئەی چەندت لێتهاتبوو! بەخوا جوان بوویت. ئیستاش، کە بینیمیت هەر ئەو شێوەیەت هاتەوە پێش چاوم.

وتم:

ــ ئێستا ئەڕۆیت، یان نا؟ من ئەڵێم ئەبێت خۆم ئامادە بکەم بڕۆم.

ئینجا رێبواربەدەنگی بەرز قاقایەکی لێدا. وتی:

ــ ئەی هیچ ئیشێکت نییە؟ داواکارییەك شتێك لەخزمەتام.

وتم:

ــ نەخێر هەر ئەمەوێت بڕۆن. منیش پەلەمە ئەمەوێت بڕۆم.

هەر ئەوەنەم وت، کەوتەوە یادم من مەنجەڵێکی گەورە یاپراخم دروست کردووە، بەم جلە کوردییانەو بەم پێڵاوە بەرزانەوە چۆن ئەتوانم بە سەر ئەو هەموو پلیکانانەیا بیبەمە خوارەوە؟!

رێبوار وتی:

ــ باشە. گیانەکەم، تووڕە مەبە. وا ئەڕۆین. جارێکیتر جەژنی لەدایك بوونت لێپیرۆز بێت. زەردەخەنەیەکی کرد وتی: خواحافیز.

خەریك بوون بڕۆن. هاوارم لێکرد:

ــ رێبوار راوەستە.

رێبوار لە جێی خۆی رەق بوو. بە پەلە گەڕایەوە. وتی:

ــ چیت ئەوێت فەرموو ئەمرکە.

منیش خۆم پێ نەگیرا. پێکەنین گرتمی. وتم:

ــ یەعنی چیم ئەوێت ئەو مەنجەڵە یاپراخەم بۆ بخەرە ناو ئۆتۆمبیلەکەمەوە.

ڕێبوار خێرا بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشت. مەنجەڵەکەی هەڵگرت. لەناو بوخچەیەکدا پێچابووەوە. ڕێبوار وتی:

ــ ئای لەو بۆنە خۆشە، ئەزانی چەند ساڵە یاپراخم نەخواردوە.؟

شانێکم هەڵتەکاند. وتم:

ــ ئەوەش کێشەی خۆتە.

ڕێبوار بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی:

ــ بە خوا ڕاست ئەکەیت، من موستەهەقی هەموو شتێکم.

ئەوان ڕۆیشتن. منیش چوومەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی خۆم ئامادە بکەم. بەڵام؛ کاتێك زەرفەکەی ڕێبوارم کردەوە، بینیم قوتوویەکی بچووکی ڕەنگ سووری تیادا بوو. قوتووەکەم دەرهێنا. کاتێك کردمەوە، دەنکێك مرواریی پەمەیی زۆر ناسك وجوانی تیابوو، لە سەر زنجیرێکی کورتو باریك. وا دیار بوو گران کڕیبووی. چونکە ملوانکەکە زۆر جوان بوو، بە چـواردەوری دەنکە مرواریییەکەدا دەنکێك ئەڵماسو دەنکێك پیرۆزە پێوەبوو. بۆ چەند ساتێك کردمە ملم لە ئاوێنەکەمدا تەماشای خۆمم کرد، بینیم زۆر جوان بوو، بەڵام خێرا دامکەندەوە خستمەوە ناو قوتووکەی خۆی بەو نیازەی، کە بینیم، بیدەمەوە دەستی. بەڵام ئەوەی لام سەیر بوو چۆن ڕێبوار هێشتا ئەو ڕۆژەی لە یاد مابوو؟! ئێمە لەو کاتەی یەکترمان ناسی، تەنانەت تا ئەو ساڵەی لە یەکتر جیابوینەوە، هەموو ساڵەکان ڕێبوار ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی بە جوانترین شێوە بۆ ئەگێڕام، هەموو جارێکیش دیاریەکی بەنرخی بۆ ئەکڕیم. ڕێبوار هەموو جار منی بە جوانترین

دەنکە مرواری دەسەلماند، دیاریەکانیشی هەمووکات بریتی بوون لە پارچەیەك خشڵ کە بە مرواری نەخش کرابێت. ئەوەتا ئێستاش دوای ئەو هەموو قسە رەقو ناخۆشانە، ئەو هێشتا دیاریم بۆ ئەکڕێت لە کاتێکدا چاك ئەزانێت  جارێکیتر گەڕانەوەم بۆ باوەشی ئەو زۆر ستەمە. هەستم ئەکرد، رێبوار لە خەوێکی ناخۆش بە ئاگا هاتۆتەوە. هەر چەند زۆر خۆشحاڵبووم، بەڵام، تا ئەو کاتەش شتێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو بۆ من چونکە دڵم تەواو شکا بوو.

# ٨٤

که گەیشتمە ماڵی جوانە، سەیرم لێهات. ئاخۆ چی قەومابێت؟ دەنگە دەنگیان هەر لە دوورەوە ئەبیسترا. ئۆتومبیلی زۆرم لە بەردەم شوقەکەیدا بینی. خەڵکی زۆرم بینی. لە زەنگی دەرگاکەم دا، بەڵام دەرگاکە کرابووەوە. خۆم کرد بە ژووردا. شوقەکەی جوانە لە قاتی یەك بوو. کێشەی پێپلکانەم نەبوو، بەڵام هەڵگرتنی ئەو مەنجەڵە بۆ من لەو کاتەدا کێشە بوو. خواخوام بوو یەکێك چاوی پێم بکەوێت یارمەتیم بدات. بەڵام زۆر بە لامەوە سەیر بوو، کە خۆمکرد بە ماڵدا کەسم نەبینی. دەنگە دەنگیش نەما. من ئەمزانی ئەوە شوقەکەی جوانەیە. چەند جارێکی‌تریش چووبووم سەردانیم کردبوو. بەڵام ئەی بۆ کەس پێشوازیم لێناکات! منیش هەتا ئەڕۆیشتمە ژوورەوە، بانگم لێ ئەکردن:

ــ جوانە.. لەنجە... ئەری ئەوە لە کوێن؟

هەر لەبەر خۆمەوە ئەموت:

ــ وەی بیسمیللا ئەوە بۆ کەس دیار نییە؟ خەڵکینە ئێوە لە کوێن؟ ئەوە چیتان لێهات؟

ناچار مەنجەڵەکەم لەموبەقەکە لەسەر مێزێکی بچکۆلە دانا. ئینجا بەرەو ژووری دانیشتنەکە رۆیشتم. کەوتمە گومانەوە. بە خۆمم وت:

ــ ئەبێ ئەمەچی بێت؟ ئەم خەڵکانە بۆ وا ئەکەن! چیان لێهات! بۆکوێ رۆیشتن؟

لە پڕێکدا هەرئەوەندەم زانی هاوارو قیژە بەرز بووەوە. هەر کەسە بە میزەڵانێکەوە فیقەو بریسکەو جۆرەها شتی جوان خۆیان بە ژووردا

کرد. لە دوای ئەوانیشەوە جوانە کێکێکی گەورەی هەڵگرتبوو. هەموو بە دەنگی بەرز هاواریان ئەکرد بەدەم گۆرانیەوە ئەیان وت:

ــ هەموو ساڵێك بە خۆشی... هەموو ساڵێك پڕ خۆشی...

کە ئەوەم بینی، لە جێی خۆم سەرسام راوەستام، گەوتمە گریان. بەڵام ئەو جارە گریانی خۆشی بوو. ئەو کاتە خۆشەویستیی هاوڕێکانم بۆ دەرکەوت، بە تایبەت جوانە، کە هەرگیز دەستبەردارم نەبوو. هەمیشە دڵسۆزم بوو. هەموو کات هاوڕێی تەنگانەو خۆشیم بوو، لەوەتەی من وریێوار لەیەکتر جیاببوینەوە من نەك تەنها ئاهەنگی جەژنی لەدایك بوونی خۆم نەکردبوو بەڵکو لەئاهەنگی کەسیشدا بەژداریم نەکردبوو.

هەربەگەیشتنی من خێرا یاپراخیان هەڵڕشت، بۆن وبەرامەی بەوناوەدا بلاوبۆوە. جوانە چەند جۆرێك خواردنی دروست کردبوو، میوانەکانیش هەریەکەی شتێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەوان هەموو ئاگاداری ئاهەنگەکە بوون هەرلەبەر ئەو هۆیە چەند جۆرێك کێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بۆ بەشداریکردنی ئەو دانیشتنە. کێکمان قاش کرد. هەر یەکەی باسی شتێکی خۆشی ئەکرد، پێئەکەنین. پاش تۆزێك جوانە هاتە لامەوە. دانیشت. وتی:

ــ رۆشنا شتێکی سەیرت بۆ باس ئەکەم، بەڵام بەینی خۆمان بێت.

وتم:

ــ دەی بەقوربان، من زۆرم حەز لەو باسانەیە.

هەردووکمان پێکەنین. جوانە دەمی لە گوێم نزیککردەوە. وتی:

ــ ئەزانی چی؟ ناسك ئەو رۆژە تەلەفۆنی بۆ کردم. باسی کابرایەکی ئەکرد. ئەیوت لە سەر ئینستگرام بووە بە هاوڕێم. قسەی ئەوەنە خۆشم بۆ ئەکا لە ژیانمدا نەمبیستووە!

سەیرێکی جوانەم کرد. تۆزێك رۆیشتمە دواوە. وتم:
ــ ئێ.. مەبەستت چییە؟ ئەزانیت کێیە؟!
جوانە دەستی بە دەمیەوە گرت. پێکەنی. وتی:
ــ کچێ بێدەنگ بە، با نەزانێت بە تۆ ئەڵێم، با گوێی لێمان نەبێت.
وتم:
ــ جوانە تۆ زانیت کێیە؟ دە پێم بڵێ ئەگەر ئەزانیت!
جوانە وتی:
ــ من نایناسم. بەڵام وەکو بۆی باس کردم، قسەکانی لە قسەی بێباك ئەچێت!
وتم:
ــ ئەی بە ناسکت نەوت؟
جوانە وتی:
ــ چی پێ بڵێم؟
وتم:
ــ چۆن چی پێ بڵێت؟ پێویستە ناسك بزانێت. وریابێت. با ئەویش وەکو ئێمە تێنەکەوێت.
جوانە وتی:
ــ ئاخر من دڵنیانیم ئەگەر ئەو کەسە بێباك بێت.
وتم:
ــ بانگی کە، ناسك بانگ کە، بزانە وێنەی ئەوی هەیە؟
هەرووکمان ناسکمان بانگ کرد. جوانە چەند پرسیارێکی لێکرد. ناسك بەشەرمێکەوە تەماشایەکی منی کرد. وتی:
ــ رۆشنا خان، سەیرکە، بزانە تۆ ئەم کەسە ئەناسیت؟

ئینجا هەر لەو کاتەدا ناسك پێش ئەوەی وێنەکەم پیشان بدات، کورتە بــاسێکی بۆ کردم. وتی:

ــ ئەم کابرایە ماوەیەکە نامەو وێنەی زۆری خۆیم بۆ ئەنێرێت، هەر زوو پێش ئەوەی یەکتر بناسین، ئەو کەوتە باسکردنی پەیوەندیو خۆشەویستی. لە راستیدا من سەرەتا هیچ بڕوام پێ نەکرد. زۆر بە رەقی وەڵامم ئەدایەوە. هەڕەشم لێ ئەکرد. بەڵام ئەو زۆر سوور بوو لە سەر قسەکانی خۆیو پاکیو دڵسۆزی بۆ من. مەبەستیشی هاوسەرگیریە! ئینجا ئەو هەربەردەوام قسەی ئەوەندە خۆشو شیرینم پێ ئەڵێت، هەرگیز لە ژیانمدا کەسم بەو جۆرە نەناسیوە. دڵم بۆی بووە بە ئاو. بەڵام هەندێك جاریش زۆر ئەترسم. کە راست نەبێت!.

منیش وتم:

ــ چەنێکە قسەی لەگەڵ ئەکەیت؟

وتی:

ــ وا نزیك ئەبێتەوە لە دوو مانگ!. بەڵام ئەمە یەکەم جارە شتی وا بکەم، زۆر ئەترسم.

وتم:

ــ ئەتوانم وێنەکەی ببینم؟!

ناسك وا دیار بوو زۆر دوودڵ بوو. کەمێك منجە منجی کرد. دوایی وتی:

ــ ئەوەتا. تەماشاکە. چەند قۆزە. بە خوا خوشکی خۆی حەیرانی ئەبێت!.

کاتێك سەیری وێنەکەم کرد، هەردوو چاوم زەق بووەوە. بڕۆم فڕی بۆ ئاسمان. دەمم داچەقا. جوانەو ناسکیش هەر تەماشایان ئەکردم.

چاوەڕێی وەڵامی منیان ئەکرد. بەڵام جوانە، کە دەموو چاوی منی بەو جۆرە بینی، خێرا تێگەیشت. وتی:

ــ بە خوا خۆیەتی! وا نییە؟

هەردووکمان قاقایەکی گەورەمان لێدا. وتم:

ــ بەڵێ خۆیەتی. ئەمە بێباکە.

ناسك لە نێوانماندا واقی وڕمابوو. هیچ تێنەدەگەیشت. هەر سەیری ئەکردین. ئەیوت:

ــ بێباك کێیە؟! ئەمە مەریوانە! بە خوا ناوی مەریوانە. ئەها سەیر کەن بە خوا ئێوە هەڵەن. ئەمە بێباك نییە.

ئێمەش هەر پێئەکەنین.

جوانە وتی:

ــ نەخێر ناسك گیان، ئەم کابرایە نە ناوی بێباکەو نە مەریوان. بەڵکو ناوی فەرەیدونە. هەهەهەهەهەهە.

ناسك تووشی سەرسووڕمان بوو.. بەڵام ئێمە باسەکەمان لە ناسك گەیاند. هەر چەندە سەرەتا بڕوای نەکرد. زۆری هەوڵدا. بەڵام من هەندێك وێنەو نامەی بێباکم مابوو. کاتێك پشانی ناسکم دا، ئینجا بڕوای کرد. دڵم زۆر خۆش بوو، چونکە توانیم ژنێك لە داو فڕو فێڵی ئەو جانەوەرە رزگار بکەم. منو جوانە بە هەردووکمان ئامۆژگاریی ناسکمان کرد، کە تا ئەتوانێت، خۆی لەو جۆرە کەسانە بە دوور بگرێت. بڕوا بە پەیوەندیی سەر ئینترنێت نەکات. هەمووی بۆ کات بە سەر بردنە. ناسك کچێکی تەمەن سیو هەشت ساڵ بوو شووی نەکردبوو، بەڵام هەتا باسی کەیت جوانو بەڕێز بوو. لە خانەوادەیەکی زیرەكو رۆشنبیر بوو. چەند جارێك هەوڵی دا هاوسەرگیری بکات،

بەڵام هەر جارەی بە بۆنەی شتێکەوە رێك نەدەکەوت. زۆر بێ هیوا بوو. هەموو کات دڵتەنگ‌و خەمبار بوو. بەڵام تێنەگەیشتم چۆن بێباك ئەم کەسانە ئەدۆزێتەوە.

زۆرینەی میوانەکان ماڵئاواییان کرد. رۆیشتن. تەنها من لەوێ مابوومەوە. چاوەڕێم ئەکرد هەموو بڕۆن، ئەو کاتە هەموو باسەکەی رێبوارم بۆ جوانە گێڕایەوە. جوانە ئامۆژگاری کردم، کە لەو بڕیارە پەلە نەکەم، نە بە کردن، نە بە نەکردن. چونکە پێویست ئەکات رێبوار بۆ جارێکی‌تر متمانە لای من دروست بکاتەوە. بەڵام جوانە بیرۆکەکەی بە شتێکی باش لە قەڵەم دا. کەمێکیش سۆزی بۆ رێبوار جووڵا. هێشتا لە ماڵی جوانە بووم. رێبوار تەلەفۆنی بۆ کردم. پرسیاری ئەکرد ئەگەر بتوانێت ئەمشەو رەنج لای خۆی بهێڵێتەوە؟ وەڵامم دایەوە بە نەخێر. حەز ئەکەم بیهێنێتەوە. رێبوار هەر ئەوەندەی وت:

ــ بەڵێ خانم بە سەر چاو. ئەی پێویستیت بە هیچ نییە بۆت بهێنم؟

وتم:

سوپاس. خۆشم لە دەرەوەم. ئەگەر شتم ویست، ئەیکڕم.

ئینجا وتی:

ــ توخوا رۆشنا تکات لێ ئەکەم یەك جاری کە شانسێکی کەم بەرێ با خۆمت بۆ بسەلمێنم. تۆ ناڵێیت خۆشەویستی سەلماندنە؟

وتم:

ــ بەڵی ئەگەر خۆشەویستی هەبێت.

ئینجا رێبوار دەنگی بەرزکردەوە. هاواری کرد. وتی:

ــ بە سەری رەنج خۆشم ئەوێیت. هەر وەکو جاران‌و زیاتریش

خۆشم ئەوێیت. کێ لەوێیە، با گوێی لێبێت، من گوێ نادەمێ. با هەموو بزانن من خۆشم ئەوێیت. رۆشنا گیان، تکات لێ ئەکەم یەك تۆز بڕوام پێ بکە. تەنها کەمێك کاتم بەرێ. هەموو شتێکت بۆ ئەسەلمێنم.

جوانە گوێی بە تەلەفۆنەکەوە نابوو بۆ ئەوەی گوێی لە ڕێبوار بێت. وتم:

ـ ڕێبوار بەسە ئەم قسانە. تەواو. خۆ منالّ نیت. بیرت نەچێت رەنجم بۆ بێنیتەوە.

ئەمجارەش وتی:

ـ بەڵێ خانم. داواکانت هەمووی بەجێیە.

پێکەنی. منیش پێکەنینم هات. بەڵام خۆمگرت. وتم:

ـ زوو بیگەڕێنیتەوە. ئەوا منیش ئەگەڕێمەوە.

سوپاسی جوانەم کرد بۆ ئەو ئاهەنگە جوانەی بۆی سازکردبووم. بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتم.

# ٨٥

که گەشتمە بەردەرگای ماڵەوە، دنیــا تاریك بوو. لە ئوتومبێلەکەم دابەزیم. کەسم نەبینی، لە پڕێکا ڕەنج بەرەو ڕووم هات. وتی:

ــ دایکە من‌و باوکم چاوەڕێمان کردیت بۆ ئەوەی نەترسیت.

وتم:

ــ باشە ئەمە لە کەیەوە؟ ئێ؟ من چەند ساڵە هەروا نەبووم؟ ئیستا بۆ ئەترسم؟

وتم:

ــ کەواتە تۆ بڕۆ دەرگاکە بکەرەوە، ئەمەوێت قسەیەك لەگەڵ باوکت بکەم.

ڕەنج وتی:

ــ باش.

ڕۆیشت‌و منیش بەرەو لای ئوتومبێلەکەی ڕێبوار ڕۆیشتم. خێرا لە ناو ئوتومبێلەکەیەوە چاوی لە من بوو، کە بەرەو لای ئەو ئەڕۆم. دابەزی. بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەو ڕووم هات. وتی:

ــ ڕۆشنا گیان، چۆنی؟

قسەکەم پێ بڕی. خۆمم لێ تووڕە کرد. وتم:

ــ ڕێبوار. باش گوێ بگرە. جارێکی‌تر سەر سووچ‌و ئەملاو ئەو لام لێ نەگریت. من چەند ساڵە بە تەنهام، لە هیچ شتێکیش نەترساوم. تەنها هەفتەی یەك جاریش ئەتوانیت ڕەنج ببینیت. ئیتر نەیکەیت بە ڕێی کانی. من هێشتا بیرم لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە. ئەوەی بەردەوام

له خەیاڵمدایە، ئەوەیە ئێمە جیابووینەتەوە. بیرکردنەوەش بۆ نەخشەی تازە زۆۆۆر قورسە.

ڕێبوار هەر ڕێك لە جێی خۆی ڕاوەستابوو. وەکو منداڵ گوێی گرتبوو. وتم:

ــ ئێستا حاڵی بوویت؟

وتی:

ــ باشە ڕۆشنا گیان. هەرچی تۆ بە دڵتە، من وا ئەکەم. هیچ ناڵێم، ئیتر کەی ڕەنج ویستی بمبینێت، خۆی تەلەفۆنم بۆ بکات. بە خوا من حەز ناکەم هەراسانت بکەم. لێت تێئەگەم.

منیش خۆم لە ناخەوە چەند رقم لە دڵا بوو، ئەوەندەش هەستم بە بێ دەسەڵاتیی ڕێبوار ئەکرد. حەزم ئەکرد لێی ببوورم، لەبەر ڕەنج. لەبەر خۆی. بەڵام، کە غەدرو زوڵمەکەی ئەکەوتەوە یادم، لەبەر خۆمەوە ئەموت:

ــ نەء. هەرگیز نابێت میهرەبانی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بکرێت. بەڵام من کەسێکی دڵ نەرمو سادەو خاوەن لێبوردنێکی زۆر بووم، هەمیشە هیوام بە نوێ کردنەوەی خۆییو کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون هەبوو. من ئەو مافەم بە هەموو کەسێك دابوو، کە ئەبێت دڵ نەرمو دوور لە کینە بین. هەندێك جار لەبەر سوودی کەسێکی خۆشەویست پێویست ئەکات خۆبەخش بین. هەر کەسێکیش ڕەواو مافی ئەوەی هەیە هەلێکی تری پێ بدرێتێ.

کۆتایی